# دەق و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

٢٠٢٥

**ناسنامەی کتێب**

-------------------------------

**ناوی کتێب:** دەق و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە
**نووسین:** عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)
**تایپ و هەڵەچن:** عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)
**بەرگ و ناوەڕۆک:** عیسا عوسمان
**نۆبەی چاپ:** یەکەم
**تیراژ:** ٣٠٠ دانە
**ساڵی چاپ:** ٢٠٢٥

-------------------------------

مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) پارێزراوە.

پێشکەشە بە ئەرستۆ؛ یەکەمین ڕەخنەگری ئەدەبیی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا

# پێرست

میتۆد و ڕەخنە ........................................................ ٧
دەق و ڕەخنە ....................................................... ١١
کێشەی جەنگ لە دژی تیرۆر لە مێنتاڵتی شاعیرێک ................. ٢٥
یۆتۆپیایەک لە سەراب نیگایەک بۆ جوانی ............................ ٣٧
پیاوێک لە وشە یان ڕەشنووسی گەڕیدەیەک .......................... ٤٦
ڕەگەزەکانی ئیستاتیکای شیعری و سەرنجێک لە شیعرەکانی گۆڤاری "هانا"ی ژمارە سێ ........................................................ ٥٧
کالکیولەیتەری زەمەن لە ( زەردەخەنەی سەراب) دا ................. ٦٩
(گوڵە) و ڕۆڵی لەململانێی خۆشەویستی لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا ........................................................................ ٧٨
ئاماژەکانی چەمکی شوێن لە یادەوەری شیعریی سەلام محەمەدی شاعیردا ........................................................................ ٨٩
شوناسی شوێن........................................................ ٩٣
نیگایەک لە "فەیسبووکەشیعر" و چەند سەرنجێک ..................... ١١٣
ڕامانێک لە مێرگەکانی ئەزموونی نووسین لای سەلام محەمەد ... ١٢٤
منداڵبازیی...لەخولیای کەسییەوە بۆ پرسی کۆمەڵایەتی ............. ١٦٥
ڕۆمانی فەرهود ....................................................... ١٩٥
دەسەڵاتی زەعیم لەنێوان زەبر و گەمژەیی .......................... ٢٢١
جەمیل ڕەنجبەر........................................................ ٢٤٣
دەق و لێکۆڵینەوە ..................................................... ٢٧٥
وردبوونەوە لە ئاستەکانی بونیادی زەمەنی گێرانەوە ............... ٢٨٣

شانۆنامەی جەنگستان و بە دۆکیومێنتکردنی دۆخە نەخوازراوەکان ............................................................................ ٣٠٧
دەق و ڕەخنە ............................................................................ ٣٢١
دنیابینیی چینایەتی لە چیرۆکی " تەنها حەوت هەنگاو" ی عەبدوڵا ئەحمەد سادقدا ............................................................................ ٣٢٧
دەق و لێکۆڵینەوە ............................................................................ ٣٤١
شانۆگەری مانگرتن ............................................................................ ٣٦٣
ئەحمەد بازگر و سەرکێشانێک بەجیهانی شیعرەکانی دەورانی پێشمەرگایەتی ............................................................................ ٣٧٥
هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی شیعرەکانی حەمەزەکی .............. ٣٩٣
پۆتێنشیاڵی زمان لە شیعری( نان و ئاگر)ی حەمەی شانۆدا ....... ٤٢٧
خەمی مرۆڤ لە (گوێگرتن لە بێدەنگی) عەبدولقادر سەعیدی شاعیردا ............................................................................ ٤٤٣
گەڕانێک بەنێو جیهانی شیعرەکانی بەختیار عەلی(١) ................ ٤٥٧
بونیادی زمان لە کۆشیعری (وشەکانم بەسەر باڵی پایزەوەن)
ئاماژەکانی ململانێی چینایەتی لە چیرۆکی (چەترە شینەکە)ی دیدار مەسیفیدا ............................................................................ ٥١١
کاریگەری پارە لەسەر بوونیادی کۆمەڵایەتی ژیان لە شیعری (ئەگەر)ی جەماڵ شارباژێڕیدا(١) ............................................ ٥٢١
گۆران و شیعری سیاسی............................................................ ٥٣١
دەق و ڕەخنە ............................................................................ ٥٤٦
ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵ؛ لە شیعریی (منداڵی درۆزن)ی ئەحمەد عارفدا............................................................................ ٥٤٧
وەستانێک لەئاست ڕۆمانی (خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا)ی واڵتەر گرینوود............................................................................ ٥٥٩
ڕۆمانی جێرمیناڵ؛ وێنای ژیانی کرێکاران لەنێوان بێمافی و تێکۆشاندا! ............................................................................ ٥٧٧

دیوانی (شیوعیون)ی تۆفیق زیاد و کورتە خوێندنەوەیەک بۆ
شیعرەکانی ........................................................... ٥٩٠
موسڵیح شێخولئیسلامی(ڕێبوار) (*) شاعیری خەباتی چینایەتی
کرێکاران ............................................................. ٦٠٣

# میتۆد و ڕەخنە

ڕەخـــنەی ئەدەبـــی پرۆســـەی خوێنـــدنەوەی دەقە لەپەیـــامی کۆمەڵایەتییەوە تا ئیستاتیکا و زمـان.ڕەخنەی ئەدەبی دەتوانرێت بەگەلێ میتۆدی جیاجیا ئەنجام بدرێت.ئەم میتۆدانەش پەیوەستن بە جـۆری ڕەخـنە و ئامـانجی کـارەکە.واتە ئەم پەیوەسـتبوونە لەسەر بنەمای جۆری بیرکردنەوەی ڕەخنەگر وەسـتاوە، چونکە جیهـانبینی ڕەخنەگـر هۆکـارێکی یەکـلاکەرەوەیە لە هەڵبژاردنـی جۆری میتۆدی ڕەخنە.

ڕەخـــنەی ئەدەبـــی؛ شـــیکاری وردی دەق و ڕەهەنـــدەکانی دەق دەکـاتە ئامانج.جیهـانبینیش ڕەخـنە ئاراسـتە دەکات.گومـانی تێدا نییـە کە هەر یەک لە ڕێبـاز و میتـۆدە ڕەخنەییەکـان لەدایکبـووی هەلـومەرجێکی سیاسـی و ئـابووری و کـۆمەڵایەتین و هەروەهـا داکـــــۆکیکەری بەرژەوەنـــــدییەکی چینـــــایەتی چینێکـــــی دیـاریکراون.ڕەخنەگری ئەدەبـی دەتوانێـت بە میتـۆدی جیاجیـا ( ناسیونالیستی، مارکسیستی، دەروونشیکاری، فیمینیسـتی و..تـاد) دەق بخوێنێتەوە.جۆری تێڕوانینی ڕەخنەگر بۆ کۆمەڵگە و ئەدەب و ژیـانی کـۆمەڵایەتی بڕیـاردەری هەڵبژاردنـی میتـۆدی ڕەخـنە و ئـامرازی ڕەخنەیە.ڕەخنەش تـا ئەو جێگەیەی چـالاک بێت و بـالا دەســت بێــت؛ نیشـــانەی زینـــدوویی کۆمەڵگەیە.ســیدنی هـــوکی

ڕەخنەگری ئەمریکی دەڵێ " بۆ بێدەنگ کردنی ڕەخنە، دەبێ ئازادی بێدەنگ بکرێ".ئەمەش بەو مانایەیە کە بۆ ئەوەی ئازادی سەدای ببیسترێت، دەبێت ڕەخنە بەهێزتر و کاراتر بکرێت.پرۆسەی ڕەخنە خوێندنەوەیە بۆ لایەنە نادیارەکانی دەق و هەڵسەنگاندن و لەبەریەک ترازانی کۆدەکانی و گەڕانە بەدوای دیوە پەنهان و شاراوەکانی دەق.ڕەخنەی ئەدەبی پرۆسەی دووبارە نووسینەوە و داهێنانی دەقێکی تازەیە لەژێر ڕۆشنایی دەقێکدا.واتە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی نووسینێکی نوێیە لەژێر ڕۆشنایی وردبوونەوە لە دیاردەیەکی ئەدەبی یان پەیامی کۆمەڵایەتی دەق یان کێشەیەکی زمان یان بابەتێکی ئیستاتیکی دیاریکراو.

ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانەی لەم کتێبەدا دەیخوێننەوە کۆی سەرجەم نووسینە ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانم نین، بەڵکو تەنها ئەوانەن کە لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە نووسراون، چونکە ئەو نووسینە ڕەخنەییانەی کە لە گۆڤاری (ڕابەر – ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) بڵاوم کردوونەتەوە، بەداخەوە دەستم نەکەوتن تا دووبارە لێرە بیانخەمەوە بەر دیدەی خوێنەر، بەتایبەتی هەردوو لێکۆڵینەوەی [( دیماگۆجی شێرکۆ بێکەس لە ئاست تیشکی چەند سەرنجێکی تەحلیلیدا) و ( شاعیر بوون لە عەتفی شاعیر یان لە زاتی شیعر).شایانی باسە ئەم دوو نووسینە لەساڵەکانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ دا نووسراون و ئەگەر هەڵە نەبم لە ژمارەکانی ٨ و ٩ و ١٠ ی گۆڤاری ڕابەر، ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، بڵاو بوونەتەوە].دیارە ئەم دوو بابەتە ڕەخنەییە لەڕوانگەی ململانێی چینایەتی و میتۆدی مارکسیستییەوە نووسراون و هەر ئەو میتۆدەش تا

ئێســتا درێــژ بــۆتەوە و لە زۆربەی لێکــۆڵینەوە ڕەخنەییەکــانم بەئاشکرا دەردەکەون.

بەهەرحاڵ ئامانجێک کە من لە ئیشکردن لەسەر ئەم دەقانەدا بەدواییەوەم، بریتییە لە ناسینەوەی بەها و ئازادییەکان و جوانی ئینسان لە دەقەکاندا.واتە هەوڵمداوە زۆربەیجار دەست و پەنجە لەگەڵ نــاوەڕۆک و پەیــامی کــۆمەڵایەتی دەق نەرم بــکەم.بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە خۆم لەقەرەی فۆرم و ئیستاتیکای دەق نەدابێ.

دواجــار ئەوەی مــاوە بیڵــێم ئەوەیە کە ئەم دەقــانە هەر یەک بــۆ خــۆی دەدوێ و هەر یەک قســەی خــۆی پێــیە و ئومێــدەوارم خوێنەر بە سەلیقەوە بیانخوێنێتەوە.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥

# دەق و ڕەخنە

لەدەرەوەی حیکایەتی خوێن
نوێژێک بۆ پاکبوونەوە..ئایینێک بۆ لێبووردن
بەهێمنی لەگەڵ تیرۆریستێکی نێو ماڵە گوناهەکەماندا

*د.ئاراس عەبدولکەریم*
*هۆڵەندا*

**ئەی ئینسـانێک لە کارەسـات..داخۆ ئێسـتا خەیاڵـت لەنێـو کـام خوێنەدا شڵپەی بێت؟!**

**تۆ خەون بەکام فیردەوسەوە دەبینیت کەتاکو سەر ئێسقان بۆنی دۆزەخت لێ دێ؟!**

**چ عەشـقێک لەگەڵ ئاسـماندا دەکەیـت کە سـەرزەمین لێواولێـو دەکەیت لە ڕق؟!**

**نازانم بە چ ڕوویەکەوە دەستی نزا بۆ ئاسمان هەڵ ئەبڕیت؟! بەرماڵی چ نوێژێک ڕادەخەیت؟!**

**ئـاخر دەسـتەکانی سـوورن سـوور..بەخەنە نـا، بە خـوێنی بوونەوەرەکانی خواوەند..خواوەندی ئاسمان و نزای نوێژ.**

**خۆت بڵێ ،لەکوێوە باست بکەم؟**

له كوێوه بچینه نێو حیكایەتی خوێنەوه؟

لەدەمانچە كوێرەكەی دەستتەوه؟لەتوورەییە بێ ئامانەكەی نێو تەماشاتەوه؟له ڕقە زگماكەكەی نێو كەللە سەرتەوه؟له فتوای پیرۆزەوه؟لەیەقینی شەڕی پیرۆزەوه؟لەهەیبەتی (ئەمیر)ی پیرۆزەوه؟یان له(پیرۆزیی) خۆیەوه؟

من ئەڵێم له خۆتەوه...ئاخر ئەو ڕێیانە هەموویان دەمبەنەوه نێو هەمان نەزیلەی زەبروزەنگ..هەموو دەمبەنەوه بەردەم هەمان ڕۆبۆتی بەمەرگ قورمیش كراو..دەمهێننە بەردەم تۆ

(تۆ)یەک كەتاسەر ئێسقان بۆنی جەلادت لێ دێ و هەست ناكەی جەللاد بیت

ئاخر تۆ لەمێژه لەنێو عەشقێكی گەرمدا سەرت بووه بە تۆپەڵێك هەڵمی سارد، دڵیشت..وای له دڵت ! چ مەعدەنێكه؟!

تۆ لەنێو ئاوێنەی عەقیدەدا هەست ئەكەیت عاشقێك لەناختایە، ئەوەتا لەنیو عەشقی خواوەندا بەرماڵی تەڕ كردوویت.بەڵام بێ ئاگایت لەوەی لەنێو ئەو خوێنەدا كە ئەینووسیتەوه چۆن جەستەی نیشتمان لەمسەری خوێنەوه هەتا ئەوسەری خوێن شڵپەی دێ..

من ئەزانم نوێژەكانت بۆ خۆیان عەشقێكن، بەڵام تۆ لەپشت مینبەرێكدا داتناون كە تەماشای بڕیوەتە ئەو شەڕگانەی هەمیشە مەرگ و هەڕەشە و جنێوی ناشرینیان تیا ئەبەخشرێتەوه..

ئەزانم ئایەتت هەن پڕ پڕن له سۆز، بەڵام لەنێو تەفسیرێكدا موتاڵایان ئەكەی كە له چاوتروكانێكا هەموو پەنجەرەكان ئەكاتە

دیـوار و گوڵەکـان ئەکـاتە شمشـێر و چراکـانیش ، وای چەنـد گوناهن چراکان.

ئاخر هەر لە پژمینی یەکەمین کتێبی پیرۆزەوە هەمیشە کەسێک هەبووە کە بەختی ئینسانەکان و زەمەنی تیا بگرێتەوە.

لە یەکەم شـەریعەتی ئاسـمانەوە هەمیشـە کەسـێک هەبـووە بە نـاوی ئاسـمانەوە سـەرزەمین پڕ بکـات لە سـێوی حەرام و لە خوێنی حەڵاڵ.

کەسێکی" موبارەک!" بەناوی عەدالەتی ئاسمانەوە دێ و قیامەت ئەهێنێتە نێو زەمەنمانەوە هەتا دابەشمان کا بەسەر "ڕەحمەت" و " نەفرەت"دا.بڕیار بدات کێمان لە ئەهلی ئیمان و لێشمان ئەهلی شەیتانین.یان بڵێم کێمـان لە ئەهلـی خۆی و کێشـمان ئەکەوینە دەرەوەی بەرەکەتی نێو ماڵی "ڕەعیەت".

کەسێکی بە "هەیبەت!" بەناوی خواوەندەوە دۆزەخ دائەبەزێنێتە سەر زەمین و یەئهێنێتە نێو باخەڵی ساردی نیشتیمانەوە، بەنێو کۆڵان و شەقامە تاریکەکانا ئەیگەڕێنێت، لەدەرگای کلۆم دراوی ماڵە ترساوەکانمان ئەدا، ئەیهێنێتە سەر سفرە و خوانی چۆڵ و بەرئاگردانی سارد و ئەیخاتە نێو نوێنە شڕۆڵەکانمانەوە چونکە گوایە خەونێکی حەراممان بینیوە!!!

مـن ئەزانـم بەر لە حیکـایەتی خـوێن، بەر لە شـەریعەتی تەور قسـەیەکی " تـوورە" هەبووە.قسـەی زاتێکـی سـەیر!" کە تـۆ بە "ئەمیر " بانگی ئەکەیت و من نازانم چ ناوێکی سەیری لێ بنێم.

قسەیەک تۆ بە فەتوای" حەق" دەیبیستیت و من لەنیویا گوێم لە زرم و هوڕی هەموو شەڕگەکانە.

مـن ئەزانـم بەرلەوەی هەر چرایەکـی ماڵەکەمانـت تاریـک کردبـێ..بەر لەوەی هەر پەنـجەرەی زەمەنێکمانـت شکاندبێ..بەرلەوەی هەر خەونێکمانت لە خوێنا تەڕ کردبێ، ئەو زاتە پێی وتویت: ئەوە چرا نییە، فیتنەی نێو ماڵی ئیمانە..پەنجەرە نییە خەونێک بێ حەیای شەیتانە..خوێن نییە ئاوێکی بۆکەنە و بیرپێژە.

دەزانم بەر لەوەی هەر مناڵێکت لەنێو چاوەڕوانی هاتنەوەی "بابە" دا پیر کردبێ، حەزرەتی ئەمیرەکەت چاوی غەزەباوی خۆی بە لیستە حەرامەکەی بەردەمیا گێڕاوە و پەنجەی "شایەتمان!"ی لەسەر ئاوێک ڕاگرتووە و تفێکی لێ کردووە، ئیدی لەنێو ئەو "فتە موبارک"ەدا فەتوایەک هەبووە..ئەو زاتە تفی "غەزا"ی کردە نێو دەمتەوە و تۆش هێندەت لەسەر بوو "طاعەت!" ی ئەوی کەیت و پشتاوپشت لەماڵی "حققیقەت"دا بێیتە دەر.بەرەو کوێ؟! بەرەو کارەساتێک کە تێیدا ئینسانێک هەیە بەخۆی و هەموو خەونەکانێوە ڕاست و چەپێکی بە "تەور" پیا دێنێت.هەر هێندەت لەسر بووە و هیچی تر!

ئاخر تۆ تەنها ڕۆبۆتێکی یەقیناویت و ئەو زاتە بەکلیلی،یان بڵێم بەقامچی فەتوایەک قورمیشی کردوویت و لێت دەخوڕێت.

تۆ تەنها پژمینێکی خێرای دوای "ئەمی"یت..تەنها " انشاءالله"ی پێش نووسینەوەی خەونێکیت...تۆ تەنها پەنجەی شایەتمانی فەتوایت و پەلەپیتکەی دەمانچەیەک دەترازێنیت و هیچی تر..تۆ خۆت نیت..تۆ هەموو شتێکی نێو سندوقە عەجاییکەی:ئەمیر:ە توورەکەیت، بە تەنها خۆت نەبێ.ئاخر تۆ لەمێژە خۆتت لەخۆت تەکاندووە!لەمێژە خۆتت لەنێو خۆتا جێهێشتووە..تۆ بەر لە

کوشـتنی هەر کەسـێک، ئینسـانێک لەناختـا بـوو گۆشـاوگۆش سەرت بڕی...تۆ بەر لەبردنەوەی هەر شەڕێک،لەمێژ بوو خۆتت دۆڕاندبوو.بەڵام تۆ کێ؟! دەزانـم قناعەتی نیو سـەرت ئاماژەی کام ئاسمانەت بۆد ەکات؛ بەڵام وای لە دەبەنگیی جەبانت!!

ئاخر خوێن! خوێن! خوێن!!وای چ عەرامێکی گەورەت لێ کراوە بە حەڵاڵ! چ تەفسیرێکی ڕەش بۆ کتێبە سپییەکەی نێو سینەت کراوە! چ درۆیەک بەدەم نوێژەکانتەوە کراوە!! ئاخر گەر لە هیچ مانـایەکی ئایەتەکـانی میهـر و حیکمتەکـانی سـۆزیش حـاڵی نەبووبین، دەبوو بتزانیبا کە "بەهەشت"ی نێو کتێبە ئاسمانێکان لەنێو گریانی مناڵ و ڕەشپۆشی ماڵەکان و لەنێو ماتیی خوێنێکدا ڕاناکشێت.دەبوو بتزانیبا کە هیچ خواوەندێک پیویستی بە هـیچ بەد ڕەوشتییەک نییە کە بەندەکانی بۆی بکەن، ئاخر "کوشتن" لەســـەری ســـەرەوەی لیســـتی نـــاوی هەمـــوو ئەو چەمـــکە "غائیب"انەیە کە لەپۆلی ڕەوشتدا دەنووسرێت.

دەبوو بتزانیبا کە عەشقی خواوەند، خەونێکە دەکەوێتە دەرەوەی حیکایەتی خوێنەوە.دەزانم چ قەشمەرییەکت بە عەقڵم دێ..دەزانم جەنـابی "موجاهیـد!"ئاخر ئەمیـرە "نـوورانی!"یەکەت بە عەزمـی "غەزا"وە دسـتی موبـارەکی بە ڕێشـیا هێنـاوە و تـۆش لەنێـو ئاوێنەی عەقیدەدا خۆتت لە پۆشاکی سپێکەی " بیالل"دا بینییەوە و ئێمەش لە ڕووخسارە ڕەشـەکەی " ئەبوجەهل"! ئیدی لەنێو خەیاڵتـا نیشـتمانت بە تەپ و تـۆزی ژێـر پێـی ئەو ئەسـپانە سپاردووە کە بەسـەر پشتییانەوە سوارەکانی ئیمـان، یان بڵێم خـــۆت و خۆتـــان"هووی هـــا" لە لەشـــکری ئەو بـــوونەوەرە "ناشرینانە"! دەکەن کە لە خۆتان ناچن...!

ئێــی موجاهیــدە حەوت ســـەرەکەی نێــو ئــاوێنە درۆزنەکەی حەزرەتــی "ئەمیــر"ەکەت!! لەدەرەوەی ئەو ئـاوێنە درزبـردووەی دەموچاوێــک تیایــدا دوانە و دوان، بیســـت و بیســـتن هەزار، ئاوێنەی تر هەیە تۆ هیچیان نابینیت.

بینینی چی؟!تۆ لەچاوی بەردەوە خوازیاری بیانبینی.لەدەرەوەی ئەوانیش، لەدەرەوەی هەمووومان،ئاوێنەیەکی تـر هەیە گەورەتـر لەئــاوێنەی هەمووومــان..جوانتر لەســیمای هەمووومــان،بەڵام تــۆ نایبینیت.ئاوێنەیەک بەقەد خەونێک ئەبێ..بەقەدەر نیشتمان،ئا بڵێم کت و مت نیشتمان خۆیەتی.لەنێویدا گوڵ هەمیشـە گوڵەو مـاچ ،مــاچە و چــرا هەر چــرایە و زەمەنــیش لەوەرزە تەڕەکــانی عەشق،ئیدی عەشـقی خـوا بێت یان خـاک یان خەڵک یان هەر خەونێکــی جــوان،لەوێ جــێگەی هەموویـــان ئەبێــتەوە.ئەوێ شــوێنێکی هەیە بــۆ خەونــی مــن و شــوێنێکیش بــۆ خەونــی تۆ..زەمەنێکیش بەشی ماناکانی هەر هەمووومان ئەکات.

بەڵام مەخــابن تــۆ کاتێــک بەرامــبەری دەوەســتیت چاوانــت غەزەبیـــان لـــێ ئەقەترێ.دەســـتەکانت تەور..بە تـــۆ بێتئـــاوێنە دەمودەســـت بەلادا بـــێ و درزێــک و دوان و دە، تـــا هەمـــوو دەموچاوەکانی ناوی بشیوێن.تا جەللاد ببێتە قوربانیی و تەور بە گۆرانیی  ژێر لێوی منداڵێک و فریشتەش ببێتە تۆ!

ئاخر تۆ ئاوێنە سادەکەی نیشتیمانت خۆش ناوێ.هیچ مەڵێ! نا، منــیش دەزانــم لەنیویــدا کــوڕێکی ئاســایی نیشــتیمانیت، نەک بوونەوەرێکی موبارەک.لەنێویا جگە لە خۆتان، شوێنێک هەیە بۆ ئەوانەش کە لە خۆتان ناچن، لەنێویا جگە لە خەونە ساردەکانی

"ئەمیر"ەکەت، خەونی تریش بۆی هەیە بڵێت: منیش مانایەکم هەیە.

خۆشت ناوێ چونکە ئەو تەماشای گلەییە کزۆڵەکانی نیشتیمانە و ڕووت تی دەکات.ئەو دەمەی بەرامبەری دەوەستیت، تەماشای خۆت دەکەیت.خۆت لەنێو خۆتدا نابینیت..دەچیتە ناختەوە، ئینسانێک لەوێ بوو، نایبینیت..ناخت تەید ەکیت ە ئەو "موجاهید"ە نادۆزیتەوە کە دەبوو – بەپێی حیکمەتەکانی ئەمیرەکەت_ ئەو بوویتایە.لەجێی ئەو ڕۆبۆتێک دەبینیت لە هەیئەتی جەللادێکی کوێردا.

تۆ ڕقت لەو نیگا ساردەی نیشتیمانە، ئاخر لەنێو ئەو ڕامانەیدا هەموو تەفسیر و فەرمایشتەکانی "ئەمیر"ەکەت دەبنە لیستێک لەو درۆیانەی کە مێژوویەکە بەدەم کتێبە ئاسمانێکان و پێغەمبەران و خواوەندەوە دەکرێن.ئەو بەدرۆ دەکەوێتەوە.

تۆ کوێر بیت و چاوی نیشتیمانت لێوە دیار نەبێ..ئاخر لە ەێو تەماشایدا قسەیەکی سپی هەیە بە ماتیی سێبەرێک ئەچێت، بە شەپۆڵێکی هێمن تا سەر ئێسقان لە شەرما تەڕت دەکات کە بە هێمنی پێت دەڵێ:

+کوڕم..! تۆ جاران نوێژێکت هەبوو پڕ بوو لە بەرائەتی فریشتە، ئێستا پڕن لە میلیشیای جەللاد!

+کوڕم تۆ لەوەتەی ئەم تەورە کوێرەت بەدەستەوە گرتووە، هەر بەیانییەک هەڵئەسم خەونێک..شتێک..پارچەیەکی خەستەم دیار نەماوە..!

+کوڕم تۆ پارچەیەکیت لە خۆم و کەچی گەرییبیت بە ڕۆحم..!

تـۆ ئەو نیگـا مـاتەی نیشـتیمانیت خـۆش ناویَ.ئـاخر ئەو لە ئاوێنەیەکی نـیگەرانە و لەنیویدا شـوێنیک هەیە بۆ هەموومـان، لەنێویـدا تـۆ چیـدی ئەو "موجاهیـد"ە نیـت کە حئکمەتەکـانی ئەمیرەکەت ئاماژەیان بۆ دەکرد.

تۆ ڕقت لەو گلەییە ساردەی نیشتیمانە...ئاخر ئەو دەنگی ڕۆح و دەنگـی ویژدانـی هەمـوو ئینسـانەکان و دار و بەرد و گیـان لەبەرەکانێتی و پێی دەڵێن:

"وای چەندە غەریبیت بە ڕۆحمان!!"

بە تـۆ بێت ئـاوێنەی نیشـتیمان درزیکی تێببیَ و دوان و دە و زرمەیەک و شـەق بەرێـت و بەلادا بێـت..چونکە لەنێـو نیگـا تەڕەکانیدا هەمیشە وێنە بە هەیبەتەکەت تەڕ دەبیَ و لیڵ دەبیَ و لێڵتر و دەڕزێت.لەوێدا لە لووتکەی یەقینەوە بەردەبێتەوە و هەلا هەلا دەبێت کە پێت دەڵێت: " کوڕم تۆ موجاهید نیت..جەللادێکی بیَ ئامان و دەعبایەکی ناشازیت..نەشاز.."

ئەو دەمەی بە تـووڕەییەوە دەتەویَ حیکمەتێک..فەرمایشـتێکی ئەمیرەکەت بکەیتە گەواهی ئیمان و بەسەریا دەنەڕێنیَ و دەڵێت: بەڵام..

دار و بەرد و خەون بە خەون و پـارچە بە پـارچەی جەسـتە و ڕۆحـی ئـاوێنە گونـاهەکەی نیشـتیمان"بەڵام"ەکەت پیَ دەبـڕیَ و دەلـیَ:" بەڵام ئەمیـرەکەت درۆی کرد"..ئیـدی چۆن ئەو ئـاوێنەی "بەڵام"ەت خۆش بویَ...

وای، ئاوێنەی "بەڵام"چ خەونێکی جوان دێنێتە سـەرمەوە...لەنێو ئەو ئاوێنە هێمنەدا چەند جوانین ، هەموومان ، ئا هەموومـان –

بەتۆشەوە-..ئاخر تەنانەت تۆش کە دەچێتە بەردەم ئاوێنەی "بەڵام"، هەمیشە ڕێ دەدەیت بەرامبەرەکەت بەڵامێکی خۆی هەبێت جیاواز لەوەی تۆ و مانای خۆیشی هەبێت.

ئای چەند بیری کوڕە هێمنە خواناسەکەی جاران دەکەم کەلەهەیئەتی((تەنها دەرەوەی))تۆدا بوو.

ئەو دەنگی هەمیشە پڕ بوو لە(ئایەت) و دەستەکانی لەمیهرەبانیی و سیماشی لەپێکەنین.پێکەوە دادەنیشتین و تاسەر ئێسقان جیاوازیش بووین بەڵام لەجیاتی شەڕگە قسەکانی گوڵ بوون،گوڵ..ئەو جیاواز بوو لەمنیش بەڵام ئینجانەیەک بوو لەموحیبەت.هەرکات دەستی قسەمان دەخستە نێو دەستی یەکترەوە بەسۆزەوە دەمانگوشین زۆر جار کەدەیویست مانا جیاوازەکەیم پێ بڵێ،بەڕووە هێمن و ئەدەبە زگماک و سۆزە جوان و زمانە شیرینەکەیەوە شتی خۆی دەوت...ئەوەتا ئێستاش لەنێو داڵغەی ئاوێنە جوانەکەی((بەڵام)) دایەو بەهێمنیەوە دەڵێ:منیش شتێکم هەیە بۆ وتن.

لەسەرخۆ پێم دەڵێ:

+چاوەکەم..بەڵام من ڕایەکی ترم هەیە..پێمدەڵێ

+ بەڵام بەو مانایە نا کە تۆ بە دروستی دەزانیت.

دەڵێ:

+ بەڵام و بەڵام و بەڵام و

ئیـدی لەنێـو بەڵامە ڕووخۆشـەکانیدا هەمیشـە کـات هەیە بـۆ بەڵامەکانی منیش.لەنێو ماناکانیدا منیش مانایەکم دەبێت،مانایەکی جیاواز لەوەی ئەو،نەک(( بێ مانایی)).

ئیدی لەنێو بەڵامەکانمدا ،عەشقێک..خەونێک..مانایەک..نیشتمانێک هەیە جـێگەی چـرا و ئـاوێنە و کتێـب و گـۆرانی و نـوێژ و پێکەنینەکانی هەردووکمانی تیا ئەبێتەوە.

لەنێو بەڵامەکاندا بەڵامێکی جوان هەیە،هەمیشە دەڵێ:

ئەو دەمەی بەهەمـوو جیاوازییەکانمـانەوە، لەنێـو ئەم مـاڵەدا پێکەوەین،لەهەموو ساتێکمان جوانترین...

وای لە " بەڵام" بەرەو چ خەونێکی جوان سەری پێ هەڵگرتووم..

بەڵام تۆ...وای لە تۆ لەنێو حیکایەتە ناشرینەکانی خوێندا ئەها چۆن ئەم خەونە ساکارەشم حەرام دەکەیت؟!

حەرامە...چونکە غەریبە بە حیکمەت و فەرمایشتەکانی حەزرەتی ئەمیر! حەرامە لەبەرئەوەی حەز دەکەیت حەرام بێت!

ئاخر لای تۆ من تەنها حەرامێک ناکەم و هیچی دی، بەڵکو بۆ خۆم بوونەوەرێکی حەرامم..من عەرامێکی نەفرینم لە هەیئەتی بنیادەمدا ! چونکە من تۆ نیم..یا بڵێم کۆپیەکی نێو ڕەعیەتی " ئەمیر"ەکەت نیم.

وا وتمان.عەرامە بە تۆ نەچم..وا وتمان گوناهە..هەڵەیە تۆ نەبم، خۆ حیکمەتی هەمووکتێبەکانی ئاسمان و زەمینیش پێمان دەڵێن: مرۆڤ فریشتە نییە و هەرگیز نابێتە فریشتە.

مــرۆج ئەو بــوونەوەرەیە لەمێــژووی یەکەمــین هەڵەوە، هەڵە دەکات.منیش و تۆش و هەمووومان خەڵکی نێو زەمەن و زەمینی ئەو مــرۆڤەین کە هەمیشــە شــایانی هەڵەیە..هەڵە دەڵــێم نەک تـاوان..ئەز دەڵـێم، هـیچ بوونەوەرێـک هێنـدەی مـرۆڤ شـایانی لێبـووردن نیـیە، لەبەر ئەوە نـا کە زاتێکـی پیـرۆز بیـت، بەڵکـو لەبەرئەوەی هیچ گیانلەبەرێک هێندەی ئەو شایانی هەڵە نییە.

لێگەڕێ هەڵە بم..لێگەڕێ بەنییەتی بەرائەتی منـاڵێکەوە هەڵە بـم، خۆمـان ئەهلـی هەڵەیـن..بەڵام تـۆ..وای لە تۆ!..نـا ، بڵـێم وای لە ئەمیرەکەت! چ تەفسیریکی بۆ " هەڵە"کانمان کردووە!!.

وای لە تەفســیری نێــو حیکــایەتی خــوێن، چــۆن بە نــاوی فیردەوسەوە، لەم دۆزەخ بۆ ئەو دۆزەخ لێمان دەخورِێ!!

چۆن بەنـاوی "پیرۆزی"یەوە خەونەکـان حەرام دەکـا و سـەری ئینســانەکانیش لەمســەری خــوێنەوە تــا ئەوســەری خــوێن حەڵاڵ..حەڵاڵ..!!

ئەمێستا خۆت بڵێ، لە کوێوە لە حیکایەتی خوێن ببینەدەر؟ ناڵێم حیکـایەتی شـەڕ..چونکە دەشـێ هەمیشـە شـەڕێک هەبێت، بەڵام شەرێکی جوان، شەڕێک تێیدا مرۆڤ ، مرۆڤ بێت و مانـا، مانـا بێ و تۆ، تۆ و منیش من.

شــەڕێکی جـوان وەک ئەو شــەڕە ڕۆح سـووکەی ڕۆژانە "بـا"ی مەنفا لەگەڵمدا دەیکات، کە دێت و بە گاڵتە قژم تێک دەداتەوە و لەپشـتە پـاڵتۆکەم رادەکێشـێ..وەک شــەڕە جوانەکـانی مـن و " بەرزان هەستیار" کە پڕە لە پێکەنین و میهر و سۆز..

وەک شـەڕە جوانەکـانی نێـوان مـن و "فەرەیـدوون حەسـەن" لە سیخناخە لە ماچ.

وەک شــەڕە مــاچی نێــوان دوو عاشــق و دوو کتێــب و دوو کۆرانیی و دوو تابلۆی جیاواز و دو گەریبی وەک وەک.

لە هەمـوو شـەڕەکانیش جـوانتر، ئەو شـەڕە بێـدەنگەیە کە مـن ئاگـام لێـیە لەدەرەوەی سـندووقە سـیحرێکەی "حەرام"دا..لەنیـو کطێبـی ئاسـمان و تەفسـیری زەمینـدا زرمەی دێ.شـەڕێک نـا بەرامبەر، بەڵام جوان..

وەک ئەو شــــەڕەی ئەو گــــوڵانە دەیــــکەن کە بارانێــــک دەیاننووسێتەوە، بەرامبەر بە "یەس یەم"ی ئەو میلیشیا دێوانە کە بەسـەر پەلکەگیـادا ئەڕۆن..! وەک شــەڕی خەونــی یەکەم شــەوی جەژنــی منالێــک بە پــێڵاوی تــازەوە و جەژنــانەی بەیــــانییەوە.بەرامبەر ب خەونــــی قوســــابێک بە خــــوێنی قوربـانییەکەوە..وەکو شـەڕی نیـوان نـوێژە گەرمەکـانی نێـو ژوورەکەی" مەحـوی" و جنێـوە سـاردەکانی سـەر مینـبەری " فەتوا"یەکی هەڵەشە.وەکو شـەڕی نێوان دووعـا چاو تەڕەکـانی بەرمـاڵەکەی دایکم و کلاشـینکۆفەکەی سـەر بەرمـاڵەکەی " بـن لادن".

هەمیشە شەڕێک هەیە.

با من و تۆش شەڕێکی جوان بکەین.هیچ نەبێ با ناشرینتر نەبین لەخۆمان.شەڕێکی جوان،من ناوی لێ ئەنێم "شەڕە لێبووردن!!!"

شەڕگەیەکی سپی،لەنێویا بەرامبەر لەیەکتر نەگرین و لەهەڵەکانی یەکتری نەبوورین...

گەر زیاتر لێم بووڕایت ،براوەیت..

بەڵام تـۆ نایەڵێـت هەڵە بـکەم! تـۆ لەچـاوی تەورەوە تەماشـام ئەکەیت!

لێ گەری با هەڵە بکەم..خۆمان ئەهلی هەڵەین..

# کێشەی جەنگ لە دژی تیرۆر لە مێنتاڵتی شاعیرێک

خوێندنەوەیەک بۆ دەقی (لەدەرەوەی حیکایەتی خوێن)ی دکتۆر ئاراس عەبدولکەریم

سەرەتا پرسیار ئەوەیە بۆ ئەم دەقەم هەڵبژارد؟ دیارە لەپشت هەڵبژاردنی ئەم دەقەکەوە کۆمەڵێ هۆ هەن وەک زمانی قەسیدەکە و پەیامی دەقەکە و شێوازی دایەلۆگ و ئامۆژگارییەک کە بە تەواوەتی سێبەری کردۆتە سەر دەقەکە.ئەمانە پاڵپێوەنەری بنەڕەتین تا ئەم دەقە بخوێنمەوە و کۆدەکانی دەستنیشان بکەم کە لە دەوری بازنەی(جەنگ لەدژی تیرۆر) دەخولێنەوە.هەروەها خراپ نابێ ئاماژە بەوەش بکەم کە خوێنەر پێشبینی لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژیم لێنەکات بە تایبەتی کە ناوونیشانی ئەم وتارە دەخوێنێتەوە، بەڵکو زیاتر جەغدکردنە لەسەر هێڵە گشتییەکانی ململانێی نێوان بزووتنەوە ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لەسەر ڕەهەندی دەسەڵات لە کوردستانی باشوور.

لە مێژ نییە ئەم دەقە (شیعرە یان پەخشانە)م لە یەکێک لە سایتە کوردییەکاندا( سایتی ماڵێک لە ئاسمان) خوێندنەوە و ناشزانم لەهیچ جێگایەکی تر بڵاوکراوەتەوە یان نەء؟ هەوڵ دەدەم لە

دوو تـــوێی دەقەکەوە خوێنـــدنەوەیەک دەســـت پێـــبکەم و جێگاوشـــوێنی دەقەکە لە هاوکێشـــەی سیاســـی کـــۆمەڵگەی کوردستان دەست نیشان بکەم.هەروەها دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بـکەم کە مـن خـۆم لا دەدەم لە پێناسـەکردنی دەسـتەواژە و چەمکەکـــانی (تیرۆر..مەزهەب..خود..نیشـــتمان..کوردایەتی) و لەلایەکـی تریشـەوە ئامـاژەیەکی خێـرا بەو هاوکێشـەیەی(خود - عەقڵ) دەکەم.

گومـانی تێـدا نیـیە کە پەیـامی گوتـاری ئەم دەقە(لەدەرەوەی حیکـایەتی خـوێن) بـانگەواز کردنێکـی هێمنـانەیە بـۆ تەسـلیم بـوونەوە و هـاتنە ژێربـاری ئیسـلامی سیاسـییە بـۆ ژێـر بـاڵی بـزووتنەوەی کـوردایەتی و پـێکەوە ژیـانە لە چوارچێـوەی مـاڵە گوناهەکەی ڕێزدار دکتۆر ئاراس بە بێ خوێن ڕشتن و شەڕ.ئەم دەقە مانیفێســتی لێبــووردنی بــزووتنەوەی کــوردایەتییە بــۆ تیرۆریستەکانی گروپی توندڕەو کە لە کێشمەکێشەکانی مەیدانی سیاسی کوردستان قورساییان هەبووە و هەروەهـا وێنـا کردنـی مێنتـــاڵتی فەندەمەنتاڵیســـتی ئیســـلامە لە بـــواری غەریـــزەی شـەڕانگێزی و گوتـاری شمشـێر و سـەربڕین.مێنتاڵتی گروپێکـی تونـدڕەو کە بـەپێچەوانەی ئاڕاسـتە باوەکـانی لۆژیـک و عەقـڵ خەریکـــی بارهێنـــانی گـــۆمەڵگەیەکی تاریـــک و گێـــڕانەوەی شارسـتانیەتن بـۆ سـەردەمەکانی بەربەریەت!.لە حیسـاباتی ئەم تونـــدڕەوانە عەقـــڵ و بیرکـــردنەوە هـــیچ جێگایەکیـــان نیـــیە لە بەرامبەر(فەتـوا) و پەیـڤە پـڕ لە کینەکـانی ئەمیرەکەی.ئیتـر ئەوە شەریعەت و یاسا ئاسمانییەکانن کە جێ بە عەقڵ و مەنتیق لێژ دەکەن و خودیش لە تایبەتمەندییەکانی خود بوون دادەماڵدرێ.

**خۆت بڵێ ،لەکوێوە باست بکەم؟**

**لە کوێوە بچینە نێو حیکایەتی خوێنەوە؟**

**لەدەمانچە کوێرەکەی دەستتەوە؟لەتووڕەییە بێ ئامانەکەی نێو تەماشاتەوە؟لە ڕقە زگماکەکەی نێو کەللە سەرتەوە؟لە فتوای پیرۆزەوە؟لەیەقینی شەڕی پیرۆزەوە؟لەهەیبەتی (ئەمیر)ی پیرۆزەوە؟یان لە(پیرۆزیی) خۆیەوە؟**

**من ئەڵێم لە خۆتەوە...ئاخر ئەو ڕێیانە هەموویان دەمبەنەوە نێو هەمان نەزیلەی زەبروزەنگ..هەموو دەمبەنەوە بەردەم هەمان ڕۆبۆتی بەمەرگ قورمیش کراو..دەمهێننە بەردەم تۆ**

**(تۆ)یەک کەتاسەر ئێسقان بۆنی جەلـلادت لێ دێ و هەست ناکەی جەللاد بیت**

(لەدەرەوەی حیکایەتی خوێن)

ئەم بارە ناهەموار و نا تەندروستەی توندڕەوەکان کە بە بڕوای من بزووتنەوە سیاسییەکەی کوردیش شەریکە بەشە تیایدا، بەرئەنجامی ئەو هەموو تەفاعەل و تێک هەڵپێکرانەی بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەیە کە کۆمەڵگەی کوردستانی پیادا تێپەڕیوە، ئەمە سەرباری ڕۆڵی ئایین لە خەساندنی هەر هەوڵێک لەپێناو ئازادیدا،

دکتـۆر هەوڵ دەدات وێنـای خودێکمـان بـۆ بکێشـێ نەخـۆش و لەدەرەوەی پێناســـە باوەکـــانی کۆمەڵگە.خودێـــک تـــژی لە ڕق تووڕەیی، پڕ لە حەماسەتی (جیهاد) و سەربڕین، خـودێکی عەقڵ کـــۆنترۆڵکراو لەلایەن (ئەمیر)ێـــک کە هەر تەنهـــا لە هەیئەتـــی دەرەوەیدا لە مرۆڤ دەچێت ئەگینا لەناوەوە دڕندەیە.

**ئاخر تۆ تەنها ڕۆبۆتێکی یەقیناویت و ئەو زاتە بەکلیلی،یان بلێم بەقامچی فەتوایەک قورمیشی کردوویت و لێت دەخوڕێت.**

( لەدەرەوەی حیکایەتی خوێن)

ئەم ڕۆبـۆتە لە شـێوە مـرۆڤە لە پرۆسـەیەکدا دووچـاری تێـک شـــکانێکی ڕوحیـــی و نەفســـی گەورە بـــۆتەوە و لە ســـیفاتە مرۆییەکـان دامـاڵراوە ئیرادەی پێشـێلکراوە و ئامـادە کراوە بـۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی (ئەمیر).

**ئاخر تۆ لەمێژە خۆتـت لەخـۆت تەکاندووە!لەمێژە خۆتـت لەنێو خۆتـا جێهێشـتووە..تۆ بەر لە کوشـتنی هەر کەسـێک، ئینسـانێک لەناختا بوو گۆشاوگۆش سەرت بڕی...تۆ بەر لەبردنەوەی هەر شەڕێک،لەمێژ بوو خۆتت دۆڕاندبوو.بەڵام تۆ کێ؟!**

(لەدەرەوەی حیکایەتی خوێن)

دكتۆر ئاراس له خيلالی ئەم دەقەوه لۆژيكی ئازادی بەكارهێنانی عەقـــڵ له ڕێـــگەی ئامۆژگـــارییەوه به شـــێوەيەكی ئيفلـــيج بەكـارده‌هێنێ و مـرۆڤ دادەمـاڵێ لەهەر ئـازادييەک له بـواری هەڵبژاردن(انتخـاب) ئەمەش ڕێگـره لەبەردەم كـاركردی (بەڵام) ەكانی دكتۆر و تيرۆريستەكەی نێو ماڵه گوناهەكەی.

**ئـای چەنـد بيـری كـوڕه هێمـنه خواناسـەكەی جـاران دەكەم كەلەهەيئەتی ((تەنها دەرەوەی))تۆدا بوو.**

**ئەو دەنگـــی هەميشـــه پـــڕ بـــوو له(ئـــايەت) و دەســـتەكانی لەميهرەبانيی و سيماشی لەپێكەنين.پێكەوه دادەنيشتين و تاسەر ئێسقان جياوازيش بووين بەڵام لەجياتی شەڕگه قسەكانی گوڵ بوون،گـوڵ..ئەو جيـاواز بـوو لەمنـيش بەڵام ئينجـانەيەک بـوو لەموحيبەت.هەركـات دەسـتی قسـەمان دەخسـته نێـو دەسـتی يەكترەوه بەسـۆزەوه دەمانگوشـين زۆر جـار كەدەيويسـت مانـا جياوازەكەيم پێ بڵـێ،بەڕووه هـێمن و ئەدەبه زگمـاک و سـۆزه جوان و زمانه شيرينەكەيەوه شتی خۆی دەوت...ئەوەتا ئێستاش لەنێـو داڵـغەی ئـاوێنه جـوانەكەی((بەڵام)) دايەو بەهێمنـيەوه دەڵێ:منيش شتێكم هەيه بۆ وتن.**

(لەدەرەوەی حيكايەتی خوێن)

ئەمه سـەرەتای دەسـتپێكردنی نمايشـێكه كه گوتـاری ئاخـاوتنەكه شـێوازێكی دوو فاقەييـه.زمانێكه (زمـانی ئامۆژگـاری و قەنـاعەت

کردن ).ئەم زمانە لەلایەکەوە نامۆیە بە سروشتی بزووتنەوەکە سیاسییەکەی دکتۆر، چونکە بزووتنەوەیەکی شەڕانگێزە و لەلایەکی تریشەوە گروپی توندڕەو زمانی بیرهێنانەوەو ئامۆژگاری ناناسێ.!

دکتۆر پێیوایە لەم کۆمەڵگایەی کوردستان و لەدەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێ خود پێناسە بکات و پێی وایە خودەکانی ئەم گروپە توندڕەوە دەکرێ تاک تاک لە ڕێگەی بڕواهێنان و ئامۆژگاری لەلایەک و سەرزەنشت کردن و عاتیفە بزواندن لەلایەکی تر دەتوانرێ بهێنرێنەوە سەر ڕێگای ڕاست (واز هێنان لە باوەڕ و ملکەچ کردن بۆ فەرمایشتەکانی بزووتنەوەکەی).بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەم دەقەدا جێگا و شوێنێکیان نییە.بە واتایەکی تر ململانێی نێوان بزووتنەوەی سیاسی کورد و گروپی توندڕەو یەک لایەنەو تەنانەت وەکو زویر بوونی ئەندامێکی یەک خێزانی گەورە وەسف کراوە، لە کاتێکدا دکتۆر دەیتوانی ڕێڕەوی ململانێکە بەلایەکی تردا ببات و بیگەڕێنێتەوە سەر ڕەوتە ئەسڵییەکەی خۆی کە ئەویش بەرژەوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاوازە.

**ئیدی لەنێو بەڵامە ڕووخۆشەکانیدا هەمیشە کات هەیە بۆ بەڵامەکانی منیش.لەنێو ماناکانیدا منیش مانایەکم دەبێت،مانایەکی جیاواز لەوەی ئەو، نەک (( بێ مانایی)).**

**ئیدی لەنێو بەڵامەکانمدا ،عەشقێک..خەونێک..مانایەک..نیشتمانێک هەیە جـێگەی چـرا و ئـاوێنە و کتێـب و گـۆرانی و نـوێژ و پێکەنینەکانی هەردووکمانی تیا ئەبێتەوە.**

**لەنێو بەڵامەکاندا بەڵامێکی جوان هەیە،هەمیشە دەڵێ:**

**ئەو دەمەی بەهەمـوو جیاوازییەکانمـانەوە، لەنێـو ئەم مـاڵەدا پێکەوەین،لەهەموو ساتێکمان جوانترین...**

(لەدەرەوەی حیکایەتی خوێن)

جـوانی لە بـوونی جیـاوازی دایە، بەڵام نەک لەسـەر حیسـابی ژیـانی مـرۆڤ و نەهامەتییەکـانی!.زۆر جـوانە مرۆڤەکـان لە یەک چوارچێوەی سیاسیدا، لەیەک سیستمی کۆمەڵایەتیدا بە جیـاوازی بۆچوونەکانیـانەوە پیـادەی ڕۆتینـی ژیـان بـکەن.لەمەش جـوانتر ئەوەیە کە ڕێز بۆ بۆچوونە جیاوازەکان دابنێن.ئەم سیسـتمە هەر ناوێکی هەبێ لای من زۆر پیرۆزترە لە دەیان هەزار بەیانـنامە و ڕاگەیانـدنی سیاسـی حیزبەکـان کە نەیـانتوانیوە و هەرگیـزیش ناتوانن ڕای پێچەوانەی کەسێکی تر قەبووڵ بکەن.ئەم خەسڵەتە دزێـوە کە بـڕوا نەبـوونە بە ئـازادییە سیاسـیی و فەردی و کۆمەڵایەتییەکان، بۆتە تایبەتمەندییەکی بزووتنەوە سیاسـیەکانی کوردستان و ناوچەکە.

دیدگای دکتۆر بۆ جوانی لە پانتـایی ئەم ڕاسـتیانەی سـەرەوەدا کورت دەهێنێ، چونکە خودی بزووتنەوەکە سیاسییەکەی دکتۆر ئـاراس نەک زمـانی گفتوگـۆ ناناسـێ.بەڵکە چەشـنی هاومـاڵە توندڕەوەکەی، زمـانی تفەنگ و تیـرۆر و کوشـتن پیـادە دەکـات!! بەڵام تـاکە تایبەتمەنـدییەک کە بـزووتنەوەی کوردسـتان جیـا

دەکاتەوە لە توندڕەوەکان ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیەی دکتۆر لەگەڵ ئـــاڵوگۆڕە سیاســـییەکانی نـــاوچەکە و جیهـــان خـــۆی دەگونجێنێ.یـان باشـتر بڵـێم قوربـانی دەدات بە بەرژەوەنـدییە گشـتییەکانی کـورد لەپێنـاو مەوقیعیەتـی سیاسـی و پتەو کردنـی دەسەڵاتیان((مەســەلەی جیــابوونەوەی کوردســتان و کێشــەی کەرکـووک و ئاوارەکـان و سـنووری کوردسـتان و...تـاد)) چەنـد نموونەیەکی زیندوون لەم بوارەدا.

**بینینی چی؟!تۆ لەچاوی بەردەوە خوازیاری بیانبینی.لەدەرەوەی ئەوانیش، لەدەرەوەی هەمووومان،ئاوێنەیەکی تر هەیە گەورەتر لەئـاوێنەی هەمووومـان..جوانتر لەسـیمای هەمووومـان،بەڵام تـۆ نایبینیت.ئاوێنەیەک بەقەد خەونێک ئەبێ..بەقەدەر نیشتمان،ئا بڵێم کت و مت نیشتمان خۆیەتی.لەنێویدا گوڵ هەمیشە گوڵەو ماچ ،مـاچە و چـرا هەر چـرایە و زەمەنـیش لەوەرزە تەڕەکـانی عەشق،ئیدی عەشقی خوا بێت یان خاک یان خەڵک یان هەر خەونێکـی جـوان،لەوێ جـێگەی هەموویـان ئەبێـتەوە.ئەوێ شـوێنێکی هەیە بـۆ خەونـی مـن و شـوێنێکیش بـۆ خەونـی تۆ..زەمەنێکیش بەشی ماناکانی هەر هەمووومان ئەکات.**

(لەدەرەوەی حیکایەتی خوێن)

نیشــتمان لێــرەدا (کە قەڵەمــڕەوی بــزووتنەوەی کــوردایەتی و ســنووری جوگرافیــای حکــومەتی هەرێمــی کوردســتانە) وەک بەهەشتێکی هەمیشە سەوز وێنا کراوە، لەکاتێکدا ئەو نیشـتمانەی کە دکتــۆر نــایەوێ نیشــانمانی بــدات،پڕە لە نائومێــدی و دڵ ســاردبوونەوە،پڕە لە دڗایەتــی و نائارامی.ئــاخر نیشــتمانەکەی دکتـۆر بە پـێچەوانەی بۆچوونەکـانی خـودی دکتـۆر، پـڕە لە

مەینەتـی نەگەڕانەوەی ئاوارەکـانی هەولێـر و سـلێمانی، پـڕە لە ڕاگرتنی دیلی جەنگی دوو حیزبە شەڕکەرەکەی نیشتمانی دکتۆر ئاراس و هێشتنەوەیان بۆ سات و سـەودا پێوە کردن کە دەشـێ لەداهـاتوودا وەکو کـارت بەکـاربهێنرێن بـۆ فشـار خسـتنە سـەر یەکتر.نیشـــتمانەکەی دکتـــۆر گۆڕســـتانی هەمـــوو خەونە ئـــالۆ والاکانی ئەو مرۆڤانەیە بەخودی دکتۆر ئاراسیشەوە.

ئەگەر لە ئـاوێنەی نیشـتمان و خەونەکەی دکتـۆر چـرا هەر چـرا بێـت و گـوڵ هەر گـوڵ بێـت، ئەوا هەر لەو نیشـتمان و هەر لەو ئـاوێنەیەدا تـالان و بـڕۆ هەر تـالان و بـڕۆیە و فەسـادی ئیـداری هەر فەسادی ئیدارییە و ئـابڕووبردنی خەڵک هەر ئـابڕوو بـردنە و گەنـدەڵی هەر گەنـدەڵییە   و تیـرۆری ڕۆژنامەنووسـان هەر تیرۆرە..تاد.دکتۆر بەبێ ویستی خۆی و دوور لە ئیرادەی خـۆی ڕووی نیشـتمانێکمان بـۆ سـپی دەکـات کە بەدەسـت بـزووتنەوە سیاسـییەکەی ئەو ڕووە دووچـاری شـێواندن و ئـازارێکی زۆر بووە.!

دوا چارەســـەریش دکتـــۆر لە خیلالـــی دەقەکەوە داوا لەگروپـــی توندڕەو دەکات کە((شـەڕی لێبوردن)) کەن و لە هەڵەکـانی یەکتـر ببوورن.

**هەمیشە شەڕێک هەیە.**

**با من و تۆش شەڕێکی جوان بکەین.هیچ نەبێ با ناشرینتر نەبین لەخۆمان.شەڕێکی جوان،من ناوی لێ ئەنێم "شەڕە لێبووردن!!!"**

**شەڕگەیەکی سپی،لەنێویا بەرامبەر لەیەکتر نەگرین و لەهەڵەکانی یەکتری نەبوورین...**

**گەر زیاتر لێم بوورایت ،براوەیت..**

(لەدەرەوەی حیکایەتی خوێن)

ئەم بانگهێشەیە زیاتر لە کاریکاتۆر دەچێ وەک لە واقیع!.چونکە واقیع پێچەوانەی ئەمەی سەلماند.هەڵە؟ پێناسەی هەڵە چییە؟ هەڵە لە دیدگای دەقەکەوە چی دەگەێنێ؟

ئایا هەڵگیرساندنی شەڕ و بە کوشتدانی هەزاران کەس بەهەڵە دادەنرێ؟ ئایا ئاوارە کردنی خەڵک و وێران کردنی شوێنی ژیانی خەڵک بەتۆپ و هاوەن بەهەڵە دادەنرێ؟ ئایا سات و سەودای ژێر بەژێری لەگەڵ وولاتانی ناوچەکە و لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان بەهەڵە دادەنرێ؟ و ئایا..و ئایا...تاد.ئەگەر ئەمانە هەڵە بن، خۆ تاوانباران بەداوای لێبووردنێک لەم هەڵانە پاک دەبنەوە.!!

جا پێش کۆتایی هێنان بە نووسینە پێم چاکە کورتەی سەرنج و بۆچوونەکانم سەبارەت بە دەقی (لەدەرەوەی حیکایەتی خوێن) ی بەڕێز دکتۆر ئاراس لەچەند خاڵێکدا چڕ بکەمەوە:

یەک: خودی دەقی (لەدەرەوەی حیکایەتی خوێن)،بەشداریەکی بچووکی بەڕێز دکتۆر ئاراسە لەو هێرشە هەمەلایەنەی ڕۆژئاوا بۆ سەر فەندەمەنتاڵیستی ئیسلام و ڕێزداریش کاک دکتۆر

بەدەوری خـۆی تەبلیغـی هەمـان ئەو بەیتوبـالۆرەیە دەکـات کە بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستان دەرگیری بوو.

دوو: خودی دەقی(لەدەرەوەی حیکـایەتی خوێن)،هەوڵدانێکی تـرە لە پانتـایی مەیـدانی سیاسـیی کوردسـتان بـۆ سـڕی نیشـاندانی ڕووی بـــزووتنەوەی سیاســـیی کوردســـتان و ڕووی ڕەشـــی فەندەمانتالیستی ئیسلام.

سـێ: لە دەقـی (لەدەرەوەی حیکـایەتی خـوێن) ئەڵـقەی بنەڕەتـی ئازادییە سیاسییەکان ونە و نووسەر بانگەوازی تەسلیم بوون و ملکەچ کردن و گەڕانەوە بۆ باوەشی نیشتمانی دایک و وازهێنـان لە بیروباوەڕی تر دەکات.

چـوار: دەقـی (لە دەرەوەی حیکـایەتی خوێن)داکـۆکی دەکـات لە ئـاینی ئیسـلام و بانگهێشـەی ئیسـلامێکی (معتـدل) دەکـات و تونـدڕەوی ڕەت دەکـاتەوە لە ڕێـگەی ئامۆژگـاری و بزوانـدنی ئیحساســـاتی نیشـــتمانی و یادەوەرییەکـــانی ڕابـــردووی تیرۆریستێکی نێو ماڵە گوناهەکەی.

پێـنج: دەقـی(لەدەرەوەی حیکـایەتی خـوێن) ، خـاڵییە لە گومـان و تـەژیە لە یەقین.دیـارە ئەمەش بەپـێچەوانەی قەسـیدەی نـوێ کە فرە ڕەهەندی و فرە مانایی و گوماناوییە.

شەش: دەقی (لە دەرەوەی حیکایەتی خوێن) وێنا کردنی مێنتاڵتی تیرۆریسـتێکە لە دۆڕانـدنی خـود و پشـت کـردنە لە بنەماکـانی لۆژیـک و عەقـڵ و گـۆڕانە بە ڕۆبۆتێـک کە جـگە لە جـێ بەجـێ کردنی فەرمایشتەکانی ئەمیرەکەی هیچ ئەرکێکی تری نییە.

حەوت: دەقـی(لەدەرەوەی حیکـایەتی خـوێن) دەربـڕی تێڕوانینـی جوانناسی(ئیسـتاتیکی) نووسـەرە، کە خـۆی لە هاومـاڵ بـوونی تێــڕوانینە کــۆن و کـــات بەســـەرچووەکانی فانـــدەمەنتاڵیزمی ئیسـلامدا دەنـوێنێ، لە کاتێکـدا چەنـد جـوانتر دەبـوو کە ئەگەر دەقەکە ئـاوی بەم ئاشـەدا نەکـردایە و لایەنگیـری بـۆ ژیـان لەچوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن نیشان بدایە.

تەمموزی ٢٠٠٤
کەنەدا

# یۆتۆپیایەک لە سەراب نیگایەک بۆ جوانی

"سەراب"ی نیشتمان جێگاو ژینگەی شاعیر کاک ئەنوەری ڕەشەی عەوڵایە هەرچەند دەکات شێوازێکی تری بەرەنگاری و ڕووبەڕووبونەوە بەشیاو تر نازانێ بۆ دوان و گەڕان بە شوێن ژیان و ئەو بەهایانەی مرۆڤەکان بەشوێنیاندا عەوداڵن.چەمکی سەراب، چەمکی ناسینەوە و فرەدەلالەتی دەقی "یۆتۆپیایە لە سەراب" کە قەسیدەیەکە لە دوو تویێ کتێبی" گەڕان بە نیشتمانەکانی سەراب"دا قەراریگرتووە و دیدگای جوننناسی شاعیری لە خۆیدا بەرجەستەکردۆتەوە.

ئەنوەر وەک شاعیرێکی حەساس و چالاک لە یۆتۆبیایەک لە سەرابدا دێت بێ هیچ پێشەکییەک دەکەوێتە هەڵدانەوەی ناخی خۆی و ناساندنی سەراب وەک نیشتمانی جوان لە ڕوانگەی شاعیرێکی عاشقەوە.دەرخستنی ئەو ناخەو تێگەیشتن لەلایەنە لێک گرێدراوەکانی دەقەکە "سەراب بیابان سەفەر عشق بوون"دەتوانێ ڕێنمایکەرمان بێ بۆ دیاریکردنی دیدگای ئیستاتیکای ئەنوەر کە لق و پۆپی زۆری لێ کەوتۆتەوە ئەوە دەخەوازێ لە فرەمانای قەسیدەکە بدوێین.

**سەراب ئەی نیشتمانی شاعیران**

**چییە ئەم شوێن غوربەتە**

**کەوا یەسوعی شیعریشمانی کردووە بە سووتماک**

**بە خاچی بیابانەوە**

**گەر دەخوازی بە سوورەتەکانی سەراب ئاشنابیێ**

**غروری دڵت بدە دەست حاڵتە غەریبانیەکانی**

**غوربەتی و**

**گیانت بکە کاهێنی**

**پەرستگا پڕ نوورەکانی بیابان (١)**

سەراب نیشتمانی شاعیرانە، ئەو نیشتمانەی کە شاعیر پێی وایە ئالآی بوونی بەختەوەری تیا هەڵدەدا و مەڵبەندی گەڕانە بە شوێن ئەو ئاواتە سەرابییانەی کە بێجگە لە شاعیر دەوروبەریشی ئاوێزانی بوونەو تەنانەت ئازیزان و خۆشەویستانی شاعیر دەگەڕێتەوە.ئەم گەڕانە کورت ماوە نییە بەڵکو بەدرێژایی تەمەنی قەسیدەکە ئاوێتەی خوێنەر دەبێ.بۆ ئەوەی شاعیر بخوێننەوە دەبێ لە نیشتمانە ئازیزەکەی شاعیر سەراب ووردبینەوە بزانین بە چ مانایەک بەکار هاتوە و چەند جار ئەم نیشتمانە گۆڕانی بەسەردادێ

نیگاکانی شاعیر بۆ چ گۆشەنیگایەک ئاراستە دەکرێن ئایە شاعیر پەیوەستە بە لۆژیکە باوەکانی کۆمەڵەوە یان وێڵە بە دوای ئازادی موتڵەقدا؟

**لە مەیخانەکانی سەرابدا بادە نۆش دەکا براکەم**

**لەسەیرانەکانی سەرابدا دیلانێم دەکرد**

**خوشکەکەم**

**لە گۆمی مەنکی سەرابدا خنکا دایکم**

**لە گۆڕستانی سەرابدا دەینێژن باوکم**

**لە سەرابدا شیعری قەشەنگتری دەهۆنییەوە**

**هاوڕێ موسافیرەکەم (٢)**

شاعیر مەملەکەتەکەی فراوانە بەقەد ئەندێشە و بیرکردنەوەی ئەو ناسنامەی سەرابی هەڵگرتووە نەک بۆ ڕازیکردنی دەوروبەر و ژینگە، بەڵکو بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ڕاستگۆییەی کە شاعیر لە پێناویا خەریکە دیاردە مەئلوف و نامەئلوفەکان وێنادەکات.ئەو یۆتۆپیایەی کە شاعیر لەسەرابدا دەیکاتە نیشتمان "تەلاقی خۆی وەرگرتوە لەو تەعریفاتە واقیعییەی کە دراوە بە شوێن و زەمەن" ( ٣).سەراب لە ئان و کاتی جیاوازدا و بەتێگەیشتنی جیاوازەوە گەلێ لێکچواند دروستدەکات تا تەعبیر لە مانا جیاوازەکان بکات.سەراب یۆتۆبیایەکە و ئیمپراتۆرێتێکە و شازادەیەکە کە لە کەژاوەی ئاڵتونینی بیابان و سێبەرە

سپییەکەی سەحرایە و بەرماڵی خۆرەو تویکڵی مانگە و منداڵە ئاوارەبووەکانی بیابانەو نوتفەی خۆرەو بەلەمی شاعیرە - لە قەسیدەکەوە وەرگیراون - سەرجەم پێکهاتە وێنەکراوەکانی سەرابە کە خوێنەر لە سیاقی دەقەکەدا نمایشی پڕ جوولەی ئەو شاعیرە هەڵوەدایە دەبینێ.کاک ئەنوەری شاعیر لە ناو زێدی خۆی کە پێشتر بە سەراب ناوزەدکرا خەریکی عەشقەو دڵی پڕە لە خۆشەویستی بۆ باران و ئازادی و سەفەر لێدەدا و پەیتا پیتا بە دوای مومارەسەی پرسیارکردن و پشکنینە

**حەبیبەم گەر عەشق نەبایە چیم دابوو**

**لە بنی ئۆقیانوسەکانی فرمێسک و**

**مێرگەکانی تەنیایی**

**گەر عەشق نەبایە...پەنجەرەکانی شیعر و سەفەر و چاوەڕوانی و تەنیایی و ئازار و بۆ ئەبەد ئاوەڵا نەدەبوون**

**گەر عەشق نەبایە لە خەمە لە بیرکراوەکانی بیابانم نەدەپرسی و بە دوای دەرگا گومبوەکانی گومبوندا نەدەگەڕام (٤)**

ئەم گەڕان و پشکنینە خاسیەتی زیندووبوون و بەردەوامبوون و دەلیلی ئبتیکار و ئەفراندنە کە شاعیر چەندین ساڵە بە شوێنیەوەیەتی.ئەم عەشقە ڕوکنێکی پێکهێنەری تێڕوانینی شاعیرە ئەوەتا دەڵێت" ئێمەی مرۆڤ گەر شتێک مابێت پێوەی

بنازین خۆشەویستیکردنە" (٥).دا ئەم عەشقە شاعیری کردۆتە گەڕیدە و تایبەتمەندییەکی فزوڵی پێ بەخشیوە کورد وتەنی سەر بە هەموو کونێکدا دەکات تەنها ئەو ڕابردووە نەبێت کە شاعیری وادر بە کوت و بەندێک کردووە دابڕاو لە داهێنان و ئازادی بیرکردنەوە.

کاک ئەنوەری شاعیر پرسیارکەرە.ئەو لە سەر پرسیار و پرسیار کردن ئیشدەکات و نیشتمانەکەشی هەر لەوێ بنیاد دەنێ و ئەنوەر بەدوای "ڕامکردنی وێنە هەرەسرکەکانە" (٦) ئەو وێنانەی کە ئازادی ئێمەی تێدا بەر جەستەبۆتەوە نەک ئەو ئازادییە ڕواڵەتییەی کە کۆمەڵگە و ئایدیۆلۆژیا دەیناسێ.ئازادییەکەی شاعیر شەفاف و بێ گرێیە، ڕەهایەو بێسنوورە

**سەراب گەر چاوی خۆری لەسەر بێ کۆیلەیە**

**سەراب،،،گەر چاوی شەوی لێ دیار بێ ئازادە**

**سەراب..لە کۆیلەتیدا سەراب...لە ئازادیدا دەمرێ (٧ )**

شاعیر کۆیلەی هیچ شتێک نییە غەیری ئەو ڕوانینانەی نەبێت کە خودی خۆی و ناخی خۆی دەدوێنێ! شاعیر لە بیرکردنەوە و پرسیارکردن ئازادە بۆیە کۆیلەی ئازادییە نەک ئازادیێکی کۆیلە هەر ئەمەش کرۆکی سەفەرەکانی شاعیرە، ئەو سەفەرانەی کە رۆح و جوانی دەبەخشێتە دەق.

یۆتۆبیایـــەک لـــە ســـەراب نەخشـــەیەکی بـــەرفراوانی جوانییـــە ڕووبەری دیدگاکانی شاعیر ڕووبەرێکی بەر فراوانە لـە ئەندێشـە حەقیقەت ئامێزەکان، لە دەرخستنی وێنە هێشتا نەشۆردراوەکانی بـوون، ئـەو بوونـەی بـەم هـەموو دزێوییـەوە هێشـتا خـاوەنی بەشـێک لـە جوانییـە.بوون بـۆ شـاعیر هـەر تـەنها چالاکییـەکی فیزیکـی نییـە لـە نووسـتن و خـواردن و ڕۆیتنیـاتی تـر، بـەڵکو بەدیوەکەی تر بوون مانـای یەخستنەوەی ڕۆحە شکاوەکانمانە بـەمانای دۆزینـەوەو گـەڕاب و پشـکنین و وەڵامـی وێنـاکردنی دیمەنە نەبینراوەکانە.ئەم وەزیفەیەیە کەوا لە شاعیر دەکات بڵـێ" مـن بـەبێ شـیعر دەمـرم" (٨) لەگـەڵ ئەمانەشـدا شـاعیر هێشـتا ترســێک، ترســێکی بەدەربەســتانە دەور و خــولی ئــەداو چــی ڕوودەدا ئەگەر

## شاعیرانە لە ناو مەنفای پەیڤەکانی

## بیاباندا ئەمرم (٩)

لـەم هـەموو بەریـەک کەوتنـە چڕوپڕانـە و تەوزیفـە شـیعرییانە، یۆتۆبیایەک لە سەراب تووشی شکستی مۆسیقی نەبوەو شـاعیر ناچـار نـەبووە بکەوێتـە بـەکارهێنانی وشـەگەلێکی بـێ گیـان و ناشـاز.هەرچەندە ئـەم کورتـە لێدوانـە بـەس نییـە بـۆ ناسـینی نیشتمانەکەی شاعیر زۆر زیاتر هەڵدەگرێ لە سـەری بنووسـرێ و هەقی خۆی بدرێتێ بەڵام وەکو نیشـاندانی تایبەتمەندییـەکانی

قەسیدەکە دەشێت ئەم خاڵانە جێگای لێ وردبوونەوە و سەرنج دانمان بن:

- دەقی قەسیدەی یۆتۆبیایەک لە سەراب هەڵگری هیچ ناسنامەیەکی ڕۆژهەلاتی بوونی نییەو وابەستەیی ئیقلیمی و ناوچەیی لە دەست داوە ئەم خاسیەتە خاڵێکی گرنگە لە یەکلابوونەوەی وابەستەیی شاعیر بە کۆمەڵگەو ژینگەیەکی دیاریکراوەوە.

- کێشەی دیاریکردنی ڕێ و ڕەسمی ژیان لە دەقی قەسیدەکەدا ونە! ئەو کێشەیەی کە ئێمەی مرۆڤ پێوەی گیرۆدەین بە تایبەت لە کۆمەڵگەیەکی کوردیدا ئەم دیاریکردنە ڕەگی داکوتاوە و کۆمەڵگە دیفاعی لێ دەکاو بە پیرۆزی دەزانێ.

- لە دەقی قەسیدەکەدا دیالۆگ نییە و موخاتەبەی مرۆڤەکان جێگای چۆڵکردووە بۆ موخاتەبەی ویژدان و ڕوحی شاعیر واتە شاعیر بە تەنها خۆ و ڕوحی خۆی و خەیاڵی خۆی دەدوێنێ.

- لە قەسیدەی یۆتۆبیایەک لە سەراب ڕووبەڕووی دەقێکی داخراو نابێتەوە بۆ دەست ڕاگەیشتن بە دەلالەتە شیعرییەکان بەڵکو لەگەڵ دەقێ کراوەدا هەڵسوکەوت دەکات کە ڕێگا خۆشکردنی پرسیارکردنی تێدایەو زەمینەی لە بارە بۆ بەشداریکردنی شاعیر بۆ گەڕان و سۆراغ بەدوای نهێنییە نەزانراوەکاندا.

- دەقی یۆتۆبیایەک لە سەراب بەرجەستەکردنەوەی جوانی و دیدگای ئیستاتیکای شاعیرە بەهۆی بەکارهێنانی

کۆمەڵێ دەلالەت و هێمای شیعر و بوعدی خەیاڵی بێ سنوورەوە...تاد

جوگرافیای قەسیدەکە شوێنی ونبوونە هەروەک چۆن شاعیر ونبووە تیایدا و ئێمەش لەگەڵ خۆیدا ون دەکات و بە شوێن دۆزینەوەیە

**ئەی ناسکتر لە ئیحای ئاو**

**نەشمیل تر لە جلێوە گاو وورشەکەی**

**کوا گوڵستانی هەناسەت**

**کوا روخساری ڕەنگت**

**کوا سەرابی ڕێ و ڕۆینی لە نجەکەت**

**من بۆ تۆ دەگریێم بۆیە ونم (١٠)**

ئێمەش بە دەوری خۆمان دەبێ بە شداربین لەم پرۆسەیەدا پرۆسەی داهێنان و بەرجەستەکرنەوەی ڕۆحە شکاوەکانمان.چونکە پرۆسەی داهێنانی دەق تەنها پەیوەست نییە بە نووسەر و شاعیرەوە، بەڵکو خوێنەریش کەسی دووەمی تەواوکەری کرداری ئەفراندنەکەیە.دەبا پێکەوە بکەوینە خوێندنەوەی دەقەکە و تەواوی دیوانی گەڕان بە نیشتمانەکانی سەرابدا و خوێندنەوەی خودی شاعیر و خەیاڵە بەرفراوانەکەی.

*ڤانکۆڤەر کەنەدا*

٢٠٠١-٠١-١٩

سەرچاوەکان:


١- ئەنوەری ڕەشی عەولا، گەڕان بە نیشتمانەکانی سەرابدا، چاپی یەکەم، ،٢٠٠٠ لاپەڕە ٨٩ و ٩٠.

٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٩٢ و ٩٣ ،

٣-گۆڤاری ئایندە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە١١ی ساڵی ٢٠٠٠ لاپەڕە ١٣٢

٤- ئەنوەری ڕەشی عەولا، گەڕان بە نیشتمانەکانی سەرابدا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠، لاپەڕە ١٢٠.

٥-نامەی ئەنوەری ڕەشی عەولا بۆ عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) لە ٣٠ ی نیسانی ١٩٩٨.

٦-گۆڤاری ئایندە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە١١ی ساڵی ٢٠٠٠ لاپەڕە ١٣٨.

٧- ئەنوەری ڕەشی عەولا، گەڕان بە نیشتمانەکانی سەرابدا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠، لاپەڕە ٩٣.

٨-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤.

٩-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٩٣.

١٠-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١١٣.



تێبینی: ئەم نووسینە لە گۆڤاری "ئایندە" ژمارە ٢٠ ی ساڵی ٢٠٠١ بڵاوبۆتەوە.

# پیاوێک لە وشە یان ڕەشنووسی گەڕیدەیەک

## لێدوانێک سەبارەت بە دوا وڕێنەکانی ئەنوەری ڕەشی عەولا

ئەنـوەری ڕەشـی عەولا لە (وابـزانم بـووم بە ...وشــە) خـوێنەر لەبەردەم پرسیارێکدا سەرسام دەکات ،ئەویش پرسـیاری بوون بە وشەیە.وشە ئیتر بۆ ئەنوەر لەوە دەرچووە هۆکارێک بێت بۆ گوزارشت کـردن لە خەونەکانی، لەوە دەرچـووە گوزارشـت بێت لە دیـمەنە کەس نەدیوەکـانی کـامیرای شـیعری ئەو.وشــە بـۆ ئەنوەر لەوە دەرچووە هەر بۆراقی گەڕان و پشکنینی نهێنیەکانی سـەفەر و بیابـان و سـەراب و ئـافرەت بێت!.وشـە ئێسـتا خـودی شاعیرە و شاعیریش ڕاشکاوانە تەسلیم بە وشە ئەبێت "وا بزانم بـووم بە ...وشــە" کە بە زمـانی ئەنـوەر خـۆی (وڕێنەگەلێکـی کــوردیکی تاراوگەنشــین) ە پێویســتی بە خوێنــدنەوەی چەنــد ئاسـتییانە هەیە کە ئەم کورتە نووسـینە تەنها ئەتوانێ لە ڕووی زمانەوە لێیان ورد ببێتەوە.

**ئەی ئەو شاعیرە موسافیرەی**

**دڵت**

**ئابڵووقەی ئەقڵ... و**

**ئەقڵت**

**ئابڵووقەی جەستەو...و**

**سەرنجت**

**ئابڵووقەی ئابڵووقە سرکەکان دەدا**

**تۆ...**

**بەم ڕشتنی گۆشەگیریانەت**

**چ ئەفسونگەلێکی((ئەودیو جوانی**

**ناشیرینیەکانمان))**

**بۆ تەفسیر دەکەیت؟ (١)**

ئەم گۆشەگیرییەی ئەنوەر نەک هەر تەنها دەلالەتی زمانەوانی هەیە، بەڵکو لە ڕووی سۆژیۆلۆژییەوە قابیل بە ئاوڕدانەوە و لێوردبوونەوەیە.هەم هەلومەرجە تایبەتی و هەرە شەخسییانە دەخوازێ شێوازێکی تایبەت لە دەربڕین گوزارشت کردن لە خۆی بەرهەم بهێنێ کە من وای بۆ دەچم ئەم زمانە شیعرییەی ئەنوەر هەوڵدانێکە لەم بوارەدا.

زمانی شیعری ئەنوەر لە(وا بزانم بووم بە...وشە) بەبەراووردبە (گەڕان بەنیشتمانەکانی سەرابدا) و (لە سەمای سەرمەدییا) و (کۆمۆنەی نان) ئالۆگۆڕێکی شاقوڵیانەی بەسەردا هاتووە کە خوێنەرێکی جیدی ئەنوەر لە یەکەم چاوپیاخشاندندا ئەم ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێ.!

ئاستی زەمەنی نێوان ئەنوەر و وشە تەنها هەناسەیەکە.زمانی ئەنوەر زمانی هەناسەی وشەکانە، زمانێکە کە پێویستی بە تەفسیری زمانەوانییە."لەبەر ئەوەی زمانی نوسین وەبەتایبەتی زمانی شیعر پێویستە زۆر گەش و دیار بێت و هەڵگری کۆمەڵێ توانایی تایبەتمەند بێت لە واتا و ڕوئیا و کە هونەرمەند لێی بەهرەمەند بێت و بۆ ئەوەی بە شێوازێکی هونەری جوان گوزارشتی لێ بکات." (٢)

ئەنوەر لە(وابزانم بووم بە...وشە) دا لەدوو ئاستدا زمانی تەوزیف کردووە.

ئاستی یەکەم، ئاستی جوڵەی لۆژیکە لە شیعر کە ئەمەش شێوازی دەربڕین و وێنەکان و چۆنیەتی خەیاڵ و پرسیارکردن و...تاد.ئاستی دووەمیش ون کردنی وشەیە لەزمانی شیعری و دۆزینەوەی واتاکانیەتی.ئەگەر(وشە یەکەیەکی زمانەوانی بێت بۆ گوزارشت کردن لە تێڕوانینمان بەکار بهێنرێ (٣) ئەوا ئەو یەکەیە لای ئەنوەر لە ساتە هەناسەکانی نووسیندا چڕ بۆتەوە.

لێرەدا خوێنەر هەقیەتی پرسیاری ئەوە بکات کە ئەنوەر بەشوێن چییەوەیە؟ ئەنوەر لەڕێگەی ئەم کۆمەڵە وڕێنەوە دەیەوێت چیمان پێ بڵێت؟ کێ کێی بەبارمتە گرتووە ئایا ئەنوەر بارمتەی وشەیە یان وشە بارمتەی شاعیرە؟ دوا جار ئایا شاعیر لە

ڕێگەی ئەو تێکستانەوە دەمانکاتە چ بەشێک لەو دەقانەو ئێمە چ ڕۆڵێک ئەگێڕین لەو پرۆسەیەدا؟

ئەنــوەر بــۆ ناســینی ڕەهەنــدی خــودی خــۆی ئەو پرســیارە دەوروژێنــێ (مــن کــێم؟ چــۆن خــۆم بناســم و چــۆن حەقــیقەت دەناسم ئەدۆنیس شیعریەتی خوێندنەوە) (٤) وەڵامەکەشی دەبێ لە دووتوێی نهێنی وشەدا بۆێ بگەڕێین.چونکە ئەنوەر

**تەنیاترە، لەنەغمەی**

**ئاو**

**کەلە هەبوونییەوە**

**بەنیاز بووە**

**ئایەتی سەما و سەفەرەکانی**

**لە**

**ویژدانی ڕۆژگارەکاندا بنوسێتەوە (ئاو)**

**گوناهکارترە،لەپەیڤینەکانی نووریش**

**کەناخوازێ**

**پەنجەرەی نهێنیەکانی**

**بەڕووی**

**وشە ئەغیار و ئاخدارەکانی-بوون-دا**

**واڵا بکاتەوە (نوور)**

**ئەنوەر=ئاو+نوور ( ٥)**

ئەم شێوازە لە نووسینەوەی خود و پێناسەکردنی، ئاوێتە بوونی شاعیرە بە پرۆسەی ڕۆچونە نێو وشەوە.پرۆسەیەک لەسەرەخۆ و هێواش دەست پێ دەکات و خوێنەریش لەگەڵ خۆی ڕادەپێچێتە نێو گێژەڵووکەکەوە!

زمانی شیعری ئەنوەر زمانێکی شەفاف و ڕوون نییە،زمانێکی ناسک نییە، زمانێکی قورسە بەئاستێک کە تەسنیعکاری ڕەوانبێژی تێدا کراوە کە قورسایی خستۆتە سەر دەقەکان وهێندەی تر تێکستەکانی تەمومژاوی تر کردووە.زمانی شیعری لە (وا بزانم بووم بە..وشە)، زمانێکی چڕە، زمانێکە دەخوازێ خوێنەر بەوردی بیخوێنێتەوە تا لەدووتوێی وشەکاندا ئەو هەستە دەرک پێ بکات کە شاعیر مەبەستیەتی بیگەیێنێت پێمان.لەو بڕوایە دام ئەگەر بە قووڵی ڕۆنەچینە نێو وشەکانەوەپردێکی بەستەوەری لەنێوان خودی تێکستەکان و لێکدانەوەی وشەکانی شاعیر پێکنەهێنین سانا نییە نهێنی تێکستەکان کەشف بکەین!.چونکە (زمان هەر تەنها ئامڕازی گەیاندنی مانای جیاواز لەخۆ ناگرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی باشتر خۆی دەبێتە مانا،چونکە هەر خۆی فیکرە،نەک هەر هێندەش بەڵکو لەپێش ئەویشدایە،چونکە مەعریفەت بەدوای ئەودا دێ،لێرەدا پێوانەی مانا لەزماندا خۆی دەدۆزێتەوە و لەڕێسا دیاریکراوەکانی ئەودا جێگیر دەبێ.) (٦ )

زمان بۆ شاعیر چەکە،ئەو چەکەی کە ئەگەر دایبنێ لەوانەیە لە جەنگە پیرۆزەکانیدا تێدا بچێت.(تۆ وا ڕاهێنراوی بۆ خوێندنەوە وهەروەها دەبینی نووسەرەکانیش وشە وەکو چەکێک ،وەکو هۆکارێکی مەزاجی بەکاردەهێنن بۆ داڕشتن و داهێنانی هەست

و نەستیان.(٧) زمان بۆ شاعیر خۆ ناسینەوەیەکی ترە لەنێو ئەو ڕەهەندانەی کە شاعیر عەودالّە تیایدا، زمانی بەرجەستەکردنەوەی قودرەتێکە کە لە ناخی ناخماندا پەنگی خواردۆتەوە و بە دوای مەنفەسێکدا دەگەڕێت تا بتەقێتەوە.

لایەنێکی تری زمانی شیعری ئەنوەر ئەو دەستەواژە و وشە نامەئلوفانەیە لە زمان کە زۆر بە کەمی بەکاردەهێنرێن، بەواتایەکی تر زمانی شیعری ئەنوەر، زمانێکی مەوسوعییە و وشەکانیش قاموسین.ئەمەش لەلایەکەوە دەرخەری جۆرێکە لە توانایی و زاڵبوون بەسەر زماندا و لەلایەکی تریشەوە هەوڵدانە بۆ دوورکەوتنەوە لەو زمانە سادەیەی کە زەمەنێکە شیعری کوردی خۆی پێ دەنووسێتەوە.من خۆم لایەنگری زمانێکی چڕو ناسادەم، بەڵام لایەنگری زمانی قاموسی نیم!! ئەمەیان پێم وایە کاریگەری دەبێت بەسەر مۆسیقا و هارمۆنیای پێکهایە شیعرییەکان و ڕوحی شیعر لاواز دەکات.ئەدۆنیس دەڵێ(تازەگەری شیعری لەهەر زمانێ بێت،لەپێش هەموو شتێک تازەگەری خودی ئەو زمانەیە) یان دەڵێت(بەهای زمانی تازەگەری ناکرێ لەدەرەوەی بەهای زمان و مێژووی ئیبداعی ئەو زمانەوە تەماشا بکرێ) (٨ ).دیارە من ناکۆکی نابینم لە نێوان زمانی قاموس و شۆڕش لە زمان تەنها ئەوە نەبێت زمانی قاموسی دەق دەباتە دەرەوەی ساختمانی داهێنانەوە.پەرەپێدانی زمانی قاموسی کز کردنی توانا داهێنانەکانی زمانە.

**گەر دەستت بگات بە گیانی**
**و**
**ش**
**ە**
**ی**
**ە**
**ی**
**دەرگاکانی یەزدانت بۆ**
**دەکەوێتە سەر گازەرای پشت**
**منالآنی خۆر**
**فێری وازییەکانی**
**گوڵشەنستانت دەکەن**
**-با- نهێنی چاخەکانی خۆیت بۆ دەژەنێ**
**عەرشی ئاو**
**دەیدرکێنێ بۆ تەڕە و**
**ژیان بۆ درۆیەکی هێند...شەنگ و**
**ج**
**و**
**ا**
**ن**
**ە ( ٩)**

ئەم دەست ڕاگەیشتنانەی ئەنوەر لە سەرەتا دایە و ئەوەتا تەنها (ئەلف)ی پێشکەش کردووین و خۆ ئەگەر بەم ئاستەوە پیتەکانی تری زمانمان لە کۆمەڵە کۆمەڵێ شیعری تردا بخاتە بەر دەست،

ئەوا بەدڵنیاییەوە دەرگای یەزدانی بۆ دەخرێتە سەر پشت!، ئەو دەرگایەی کە تەنها داهێنەران دەتوانن هاموشۆی پیادا بکەن.

من وای بۆ دەچم ئەنوەر لە پێویستی دەرک کردن بە نوێ بوونەوە و داهێنانەوە پەنای بردۆتە بەر ئەم شێوە زمانە و هەوڵ دەدات بچێتە دەرەوەی بەرگە کۆنەکەی زمانی شیعر، چونکە(زمان ئامانجی یەکەمی گۆڕانە کە شیعر دەخوازێ ووتە و دەستەواژە کۆنەکان وەلابنرێت و وشە و دەستەواژەی نوێ بهێنرێتە نێو زمانەوە و وشەش ملکەچ بکات بۆ ڕەخنەی ئینتیقائی) (١٠)

شاعیر لە میانەی ئەم کۆمەڵە وڕێنەیەوە دەردەکەوێ کە تەنیایە، بۆیە خۆی و خودی خۆی گەڕیدەیەکن بە شوێن مانا ونبووەکانی وشەو پێناسەکردنەوەی وشەوە.ئەگەر وشە هۆکاری دەربڕینی هەست و ئایدیاکان بێت لە ڕێگەی زمانەوە، ئەوا لای شاعیر جیهانێکە سەرتاپای بیرکردنەوەی داگیرکردووە.شاعیر هێندە غەرقی زات بووە تەنانەت لە سەرجەم کۆمەڵە وڕێنەکەدا تاڵە داوێکی پەیوەندی نادۆزیتەوە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.من لە کاتی خوێندنەوەی وڕێنەکانی شاعیردا وام هەست دەکرد کە(ڕۆبنسۆ کرۆسۆ)یەکی کورد زمان خەریکە لە ڕێگەی تەماشا کردنی سروشتەوە جارێکی تر لەنێو زەمەنێکی دیاریکراودا بێئەوەی هیچ دەلالەتێکی مێژووییمان بداتە دەست سەبارەت بە شوێن و پێگەی جوگرافی، خەریکی مومارەسە کردنی ژیانی هیچ و بێ مانایە.

ئەگەر قەلەندەرخانەکەی پیرەمێردی شاعیر ژووری چاپخانەکەی بـووبێ، ئەوا قەلەنـدەرخانەکەی ئەنـوەری ڕەشـی عەوڵا خـودی وشـەیەو وەک ئەوەی لە سـوڕی مـت بوونـدا بێـت خـۆی لەنێـو وشەدا حەشاردەدات.

شـاعیر ئاگایـانە بێـت یـان بێئاگایـانە لەم کۆمەڵە شـیعرەدا چۆتە دەرەوەی کـۆمەڵگە و ژیانیشـی تەنهـا لەدوانـدنی نـاخ و هەسـتدا چڕ کردۆتەوە.لای شاعیر پێوانە فۆرماڵییەکانی ژیان دەگۆڕدرێن بە کـــۆمەڵێ ڕێســـا کە زات لە چوارچێـــوەی لەحزەیەکـــدا دەبەسـتێتەوە و زینـدانی دەکـات.ئەمەش ئەو ئـازادییە ڕەهـایەیە وەک من ئاگادار بم شاعیر ساڵانێکە بەدوایدا وێڵە.

کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤

ڤانکۆڤەر/کەنەدا

## سەرچاوەکان:

١- ئەنوەری ڕەشی عەولا، وابزانم بووم بە...وشە، ٢٠٠٤، لاپەڕە ٢٨ و ٢٩.

٢- د.محسن اطيمش، دير الملاک، بغداد، ١٩٨٢ ، صفحة ١٧٤

٣-- The Wonder Of Word James Foley

Vancouver -١٩٩٠ PAGE 11

٤-ئەدۆنیس شیعرییەتی خوێندنەوە وەرگێڕانی عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا ٢٠٠٢ لاپەڕە ٤٧.

٥-وابزانم بووم بە...وشە ئەنوەری ڕەشی عەولا ٢٠٠٤ لاپەڕە ٣٢.

٦-ئەدۆنیس شیعرییەتی خوێندنەوە وەرگێڕانی عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا ٢٠٠٢ لاپەڕە ٩٣.

٧- Word Power Peter Funk published by Berkley books

New York 1980 page 1

٨-ئەدۆنیس شیعرییەتی خوێندنەوە وەرگێڕانی عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا ٢٠٠٢

٩- ئەنوەری ڕەشی عەولا، وابزانم بووم بە...وشە، ٢٠٠٤ ، لاپەڕە ٢٤ و ٢٥.

١٠- س.م.بورا، التجربة الخلاقة ،ترجمة سلافه حجاوی بغداد صفحة ٦.

تێبینی: ئەم نووسینە لە گۆڤاری ( شین) ی ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٥ دا بڵاوبووەتەوە.

# ڕەگەزەکانی ئیستاتیکای شیعری و سەرنجێک لە شیعرەکانی گۆڤاری "هانا"ی ژمارە سێ

شۆڕبوونەوە بەناخی حەقیقەت، بە دونیای وشە، شۆڕبوونەوە بە ئیحساساتی ناسکی شاعیر، وردبوونەوە لەو کڵافە هاوارەی خەمی لێ دەتکێ، لەو زامەی کە ناسۆری باوەشی پیاکردووە، لەو ژانەی چنگی لە ئاسمانی دڵ گیرکردووە، لەو زەردەخەنەیەی کە ئاونگی ئاسۆیەکی گەشی بۆ ژیان لێ دەتکێ...تاد.لێرە هەستە مرۆییەکان بە ئەندازەی ڕاستگۆیی شاعیر بەرجەستە دەبنەوە و هەر لێرەشەوە ڕێز لەو هەستە دەگیرێ.

من ئیستاتیکا لە ڕاسگۆیی ئەبینمەوە ئەگەر جوانی تەنها ڕەنگەکان بێت ئەوا بەشێکی حەقیقەت لە دەست دەدەین.دەبێ بە شۆین ئەو ڕەگەزە نادیارانەوە بین کە تائێستا بێجگە لە هونەری شیعر، هیچ شتێک پەی پێ نەبردووە.لێڵ بوونی بەر تەمتومانی ڕێ، نیمچە سێبەری شادارێکی ژێر هەتاوی خنکاو لە ناو پەڵە هەورا، سیحراوی نمەبارانی پاییزان، مۆسیقای شەپۆڵە سەر شێتەکانی کەنار دەریا، سەمای لەرینەوەی ئاشقانەی گەڵا، ئەمانە پێکهێنەری دیوی دووەی ئیستاتیکان کە شاعیر وەک ڕاستگۆییەک دەبێ دەست و پەنجەی هونەرمەندانەی لەگەڵ

نەرم بکات.قەلاّی خەیاڵی شاعیر هەروا بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە.

چرکە هەستەکان خێران جار نا جاریش لە سەرەخۆ لە ژێر باڵی وشەکانەوە دەکەونە بەر تەوەری هەستی مرۆڤ.ناسینەوەی لەحزە حاڵ گرتووکانی شاعیر خاڵی بنچینەییە لە تێگەیشتن لە هەست، لە ئیستاتیکا، لە هونەر؛ زەمەنیش بێ ئاوردانەوە هەنگاوەکانی هەست دەپێچتەوە.

چ قۆدرەتێک دەتوانێ نهێنییەکانی ناو دەروونی وشە دەربخات و ڕوحی بە بەردا بکات؟ تابلۆی شیعری کارێکی سەختە هونەرمەند، شاعیری چاوتیژ دەتوانێ هێڵکارییەکانی دەروون و ئەندێشە بە وشە بنەخشێنێ.

لێکۆڵینەوە لە بنەماو پێکهێنەرە ئەسڵییەکانی شیعر، ڕاپسکانێکی سەرەتاییە بۆ شۆربوونەوە بە دونیای جوانی و جیهانی پشت جوانیدا.ئەم باسە هەنگاوێکی بچکۆلانەیەو خۆزگە قەڵەمە بە برشتەکان دەکەوتنەگەڕ.ئەم هەنگاوەش تەنها لە ژێر سێبەری شیعرەکانی گۆڤاری "هانا" ی ژمارە سێ دا هەڵهێنراوە.

## ڕەنگ

بەرجەستە بوونی ڕەنگ لە شیعر و دەرکەوتنی فیزیاویانەی شیعر لە میانەی خۆبەدەستەوەدانی مەبەستەکانی شاعیر بۆشاییەک پێک دێنێت کە تەنها لە وردبوونەوەی هارمۆنیانەی لە حزە هەست پێکراوەکانەوە دەبینرێت.کاتێک وێنە شیعرییەکان چ سادە یان ئاڵۆز لێک هەڵدەپێکرێن، دەزوولەی لێک گرێدانیان

دەبێ وەهمی و ڕوحی بێت ئەو کاتەی بۆشایی دەکەوێتە نێو وشەکانەوە تەتەڵە دەکەوێتە هەستی شاعیر و شیعرەکەش تووشی وردبوون دەبێت

**سۆمای چاوم لێت ناگرم**

**شەڕ خوازەکان...**

**گیانی ڕاپەڕینیان.......تاساند**

**نانی برسی یەکانیان......فراند**

**کوردیان لە کوردستان تۆراند**

**هەزارانی وەکو تۆیان....**

**بەرەو هەندەران هەڵفراند....**

**برووسکەیەک بۆ هەدەران (١)**

لەم کاتەدا هەستیکی مونسەجیمی تێک چرژاو نابینرێت کۆمەڵە بۆشاییەک حوکمی بە دەستە کە شیعر دەکاتە قوربانی نەک داهێنان.خەیاڵ لێرە مەلێکی پەڕ و باڵ کراوە و لە قەفەسی چەند وێنەیەکی چوونیەکدا بەندە.لە کاتێک دا بە پێچەوانەوە دەبێ سنووری خەیاڵ شتێکی نادیار بێت.لە دیاری کردن و بەرجەستە کردنەوەی ڕەنگ لە شیعر چەند هۆکارێکی هونەری تر هەن کە نەخشی بەرچاویان هەیە وەک داڕشتن و سیاغەکردنی وێنەکان.شیعری دێربەدێر لاوازە و ناتوانی خوێنەر کێش بکات

بۆ ئەودیو نهێنییە شاراوەکان.هەر بۆیە ڕەنگەکان ون دەبن و خوێنەریش بە یەکجار خوێندنەوەی شیعرەکە تاسەی خۆزگەکانی دەشکێت.

**ڕەشەبای نەفرەت هەڵی کرد**

**بەو درۆیەی لە بڵند گوی هەڵەوەڕا**

**لەگەڵ گەنم و**

**ئاوەدانی و**

**گەردن و**

**ئازادی کرا ( ٢)**

لێرە خودی بۆشاییەکە کەوتۆیە بەر فڵچەی بێ ڕەحمانەی شاعیر و ڕەنگ بوەتە شتێکی نەناسراو...شاعیر نەیتوانیوە دەوری دیپلۆماتیکی شارەزا بگیری لە نەخشاندنی تابلۆکە و بۆشاییەکەش هەر بە ڕەنگی خۆڵەمێشی دەمێنێتەوە و شیعرەکەش

جوانی لە دەس دەدات

**ئاو و گڵی ئەم سروشتە**

**بۆ پێویستی خەندەی مرۆڤ**

**دەکەین بە هۆنراوەی ژیان**

**پێستی ئەسمەری ئێمە**

**بەرد و خشتی خانووی بەرز و شەقامی شار دەشێلێت و**

**ئارەقەی  خوێن هەڵ دەسوێ لە گیانی دیوار.( ٣)**

سەرنج بدەن لە دوو وینەی جیاواز بە پەیوەندییەکی ڕوحی نهێنییەکە چۆن بەرجەستە دەبێتەوە.شێلانی بەرد و خشتی خانووی بەرز، کردنی ئاو و گڵی سروشت بە هۆنراوەی ژیان لە پێناو خەندە و ئاسوودەیی مرۆڤ، سوانی ئارەقەی خوێن بە گیانی دیوارا...ئەمانە جوانی دەبەخشنە چاو و دڵ و بیری خوێنەر.هارمۆنیای مۆسیقی شیعری و لەحزەی هەست پێکراوی شاعیر تێکهەڵپێکراون و تابلۆیەک بە دیار دەکەوێ کە خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێ پەنجە بخاتە سەر تەوەری هێڵکاریەکان و هیچ بازنەیەکی داخراوی بە دەوردا نەکێشراوە.

ڕەگەزی ڕەنگ لە ئیستاتیکای شیعری لەو لێکهەڵپێکرانەی هارمۆنیا و لەحزە هەست پێکراوەکانەوە لە دایک دەبێت و تیشکی جوانی دەبەخشێتە دڵ و دەروون جیا لەم حاڵەتە شیعر ورد و خاشە و خەسڵەتی جوانی لە دەست دەدات.

## دەنگ

ڕەگەزی دەنگ لە مەدای فەزای شیعریدا حەساسە.زۆر جار شیعر بە هۆی لاوازی ئەم ڕەگەزەوە زیندووبوونی خۆی لە دەست دەدات.مۆسیقا و لەرینەوەی سەدای وشەکان لە دێرە

شیعرییەکاندا جۆرە دەنگێک پێک دەهێنن کە دەبێتە مایەی ئینسجامی دەروون بیر لەگەڵ مەبەست و ناوەرۆکی شیعر.لێرەدا دیسانەوە پرۆسەی لێهەڵپێکرانە کە دەست پێدەکاتەوە و شاعیری هونەرمەند دەبێ ئاوازە یەک لە دوای یەکەکان بە وشەی گونجاو" تعابیر "ە شیعرییەکان بێنێتە بوون.

ئەگەر ڕەنگ ون بێ لە شیعر، ئەگەر لێکهەڵپێکرانەکەی دڵ و دەروون و مەبەست بە ئەنجام نەگەیشتبێ، ڕەگەزی دەنگیش ناشازو دوور لە ویستە.

**کش مات مامە**

**کش مات کاکە**

**درەنگ وەختە و خەریکە تاریکی دابێ**

**ئێوە توێکتان چاندوە**

**لە باتی گوڵ**

**دڕک دەگرێ**

**خوێنی ئەو خەڵکەش ئاو نییە ڕابوەستێ**

**دوور کەونەوە.( ٤)**

لەم کۆپلەیەدا پێنج هەناسەی شیعر هەیە، پێنج ئاواز هەیە کە ژێکانیان جیاوازن.ڕەگەزی دەنگ پەراگەندەیە و لێکهەڵپێکرانەکە غائیبە و هەر بۆیەش ئاوازی جیاجیا و متقاطع خۆی دەئاخنێتە بیر و دڵ (مەبەست لە ئاوازی کورت و درێژ نییە) لەم حاڵەتەدا لە بری ئینسجام جۆرە دوورکەوتنەوەیەک دروست دەبێت لە نێوان شیعر و خوێنەر.

**ئەڵێن هەرگیز**

**کەسیان وەک من**

**شاد نەدیوە**

**ئەڵێن بزە دایم**

**بە سەر لێومەوە دیارە و**

**سێبەری خەمم لێ دوورە. (٥)**

دەنگ و ڕەگ پێخورەی مەبەستە لای شاعیر مەبەستەکەی بۆ خوێنەر بە ئەسڵ و دەرەجە یەک زانیوە.لەرینەوەی وشە و بەرزکردنەوەی سەدای مۆسیقی دێری شیعر کەوتونەتە ئەو دیوی کێوی ناوەرۆکەوە.

**هەورازی کوڕ پشتی شاخێکی بە عومرە**

**بۆ پێشمەرگە دانەویوە**

**ئێوارەیە ڕێچکە و ڕیزی یەک لەدوای یەک**

**بەرە وبناری ئەو دیوە**

**دەنگ هەر پڕمەی وولاخێکەو**

**ووردە بەرد و زیخی ژێر پێ**

**بێ دەنگ بێ دەنگ**

**بەسەر پەیژەی دانەبەردا**

**ئەم کاروانە کڕوماتە سەرئەکەوێ**

**بە سەر پشتی وڵاخەکەی پێشەنگەوە**

**تەرمی شەهید**

**دوو دەستی شۆڕ بەرەو زەوی. (٦)**

چاو بدەنێ شاعیر چۆن هونەرمەندانە چرپەکان وێنە دەکێشێ پرمەی وڵاخ، دەنگی وردە بەرد و زیخی ژێر پێی پێشمەرگە، بێ دەنگییەکی گشتی لەڕێڕەوێکی بە کۆمەڵ، دەزوولە وەهمییەکان (ڕۆحییەکان) لەنێوان وشەکانەوە بە ئاشکرا سەرنجت ڕادەکێشن.چرپە و مۆسیقا یەک لە دوای یەکە چوون یەکەکان ئاوازێکی هونەرمەندانە، دڵ ودەروون بیر و هەست دەناخنێتە دوو توێی مەبەستەکەیەوە.پرۆسەکە دەگاتە دواقۆناغی خۆی.

## زەمەن

ڕەگەزی زەمەن دووری "بوعدی" شیعر دیاری دەکات لە پەیوەند بەو بۆشاییەی کە تابلۆکەی تیا بەرجەستە دەبێت و دەنگ و ڕەنگی تیادایە.زەمەن بەشێک لە نهێنییەکان کەشف دەکات، چونکە لەحزە هەست پێکراوەکەی شاعیر بەرجەستە دەکاتەوەو ڕووی جوانی شیعر دەردەخات.

زەمەن ئازادە و پەیوەندییەکی قوڵی هەیە بە خەیاڵەوە.لێرەوە (ڕەهەندەکان) ئەبعادەکان نادیارن و ناوەڕۆکەکەش لەو فەزایەدا دەتوانێت جۆرێک لە کاملبوون و پێگەیشتن بە خۆیەوە ببینێ.چەندە ڕەگەزی زەمەن بەرتەسک بێت، خەیاڵیش

بچکۆلانەیـــــە و مەبەســــتی شـــــیعریش کـــاڵ و کـــــرچ دەردەچێت.لێکۆڵینـەوە لـە ڕەگـەزی زەمـەن بـە مانـای ڕابـردوو و ئێسـتا و داهـاتووی ڕووداوەکـان نییـە بـەڵکو سـاتە لـەحزەی چاوکردنەوەی شیعرە.

**لێرە لەم شاری مشکەدا**

**هەناسەکان..**

**بۆنی تاعونیان گرتووە**

**لێرە سەما مەرگ دەڵێ**

**ئاگردانەکانیش قوڕاو**

**کەڵەگەتە**

**حەسرەت باری کەڵەگەتە (٧ )**

چرکـەکان یـەک بـەدوای یەکـدا دێن.هەناسـە بـۆنی تـاعوونی گرتووە.سەرما مـەرگ دەڵـێ، ئاگردانەکـانیش قوڕاو.سـێ چرکـەی جیـاواز کـە لـە ڕاسـتیدا یـەک چرکـە و یـەک زەمـەن نیشـان دەدات.واتا لە لەحزەیەکدا کۆمـەڵێک شـت ڕوویداوە.بـەڵام زەمـەن هـــەر ئـــەو زەمەنـــە داخراوەیـــە و بازنـــە زەمەنییەکـــە تێـــک نەشـکاوە.ئەمە بۆ چیـرۆک گونجـاوە، بـەڵام بـۆ شـیعر نیشـانەی دەستکورتی و لاوازییە.

**شەماڵ دێت و**

**پەیامی مەرگەساتێکی تازە دێنێ**

**ئەڵێ هێشتا**

**هەنگی عاشق**

**جێ خەڵوەتی بەرنەداوە.**

**زەردەواڵە**

**شیلەی گوڵان ژەهر دەکات**

**وە گوڵزاریش**

**بەم نەغمەیە ئاساییە**

**ئەگەر ببیت بە کەلاوە.(٨ )**

لەحزە زەمەنییەکە نامەکەی شەماڵە.ئەو دوورییە زەمەنییەی کە لەنێوان هەواڵەکان و لەحزەی گەیشتنی نامەکە دایە، بازنەییە.کەشەماڵ دێت، ڕووداوەکان کەشف دەبێت.نامەکە هۆیەکە بۆ کەشفکردنی حەقیقەتەکان، نەک دەرخستنی جوانی ئەو حەقیقەتە لە مەودای زەمەندا.

**من ئەو کەسەم**

**هەموو ڕۆژێ**

**ژیانی ئەمڕۆم دەفرۆشم**

**بۆ کڕینی نانی سبەی**

**ئەمڕۆش دیسان هاتوومە دەر**

**هەی ژین،هەی ژین**

**ژیانی ئەمڕۆم بفرۆشم... (٩)**

لێرە بازنەکە تێک دەشکێت و کاک ڕێبواری شاعیر باز دەداتە ئەو دیو بۆشایی زەمەنەوە.شکانی بازنەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەرخستنی سیما جیاوازەکان لە لەحزە جیاوازەکاندا.جوانی لێرەدا پرشنگ دەخاتەوە.بەرجەستەکردنەوەی چەند زەمەنێکی ناسراو لە شیعردا نیشانەی هێزی شیعرییە.گواستنەوەو جێگۆرکێی لەحزە شیعرییەکان، یانی نادیار بوونی سنووری زەمەن.لێرەشەوە خەیاڵ بێسنوورە.ئەمەش یارمەتیدەری شاعیرە لە جێخستنی مەبەست و ناوەڕۆک.بە واتایەکی تر، پرۆسەی لێکهەڵپێکرانەکە هەست پێدەکرێت.

دەرکەوتنی ئەم ڕەگەزانە لە شیعردا، دەلیلی وجودی هونەرە.لاوازی یان نەبوونی هەریەک لەم ڕەگەزانە جوانی لە جوانی خۆی بێبەش دەکات و تابلۆ شیعرییەکەش بە کاڵوکرچی دەسپێرێ.

لەکۆتاییدا سڵاو بۆ هەموو ئەو قەڵەمانەی کەوتونەتە بەر ڕەخنەی ئەم باسەوە.

کانوونی یەکەمی ١٩٩٦

کەنەدا

## سەرچاوەکان:

١-گۆڤاری هانا، ژمارە سێ، مانگی حوزەیرانی ١٩٩٦، سوید، لاپەڕە ٣٤.

٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٦

٣-جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەجبەر، چاپی یەکەم هەولێر ١٩٩٦ لاپەڕە ٢٥٠

٤- گۆڤاری هانا ژمارە سێ مانگی حوزەیرانی ١٩٩٦ سوید لاپەڕە ٣٧

٥-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە .٣٥

٦-دیوانی شێرکۆ بێکەس بەرگی یەکەم سوید ١٩٩٠ لاپەڕە ٢٩١

٧-گۆڤاری هانا ژمارە سێ مانگی حوزەیرانی ١٩٩٦ سوید لاپەڕە ٣٨

٨-گۆڤاری هانا ژمارە سێ مانگی حوزەیرانی ١٩٩٦ سوید لاپەڕە ٣٩

٩-کۆمەڵە شیعری دەنگ هەڵبڕە موسلیح شێخولئیسلامی "ڕێبوار" ئینتشاراتی کانوونی یارمەتی بۆ کوردستان کۆڵن ١٩٨٩ لاپەڕە ٢٠.

تێبینی: ئەم نووسینە لە گۆڤاری ( هانا ) ژمارە ٥ ساڵی ١٩٩٧ دا بڵاوبووەتەوە.

# کالکیولەیتەری زەمەن لە ( زەردەخەنەی سەراب) دا

مێژووی نووسینی ئەم قەسیدەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٠، کە شاعیر چەند مانگێک بوو قەفەسی تورکیای جێ هێشتبوو و باڵەکانی ئازادانە کردبۆوە بەرەو ڕووی جیهانی تازەو ژیانی نوێ لە کەنەدا.ماندوو بوونی سەفەری پڕ لە زەحمەتی شاعیر لە کوردستانەوە بۆ کەنەدا و بینینی سیمای شەکەتیی شاعیر بە شیعرەکەوە دیارە کە درێژترین قەسیدەی دیوانی (ڕۆحی جەنگەڵی و پەرستگای هیچ ) ی کاک (فاروق ڕەفیق)ە کە چاپی دووەمی لە لایەن نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆلینەوەی کوردی لە ساڵی ١٩٩٧ بڵاو کرایەوە.(زەردەخەنەی سەراب) تێکهەلکێشێکی ئاگاهانەی ڕابردووە بە ئێستا و ئێستا بە داهاتوو کە شاعیر لەم ڕێگەیەوە سەفەرە ئەبەدییەکەی گومانی بە سەرابستانی حەقیقەتدا کردووە و لەوێشەوە پرسیارە لۆژیکییەکانی خستۆتە ڕوو.کە ئەمەش یەکێکە لە سەرەداوەکانی کێش کردنی خوێنەر بۆ گەڕان و پشکنینی نهێنییەکانی ئەودیو دەق یان شیعر.!

**ئەمێستا**

**لە پێش بوونەوە بۆ بوون و نەبوون**

**هەنگاو دەنێم**

**من کەشتی یەکی سەرەڕۆی ئاگر تێبەر بووم**

**هیچ ئاوێک**

**بلێسەی ئاگری من دانامرکێنێتەوە.**

**لەوەتەی هەم بە گەلیەکان شۆڕ دەبمەوە**

**دەڕۆم،دەڕۆم**

**تا دەگەمە چارەنووس**

**تا دەگەمە دوا خاڵی بوون**

**تا دەگەمە کۆتایی**

(ڕوحی جەنگەڵ و پەرستگای هیچ    لاپەڕە ٢٠٤)

ئەم سەفەرە ئەزەلییەی شاعیر ڕێکەوت نییە، بەڵکە بەرئەنجامی دەستەمۆ کردن و کۆنترۆڵ کردنی ئاگاهانەی بوونە لە میانەی هەنگاو نان بەرەو داهاتوو، تا گەیشتن بە کۆتایی کە لەوێدا عەدەم دەست پێ دەکات و زەمەن دەبێتە هیچ.!

پەیوەندییە زەمەنییە جیاوازەکانی نێو زەردەخەنەی سەراب ،پەیوەندییەکی میکانیکی بێ گیان نین تا شاعیر لەو ڕێیەوە پەیامەکەی جاڕ بدات و بازنەیەکی دڵنەوایی بە دەوری خۆیدا بکێشێ و کەلێنە زەمەنییەکان بەرجەستە بکاتەوە، بەڵکو شۆڕ بوونەوە(تعمق)ێکی سۆفیانەیە بۆ درک و دەرخستنی مانای ڕاستی ئەو پەیوەندییانەو دەست بردن بۆ کێشانی تابلۆی

زەمەن کە دەتــوانم بڵــێم زەردەخەنەی ســەراب پێشــانگایەکی دەوڵەمەندی ئەو تابلۆ زەمەنیانەیە.

**منی برین**

**هەناسەی گەرمم بۆ مرۆڤی سڕبوو هەلکێشا**

**ئەوانەی دەمرن وبەختیاری ڕەنگاوڕەنگ**

**بە چاوی خۆیان نابینن**

**کەی زەمەن دەوەستێ و**

**بوار دەدا ئەم برینە سەر شێتە سەر کەشە**

**ئارام گرێ**

**بێدەنگی و ئارامی لە چ شەوێکی سامناک دا**

**بۆ گەردوون دەگەڕێنەوە**

(ڕوحی جەنگەڵ و پەرستگای هیچ لاپەڕە ١٨٣)

ئەم وەســتانی زەمەنە کــاتێ بــۆ شــاعیر مانــا پەیــدا دەکــات، کە شــیعرەکە تــوانیبێتی دەســتی بە گشــت مەحاڵەکــان ڕاگەیشــتبێ و لێرەوە عەدەم لە جیهــانبینی و گەشــتە ئەندێشــاوییەکەی شــاعیر جێگە و ڕێگە پەیدا دەکا و وەکو بەشی دووەمی ژیان و درێژەی پرۆسەی ژیان بە مەرگ پێناسەی دەکا.

بۆیە لە چوارچێوەی قەسیدەکە شاعیر نابینی کۆیلەی زەمەن بێ، بەڵکە سەر کێشێک دەبینی کە خەریکە زەمەن کۆنترۆڵ دەکات و سواری پشتی ڕووداوەکان دەبێت و وەک گەمییەک لە ئۆقیانووسی خەیاڵدا دێت و دەچێ.

جیوپۆتیکی زەردەخەنەی سەراب هەر لە سەرەتای قەسیدەکەوە بەو وتەیەی ڕامبۆ دەست پێ دەکات کە دەڵێ (گومان سزای ئێمەیە)، زۆخۆڕسکانە(سروشتیانە)گەشتێکی سیحراوی بەسەر جوگرافیای سیاسی سەرابستانی حەقیقەتی گەردوون و مرۆڤدا دەست پێ دەکات بێ ئەوەی هیچ زۆر لە خۆکردنێکی تێدا بێت.

خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە فاروق جلەوی بۆ خەیاڵ و قەڵەمەکەی شل کردووە و ئازادانە و زۆر ئازادانە دەکەوێتە ڕۆ چوون بە ناخی ئەو مانایانەی کە دەردە مانایان گرتووە، ئەو وێنانەی کە شێوێنراون، ئەو ئاوێنانەی کە وەک ( X–ray) ناوەوەی مۆخی ئێسکی ڕاستییەکان پیشان دەدات، ڕۆ چوون بەرەو کەناری ئەو نهێنییانەی کە شاعیر بەتەمایە بەیداخی ڕەها بوونی هەمیشەیی و ئەبەدی تیا هەڵدا.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر لە گواستنەوەی شیعرەکانی بۆ پێکهاتە بابەتە جیاوازەکان نەیتوانیوە لە نیشان بدات.واتە گواستنەوە لە بابەتێکەوە بەرەو بابەتێکی تر کە هەردووکیان پێکهاتی شیعرەکەن نەیتوانیوە بەڵانسێک(توازن)ێک دروست بکات، هەر بۆیە خوێنەر تووشی جۆرێک لە ساتمە کردن وساردبوونەوە دەبێت و جۆرە دوورییەک پێک دێت لە نێوانی دەق و خوێنەر...

**ئاوازەکانی ئەفریقام**

**لەبەر خۆم دەگوتەوە**

**بە تریفەی خەواڵووی سەر گەلازیویەکان**

**دەستنوێژم گرت**

**سەرم کردە سەر باسکی ڕەشی ئەفریقا و**

**خەوم لێ کەوت**

**منی کەشتی**

**منی برین**

**منی نامۆ**

**دوکەڵ و ژەهر و ڕۆبۆتی**

**کارگەکانی ئەوروپا لە خەویان کردم**

( ڕوحی جەنگەڵ و پەرستگای هیچ لاپەڕە ٢٠١)

بازدان لە ئاستە جیاوازەکانی زەمەن وجەختی شاعیر لەسەر ئەم بازدانانە، سەرو سامان بەخشینە بەو تێکهەڵکێشەی کە سەفەرە گوماناوییەکەی لەسەر بنیاد نراوە.گواستنەوە لە ئاستە جیاوازەکانی زەمەن، ئیتر زەمەنەکە دیار بێت یان نادیار، هەست پێکراو بێت یان هەست پێ نەکراو، لە ڕێکەی وێنە شیعرییەکانەوە جۆرێک لە ئاڵوگۆڕ یان ناوەڕۆک پێک دێت.ئەمەش لە قەسیدەی زەردەخەنەی سەراب وەک بروسکەی

کارەبا وایە و خوێنەر تووشی جۆرێک لە دابڕان (موقاتەعە) دەکات لەگەڵ پێشینەی ڕووداوەکان.

بە واتایەکی تر، بازدان لە ئاستە جیاوازەکان هێمای قودرەتی بەیەکەوە لکانی زنجیرەی ڕووداوەکان نییە و بەڵکە ئەو دابڕانە وەک لاوازییەک وایە کە بینا قاقای قەسیدەکەی گرتووە.

ئەبستراکتی زەمەن، وەک تەوەرەیەکی زاڵ لە ڕووبەری زەردەخەنەی سەراب، پراکتیزە کردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی بوون و زەمەنە وەک ڕوکنێکی سەرەکی لە ناسینی جەوهەری مێژوو و بوون.ئەگەر بە تێگەیشتنێکی فۆرمالیستانە ئاوڕ لە مێژوو بدرێتەوە، ئەوە تەنها کارەسات بە دی دەکەین.بەڵام لەگەڵ ڕۆچوونە نێو کارەساتەکان و پشکنینی لایەنە شاراوەکان و ورد بوونەوە لە مەغزای نهێنییەکان، ئەوا پرۆسەی کەشف کردن دەست پێدەکات کە ئەمەش خەسلەتی نوێ بوون یا تازەگەرییە و لە ئەدەی کوردی تەقلیدی لایەنێکی فەرامۆش کراوە و تەنانەت بێ کەڵکە.شاعیر زیرەکانە ئەم چەمکەی (مێژوو-بوون-زەمەن)ئەناتۆمیزە کردووە.

**باڵندەکان فێریان کردم**

**پشت بکەنە جوانی زەوی**

**بە دووی زەمەنی یاخی بوون دا وێڵ بن**

**خودا مرد**

**ئەوەی هەیە مرۆڤە و جامێک ژەهر**

**گشت ڕۆحە ماندووە سپییەکان**

**لە ژێر سێبەری من دا حەوانەوە.**

(ڕوحی جەنگەڵ و پەرستگای هیچ   لاپەڕە ١٦٨-١٦٩ )

بەرپا کردنی شۆڕشی یاخیبوون لە بوون و کەینونەی مرۆڤ، سەرەتای سەرهەڵدانی ستراتیژیەتی وەڵامدانەوەیە بەو پرسیارانەی کە بێ وەڵامن و ڕەها کردنی فکرە لە نەرجسیەتی تەقلید بازی.لە لایەکی تریشەوە ئامادە بوونە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو دڵەڕاوکییەی کە بونیادی بوون و مێژوو و زەمەن دەشێوێنێ و پەیتا پەیتا و سیستیماتیکانە دەسەڵاتی بوون دەکاتە خاڵی دەست پێکردن لە ناسینەوەی ستراتیژیەتی بوون و ئازادی ڕەهای زەمەن.دوالیزمی (بوون – زەمەن)خۆی دەرک کردنی هۆشیارانەیە بۆ سۆراخی پرسیارە سەرهەڵگرتوەکان و لەسەر بنچینەی ئەو حەقیقەتەوە سەر دەردەکا کە کۆتایی هاتن نییە و نەمری دەبێتە پەساپۆڕتی پەڕینەوە لە هەردوو جۆرەکەی ژیان.

خاڵێکی تر کە جێگای سەرنجە زمانی قەسیدەکەیە، کە زمانێکی بێ گرێ و گۆڵە و قووڵ و مانادارە،سادەیە، نهێنی ئامێزە، زمانێکی ڕۆشنی ئەفسوناوییە.زمانێکی شیعری بە سەلیقەی چێژ بەخشە،کەچی هەندێ جار شاعیر زمانە سفتەکەی لە دەست دەدات و شاش دەبێت و لە بری بایەخدان بە هارمۆنیای ناوەوەی شیعر، وەک وەڵام دانەوەیەک بە مۆسیقای شیعری

ناچار دەبێت جۆرە قافیەیەک بەکار بەرێ کە زمان دووچاری گرفت دەکات.

**ئەی تاریکی**

**ئەی پەروەردگار**

**من لە ڕووناکی بێزارم،بێزار**

(ڕوحی جەنگەڵ و پەرستگای هیچ    لاپەڕە ١٧٩)

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زەردەخەنەی سەراب چەند شیعرێکە و لە قەسیدەیەکدا تێکهەڵکێش کراون و بە جۆرێک نمایش کردنی قودرەتێکی شیعرییە کە وزەی خۆرسکانای خۆی لە ئەفراندن و تازە بەخشیدا بە دەست دەهێنێ و هەوێنی بنیادنانی دەنگدانەوەیەکی تازەیە کە لە بزووتنەوەی شیعری کوردیدا وێنەی لەم جۆرە لەپەنجەکانی دەست تێپەڕناکەن.کەڵەکە بوونی ئەزموونی لە چەشنی ئەم قەسیدەیە (تغذیە)کردنی نەوەیەکی تازەیە بە چۆنیەتی داهێنان و بەرەو پێش بردنی شیعریی کوردی و ئاڵوگۆڕ پێبەخشینی.ئەم قەسیدەیە دەهێنێ زۆر زیاتری لەسەر بنووسرێ و ئەم چەند دێڕە ناتوانێ هەقی خۆی بداتێ و توانا شیعرییەکانی (فاروق ڕەفیق)لە ئاستێک دایە کە ئێمەی لە چاوەڕوانی گەلێ بەرهەمی بە پێز و مانادارتری خۆی ڕاگرتووە.

***١١ی ئایاری ١٩٩٩***

***ڤانکۆڤەر/کەنەدا***

سەرچاوە: ڕۆحی جەنگەڵ و پەرستگای هیچ  فاروق ڕەفیق  چاپی دووەم  ١٩٩٧ لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

تێبینی:ئەم نووسینە لە گۆڤاری(شیعرستان) ژمارە ٥ ساڵی ٢٠٠٠ لاپەڕە بڵاوبۆتەوە.

## (گوله) و ڕۆڵی لەململانێی خۆشەویستی لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا

ڕەنگە لە پانتایی مێژووی فۆلکلۆری کوردیی هیچ کاراکتەرێک هێندەی (گوله) دووچاری سووکایەتی و بێڕێزی کۆمەڵایەتی و کەسێتی نەبووبێتەوە.(گوله) هۆکارێک بووە لە نێوان عاشق و مەعشوقدا ڕۆڵی کەسێکی پەرپووت و بێدەسەلات، بەڵام هەمیشە براوە دەبینێت.ئەگەر سەرنجێکی خێرای تێکستی ئەو بەستە و حەیران و گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییانە بدەین کە باس لە (گوله) و عاشق و مەعشوق دەکەن، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (گوله) لە زەمەنی ئێستای تێسکستەکەدا براوەی کیژەکەیە و کیژە ئێستا لەباخەڵی (گوله) دایە.واتە شینێک کە تێکستەکان دەیکەن شینی بێبەشی عاشقە لە مەعشوق.ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵ دەگێڕن لە دروستبوونی ئەو هاوکێشەیە ڕەنگە هۆکاری کۆمەڵایەتی بن وەک خزمایەتی کە لە ڕابردوودا وەک پەیوەندییەکی بنەماڵەیی کچ دەبوایە بدرێتە ئامۆزا یا کەسی خۆ وەک برازا یان خاڵۆزا و..تاد نەک بدرێتە کەسێکی دوور لەبنەماڵە.وەیان هۆکاری خێڵایەتی بووە ئەوەش دەبێ ژن و ژنخوازی لە نێوان ئەندامانی ئەو خێڵە بێت و کچ نەدرێتە کەسانی دەرەوەی بازنەی خێڵ واتە بێگانەیە، یانیش هۆکاری

دووژمنداری بووه کە کچیان لەبری خوێن داوە بۆ چارەسەری کێشەکانیان، لەمەشدا کچ ناموڕادی و بەدبەختی ڕووی تێکردووە و ئەوکات زەبری خەنجەر و تفەنگ و ترسی کوشتن کچەی ناچار کردبێت ڕازی بێت بە پیاوێک کە قەت خۆشی نەویستووە و خۆشی ناوێت.ئیتر ئەو کچانەی کە لە چوارچێوەی ئەو هاوکێشەیەدا ژیاون و بەشێکیان لەپەیوەندی خۆشەویستی دابوونە لەگەڵ دڵخوازەکانیان...هەندێکیان بەدڵنیاییەوە بوونەتە خۆراکی ئاگر و بەڕێگەی جیاواز خۆیان لەناو بردووە و خۆکوژیان کردووە و هەندێکیشیان ملیان بە بڕیاری ستەمکارانەی خێڵ و بنەماڵە داوە و درێژەیان بەژیانێک داوە کە هەر ساتێکیان مردنێک بووە.لەم نێوەشدا (گولە) بێئاگا لەو کەین و بەینەی نێوان عاشق و مەعشوق خەریکی چنینەوەی لەزەتەکانی کەسێتی خۆیەتی.

**دەچمە وڵاتی سەندووسێ**

**ڕوومەت قەندی عەروسێ**

**تەلەبی لەخودا دەکەم**

**چارەت لە (گولە)ی نەنووسێ**

کاراکتەرەکانی ئەم هاوکێشەیە هەم ناسراون و هەمیش نەناسراون، واتە دەتوانرێت گشتی (تەعمیم) بکرێنەوە و لەهەر جێگایەک ڕوداوێکی لەم چەشنە ڕووبدا، دەتوانرێت کاراکتەرەکان بناسرێنەوە و لەهەمان کاتیشدا لە جیهانی فۆلکلۆردا ئەم کاراکتەرانە ناناسرێن و نازانرێت کەی و چۆن و لە کوێ کارەساتەکە ڕوویداوە و کێ بوو بە قوربانی ئەو

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە.چونکە فۆلکلۆر دەماودەم بیستراوە و دواتر خراوەتە سەر کاغەز و وەک دەشزانین گۆرانی وەک کۆنترین ئەدەبی فۆلکلۆری بەرهەمی تاکە کەسێک نییە و بەڵکو بەرهەمی هەموو میللەتە[١].بەمشێوەیە گۆرانی فۆلکلۆری گۆرانی خەڵکانێکی کلتوورێک یان هەرێمێکە کەڕەنگدانەوەی تێڕوانینیانە بۆ ژیان"[٢].فۆلکلۆری کوردیش خاوەنەکەی هەموو میللەتی کوردە و کاراکتەرەکانیشی هەر کوردن و ناولێنانەکانیش کوردانەیە، بۆیە ناوی (گوڵە) یان باشتر بڵێم سیفەتی (گوڵە) بەخشراوە بەو مرۆڤە بێتاوانە – قوربانییەی ئەو سیستەمە زاڵمانەیەی کە ناوەڕۆکێکی چەوسێنەرانەی هەبووە.

وەستانەوە دژ بە (گوڵە) خۆی لە چەندین شێوازی جیاجیا دەبینێتەوە هەر لە دوعاکردن لە(گوڵە) تا دەگاتە ئامادەبوون بۆ لەناوبردنی جەستەیی ئەو کاراکتەرە کە لە بنچینەدا هیچ ڕۆڵێکی چارەنووسازی نییە لە خولقاندنی ئەو دۆخە تراژیدیایە،

یا سەیدی سادیق ئامین یا موسای کازم

مێردە(گوڵە)ت بمرێ ئامین بۆ خۆم دەتخوازم

لە گۆشەیەکی ترەوە گەر بڕوانینە ئەم کێشەیە دەبینین کاراکتەری (گوڵە) بەهیچ شێوەیەک بواری پارێزگاریکردنی لە خۆی نییە یان پێی ڕەوا نەبینراوە.مەعشوقیش لە دۆخی بێدەنگی دایە و ئەوەی هەیە و دەیبیستین هەر دەنگی عاشقە کە لە تاو ئازاری دووری مەعشوقەکەی هاواری لێ هەڵساوە و خەریکە لە تاو قرچەی دڵی کارەسات بخولقێنێت.ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی زۆر لەبار بووە بۆ ئەم جۆرە تراژیدیایانە، یان بەزمانێکی تر بڵێین ئەو کارەساتانە

ڕەنگدانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتییە و لەگەڵ گەشەکردنی مانیفاکتۆرە و فراوانتربوونەوەی شار، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و ئەم کێشانەش بەرەو کاڵتربوونەوە چوونە و تەنانەت ئێستاش لەم سەردەمی تەکنەلۆژیا و سەرەتای سەدەی بیست و یەکە هێشتا کۆتایی پێنەهاتووە.

## (گولە) و بێڕێزییەکان بەرامبەر بە (گولە)

بەپێی ئەو وەسفانەی لە تێکستەکاندا هەیە (گولە) کەسێکی کورتەبالا (کورتە بنە -گرگن) ی ڕەش تاڵە و ناشرین و ڕەزا قورسە.بۆیە بەپێی پێوەری جوانی و دیمەنە دەرەکییەکانی هەردوو کاراکتەری مەعشوق و (گولە) ئەم دوانە بەپێی لێکدانەوەکانی عاشق گوناهە و نابێت بۆ یەک بن و ئەگەریش ئێستا مەعشوق لە باخەڵی (گولە)دایە ئەوا خەسارەتێکی گەورەیە و تەنانەت کارەساتێکە

کە خوێن لە دڵی عاشق دەچۆڕێنێت.

**بەڵام سەد حەیف و مەخابن ئازیز**

**ئازیزەکەی من ئەو هەموو جوانییە و نازدارییەی**

**بەدەستی مچەی سەگباب و (گولە) خەسار بووینە**

**دەوەرە...دەوەرە...دەوەرە**

یان

**زێنەبی وەی زێنەبێ**

**زێنەبێکەی زراری**

**ڕەببی باوانت شێوی**

**ئەتوو لە (گولە)ی خەساری**

ئەم شـین و لاڵانەوەیەی عاشـق هـیچ نییە جگە لە نائومێدییەکی کـۆمەڵایەتی گەورە کە چارەسـەرەکانی لە دەرەوەی دەسـەڵاتی ئەمە.جـووڵانی هەسـتی جـوانی لای مەعشـوق بەوەی کە زۆر جـوان و نـازدارە و (گـولە)ش بەو شـێوەیەی ڕەزا قـورس و ناشـیرینە جـۆرە کـارکردنێکی حەسـودی و دڵ کرمێکردنـی مەعشوقە لە (گولە).لێرەوە عاشـق هیـوادارە بتوانێت بەهـۆی ئەم ئـامرازەوە گرفـت لەنێـوان مەعشـوق و (گـولە) دروسـت بکـات و پەیوەنـدییەکانی نێوانیـان بەسـاردی ڕابگرێـت یـان هەر تێکبدات.لێرەشـەوە ئومێـدی ئەوە هەیە کە کەمتـرین پێوەنـدی سێکسی لەنێوان (گولە) و مەعشوق دروست بێت.ئەم حەسودییە (ئیـرەییە) ئەگەرچـی وەک غەریـزە لەگەڵ مرۆڤـدا بـوونی هەیە بەڵام لەم کێشانەدا زەقتر دەبنەوە.

## عاشق و مەسەلەی تۆڵە

عاشـقی چـاو بە گریـان و فرمێسـک و لە مەعشـوق دابـراو جگە لەوەی دەسەڵاتی بەرپەرچدانەوەی یاساکانی جەنگەڵی بنەماڵە و خێڵـی نیـیە ناچـارە و دەیەوێـت پەنـا ببـات بـۆ تـۆڵە کـردنەوەی تاکیانە ئەویش ئەگەر مەعشـوق ڕازی بێت (گـولە) دەرمـانخوارد بکـات و بەو شـێوەیە لە دەسـت (گـولە) ڕزگاریـان بێـت و

کچەکە(مەعشـوق) بێـوەژن بکەوێـت و بچێـتەوە مـاڵە بـاوانی و دوایـی ئەمـیش بچێـتە خـوازبێنی و بـگەن بەیەک وەیـان هەڵـی بگرێـــت (ڕەدووی بکەوێـــت) و ژیـــانێکی پـــڕ لە تـــرس بەڵام بەختەوەر بژین.

**عەمرەکەم چاوەکەم**

**تەگبیرە و بۆ تۆی دەکەم**

**ئەگەر بۆ خۆت ڕازی بی**

**من (گولە)ی دەرمان خوارد دەکەم**

دوای ڕازی نەبـــوونی مەعشـــوق بەم داوایەی عاشـــق، هـــیچ ڕێگەچـارەیەک لەبەردەم عاشـقدا نـامێنیتەوە جـگە لەهەوڵـدان نەبێت بۆ ڕازیکردنـی مەعشـوق و خیـانەتکردن لە (گولە).عاشـق ئامادەیە سەرباری هەر مەترسییەکی کۆمەڵایەتیی لەسـەر خۆی و مەعشـوقەکەی و تەنـانەت بنەماڵەکەشـی، بچێـتە سـەر جێگـای مەعشـوقەکەی و دەسـتلەملانێی یەکتـر بـن و ئەگەریـش (گـولە) بەسـەردا هـاتەوە و ئەو حـاڵەی بینـی مەعشـوق عاشـق لە لانـک بنێت و ڕایبژەنێت و بە(گولە) بڵێت ئەوە هیچ نییە منداڵە و ژێری دەکەمەوە.

**لەبەر ئەو ژنە ڕەشتاڵە**

**قەدی دەڵێی شمشاڵە**

**من سەر کەمە سەر ڕانت**

**پێمداتە بەو دەسماڵە**

**گەر (گولە) پرسی کێیە**

**ڕامژێنە و بڵی منداڵە**

**بمشێلە و بڵێ بێحاڵە**

لێرەدا سیفەتێکی تر بۆ (گولە) زیاد دەبێت ئەویش سیفەتی گەمژەیی و دەبەنگییە...واتە (گولە) هێندە دەبەنگە پیاوێک(عاشق) لای خێزانەکەی(مەعشوق) ببینێت و بەکۆڵێ ڕیش و سمێڵەوە هەستی ئەوەی نەبێت کە ئەوە پیاوێکە هاتۆتە ژوانی هاوسەرەکەی و مەعشوق بڵێ هیچ نییە و ئەو منداڵە ژێر دەکەمەوە نیشانەی دیاریکردنی ئاستی بیرکردنەوە و عەقڵی سادە و ناتەواوی (گولە)مان بۆ دەردەخات.

عاشق هێندە بریندارە تەنانەت بچووکترین تولێرانسی لەبەرامبەر (گولە)دا نییە.عاشق تێناگات کە ئەوە (گولە) نییە مەعشوقەکەی بردووە و داگیر کردووە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەیە کە عاشق و (گولە) و مەعشوقیشی لەسایەیدا گوزەران دەکەن.نەبینینی ئەم هۆکارە بنەڕەتییە عاشق نابینا دەکات و لەبری دەستبردن بۆ هەتوان دێت کارەسات بەکارەسات چارەسەر دەکات.ئەمەش جگە لە قوڵترکردنەوەی برینەکان هیچیتری لە جێ شین نابێت.

لێســـەندنەوەی مـــافی ســـەروەری لە (گـــولە)، بەتـــاڵکردنەوەی ناوەڕۆکی مرۆڤانەی کاراکتەری (گولە)یە لە هەموو چالاکییەکی پۆزەتیڤـــانە کە بتـــوانێ وەک هـــاوڵاتییەکی ئاســـایی چێـــژ لەئازادییەکانی خۆی ببینێت.(گولە) جەللاد نییە بەڵکو قوربانییەکە لەژێر بەرداشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا لە تێکشکاندایە.ئەو فۆلکلـــۆرەی ئەو ئیمتیـــازەی بەعاشـــق داوە و ئەو مـــۆرە نـــا مـرۆییەی بە(گـولە)ەوە نـاوە، فۆلکلـۆرێکە تاسـەر ئێسـقان دژە مرۆیـی و کۆنەپەرست.ئەو بەسـتە و حەیـران و گۆرانیـانەش کە لەسـەر زاری هونەرمەنـدگەلێکی ناسـراو و بەناوبـانگەوە دێـنە بیستن گۆرانیگەلێکن لێوانلێو لە نـاهەقی بەرامبەر ئەو مـرۆڤەی کە کـۆمەڵگە بڕیـاری داوە مـافی هاونیشـتمانبوونی ئاسـایی پـلە یەکـی لـێ بسـەنێتەوە و وەکـو مرۆڤگەلـی زیـادە و پـلە دوو بەرخوردیان لەگەڵ بکات.

ئەگەر جـــارێکیتر بـــڕوانینە ســـێکوچکەی (گـــولە) و عاشـــق و مەعشوق دەبینین نە ئازادی هەڵبژاردن هەیە و نە لێبوردەیی، نە دەخـاڵەتی مـرۆڤ دەبینرێـت و نە کۆشـش و یـاخیبوون لە دژی ئەو پەیوەنـــدییە کـــۆمەڵایەتیی و ژیاریـــانەی سیســـتەمی دەرەبەگایەتی کە بچووکترین نەرمـی نانوێنێت و زۆر بێبەزەیـیە لەبەرامبەر ئەو هێڵە سوورانەی کە مرۆڤەکان دووچاری بوونە.

کەوابـوو (گـولە)،بەپێی ئەو پێناسـە نـا مرۆڤـانەیەی گـۆرانی فۆلکلۆری کوردیی مرۆڤێکی ناشرین و کورتەبالا و ڕەزاقورس و بێمێشـکە ، کـاراکتەرێکی بێدەسـەڵات و لاواز و هـیچ لەبـاردا نەبـووە و لە هاوکێشـەکەی نێـوان عاشـق و مەعشـوقدا جـگە لەقوربـانییەکی کـۆمەڵگە و پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانی خێـڵ

هیچیتــر نیــیه و گــۆرانی فۆلکلــۆری کــوردیش بێبەزەییــانە ئەم کاراکتەرەی خستۆتە جەنگێکی لەپێشدا دۆراوەوە و بێ ئەوەی بچــــــووکترین هیـــــوا بە ســــــەرکەوتن لەژیانیــــــدا بەدی بکەین.حەڵاڵکردنــی خــوێنی (گــولە) جــگە لە ســتەم لە مــرۆڤ مانایەکی تر نابەخشێت.(گولە) وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی مافی ژیــان و خۆشەویســتیکردنی هەیە بەڵام لەســەر حیســابی هــیچ عاشق و مەعشوقێک نا، بەڵکو لەسەر حیسابی مرۆڤبوون، وەک هەر تاکێکی تری کۆمەڵ [٤]

## سەرچاوەکان:

١- د.عزالـدين مصـطفى رسـول، دراسـة فـي ادب الفولكلـور الكـردي، مـن منشورات دار الثقافة والنشر الكردية بغداد- العراق، ١٩٨٧.

٢-http://www.wisegeek.com/what-is-a-folk-song.htm

٣-گۆڤـاری کـاروان ژمـارە ٢٩ ی سـاڵی ١٩٨٥ دوا لاپەڕە کاریکـاتێری هونەرمەند سمکۆ

٤-لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا چەندین بەستە و حەیران و گۆرانی فۆلکلۆری کـوردیم بەشـێوەزاری سـۆرانی وەک نمـوونە هێنـاوەتەوە.گەرچی هەوڵمـدا بەشێوەزارەکانی تری وەک کرمـانجی و زازایی و هەلهوڕی شـتێکم لەسـەر (گـولە) چنـگ بکەوێـت بەڵام بەداخەوە دەسـتکورتیم لە بـواری سـەرچاوەی پێویسـت ئەو هیـوایەی نەهێنـامە دی.ئومێـدم وایە لە داهـاتوودا بتـوانم ئەم لێکۆڵینەوەیە فراوانتر بکەمەوە.

*ناوەڕاستی تەمموزی* ٢٠١٢

*ڤانکۆڤەر - کەنەدا*

تێبینـی: ئەم لێکـۆڵینەوەیە لەگۆڤـاری گزنـگ ژمـارە ٩٩ی سـاڵی ٢٠١٢ بـڵاو بۆتەوە.

## ئاماژەکانی چەمکی شوێن
## لە یادەوەری شیعریی سەلام محەمەدی شاعیردا

شوێن لە دەقی ئەدەبی ئەو پانتاییەیە لە ڕووبەر کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکـــانی ئینســـانی لەســـەر دامەزراوەو تەواوی هەڵسوکەوت و چالاکی ئینسانەکانی تیا دەگوزەرێ.ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە هەرە دیـار و بەرجەسـتەکانی ژیـان.ئەگەر گـۆی زەوی وەک شـوێنێکی سـەرتاپاگیر و ناسـراو و دیـار ببینـین، ئەوا هەر لەنـاو هەنـاوی ئەو شـوێنە ناسـراو و دیـار و گشـتیگیرییە چەشـنەها شـوێنی تـر هەن بە چەنـدین جـۆری جیاجیـا وەکـو شوێنی ڕاستەقینە کەئەو شـوێنەیە واقیعییەیە بەچـاو دەیبینـین و دەتوانین وەسفی وردی دوورییەکـانی بکەین.شـوێنی خەیـاڵ کە لە ئەندێشـــەی نووســـەر و ئەدیـــب و شـــاعیرەوە دروســـت دەکرێت.یـان شـوێنی کـراوە شـوێنێکە تـایبەت نیـیە بە کەسـێک، بەڵکو هەموو کەسێک دەتـوانێ بەکـاری بهێنـێ وەک نەخۆشـخانە و بـاخچەی گشـتی و کتێبخـانەی گشتی.شـوێنی داخـراویش بەو شوێنە دەوترێت کە تـایبەتە بە کەسـێک یـان چەند کەسـێک وەک ماڵ.هەروەها شوێنی ئاشنا شوێنێکە کە لەگەڵ ناوهێنانی هەست دەکەین زانیاریمان لەبارەیەوە هەیە و بە پێچەوانەشـەوە شـوینی نائاشـــنا شـــوێنێکە زانیاریمـــان لەبـــارەیەوە کەمە یـــان هەر

نییه.هەرچی ئەندامە شوێن یان جەستەشوێنە بەو شوێنانە دەوترێ کە لەجەستەی مرۆڤدا جێیان بۆتەوە وەک باوەش و ناو دڵ.(١) ئەگەر ئەم جیاکارییەی شوێن بۆ ژانرەکانی ڕۆمان و چیرۆک بەوردی پێکەوە بەکاربهێنرێن، ئەوا لە شیعردا ڕەنگە بەو شێوەیە بەکار نەیەن یان جیاجیا و کەمتر بەکار بهێنرێن.هەروەها بەوپێیەی چونکە " شوێن کاریگەری لەسەر تێکست و نووسەر هەیە" (٢).من دەکارم لەم چەمکی شوێنە گشتییە، واقیعییە، ناسراوە، ئاشنایە،لە شیعری سەلام محەمەدی شاعیر ورد ببمەوە و دوو قسەی لەسەر بکەم.من لەم هەوڵە بچۆلانەیەم تێدەکۆشم تەنها جۆرێک لەشوێن بخوێنمەوە و دەکرێ کەسێکیتر سەرجەم جۆرەکانی تری شوێن لە شیعری کاک سەلام بخوێنێتەوە، ئەمە جگە لەلایەنە شیعرییەکانی دی.

**ئەو شیعرانەی کە منیش ساڵەهایە کەنایانووسمەوە و**

**هەموو ژوور و سەردابەکانی نوگرەسەلمانی دڵمیان پڕ کردۆتەوە و**

**تەنیا هەر بۆنی کەرکوکیان لێدێت**

**بۆنی نەوتەکەی کەیوان و خانووە کۆنەکانی حەسیرەکە و**

**مزگەوتەکەی ڕەحیماوە و**

**ئاوارەکانی فەیلەق و**

**بۆنی میمی ئامین و میمی فەخریان لێدێت**

**بـۆنی چایخـانەکەی شـۆڕیجە و بـازاڕی میـوەکەی ئازادیـان لێدێت.(٣)**

ڕەگەزی شـوێن لەپانتـایی یـادەوەری شـاعیر بە تـۆخی ڕەنگـی داوەتەوە.شـاعیر لێـرە شـوێنی گشـتیگیر و ناسـراو و گەورەی کەرکـووکی لە ئەنـدامە شـوێن (دڵ)جـێ دەکـاتەوە.ئەو بە هـیچ شێوەیەک لەسەر ئەگەرەکانی جێگۆڕکێی شوێن ناوەستێ و ئەو ئەگەر چـی بەهـۆی پیشـەی بـاوکییەوە کە مامۆسـتا بـووە زوو زوو باریان کردووە و بنە و بارگەیـان پێچاوەتەوە و لەم دێوە بـۆ ئەو دێ و لەم نـاوچەیەوە بـۆ ئەو نـاوچە گواسـتوویانەتەوە، بەڵام ئەم پـارچە لەتوپەتـانەی دونیـای منـداڵی شـاعیر کە دواتـر خـۆی لە پێکهـاتەیەکی گەورەتـردا دەنـوێنێ  و شـوێنێک ئەکـاتە سێنترالی لێوە هەستانی شیعر و ژیان.لێرەوە شاعیر بێ دوودڵی مەنزڵی شوێن لە یادەوەری خۆیدا دەستنیشان دەکا، یان وردتر بڵێین شوێن خۆی لە یادەوەری ئەم شاعیرە دەچەسپێنێ.سەلام مـحەمەد "کەرکـووک" دەکـاتە چەقـی قورسـایی سـەفەرەکانی خەیاڵی و سەرجەم هاوکێشـە نۆسـتالیژییەکانی خـۆی و ئەمەش لەشـیعرەکانیدا بە ئاشـکرا دیارە.شـاعیر گەرچـی دەسـتی بە هەردوو شـــــوێنی گەورە(کوردســـــتان) و شـــــوێنی بچووک(کەرکووک) گرتووە، بەڵام ئەوەی زیاتر جێگـای ڕامـانی شاعیرە شوێنی بچووکە.ئەو گەرچی ئایدێندتی خۆی لەشوێنی گەورەوە وەردەگـرێ، بەڵام مـۆری ئەو ناسـنامەیە شـوێنی بچووکە.شـوێن وەک چـۆن خـاڵی دەسـتپێکی کـاری ئەدەبیـیە، بەهەمـان شـێوەش شـوێن سـێنترالی تێگەیشـتنە لەکـاری

نووســـەر"(4).بـۆیە ڕەهەنـــدێک لە ڕەهەنـــدەکانی تێگەیشـــتن و خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکانی سەلام محەمەد بریتییە لە بینین و خوێندنەوەی شوێن.

شوێن لای کاک سەلامی شاعیر هەر تەنها یەک شوێن نییە.ئەو ئەگەر چـــــی شــــــار(کەرکووک)چەقی شــــــوێنی ئەوە، بەڵام دەوروبەری ئەو چەقە و نێو پانتایی شوێنی گەورە بەشێکن لە ناسنامەی شوێنی ئەو.ئەو لە دێی کارێزەی خاڵخالان کە شوێنی لەدایکبـــوونی شـــاعیرە ، کەرکـــووک،تەوەکەڵ، هەشـــەزینی، کەرکووک، حەویجە، دوبز، کەرکووک، تاران، سوریا، ئەڵمانیا، تا ئەگاتە شاری ڤێستەرۆس لە سوید شوێنی ئەون.ئەو شوێنانە هەر یەک هەڵگـــری ئامـــاژەی جیاجیـــان و پەیوەنـــدییان بە شاعیرەوە هەیە و ئەویش ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی ژیانی خۆی بەو شوێنانەوە لەڕێگەی شیعرەکانییەوە دەخاتە ڕوو.

## شوناسی شوێن

شـــوێن وەک جێگـــای لەدایبـــوونی خەون – وەک جێگـــای تاقیکردنەوەی ئومێد

شوێنی بچووک – شوێنی گەورە

چەمکـی شـوێن هەر تەنیـا پنتکێکـی جـوگرافی نیـیە تـا قـژی یـادەوەری تیـا بهـۆنرێتەوە، بەڵکـو جێگـای لەدایکبـوونی خەونەکانیشـە.ئەو خەونـانەی شـاعیر بە شـوێنیانەوە عەوداڵە و بێهەدادان بەسۆراخی بەدیهاتنیانە."شوێن تەنها خۆڵ و بەرد و شاخ و ڕووبارێکی ڕووتـی چەسپاو نییە لەلای مرۆڤ، بەڵکو بەشێکە لەشێوازی ژیان و بیرکردنەوە و پۆترێتەکانی مرۆڤ"(٥) تەمەنی خەون بەندە بە تەمەنی مرۆڤ و تەمەنی مرۆڤیش بەندە بە شـوێنەوە.ئەوەی مـن لە شـیعرەکانی شـاعیر سـەرنجماوە ئەوەیە تەواوی هیـوا و ئاواتەکـانی شـاعیر لە چەقـی قورسـایی شوێن قەتیس دەمێنن و تەنانەت شوێن لە دیدی شاعیرەوە ئەو جوانی و قەشەنگییەی جارانی سیحراویتر خۆی دەنوێنێ.شوێن لە شـیعرەکانی سـەلام مـحەمەد "لەوە دەردەچێـت کە تەنهـا چوارچێوەیەک بێت بۆ فەزای شـیعر، بەڵکو" بەشـێکی گرنگـی دەقەکەیە و وەک کۆڵەکەیەکی سـەرەکی ڕاگرتنی ئاسـمانی دەق لێکدانەوەی بۆ دەکرێ" (٦).ئەگەرچـی شـوێن لە دەقـی ئەدەبیدا

زیاتر زادەی خەیاڵی نووسەرە بەڵام شوێنەکانی کاک سەلام محەمەد شوێنگەلی واقیعین و لە دنیای واقیعدا بوونیان هەیە و ئینتمای بە کۆمەڵیش هەیە بۆ ئەو شوێنە.لیۆنارد لیتواک پێیوایە شوێن بەدوو جۆر دەچێتە ناو ئەدەبەوە، یان وەک بیرۆکە یانیش وەک شێوە.چونکە "شوێن بەشێکە لە جەستەی دەقی ئەدەبییەکان"(٧) و هەولێیش ئەدەم زیاتر گرنگی بەم جۆرەیان بدەم.

شوێنی بچووک (کەرکووک) بەشێکی جیانەکراوەیە لەشوێنی گەورە (کوردستان).بەڵام شوێنی بچووک زیاتر بەرجەستە کراوەتەوە.هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو شوێنە بچووکەی شاعیر لەهەموو بەشەکانی تری جەستەی شوێنی گەورە زیاتر کەوتۆتە بەر بەرداشی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی وڵاتانی عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران.لێرە شوێنی گەورە خۆی گەرچی لە ویژدان و باوەڕی هەموو کوردێکی بەشەرەف بوونی هەیە، بەڵام لەت لەتکراوە و دابەشبۆتە سەر چەند شوێنێکی بچووکتر.

**یەکەمجار کە هاتمە سوید هەر لەفرۆکەخانەوە**

**پۆلیسێک چەند پرسیارێکی ئاراستەم کرد**

**ناوت چییە و لەکام ولاتەوە هاتووی؟؟**

**وتم ناوم سەلام محەمەد ئەمینە**

**وڵاتەکەمیش کوردستان**

**وتی ئاخر کامە بەشیان؟**

**تورکیا؟ عێراق؟ سوریا؟ ئێران؟**

**وتم هیچیان**

**لای خۆت بنووسە کەسێکی بێ وڵاتی ناوچەی گەرمیان.**(٨)

ئەم دابەشکردنەی شوێن لەسەر حیسابی نەتەوە و خاکێک لای بەشە هۆشیارەکەی میللەت و تاکە بەئاگاکان دەبێتە هۆی چوونە سەری کێرڤی رق و تووڕەیی، تووڕەیی لە قەدەر و چارەنووسی میللەتێک.شوناسی شوێنی گەورە گەرچی لەدەقێکی هونەری شیعریی جوان وەلا دەنرێ بەڵام هەر ئەو تورەبوونە ساڵانێک زووتر هەر لەکڵاوڕێژنەی هونەرەوە و لەڕێگەی دەقێکی شیعرییەوە شاعیر ویستویەتی شوناسی شوێنی گەورە بکاتە ناسنامەی پەڕینەوە لەسنوورەکانی خەون و هێنانەدی واقیعیانەی خاکێکی یەکپارچە بۆ کورد.

**من کوردێکم لەپێغەمبەرێک ئەگەڕێم**

**تەختی خوایەکم نیشاندات ڕاپۆرتەکانم وەرگرێ**

**من کوردێکم نامەوێ شا**

**بەخشتی دیوار بمکڕێ.**(٩)

هێـاننەدی ئەم خەونە لەلایەکەوە وەک شـاعیر ئەڵـێ لەڕێـگەی تفەنـگەوە دەکـرێ واتە شـۆڕش و، لەهەمـان کاتـدا دڵسـۆزی و وەفـاداری دەبـێ لەئـارادا بێـت و خۆیـان بەخشـتی "شـا" نەفرۆشـن.ئەگەر شـوێنی گەورە شـوێنی هێنـانەدی خەونەکـان و تاقیکردنەوەکانی ئومێدی شاعیرە، بەڵام شوێنی بچووک زیاتر کەڵەکەبوونی خەونەکانە و کارگەیەکە خەونـی تێدا لەدایک ئەبێ و شاعیر دەبێ خەمی ورد و درشتی ئەو شوێنە بخوات.

**مەڕۆ**

**مەڕۆ**

**ئەگەر بڕۆی کێ لەشەوانی تاریکا**

**چراکانی**

**کۆڕنیشە جوانەکەی کەرکوک داگیرسێنێ.**(١٠)

ئاخر ئەو خەمەی لەدڵی شاعیر ڕواوە سەرچاوەکەی ناگەڕێتەوە بـۆ ڕێـکەوت یـان فێربـوونی نـاو کتێب.سـەرچاوەی ئەم خەمـی ڕۆیشـتنی شـیرینە لەگەڵ زمـان پژانـی شـاعیر سـەرهەڵئەدا و لەگەڵیا گەورە ئەبێ.شوێن لێرە ئاماژەیەکی دیمان نیشان ئەدات، ئەویـش دیـاریکردنی چوارچێـوەی ژیـان و بیرکـردنەوەی شاعیرە.شـاعیر کە زمـان ئەگـری زمـانی شـوێن ئەگـرێ.ئەو لەشوێنەوە(شـوێنی کـۆن) فێری دڵداری ئەبێ و کلتووری ژیـان

قەبوڵ ئەکا و چیرۆکەکانی بەر ئاگردان و مەتەڵەکانی ناو ئەفسانەکان لەیادەوەری خۆیدا ئەنووسێتەوە.

**بەپرسیار و چییە و چۆنە زمانم گرت**
**لەناو خوێنا**
**چاوی ئاواتم هەڵهێنا**
**کۆڵانەکانی "کارێزە" و "پیرەڕەز" و**
**گۆمەشینەکەی "قەرەوناز"**
**فێری دڵدارییان کردم**
**"مام فەتاح"یش فێریکردم**
**بیر لەمەتەڵی جنۆکە و دیو و درنج بکەمەوە.(١١)**

شاعیر لەکەلێن و قوژبنەکانی شوێنەوە خەیاڵ دەکا بەهێلانەی وشە و هۆنینەوەی هەست و ئینتمای بۆ شوێنکات نییە وەک دوانەی لێکگرێدراوی هەر ڕووداوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەو تەنها وابەستەی شوێنە و کات هەر گوزارشتە لەساتی دەربڕین.ئیتر لەم سۆنگەیەوە کات ئەو بایەخەی کەهەیەتی لەدەستی دەدات، یان دەتوانین بەجۆرێکیتر بڵێین شاعیر لەپێناو پیرۆزکردنی شوێن لەبەهای کات کەم دەکاتەوە.ئەم پرۆسەیە ئاگایانە بێت یان بێئاگایانە خزمەتی دەقە

شیعرییەکان دەکات و خۆیشی بەشێکە لەو تەکنیکەی کە شوێن لەسەر حیسابی کات بەرجەستەتر دەبێتەوە.

**باڵەخانەکانی هەولێر**

**شوقەکانی سلێمانی**

**ڕاستە بەرزن وەک بورج وان**

**بەڵام لەوانیش بەرزتر**

**عیمارەی غەمی کەرکوکە**

**وا چۆتە حەلحەلەی ئاسمان.( ١٢)**

ڕەهەندەکانی شوێن لەگۆشەنیگای شاعیرەوە لەدوو ئاستدا تەوزیف کراوە.ئاستێکیان بریتییە لە بینینی شوێن وەک ئاماژەی بوون.ئاستی دووەمیان بینینی شوێنە وەک ئاماژەی عەشق.ئەم هاوکێشەیە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەوەی شاعیر خۆی یەکسان دەکات بەشوێن.ئەم یەکسانبوونە بەشوێن سەرێکی لەناو ئەفسانەکانی دروستبوونی مرۆڤە لە خۆڵ و خاک و هەوا و ئاگر و سەرێکی تریشی وا لە ناو دنیای جەنجاڵی سیاسەت و خەبات و هەڵوێست نواندنە.

**من نە پارتیم نە یەکیەتیم**

**نە گۆڕان و نە بزووتنەوەی ئیسلامیم**

**نە مارکسیم و نە بەعسیم**

**من کەرکووکیم**

**هەموو شتێکم هیچیش نیم** (١٣)

لەلایەکی ترەوە شاعیر لەگۆشەنیگایەکی دوورەوە دەڕوانێتە شوێن وەک ئاماژەی عەشق و ئیتر لەو خاڵەوە ڕەهەندە جوگرافی و کلتوورییەکانی لەدەست ئەدات و لە شارێک کەهەڵگری کۆمەڵێ دەلالەتی بوونییە دەگۆڕێ بەشارێک یان شوێنێک لەدەرەوەی تواناکانی هەر پەرچەکردارێک سەبارەت بە خراپی بارودۆخی شوێن.بۆیە لەسۆزی بڵێسەی عەشقەوە پەنا دەباتە بەر پانتاییە بێسنوورەکانی خەیاڵ و لەدەرەوەی سنوورەکانی دەسەلاتی بەسەر شوێندا داوا لەهێزێکی سەرووی سروشتەوە (خوا) دەکات فریای شوێن(کەرکووک) بکەوێت.

**لەو ئۆقیانووسە بێکۆتاییە پڕ لەهیدایەتەی**

**ئایا ناکرێت**

**بەکون فەیەکونێک**

**دڵۆپەیەک لەئارام و**

**دڵۆپەیەکیش لەئاسوودەیی**

**بخاتە دڵە ئاگرەکەی کەرکوکەوە.**(١٤)

لەم ئاماژەیەدا شاعیر سەرباری بەدەربەستی بۆ شوێن کەچی ئەو خەمیەتی چونکە کەرکووک یان شوێن لەدەرەوەی توانا و ویست و دەسەڵاتەکانی وشەوە پێناسەی خۆی دەکات.بەڵام هەرچی ئاستی یەکەمە کە ئاماژەی بوونە تۆختر و نزیکتر بەدەقەکانەوە دەبینرێ.ئاماژەی بینینی شوێن وەک بوون بوعدێکی تا ئەندازەیەک سیاسییانەی هەیە.لێرەوە دەتوانین دەرهاویشتەکانی ئەم هاوکێشەیە ببینین لەچەشنی خۆشەویستی خاک و نیشتمان و قوربانیدان لەپێناو خاک و مەسەلەی پێشمەرگەیایەتی و دواجاریش تاراوگە و هاتنە قسەی نۆستالیژیا.نۆستالیژیای شوێن ڕەنگە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات جیاواز بن.ڕەنگە لەکەسێکەوە بۆ کەسکێتر جیاواز بێ.هەرچی نۆستالیژیای شوێنە لای شاعیر گشتییە و بەشێکە لەنۆستالیژیای زۆر کەسیتر کەلەهەمان ژینگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هاتوون، یان سەر بەهەمان شوێن و پێگەی جوگرافی و کلتوورین.ڕەنگە قەدەری هاوشوێنی هۆیەک بێت بۆ لێکچوون و هاوبەشبوونی یادەوەری مرۆڤەکان لەشوێنێکی دیاریکراو.

**چوومەتەوە ئەو ڕۆژگارە**

**کە ماڵمان لە ڕەحیماوە بوو**

**هەموومان لە ژێر کلاورۆژنەکانی**

**دارمێوی حەوشەکەدا**

**دادەنیشتین و**

**بۆن و بەرامەی چایەکەی دایکم ،**
**کولێرە گەرمەکەی جەوهەری نانەوا ،**
**ماستە قەیماخدارەکەی مەلا مەحمود و**
**رادیۆ گەورەکەی باوکم**
**پێشوازی رۆژێکی تازەیان لێ دەکردین.(١٥)**

بەڵام شوێن بەیەک ئەندازە و بەیەک ئاست لە ڕەهەند لەیادەوری شاعیر جێی نابێتەوە و بەدیار ناکەوێت، بەڵکو لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە دایە.ئەگەر شیعرەکانی سەرەتای حەفتاکان تا کۆتایی هەشتاکان کەمتر ڕۆڵی بەرجەستەکردنەوەی شوێن بن لە یادەوەری، ئەوا شیعرە نوێیەکانی شاعیر کێرڤی شوێن ڕوو لەسەرە.شاعیر ئەگەرچی خۆی پێیوایە شیعرەتازەکانی لەڕووی زمان و تەکنیکەوە لاوازترن لە شیعرەکانی حەفتاکان و هەشتاکان، بەڵام لەبواری تەوزیفی چەمکی شوێن لەسەر حیسابی کات تۆڵەی ئەو لاوازییەی تەکنیکی کردۆتەوە.

## شوێنی دڵخواز و شوێنی بێزەوەر

گۆشەیەکی تر لەپەیوەند بە شوێن لە شیعری سەلام محەمەد بینینی شوێنە وەک ئاماژەی ویستن و دڵخواز و ئاماژەی ڕق و بێزەوەری.ئەگەر لە ئاستێکی بالاتردا بڕوانینە ئەم لایەنە دەتوانین ئەم شوێنانە بەئاسانی لە ژیانی ڕۆژانەماندا

ببینین.بـــاخچه شـــوێنێکی دڵخـــوازە و زبڵخـــان شـــوێنێکی بێزەوەرە.قاوەخـانە وەک شـوێنێکی ئاشـنا و گشـتی شـوێنێکی دڵخـوازە و زینـدان شـوێنێکی بێزەوەرە.هـۆڵی سـینەما شـوێنێکی دڵخـوازە و قەسـابخانە شـوێنێکی بێزەوەرە.سروشـتی مـرۆڤ بەجۆرێکە زوو لەگەڵ بارودۆخی نوێ هەڵئەکات و زۆرجاریش پرتەوبـۆڵە و نـاڕەزایی سـەبارەت بە شـوێن دەردەبڕێ.عێـراق گەرچی لەوەتەی دروستکراوە هەرگیز شوێنێکی دڵخواز نەبووە بـۆ ژیـان بەتـایبەتی بـۆ کـورد، بەڵام کوردسـتان بەهەمـوو دواکەوتـوویی و نقوومبـوون لە پەیوەنـدییە کـۆن و دۆخـی ژێردەسـتەیی کەچـی بـۆ کـورد و شـاعیری کـورد مـایەی دڵخوازییە.شوێنی دڵخواز لەگەڵ خۆیدا ئاماژەی عەشق و ئەڤینی لەگەڵ خۆیـدا هەڵگرتـووە.من لە گۆشـەجیاجیاکانی ئەم نووسـینە بەگشـتی ئامـاژەم بەم لایەنە داوە وەک ئامـاژەی عەشـق، بەڵام لێـرە و لەم بەشـە هەوڵ ئەدەم ڕۆشـنایی بـخەمە سـەر لایەنـی پـێچەوانە و شـوێنی بێـزەوەر وەک ڕەتکـردنەوەی تەواوی دراوەکانی شوێن.شوێن وەک ئاماژەی بێزەوەر بریتییە لە بینینی عەشـقی شـوێن لەئاسـتێکی تـر و بەجـۆرێکیتر کە مـرۆڤ هەوڵ ئەدات ژیـانی نۆرمـاڵی لەدەرەوەی ئەو شـوێنانە بباتەسـەر.یانی شوێنێک کە شایانی ژیانی مرۆڤ نەبێت.عەشقی شوێنی بچووک و گەورە لە هاوکێشـەیەکی پـێچەوانە خـۆی دەردەخـات کاتێـک ئاماژەی ڕق و بێزاری(کراهیة) لە شوێن لە هەست و دڵی مرۆڤ دەگـاتە چڵەپـۆپە.ئەم شـوێنەی کە شـاعیر ژیـانی خـۆی دەکـاتە قوربـانی، لە ئەنجـامی بـارودۆخی سیاسـی یـان ئـابووری ئەم ئەڤیـنەی شـوێن کـاڵ دەبێـتەوە و مـرۆڤ دەگەێنێـتە پـلەیەک لە پەرچەکـــــــردار لەبەرامـــــــبەر ئەو دۆخە نالەبـــــــار و

بێزارهێنەرە.کاڵبوونەوەی ئەڤینی شوێن و گۆڕانی بە ڕق و نەفرەت یان بەوشەیەکی تر ئاماژەی ڕق دەرهاویشتەیەکی سیاسی گەورە لەگەڵ خۆیدا دێنێتە دەرەوە ئەویش بەنەفرەتکردنی شوێنە و کۆچکردنە لەو شوێنە بەرەو شوێنێکی نادیار.

**ئەمڕۆ دڵەکەم بیابانێکە**
**تەنیا بە ئاوی کانیاوی کوێستان ئەبوژێتەوە**
**سبەینێ لە سەر**
**شۆستە و شەقامی شارێکی دوورا**
**وەکو پاشایەک بێ یار و هاوڕێ**
**بێ خاک و وڵات**
**سەر ئەنێمە سەر پەرداخی ئاڵ و**
**شیعری تەنیایی و لەدایکبوونی بۆ ئەخوێنمەوە**
**نیوەشەویش هات ئەخزێمە نوێنی گەرم و تامەزرۆی**
**سۆزانیەکی دەربەدەرەوە.(١٦)**

ئەمە چییە وا لە شاعیرێک ئەکات لە جەرگەی خەبات و پێشمەرگایەتی و لەسەر لووتکەی زینۆی سوور لە ناوزەنگەوە نەفرەت لە شوێنی گەورە وکۆن (کوردستان) بکات و خەون بە باوەشی سۆزانییەکی شارێکی دوورەوە ببینێت؟.ئەی چی وای

له هەزاران هەزار کەس کـرد بەلێشـاو کـۆچ بـکەن و شـوێن جێبێڵن و بڕۆن بەرەو داهاتوویەکی نادیار.ئەی چەند کەس لەو ڕێیەدا بوونە قوربانی و کەوتنە کەمینی جەندرمە یان بوونە خۆراکی دەریاکان؟ دەبێ چی وا لە مرۆڤ بکات ئازیزانی جێبهێڵێ و غوربەت هەڵبژێرێ جگە لە بێئومێد بوون لە ژیان لە شوێنی کۆن.لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئەم بێزاری و ڕق و نەفرەتە لە شوێنی کۆن بەئەندازەیەک ڕوو لەسەر بوو تەنانەت بەلای هەندێکەوە جیابوونەوە لە شوێن و ڕۆیشتن بەرەو نادیار بەمانای دۆزینەوەی شوێنێکی نوێ(بەهەشت)ێکی سەوزی پڕ لە لەزەت و خۆشی بوو.بەڵام بۆ شاعیری لەمەڕ خۆمان کە بێماڵئاوایی سەرهەڵئەگرێ و خۆشەویستی شوێن(کوردستان)ی لەدڵ دایە و ئەڕوات.

**بێ ماڵئاوایی دوور ئەکەومەوە**

**منی بێ یار و بێ هاوڕێ و وڵات**

**سەری خەواڵووم هەڵئەگرم ئەڕۆم وڵاتە و وڵات**

**ئەزانم هەرگیز خۆشەویستی تۆم بیر ناچێتەوە**

**بەڵام دڵنیام نایەمەوە لات.**(١٧)

ئەم سەرهەڵگرتن و نەگەڕانەوەیە لە دڵ شکانی شاعیرەوە سەرچاوەی گرتووە.شاعیر کاتێک گوڵی ئومێدەکانی بەخەبات و پێشمەرگایەتی دەوەرێ.ئەویش ئەلتەرناتیڤێکی دی نادۆزێتەوە

جگە لە هەڵاتن و سەرهەڵگرتن.بەڵام ئەم هەڵاتن و سەرهەڵگرتنە هەر لە کوردستان و خەبات و پێشمەرگایەتی بەدەرناکەوێ.شاعیر هەر لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە نەک هەر بەشێک لە شوێن بەڵکو تەواوی شوێنی وەک ڕەگەزی ژیان ڕەت کردۆتەوە و بڕوای بە ژیان نەماوە.

**کاتێ بێداریش بوومەوە**

**عیسام بینی چڵێ ئاگری بۆ هێنام**

**هەواڵی زەوی لێپرسیم**

**وتم زەوی؟**

**یا سێدارە و زیندان و ئەتۆم و دڵە نەگریسەکان**

**کاکە عیسا**

**دەستم بگرە و بمگەیەنە ((حزووری خوا))**

**من لەو زەوییە بێزارم**

**من نامەوێ جارێکی تر بۆ سەر زەوی بگەڕێمەوە.**(١٨)

شوێنی گەورە (گۆی زەوی) بەهەموو جوانی و دڵڕفێنییەکانیەوە شوێنی بێزاری و قێزلێبونەوەیە.شوێنێکە جێگای ژیانی تیا نابێتەوە.مرۆڤ هەموو جوانییەکانی شوێنی ناشرین کردووە و دەستکاری سەرجەم بەهاکانی ژیان کراوە.لێرە شوێنی دڵخواز (گۆی زەوی) کە مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە

دەستبەرداری بێت، بەڵام شاعیر بەپێچەوانەی یاسای بوون ئەو شوێنە دەداتە بەر نەفرەت.

## شوێنێ کۆن – شوێنی نوێ

کاریگەری گۆڕینی شوێن وەک دەرئەنجامی هەلومەرجێکی سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاریکراو لای شاعیر نابێتە هۆی گۆڕانی ئینتمای شاعیر بۆ شوێن، چونکە یادەوەرییە تازەکان ناتوانن جێ بە یادەوەرییە کۆنەکان لێژ بکەن.ئەم یادەوەرییە نوێیانە بەزەحمەت جێی خۆیان لەپانتایی خەیاڵی شاعیر دەکەنەوە.شوێنی تازە پێناسە و ناسنامەی شوێن لای شاعیر بەجێگیری دەهێڵێتەوە، بەڵام ئەوەندە سوودەی بۆ شاعیر هەیە کە ئازادە و دەتوانێ لەدوای بەڕەسمی ناسینی شوێنی نوێ ئیتر دەتوانی بڕوا و بێت.شوێنی کۆن ئاماژەی شوناسە و شوێنی نوێ ئیش لەسەر تێکشکاندنی ئەو شوناسە دەکات.یان بەزمانێکی تر شاعیر لەشوێنی نوێ یاخییە و بەجەستە لە شوێنی نوێیە و بەهۆش و یادیش لە شوێنی کۆن دەژێت.

**بەیانییەک ئەچووم بۆ کار**

**ڕەوە باڵندەیەکی زۆر**

**وڵات وڵات هەڵفڕیبوون**

**بەرەو سوید**

**بینیم حەوشە و سەردیوار و باڵەخانە و**

**درەختەکانی میگراشوون**

**هەموو پڕ بوون**

**لەپاساری و پەڕەسێلکە و سوێسکە و کۆتر**

**دەنگی گمەگم و زیقە و جریوەیان**

**دڵی هێنابوومە گریان**

**سێ سێ، دوو دوو**

**سەریان بەیەکەوە نابوو**

**هەموو بەسەرهاتی خۆیان**

**بۆ یەکتری باس ئەکرد چۆن**

**لەکەرکوکدا بێ هێلانە و**

**لەسلێمانی و هەولێریش بەئاوارە ناونووس دەکرێن**

**هاتوون بەڵکو، لێرە ئیقامە وەربگرن**

**ئەوسا بەئارەزووی خۆیان بڕۆن و بێن.(١٩)**

مەنفا یان تاراوگە یان نیشتمانی دووەم، یان وەک من لەم نووسینەمدا ناوم ناوە شوێنی نوێ لەململانێ دایە لەگەڵ شوێنی کۆن.ئەم ململانێیە بێئەوەی هیچ یاسایەک بەرێوەی ببات بۆ شاعیر و نەوەی شاعیر دەرهاویشتەی جیاواز و ئەنجامی جیاوازی هەیە.بۆ شاعیر و نەوەکەی شوێنی کۆن شایانی بەراوردکردن نییە بەشوێنی نوێ.شوێنی نوێ هەرچییەک ببەخشێتە شاعیر وەک ئاسایش و خۆشگوزەرانی و

بردنەسەری تواناکانی سەفەر و هاتووچۆ و ئایدیندتی نوێ، هەر لەپلەی دووم دەمێنێتەوە.

هەرچی شوێنی کۆنە چونکە شوێنی لە دایکبوونی خەونەکانی شاعیرە، سەرباری نالەباری ئەمنی و بەردەوامی تەقینەوە و بێ خزنەتگوزاری و داهاتووی نادیار کەچی لەپلەی یەکەمدایە و ئاماژەی ئینتما لەپلەیەکی باڵادایە.هەرچی نەوەی دووەمە ئینتمایان بەتەواوەتی بۆ زمان کلتوور و ئایدێندتی نوێ هەیە و خۆیان زیاتر بەهاوڵاتی شوێنی نوێ دەزانن و من نامەوێت لەم نووسینەمدا لا لەو مەسەلەیە بکەمەوە.

خاڵێکی تر سەبارەت بە شوێن لە یادەوەری شیعرەکانی کاک سەلام ئەوەیە کە شوێن جێگای تاقیکردنەوی ئومێدە.لەمەشدا شاعیر لەگەڵ هەر دەربڕینێک کە گوزارشت بێ لە شوێنی کۆن و داهاتووی شوێنی کۆن، خەریکی دەسکەنەکردنی هیوا و ئومێدەکانییەتی کە چەند لەو شوێنە جێیان دەبێتەوە.ئەو ئاواتانەش گشتین و پەیوەستن بە کۆمەڵگەوە.لێرەوەیە لەگەڵ شەقار بوونی شوێن و هەر درزتێکەوتنێک لەجەستەی شوێن شاعیر، چاوی ئومێدەکانی کاڵتر دەبێ و خۆری هیوای زیاتر دەکەوێتە ئەودیو کەلەکانی ژیانەوە.ئەمەش تراژیدیایەکە کە شوێنی شاعیر دەرگیری بووە و بەشێک لەم تراژیدیایەش بەرۆکی یادەوەری شاعیری گرتووە.

**لەم وڵاتی ڤایکینگەدا**

**زستان وەرزی کارکردن و نیگەرانی و**

**بەفر و تاریکی و سەرمایە**

زۆربەی ماڵان نیگەرانن ، دوانی تیایە.(٢٠)

شاعیر پێداگرە لەسەر وەدیهاتنی خەونەکانی و تاقیکردنەوەکانی ئومێد لە شوێنی کۆن، هەرچەندە شوێنی نوێ زەمینەسازی گونجاوی سازکردووە تا ئومێدەکانی شاعیر باڵا بکەن.بەڵام چونکە ئینتمای شاعیر بۆ شوێنی نوێ نییە.بۆیە دەبینین جۆرە بێزارییەک وەک تەنکە تەمێک سەر ڕووی یادەوەرییەکانی شاعیر دادەپۆشێت.

ئاماژەیەکی تر لە ئاماژەکانی شوێن کەوەک دەرئەنجامێک دەردەکەوێت و خۆی لەژیانی مرۆڤەکان هەڵدەسوێ نامۆییە.ئەم نامۆییە "کەمانای لەدەستچوونی دەسەڵات و گۆشەگیرییە و تووڕەیی و ڕق هەستان و پچڕان و تێکشکانە لە واقیعی ژیان "(٢١) ئەویش بەهۆی "گواستنەوەی تەواوی مافەکانی ژیانی تاکەکەسێ بۆ کەسێ یاخود جێگایەکی تر."(٢٢) لەوەش واوەتر شوێنی نوێ شوێنی نا سەنتەر و پەراوێزخراوە و شاعیر بەرەو ڕاڕایی و گومڕایی دەبات.ئەو پەیوەندییەی نێوان شاعیر و شوێنی نوێ کە ئەبێ بەشێوەیەکەی نۆرماڵ و ئاسایی دیارکەوێ پێچەوانە ئەبێتەوە و، شاعیر لەو حاڵەتەدا هەوڵ ئەدات خۆی لەشوێنی نوێ دەرباز بکات.پرۆسەی دەربازبوونیش یان سەفەرکردنی پێچەوانەیە کەپێشتر هەریەک لە شێرکۆ بێکەس و شێرزاد حەسەن ئەزموونیان کرد و لەسوید و فینلەندەوە گەڕانەوە کوردستان وەک دەرئەنجامی نەبوونی دڵنیایی نووسەران لەشوێنی نوێیان.شوێنی نوێ نابێتە هۆی فەراهەمکردنی ئەو دڵنیاییە وەک بەشێک لە کەش و فەزا

کەداهێنـانی تیـا ئەنجـام بـدەن.بۆیە دەچـن بەدوای نیشـتمان یـان شوێنێکی تر دەگەڕێن تا ئەو دڵنیاییە بەدەست بێنن.بەر لەوانیش هێنری جەیمس و ت س ئیلیۆت لە ئینگلتەرا و ستیوارت میریل و فرانسیس فیڵ گریفین لە فەرەنسا لەبەر نەبوونی ئینتمایان بۆ نیشـتمانیان یـان شـوێنەکانیان وڵاتەکانیـان جێهێشـتووە.(٢٣) وە یـاخود هەوڵـدانە بـۆ سـەندنەوەی مـافی ژیـان لە خـۆ، وەک هەر سێ هەوڵەکەی کاک سەلام محەمەد کە بۆ خۆکوشتن دابووی.

لەم کـورتە نووسـینەمدا لەسـەر ئاماژەکـانی چەمکـی شـوێن لەیادەوەری کاک سەلام محەمەدی شاعیردا ئەگەمە ئەو خاڵەی کە بڵێم چەمکی شوێنی کۆن چ وەک ئامـاژەی بوون و هەروەها چ وەک ئامـاژەی عەشـق سـینتراڵی کـار و چەقـی بیرکـردنەوەی شاعیرە.شـوێنی کـۆن و (شـوێنی گەورە بچـووک) شـوێنێکی واقیعی و ناسراو و گشتی و دیارە و جێگایەکە بۆ لەدایکبوونی خەونەکـان و تاقیکردنەوەکـانی ئومێـد و شوناسـی شاعیرە.شـاعیریش وەک مرۆڤێکـی ئاسـایی کـارتێکراوی پاڵەپەستۆی هەلومەرجی سیاسی لەسەر نوێڵی عەشقی شوێن بەهەردوو جەمسـەرەکەیەوە دڵخـواز و بێـزەوەر لەهاتوچۆدایە.هەروەها ڕوحی شاعیریش باڵندەیەکە و دەیەوێ لەشـوێنی نوێـوە بفڕێت بـۆ شـوێنی کـۆن، بـۆ ئەو جێگـایەی کە خەونەکـانی شـاعیری تیـا لەدایـک بـووە و ئومێـدەکانی تیـا تاقیکردۆتەوە.

***کانوونی دووەمی ٢٠١٢***

***کەنەدا***

## ژێدەرەکان:


١-شوێن لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان مستەفا ساڵح مستەفا گۆڤاری کاروان ژمارە ٢٢٠ی ساڵی ٢٠٠٠ لاپەڕە ٧.

٢-شوێن لەئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەسدا مەحموود نەجمەدین گۆڤاری گزنگ ژمارە ٨٨ی لاپەڕە ٧٤.

٣-دیوانی سەلام محەمەد بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠٠٩ لاپەڕە ١٧٨-١٧٩.

٤-The Use of Place in Writing and Literature
Milford A.Jeremiah
Language Arts Journal of Michigan
Volume 16 2000 Page 23

٥- نەجات حەمید ئەحمەد، شوێن و مانەوە، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە ٥٢ لاپەڕە ٤٦.

٦- مستەفا ساڵح کەریم، شوێن لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٢٢٠ی ساڵی ٢٠٠٠.

٧- The Role of Place in Literature
Leonard Lutwack
First Edition
New York 1984 Page 37

٨-دیوانی سەلام محەمەد بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٩ چاپی یەکەم لاپەڕە ١٦١.

٩-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٧٥.

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٧.

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٦.

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٥٩- ١٦٠.

١٣- شیعرێکی بڵاونەکراوەی سەلام محەمەد کە خۆی تایبەت بۆی ناردم.

١٤- ديوانی سەلام محەمەد بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠٠٩ لاپەڕە ١٩٤.
١٥- دوو ڕوخساری یەک پێغەمبەر سەلام محەمەد گۆڤاری ڕامان ژمارە ١٥٣ ساڵی.
١٦- هەڵۆ سوورەکانی قەندیل سەلام محەمەد لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان – شاخ ژمارە ٦ لاپەڕە ٣٥ و ٣٦.
١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٦.
١٨- ديوانی سەلام محەمەد بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠٠٩ لاپەڕە ١٠١.
١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٦٢.
٢٠- شیعرێکی سەلام محەمەد لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە وەرگیراوە.
٢١- شێوە و ناوەڕۆک ئومێد ئاشنا دەزگای جاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٧ لاپەڕە ٥.
٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥.
٢٣- س.م.بورا، التجربة الخلاقة، ترجمة سلافة الحجاوي، دار الشؤن الثقافية العامة، ص ٣٥.

تێبینی: ئەم نووسینە لە گۆڤاری هەنار ژمارە ٨٧ ی ساڵی ٢٠١٣ بڵاوبۆتەوە.

# نیگایەک لە "فەیسبووکەشیعر" و چەند سەرنجێک

## دەستەواژەی فەیسبووکەشیعر..نیگایەک

فەیسبووکە شیعر جیا و لەدەرەوەی ئەو ناوانەی تری جیهانی شیعریی کوردیی لەچەشنی کۆپلەشیعر یان مۆبایلەشیعر یان پۆستەرەشیعر یان شیعری زۆر کورت(دێرە شیعر)، بەبێدەنگی و هێمنیی خۆی سەپاندۆتە سەر واقیعی شیعری کوردی.پۆستەرە شیعر ئەگەر بۆ بارودۆخ و هەلومەرجی سالانی دوای نوشوستی بزووتنەوەی چەکداری کورد بگەڕێتەوە و شێرکۆ بێکەس وەک دەست پێشکەرییەک لەنووسینی ئەم پۆستەرانە و بە تایبەتی لە کۆشیعری "کازیوە"دا هەنگاوی بۆ هەڵگرت، ئەوا مۆبایلەشیعر وەک دەرئەنجامی بارودۆخی گەشەی مۆبایل لەدوای ڕاپەڕین هاتە بوون.هەرچی شیعرە زۆر کورت و دێرە شیعرەکانیشە وەک ڕێڕەوێک لە نووسینی شیعر بەتایبەتی وەک ستایلی عەباس عەبدوڵا یوسف و هاوڕێکانی خۆی خزاندۆتە نێو دونیای شیعری کوردییەوە.پۆستەرەشیعر و مۆبایلەشیعر و دێرە شیعر هەریەکە خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن و من مەبەستم نییە لەم کورتە نووسینەم ئاوڕیان لێ بدەمەوە.ئەوەی زیاتر مەبەستی ئەم

کورتە نووسینەیە فەیسبووکە شیعرە کە من ئەم ناوەم بۆ یەکەمجار لەڕێگەی ئیمەیڵێکەوە لە برای شاعیر کاک سەلام محەمەدی شاعیرەوە بیست.وەختێ لەسەروبەندی ئامادەکردنی ئەو کتێبە بووم لەسەر کاک سەلام محەمەد کە کۆمەڵێ وتارو چاوپێکەوتن و نووسین دەگرێتە خۆی لەسەر ئەزموونی ئەو بەرێزە.وەختێ شیعرەکانی خۆی بۆ ناردم چەپکێ کورتە شیعریان تیادابوو بەناوی فەیسبووکەشیعر.منیش پرسیارم لێکرد ئەم ناوەت لە کوێوە هێنا و لە کێت بیستووە؟ وتی پێشتر نەمبیستووە و خۆم ئەم ناوەم داناوە.کەوابوو دەستەواژەی فەیسبووکەشیعر کاک سەلام محەمەدی شاعیر دایهێناوە.منیش لەم ماوانە کەوتمە گەڕان و سۆراخی ئەو شیعرانەی لە فەیسبووک بڵاو کراونەتەوە و بۆم دەرکەوت کە فەیسبووکەشیعر جۆرێکە لە شیعر و بوونی خۆی سەپاندووە و کاتی ئەوەش هاتووە ئاوڕی لێبدرێتەوە.

## فەیسبووکەشیعر چییە؟

فەیسبووکەشیعریش وەک لەناوەکەیەوە دیارە لەدایکبووی سەردەمی گەشەی تەکنەلۆژیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکە کەئەمڕۆ ملیۆنان کەس لەسەرانسەری جیهان بەکاری دەهێنن.فەیسبووک بەو پێیەی کە ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ پەیوەندی گرتن بەکەسانی ترەوە لەسەرتاسەری دونیادا، بڵاوکردنەوەی بەرهەم و نووسینیشی بەو ڕادەیە ئاسان کردۆتەوە.مرۆڤ دەتوانێت لەماوەی چەند چرکەیەک هەر دەقێکی خۆی بیەوێت بگەیێنێتە بەر دیدەی هەزاران کەس.جا لەبەر ئەوەی گوزەرکردن

به نـاو ئەو تـۆڕە کـۆمەڵایەتییە گـوزەرکردنێکی خێـرایە، بـۆیە مەسـەلەی کـات گرنگـی پەیـدا دەکـات و ئەوانەی خەریکـی بڵاوکـردنەوەی بەرهەمـی ئەدەبـین هەوڵ ئەدەن بەرهەمەکانیـان کورت بن.

فەیسبووکەشیعر بەو شیعرە کـورت و مانـادارانە دەوترێت کە مـرۆڤ لەسـاتە وەختێکدا بە دەربڕینێکـی ناسـک و شـاعیرانە لە فەیسـبووکەکەی یـان پەیـجەکەی خـۆی دایـدەنێت کە هەنـدێکجار نـاوی شـیعری لێـدەنێت و هەنـدێکجاری تـریش ڕەنـگە نـاوی شـیعری لـێ نەنێت.دیـارە ئەم شـێوەیە ئەو کـۆپلە شـیعرانە نـاگرێتەوە کە بەشـێکن لە شـیعرێکی درێژتـر یـان کۆپلەیەکن لە قەسـیدەیەک.بەڵکو ئەو سـاتە هەناسـانە دەگـرێتەوە کە شـیعر ئەدات لەشەقەی باڵ و بۆ خۆی ئەفڕێ.

## تایبەتمەندییەکانی فەیسبووکە شیعر چین؟

فەیسبووکەشیعر وەک مۆبایلەشیعر تا ئەندازەیەک کورتە، بەڵام کـورتی و درێژییەکەشـی مەرجـدار نیـیە.ڕەنگە دوو دێـر بێـت و لەوانەشـە دە دێـر بێت.هەرچەنـدە فەیسبووکەشـیعر وەک مۆبایلەشـیعر و دێـرە شـیعر کـورتە و بـێ مەرج و بـێ هـیچ بنەمـایەکی تـایبەتی دەنووسـرێت، کەچـی لە ئەدەبـی کوردیـدا شێوازگەلێکی شیعری تر هەن کە کورتن بەڵام مەرجدارن وەک فـۆرمی تـاک و چوارینە.فەیسبووکەشـیعر بەپـێچەوانەی شـێوازەکانی تـری شـیعر کە مەرجـدارن بـۆ نمـوونە لە شـیعری ئینگلیزیدا وەک هایکۆ (کە لە بنچینەدا داهێنانێکی یابانییە)کە سێ

دێرە و تانکا کە پێنج دێرە و دایەمۆنت حەوت دێرە لیمیریک پێنج دێرە و سینکوەین پێنج دێرە و سۆناتا چواردە دێرە، هیچ ئاماژەیەک لەئارادا نییە بۆ ژمارەی دێر و بڕگەکانی.هەرچەندە ئەم شێوازانەی شیعری ئینگلیزی جگە لە هایکۆ (ئەویش بەبێ ڕەچاوکردنی بنەمای دێر و بڕگە)لەشیعری کوردیدا هەست بەبوونیان ناکرێت.بەڵام بە گشتی کورت بوون یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی فەیسبووکەشیعر چونکە شاعیر هەوڵئەدات ئەوەی مەبەستییەتی ئەیەوێ زۆر بەکورتی دەری ببڕێ و ئەزانێت ئەوانەی سەردانی پەیجەکەی ئەکەن کاتیان کەمە و فریای خوێندنەوەی شیعری درێژ ناکەون.لەفەیسبووکەشیعردا جار هەیە بایەخ بە شێوە دەدرێت و وبەڵام بە زۆری شێوە و مۆسیقای شیعر ئەو بایەخەی نییە و ئەوەی شاعیر مەبەستییەتی دەربڕینی ئەو هەستەیە کە ئەو ساتە تەنگی پێهەڵچنیوە و وەک هەورێک سێبەری خستۆتە سەر شاعیر.

تایبەتمەندییەکی تری فەیسبووکەشیعر ئەوەیە کە زۆرجار ئەو فەیسبووکەشیعرە لەگەڵ وێنەیەک کە ڕێک بێتەوە لەگەڵ مەبەستی شاعیر دائەنرێت و ئەمەش هەم لەڕووی دەرکەوتنەوە جوانە و هەمیش ئاسانکارییەکە بۆ سەرنجڕاکێش و حاڵیبوون لە مەبەست.فەیسبووکەشیعر هەندێکجار ناوونیشانی هەیە و هەندێکجار بێ ناوونیشانە.ڕەنگە بەگەڕان بەنێو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە سەدەها فەیسبووکەشیعر ببینین بەڵام من لێرەدا چەند نموونەیەک دێنمەوە کە دەستم پێڕاگەیشتوون و ڕەنگە زۆر شاعیری تر هەبن لەم فەیسبووکەشیعرانە جوانتریش بنووسن و من نەمبینیبن یان نەمتوانیبێت فریای هەموویان بکەوم.بەڵام مشتێ نموونەی

خەرمـــانێکە و ئەوانەی لێــرەش دەیــخەمە بەر دیــدە شـــایانی ئاوڕدانەوە و بایەخی زیاترن.

**چەند نموونەیەک لەفەیسبووکەشیعر**

سابیر سدیقی شاعیر لەپەیجی خۆی لەفەیسبووک دەنووسێت:

**وتی:**

**کەخۆر هەڵهات دێم بۆ لات**

**نەئەو هات و**

**نەخۆر هەڵهات**

لەتیف هەڵمەتی شاعیریش لە فەیسبووکەکەی دەنووسێت:

**کەدایکم مرد**

**لەڕێگای گۆڕستان**

**منداڵیم بزر کرد.....!**

لەم دوو نموونەیەی سەرەوە هەریەک لە سابیر سدیق و لەتیف هەڵــمەت بایەخیــان بەشــێوە داوە و هەوڵیــان داوە لەو هــێلە لانەدەن کە پێــی دەڵــێن شــیعر.بەڵام لەدوو نمــوونەی دوایــی ئەحمەدی مەلا وئارسـەر ئاری سـەرهەنگ ئەو بـایەخە بە شـێوە

نـــادەن.لەبری ئەوە نووســـەر مەبەســـتەکەی بـــۆ گـــرنگە کە لە شێوەیەکی هونەری دایبڕیژێت.

ئەحمەد مەلا لەپەیجەکەی خۆی ئەم فەیسبووکە شیعرە دەخاتە بەر دیدە:

**کتێبێکی هەزار لاپەڕەم بە**

**ڕووناکی کڕی**

**لەنێو تاریکی خوێندمەوە**

ئارسەر ئاری سەرهەنگ لەپەیجەکەی خۆی دەنووسێت:

**دڵم**

**وەک باران**

**تنۆک تنۆک**

**بۆ**

**یادەکانت دەگری**

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)یش لە پەیجەکەی خۆی دەنووسێت:

**تەڕەشوع**

**چەند دڵۆپە ئەوینێکی ڕەنگاوڕەنگم بەبنمیچی**

**ژوورەکەی دڵمەوە بینی**

**سەرەتا پێموابوو پەلکەزێڕینەیە و دائەبارێ**

**دوایی ڕوانیم لەسەرێ ڕا هەتا خوارێ**

**دڵ تەڕەشوعی کردووە و**

**عەشقی تۆی پیا دێتە خوارێ!**

سەلام محەمەدی شاعیریش لە پەیجی خۆی لە فەیسبووک دەڵێت:

**دارهەنار**

**ساڵەهایەکە شۆڕەژنێکم خۆشدەوێ**

**هەرگیز بە چاو نەمدیوە تەنیا بە دڵ دەیناسم**

**ساڵەهایەکە هەمیشە**

**ماچی مزری بۆ کۆدەکەمەوە**

**تا ئەم ئێوارەیە لە ئاوێنەدا تەماشای خۆم کرد**

**بینیم بوومەتە دار هەنار**

لەم دوو نموونەیەی عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) و سەلام محەمەدی شاعیر فەیسبووکەشیعر ناوونیشانی هەیە، بەڵام زۆربەی فەیسبووکەشیعرەکانیتر ناوونیشانیان نییە و بێ هیچ تایتلێک بڵاو کراونەتەوە.

ناسک حوسێنیش لەپەیجەکەی خۆی دەنووسێت:

**جگەرە ئەکێشم بەئاشکرا**

**مەی ئەنۆشم بەئاشکرا**

**تۆ لەناو دڵا ئەشارمەوە**

**چەن ترسناکە عەشق!**

عەبدولموتەلیب عەبدوڵاش ئەم فەیسبووکە شیعرە لەگەڵ وێنەی ئەحلام مەنسور دادەنێت و لە مەرگی ئەو خانمە نووسەرە دەنووسێت:

**ئاسمان شپرزەیە**

**باران بەپەتێ**

**شۆڕ دەکاتەوە**

**کەس نییە**

**ئەحلام نەبێ**

کەژاڵ ئەحمەدیش لەپەیجەکەی خۆی دەنووسێت:

**چەند عاشقم... هەر ئەڵێی پرچی کچێکم کە تەڕوبڕ، هەمیشە ئاوی لێ بتکێ و هەرگیز وشک نەبێتەوە.**

بەڕێز تاسانیش لەپەیجەکەی خۆی دەنووسێت:

**پێکەنینم باڵی گرت و**

**فڕکەی کرد بۆ ئاسمان**

**کەسێ گەواهی نەدا**

**ڕۆندکم**

**نەبێ**

تەلعەت تاهیری شاعیریش لە پەیجەکەی خۆی لە فەیسبووک دەنووسێت:

**تۆم هەبێ**

**دنیا جوان دەکەم**

**پڵنگەکان لەبەتانی منداڵەکان دەردەکەم و**

**پڕی دەکەم لەجوجکەی خرپن**

غەمگین بۆڵیش لەپەیجی فەیسبووکەکەیدا دەنووسێت:

**من گەندەڵم**

**من دانی پیا دەنێم،**

**من دادپەروەر نیمە!**

**وەک یەک مەمکەکانت نامژم**

**هەمیشە زیاتر حەزم لە مەمکی چەپتە!**

**من دادپەروەر نیمە**

**من دانی پیا دەنێم:**

**(وەک وڵاتەکەم گەندەڵم!)**

زانـــا ســـامانی شـــاعیریش لەپەیـــجەکەی خـــۆی دەنووســـێت:

**لــــــــــــــــــە دڵــــــــــــــــــی منــــــــــــــــــدا**
**تەقینەوەیـــــــــــــەکی گــــــــــــەورە ڕوویـــــــــــدا**
**تێیــــــــدا چەنـــــــــدین قوربـــــــــانی لێکەوتـــــــــەوە**
**وەک کوشــــــــــــــــتنی عــــــــــــــــەزاب و**
**تیرۆرکردنــــــــــــــــی تــــــــــــــــەنیایی و**
**کوشــــــــــــــتنی خۆخواردنــــــــــــــــەوە**
**لــــــــــــــــــــــە منــــــــــــــــــــــدا**
**بوومەلەرزەیـــــەکی بـــــەهێز بـــــە ڕێختـــــەری عیشـــــق**
**ڕۆحمــــــــــــــــــــــی هەژانــــــــــــــــــــــد**
**زەرەرەکــــــــــــان دیــــــــــــاری نــــــــــــەکراون**
**بــــــــــــــــــــەڵام پێــــــــــــــــــــدەچێت**
**خۆشەویستی پشکی خۆی بەرکەوتبێت**

فەیسبووکەشـیعر وەک جـۆرێکی نـوێ لەشـیعر کە دەرئەنجـامی بـــارۆدۆخی ئەمـــڕۆی گەشـــەی تەکنەلۆژیـــا و تـــۆڕی کۆمەڵایەتییەکـانە بەتـایبەتی تـۆڕی کـۆمەڵایەتی فەیســووک، خەریکە پانتاییەک لەشیعری کوردی داگیر دەکات.ئەم جۆرە لە شـیعر کە کـورت و مانـادار بەفـۆرمی گونجـاو و هەنـدێکجار

وێنەدارە و ڕەنگە ناوونیشانی هەبێت،هاوتا و ڕێک دێتەوە لەگەڵ ئەم تێکچڕژان و یەکانگیربوونە سەراسەرییەی ژیان کە کات تیایدا بۆتە سەروەری گشت شتەکان.فەیسبووکەشیعر ڕەنگە لەداهاتوویەکی دوور یان نزیک جێگە بەهەندێ شێوازی باوی شیعر لێژ بکات و جێ پێی خۆی لە سەر بزووتنەوەیەک قایم بکات کە لە باباتاهیری عوریانەوە درێژ بۆتەوە تا ئەمڕۆ.

تێبینی: ئەم نموونانەی لەم کورتە وتارەدا هاتوون لەپەیجی کۆمەڵایەتی فەیسبووکی ئەو بەڕێزانەوە وەرگیراون.هەروەها ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی "نسێ"ی ژمارە ٣٩ی ساڵی ٢٠١٣ بڵاوبۆتەوە.

# ڕامانێک لە مێرگەکانی ئەزموونی نووسین لای سەلام محەمەد

عەشقی وشە یان سەرەتاکانی دەستپێکی دەقنووس لەڕووبەڕوو بوونەوەی وەرگردا

*"لەسەرەتاوە ویستم شیعر بنووسم چونکە کەوتمە داوی عەشقی وشەوە" دیلان تۆماس".*

کەمن ئەوانەی لەسەرەتادا لەعەشقی وشەوە دەستیان داوەتە نووسین.زۆرێک (ئەگەر لەم بڕیارەم نا ئینساف نەبم) ئەوانەی لەگەڵ یەکەم ساتی هەناسەی بانگەوازی ڕوانگەوە لە٢٥ی نیسانی ١٩٧٠  کەوتنە گانگۆڵکێی نووسین ئێستاشی لەگەڵدا بێت پێیان نەگرت چونکە لە عەشقێکی ترەوە دەستیان پێکرد.جا هەقیقەتەکە هەرچییەک بێت هیچ لەو تێڕوانینەی دیلان تۆماس ناگۆڕێت کە بەڕاستگۆییانە باس لە ئەزموونی خۆی دەکات.ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونەی تۆماس خودی نووسینەکان و شیعرەکانییەتی کە تا ئێستاش شیعری ئینگلیزی شانازی پێوە دەکات.ئەگەر وشە لای دیلان تۆماس چاوگی لەدایکبوونی عەشقێک بێت بۆ داهێنان، ئەی چاوگی داهێنان لای سەلام محەمەدی شاعیر چییە کە لەنێو ئەو قەرەباڵغییەی حەفتاکان و هەشتاکانی شیعری کوردی توانی جێ پێی خۆی

لەو ئاسـتانەیە بکـاتەوە و نەک هەر ئەمەش بگـرە تەکـانی بەرەو پێشەوەی پێ بدات؟ ئەوەی سەلام محەمەد لەهاونەوەکانی خۆی جیا دەکاتەوە شیعر و نووسینەکانییەتی، نەک شتێکی دی.چونکە پـێش هەمـوو شـتێک ئەوە دەقە شـیعرەکانن بە هەمـوو پێکهاتەکـانییەوە (هەر لە نـاوەڕۆک و زمـانەوە بیگـرە تـا دەگـاتە ڕیتمـی و شـێواز و میتـافۆر و لێکچوانـدن و..تـاد) بڕیـاردەری شـاعیربوون بەسـەر نووسـەرەکەیدا دادەبڕن.لێـرەوە دەتـوانین سـەلام مـحەمەد بخـوێنینەوە و قسـەی لەسـەر بکەیـن و ئەویـش هەر لێـــرەوە خـــۆی وەک دەقنووســـێک دەخــــاتە بەردەم خوێنەر(وەرگر).پەیوەندی وەرگرو دەقنووس لەئەدەبی کوردیی بەتێپەڕبـوونی کـات ئـاڵوگۆڕی بەسـەردا هاتووە.لەسـەرەتای حەفتاکـانی سـەدەی ڕابـردوو خـودی ئەو پەیوەنـدییە یەکـلایەنە بووە.واتـا دەقنـووس لەڕێگەی دەقەکـانییەوە جـا چ چیـرۆک بێت یان شیعر ئەرکی بەخشـین بووە و وەرگریش جگە لەوەرگرتن کارێکی تری لەئەستۆ نەبووە.ئەم دۆخە ڕۆڵی هەبوو لەپێناسـەی دەقنووس و وەرگر و پەیوەندییەکانیان.هاوکێشـەی دەقنووس و وەرگـر هاوکێشـەیەکی بەپارسـەنگ نەبـووە و ئەرکـی گەورە لەسەر دەقنووس بووە و کارە سادەکانیش لەسەر وەرگر.ئەرکی وەرگر نەگەڕان بووە و نەپرسیارکردن.وەک چۆن دەقیش بەلای پرسیارکردنەوە نەچووە.وەرگری کورد لە دوو دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان تا ئەو شـوێنە مانـای قەبووڵ بووە کە وەک پیـازی پـاککراو خـرابێتە نـاو دەسـتی و پانتـایی گومانەکـانی نـاو دەق سڕابێتەوە.وەرگر لەو بڕگە زەمەنییە پرسـیارکردنی لەسـەر دەق بەلاوە گرنــگ نەبــووە جــگە لە جــێ و شــوێنی نووســەر لە جیهانبینی وەرگردا.کاک سەلام لەو هەلومەرجەوە سەرهەڵدەدا و

دێـــته پێشـــەوە.ئەو لە شەســـتەکانەوە دەنووســـێت، بەڵام لە حەفتاکانی سـەدەی بیستەمدا نووسین و بەرهەمە شیعرییەکانی بڵاو دەکاتەوە.سـەرەتا زۆر چـالاک و گەرموگوڕ دێتە مەیدان و لە زۆربەی کـۆڕە شـیعرییەکانی کەرکـووک بەشـداری دەکـات و هەروەهـا دەنگــی وی لە زۆربەی گۆڤـار و بڵاوکراوەکـانی ئەو سەردەمە وەک ڕۆژنامەکـانی هاوکـاری و برایەتـی و بیـری نوێ و گۆڤارەکـانی ڕۆشـنبیری نـوێ و بەیـان و ڕۆژی کوردسـتان و پاشــکۆی عێــراق بیســتراوە و شــیعر و نووســینی تیــا بــڵاو کردۆتەوە و دواتر ڕەوتـی نالەبـاری ژیـان بەملاوبەولایدا دەدا و دواجار لەوڵاتی سویدی بەفرنشین نیشتەجێ دەبێت.

ســەلام مــحەمەدی شــاعیر لەکۆتــایی شەســتەکان و ســەرەتای حەفتاکانـدا گەنجێکـی خـوێن گەرم و چـالاک، زیـرەک و بەئاگـا لە دەوروبەر و هوشیار بەمەعریفەیەکی قووڵ، هەستیار بۆ کێشـەی میللی کوردو مافی چارەنووسی کورد، عاشق بەمانا فراوانەکەی عەشــق، ئەم گەنــجە ســـەرەتا دەکەوێــتە چنینــی ڕایەڵەکـــانی پەیوەنــدی خــۆی لەگەڵ ڕۆشــنبیران و ئەدیــب و نووســـەرانی شاری کەرکووک بەکورد و عەرەب و مەسیحییەوە و دواتریش ڕایەڵەکە ژمارەیەکی بەرچـاو لە نـاوە گرنـگ و هەرە چالاکەکانی ئەدیبـان و نووســـەرانی کـورد دەگـرێتەوە.هەر لە بەغـداوە تــا دەگاتە سلێمانی و هەولێر و دهۆک.ئەم شاعیرە گەرچـی سـەرەتا لەژێـر کـاریگەری گـۆران هەردی و کـامەران مـوکری دەسـت بە نوسین دەکات، بەڵام لەسەروبەندی بەیاننامەی "ڕوانگە" ئەمـیش بەتونـدی پشـتیوانیان لێدەکات.کاک سـەلام لەبنەڕەتـدا ڕوانگەیـی نەبـــوو، بەڵام ڕوانگەییەکـــان بەنـــوێنەری خۆیانیـــان دەزانـــی لەکەرکـووک.ئەم شـاعیرە بە شـێوازێکی تـایبەتی خـۆی خەریکـی

نوێکاری دەبێت و لەهەر کۆڕو  کۆمەڵێک بەشیعرەکانی خۆی دەناسێنێت.کاتێک شیعر بۆ لەتیف حامیدی چیرۆکنووسی جوانەمەرگ دەخوێنێتەوە، کاک لەتیف حامید پێیدەڵێت" من وام زانی یەک لەتیف هەڵمەتمان هەیە، نەمزانی دوانمان هەیە".کاتێکیش بەنیازە یەکەمین دیوانی شیعریی"دڵی کوردستان" چاپ بکات کە بە شێوازی کێش و سەروا نووسیونی، کەزۆربەیان لاساییکردنەوەی شیعرەکانی گۆران و هەردی و کامەران موکری بوون، لە شاری بەغدا سەلاح شوان و جەلالی میرزا کەریم دوای گوێ بیستبوون بۆ چەند دەقێکی نوێی کاک سەلام،پەژیوانی دەکەنەوە کە ئەو کۆشیعرە لەسەر خۆی نەکاتە ماڵ چونکە خاوەنی گەلێک دەقی شیعریی نوێی جوانە.کاک سەلام یەکەمین شیعری بەناوی(خەونی چاو) لەساڵی ١٩٧٠ لەرۆژنامەی هاوکاری بڵاو دەکاتەوە.پاشانیش بەبەردەوامی و بەچڕی بەرهەمەکانی خۆی لەشیعر و چیرۆک و وتار لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کات بڵاو دەکاتەوە.کاتێکیش لەبەغدا لەزانکۆ دەخوێنێت، کێرڤی چالاکییە ئەدەبییەکانی کاک سەلام بەرەو سەر دەچێت.ئەو سەرباری ئەوەی ئەدیبێکی پڕ بەرهەم و نوێکار بوو، لەهەمان کاتیشدا ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت و لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت و لەکۆڕە ئەدەبیی و رۆشنبیرییەکاندا وەک دەنگێکی جوان و نوێکار دەردەکەوێت.سەلام محەمەد وەک کادیرێکی بەرجەستەی پارتی شانبەشانی جەلالی میرزا کەریم و سەلاح شوان و عەبدولوەهاب تاڵەبانی و ئەنوەر جاف و فەرهاد شاکەلی و عەبدوڵا عەباس  رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بە رۆژانە کردنی برایەتی کە وەک رۆژنامەیەکی رۆژانە ٢٥

ژمارەی لێ بڵاو دەکەنەوە.ئەمەش بۆ ئەو سەردەمەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بایەخی مێژوویی و سیاسی تایبەتی خۆی هەیە.سەلام محەمەد چەندجارێک هەوڵی چاپکردنی شیعرەکانی داوە بەڵام خەمساردی خۆی لەلایەک و هەلومەرجی سیاسی و ئابووری لەلایەکی تر زەمینە خۆشکەر نەبوون بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.ئەگەر ئەو خەمساردییەی شاعیر نەبوایە ڕەنگە ئێستا سەرجەم بەرهەمەکانی کاک سەلام محەمەدمان لەبەردەست بووایە.بەڵام هێشتا ئەمە نەیتوانیوە ڕۆڵی پێشڕەوانەی کاک سەلام لەبزووتنەوەی شیعریی کوردی کاڵ بکاتەوە.سەلام محەمەد وەک چۆن لەسەرەتاوە وەک دەنگێکی جیاواز هاتە مەیدان، بەبڕوای من سەرباری دوورکەوتنەوەی لەگۆڕەپانی شیعری کوردی بۆ ماوەی زیاتر لە پانزە ساڵ تا ئێستاش هەر ئەو دەنگە جیاوازەیە و توانیویەتی ئەو دەنگەی خۆی بپارێزێت.

## هەڵکۆڵین لەسەر پەیکەری ئایدێندتی دەقنووس

ئەم پەیکەرەی لەبەردەستمدایە و بەنیازم وێنەی سەلام محەمەدی لەسەر هەڵکۆڵم، لەڕاستیدا بەر لە من کاک سەلام خۆی بە زیاد لە بۆنەیەک و زیاد لە نووسینێک ڕۆچۆتە نێو وردکاری ژیان و ئەزموونی خۆی.منیش بە کەڵک وەرگرتن لەو نووسینانە و هەروەها لەئەنجامی چەندین گفتوگۆی تەلەفۆنی و دەیەها ئیمەیڵ هەوڵمدا پەیکەری کاک سەلام بەم شێوەیە دابتاشم.ئەم بەشە ڕەنگە هەندێک زانیاری دووبارە بووەوەی تێدا بێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵێک وردکاری تێدایە کە

ڕەنگە لەهیچ کام لەنووسینەکانی کاک سەلام ئەو وردکارییانە نەبینرێن.سەرەڕای ئەمەش لەم نووسینەمدا فەرامۆشکردنی ئایدێندتی نووسەر بەکەلێنێکی گەورە دەبینم.بۆیە سەرباری دووبارەبوونەوەی هەندێک زانیاری من وای بەچاک دەزانم بەم هەڵکۆڵینە لەسەر پەیکەری دەقنووس ئەم کەلێنە پڕ بکەمەوە.قسەکردن لەئەزموون، قسە کردنە لە سەرجەم پرسیار و ئەگەر و شیمانەکان.هەڵکۆڵینی چاڵە سەربەستراوەکانی نێو زەمەنی ڕابردووی ژیانە کە لەپەنا و پەسێوەکانی نێو یادەوەری مرۆڤدا هەن و پڕن لە نهێنی و زانیاری.دەرخستنی ئەو زانیارییانە کەڵک بەخشن و پێموایە دەبنە هۆی دیارخستنی ڕووی ئەو ئەزموونە ئەدەبییەی کاک سەلام.

سەلام محەمەد لەساڵی ١٩٥٤لە گوندی کارێزەی سەر بەناحیەی شوان لە شاری کەرکووک لەدایک بووە.باوکی کاک سەلام سەرەتا مەلا بووە و دواتر دەبێتە مامۆستا.سەلام محەمەد لەساڵی ١٩٦٠ لای باوکی فێری خوێندن و نووسین دەبێت و دوای ئەو ساڵە خوێندن دەبێتە عەرەبی و ئیتر کاک سەلام هەر بەعەرەبی درێژە بەخوێندن دەدات.پێش بەیاننامەی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، کاک سەلام کەلەپۆلی سێی ناوەندی دوبز دەبێت سەرقاڵی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان دەبێت لە دوبز و تەنانەت پێش یانزەی ئازاری ئەو ساڵە بۆ ماوەی چەند مانگێک لەگەڵ هەریەک لە محەمەد جەمیل قەشقەیی و سەعدی خەلیل دەبنە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاتی مفاوەزاتی بەیاننامەی یانزەی ئازاریش ئەمیش دەگەڕێتەوە شارۆچکەی دوبز.

سـەلام مـحەمەد لەگەڵ دامەزرانـدنی یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد لقـی کەرکـووک لەسـاڵی ١٩٧٠ دەبێـتە ئەنـدامی ئەو یەکێتیـیە و دەبێتە گەنجترین ئەندام لەمێژووی یەکێتیی نووسەرانی کورد کەبەهەر هـــۆیەک بێـــت لە شـــانزە ســـاڵیدا بەئەنـــدام وەریـدەگرن.هەروەها لەلیـژنەی ڕۆشـنبیری یەکێتیـی نووسـەران لەگەڵ هەر یەک لەبەڕێـزان عەبـدوڵا سـەراج و فوئـادی تـاهیر ســدیق و لەتیــف هەڵــمەت چالاکــانە بەو تەمەنە کەمیــیەی ئەوسـایەوە کە شـانزە سـاڵان بـوو ڕۆڵـی بەرچـاوی گێـڕاوە لە ســازدانی چەنــدین کــۆڕی ئەدەبــی ســەرکەوتوو کە بــایەخی ڕۆشـنبیری گرنگیـان هەبـوو لەشـاری کەرکووک.کـاک سـەلام لەزۆربەی کـۆڕە شـیعرییەکانی یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد لقـی کەرکــووک بەشــداری دەکــات.دواتریش دەســت دەکەن بە بڵاوکـردنەوەی گۆڤـاری گزنـگ، کەبەداخەوە تەنهـا یەک ژمـارەی بەشـێوەی کتێـب لـێ چـاپ دەکەن، چـونکە حکـومەتی ئەوسـای عێـراق ڕێـگە بە دەرکردنــی هــیچ گۆڤــارێکی ئەدەبــی نــادات لەکەرکووک.ســەلام مــحەمەد هەر لەســاڵی ١٩٧٠ یەکەمــین بەرنامەی یەکێتیی نووسـەرانی کـورد لقـی کەرکـووک بەیـارمەتی عەبدوڵا سەڕاج و محەمەد مـوکری لە تەلەفیزیـۆنی کەرکووکەوە پێشـکەش دەکات.سـاڵی ١٩٧١ یەکەمـین چـاوپێکەوتنی لەگەڵـدا سازدەکرێت کە کۆچکردوو جەلالـی میـرزا کەریـم سـازیدابوو و لەلاپەڕەی ئەدەب و ژیـــــانی ڕۆژنـــــامەی هاوکــــــاری بڵاوکرایەوە.ســاڵی ١٩٧٢ یەکێتیــی نووســەرانی کــورد لقــی کەرکووک کۆڕێکی گەورەی شیعری بۆ ژمـارەیەک لە شـاعیرانی کەرکـووک لەهـۆڵی ئامـادەیی ئیمـام قاسـم سـاز دەکـات و کـاک سەلامیش شانبەشـانی هەریەک لە بەڕێزان کۆچکردوو مـحەمەد

موکری و فەرەیدوون دەلۆ و ئیسماعیل ڕۆژبەیانی و خەلیل خوێناوی (ئەمەیان شیعری کلاسیکی دەنووسی)و ڕەئوف هەمەوەندی، بەشیعری "نا، من تەنها بەنان ناژیم" بەشداری دەکات و دواتریش هەر لەبەر کاریگەری ئەو شیعرە قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەیی "چەمی ڕێزانی کچان" سێ کتێبی بەدیاری دەدەنێ کەیەکێکیان کتێبێکی نەزار قەبانی شاعیری بەناوبانگی عەرەب بوو.کاک ڕەزا شوان سێ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاک سەلام محەمەددا ساز دەکا یەکێکیان تایبەت دەبێت بە کاک سەلام و ئەزموونی شیعریی ئەو، بەڵام دووانەکەی تر (کاک سەلام و کاک لەتیف هەڵمەت)و (کاک سەلام و کاک حەسەن جاف) دەبێت.جگە لە شیعر کاک سەلام هەم لەبواری نووسینی چیرۆک و هەمیش لەبواری وتاری ڕەخنەیی پڕ بەرهەم بووە و ئەسپی خۆی تاوداوە.یەکەمین نووسینی ڕەخنەیی کاک سەلام لەساڵی ١٩٧٢ لەڕۆژنامەی هاوکاری بڵاو بۆتەوە و دواتر شاعیری شەهید جەمیل ڕەنجبەر لەسەری نووسیوە و پاشان کاک سەلام وەڵامی داوەتەوە. هەروەها کورتە نووسینێکی لەگۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بڵاو کردۆتەوە بەناوی(شیعر شەقشەقەیە) و دوو سێ نووسەر لەسەریان نووسیوە.هەروەها نووسینێکی تری ڕەخنەیی بەناوی( شیعر بەهرەیە) لەڕۆژنامەی هاوکاری بڵاو کردۆتەوە کەدەربارەی نووسینێکی چیرۆکنووس غەفور ساڵح عەبدوڵا بوو.جگە لەمانەش کۆمەڵێک وتاری ڕەخنەیی لە پاشکۆی عێراق بڵاو دەکاتەوە کە یەکێکیان دەربارەی کۆشیعرێکی کاک لەتیف هەڵمەت بوو بەناوی(ئامادەبوون بۆ لەدایکبوونێکی تر).هەروەها وتارێکی ڕەخنەیی بەناوی" ڕوخسار و ناوەڕۆک لەشیعری نوێی کوردیدا"

لەپاشــکۆی عێــراق بــڵاو دەکــاتەوە و بــێجگە لەمەش وتــاری (زیـادەڕۆیی کۆمیدیا لە ئیبراهیم زەبـۆکی عەزیـز نەسـیندا" کەلە گۆڤـاری ڕۆژی کوردسـتان بـڵاو دەکاتەوە.سـەرباری ئەمـانەش بەزمانی عەرەبیش یەکەمین نووسەری کورد بووە لەڕۆژنـامەی العراقی عەرەبیدا نووسـینێکی درێژی سـەبارەت بە کۆشـیعرێکی کـاک سـەڵاح شـوانی شـاعیر (دڵدارەکەم گەواڵە هەورێکـی پـایزە نییە- حبیبتي لیست سحابة خریفیة) بڵاو کردۆتەوە.ساڵی ١٩٧٢ –١٩٧٣ نووسـەران و شـاعیرانی ڕوانگە و دەرەوەی ڕوانگەش بەیاننـــــامەیەک بـــــڵاودەکەنەوە بە ناونیشـــــانی ( ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن ) کە لە ڕۆژنـامەی هاوکاری بڵاوکرایەوە و لە سەر ئەو بانگەوازە بۆ ماوەیەک ڕۆژنامەکە داخرا.

سەلام محەمەد بە گەرمی پشتگیری لەو بانگەوازە کرد و لە ناو شـاری کەرکووکـدا بە هەمـوو لایەکـدا بـڵاوی کـردەوە تـا ئەو ئاستەی چەند جارێک هەندێک مەلا هاتنەماڵیان بۆ لای باوکی و شکاتیان لێکرد گوایە سەلام شوێنی کافرەکان کەوتووە و لە نـاو شـاردا پرۆپاگەنـدەیان بـۆ دەکـات.هەر بەو هۆیەشـەوە لە ترسـی هێرشــی مەلاکـان مـاوەیەک لە کەرکـووک دوور دەکەوێـتەوە و دەچێتە ماڵی سەڵاح شوانی هاوڕێی لە بەغدا.

سـاڵی ١٩٧٣ بـۆ خوێنـدن دەچێـتە بەغـدا و لەزانکـۆی بەغـدا، لەکۆلیژی(القـانون و السیاسـة) وەردەگیرێت.کـاک سـەلام لەیەک کاتدا هەم قوتابی و هەم ئەدیبێکی چالاک و پڕ بەرهەم دەبێت و ئەوکات لەزۆربەی ئاهەنگەکانی شاری بەغدا لەدوای هونەرمەند ڕەفیـق چـالاک عەریـف حەفـلە بـووە.ئەم عەریـف حەفـلەیەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەنگێکی خۆشـی پێوە بووە و تـا

کـار گەیشـتۆتە ئەوەی کە خـۆی ئامـادە بکـات بچێتە ئێـزگەی کوردی لە بەغدا و گۆرانی تۆمـار بکـات، بەڵام لەتیف حامیـدی چیرۆکنـووس ساردی دەکـاتەوە و پێـی دەڵێت" لەکـوردا دەنـگ خۆشـــمان زۆرە و دەتـــوانن وەک تـــۆ گـــۆرانی بچـــڕن، بەڵام شـاعیری وەکـو تۆمـان زۆر کەمە کەبتوانێـت بەو جـۆرەی تـۆ شـیعر بنووسـێت" ئەمـیش سـارد دەبێتەوە و مەسـەلەی گۆرانی وتـن لەخەیـاڵی خـۆی دەسـڕێتەوە.لەبەغداش لەچەنـد کـۆڕێکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی و بەشی کوردی زانکۆی ئاداب بۆ شیعر خوێندنەوە بەشدار بووە.ساڵی ١٩٧٤ بەو پێیەی کە ئیلقای شـیعری جـوان بـوە عەریـف حەفلـی دوو ئـاهەنگی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان کـردووە لەبەغدا.هەروەها عەریـف حەفلی ئـاهەنگی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان دەبێـت لەزانکـۆی موستەنسرییە و شـیعری "کـاروانی خـوێن" دەخـوێنێتەوە.محەمەد مـوکری کـۆچکردوو دوای خوێنـدنەوەی شـیعرەکە پێیـدەڵێت" تـۆ قەدری خۆت نازانی ئەگینا لە شـێرکۆ بێکەس شـاعیرتری".لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان کورد و حکومەتی بەعس لەساڵی ١٩٧٤، کـاک سـەلام وەک هەزاران ڕۆڵەی تـری ئەم مـیللەتە دەچێتە ڕیـزی شـۆڕش و سـەنگەری کـوردەوە.ئەو شـاعیرە لاوە لەوپەڕی دڵسـۆزی خـۆی بـۆ خەڵکـی زوڵملێکـراوی کـورد و کوردسـتان ئامـادەیی هەر جـۆرە سەرکێشـی و موجـازەفەیەک (کـاری شۆڕشـگێڕانە) دەردەبڕێـت و سیاسـەتی نادروسـتی ئەوسای سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد ئەم شـاعیرە دڵسـۆزەمان دووچـاری گەلێـک تەنـگ و چەڵەمە و ڕووبەڕووی جۆرەهـا مەترسی دەکەنەوە و دواتریش بەدرێژایی چەندین ساڵ شـاعیر باجی ئەو سیاسەتە نا تەندروستەی ئەوسای شۆڕشی کوردی

داوەتەوە.دوای هەرەسی ئەو شۆڕشە کاک سەلام وەک هەزاران کەسی تر دەگەڕێتەوە شاری کەرکووک و دەست دەکاتەوە بە خوێنــدن و چــالاکییە ئەدەبییەکانی.لەســالّی ١٩٧٦ یەکێتیـی نووسەرانی عێراق کۆڕێکی بۆ شیعری نوێی کوردی ساز کرد تیایدا کاک سەلامیش لەگەڵ هەریەک لە شاعیران شێرکۆ بێکەس و ڕەفیـق سـابیر و ئەنـوەر جـاف و سـەلاح شـوان و عەبـدوڵا عەباس بەشدار دەبێت.ساڵی ١٩٧٧ لەدیداری یەکەمی چیرۆکی کوردی لە سەری ڕەش بەشدار دەبێت و ساڵی ١٩٧٨خوێندن تەواو دەکا و دەبێتە پارێزەر.کاک سەلام ماوەیەک لەگەڵ کاک عەبدولڕەحمان مستەفا(پارێزگاری پێشووی کەرکووک)خەریکی کاری پارێزەری(محاماة) دەبێت و ئینجا وەک خۆی دەڵێت دواتر وازی لەکـاری پـارێزەری هێنـاوە و بە مشـاور قـانونی لە فەرمـانگەی (مشـروع ري كركوك) دامەزراوە.هەر لەوساڵە واتە ١٩٧٨ دەبێتە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد.ساڵی١٩٧٧ کورتەچیرۆکی ڕەشەڕاو دەنووسێت و لەگۆڤـاری بەیـان بـڵاوی دەکـاتەوە.هەر لەدەیەی حەفتاکـان دوو بـابەت لەبـارەی ئێـدگار ئـاڵن پـۆی نووسـەری ئەمریکی لەڕۆژنامەی هاوکاری بڵاو دەکاتەوە بەناوی" ئێدگار ئـاڵن پـۆ و ئەو گرانەتـایەی بەژیـان نـاو دەبرێت".سـاڵی ١٩٨٠ لەدیداری شیعری کوردی لەهەولێر بەشدار دەبێت و شیعری "بـارانی ڕەنگاوڕەنـگ"دەخوێنێتەوە کە خەریـک بـووە تووشـی گێچەڵێکی گەورە بێت لەسـەر ئەو شـیعرە.ئیتر لەو سـاڵە ١٩٨٠ نـاوی سـەربازی دێـت و بەسـەرهات و حیکـایەتە تاڵەکـانی خۆشـاردنەوە و فیـراری دەست پێدەکەن.سـاڵی ١٩٨١ ئەنـدامی دەسـتەی دامەزرێـنەری گۆڤـاری نووسـەری کوردسـتان بـوو

لەشاخ و ئیتر بارودۆخ و هەلومەرجی نالەباری ژیان دەیداتە دەم بەرداشی سەفەر و ماڵئاوایی، لەوێشدا و لەبەردەم توولەڕێگاکانی هات و نەهاتی دەیەی هەشتاکاندا خەمی کاک سەلام هەر خەمی ئەدەب و شیعر دەبێت.بەڵام دواتر لەبری گوزەرانێکی نۆرماڵ، هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە و جەنگی عێراق و ئێران دۆزەخێک بۆ مرۆڤەکان دادەخەن کە کەس نەتوانێت ژیانێکی نۆرماڵ بژی.لەم نێوەشدا سەلام محەمەد گرفتاری فیراری و خۆشاردنەوە دەبێت و بڕگە زەمەنە تاریکەکانی ژیانی دەست پێدەکات.کاک سەلام لەگەڵ لەتیف هەڵمەت نێوانیان زۆر خۆش دەبێت بەڕادەیەک لەسەر لابردنی ناوی لەتیف هەڵمەت بۆ خوێندنەوەی شیعر لەمیهرەجانی یەکەمی شیعریی کوردی لەساڵی ١٩٧٢ کە لەهۆڵی سینەما سەلاحەدین لە کەرکووک بەڕێوەچوو، کاک سەلامیش هەڵوێستی وەردەگرێت و دەڵێت "مادام لەتیف هەڵمەت شیعر ناخوێنێتەوە، منیش نایخوێنمەوە".هەر لەو ساڵە واتە ساڵی ١٩٧٢ بەیارمەتی عەبدوڵا سەراج و هاوڕێیەکی کەلە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکووک کاری دەکرد دە نوسخە لە کۆمەڵەشیعری(ژانی ئەرخەوان) تاپی دەکەن و بەڕۆنیۆ ڕادەکێشن و بڵاوی دەکەنەوە.کاک سەلام دەڵێت ئەمە یەکەمین کۆمەڵە شیعریی چاپکراوم بووە لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکووک چاپکراوە و بڵاو بۆتەوە.زۆرجار لەکۆتایی دەیەی حەفتاکان لەبەردەم کتێبخانەی ئاسۆ لەشەقامی جمهوری لە کەرکووک سەلام محەمەد لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا دەکەوتنە باس و خواسی ئەدەبی و شیعر خوێندنەوە و خوێنەران و ڕۆشنبیرانیان لەدەوری خۆیان کۆ دەکردەوە.لەکۆتایی

حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو، كاك سـەلام لەگەڵ سەلاح شوان"ی شاعیردا بەرنامەی "كاروانی ڕۆشنبیریی" لە ڕادیۆی كوردی بەغداوە پێشكەش دەكەن.

كـــاك ســـەلام ســـاڵی ١٩٨١ دەبێـــتەوە بەپێشـــمەرگە، بەڵام ئەمجارەیـــان دەبێـــتە پێشـــمەرگەی یەكێتیـــی نیشـــتمانی كوردستان.لەناوزەنگ كەشوێنی سەركردایەتی یەكێتیی نیشتمانی كوردســتان بــوو، كــاك ســەلام لەگەڵ بورهــان قــانع و حەمەی حەمەبـاقی و گەلێكـی تـر، درێـژە بەو پەیـامە دەدەن كەبڕوایـان پێیەتی.لەوێـدا بەجیـددی خەریكـی كـاری ئەدەبـی و فەرهەنگـی دەبێت.هەر لەو سـاڵە واتە سـاڵی ١٩٨١ كـۆمەڵە شـیعری" هەڵـۆ سوورەكانی قەندیل" بـڵاو دەكـاتەوە كەلەبڵاوكراوەكانی دەزگـای چـاپ و بڵاوكـردنەوەی یەكێتیـی نیشـتمانی كوردسـتان بـوو.وە لەهەمـان سـاڵ لەناوەنـدی كـۆمەڵەی ڕەنجـدەرانی كوردسـتان لە ناوزەنــگ ئــاهەنگێكی گەورە ســازكرا بــۆ پێنجەمــین ســاڵیادی شەهیدان شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر كە تا ئەوكاتە ئاهەنگی وا گەورە سازنەكرابوو.سـەلام مـحەمەد و ئەرسـەلان بـایز عەریـف حەفلـی ئـاهەنگەكە بـوون و هەر لەو سـاڵە ١٩٨١ لە نـاوچەی مــالیمۆس كەدەكەوێـتە نێـوان تـوژەڵە و گونـدی كـانی زەردی كوردستانی ئێران كۆڕێكی جەماوەری بۆ پێشمەرگە و سـەربازە هەڵاتووەكـان ســازكرا و لەو كـۆڕەدا كـۆچكردوو هونەرمەنـدی دەنگخـۆش حەمە جەزا بەگـۆرانی و كــاك ســەلام محەمەدیـش بەشیعر بەشداری دەكەن.جگە لەمانەش كاك سـەلام وەك خـۆی لەنامەیەكدا بـۆی نووسـیووم، دەڵێـت" مـن كتێبێكـی گـرنگم هەیە باسم نەكردووە ئەویش كۆكردنەوەی نامەی ئەو شـەهیدانەیە كە لە زینـدانەكانی عێـراقەوە بـۆ كەسـوكاریان نـاردووە هەمـوو

نامەکـان بەر لە سـێدارەدانیان نووسـراون.من لە ١٩٨١ لە سـەر پێشنیازی کاک نەوشیروان مستەفا کە ئەوسا سکرتێری گشتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو دەستم بەو پرۆسەیە کرد و وەکـو دەستپێشـکەری چەنـد نـامەیەکی لای خـۆی هەڵگرتبـوو دایـانی بە من.مـام جەلایـش ئاگـاداری پرۆسـەکە بـوو تەنـانەت جانتایەکی نوێی بە دیاری پێدام تا نامەکانی تیادا هەڵگرم و وتـی هەر وەختێـک کـارەکەت تەواو بـوو خـۆم پێشـەکییەکی بـۆ دەنووسـم.دەیان نـامە و دیکـۆمێنتم بە یـارمەتی ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کۆکردەوە و پاکنووسـم کـردن بەڵام پـێش چـاپکردنی کتێبەکە لە ڕیزەکـانی یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتان نەمـام و بەر لە ڕۆیشـتنم چـووم بـۆ لای کـاک ئەرسـەلان بـایز لە نـاو کۆبـوونەوە بـوو هەمـوو نامەکـانم بە ئەمـانەتەوە دایە دەسـتی ئەو پـاش ئەوەی ئاگـادارم کـردەوە کە مـن دەڕۆم و هیـوادارم چـاپی بـکەن و هیچـی نەمـاوە و ئامادەیە.ئەوەبوو کتێبەکە چاپکرا بەڵام ئاماژە بۆ ئەوە نەکرابوو کە لە کۆکردنەوە و ئامـادەکردنی مـن بـووە ئێتـر سیاسـەت وایە هەر لایەنە نێگەتیڤەکە دەگرن و بە لای چاکەکاندا نـاچن." سـاڵی ١٩٨٢ دەڕواتە ئێـران و لەوێ چـاوی بە مـام هەژاری شـاعیر دەکەوێت و لە سوریاش هەر لەهەوڵی بەدیهێنانی ئەو خەونانەی دەبێت کە داگیری کردوون و پاشانیش لە ئەڵمانیـا لەبری گەڕان و سـوڕان و ڕابـواردن، کـاک سـەلام لەکتێبخـانەکەی بەرلـین و شانبەشـانی دکتـۆر کەمـال فوئـاد (شاسـوار)خەریکی نووسـین دەبێت لەسـەر گەلی باسک لەئیسپانیا و بەرهەمەکەشی بە دوو بەش لەدوو ژمـارەی گۆڤـاری چـریکەی کوردسـتان بـڵاو دەبێتەوە.کـاک سـەلام لەئیمەیلێکـدا بـۆم دەنووسـێت" لە سـاڵی

١٩٨٢ لەگەڵ دکتـــۆر کەمـــال فوئـــادا لێکـــۆڵینەوەیەکی دوور و درێـــژی هاوبەشـــمان دەربـــارەی نەتەوەی باســـک لە ئیســـپانیا نووسیوە کە تیایدا هەوڵمان دابوو لەیەکچوونەکانی نێوان کورد و باسک ڕوون بکەینەوە و دێتەوە بیرم لە کتێبخانە گەورەکەی بەرلینی ڕۆژئاوای ئەوسا دوو قۆڵی کارمان تیادا کردووە.پاشـان کاک کەماڵ ناردبووی بۆ مامۆستای ڕەحمەتی ئیبراهیم ئەحمەد لە لەندەن و لە ژمارە سێی(٣) گۆڤاری چریکەی کوردستاندا کە مامۆسـتا بـرایم خـۆی سەرپەرشـتی دەکـرد بڵاوکـراوەتەوە.من خۆمیش ئەو ژمارەیەم نەکەوتۆتە بەرچاو بەڵام ساڵی پار بەڕێز کاک نەوزاد عەلی ئەحمەد لە فەیسبووک ئاگاداری کردمەوە کە ئەو ژمارەیەی گۆڤاری چریکەی کوردستانی هەیە گفتیشی پێدام بە وۆرد بـۆمی بنێرێت، چـونکە ئەویـش خەریکـی کـۆکردنەوەی بەرهەمەکـــانی دکتـــۆر کەمـــالە کە لەو نووســـینەدا نازنـــاوی شاسـواری بـۆ خـۆی هەڵبـژاردووە." سـەلام مـحەمەد لەوێشـدا لەبەر بـاری نالەبـاری ژیـانی پەناهەنـدە ناچـار دەگەڕێـتەوە بـۆ عێـراق.و دواتـر ژیـانی شـاعیر لەنێـوان سـەربازی و فیـراری و زیندانـدا دابەش دەبێت.سـاڵی ١٩٨٥ چیرۆکـی "گـرێ کـوێرەی مەرگ" لە گۆڤـاری کـاروان بـڵاو دەکاتەوە.سـاڵی ١٩٨٨ یـش بەیـارمەتی ئەمینـدارێتی گشـتی ڕۆشـنبیری و لاوان کـۆمەڵە شیعری " دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە" بڵاو دەکـاتەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت و ئینجا دوای زیـاتر لە پانزە ساڵ گۆڤاری هەنار "دیوانی سەلام محەمەد" لە ٢٠٠٩ چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

ســـەلام مـــحەمەد یەکێـــک بـــووە لە نووســـەرە نوێخوازەکـــانی کەرکووک کە شانبەشانی لەتیف حامید و لەتیف هەڵمەت وەک

بزوێنەرێکی بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کەرکووک چالاک و هەڵسوڕاو بووە.کاک سەلام هەر لەسەرەتاوە لەژێر کاریگەری چەند ڕەوت و بۆچوونی جیاجیا بووە.وەک بیروباوەڕی سیاسی ئەوسای واتە سەرەتای حەفتاکان کەهەڵسوڕاوێکی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە و دواتریش ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.لەڕووی ئەدەبییەوە کاریگەری هەژموونی گرووپی کفری(نووسەرانی شاکەل) و بزووتنەوەی ڕوانگەی پێوە دیار بووە، لەملاشەوە هاندانی چیرۆکنووس جەلیل قەیسی کەهەوڵی دەدا سەلام محەمەد لەژێر هیچ کاریگەرییەکدا نەبێت.ئەوە ڕاستە کاک سەلام پارتی بوونەکەی لەدڵسۆزی کوردبوونەوەکەیەوە بووە.هەر بۆیە لەجەرگەی شۆڕشی ئەوسای کورد(کە من بڕوام وایە شۆڕش نەبوو زیاتر یاخیبوونێکی چەکدارانە بوو) لەئەنجامی هەڵەیەکی کوشندەی ڕابەرانی ئەو دەمەی بزووتنەوەی کوردایەتییەوە ئیستیغلال دەکرێت بۆ کاری تەقینەوە و ڕەوانەی ناو ڕژێمی دەکەنەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییە.لێرەوە سەرەتاکانی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی بیروباوەڕی کاک سەلام دەردەکەون.ئەوێک بەو هەموو چالاکی و بەرهەم و نوێکارییەوە داوای لێدەکرێت جێ پێی خۆی لەناو ڕژێمی سەدام بکاتەوە.ئەمەش جگە لە ڕەفتاری ناشیرین نواندن لەگەڵ ئەو شاعیرە هەست ناسکە و (Abuse) ی ئەو دڵسۆزییە،هیچیتر نییە.ئیتر شاعیر هەم لە دژبەخۆ(تناقض) دا دەژێت و هەمیش دەبێتە جێگای تانە و تەشەری خەڵک و هاوڕێکانی.واتە لە سەرەتای ئەو پرۆسەیە لەپێناو چالاکییەکی فاشیلدا شاعیرێکی نوێکار و بەحەماس تێک دەشکێنرێت.کاک سەلام زۆر هەوڵ ئەدات ئەو دۆخە تێپەڕێنێت

و بەکـــردەوەش ژمــارەیەک شــیعری زۆر جــوان دەنووســێت کەدەبنە ناسنامەی نوێکاری و داهێنەریی ئەو.شیعرەکانی (دەمەو ئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە و ئاسۆی خۆرنشین و تـــوانەوە و شــــەوانی تەنیـــایی و داری زەنگیــــانە و بـــارانی ڕەنگاوڕەنگ و..تاد) بەڵگەی ئەم قسەیەن، بەڵام ئەم دۆخە باری دەروونـی شـاعیر شـڵەژاوتر دەکەن و ئەوەنـدەی تـر بەهاکـانی ژیانی لا کاڵتر دەبێتەوە.لێرەشەوە دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی ئەو کـــاریگەرییە لە خــــواردنەوەی لەڕادەبەدەر دەردەکەوێــــت.لە ســەرەتای جەنگــی عێــراق - ئێــران دەچێـت دەبێـتە پێشــمەرگە لەبارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.شـاعیر دڵـی بەهـیچ داناکەوێت و دواتـر لەوێـوە بـۆ ئێـران و سـوریا و ئینجـا ئەڵمانیـا و پاشــان گەڕانەوە بـۆ عێراق.لەنیـوەی یەکەمـی دەیەی هەشتاکان زۆر بەتوندی دەکەوێتە ژێر چاودێری ڕژێمی بەعـس و دەزگـا جاسوسـییەکانی.لەئەوپەڕی بێهیـوایی و لەژێـر فشــاری ئەو ڕژێــمە و پیاوەکــانی بەناچــار دەسـت دەکـات بە نووسـینی وتـار و بەشـداری پێشـبڕکێی قادسـیە دەکـات، بەڵام وەک خـۆی دەڵێـت "لەژیانیـدا تـاکە وشــەیەک نـاوی ســەدام و حیزبــی بەعــس بەژێــر قەڵەمەکەمــدا تێنەپەڕیوە".پاشــان داوای لێبـووردن لەگەلـی کـورد دەکـات و ئەم بەشـداریکردنە بەلاوازی خۆی دادەنێت و پێیوایە دەبوایە ڕێگایەکی تری هەڵبژاردایە.

ئەم هەڵوێسـتە ئەگەر چـی بەلای مـنەوە جێگـای ڕەخـنەیە بەڵام هەم ڕاســتگۆیی تێــدایە و هەمــیش جــورئەت.ئەم جــورئەت و ڕاستگۆییە یارمەتیدەری شاعیرن لەدۆزینەوەی ڕێگای دروست و پەیوەســـــتبوونەوە بە ســـــەنگەری مرۆڤــــی کــــورد.لەم سەنگەرەشــەوە دەکەوێـتە نووسـینی شـیعرە تازەکانی.ســەلام

محەمەد چەند حەزی لەڕاستگۆییە ئەوەندەش دژی خۆبردنە پێشەوە و مامەحەمەیی کردنە.ئەو لەسەردەمی بەعسدا نابێتە بەعسی، لەئەنجامیشدا لە مەعهەدی قەزائی وەرناگیرێت، هەرچەندە لە تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو بووە، کە ئەگەر وەرگیرایە دەبوو بە دادوەر و لە سەربازی ڕزگاری دەبوو.دواتریش لەسەردەمی حیزبە فەرمانڕەواکانی کوردستان نابێتە ئەندامی هیچیان و مامەحەمەیی بۆ کەس ناکات و لێرەش هیچی بۆ ناکەن و تەنانەت کەس ئاوڕی لێناداتەوە.ئەم هەڵوێستەی شاعیر دژ بەمامەحەمەیی و ماستاوکردن بۆ حیزب و لێپرسراوان مۆرکی خۆی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی شاعیرەوە دەدانێت و کێرڤی بێزاری شاعیر ڕوو لەسەر دەڕواتە پێش تا ئەو جێیەی لە ئیمەیلێکدا بڵێت " هەموو زەویم بچووک دێتە بەرچاو.ئەگەر دوو باڵی گەورەم هەبووایە لەو دیو خەتی هەوایە بەشی خۆم ئۆکسجینم پێبووایە دەمدایە شەقەی باڵ و ڕانەئەوەستام تا کەوکەبێکی دیکەم دەدۆزیەوە وەک زەوی نەبووایە.هەست دەکەم هیچ شتێک بۆنی خۆی لێ نایەت وجوانییەکان بۆیاخ کراون و زرتە بۆزە قەبە بێ تواناکان بە دەمامکی ڕەنگاوڕەنگەوە ڕاستییەکان بە ڕێگای درۆدا دەبەن".چی لەوە ناخۆشتر هەیە ئەمە حاڵی نیشتمانی زەوی بێت و شاعیریش کە خاوەنی خەیاڵە دەستەوەستان هیچی پێنەکرێت.

بەهەرحاڵ ئەم شیعرانەی کەئێستا لەبەردەستی شاعیردان و چاپ و بڵاو کراونەتەوە، لەڕاستیدا بەشێکی کەمن لەشیعرەکانی سەلام محەمەد و سەرجەم شیعرە بڵاوکراوەکان نین بەتایبەتی ئەو شیعرانەی لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٣ نووسراون کە بە برگەیەکی زەمەنی هەستیار دەژمێردرێت لەژیانی شیعریی

سەلام محەمەد.جا بەهەر هۆکارێک بێت نە کاک سەلام و نە کەس تا ئێستا هەوڵیان نەداوە شیعرە بڵاوکراوەکان کۆبکەنەوە.ئەمە هەر حاڵی شیعرەکانی نین، بەڵکو کورتە چیرۆک و نووسین و دیدار و وەرگێڕانەکانیشی بەهەمان دەرد چوونە.ئومێدەوارم ڕۆژێک وەزارەتی ڕۆشنبیری بیرێک لە کاک سەلام و کاک سەلامەکانی تر بکاتەوە و لەڕێگەی لیژنەی تایبەت و پسپۆڕەوە هەوڵی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی کاک سەلام بدات.

سەلام محەمەد هەرتەنها لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردی ناگیرسێتەوە و پەل دەهاوێ بۆ زمانەکانی تر، ئەو ئەگەرچی زمانی عەرەبی زۆر باش دەزانێت و تەنانەت عەرەبییەکەی وەک خۆی دەڵێت لەکوردییەکەی باشترە، بەڵام ئەو لوغزەم بۆ هەڵنایەت کە بۆچی هەر لەسەرەتاوە هەوڵی نەداوە شیعر و چیرۆکەکانی وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی.بەڵام سەرباری ئەم کەمتەرخەمییەی کاک سەلامیش هێشتا ژمارەیەک نووسەر بەو کارە هەستاون و شیعری کاک سەلامیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی لەوانە بەڕێزان کۆچکردوو لەتیف حامیدی چیرۆکنووس و ئەنوەر جافی شاعیر و کاک عەباس بەدری و کۆچکردوو مەحمود زامدار و کۆچکردوو عەبدولستار کازم و کاک موکەرەم تاڵەبانی و کاک ئازاد عەبدولواحێد و کاک غەفوور ساڵح عەبدوڵا.هەروەها دوو شیعریشی لە (بەگداد ئۆبزێرڤەر – Baghdad Observer) بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەبێتەوە کەناوی وەرگێڕەکەی لەیاد نەماوە و شیعری "قەراغەکان"یش لەلایەن کاک محەمەد حوسێن کراوەتە ئینگلیزی و بێجگە لەمانەش شیعری تەرجەمەی زمانی فارسییش کراون.

**لالێکردنەوەیەکی کورت لە ئایکۆنە شیعرییەکانی سەلام محەمەد**

سەلام محەمەد شیعر بێ هیچ زۆر لەخۆکردنێک دەنووسێت.ئەو نایەت خۆی بجوێتەوە یان ببێتە درێژەدەری ڕێباز و ڕێڕەوی کەسێکی تر، بەڵکو دەیەوێت خۆی بێت و هەر بەتەنهاش خۆی بێت.بۆیە کەشیعرەکانی دەخوێنینەوە هەست بەتام و بۆیەکی جیاواز دەکەین.تاموبۆیەک کەلەهیچ تاموبۆیەکی تر ناچێت.ئەو لەدەرەوەی بازنەی منەت کردنە سەر خوێنەرەوە شیعر دەنووسێت.ئەو دەڵێت" من شیعر بۆ خۆم دەنووسم" بەڵام دواجار ئەوە شیعرەکانی سەلام محەمەدن دڕ بەئاستەنگەکانی بەردەم گەیشتن بەخوێنەر دەدەن و لەدڵی خوێنەری جیددی هەواری خۆیان هەڵدەدەن.

یەکێک لەو ئایکۆنانەی کە قورسایی هەیە بەسەر شیعرەکانییەوە، هەڵوێستە.هەڵوێستیش هەندێکجار دەرئەنجامی کاردانەوەی ناخ و حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی شاعیرە و هەندێکجاریتریش دەرئەنجامی کاردانەوەی دەوروبەر وکۆمەڵگەیە.لەهەردوو حاڵەتەکەدا شاعیر پەیامی خۆی گەیاندۆتە خوێنەر.لەحاڵەتی یەکەم هەڵوێست وەک دەرئەنجامی کاردانەوەی ناخ و باری دەروونی خۆی هەم وەک هێما و هەمیش وەک خەون بەکاردەهێنێت تا هەڵوێستی خۆی بگەێنێتە وەرگر.لێرە ئەگەر هەڵوێست هێما بێت ئەوا شاعیر باس لەگرێ نائومێدی دەروونی خۆی دەکات کە بەهیچ ناکۆژێتەوە.خەونیش ئاواتەکانی شاعیرە کەلەنێوان ئومێد و نائومێدی جەهەنمێک لەدەروونی شاعیر بلێسە دەدا و هەر وشەیە فریای شاعیر

دەکەوێـــت کەبتوانێـــت ئەو دەروونە گڕتێبەربـــووە فێنـــک بکاتەوە.شـــیعرەکانی دەمەو ئێـــواران ئەتبیـــنم بەســـوخمەیەکی زەردەوە، ئاســـۆی خۆرنشـــین، شـــەوانی تەنیـــایی، بـــارانی ڕەنگاوڕەنـــگ، تـــۆ کەنـــاری یـــان ڕووبـــاری و شـــیرین و یادگارییەکانی ڕەحیماوا و تاد کۆمەڵێک تابلۆن پڕن لەڕەنگ، لێوانلێون لەهەڵچون و پێکدادانی دەروونی لەگۆڕەپانی خەیاڵ و دڵـی شـاعیر.باری سـایکۆلۆژی شـاعیر لەدیـمەنە شـیعرییە جیاوازەکاندا لەبەرزبوونەوە و دابەزیندایە گەرچی هەموو دیمەن و وێنەکان ڕوو لەجەمسەری هەڵوێستن.ئەم بارە دەروونییەش کەخەیاڵ تیایدا چالاکە ڕۆڵی هەیە لەوەی پێدراوەکان(معطیات) پـێچەوانە بکـاتەوە و واقیـع بکـاتە وەهم.کـاک سـەلام دەڵێـت" کەدەڵێن لەوەهمدا دەژین ئەوە من بووم یەک پارچە واقیعەکەم لا ببـووە وەهـم" یـان دەڵێـت" لەنـاو گـۆمی وەهمـدا مەلەم دەکرد".بـۆیە دەبینـین شـاعیر تونـد پەیوەسـتە بەهەڵچـوون و داچوونە دەروونییەکانی و لێرەشـەوە لەم دۆخە نەخوازراوەوە پەنا دەباتە بەر خواردنەوە تا بەڵکو ئاهێکی پێببەخشێت.هەرچی مەســەلەکانی دەوروبەر و کۆمەڵگەشــە هەڵوێســتەکانی شــاعیر دیـــارن و ئاشـــکران.کاک ســـەلامی شـــاعیر زۆر زووتـــر و لەســـەرەتای حەفتاکـــان هەڵوێســـت لە نوێخوازەکـــانی شـــار وەردەگرێـت و بەبازرگانیـان دەچوێنێـت.لێرەدا ئـێمەی خـوێنەر هەست دەکەین جۆرە (تناقض) ێک هەیە لەنێوان نوێخوازی و هەڵوێستی شاعیر.ئێمە دەزانـین هەمـوو نوێخـوازییەک لە هەر ســـەردەمێک خەســـڵەتی تـــازەبوون و دژەکـــۆنی لەخۆیـــدا هەڵگرتووە.نوێخـــوازانی شـــارەکەی شـــاعیریش دوورن لەهەر خەســـڵەتێکی شۆڕشـــگێڕانە، چـــونکە بازرگـــانن و بازرگـــانی

بەبەهاکـــانەوە دەکەن جـــا چ بەهـــای کـــۆمەڵایەتی بـــن یـــان ڕۆشـــنبیری.من هەســـت ئەکەم شـــاعیر لێـــرە وردبینـــی وردی بەخەرج نەداوە و نەیتوانیوە مەبەست بەتەواوەتی بپێکێت.

پێداگری شـاعیر لەسـەر مەسـەلەی مرۆڤـی کـورد و ئـازادی و تـۆخکردنەوەی ئینتمـا بـۆ کەرکـووک گەواهـی هەڵوێسـتێکی مرۆڤـــــانەی مەزنە و ئەمەش لەشـــــیعرەکانیدا ڕەنگـــــی داوەتەوە.نیشـــتمانی کـــورد لەت لەت و خەبـــات و بەرخـــوردان بەردەوام و ڕژێمـی داگیـرکەری بەعسـیش بـێهەدادان بەردەوام بوو لە کوشتن و تەعریب و تەرحیلی کورد.زامدار بوونی بەهـای مرۆڤبوون و کەڵەکەبوونی نائومێدییەکان وا لەشـاعیر دەکەن کە حـــاڵەتەکەی حـــاڵەتێکی نائاســـایی بێـــت و پەنـــابردن بـــۆ خـۆلەبیرکردنیش بەشـێک بێـت لەو حـاڵەتە.لەم دۆخـانە (دۆخـی بـوونی هەڵویسـت و کەڵەکەبـوونی نائومێـدی) شـاعیر لەخەیـاڵ دەژێـت و مەتریاڵەکـانی تـری ژیـانیش یـان ئەوانەی کە مـایەی خۆشـگوزەرانین لای ئەو بەهایەکیـان نامێنێـت.ئەو بەخـتەوەری لەو ســاتەدا دەبینێــتەوە کە خــۆی ون دەکــات.چونکە شــاعیر سرەوتی لێبڕاوە و ڕۆحی ماندووی بەردەوام وەک خۆی دەڵێت بەربەرەکانێی بیرکردنەوەی خۆی کردووە و بیرکردنەوەش لای ئەم شاعیرەمان هیچ ئەنجامێکی نییە.خۆ ونکردنەکەی شـاعیریش خلیسـکانە بەرەو ئەلکهـولیزم و ئەمەش کاریگەرییەکـانی بەسـەر بـــڕگەیەک لە ژیـــانی کـــۆمەڵایەتی شـــاعیرەوە دیـــارە.لەڕووی سایکۆلۆژیشـەوە ئەم دۆخـانە نـامۆیی بەرهەم دێنێـت کەڕەنـگە تووڕەبوون یەکێک بێت لەئەدگارەکانی ئەو نامۆییە.

دۆخـــی نیهیلیزم(عدمیـــة)یش وا لەمـــرۆڤ دەكـــات ســـەرجەم كۆڵەكەكان بڕوخێن و بەهاكانی ژیان بێبەها ببینرێن و تەواوی چێژ و جوانی پراكتیكی كۆمەڵایەتی ئینسانەكان لە هاوكێشـەی ژیانــدا ببــنە هیچ.ئەلكهــولیزم دەتوانرێــت وەک دەرئەنجــامی نیهیلیـــزمیش لێكـــدانەوەی بـــۆ بكرێـــت.لێرەوە نـــامۆییش سەرهەڵدەدات و ئیتر چەمكەكان لەناو دەروونی شاعیر تێكەڵ دەبـن و تۆخــدەبنەوە.ئەم دۆخە وا لەشــاعیر دەكــات لەهــیچ جێگایەک نەگیرسێتەوە ( كەركووک، بەغدا، شاخ، ئێران، سوریا، ئەڵمانیا، كەركووک، سوید) و سەرچاوەكانی خۆشگوزەرانیش لە ماڵ و خانوو بێجگە لە خۆفریودان بە هیچیتر نەزانێت و هەر ئەمەش زەمینەخۆشـكەری مـاڵ سـووتانەكەی بـووە بەدەسـتی خۆی.جگە لەمەش تەنانەت خودی وجودیش ئەو بایەخەی نییە لای و بـۆیە هەوڵ دەدات خۆكـوژی بكـات و سـێ جـاریش ئەو ڕێـگەیە ئەزمـوون دەكـات.لەو دۆخە چـالاكترین بەشـە هەسـتی مرۆڤ خەیاڵە و شاعیر لە وڵاتی خەیاڵ دەژێت.شیعری ناسک كەسـەر بە مەملەكەتی خەیاڵێكی مەست و ناسكە مەگەر تەنها شاعیرە مەستەكان بتوانن وێنای بكەن.شاعیر مەستە و مەستی بۆتە نیشتمانی خەیاڵی ئەو.ئەو دوورتر لەوەی خوێنەر پێشبینی دەكـات ڕۆ دەچێـتە نێـو بینینـی مەوداكـانی ئـاوێتەبوون لەگەڵ خۆلەبیركردن.لەم سەرابستانی مەستبوونەشدا شاعیر جگە لە نائومێدی هیچیتر نادوورێتەوە.

ئـــایكۆنێكی تـــر كەشـــاعیر كـــاری لەســـەر دەكـــات مەســـەلەی خۆشەویســـتییە.جا ئەو خۆشەویســـتییە ئـــافرەت بێـــت یـــان نیشتمان.خۆشەویســتییەک شــیرینتر بێـت لەبـۆنی خــاک.بەڵام خودی خاک جێۆشوێنێكی باڵای هەیە لەناو كێڕڤی خۆشەویستی

شاعیر.شـــاعیر خۆشەویســـتی دەکـــات و ئەزمـــوونی ئەو خۆشەویستییەش دەباتە نێو دنیای وشەوە.وشـە و وێناکردن بە وشـە لەباخچەکانی خەیاڵەوە بەهەسـتێکی جوان و ناسـک هەر تەنهـا شـاعیری داهێـنەر دەتوانێـت لەو زەریـایە مەلە بکـات و نەخنکێت.دیوێکی تری ڕوانینی شاعیر لەبەرامبەر خۆشەویستی، تـووڕەیی و بێـزاری و ڕقە.هەرچەنـدە ئەم ڕقە ناتوانرێـت وەک چەمکێکـی گشـتی و فـرە لایەن بەسـەر کـۆی شـیعری سـەلام محەمەددا گشتی بکرێتەوە، بەڵام تاڵە ڕەنگاورەنگەکانی ئەو ڕقە لەنـاو تـابلۆی شـیعری شـاعیر بەئاسـانی دەبینـرێن و خـوێنەری بەســـەلیقە و وردبـــین دەتوانێـــت یەک یەک دەستنیشـــانیان بکات.ئەندازەی ئەو خۆشەویستییەی لەدڵی شـاعیر دایە زۆر لەو مەودا بەرتەســـکەی ڕق گەورەتـــرە.لە ڕوانـــگەی شـــیعرەکانی شاعیرەوە دەتوانین کانگای ئەو ئەڤینە ببینین کەچۆن سـەردەکا و وەک کـانی هەڵدەقوڵێت.خۆشەویسـتی و عاشـقبوون سـێبەری خسـتۆتە سـەر سـەرجەم جیهـانی نووسـینی کـاک سـەلام.ئەم عەشـقە کە تاوێـک تونـد و تاوێـک خـاو دەبێـتەوە بەرئەنجـامی کـارلێککردنی ئینتمـایە بـۆ نیشـتمان لەگەڵ ئازادی.هەرچەنـد نیشـــتمانی کـــاک ســـەلام جارێـــک کوردســـتانە و جارێـــک یارەکەیەتی،بەڵام ڕەهەندی عەشق لەوپەڕی مەودا فراوانی خـۆی نمـــایش دەکـــات و ئەمەش تـــۆخ لەشـــیعرەکانیدا ڕەنـــگ دەداتەوە.سـەلام مـحەمەد عاشـقە و کۆمەڵێـک عەشـق سـەریان ناوەتە سـەر یەک و کڵافە عەشـقێکیان پێکهێناوە.عەشـقی ئازادی و عەشـقی خـاک و نیشـتمان و عەشـقی وشـە و عەشـقی ژن.ئەم عەشقانە هەندێکجار تەنها عەشـقێک و هەنـدێکجاری تـریش زیـاد

لە عەشـــقێک لە بــۆتەی بەرهەمێکـــی نـــوێ وەک چـــرایەک دادەگیرسێن.

ئایکۆنی ڕاستگۆییش کە تادێت لە کۆلان و شەقامەکانی نیشتمان کالْتر دەبێتەوە و بەرەو فەنابوون دەچێت، لای شاعیر لەپلەیەکی بالادایە.شاعیر بە هیچ شێوەیەک نایەوێت دەمامک بەکار بێنێت و خەریکــی پەتپەتــێن بێــت بە ڕایەڵەی فیکــری خــوێنەرەوە.ئەو دەیەوێــت ڕاســتگۆیانە پشــت لە دەســەلاتداران و ســتەمکاران و ڕوو بە خەڵــک بێــت.ئەم ویســـتەی شـــاعیر لەگەڵ مەغـــزای شــیعرەکانی تەریــبن ئەمەش بەدەوری خــۆی کــاریگەری هەیە بەسەر توند و تۆڵکردنەوەی ڕایەڵەکانی پەیوەندی نێوان شاعیر و خوێنەر.خــوێنەر (مەبەســت خــوێنەری جیــددی و بەئاگــایە) بەشــوێن شــاعیرێکدا ناگەڕێــت هەر ڕۆژەی فــوو بەزوڕنایەکـدا بکات و هەر جارەی جۆرە دەمامکێک ببەستێت.خوێنەر هەمیشە ســـەرباری پرســـی داهێنـــان بە ســـۆراخی ڕووی ڕاســـتەقینەی نووسەرەوەیە.ڕەنگە زۆرجار دەقنووس ڕاستگۆییەکەی بەزیـان بـــــۆی تەواو بێـــــت، ڕەنـــــگە ئەو ڕاســـــتگۆییە ببێـــــتە ئاســـتەنگێک(لەمپەرێک) لەبەردەم دەنگـــدانەوەیەکی فراوانتـــری نووسەر،ڕەنگە لەهەندێ حاڵەتدا ڕاستگۆیی نووسەر ببێتە هۆی تــۆرانی خــوێنەر، بەلام هەقــیقەت هەر خــۆی دەردەخات.کــاک سەلامی شاعیر بێترس لەوەی خوێنەر چۆن حیسابی بۆ دەکات و بێسلکردنەوە لەوەی پەنجە خستنە سەر ڕابردووی چ زیانێکی بەشـــوێنەوەیە، دان بە ڕاســـتییەکاندا دەنێـــت.ئەم دانپیانـــانە بەبۆچوونی من شاعیر دەباتە ئاستێکی تر لە ڕوون و ڕەوانی و هەقبێژی.ئەگەر ڕاستگۆیی وەک لایەنێکی ئاکار لەژیانی پراکتیکی شــاعیر دیــار بکەوێــت، ئەوا لەدونیــای خەیــاڵ و نووســیندا ئەم

ڕاستگۆییە تۆختر دەردەکەوێت.ڕاستگۆیی شاعیر بەر لەوەی ڕاستگۆیی بێت لەگەڵ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان، ڕاستگۆییە لەگەڵ خودی خۆی، ڕاستگۆییە لەگەڵ خەیاڵ.ئەمەش کلیلی بردنەوەی سۆز و خۆشەویستی خەڵکە.دەتوانین ڕاستگۆیی شاعیر لەچەند ڕەهەندێکەوە ببینین و بخوێنینەوە.ڕاستگۆیی شاعیر لەگەڵ خود، ڕاستگۆیی لەگەڵ خوێنەر، ڕاستگۆیی لەگەڵ دەوروبەر(یار و نیشتمان)، ڕاستگۆیی شاعیر لەگەڵ خەیاڵ.من لێرە دەرفەتی ئەوەم نییە بەقووڵی بچمە ناو ئەو ڕەهەندانەوە، بەڵام لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دیوانی سەلام محەمەدەوە ڕووبەڕووی ئەو ڕەهەندانە دەبینەوە و دەتوانین بەجوانی بیان بینین.

ئایکۆنی بەرخوردی شاعیر بەچەمکەکانی مردن و ڕامان لەبوون و فەلسەفەی ژیان، قورساییان هەیە بەسەر بەشێک لەبیرکردنەوە و ئینجا بەسەر بەشێک لە شیعرەکان.لەلایەکەوە کات لای شاعیر نەسەرەتای هەیە و نەکۆتایی.ئەم دیدەو پرسیارە فەلسەفییەکان لەسەر نهێنی دروستبوونی گەردوون و ژیان و مرۆڤی بالا و ئاسمانەکان و ئینجا خوا، شاعیر لە گومانێکی گەورەدا دەهێڵێتەوە، یان ڕاستتر بڵێین تووشی دڵەڕاوکییەکی گەورەی دەکات.خواستی شاعیریش وەک خواستی گەلێک بیرمەند و ئینسانی تر گەیشتنە بە یەقین.بەڵام مەخابن ئەو یەقینە سەرابە و گەیشتن پێی نزیکە لەمەحاڵەوە.بۆیە هەست دەکەین شاعیر قەدەری خۆی داوەتە دەست زەمەن.ئەگەر زەمەن لەسەرەتای کاروانی دەستپێکردنی شیعریی کاک سەلام بایەخێکی ئەوتۆی نەبووبێت، ئەوا لەم سالانەی دواییدا بەهای زەمەن لەدیدی شاعیرەوە ئالوگۆری

بەسەردا دێت.ئەم ئاڵوگۆڕەش کاریگەری هەیە بەسەر باری دەروونی شاعیر و لە مرۆڤێکی سەرکێش و یاخی و عەجول و ئانارشیستەوە دەگۆڕێت بە مرۆڤێکی هێمن و بێدەنگ.ئەم بێدەنگییەش کە بەقسەی شاعیر بۆتە" ڕۆمان و لەزمانی حەرف یاخییە" دەبێتە هەقیقەتێکی ژیان.هەقیقەتیش شاعیر وتەنی "بەمیوانیی و ڕێبواریش ڕێگای نەکەوتووەتە ماڵەکەم.حەقیقەت زاراوەیەکی داتاشراوە لەناو فەرهەنگەکانی زماندا لەملاولا دەکەوێتە بەرچاوم.خۆشەویستییەکی کوشندەیە.بەڵام نازانم سەرچاوەکەی لەکوێوە هەڵدەقوڵێت و لەمردن بەولاوە بەرەو کوێی ترم دەبات".حەتمیەتی مردن ئەو حەقیقەتەیە کەبەنیگەرانییەکی بەترس داپۆشراوەوە باسی لێوە دەکەین و دانی پێدا دەنێین.شاعیر لەم حەقیقەتەوە بەدوای تیشکی ئومێدێکدا دەگەڕێت، بەڵام ئەو تروسکاییە دیار نییە و بۆیە تاریکی سێبەر دەخاتە سەر ئەتمۆسفیری بیرکردنەوە و شیعر و ژیان.گەڕان و سۆراخەکانی کاک سەلام بەشوێن نهێنییەکانی دواڕۆژ و دەسکەوتە زانستییەکانی داهاتوو هێندە جیددین تا کار دەگاتە ئەوەی لەدەیەی نەوەدەکاندا نامە بۆ تاقیگاکانی ئاژانسی ناسا بنووسێت و وئامادەیی خۆی نیشان بدات کە خۆبەخشانە ئامادەیی تیایە بۆ مەیاندن، بەڵام خۆی وتەنی هێشتا وەڵامیان نەداوەتەوە.پرسیارەکانی شاعیر زۆرن و وەڵامەکانیش نادیار، بۆیە من وای دەبینم سەلام محەمەد ڕەنگە ئەم سەردەمەی تیا لەدایک بووە و ژیاوە بەزەمەنێکی هەڵە بزانێت سەبارەت بە وجودی خۆی، ئەو حەزی دەکرد پاش سەد ساڵی تر بهاتایە ژیان و ئەوسا دەست و پەنجەی لەگەڵ زانست و تەکنەلۆژیایەک نەرم بکردایە، کە ڕەنگە وەڵامی گەلێک

پرسیاری بۆ ئاسانتر بکردایەتەوە.بەڵام ئەمەش خۆزگەیەکە و لەوانەیە خۆزگەی ملیۆنان کەسی تر بێت.

ئایکۆنەکانی هەڵوێست و خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و حەقیقەتی بوون هەڵکیشراو لە ئەڤین و عەشق، ستراکتۆری شیعری کاک سەلامییان لەسەر بنیاد نراوە.ئەم ئایکۆنانە بوونە بە هەڵگری تەواوی تێگەیشتن و بۆچوونی بابەتیانەی شیعری لای شاعیر.بەچەند وشەیەکی تر ئەم گۆشەنیگایانە(ئایکۆنانە) دەتوانن پەنجەرەکانی سەر ڕووی دونیابینی شاعیر بەڕووی خوێنەردا بکەنەوە و پەیامیش لەخۆیاندا بەرجەستە بکەنەوە.

بەڵام سەبارەت بەلایەنی هونەری شیعرەکانی سەلام محەمەد، جێگای هەڵوەستەکردن و تێڕامانن.چونکە ئەو سەرباری زمانێکی سادە و بێ گرێ و گۆڵ بەتواناییەکانی خۆی لێزانانە کاری لەسەر شێوەی شیعرەکان کردووە و ئەوەندەی تر لەبەردڵانی شیرین کردوون.شیعرەکانی کاک سەلام پڕن لەو ڕەگەزە هونەرییانەی کەشیعر جوان دەکەن و خوێنەر بەلای خۆیاندا کێش دەکەن.من هەوڵ دەدەم لێرەدا بەکورتی لەو لایەنە هونەرییە بدوێم.

زمانی شیعری کاک سەلام زمانێکی سادە و بێ گری و گۆڵە.زمانێکە لەئاست تێگەیشتنی خوێنەر بەهەموو ئاستەکانییەوە بێ کێشەیە.بە بۆچوونی من کاک سەلام هەر بەزمانی حەفتاکان دەنووسێت کەبەزمانی ڕوانگەییەکان یان (زمانی شیعری ڕوانگە)ناسراوە.تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانەش بریتی بوون لە سادەیی و داڕشتنی کورت و بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی و سفت و توندوتۆڵ بەجۆرێک کە ڕایەڵەی

زمــان بەو تایبەتییــانەی ســەرەوە دەبێــتە ناســنامەی زمــانی شیعریی.ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوان قۆناغی سەرەتا و قۆناغی ئێســـتا(واتە زمـــانی کۆشـــیعری دەمەوئێـــواران ئەتبیـــنم بەسوخمەیەکی زەردەوە لەگەڵ شیعرەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٨ ) لەڕووی زمــانی شــیعرەوە دەبینــین کە زمــان ســادەیی خــۆی پاراســتووە بەڵام بە حــوکمی نــاوەڕۆک بڕێــک لە هونەرەکــانی دەربــڕین دوور کەوتۆتەوە.بەواتــایەکی تــر ســنووری خەیــاڵی شــیعریی لە شــیعرە تازەکــانی کــاک ســەلام لەچێــوە دراون و بەمەش هەندێک ڕەونەقی خۆی لەدەست داوە.کاک سـەلام دان بەوەدا دەنێــت کە شـــیعرە تازەکـــانی لاوازتـــرن، بەڵام ناڵێــت لاوازیـــــیەکە لەکـــــوێیە.ڕەنگە خـــــوێنەر ڕێ بەو لاوازیـــــیە ببــات.بەبۆچوونی مـن شـیعرە تازەکـانی کـاک سـەلام لە ڕووی پەیـامەوە ڕوونتـرن و مەبەسـت بەئاسـانی دەگـاتە وەرگـر.بەڵام لەڕووی تەکنیکەوە هەڵگری جۆرێکی ترن لەشێواز.بۆیە خوێنەر وەختێک پێشبینی هەمـان نەفەس و دەسترەنگینی دەکـات کە لە "دەمەو ئێــواران ئەتبیــنم بەســوخمەیەکی زەردەوە" ئەزمــوونی کردووە، کەچی لەبری ئەوە ڕووبەڕووی جۆرێکی تر لە تەکنیک دەبێــتەوە، خــوێنەر نائومێــد دەبێــت.واتە بە بۆچــوونی مــن لاوازیــیەکە تەکنــیکە نەک پەیام.هۆکارەکەشــی بەپــلەی یەکەم دوورکەوتنەوەی کاک سەلام محەمەدە لە شیعر و نووسین بۆ ماوەی زیاتر لە پانزە ساڵ.ئەوەش ئاشکرایە بەهرە و شـارەزایی ئەگەر بەردەوام لە ئەزموونەکاندا خۆیان نمایش نەکەن و شاعیر پاشخانی مەعریفی خۆی بەردەوام بەهێز نەکـات، ئەوا بێگومـان بەهـــرە و شـــــارەزایش بەرەو گۆشـــــەگیری و پووکـــــانەوە دەچن.هەرچەنــدە ئەمە ڕێــک دۆخــی ســەلام مــحەمەد نەبــووە،

چونکە کاک سەلام گەرچی ئەو ماوەیە لەشیعر دوور کەوتۆتەوە بەڵام لەدونیای خوێندنەوە و مەعریفە هەر بەنزیکی ماوەتەوە.

وێنە شیعرییەکانی کاک سەلام محەمەد دەتوانم بەدوو جۆر پۆلینیان بکەم: وێنەی شیعری سادە و وێنەی شیعری ئاوێتە لەلایەک و وێنەی وەستاو و جوڵاو وەک کاک کەریم شارەزاش باسی لێوە کردووە لەلایەکی تر.شیعرەکانی کاک سەلام تەژین لە وێنەی شیعری سادە و هەروەها وێنەی شیعری ئاوێتە بەڵام ئەمەی دوایی کەمتر بەرچاو دەکەوێت لەوانەشە هۆیەکەی ئەوە بێت کە نەیویستبێت خەریکی گەمەکردن بێت بە وشە، یان مەبەستی نەبووە خوێنەر بە دیار تەکنیکەوە سەرقاڵ بکات و لەپەیامی شیعرەکەی دوور بخاتەوە.شاعیر وەک شێوازی تەکنیک جگە لە وێناکردنی وێنەی جوان و ئیشکردن لەسەر مۆسیقای شیعر، کاری لەسەر ( Personification) بەکەسیکردنی سروشت و ماتریاڵەکان کردووە و ئەم ڕەگەزە دووەم ڕەگەزە دوای میتافۆر کە پانتاییەکی گەورە لە شیعری کاک سەلام داگیر دەکات.دەستەواژە و فریزەکانی(هەتاو و وڵات و شینایی غەم و نەخشەی دڵدارە شێتەکان و خەم و نەرمەبای پەژارەی پیرۆز و......تاد) شوێنی کارکردنی شاعیرن بۆ بەکەسیکردن و بەخشینی سیفەتی مرۆڤ بەو وشانە.میتافۆر جێگایەکی گرنگی لەشیعرەکانی سەلام محەمەد پێ ڕەوا بینراوە.بەرخوردی شاعیر بەم ڕەگەزە گرنگە لەئاستێکی باڵادایە.هەرچی لێکچواندنە ئیشی جوانی لەسەر کراوە.لێکچواندن و میتافۆر و دەنگ و ئاوازی چوونییەکی بەدوای یەکدا هاتوو(Alliteration ) کەهەندێکجار سەرەتای ڕیتمیشی پێدەگوتریت(منیش بە بەستەی باران بارینە بارانی

ئەوین،ئەوشـــەپۆڵە ســێ ســـەرە ســـامناکەت دیـوە، پـۆل پـۆل پەپوولەی..تـــاد) کە لە شــــیعرەکانی دەمەوئێـــواران ئەتبیـــنم بەسوخمەیەکی زەردەوە زۆر بەچڕی و بەتۆخی دەردەکەون.ئەم چڕییەش ڕۆڵی پۆزەتیڤی گێڕاوە لە جوانکردنی ئاوازی شیعر و دەرخســتنی ئیســتاتیکای زمــانی شــیعریی.هارمۆنیای شــیعریی وەســــتاییەکی جـــوانی تیـــا بەخەرج دراوە.هەرچـــی ڕەگەزە شــیعرییەکانی تــرە لەچەشــنی (ڕەمــز و میــزاج و هەوەس و پرســـیارکردن ( Rhetorical Question) و و دوانـــدنی نادیـــــار(Apostrophe) و..تـــــاد) هەر یەک بەجۆرێــــک و لەئاســتێکداو بەپێــی پێویســتی شــیعرەکان ئیشــی تیـا کــراوە، بەتـایبەتی پرسـیارکردن و دوانـدنی نادیـار بەدرێژایـی کتێـبەکە لەگەڵ خوێنەر دان.

## وەستانێکی زۆر کورت لەسەر چیرۆکەکانی سەلام محەمەد

سەلام محەمەدی شاعیر وەک زۆر شاعیری تر خۆی لەقەرەی ژانری چیرۆک داوە و ئەو کاتانەی کە شیعر فریای نەکەوتووە بەکـــورتە چیـــرۆک مەبەســـتەکەی دەربڕیـــوە.واتە نووســـینی کورتەچیرۆک لای سەلام محەمەد لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە قەرەبـووی لاوازیـیەک لە شـیعری خـۆی بکـاتەوە، بەڵکـو بەبۆچـوونی مـن لەو خـاڵەوە سـەرچاوەی گرتـووە کە سـەلام مـحەمەد لەتوانایـدایە لەبـواری جیاجیـادا هەنگـاوی بەرهەمـدار هەڵبگرێت و جێدەستیشی دیار بێت.ئەم بۆچوونەشم لەئەنجامی خوێندنەوەی تایبەتی خۆم بۆ سێ چیرۆکی کاک سەلام لا گەڵاڵە بووە.سەلام محەمەد تا ئەمڕۆ کە من ئەم وشانە دەنووسم تەنها

نۆڤلێتێـک و شــەش کـورتەچیرۆکی نووسـیوە و بڵاوکـردۆتەوە کەئەمانەن: "پەپوولە سپییەکان" و "قەڵەم" و "ڕەنگە خەمناکەکان" و "ڕەشـــەڕاو" لە دەیەی حەفتاکـــان لەڕۆژنـــامەی هاوکـــاری و کـــورتەچیرۆکی"گرێ کـــوێرەی مەرگ" لە ناوەڕاســـتی دەیەی هەشتاکان لەگۆڤاری کاروان و هەروەها کورتەچیرۆکی "کتێبی بەفر" لەسـاڵی ٢٠٠٩ دا نووسـراوە و لەسـایتی دەنگەکـان، بـڵاو کراونەتەوە.هەرچی نۆڤلێتی "پەپوولەی سپی"یە کەلەساڵی ١٩٨٠ نووسیویەتی و دواتر ناردوویەتی بۆ گۆڤاری کاروان...بەداخەوە ئەم نـۆڤلێتە چـاپنەکراوە و فەوتـاوە هەرچەنـدە کـاک سـەباح ڕەنجدەر و ناسیاوێکی کـاک سـەلام زۆر هەوڵیـان داوە پەیدای بکەنەوە بەڵام بێسوود بوو.شایانی باسە ئەم نۆڤلێتە هەر هەمان ئەو کـورتە چیـرۆکەیە کەبەنـاوی "پەپـوولە سـپییەکان" لەدەیەی حەفتاکـان لەڕۆژنـامەی هاوکـاری بـڵاوی کـراوەتەوە و دواتـر پەرەی پێدەدات و دەیکاتە نۆڤلێت.

جا لەبەر ئەوەی سێ چیرۆکی یەکەم و نۆڤلێتەکە لەبەردەستدا نـین، بـۆیە نـاتوانین هـیچ قسـەیەکیان لەسـەر بکەیـن.بەڵام چیرۆکەکانی تر، ئەوانەی لەم کتێبەدا خراونەتە بەر دیدە بواری ئەوەمـان پێـدەدەن کـورتە سـەرنجێک لەسـەر تـاقیکردنەوە و ئەزموونی چیرۆکنووسین لای کاک سەلام دەربڕین.

من وەک چۆن پێموایە سەلام محەمەد شاعیرێکی باشە، لەهەمان کاتـدا پێمـوایە چیرۆکنووسـێکە دەبێـت هەڵوەسـتەی لەسـەر بکەیـن.زۆر شـاعیری بـاش و سـەرکەوتوو هەن لەهەمـان کاتـدا چیرۆکنووسـی بەتواناشـن.ئەمەش نەک هەر لە ئەدەبـی کـوردی بەڵکـو لە ئەدەبـی میللەتانیشـدا دەبینرێـت.بۆ نمـوونە لەئەدەبـی

ئینگلیزی مارگریت ئات وود و ئیدگار ئالن پۆ و مایکڵ گرامی و لینگستن هیوز دۆرسی پارکەر و چاڕلس بوکۆفسکی و هەروەها لەئەدەبی کوردیش لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و شێرزاد حەسەن و کەریم دەشتی و ئەدیب نادر و تاد، هەن.ئەم ڕاوەستانە کورتە نەلێکۆڵینەوەیە لەسەر چیرۆکەکان و نەوردبوونەوەشە لەسەر ئاستی هونەری و دەسەڵاتی ئەدەبی کاک سەلام، بەڵکو زیاتر ڕانانێکی خێرایە لەسەر ئەو سێ چیرۆکەی کاک سەلام محەمەد کەبریتین لە چیرۆکەکانی ڕەشەڕاو و گریێ کوێرەی مەرگ و کتێبی بەفر.لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەو سەرنجەش بخەمەڕوو کە ئەم چیرۆکانە بەتایبەتی چیرۆکەکانی "ڕەشەڕاو" و "گریێ کوێرەی مەرگ" سەر بە دونیای ڕوانگە و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوون.کەدەڵێم ڕوانگە مەبەستم ئەوەیە کە ئەم چیرۆکانە لەکەش و هەوای ڕوانگەوە هەناسە دەدەن.لەو کەش و هەوایە زمان و تەکنیک لەلایەک و خەیاڵ لەلایەکی ترەوە گرەو لەسەر چیرۆکەکان دەکەن.گرنگیدان بە ڕەگەزی زمان و تەکنیک و لاوازی ڕەگەزی خەیاڵ بەمانای ڕەتکردنەوە و هێڵ بەسەرداهێنانی چیرۆک نییە وەک هەندێک پێیان وایە کە دەبێت ئەم کەلەپوورە ئەدەبییەی ڕوانگە ڕەت بکرێتەوە بەپاساوی ئەوەی ڕەگەزی خەیاڵ تیایدا باڵا دەست نییە.بەپێچەوانەوە من پێموایە ئەگەر خەیاڵ بە تەنکی لە چیرۆکەکانی حەفتاکاندا دەبینرێت و بەچڕی قورسایی بەسەر چیرۆکەکانی حەفتاکاندا نییە نابێت قەبوڵ نەکرێن و ڕەت بکرێنەوە.چونکە بمانەوێت یان نا، ئەم کەلەپوورە ئەدەبییە بۆتە بناغەی ئەدەبێک کە ئەمڕۆ سەدان دەقی ناوازەی هێناوەتە بەرهەم.هەر خوێندنەوەیەک کە لەسەر کوشتنی ئەزموون و

تواناکـانی ئەدەبـی حەفتاکـان و هەشـتاکان بنیـاد نرابێـت، پێـی بزانێت یان نا ڕۆڵی جەللادێک دەبینێت لە زامدارکردنی جەستەی ئەدەبی کوردیی.بەهەرحاڵ نامەوێت لە باسەکەم دوور بکەومەوە و مـن پێمـوایە ئەم چیرۆکـانەی سـەلام مـحەمەد چ لە ڕووی سـتراکتۆر(بونیاد) و چ لە ڕووی مەغـزاوە(Theme) ڕووبەڕووی ئەرکێکمـان دەکەنەوە کە ئەویـش لەبەریەک هەڵوەشـاندنەوە و خوێنـدنەوەی کۆدەکانییەتی.ئاشکراشـە ئەم پێشـەکییە جێـی ئەو خوێنـدنەوەیە نیـیە و لەهەمـان کاتیشـدا نـاتوانین فەرامۆشـی بکەیـن، بۆیە بەڕانانێک هەم خۆمـان و هەم خـوێنەریش ڕەزایەت بەخـش دەکەیـن، بەو ئومێـدەی ڕۆژێـک ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ئەم کارە جێبەجێ بکات.

لە هەر ئەو سێ چیرۆکەی کە ئەم کورتە باسە سێبەر دەخاتە سـەریان حیکـایەتخوان کەسـی دووەمـی تـاکە.ئەم شـێوازە لە گێڕانەوە بەدرێژایی زیـاتر لە ٣٠ سـاڵ لای کـاک سـەلام وەک خۆی دەمێنێتەوە و ئـاڵوگۆڕی بەسـەردا نـایەت.واتە لەچیرۆکـی ڕەشـەڕاو کەسـاڵی ١٩٧٧ نووسـراوە تـا دەگـاتە چیرۆکـی کتێبـی بەفر کەسـاڵی ٢٠٠٩ نووسـراوە.ئەم وەستانە لەسـەر جۆرێک لە حیکـایەتخوان (کەسـی دووەمـی تـاک)ڕەنگە وەک خـاڵێکی درەوشـاوە لە دونیـای نووسـینی چیـرۆک لای کـاک سـەلام مـحەمەد تەماشـا نەکرێت، بەڵام خـودی ئەم شـێوازە لەگێڕانەوە لای نەوەی ڕوانـگە جێگـای بـایەخ و گرنگـی پێـدان بووە.حیکایەتخوان (نووسەر) جاربەجار جێ بە کـارەکتەری دەق لێژ دەکات و هەندێکجاریش هەست دەکەین بوونەتە یەک، وەک لەچیرۆکـی "ڕەشـەڕاو" نمـایش کـراوە.ئەم تێکەڵیـیەی نێـوان نووسـەر و کـارەکتەری دەق هەنـدێکجار بەتـۆخی و هەنـدێکجار

کاڵتر خۆی دەنوێنێت.ڕۆڵی تەکنیکی بەریەککەوتن کە دەقنووس دەبێتە کارەکتەر (کەسی یەکەمی تاک) و دووبارە دەبێتەوە بە (کەسی دووەمی تاک)، ئەوەیە کە کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە بێلایەیانە نیشان بدات.ئەم تەکنیکە ڕەنگە پێشتر لەچیرۆکی کوردی بەکات هاتبێت، کەئەمە جێگای مەبەستی من نییە، بەڵکو بینینی من ئەوەیە کە زەمینەیەکی لەبار دەخوڵقێنێت بۆ دەربڕین.دەربڕینیش لێرەوە پەلوپۆ دەهاوێت و بە کاناڵی جیاجیا دەگاتە وەرگر یان خوێنەر.کارەکتەرەکانیشی زیاتر لەتوێژی ڕۆشنبیر و وردەبورژوازی شار پێکدێن.ئەم جۆرە کاراکتەرانە بەپێی جێگاو شوێنیان لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی ئابووری کۆمەڵگە جگە لە ڕاڕاییان،تەژین لە دوودڵی و گومان.ئەم کارەکتەرانە گونجاون بۆ دەربڕینی بیروڕای فەلسەفی و جیهانبینی نووسەر.هەڵبژاردنی ئەم کارەکتەرانە جۆرە زیرەکییەکی تیا بەخەرجدراوە.لەچیرۆکی ڕەشەڕاودا کارەکتەر یان پاڵەوان کەڕۆشنبیرێکی بەئاگایە لە دونیا و دەوروبەر.لە ڕێگای بەریەککەوتن لە نێوان نووسەر و حیکایەتخوان، نووسەر هەوڵ دەدات ڕووی دزێوی ژیانمان نیشان بدات.ئەم کارەکتەرە سەرەکییەی چیرۆکی ڕەشەڕاو لەملاوە شیعر خەیاڵی ڕام کردووە و لەولاشەوە ئاماژەیەکی کورت بەجیاوازییە چینایەتییەکان دەدات، جیاوازییەک کەلەسەر ململانێی نێوان کار و سەرمایە بنیاد نراوە.دیاردەی هەژاریش لەم چیرۆکە وەک دیاردەیەکی (ئیلاهی) وێناکراوە نەک وەک بەرئەنجامی فراوانتربوونەوەی قڵشتی نێوان چینەکانی کرێکار و سەرمایەدار.هەژاری لە سیستەمی سەرمایەداریدا لەئەنجامی هەڵئاوسانی سەرمایە و پتربوونی زیدەبایيەوە

سەرهەڵدەدات.بەڵام کارەکتەرە ڕۆشنبیرەکەمان چاو لەم ڕاستییە دەپۆشێت و دێت لە گۆشەنیگای هەست و سۆزەوە و بە ڕازاندنەوەی سینییەک لەگۆشت و برنج بۆ ماڵی پوورە مەنیج، کێشەکە دادەگرێتە ئاستێکی خوارتر و ئەم ڕێگاچارەیەش جگە لە قوولترکردنەوەی برینەکان هیچی تری لێ نایەتە بەرهەم.چیرۆکی ڕەشەڕاو پێداگرییەکی گەورەیە لەسەر خۆشەویستی مرۆڤ.ئەگەر مرۆڤ بەبەهاترین سەرمایە بێت لای کارڵ مارکسی فەیلەسوف، ئەوا لای پاڵەوانی ئەم چیرۆکە مرۆڤ تا ئاستی پیرۆزیی بەرز کراوەتەوە.بەبۆچوونی من هەر لێرەشەوەیە تێکەڵییەکان لەخەیاڵی پاڵەوان دروست دەبن.چیرۆکنووس قەشە فۆتێس لە کازانتزاکیس دەخوازێت و دەیکاتە دەمامک بۆ دەربڕینی بۆچوونە فەلسەفییەکانی.لەچیرۆکی"کتێبی بەفر"یش نووسەر دەچێت هەمان موورادی ئەفسانەی ڕێی هات و نەهاتی چیرۆکنووس ڕەئوف بێگەرد دەکاتە دەمامک و جارێکی تر بەشێوازێکی نوێ ڕۆحی بەبەردا دەکاتەوە و دەیکاتە چاوگی نهێنی بەفر.وەرگرتن (ئیقتباس)ی کارەکتەر و دووبارە ڕۆح بەبەرداکردنەوەی لەپرۆسەیەکی جیاوازتر لە دەقی ئۆریجیناڵ(ئەسڵی) جێگای وردبوونەوەیە.خواستنی کارەکتەر دەتوانێت لەدوو ئاستدا خزمەت بە بونیادی دەق(چیرۆک) بکات.ئاستی یەکەم بەکارهێنانیەتی وەک دەمامک تا لە ڕێگەیەوە پێشبینییەکانی نووسەر بگات بە خوێنەر.ئاستی دووەمیش لێکگرێدانی زەمەنە جیاوازەکانە بەتایبەتی بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستا.ئەم وەرگرتنی کارەکتەرە زەمینەیەکی گونجاو دێنێتە ئاراوە تا نووسەر ئازادانە کار لەسەر گرێچنەی دەق بکات.شوێنکات

لەچیرۆکی کتێبی بەفر وڵاتی سویدە و مورادەکەی ئەفسانەی ڕێی هات و نەهاتی ڕەئوف بێگەرد کە جاران دەلیلی کاروان بوو ئێستا لەسویدە و پرۆفیسۆرە لەبوارەکانی بەفر و ئاو.لەچیرۆکی کتێبی بەفر دەقنووس چ بەهێما یان بەئاماژە ئەوە بەخوێنەر دەڵێت کە مێژوو نەوەستاوە.ئەوانەی دوێنێ و لەنێو جەرگەی ڕووداوەکانی کوردستاندا ژیاون و ڕزگاریان بووە، ئەمڕۆ بەجۆرێکی تر و لەبەرگێکی تردا دەبینرێن.ڕەنگە ئەم هاوکێشەیە بڕێک سادە خۆی بنوێنێت، بەڵام بۆ گەلێکی وەکو کورد کەبەپرۆسەکانی کیمیاباران و ئەنفال و کۆڕەوی ملیۆنی دا تێپەڕیوە و پاشانیش کۆچکردن ڕووەو نادیار، سێبەری خستۆتە سەر چارەنووسی ئەم میللەتە، هەروا ئاسان نییە.ئەوەی جێی سەرنجە کارەکتەری کتێبی بەفر لەدەلیلی ڕێگاوە دەبێت بە پرۆفیسۆر.ئەم ئاڵوگۆڕە پرسیار دەخولقێنێت لەچەشنی: چۆن موراد بوو بە پرۆفیسۆر؟ ئایا ئەو شارەزاییە هەوێنی ڕابردووە یان ئاشنابوونە بە بنەماکانی زانستی ژینگە و تەکنەلۆژیای مۆدیرن؟ ئایا بۆچی موراد لەبری پرۆفیسۆر نەبوو بە قاپ شۆڕ یان لەنێو ڕەوەندی کورد لە ئەوروپا نەبوو بە چالاکوانێکی سیاسی؟ بەبڕوای من ئەمە خاڵی بەهێزی گرێچنە(plot)ی چیرۆکەکەیە کە چیرۆکنووس لێرەوە کار لەسەر ئاگایی خوێنەر دەکات و سەرنجی دەباتەوە سەر ڕێڕەوی(مجری)ی ڕووداوەکان.ئەم مەغزایە شوێنی کاری نووسەر بووە و تیایدا سەرکەوتووش بووە.لە تەواوی چیرۆکەکە ئەتمۆسفیرێکی هێمن باڵی بەسەر دەقەکەدا کێشاوە و ڕەنگی زاڵیش لەم چیرۆکە ڕەنگی سپییە.لە چیرۆکی "گرێ کوێرەکانی مەرگ" سەرباری خەیاڵی زانستی، خوێنەر لەبەردەم ڕووبەڕووبوونەوەیەکدایە

لەنێـوان نـامەئلوف و واقیعێکـی بـێ پرسـیار و ناحاڵی.پـاڵەوان (کارەکتەر) لەو دەقە لەدوو توێی ڕستەکانەوە تەنها سێبەرەکەی دەبینرێت.بۆیە پاڵەوانەکە پاڵەوانێکی ئـاکتیڤ نییە.ئەوەی ئـاکتیڤە لیـژنەیەکە کەلەڕوانـگەی ڕاپـۆرتێکەوە دەبینرێـت.لەو چیـرۆکە کارەکتەر (شـیرکۆ)لەنێو ئۆقیانووسێک لە پرسیار، کەوتـۆتە نێو دۆخێکەوە کە جگە لەدژایەتیکردنی خودی پاڵەوان هـیچ ئەرکێکی تـری نیـیە.واتە هەلـومەرج و ئەتمۆسـفیر تاریـک و نێگەتـیڤن و لەبەرژەوەنـدی پـاڵەوان نـین..من خـۆم ئەمەم تەنهـا لە ڕۆمـانی ١٩٨٤ جـۆرج ئۆروێـڵ بینیـوە کە هەلـومەرج پـاڵەوان لەمەنـگەنە بـدات.دادگا و لیژنەکـان و ئامـادەبووان و پـارێزەران بەشـێکن لەدۆخێکـی چەقبەسـتوو کەنووسـەر دەیەوێـت ململانێیەکمـان نیشان بدات، ململانێیەک تا لەو ڕێگەیەوە ڕیوایەت بەو پەیامەی خۆی بدات کەدەیەوێت بیگەیێنێتە وەرگر یان خوێنەر.

لەسیسـتمی دیجیتاڵـدا مـۆراڵ و پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان دەگۆڕێن بە پەیوەندییەکی نا ئینسـانی سـارد و سڕ، کە نە سۆز تیایـدا کـارەکتەرێکی چـالاکە و نەبەزەیـی!.واتە بەرژەوەنـدی شـوێنی بە هەسـت و سـۆز لەق دەکات.پرسـیارکردنیش لە دەرەوەی سـنوورە باوەکـان جێگـای قەبـوڵ نیـیە و تەنـانەت سزایشـی بـۆ دانـراوە.لەم چیـرۆکە مێشـکی پاڵەوان(شـیرکۆ) کەوتـۆتە پێش سـەردەمەکەی.کۆمەڵگە تێی ناگـات و بـۆیە هەوڵ دەدەن بەجۆرێک لە جۆرەکان لەڕێگەی مەیاندنەوە لە کۆمەڵگەی دوور بخەنەوە.مەیانـدنیش وەک بەشـێک لە خولیـا و خەونـی گەیشتن بەنەمری هەوڵدانێکی خەیاڵئامێزانەیە لەڕێگەی گەشـەی تەکنەلۆجیاوە بۆ دەست ڕاگەیشتن بەو نەمرییە.

چیرۆکنـووس سـی سـاڵ بەر لەئێسـتا و لەڕێـگەی ئەم دەقەوە دەتوانم بڵێم خۆی لەڕەوتی زاڵی ئەوسای چیرۆکی کوردی جیا کـردۆتەوە.بەبەراورد بە مێـژووەکەی (نیـوەی یەکەمـی دەیەی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو) کە ئەو سـەردەمە ڕەوتـی زاڵـی نووســـین خـــۆی لەســـەر تەوەرە چینـــایەتی و نەتەوایەتـــی دەبینیـیەوە، ئەم دەقە هەولێکـی تـاڕادەیەک نـوێ بـووە.لادان لەڕەوتی ئاسایی و باوی نووسین و دەستبردن بۆ ناوەڕۆکێکی نـــوێ جـــگە لە نوێکـــاری هـــیچ شـــیکارییەکی تـــر هەڵناگرێت.لێرەوەشـــەوە بـــۆم گرنـــگ نیـــیە چ ناوێـــک یـــان چ دەســـتەواژەیەک وەک ئاوەڵنـــاو لەدوای نـــاوی چیرۆکنوســـەوە دادەنرێت، وەک نوێکار، نوێخواز، داهێنەر، پێشڕەو، و تاد، بەڵکو گرنگ ئەوەیە خوێنەر لەگەڵ دەقێکدا ڕووبەڕوو بۆتەوە کە زوو و بەر لەهەمـووان ئـالای جیـاوازی بەرز کـردۆتەوە و خـۆی جیاکردۆتەوە لە ڕەوت و ڕێڕەوە باوەکانی ئەو کات.

چیرۆکنـووس لە شـێوازی نووسـین و دامەزرانـدنی بونیـادی ئەم دەقەدا سوودی لە کاری پارێزەری و یاسـا ناسـی خۆی بینیوە و ئەمەش بەئاشـکرا بەبونیـادی دەقەکەوە دیارە.ئەتمۆسـفیری دەقەکەش تاریـک و هێمـنە و پـاڵەوان دەنگـی نابیسـترێت و ئەو دەنگەدەنـــگەی لە زۆربەی چیرۆکەکـــانی ئەو ســـەردەمەدا دەبیسترێن و دێنە بەر گوێ، لەم دەقەدا بوونیـان نییە.فەزایەکـی پـڕ لەتـرس و بێڕەنـگ بـاڵ بەسـەر زەمەنـی چیـرۆکەکەدا دەکێشـێت.ئەم کپـی و مـاتییەی لە دەقەکەدا هەسـتی پێـدەکرێت، پەیوەسـتە بە دەرخسـتنی توانـای هەڵبـژاردن، کە کـاک سـەلام محەمەد لەڕێی زمانەوە توانیویەتی ئەم کارە ئەنجام بدات.

## پێش ماڵئاوایی

سەلام محەمەد خاوەن ئەزموونێکی درێژ و پڕ بەخششە لە داهێنان و پێشڕەویی و جێدەستی بەبزووتنەوەی شیعریی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دیارە.هەوڵەکانی ئەو و ئاوڕدانەوە لێی زۆر لەم نووسینە زیاتر هەڵدەگرێت.هیوادارم پسپۆڕانی بواری ڕەخنە و شیعریی کوردی ئاوڕی پێویستی لێ بدەنەوە و بەو کەلێن و پەنهانانەمان ئاشنا بکەن کە تا ئێستا لایان لێنەکراوەتەوە.ئەم نووسینەش کەهەرچەندە لەئاستی مەبەست و ویستی مندا نییە، بەڵام بەهەوڵێکی بچووکی پەسند بفەرموون و دەوڵەمەند کردنیشی بەو سەرنج و ڕەخنەو تێبینیانە دەکرێت کەلەلایەن خوێنەران و نووسەرانەوە بەرەو ڕووم دەکرێنەوە و بە ئومێدی ئەو ڕۆژە دەڵێم جارێ ماڵئاوا.

***نیسانی ٢٠١٣***

***کەنەدا***

تێبینی: ئەم نووسینە لەبنچینەدا پێشەکی کتێبی (لە کەرکووکەوە بۆ ڤێستەرۆس...بەدەم پیاسەوە لەگەڵ سەلام محەمەدی شاعیر)ە بەتۆزێک دەستکارییەوە پێمباش بوو دووبارە لێرە بڵاوی بکەمەوە.

# منداڵبازیی...لەخولیای کەسییەوە بۆ پرسی کۆمەڵایەتی

**لەچیرۆکی "نوورەشەشە" ی فەرهاد شاکەلیدا**

## پرسی منداڵبازیی چیرۆکێکی کۆنی مرۆڤایەتییە

منـداڵبازیی (Pederasty)بەو کـردارە سێکسـییە دەوترێـت کە مرۆڤی سەرووی هەژدە ساڵ لەگەڵ منداڵ و هەرزەکار چ کوڕ بن یان کچ ئەنجامی دەدەن.بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کردارە لە ڕووی تەندروستییەوە زیان بە منداڵەکە دەگەیێنێت ؛ لەلایەکەوە جەستەی منداڵەکە دەشێوێنێت و لەلایەکی ترەوە باری دەروونی ئەو منـــداڵە بە ئـــاڵۆزی دەمێنێـــتەوە و ڕەنـــگە تـــا مـــردن کـاریگەرییەکەی بمێنێـت.ئەم ڕەفتـارە دژی مـرۆییە لە گۆشــە و کەنارەکـانی کـۆمەڵگە بەڵام بە نهێنـی و دوور لە چـاوی خەڵـک ئەنجام دەدەرێ.سیستەمە جیاوازەکانی کۆمەڵگە چ مەدەنی بن یـان تۆتالیتـاری؛ سـزای تایبەتیـان دانـاوە بـۆ ئەو جـۆرە کـارە قێزەوەنانە.سەرباری بوونی ڕێگری لە بەردەم منداڵبازیی، کەچی تا ئێستا نەتوانراوە ڕیشـەکێش بکرێت.زۆربەی جارەکانیش ئەو کـردارە دەســتدرێژییە یــان لە لایەن دایـک و بـاوک و دایەن و کەسوکار یان مامۆستا یان وەستا یان مەلا یان قەشە ئەنجام دەدرێـت.هەر دوێنـێ بـوو " گەورەتـرین سـکانداڵی ئـابڕووبەری

هەوەسبازی و منداڵبازی لەمێژووی میدیای بەریتانیا و کەناڵی BBC ئاشـکرا بـوو دەربـارەی جیمـی سـاڤیل گەورەتـرین کارەکتەری میدیایی و بەناوبانگترین دیجەی و بێژەری کەناڵی نـاوبراو کە زیـاتر لە چوارسـەد راپـۆرت و سـکاڵا لە دژی دەستدرێژی کردنە سەر منداڵان درا بە پۆلیسی بەریتانیا"(١). لە ڕووی مێـژوویییەوە ئەم دەردە کـۆمەڵایەتییە بـۆ مێـژووە بەراییەکـانی کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی دەگەڕێـتەوە.واتە لەڕووی مێـژووییەوە منـداڵبازیی لە بەرەبەیـانی مێـژووەوە یەخەی کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتیی گرتـووە و لە تەواوی سـەردەم و شارستانەتییە جیاوازەکان بوونی هەبووە و بە شێوەی جیاجیا دەرکەوتووە.ئـایینیش سـەرباری ڕەتکـردنەوەی منـداڵبازیی بەشـێوەیەکی ئاشـکرا، بەڵام هەندێک لە پیاوانی ئـایینی بە بـارە نهێنییەکەی ڕەواجیان بەم کارە داوە.ئەم کردارە قێزەوەنە ڕەنگە هەنـدێجار خولیـای کەسـیی بێـت و هەنـدێجاریش بـووبێتە حـاڵەت.بەڵام لەهەمـوو حاڵەتەکانـدا پەیوەنـدییەکی تونـدوتۆڵی بە مۆڕاڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نـاو کۆمەڵگەوە هەبووە و هەیە.کـاتێکیش مـۆڕاڵ ڕوو لە خـوار هەنگـاو دەنـێ، منـداڵبازیی ڕوو لەسـەر دەڕوات و بەرز دەبێتەوە.بەپێـی سـایتی ( Info on Islam) لە ٩٥ % سـایەق تـرێلە و لۆرییەکـانی وڵاتێکـی موسـوڵمانی وەک پاکسـتان منـداڵبازی دەکەن و سـێکس لەگەڵ منداڵی نێرینە دەکەن.(٢).

منـداڵبازیی (بەچەبـازیی و هەتیوبـازیی) زۆر پـێش پەیـدابوونی ئایینەکـانی ئیسـلام و مەسـیحی بە شـێوەیەکی بەرچـاو پراکتیـک کراوە.لەیۆنـانی کۆنـدا منـداڵبازی بەربـڵاو بـووە و شارسـتانە جیاوازەکـانیش بێبەری نەبوونە لە پیـادەکردنی ئەم تـاوانە دژی

ئینسانییه.واته وەک لەکەیەک بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگەی ئینسانی بە نێوچەوانی مرۆڤایەتییەوە بووە.مرۆڤە بە ئازاد لە دایکبووەکانی ئەسینای کۆن مافی ئەوەیان هەبووە سوود لە کۆیلەکان وەربگرن و سێکسیان لەگەڵدا بکەن.هەروەها "کۆمەڵگەی ڕۆمانی کۆمەڵگەیەکی پەتریارکی یان پیاوسالاری بووە و پیاوە ڕۆمانییەکان ئازاد بوون لەوەی چێژ لە سێکسکردن وەربگرن لەگەڵ نێرینەدا بێ ئەوەی پیاوەتی یان دۆخی کۆمەڵایەتییان لەدەست بدەن ئەگەر ڕۆڵی نێرایەتی ببینن.بۆ ئەم مەبەستەش سوودیان لە کۆیلەی نێر وەردەگرت(٣).ئایینەکان گەرچی لە ڕووخساردا دژایەتی مندالبازیی دەکەن، بەڵام نەیانتوانیوە بکەونە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەی کە دەیەها چیرۆکی دڵتەزێن و سەدەها سکاندال لەخۆ دەگرێت کە هەزاران منداڵ بوونەتە قوربانی.هەر بۆنموونە پاپای کەنیسەی کاسۆلیک پیتەر هەلێرمان یەکێکە لەو پاپا دەستدرێژیکەرانەی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە لاقەی مندالانی کردووە"(٤).لە جیهانی ئیسلامیشدا و لە کات و شوێنی تایبەتدا ئەو دیمەنە ناشیرین و هەواڵە تاڵانە دەبینرێن و بەرگوێ دەکەون.لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، مێژوونووس مارساڵ هۆدگسن لە وتاری "شارستانی ئیسلامی لەسەدەکانی ناوەڕاست"دا دەنووسێت " سەرباری ڕەتکردنەوەی بەهێزی ئەم دیاردەیە لە لایەن شەریعەتەوە، کەچی پەیوەندی سێکسی نێوان پیاوی پێگەیشتوو(بالغ)و هەرزەکار زۆر بە ئاسانی لەنێو بازنەی چینی بالا قەبووڵ دەکرا(٥).هەرچی سەردەمەکانی دواترە مندالبازیی وەکو خۆی ماوەتەوە و چارەسەر نەکراوە.تەنانەت چینی ئەرستۆکراتی

کــــۆمەڵگە، نەخشـــــی بەرچـــــاوی هەبـــــووە لە فریـــــودان و هەڵخەڵەتانـدنی کـوڕانی چینـی هەژار و لاقەکردنیـان.لە ئاسـتی نێونەتەوەییش گەلێ هەوڵ دراوە بۆ وەستانەوە دژ بەو پرسـە و دیارترینیان "بۆ یەکەمجار وەزیرانی دادی چل و شەش دەوڵەتی ئەوروپی لەگەڵ ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠١٢ لە بروکسلی پایتەختی بەلجیکـا کـۆ دەبـنەوە تـا نـاڕەزایەتیی خۆیـان سـەبارەت بە منـداڵبازیی دەرببـڕن"(٦).ڕەنگـدانەوەی منـداڵبازیی و نێربـازیی (هاوڕەگەزبـازیی) لە هـونەر و ئەدەبیشـدا بە ئاشـکرا هەسـت پێدەکرێت.منـــــداڵبازیی هەر تەنهــــــا مـــــــرۆڤە ســـــــادە و نەخوێندەوارەکانی کۆمەڵگەی نەگرتۆتەوە، بەڵکو هەندێجار گەلێ هونەرمەنــد و ئەدیــب دووچـــاری ئەو دەردە بـــوونە و ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەب و هـونەر هەڵبدەینەوە گەلێ ناومـان بەرچـاو دەکەوێ کە ڕەنـگە ببـنە مـایەی شـۆک و سەرسـامی، لەوانە " شـاعیر و شانۆنامەنووسـی ئێرلەنـدی ئۆسـکار وایلـد(٧) یان کەڵە مەقامزانی بەغدا ڕەحمەتوڵڵا شـەڵتاغ-ی کورد.(٨).ئەم دەردە کـۆمەڵایەتییە کە تـا ئێسـتا و کـاتی نووسـینی ئەم دێـڕانە بەردەوامـــی هەیە و بەداخەوە هـــیچ ڕێ و شـــوێنێکی گونجـــاو نەگیراوەتە بەر بۆ چارەسـەرکردنی بنەڕەتـی، بەڵام وردبوونەوە لە زەمینەی سـەرهەڵدانی ئەم دەردە کۆمەڵایەتییە دژە مرۆییە و سـەرنجدان لە هۆکارەکـان ڕەنگە خـراپ نەبێت.بە بۆچوونی مـن کۆمەڵگە پاشکەوتووەکان زۆرتر زەمینەی لەبارن بۆ سـەرهەڵدان و گەشـەی ئەو تراژدییـایە، بەتـایبەتی کە ڕێـژەی نەخوێنـدەواری لە ئاسـتێکی بەرزدابـێ.جگە لەمەش بـوونی بۆشـایی سـێکس و چەپاندن لە ژیانی مرۆڤەکاندا؛ کاریگەری خۆیان هەبووە و هەیە بەسەر دەستبردن بۆ وەها کارێکی ناپەسند.کلتوور و پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەتی کاتێک داب و نەریت ڕێگر بێت لە ئاشکراکردنی ڕەگەزی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان جا چ ئەوانەی لە ڕووی سروشتییەوە نێرن و بە ڕواڵەت وەک مێ دەردەکەون یان بەپێچەوانەوە، کاریگەری هەبووە و هەیە بەسەر ئایدێندتی مرۆڤەکان.

## ستراکتۆری کورتەچیرۆکی نوورەشەشە

نوورەشەشە ناوی شەشەمین کورتەچیرۆکی کتێبی "بۆنی تاریکی" ی شاعیر و چیرۆکنووس فەرهاد شاکەلییە کە چاپی سێیەمی ساڵی ٢٠١١ لەلایەن دەزگای ئاراس"ەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.ماجەرای دەقەکە بەم جۆرەیە: نوورەشەشە و خانەوادەکەی لەنێو کەسوکاریاندا لە گوندەکەیان دەژیان.شەشە بە هەر کولەمەرگییەک بووە نەیهێشت نوورە و دایکی موحتاج بن.وەختێ شەشەی باوکی نوورە ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، دایکی نوورە کێچ دەچێتە کەوڵییەوە و هەوای شار لە کەللەی دەدات و چەندێ خزم و کەسوکار هەوڵی لەگەڵ دەدەن، بێسوود دەبێ و دەستی نوورە دەگرێت و دەچێتە شار.لەوێ لای وەستا شەریف کە هاوڕێیەکی باوکی نوورەشەشە بووە، جێگایەک پەیدا دەکەن.نوورە سەرسام دەبێت بە بارودۆخی شار وەختێ لەسەر دیواری ناو ئاودەستخانەی مزگەوتەکان دەیەها دروشم و قسەی سەیر دەخوێنێتەوە.دواتر هەر بە هەوڵی وەستا شەریف کاری بەردەستی لای حەمەسەنی تەنەکەچی بۆ نوورەشەشە ددەدۆزنەوە.نوورە بێئاگا لە دونیای شار و پەیوەندییە ناتەندروستییەکانی شار خەریکی کارکردن دەبێت.تا

ڕۆژێــک وەســـتاکەی هەوڵ دەدات دەســـتدرێژی بکـــاتە ســـەر نوورەشەشە و نوورەش دەیکاتە دەنگەدەنگ و هەڵدێ.ماوەیەک بێکـــار دەمێنێتەوە.لێرەشـــەوە بـــۆڵە و گلەیـــی دایـــک دەســـت پێدەکات.تا ڕۆژێک نوورەشەشە بە هەوڵی خۆی کاری سەکنیی لای بلە زۆراب، مام برایم بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.نوورەشەشە دڵی بە کارە تازەکەی خۆش بوو.ڕۆژێک وەستا برایم لە کاتی گەڕانەوەیـان لە ڕێگـا زەفەری پێـدەبات و نـوورە هەرچەنـد دەپاڕێتەوە کەڵکی نابێت و لە تاوان تەسلیم دەبێت و دەڵێت توخوا وەستا یان مام برایم ئازارم مەدە با زۆر نەیەشێت.

**مام برایم توخوا وازم لێبێنە**

**وس بە قویندەر**

**مامە برایم ئەومە قوربانت بەس ئەمجارە وازم لێ بێنە(٩).**

ئیتر نـوورە شەشـە لێرەوە هەست دەکات سنووری منداڵی دەبڕێ و دەبێتە پیاو و پێ دەنێتە دنیای خەڵکە گەورەکان.

**مام برایم توخوا ئازارم مەدە...**

**ئازارت نادەم، نا...دایکەنە دەی...**

**ئاخر توخوا زۆر دەترسم توخوا با ئێشی نەیەت.(١٠).**

ئیتـر لێـرە ڕووداوەکـانی نێـو چیـرۆکەکە دەگەنە چڵەپـۆپە و (Rising Action) ڕوو دەدات.تەسلیمبوونی نوورەشەشـە بە بلە زۆراب چڵەپۆپە( Climax) و خاڵی وەرچەرخانی ململانێی

نێوان دوو دنیای تاوان و بێتاوان، جەلـلاد و قوربـانی، ڕاوکەر و ونێچیرە.ئەو هـێڵە ڕوو لەسـەرەی ڕووداوەکـان لەو خـاڵەوە ڕوو لەخـوار دەکشـێت.ئیتر وەک دەرئەنجـامی ئەم کـرداره درامییە له ئەدەبـی گێـڕانەوە، ڕووداوەکـان خـاو دەبـنەوە و ململانێکـان هێـــورتر دەبنەوە.دواجـــار نووســـەر(حیکایەتخوان) لەمیـــانی بەڕێکردنـی فوئـادی ئـامۆزایەوە لە گەراجـی نەهـزە لە شـاری بەغداد نوورەشەشـە دەبینێت و سـەکنی هەیە و ئیتـر بەو جۆرە ڕەوڕەوەی ڕووداوەکـان دەچێـتە پێش.سـتراکتووری چیرۆکـی نوورەشەشــە نیشـاندانی کـاڵبوونەوەی پەیوەنـدییە کلتـووری و کۆمەڵایەتییەکانە لە شار، ئەو پەیوەندییانەی کە لە گونددا هێشـتا بەهاکانیـــان لە ئاســـتێکی بەرزتردان.نیشـــاندانی دوو وێـــنەی لێکجیـاوازی شــار و لادێ و دوو جـۆر پەیوەنـدی و دوو جـۆر ژیـانە، ئامـاژەیەکی گـرنگە بە گەشـەی پیشـەوەریی کە شـاریش وەک دەرئەنجــامی ئەو گەشــەکردنە هــاتۆتە بــوون و شــکڵ و شـێوەی پێدراوە.شـاریش وەک وتمـان بـۆ پـاڵەوانی چیـرۆکەکە "نوورەشەشە" جێی ڕامـان و سەرسـووڕمان بـوو." **نوورەشەشـە زۆر دڵـی بەشـار خـۆش بـوو.حەزی دەکـرد شـەو و ڕۆژ بەنـاو کـۆڵان و بـازاڕ و قەیسـەریدا بسـووڕێتەوە تەماشـای دوکـان و کۆگــا و شـــتی جـــوان بکـــات**"(١١).نووســـەر لەهەڵبژاردنـــی کارەکتەرەکانی چیرۆکی "نوورەشەشـە"دا زۆر بە وردی لە کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکـانی نیوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمی کـۆمەڵگەی کوردسـتانی ڕوانیوە.بـۆیە کـارەکتەری گونجـاوی بـۆ کـــار و شـــوێنی گونجـــاو هەڵبژاردووە.ســـیفەتەکانی پـــاڵەوانە سـەرەکییەکان(Protagonist) لەچیرۆکـی نوورەشەشـە بـریتین لە:

یەک: نەخوێندەوارن یان کۆلکە خوێندەوارن و دووریی ئەو کارەکتەرانە لە قوتابخانە و کتێب و زانست و مەعریفە.

دوو: سادەن و بە کۆمەڵێ گرفتی دەروونیی دەورە دراون، هەرچەندە کێشەی ئابووری یەکێکە لە کێشە گشتی و باوەکانی کارەکتەرەکان.

سێ: دڵپاکی و نییەت پاکی کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان و وابەستەبوونیان بە کلتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پاشماوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی.

چوار: بێکەسی و غیابی پەروەردەی دروست و نەبوونی سەرپەرشتیار و لێپرسینەوە بە تایبەتی نوورە کە باوکی نەماوە و دایکیشی فریای ژیانی سەختی شار ناکەوێت.

بەمجۆرە فەرهاد شاکەلی بە وشە و لە ڕێگەی کورتەچیرۆکێکەوە وێنەی دیمەنێکمان بۆ دەکێشێت کە بە شێوەیەکی نهێنی و نادیار لەسەر دیواری نێو ساختمانی کۆمەڵگە هەڵواسراوە و مرۆڤەکانیش نایبینن.

### داتەپینی هێڵی درامیی مۆراڵ لە بونیادی دەقی نوورەشەشەدا

لە بونیادی دەقی چیرۆکی نوورەشەشەدا هێڵی درامیی مۆراڵ لە بەرزبوونەوە و دابەزیندایە.لە کۆمەڵگەی کوردستان و لە لادێیەکی ناوچەی گەرمیان کە لە لایەکەوە ئایین زۆربەی ژیانی خەڵکی زەحمەتکێشی خستۆتە ژێر چاودێری و لە لایەکی ترەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چەشنی خزمایەتی و هۆز و عەشیرەت زۆر بە زەقی سێبەری هەیە بەسەر ژیانی

تاکەکـانەوە.مۆراڵێش لەژێـر کـارتێکردن و کـاریگەری ئەو دوو فـاکتەرە ئـاکتیڤەوە پێناسـەی کراوە.بـۆیە لادان لەهێڵـێ مـۆڕاڵ گەورەتـرین پرسـیار لەسـەر کەسـێتیی تـاک دروسـت دەکـات و هەنـدێ جـار خـزم و کەسـوکاریش دەکەونە ژێـر فشـاری کـۆمەڵایەتییەوە و پەرچەکـردار و هەڵوێسـت وەردەگـرن.لە کـورتەچیرۆکی نوورەشەشـە ئەو سـەروەرییەی کە مـۆڕاڵ لە کۆمەڵگەی کوردسـتان هەیەتـی لەئەنجـامی دەسـدرێژی کـردنە سەر نوورەشەشە تووشی داتەپین دەبێت و نیشاندانی وێنەیەکی قێزەوەنە لە حاڵەتێک کەئیش لەسـەر کوشـتنی بەهـا مرۆییەکـان دەکـات.مۆڕاڵ لە دەقی نوورەشەشـە بە دوو جۆر خۆی نمـایش دەکات.جۆرێکیـان مـۆڕاڵی دیـار و بێگەردە کە بە فلـتەری ژیـانی کـۆمەڵایەتی تاکەکانـدا تێـدەپەڕێت و بە ڕێزیشـەوە نـاوی دەهێنرێت.بەڵام ئەوی تریـان مۆڕاڵی نادیـار و خەوشـدارە کە بە هـیچ جۆرێـک بە فلـتەری کلتـوور و ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا تێناپەڕێـت.بەڵام سـەرباری ئەو پێـداگرییەی مرۆڤەکـان لەسـەر مۆڕاڵ، کەچی بە هەزاران مرۆڤ دەبینین ڕۆژانە دەبنە قوربـانی حەز و خولیـا و شـەهوەتی نـاوگەڵی مرۆڤگەلێک کە بچووکترین ئینتمایـان نیـیە بـۆ مەسـەلە مۆڕاڵییەکان.پیشـەگەلی لە چەشـنی تەنەکەچی و سەکنی و فیتەر و کوشـنچی و وایەرمەن و..تـاد، بە گشـتی نـاچنە چوارچێـوەی ئەو دیـمەنە نـاقۆڵا و ناشـرینەوە، چـونکە ئەو پیشـەگەلە سـەرباری ئەوەی سـەرچاوەی بژێـوی سەدان و هەزارەهـا خێزانن و بە هەزاران وەستای بەڕێز دوور لەو کـارە دڕنـدانەیە بە ئـارەقی نێوچەوانیـان بژیـوی خۆیـان و خێزانەکانیان دابین کردووە و دەیکەن.بەڵام لە پەنـای ئەمانەشـدا و لەلایەن گەلێ وەستای نائینسـانەوە و لە چوارچێوەی هەر ئەو

پیشەگەلەوە گەلێ منداڵی جوانکیلەی پاک و بێگەردیان کردۆتە نێچیری شەهوەت و دەروونە نەخۆشەکانیان و دووچاری کارەساتیان کردوون، ئەمانیش بە دەوری خۆیان هەم وەک تۆڵەکردنەوەی خۆیان و هەمیش وەک خوو و نەریتێک کە ژیانیانی نەخشاندووە، درێژە بەو کارە ترسناکە دەدەن.واتە منداڵبازی هەر تەنها لە چوارچێوەی خولیا و ئارەزوو نەماوەتەوە، بەڵکو لە چیرۆکی نوورەشەشە بۆتە حاڵەت، بەڵام حاڵەتێکی ترسناک و نادیار.

فەرهاد شاکەلی وەک نووسەرێکی بوێر لە پایزی ساڵی ١٩٨٣ دا دەست دەخاتە سەر دەردێکی ترسناک کە بەرۆکی کۆمەڵگەی کوردستانی گرتووە و چاونەترسانە وێنای دەکات.بێدەنگی لە ئاست ئەو دەردە کۆمەڵایەتییە و لا لێنەکردنەوەی بۆ کۆمەڵێ هۆکار دەگەڕێتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەک: ترس لە شکانی شکۆی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ و کەمڕەنگبوونەوەی شانازییە کلتوورییەکان.

دوو: سەرقاڵیی تەواوی ناوەندەکانی نووسین و ڕۆشنبیری بە کێشە سیاسییەکان و مەسەلەی خەباتی کورد و شۆڕش و ڕزگاری مرۆڤی کوردەوە و بینینی ئەم پەتا کۆمەڵایەتییە وەک کێشەیەکی لاوەکی.

سێ: نەبوونی ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی و لە ئارادانەبوونی سیستمێکی پەروەردەیی دروست سەبارەت بە سەرجەم دیاردە و کێشەکان و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو ڕەهەندەکانی کرانەوە و مۆدێرنەکردنی ژیان.

چوار: ئامادەنەبوونی نووسەرانی کورد بۆ سازشکردن لەسەر ناعەقلانیەت و دەستگرتن بە کۆمەڵێ بەها؛ کە کار لەسەر خۆدزینەوە و دروستکردنی ناسنامەی نووسەر دەکەن لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی.

پێنجەم: فەرامۆشکردنی ئەم پرسە کۆمەڵایەتییە لەلایەن ڕای گشتی و میدیا و دەسەڵاتە کۆنەپارێزەکانی کۆمەڵگەوە.

پشتگوێ خستنی ئەم پرسە کۆمەڵایەتییە کە مەترسی هەیە بۆ سەر بەهاکانی ژیان، هۆکارێکە بەرەو بۆگەن بردنی کۆمەڵگە و کەنارخستنی ژیان لە لێواری کارەسات و ڕووداوە نەخوازراوەکان.

**کۆمەڵگەی کوردستان و پرسی منداڵبازی..خولیا یان حاڵەت؟**

لەکۆمەڵگەی کوردستاندا (بەتایبەتی لە باشووری کوردستان) پرسی منداڵبازی لەدەرەوەی سنوورە ناسراوەکانی مۆڕاڵ و ژیانی خێزانەوە هەناسەکانی خۆی داوە.نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و بگرە زوتریش ئەوەی نەخشی ژیانی کۆمەڵایەتیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دیاری دەکرد، بریتی بوو لە سیستەمێکی تۆتالیتاری و حکومڕانی دەوڵەتێک کەهەموو شتێکی لەلوولەی چەک و سەرکوتی سیاسیدا دەبینییەوە.پەروەردە و فێربوون، میدیا، هۆشیاری کۆمەڵایەتیی جگە لە بەرجەستەکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی سەرکوتگەر هیچی تر نەبوون.لەدۆخێکی وەهادا بەدڵنیاییەوە خزمەتگوزاری و ئاوەدان کردنەوە و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیی و

ســـەقامگیری ئاســـایش بـــۆ گەلـــی کـــورد خەونگەلێکـــی دوور بـوون.ئەمە جگە لەوەی کە دۆخـی سیاسـیی کورد وەک بـوونی بزووتنەوەیەکی نارەزایی و خەباتێکی چەکدارانە دژ بە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکـانی عێـراق زەمیـنە خۆشـکەر بـوون بـۆ هیشـتنەوەی ئەو پـارچەیە لەدواکەوتـوویەکی نەخوازراو.بـۆیە لە وەهـا کۆمەڵگەیەکـدا دەبینـین کە سـەرباری پرسـی منـداڵبازی، پرســگەلی وەک نێربــازی و ئاژەڵبــازیش بــوونی هەبــووە.ئەم پرسانە لە بنچینەدا ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجەن کە مرۆڤەکان توانـای هەڵبژاردنیـان نیـیە و نـاتوانن ئازادییەکانیـان دەسـتەبەر بکەن.واتە فەزای کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان بە جۆرێک بووە کە مرۆڤەکان لە بەرامبەر غەریزە و ئارەزووەکانیـان جگە لەپەنا بردن بۆ درۆ و فێڵکردن لە خەڵک هیچی تریـان لەدەست نەهاتووە.ئێمە ئەگەر چی هیچ ئامار و داتایەکی دادگـا و دەزگـای پۆلیسـی کوردسـتانمان سـەبارەت بە دەسـتدرێژی کـردنە سـەر منـداڵ لە بەردەسـتدا نیـیە، بەڵام ئەمە بەو مانـایە نیـیە کە ئەو دیـاردەیە بنبـڕ بووە.چـونکە زۆرجـار تـرس و شـەرم ڕێگـرن لە پەردە لادان لەسـەر ئەو دیـاردەیە.دۆخی کۆمەڵایەتی کوردسـتان کە بارگـاوییە بە شـەرم و تـرس، فەراهەمهێنەری زەمینەیەکە کە تیایـدا قوربانییەکـانی ئەم پرســە نەک هەر ئامــادە نـین داوای گەڕانەوەی شکۆ و مافی پێشـێلکراویان بکەن، بەڵکو قایلبەخشـن بەو سـتەمە.بێدەنگبوون لەم شـکانی شـکۆیە، بێـدەنگبوونە یـان دەستبەرداربوونە لە بەهـای مرۆیی.هەر لەم دۆخە شـەرمئاوەرە بۆ نموونە تـا کۆتـایی سـەدەی بیسـتەمیش ئاژەڵبازی (بەتـایبەتی کەرگـاین) دیـاردەیەکی بـڵاو بـوو و نەک هەر لە گونـدەکانی کوردســـتان بەڵــکە لە شـــارەکانیش گەنـــج و هەرزەکـــاران

بەشانازییەوە چیرۆکەکانی خۆیان لە چۆنیەتی گاینی ماکەر دەگێڕایەوە.دیاردەی ئاژەڵبازی سەر بە کلتووری دەرەبەگایەتییە و کاتێ کۆمەڵگە لە سەرەتاکانی قۆناغی سەرمایەداری دایە و هێشتا عەقڵییەتی کۆمەڵگە عەقڵییەتێکی لادێیە و مرۆڤەکان سوێند بە سەری یەکتر دەخۆن، ئاژەڵبازیش کۆڕی کوڕ و کاڵ گەرم دەکات.ئەگەر ترس و شەرم ڕێگر بن لە بەئاشکرا باسکردنی منداڵبازیی، ئەوا ئاژەڵبازیی ئەو ترسەی تێدا نییە.ئاژەڵبازیی هەندێجار بۆتە ناو و ناتۆرە و بەخشینی سیفەتی ناشیرین بە ئینسانەکان و هەندێجاری تریش بۆتە مایەی دەیان نووکتەی کۆمەڵایەتیی لەسەر مرۆڤەکان.

منداڵبازیی ئەگەر لە سەرەتاوە وەک بۆشایی سێکسی و خولیای تاک خۆی نمایش بکات، بەڵام دواتر وەک پرسیکی کۆمەڵایەتی گەشە دەکات و لە نێو توێژێک لە پیشەوەران دەبێتە حاڵەتی باو و نەوە دوای نەوە پەیڕەوی دەکەن.لەگەڵ گەشەی شارو پیشەسازی و بڵاوبوونەوەی قوتابخانە و خوێندەواری لە کۆمەڵگە، ئەم پرسە بنەبڕ نابێت بەڵام کەم بوونەوەی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت.

فەرهاد شاکەلی لە دەقی چیرۆکی نوورەشەشەدا زیرەکانە جووڵە بە کارەکتەرەکانی ناو دەقەکە دەکات چ لە ڕایەڵەی پەیوەندییەکانیان و چ لە گفتوگۆ و مەنەلۆگی کارەکتەرەکان کە لە بەردەم گەشە و بەرەو ئالۆزبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی شار تووشی بارودۆخێکی نەخوازراو دێن.نووسەر بە هەڵبژاردنی کارەکتەرەکان و شوێنکات و چنینی گرێچنە و دیالۆگەکان جوان ئیشی لەسەر پرسێک کردووە کە

کەم نووسەر لە پانتایی ئەدەبی کوردی وێراویەتی خۆی لێبدات و زۆر کەمـــیش ئـــاوڕ لەم حـــاڵەتە دراوەتەوە، کە بەهەزاران مرۆڤـــی کـــردۆتە قوربـــانی بێـــئەوەی کـــۆمەڵگە لەئاســـت ئەو کارەساتە جەرگبڕە هەستی بجووڵێت و ڕابچڵەکێت.

***سەرەتای تەمموزی ٢٠١٣***

***کەنەدا***

## سەرچاوەکان:


١-سکاندالّی ئابرووبەر لە بی بی سی ئاشکرا بوو، سایتی بەهاری کورد ئاژانسی هەوالّی نێودەولّەتی http://baharikurd.com/ku/far-ku/82-culture/219-bbc-jimmy-savile-sexual-abuse-scandal.html

٢-بڕوانە سایتی Info on Islam کە زانیاری بەکەلّکی سەبارەت بەو دەردە کۆمەلاّیەتییە خستۆتە بەرچاو http://crombouke.blogspot.ca/2010/01/1.html

٣-هاوڕەگەزبازی لە ڕۆمای کۆن.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی http://en.wikipedia.org/wiki/Homosexuality_in_ancient_Rome

٤-پاپا لەسەرووی یاساوە نییە، تاوانەکانی ناو کەنیسەی کاسۆلیک داوای دادپەروەری دەکەن.نووسینی کریستۆفەر هیچنیس.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی http://www.slate.com/articles/news_and_politics/fighting_words/2010/03/the_pope_is_not_above_the_law.html

٥-شارستانی ئیسلامی لەسەدەکانی ناوەڕاست نووسینی مارشالّ هودگسن. وەرگیراو لەم سایتەی خوارەوە. http://en.metapedia.org/wiki/Pederasty_in_Mohammedanism

٦-هاوپەیمانییەکی نوێ دژ بە پۆرنۆگرافی منداڵان دەبەستریێت، سایتی ڕادیۆی کوردی لە سوید بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە http://sverigesradio.se/sida/artikel.aspx?programid=2200&artikel=5368292

٧-ژیاننامەی ئۆسکارد وایلد بڕوانە کتێبی Oscar Wilde By Richard Ellmann 1987

٨-جەلال خدر، کەڵە مەقامزانی بەغدا ڕەحمەتوڵڵا شەڵتاغ-ی کورد، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٥٢ ی ساڵی ٢٠٠٠ لاپەڕە ٨٧.

٩-فەرهاد شاکەلی، بۆنی تاریکی، کۆچیرۆک ، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی سێیەم، ٢٠١١.

١٠-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

تێبینی: ئەم نووسینە لە گۆڤاری نما ژمارە ٥٤ ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتەوە.

## قوبادی جەلیزادەی شاعیر
## ئەمجارە ژێیەکی جیاواز دەژەنێ!!

دەقی شیعرەکە:

سێ درِندە
عەرەب ، مەکتەب دەڕووخێنێ.
تورک، کتێب دەسووتێنێ.
فورس، رێ بەمین دەچێنێ.
ئەی چۆن؛
زارۆکانمان بچنە بەر خوێندن!

فورس،
گەردنی باران،
دەخاتە ناو قەفی پەت.

تورک،

زمانی مەزرا داغ دەکات
جەرگی ئاو دەکا لەت و پەت.

عارەب،
کانیلە چک دەکات
ژەهر دەکاتە هەناوی،
رووبارو شەت.
ئەی کەی ،
بە جووتیارە رەشتالەکان بڵێین ؛
کوڕینە خەرمان بەرەکەت ؟

عەرەب دەلێ؛
ئێمە سێبەری خوداین
ئێمەین و بەس.

فورس،
دەست دەنێتە ،
بینە قاقای لاوەکانمان
تا دوا نەفەس.

**تورک،**

**هەڵۆکانمان ، دەخاتە ناو**

**کونجی قەفەس.**

**ئەی کەی بە یەکتری بڵێین؛**

**ئازادیتان باش ،**

**کوڕانی قەقنەس.**

**خودایە...**

**ئەتاتوورک ، بخەیتە ناوەندی جەحیم.**

**ئەردەشێر، بکەی بە رێویی ، زەلیل و یەتیم.**

**خودایە...**

**لە عارەبی بستێنەوە،**

**تیری فەرموودەو**

**شمشێری قورئانی قەدیم(١)**

قوبادی جەلیزادە شاعیرێک پر لە هەست و جوانی، لێوانلێو لە عەشـــق و تەژی لە ئیرۆتیـــک لەڕێـــگەی شـــیعرە ســـادە بەڵام

قەشەنگ و ناسکەکانییەوە توانیویەتی جێیەکی شیاو بۆ خۆی لە بزووتنەوەی شیعریی کوردی دەستەبەر بکات.قوبادی جەلیزادە خاوەن زمانێکی سفت و سادە و بێگرێیە و لەڕێگەی ئەو زمانە شیعرییەوە توانیویەتی پلەی شیعرییەتی شیعرەکانی بگەێنێتە ئاستێکی پەسند.حەمەسەعید وتەنی قوباد " بە زمانی شیعر شیعر دەنووسێت"(٢)، ئەو وەک شاعیرێکی چالاک هەم شیعرەکانی کردۆتە هێلانەی ئەشق و ئەڤینی ژن و جەستەی مێینەیی ژنی تەرجەمە کردۆتە سەر وشە، هەمیش پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە کێشەی تێکۆشانی نەتەوەی کوردەوە هەیە.ئەمە جگە لەوەی چەند جارێکیش کەوتۆتە ململانێ و کێشمەکێش لەگەڵ ئیسلامی سیاسی و دەم سپییەکانی ئەو بزووتنەوە کۆنەپەرستە لەسەر ئازادی دەربڕین و ئازادی نووسین.قوبادی جەلیزادە وشەکانی تەڕپۆشن و شیعرە هەست وروژێنەر و نیمچە ڕووتەکانی بۆ وەسفی جەستەی ژن سیمایەکی تایبەتی و سەرەکی شیعریی قوبادن و پانتاییەکی گەورەش لەشیعرەکانی داگیر دەکەن..شێرزاد هەینی نووسەر لەستایشی شیعری قوباددا دەنووسێ "شیعر بوو ئەو " حاکم " ەی کرد بە پەپوولە.شیعر بوو ئەو پیاوە بە ژن وماڵەی شەیدای رووتی ژن و ناسکی کیژو دەفتەری باخەڵ و نزیک مەمک کردەوە"(٣).قوباد لەشیعرەکانیدا بە دوو ئاراستە کاری کردووە.ئاراستەیەکیان بریتی بووە لە عیشق و خۆشەویستی و ئیرۆتیک.ئاراستەی دووەم خەمی نەتەوە و تێکۆشانی کورد و ڕەتکردنەوە و دژایەتیکردنی گرایش و تەیفە کۆنەخوازەکان و بزووتنەوە تاریکخوازەکانی کۆمەڵگە و وەستانەوە لەبەرامبەر ملهوڕییەکانیان.ئەم وێنا گشتییەی شیعری قوباد و

هەڵوێستەکانی قوبادی گەیاندۆتە کەنارەکانی دڵی خەڵک و خوێنەرەکانی.عەلی ئەسغەر کەرەمی دەڵێ " قوباد لە شیعرە ئەویندارەکانی دا، ئەو شوێنەی کە ژن دەبێتە تەوەری وشەکان، عارفیشە، قوباد گەیشتۆتە ئاستی باوەڕو بەعیرفانی سێکس، لەش بۆ ئەو تەنیا چێژێکی روت نیە، لەش لەقاموسی قوباددا ئایەتگەلێکی مەزنە لەمرۆڤایەتییە" (٤).بۆ شاعیری داهێنەر بەدەستهێنانی خۆشەویستی خوێنەر و خەڵک چەند گرنگە ئەوەندەش ڕاگرتنی هەڵوێستە مرۆییەکان بایەخدار و گرنگن.قوباد جگە لەگەمەی جوانی و پەرستنی ئەو ڕووبەرە لە خۆشەویستی ژن کەبەشێکی دانەبراوە لە خۆشەویستی مرۆڤ، جگە لەسەرسامی بەهەستە قەرەباڵغەکانی ناو نەستی پیاوی ڕۆژهەڵاتی(کورد) و شەیدابوونی ژن وەک بەشێک لە چەپاندنێکی کلتووری و جێندەری، لەم ساڵانەی دواییدا وەک ڕەمزێکی شیعری لە دژایەتیکردنی بەرخوردی ترادیسیۆنانەی ئایین و دژایەتیکردنی زەنگی مەترسیداری ئایینی سیاسی بۆ سەر ئازادییەکانی مرۆڤ، دەرکەوت.یان باشتر بڵێم کەوتە بەر هێرشی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان.من لێرەدا بە شوێن لێکدانەوە و شرۆڤەی کێرڤی ڕوو لە هەوزار و نشێوی شیعریی قوبادەوە نیم، بەڵکو ئەوەی جێگای مەبەستی ئەم کورتە نووسینەیە، خوێندنەوەیەکی گشتیگیری شیعری "سێ دڕندە"یە کە هەڵگێڕانەوەی تەواوی ئەو هەڵوێستەیە کە قوباد چەندین ساڵە ئیشی لەسەر دەکات.شیعری " سێ دڕندە" شیعرێکە شایستە بە هەڵوەستە لەسەرکردنە، چونکە خوێنەر دەتوانێ لەڕاستای خوێندنەوەی ئەم دەقەوە بگاتە ئەو جێگا پەنهانەی کە قوبادی ڕاستەقینەی تێدا نیشتەجێیە.یان ڕووی ڕاستەقینەی

قوباد نیشان دەدەن.ئەو جێگایەی کە ئیتر دەمامک تیایدا کار ناکات و بایەخی خۆی لەدەست دەدات.دەقی "سێ دڕندە" لە لاپەڕەی تایبەتی شاعیر لە سەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە نۆی مانگی ئەیلولی ٢٠١٣، بڵاوکراوەتەوە.لەم دەقە شیعرە قوباد کاژی هەڵوێستە مرۆییەکەی فڕێ دەدا و وەک وشە ئیرۆتیکەکانی بەڕووتی دەردەکەوێ و خوێنەر دەتوانێ ناخی بخوێنێتەوە."سێ دڕندە" کە ناوی شیعرەکەیە هێمایە بۆ دڕندە بوونی عەرەب و تورک و فارس.واتە میللەتانی تورک و فارس و عەرەب دڕندەن.

**عەرەب ، مەکتەب دەڕووخێنێ.**

**تورک، کتێب دەسووتێنێ.**

**فورس، ڕێ بەمین دەچێنێ.**

**ئەی چۆن؛**

**زارۆکانمان بچنە بەر خوێندن!** (٥)

ئەم حوکمە گشتیی و بێبنەمایە بە ئاسانی ڕەچاو نەدەکرا لە شاعیرێک کە خۆی خوێنەرێکی شیعر و ئەدەبیاتی فارسی و تورکی و عەرەبی بێت چ لەزمانە ئەسڵییەکانەوە بێت یان بە وەرگێڕدراوی.کاک قوباد جگە لە پاشخانە ڕۆشنبیرییەکەی، پارێزەرە و حاکمە و ئەزموونێکی باشی لەو ڕشتەیە (پیشەیە)دا هەیە.شاعیر نەهاتووە باس لە سیستەمە سیاسییەکان بکات، یان ئاماژە بە دەوڵەت و حکومەتەکان بدات، بەڵکو بە گشتی ئەو میللەتانەی تاوانبار کردووە بە دڕندە.ئاشکرایە وەک چۆن لەناو

کوردda رەوتی جیاجیای وەک مۆدێرن و یەکسانخواز و کۆمۆنیست و عەلمانی و ئایینی و کۆنەپەرست هەیە، ئاواش لەناو میللەتانی تردا تەیف و گرایشیاتی مۆدێرن و یەکسانخواز و عەلمانی و فیمینیزم و کۆنەپەرست و لیبراڵ هەیە.یەکسانکردنی میللکەتێک بەهەموو ئەم تەیفە جیاجیایانەوە بە دڕندە و بەخشینی سیفەتی ئاژەڵ و نێگەتیڤ پێیان جگە لە سووکایەتیکردن هیچیتر نییە.

**فورس،**
**گەردنی باران،**
**دەخاتە ناو قەفی پەت.**

**تورک،**
**زمانی مەزرا داغ دەکات**
**جەرگی ئاو دەکا لەت و پەت.**

**عارەب،**
**کانیلە چک دەکات**
**ژەهر دەکاتە هەناوی،**
**رووبارو شەت.**
**ئەی کەی ،**
**بە جووتیارە رەشتالەکان بڵێین ؛**
**کوڕینە خەرمان بەرەکەت ؟ (٦)**

دیسانەوە ئەوە میللەتی عەرەب نییە وەک یەکەیەکی سەراپاگیر کە ژەهر دەکاتە هەناوی ڕووبار و شەت و کانیلە چک دەکات، ئەوە میللەتی فارس نییە گەردنی باران دەخاتە ناو قەفی پەت و ئەوە میللەتی تورک نییە جەرگی ئاو دەکا لەت و پەت و زمانی مەزرا داغ دەکات.بەڵکو ئەوە حکومەتە شۆڤینیی و دەمارگیرییەکانی دەسەڵاتە ملهوڕەکانی عێراق و سوریا و ئێران و تورکیان کە ستەم و زۆر دەرهەق بەکورد دەکەن.ئەم هەڵوێستە لە ڕەتکردنەوە و هێڵ بەسەردا دادانی میللەتانی تورک و عەرەب و فارس دەرهاویشتەی شۆڤینیزمە، چونکە "شۆڤینیزم پەیوەندی بە ڕاسیزمەوە هەیە.ئەم جۆرە تێروانینە فەرهەنگێک دێنیتە ئاراوە کەلەسەر ڕەتکردنەوەی بەرامبەر وەستاوە." (٧).کاک قوباد لەڕێگەی ئەم شیعرەوە دەیەوێ ئەو پەیامە بگەیەنێ کە لەبەر ئەوەی میللەتانی عەرەب و فارس و تورک دەمانکوژن و لەسێدارەمان دەدەن بۆیە دڕندەن.ئەم بڕیارە کەبەسەر میللەتەکاندا گشتگیر دەکرێتەوە خۆی هەڵوێست و بڕیارێکی دڵڕەقانە و نا ئینسافانەیە، چونکە ئەو میللەتانە گەلێ نووسەر و بیرمەند و ڕۆشنبیریان تێدایە کە نەک هەر دژ بەم تێڕوانینەی قوبادن، بەڵکو لایەنگر و پشتیوانی میللەتی کوردن دەرهەق بەمافە ئینسانییەکانی.ئاخر ئەم هەڵوێستەی قوباد لەبەرامبەر هەڵوێستە مرۆییەکانی ئیسماعیل بێشکچی جگە لە شەرمەزاری بۆ قوباد هیچیتر نییە!! لەلایەکی تریشەوە دڕندە سیفەتی مرۆڤی مۆدێرن نییە.ئەم پەیامەی لەم شیعرەدا خۆی مەلاس داوە دەتوانم بڵێم ئاماژەیەکی ترسناکە لەو ئایدیۆلۆجییەی کە مرۆڤەکان دەکاتە دوژمنی یەکتر.

**عەرەب دەڵێ؛**

**ئێمە سێبەری خوداین**
**ئێمەین و بەس.**

**فورس،**
**دەست دەنێتە ،**
**بینە قاقای لاوەکانمان**
**تا دوا نەفەس.**

**تورک،**
**هەڵۆکانمان ، دەخاتە ناو**
**کونجی قەفەس.**
**ئەی کەی بە یەکتری بڵێین؛**
**ئازادیتان باش ،**
**کوڕانی قەقنەس.**( ٨)

ئەم تێڕوانینە سەر بە جیهانبینی ناسیۆنالیزمە.ژەنینی ژێی ناسیونالیزم لای کاک قوباد نە تازەیە و نە غەریبە.چونکە کاک قوباد ئینتمای بۆ بزووتنەوەیەک هەیە کەئەویش بزووتنەوەی ناسیونالیزمە.کاک قوباد لەشیعری " سێ درندە"دا وەک نمایشی شیعرێکی سیاسیی لەسەر حیسابی کەرامەتی مرۆڤە غەیرە کوردەکان نەک حکومەت و سیستمە حکومڕانییەکان، دەیەوێ هەستی نەتەوەیی یان باشتر بڵێم هەستی شۆڤینیی لای خوێنەری سادەی کورد چێبکات.بەمەش شاعیر بەشدار دەبێ لە پرۆسەیەکی ناشیریندا کەتەنها لە فەرهەنگی کۆنەپەرستیدا هاوشێوەی دەدۆزرێتەوە.ئەم بەشداریکردنە کاریگەری هەیە

لەسـەر هەرەسـهێنان و دارمـانی باڵەخـانەی جـوانی شـیعر لای قوبـاد، ئەو باڵەخـانەیەی کە زیـاتر لە سـی سـاڵە خەریکی بنیـاد نـانیەتی.لێرەدا حەز دەکەم جـارێکی تـر جەغـد لەسـەر ئەو خـاڵە بـکەمەوە کە خۆشەویسـتی میللەتـی خـۆ و شـانازیکردن بە کوردبـوون هـیچ نەنگییەکـی تێـدا نیـیە، بەڵام کـاتێ کـار دەگـاتە ئەوەی ئەم شـانازیکردنە دەگـۆڕێ بـۆ سـووکایەتی، ئەوە ئەو بێڕێـزییەیە تەواوی هەسـتی ئینتمـای نەتەوەیـی و شـانازییەکان دەخـاتە ژێـر پرسیارەوە...شـیعر ژەنینـی ئەمجـارەی کـاک قوبـاد جیـاوازە لەژەنینەکـانی تر.قوبـادی ژەنیـار ئەمجـارە ژێیەکـی ناشـیرین دەژەنـێ کە لە بـری مۆسـیقایەکی ناسـک، ژاوەژاوێکـی مـوزعیجکەر دێنیـتە دەرەوە.قوبـاد پێشـتر وەک " ژەنیارێـک لەگۆڕەپانی شـاردا وێسـتاوە و دەژەنـێ و دەسـترێ و سـینگەکان دەکەونە لەرزیـن و دەسـتەکان دەبـنە چەک." (٩) بەڵام ئەمجـارە جـگە لەخۆشـحاڵی دەروونـی هەنـدێ کەسـی نەخـۆش کە بەو جۆرە ئاوازانە دەکەونە هەلەکە سەما، هیچ مرۆڤێکی ژێـر ئامـادە نییە پاژنەی پێی بەرز بکاتەوە بە نییەتی سەما و دانی دەرکەوێ بە نییەتی خۆشحاڵی.

**خودایە...**
**ئەتاتوورک ، بخەیتە ناوەندی جەحیم.**
**ئەردەشێر، بکەی بە رێویی ، زەلیل و یەتیم.**
**خودایە...**
**لە عارەبی بستێنەوە،**
**تیری فەرموودەو**

**شمشێری قورئانی قەدیم.( ١٠)**

لەدوای ئەم پاڕانەوە و دوعاکردنانەوە و لەپاڵ ئەم وشانەی کە هیچ لە وشە جوانەکانی پێشتری شاعیر ناچن، ڕقێک خۆی مەڵاس داوە.ڕقێک بێ ئەوەی بچووکترین حیساب بۆ هەستی مرۆڤەکان بکات، ڕوو بە مرۆڤەکان و هەستی مرۆیی میللەتێک بۆتە نیشان شکێن و مایەی سووکایەتی بە میللەتانی تورک و عەرەب و فارس."شۆڤینیزم سیاسەتێکی کۆنەپەرستانەیە، ئامانجی ئەوەیە گەلان و خەڵکی وڵاتانی تر بکێشێتە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی خۆیەوە و ئاگری ناکۆکی و دوژمنایەتیکردنی نەتەوەکان بکاتەوە و ڕێزی نەتەوەکەی خۆی بدات بە سەر هەموو نەتەوەکانی تری جیهاندا..قازانجی نەتەوەکەی خۆی لەپێش هەموو نەتەوەیەکی ترەوە دابنێت..ئەمە سیاسەتێکی بۆرجوازییانەیە کە پڕیەتی لە میکرۆبی ڕەگەز پەرستیتی." (١١)، ئەمە سەرباری ئەوەی کە شۆڤینیزم بە جۆرێک لە جۆرەکان لە پەیدەندداپە لەگەڵ ڕاسیزم(١٢).دیارە ئەوە ئاشکرایە کە کوردستان بەسەر ئەو وڵاتانە دابەشکراوە و کورد لەو پارچانە ژێردەستە و پلە دووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە هەرچی ڕق وکینەی شۆڤینیانە هەیە بکەینە پەیامی شیعر و میللەتانی عەرەب و تورک و فارس بە دڕندە وێنا بکەین و بچووکترین قسەمان لەسەر دەسەڵاتە دیکتاتۆر و خۆێنمژ نەبێت.

ئەستەمە شاعیرێک کە جوانی لێ بتکێت، بیبینی کە چ جۆرە شۆڤینییەک لەناویا نوستووە و وەختێک خەبەری دەبێتەوە و بەئاگا دێت، دەقی ناشیرین و بەرهەمی ناجوری

دوور له بەهای مرۆیی دەخولقێنێ.ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبییە ئەو ڕووە جیاوازانەی شاعیر دەربخات و پەنچەی بخاتە سەر.کاک قوبادیش پێویستە لەسەری بە ئەندازەی فراوانی ڕووبەری جوانی شیعرەکانی پێشووی (نەک ئەم شیعرە) سینگی فراوان بێت و ئەم ڕەخنەیەمان لێ قەبوڵ بکات.

*سی ئەیلولی ٢٠١٣*

*کەنەدا*

## ژێدەرەکان:

(١) شیعری سێ دڕندە نووسینی قوبادی جەلیزادە پەیجی تایبەتی قوبادی شاعیر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک.جێی ئاماژەیە هەر ئەم دەقە تەرجەمەی زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی کراوە.سەیر لەوەدایە قوباد ئەو هەموو سووکایەتییە بە میللەتانی عەرەب و تورک و فارس دەکات ئەی چۆن ڕێگە دەدات شیعرەکەی تەرجەمەی زمانی عەرەبی بکرێت؟!.

(٢) حەمە سەعید حەسەن پاشای شیعری ئیرۆتیک پەیجی تایبەتی قوبادی جەلیزادە ١٣ ی ئایاری ٢٠١٥.

٣- شێرزاد هەینی، بۆ قوبادی شاعیر، ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە ١٧١١ ی ٢٢ی ئابی ٢٠١٣.

٤- عەلی ئەسغەر کەریمی پەیجی تایبەتی فەیسبوکی قوبادی جەلیزادە بیست و دووی تشرینی دووەمی.٢٠١٢

٥- شیعری سێ دڕندە قوبادی جەلیزادە پەیجی تایبەتی قوبادی جەلیزادە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نۆی ئەیلولی ٢٠١٣.

٦- شیعری سێ دڕندە قوبادی جەلیزادە پەیجی تایبەتی قوبادی جەلیزادە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نۆی ئەیلولی ٢٠١٣.

٧- الدکتور خلیل احمد خلیل، معجم المصطلحات السیاسیة و الدبلوماسیة عربي- فرنسي- انجلیزي، دار الفکر اللبناني، ١٩٩٨ ، ص ١٢١.

٨- شیعری سێ دڕندە قوبادی جەلیزادە پەیجی تایبەتی قوبادی جەلیزادە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نۆی ئەیلولی ٢٠١٣.

٩- عەلی ئەسغەر کەریمی پەیجی تایبەتی فەیسبوکی قوبادی جەلیزادە بیست و دووی تشرینی دووەمی ٢٠١٢.

١٠- شيعرى سێ دڕنده قوبادى جەليزاده پەيجى تايبەتى قوبادى جەليزاده لە تۆڕى كۆمەڵايەتى فەيسبووک نۆى ئەيلولى ٢٠١٣.

١١- بورهان قانح، زاراوەى نوێ يان فەرهەنگى نوێ ، چاپخانەى الحوادث بەغدا ، ١٩٨٥، ل ١١٩.

١٢- الدكتور خليل احمد خليل، معجم المصطلحات السياسية و الدبلوماسية عربي- فرنسي- انجليزي، دار الفكر اللبناني، ١٩٩٨، ص ١٢١.

تێبینی: ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە ساڵی ٢٠١٦ بڵاو بۆتەوە.

# ڕۆمانی فەرهود

## لە تەوزیفی مێژووە تا نووسینەوەی یاداشت

یەکێک لەو ڕەگەزە گرنگانەی ژانری ڕۆمان پشتی پێدەبەستێ و خۆی لە سایەیدا پێناسە دەکات بریتییە لە ڕووداوەکان و زنجیرەی ئەو کارەسات و بەسەرهاتانەی کە ڕۆمانەکە لەخۆیدا هەڵگرتووە.چونکە گرێچنەی ڕۆمان خاڵی دروستکردنی هێڵەکانی پەیوەستبوونی خوێنەرە بە دەقی ئەدەبییەوە.بۆ ئەم مەبەستەش نووسەری دەق هەمیشە لە خەمی ئەوە دایە زنجیرەی ڕووداوەکان بەجۆرێک و بەئاستێک لە زمان دابڕێژێ کە لەگەڵ شوێنکاتدا پێچەوانە نەکەوێتەوە.دیارە هیچ ڕووداوێکیش ناکەوێتە دەرەوەی شوێنکات.لێرەشەوە دەبینین پەیوەندییەکی بەهێز بوونی هەیە لە نێوان ڕووداو و مێژوو.ئەگەر مێژوو بە پەیژەیەک بچوێنین، ئەوا ڕووداو دەتوانین وەک پایەیەکی ئەو پەیژەیە ببینین.

ڕۆمانی فەرهود وەک لەناوەکەیەوە دیارە ئاماژەیە بۆ یەکێک لەو ڕووداوە مێژووییە گەورانەی کە بەسەر میللەتی کورددا هاتووە.ئەویش هێرشی شۆڤینیزمی نەتەوەیی عەرەب بوو بۆ سەر ناوچەکانی گەرمیان و کەرکوک و دێهاتەکانی دەوروبەری کە بووە مایەی ئاوارە بوون وماڵوێرانی و تاڵان و بڕۆیەک کە کاریگەری خۆی بەسەر ژیانی هەموو تاکێکی کورد لەو

سـەردەمە   و لەو دەڤەرەدا دانـا.پەژارەیی و تـاڵی ئەو ڕووداوە بەجۆرێک بوو کە زۆر کەس لەو دەڤەرە نـاوی منداڵەکانیان نـاو نا جێماو یان شـاخەوان یـان فەرهـود(١).ڕۆمـانی فەرهـودی کـاک جەلال قادریش لە چرکەساتی فەرهـودی حەرەس قەومییەکـانەوە تـا کۆتـایی پرۆسـەی ئەنفال  ژیـانی دوو یـان سـێ نەوەمـان بـۆ دەگێڕێتەوە.بەڵام ئەم حەرەس قەومییانە چـی بوون و بەدوای چ ئامانجێکەوە بوون؟

**"حەرەس قەومییەکـان هەنـدێکیان جلـی سـەربازییان پۆشـیبوو، هەنـدێکیتریان شـەڕواڵی کـورت و جامانەیـان لە دەموچاویـان ئاڵاندبوو، هەندێکیش چەفیە لەسەر و تفەنگ بەدەست ، بە بڕنەو و سیمینۆفەکانیان، نیشانیان لەو خەڵکە هەڵاتووە دەگرت.ئەوان تەنیا بۆ کۆشتنی ئێمە نەهاتبوون، بەڵکو بۆ تـاڵانکردنی هەمـوو ناوچەکە!"**

**" حەرەس قەومییەکـــان گونـــدەکەیان ســـوتاند و هەرچـــی سووتەمەنی و مەڕوماڵات هەبـوو تاڵانیـان کـرد.دایکم لە دایکـی پرسی مێردەکەم چی لێ بەسەرهات؟**

**نابینی ئاخر زەمانە و حەرەس قەومی فەرهودمان دەکەن."**

**'ڕۆژی حەشر بوو، ڕەحـم لە بەدەنـی دوژمنـدا نەمـابوو، ئەوەی بەردەستیان بکەوتایە هەلابەهەلایان دەکرد"(٢)**

جەلال قـادر (٣)ی نووسـەر کە خـۆی وەک هەر گەرمیـانییەک و کەرکـووکییەک ئەو بـڕگە زەمەنیـیە تـاڵەی ئەزمـوون کـردووە و لەنـاو ڕووداوەکـان ژیـاوە و لەوێشـەوە دەسـتی ئیمەی خـوێنەر دەگرێت و ساڵ بە ساڵ لەڕێگەی ڕووداوەکانەوە گەشتێک بەنێو

ژیـانی کـۆمەلایەتی و ئـابووری و سیاسـی زیـاتر لە چـارەکە سـەدەیەکی میللەتـی کوردمـان لەو دەڤەرەدا دەکـات و وێنەکـانی ئەو سـەردەمەمان بەڕوونـی نیشـان دەدات.ڕۆمـانی فەرهـود ڕەنگدانەوەی ژیانی پڕ لە بەرەنگاربوونەوەی کوردە بەهەڵوێست و خـاوەن باوەڕەکـانە لەبەرامـبەر سیاسـەتی حیزبـی بەعسـی ستەمکار.چونکە لە ماجەرای ئەو سی ساڵەدا بەشێک لە کوردی نەفـس نـزم و چڵکـاوخۆر و بەدڕەوشـت بـوونە جـاش و بەکرێگیـراوی حکـومەتی عێـراق و حیزبـی بەعـس.ئەو جاشـانە چەکـی دژە خەڵـک و پێشـمەرگەیان کـردە شـان، و خۆیـان و ویـژدان و شـەرەف و ئەخلاقـی خۆیـان فرۆشـت.ئەم هێـزە دژە خەڵـک و پێشـمەرگەیە لە سـەردەمی جەنگـی عێـراق و ئێـران ژمارەیان لە چەند سەد هەزار جاش تێپەڕاند.

**"...یەکجـار ئـاورم دایەوە بینـیم ئـازادی پێشـمەرگە بەرەو نـاو چەمەکە ڕا دەکات و بڕێک جاش بەدوایەوە تەقە دەکەن"**(٤)

ئەم هەڵوێسـتە و بەرجەسـتەکردنەوەی لە ڕۆمـانی فەرهـودا ئاماژەی سیاسیبوونی ڕۆمانەکە و نیشـاندانی ئەو سـنوورەیە کە بەرەی خەڵـک لە بەرەی دووژمـن جیـا دەکـاتەوە.هەر ئەم جیـاکردنەوەیەش بـووە کە سـەدان کەس ئامـادە بـوون لە بەرەی خەڵک لە زیندانەکان ئازار بچێژن و تەنانەت ئیعدام بکرێن یان لە پێشـمەرگایەتی شـەهید بـبن بەڵام ڕۆژێـک خۆیـان نەبیـنن لە بەرامـبەر بەرژەوەنـدی سیاسـی میللەتەکەیـان بوەستنەوە.هەڵوێستێکی تر دیاردەی فیـرار بـوون و هەڵاتـن بـوو لە خزمەتی سـەربازی.لێرە دیسـانەوە دەبینین کەسـانێک خـاوەن

هەڵوێست بوون و ئامادە نەبوون سەربازی بکەن و فیراریان دەکرد و خۆیان دەشاردەوە یان دەچوونە لادێکان یان بە هەر هۆیەکی تر بووە خۆیان پاراستووە، بەپێچەوانەی ئەو بەرژەوەندخواز و نەفس نزمانەی کە دەبوونە جاش و هەویەی خەفیفەیان دەکردە گیرفانیان و بێشەرمانە بەناو کوچە و کۆلانەکانی شاردا دەسووڕانەوە.خوێنەر ئەگەر وێنەکان و دیمەنەکانی ناو ڕۆمانی فەرهود تاک تاک وەربگریٚ، وا دێتە پێش چاوی کە ئەم دیمەنانە مێژوویین و ئەم ڕۆمانەش مێژووییە، بەڵام کە ڕۆمانی فەرهود وەک دەقێک دەیخوێنیتەوە، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە نەخێر ڕۆمانێکی مێژوویی نییە و بەڵکو ڕۆمانێکی سیاسی – کۆمەڵایەتییە و دەستی بۆ گەلێ گۆشە و لایەنی جیاجیا بردووە و وێنای کردوون.جەلال قادری نووسەر هاتووە مێژووی لە دەقەکەیدا تەوزیف کردووە و ڕووداوە مێژووییەکانی وێنا کردووە و تەنانەت سەرجەم دەقەکەش لەسەر ئەو تەوزیفە بنیاد نراوە.ئەمەش یەکێکە لە ڕووە جوانەکان و لایەنە گەشەکانی دەقەکە.دکتۆر ئەحمەد بەقار دەڵێ " کێشەی کەلەپوور و پەنابردن بۆ مێژوو بەو پەڕی سادەییەوە، کارێکی دروست و شتێکی سروشتییە لە هەموو کاریکی ئەدەبی " یان لە جێگایەکی تری هەمان وتاردا دەڵێ " ڕۆمان مێژوو بە ڕێگەی تایبەتی خۆی  دەنووسێتەوە ئەویش نەک ڕووی خۆی بە مێژوو سواخ بدات، بەڵکو چرایەکە و بە هەڵکردنی بە ڕووی مێژوودا ڕووناکی دەکاتەوە و وامان لێدەکات ڕووداو و کارەسات لە تێڕوانین و گۆشەنیگای جیاوازەوە ببینین (٥)." جەلال قادریش لەم ڕۆمانە نەهاتووە بەس ڕووداو بگێرێتەوە، بەڵکو هەوڵی داوە کەم تازۆر ئاوڕ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و

سیاسی کورد بداتەوە.ویستویەتی لەڕێگەی ئەدەبەوە (ڕۆمان و چیرۆک) بەشداری بکات و وەک توخمێکی چالاک ڕۆڵ بگێڕێ لە ناسین و نیشاندانی مێژوویەک کە جگە لەدەڤەری کەرکووک و گەرمیان هیچ دەڤەرێکی تری کوردستان پێی ئاشنا نین.واتە ڕۆمانی فەرهود ڕۆمانێکی مێژوویی نییە.بەڵکو ڕۆمانێکە ئیلهامی لە مێژووەوە وەرگرتووە و پاڵەوانەکان و کەسایەتییەکان لە مێژووی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی کورددا بوونیان هەبووە و هەن.فەرهود ڕۆمانێکی سیاسی و کۆمەلایەتییە و لە سەردەمێک دەدوێ کە کەمترین ئاوڕی ئەدەبی و هونەری لێدراوەتەوە.بەپێی تێگەیشتنی ی، م، فۆرستەر بۆ ڕۆمان دەکرێتە دوو جۆر، ڕۆمانی مێژوویی و ڕۆمانی هونەری" (٦). لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین ڕۆمانی فەرهود ڕۆمانێکی مێژوویی نییە بەڵکو هونەرییە و تێکەڵییەکە لە مێژوو و سیاسەت و یاداشت و خەیاڵ.ئامانج لێی تیشک خستنە سەر هەلومەرجێکی سیاسی – کۆمەلایەتییە لە بڕگەیەکی زەمەنی دیاریکراو ١٩٦٣ – ١٩٨٨. لێرەوە دوای ئەم کورتە پێشەکییە پێمباشە ڕۆ بچمە نێو ڕۆمانەکە و خوێندنەوەیەک بۆ لایەنی سیاسی و فەرهەنگی و کلتووری لەلایەک و تەکنیک لەلایەکی تر بە ئەنجام بگەیەنم.

## پاشخانی حەرەس قەومی و تراژیدیای کۆچی بە هەزاران خێزانی کورد

هەر دوای مـــاوەیەکی کـــورت لە ســـەرکەوتنی ئەفســـەرە نیشتمانپەروەرەکانی عێراق بە ڕابەری عەمید عەبدولکەریم قاسم کە توانرا سیستەمی پاشایەتی لە عێراق لاببردرێت و سیستەمی کۆماری لە جێگاکەی دابنێت، جیاوازی و ململانێ کەوتە نێوان هێز و حیزبە سیاسییەکانی گۆڕەپانی عێراق بەتایبەتی لە نێوان هێـزە نیشـتمانییەکان بەڕابەری عەقیـد عەبدولسـەلام عـارف لەلایەک و حیزبی شوعی عێراقی لەلایەکی تر، لەسەر مەسەلەی پەیوەست بوون یان هاوکاری لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو کە یەکێتی هەردوو کۆماری سوریا و میسر بوو.ئەم ململانێیە و بەیـارمەتی هێـزە دەرەکییەکـان بە ئاقارێکـدا بـرا، لە هەشـتی شوباتی سـاڵی ١٩٦٣ تـوانرا کودەتـایەک بەرپا بکرێ و عەمید عەبدولکەریم قاسـم و هاوەڵەکـانی بکـوژن و عێـراق دووچـاری گۆمـاوی خـوێن بکەن.حەرەس قەومـی ئەو هێـزە شۆڤینیسـت – ناسیونالیســتە عەرەبیــیە بــوو لە عێــراق کە لە دوای کودەتــا ڕەشـــەکەی هەشـــتی شـــوباتی ١٩٦٣ کە لەســـەر دەســـتی عەبدولسەلام عارف ئەنجامدرا و بووە هۆی بەهێزکردنی ڕوحی شـــوڤینیزمی عەرەبـــی لەدژایەتیکردنـــی شـــوعییەکان و گەلـــی کورددا.ئەم هێزە لە خێڵ و هۆزە عەرەبەکان پێکهێنرا و چەکدار کـرا.لە بنچینـەدا ئەم هێـزە میلیشـیایە – حیـزبییە کە سـەر بە توندرەوترین سەرکردەی ئەوسای حیزبی بەعس عەلی ساڵح الســـەعدی بـــوو کە فـــڕۆکەوان مـــونزر ئەلوەنـــداوی و یاریدەدەرەکەی نەجاد ئەلسافی سەرکردایەتیان دەکرد(٧).ئەرکی

ئەم هێزە کۆنەپەرستە لە سەرەتادا دژایەتی و پاکتاوکردنی باڵ و لایەنە سیاسییە نەیارەکانیان بوو ، دواتریش لەڕێگەی خێڵ و عەشیرەتە دواکەوتووەکانی عەرەب کەوتنە کوشتن و تالاّن و فەرهودی میللەتی کورد.ساڵی حەرەس قەومییەکە ساڵی ١٩٦٣ بوو، ساڵێک بوو کە بە ساڵی شوومەکە ناسراوە.کوردی دەڤەری کەرکووک لەو کارەساتی فەرهودە گەورەترین زیانیان پێگەیشت.ئەمەش سەرەتای زنجیرەیەک ڕووداو و کارەساتی مرۆیی تر بوو هەر لە گرتنەبەری سیاسەتی تەعریب و تەبعیس و تەرحیلەوە تا دەگاتە کارەساتی کیمیابارانی کوردستان و ئەنفال و کۆچڕەوی ملیۆنی.مێژووی کورد مێژووی ئێمەیە و دوورکەوتنەوە لەو مێژووە دوورکەوتنەوەیە لە خۆمان.ئەوەی جەلال قادری نووسەر لەم کارە ئەدەبییەیدا کردوویەتی گێڕانەوەی سەرنج و ئینتمای نەوەیەکە بۆ مێژوویەک کە خۆ لێهەڵاواردنی جگە لە بێدەربەستی هیچیتر نییە.نووسەر هاتووە ئیش لەسەر ئەو ئینتمایە دەکات.ئاوڕ لەو برگە زەمەنییە دەداتەوە کە قوربانی (گەلی کورد و شیوعییەکان) وەک نێچیرێکی بەستەزمان کەوتۆتە چنگ جەلـلاد( حەرەس قەومی)، ئەو جەللادەی کە بچووکترین هێمای شارستانی و ئینسانیبوون لە باوەڕ و بیرکردنەوەی ئەو هێزە دژە مرۆییە بوونی نەبووە.بۆیە پاڵەوانی ڕۆمانەکە فەرهود کەتا دوا لاپەڕەی ڕۆمانەکە ڕووداوەکان لەسەر زاری ئەو دەگێردرێنەوە، سیمبوڵی ئەو کارەسات و تراژیدیایەیە.

**' حەرەس قەومییەکـــان گونـــدەکەیان ســـوتاند و هەرچـــی سووتەمەنی و مەڕومالآت هەبوو تالآنیان کرد.دایکم لە دایکی پرسی مێردەکەم چی لێ بەسەرهات؟**

**نابینی ئاخر زەمانە و حەرەس قەومی فەرهودمان دەکەن؟!**

**لەوکـاتە دایکـم بڕیـار دەدات و دەڵـێ ئەگەر کـوڕم ببێت نـاوی دەنـێم (فەرهـود) بـۆ ئەوەی هەرگیـز ئەم کارەسـاتەمان لە بیـر نەچێتەوە."(٨)**

فەرهـود لێـرە هەم سـیمبوڵە و هەمـیش ئاماژەیە..سـیمبوڵە بـۆ یـادەوەری و بەزینـدوو هێشـتنەوەی ئەو کارەسـاتەیە لە زەیـن و ویژدانـــی مرۆڤەکان.هەروەهـــا ئاماژەشـــە بـــۆ تراژیـــدیای قەسـابخانەیەک کە لە مێـژوودا نمـوونەی کەمە.چـونکە حەرەس قەومـی تـرس و خـۆفێکی زۆری خسـتە دڵـی خەڵـکەوە تەنـانەت سێبەری ئەو ترسـە بۆ چەنـدین سـاڵ بەسـەر سـەری ئینسـان و ئاژەڵەکانی ئەو دەڤەرەوە بوون.

**" ئەوانەی ئەو ڕووداوەیان بینیبوو وردە ماسی و مێکوتەی نێو جۆگە و ئاوی خاسە بوون، دەیانگوت تا چەندین ساڵ هەرچی سەگ و پشیلە و گوێدرێژ و ئەسپ و ئاژەڵیتر هەیە لە چەکدار و چەفیە لەسەرەکان ترساون.(٩)**

لەو ڕۆژەوە هاوکێشـەی جەللاد و قوربانی لە گۆڕەپـانی سیاسـی عێراق، بوو بە هاوکێشـەیەکی زینـدوو و پلەیەکـی ژیـان و ئەوەی

لەو نێوەشـدا زەرەرمەنـد بـوو ئـێمە و ئەو خەڵـکە بـێ دیفـاع و بێگوناهـە بووین..

## ئەفســانە و ڕیتــواڵە کۆمەڵایەتییەکــان و وێنــا کردنیــان لە ڕۆمانی فەرهوددا

ڕۆمانی فەرهود مەسحێکی گشتی کلتوور و پەیوەندییە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکـــــانی کـــــۆمەڵی کـــــوردەواری تێـــــدا نیشاندراوە.نووســەر ســەرنجی چــۆتە ســەر کــۆی ئەو هــێڵە درامیــیەی کەژیــانی خەڵکــی کەرکــووکی دیــاری کــردووە.بە واتـایەکی تـر، ئەم ڕۆمـانە هەڵگری بنەماکـانی ڕیـالیزمە و وەک ڕۆمـــانێکی ڕیالیســـتیی کـــۆمەڵایەتی دەتوانرێـــت نـــاو زەد بکرێت.نووسەر هـاتووە زۆر بەوردی ئیشـی لەسـەر ئەم بنەمـایە کردووە و واقیعی تاڵی ژیانی کوردی کەرکووکی خستۆتە ڕوو وەک بەشێکی دانەبڕاو لە کۆی ئەو چەرمەسـەرییەی کە بەسـەر میللەتـی کـورددا هـاتووە.من ئەمە بەخـاڵێکی گەوهەری و گرنـگ دەزانـــم لە جیهـــانی نووســـیندا.چونکە ڕیـــالیزم "نماینـــدەیەکی بەوەفـای واقـیعە"(١٠).جەلال قـادر نەهـاتووە خـوێنەر تەنهـا لە خەیاڵـدا بەدوای پـاڵەوان و ڕووداوەکـان بگەڕێ، بەڵکـو لەسـەر زەمینـــی واقیعـــی ئەم کوردســـتانە بوونیـــان هەبـــووە و هەیە.لێرەشـــەوە نووســـەر ســـوودی لە ئەتمۆســـفیری ژیـــانی کۆمەڵایەتی و بـاوەڕە تایبەتەکانی خەڵکی ئەو دەڤەرە ببینێت..لە سـیاقی خوێنـدنەوەی ڕۆمـانەکە ڕووبەڕووی هەنـدێ بـاوەر دەبینەوە کەلەڕاسـتیدا بەشـیکن لە ئەفسـانە(Supersitition).ئەم

باوەڕە ئەفسانانە بە قووڵی لەنێو زەین و بیرکردنەوەی خەڵکیدا جێگای خۆیان کردۆتەوە.

**هاوارم کرد: کوڕە نەکەی...نابێت ماری عاشقە و باشقە بکوژرێن.**

یان دەڵێ:

**مام وەسمان هەندێک ئایەتی بەسەرمدا خوێند، ئینجا پێیگوتم: دەمت بکەرەوە.دەمم بۆ کردوەو دوو سێ تفی هەڵدایە ناو دەمم.پێمخۆش بوو وامدەزانی متفەڕکە.**

یان دەڵێ:

**لە دەرگەی حەوشەکەوە تا بەردەم ژوورەکە چەندین جووت پێڵاو ڕیز کرابوون، جووتە پێڵاوەکەم لە دوورەوە دیاربوو کە بەسەر یەکدا کەوتبوون.جاران دەیانگوت ئەمە مانای ئەوەیە گەشتیکم لەبەردەمدایە.یەک دوو جووتە نەعلیش ڕوو لە ئاسمان بوون کە دایکم دەیگوت ئەمە واتە ئم لە خوا دەکات و دەبیت زوو چاکی بکەیت** (١١).

ڕۆچوونە نێو ئەو وردکارییانە و پەنابردن بۆ ئەفسانە و باوەڕە پووچەکانی ناو کۆمەڵگا و تەوزیف کردنیان لەپێناو وێنا کردن و ڕوون نیشاندانی ژیانی مرۆڤەکان نەک هەر باری قورس نییە

بەسەر دەقەوە، بەڵکو هۆکارێکی جوانکردنی دەق و دەوڵەمەند کردنییەتی.من پێموایە توانایی نووسەر لەهەر دەقێکی ئەدەبی گێڕانەوە بریتی نییە لە گێڕانەوە و بەس، بەڵکو گرنگ هونەری گێڕانەوەکەیە لەئاستێک کە لە شوێنی پێشبینی خوێنەری وریادا بێت.جەلال قادر لێرەدا جوان ئامانجەکەی پێکاوە و لەڕێگەی ئەم بەکاربردنەی ئەفسانە ڕۆمانی فەرهودی دڵگیرتر کردووە.

## یاداشت وەک جۆرێک لە تەکنیک و هونەری گێڕانەوە

یاداشت نووسینەوەی ئەو حیکایەت و ڕووداوانەیە کە بەسەر کەسێک یان گروپێکدا دێن و یەکێک بەپێی زنجیرە و کات و ڕووداوەکان یاداشتیان دەکات.یاداشت زیاتر واقیعییە و گوزارشتە لە حەقیقەتی ساتە گوزەشتەکان، لەکاتێکدا لە کاری ئەدەبی وەکو ڕۆمان ئەو گوزارشتکردنە زیاتر بەلای خەیاڵدا شکاوەتەوە.بۆ نووسینەوەی یاداشت ( کات و شوێن و کەسێکی یاداشتکەر) پێویستن، لەکاتێکدا لەکاری ئەدەبی ڕەگەزەکان زۆر لەوە زیاترن کە لە شوێنکات و یاداشتکەرێک کورت بکرێنەوە.لە هونەری ڕۆماندا یاداشت ناتوانێ تێکەڵ بە سەرجەم جومگەکانی بێت.یاداشتەکانی نووسەر کە دواتر لەڕێگەی هونەری نووسینەوە دەبینین بۆتە ئەم ڕۆمانەی کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین.جەلال قادری ڕۆماننووس هاتووە یاداشت و دەفتەری یاداشتەکەی وەکو تەکنیکێک بەکار هێناوە تا بتوانێ مەبەستەکەی بەپێی پێویست بدات بە دەستەوە.واتە هونەری گێڕانەوە لەم ڕۆمانە لە کەسی یەکەمی تاکەوە (فەرهود)باز دەدات یان دەگۆڕێ بۆکەسێکی تری یەکەمی تاک(تریفە) و دواتر

لەدووتوێی دەفتەری یاداشتەدا خۆیان نمایش دەکەن.ئەم تەکنیکە گەرچی تازە نییە و گەلێ ڕۆمانووسی تر بەر لە کاک جەلال پەنایان بۆ بردووە، بەڵام ڕەنگە لەم کارە ئەدەبییەدا خەوشێکی گەورە نەبێت.حیکایەتخوان (Narrator) کەسی یەکەمی تاکە و هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە تا دوا لاپەڕە ڕووداو بەسەرهاتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.حیکایەتخوان لەم ڕۆمانەدا هیچ سەپۆرتێکی نییە و نووسەر لە چنینی ڕووداوەکان و لە کۆتایی ڕۆمانەکە دوای ئەوەی کارەکتەری سەرەکی بەر گوللەی ڕەبیەکانی سەر کەلەکانی پشت شاری کەرکووک دەکەوێت، جێگۆڕکییەک پێک دێنی و کەسێکی تر (تریفە) وەک درێژەپێدەری ڕێبازی فەرهود و تەواوکەری دەفتەری یاداشتەکە دەهێنێتە پێشەوە.کارەکتەری سەرەکی کە بە کۆمەڵێ کارەکتەری لاوەکی دەورە دراوە وەک ( ڕەزوان ، تریفە، جەمۆ، ئیدریس، دایکی فەرهود، مام نامیق، تاد) هیچ کاریگەرییەکیان بەسەر ڕووداوەکانەوە نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕووداوەکان شکڵ و شێوە و باوەڕی کارەکتەرەکان دیاریدەکەن.واتە ئەو پەیوەندییە دیالەکتیکەی دەبێ لە نێوان کارەکتەر و ڕووداودا هەبێ تا ڕادەیەک ونە یان ڕۆشن نییە.بۆیە کارەکتەری دژە پاڵەوان(Antagonist) کە لە ڕۆمانەکەدا تەنها سێبەرەکەی و کاریگەرییەکانی دەبینرێن،حیزبی بەعس و حکومەتی عێراقە، ڕۆڵیکی سەرەکی هەیە لە دیاریکردنی چوارچێوەی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان.ئەم دژەپاڵەوانە گەرچی کارەکتەرێکی ناسراوە، بەڵام نادیارە و جووڵەکانی زۆر تایبەت و دیاریکراون و تەنها لە چەند دیمەنێکدا دەردەکەون وەک هێرشی کۆپتەرەکان و ڕوخانی دێیەکان و کوشتنی فەرهود.بۆیە ململانێی نێوان

پاڵەوان و دژەپاڵەوان ململانێیەکی ناسراو و بینراوە و ئەمەش لەڕاستیدا کورتکردنەوە و چڕکردنەوەی ململانێی نێوان خەڵک و حیزبی بەعس بوو بەدرێژایی زیاتر لە چارەکە سەدەیەک، واتا ململانێی فەرهود و بەعس خاڵی سەرەتا و دەستپێکی بەرگری و خەبات و شۆڕش بوو لەپێناو شوناسی مرۆیی و میللی کورد.خاڵیکی تر کە جێگای وردبوونەوەیە و بە بڕوای من تا ئەندازەیەک ئیجتهادی تیا بەخەرج دراوە بریتییە لە پێدانی جێگای کارەکتەری سەرەکی بە ئاژەڵ.ڕەزوان کە ناوی ئەو تاژییەیە کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە وەک دیاری دەیدرێتی و دواتر ڕەزوان ڕۆڵێکی گرنگ و جوان دەگێڕێ لە ماجەرای ڕۆمانەکە.ڕەزوان زۆر کەم لە ژێر کۆنترۆڵی فەرهود دایە بەحوکمی ئاژەڵ بوونی، بەڵام توانراوە لە ڕێگای چنین و نەخشاندنی ڕستە و وێنە و جووڵە ویستراو و نەویستراوەکانی ڕەزوانەوە ڕۆڵەکەی بەرجەستەتر بێتەوە.

**ڕەزوان نووزایەوە و لوورانی.منیش کە هەستم کرد لە قسەکانم تێدەگات لەباوەشم گرت و سێ چوار جارلە زەوییەکە لەگەڵی گەوزام.چونکە دەمزانی کە ئەو یارییەی پێخۆشە**(١٢).

پەیوەندی ڕەزوان وفەرهود زۆر لە ئاستی پەیوەندی نێوان تاژییەک و خاوەنەکەی واوەترە و ڕەزوان زیاتر وەک ئەندامێکی خێزانەکەی فەرهود حیسابی بۆ دەکرێت.ئەم هەست و خۆشەویستییەی فەرهود بۆ ڕەزوان، پێموانییە لە پاشخانی لادێی و پەیوەندی ئاژەڵ و مرۆڤی ڕۆژهەلاتەوە سەرچاوەی

گرتبێ، چونکە لە دیدی ڕۆژهەڵاتییەوە ئاژەڵ تاژی یان سەگ یان پشیلە ئاژەڵگەلێکی پیس و بێبایەخ و بێنازن.بەڵام ئەوەی لەڕۆمانی فەرهوددا بەرجەستە بۆتەوە هەستێکە لە خۆرئاواوە ئیلهامی وەرگرتووە و نووسەریش بەحوکمی ئەوەی زیاتر لە بیست ساڵ لە وڵاتی کەنەدا ژیاوە، توانیویەتی سوود لەو هەستە پڕ ڕێزەی خۆرئاوا وەربگرێت کە بەرامبەر بە ئاژەڵ هەیانە.

زمان لە ڕۆمانی فەرهوددا

مەسەلەکانی زمان و ئامرازی دەربڕین و هەڵبژاردنی وشە و تەنانەت خاڵبەندیش مەسائیلگەلێکی جەوهەریین لە بنیادنانی ساختمانی دەق.لە نووسینی هەر دەقێکی ئەدەبی دەبێت زمانی هونەری تیایدا باڵا بێت، دەبێت نووسەر توانا زمانەوانییەکانی خۆی بخاتە گەڕ تا دەقێکی جوان و سەرکەوتوو بخوڵقێنێ. لەگەڵ ئەوەی نووسەر هەوڵی داوە ڕۆمانەکەی لەڕووی زمانەوە جوان بێ و کەمترین کەموکوڕی تیا بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕۆمانی فەرهود بەدەست لاوازی زمان دەتلێتەوە.

زمانی بەکارهاتوو لە ڕۆمانی فەرهود زمانێکە پایەکانی خۆی لەسەر قسەی ڕۆژانە بنیاد ناوە.واتە زمانی ڕۆمانەکە زمانی خەڵکی هەژار و نەخوێندەوار و چینی ستەمدیدەی کوردستانە و ئەمەش ئەو چانسەی پێدەبەخشێ کە بە دڵی خەڵکی ڕەنجدەر بێت و لە ویژدان و دڵیاندا بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە.بەڵام ئەوەی دەمەوێ لێرە ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە نووسەر هەوڵی نەداوە پەنا بۆ وشەی مۆسیقادار و سەرنجڕاکیش و پڕ لە هارمۆنی ببات.واتە نووسەر دەیتوانی تۆزێک زیاتر خۆی ماندوو بکات و ئەم ڕەگەزە گرنگەی ڕۆمان جوانتر و پتەوتر و

سفتتر نیشان بدات.بەکاربردنی زمانی ڕۆژانە نە خەوشە و نە ڕەتکراوەیە، بەڵام خۆبەستنەوە بە زمانی لۆکال و تەسلیمبوونی نووسەر بە زمانی کارەکتەر هەندێجار دەبێتە هۆی لاوازی زمان.لاوازییەکەش لە کێشەی نووسیندا خۆی نمایش دەکات.

**دایکیشم ماندوو و شەکەت هەنگاوەکانی بە ئارامی هەڵدەبڕی نەوەکا من لە زگیا ئازارم بێت.**

**جۆگە و گۆمەکان و زیخ و چەوەکان خوێنیان تیا زاییبوو.**

**هەر کات گەشگە بمیگرتایە تا ماوەیەک بەهۆش ناهاتمەوە.**

**ئەو ڕۆژانە منداڵی چەتوون بووین و لەهیچ ناترساین.**

**لەبەر ئەوەی منداڵیکی هەژاربووم و پانتۆڵ و کراسی پینەدار و دڕاوم لە پێدابوو.**

**چونکە ئێمە سەوزە و خاس و شتی خەراپمان نابردە شارەوە** (١٣)

لەم نموونانەی سەرەوە کەلە ڕۆمانەکەوە وەرم گرتوون، ئەو وشانەی من هێڵم بەژێریاندا کێشاوە،کۆمەڵی وشەن کە دەتوانرێ بە دروستی بنووسرێن.لە نموونەی یەکەم وشەی هەڵبڕین بۆ هەنگاو نادروستە، بەڵکو زیاتر بۆ سەر یان دەست دەشێ وەک سەر هەڵدەبڕی یان دەستی هەڵبڕی.ڕیکتر بوو بینووسیایە:هەنگاوەکانی بە ئارامی دەنا".نموونەی دووەم وشەی زاییبوو بە بۆچوونی من لێرەدا بەهەڵە بکار هێنراوە.لەبری زاییبوو باشتر بوو مەیبوو بەکار ببرایە.لە نموونەی سێیەم ناهاتمەوە دروستتر بوو بنووسرایە نەئەهاتمەوە.و لەنموونەی چوارەم وشەی ناترساین دەبوایە بنووسرایە

نەئەترســـاین.نموونەی پێــنجەم وشـــەی لەپێــدابوو هەڵەیە و دروســتتر بــوو بنوســرایە لەبەردابــوو.پێڵاو لەپــێ دەکــرێ و جلـوبەرگ لەبەر دەکرێ.لەنمـوونەی شەشـەمیش وشـەی نـابردە باشتر بوو بنووسرایە نەئەبردە.

کێشەی ڕێنووسیش لەم ڕۆمانە وەک هەر کتێبێکی کوردی تر بە ڕوونـی دیارە.هەرچەنـدە هەمیشـە ئۆبـاڵی کێشـەی ڕێنووسـمان خستۆتە مل نەبوونی زمانی ستانداردی کوردیی، بەڵام نووسـەر خـۆی لانـی کەم دەتـوانێ ئـیش لەسـەر ڕێنووسـەکەی بکـات و بایەخ بە ڕێزمان بدات.

**لەبیرمە ماشێنی مێشکوژەکە دەهات و ئەو ناوەی پڕ دەکرد لە <u>دووکەڵ</u>، من و جەمۆ بەدوای <u>دوکەڵەکەوە</u> راماندەکرد و خۆمان تیا وندەکرد.**

**<u>گوتم</u>: جەمۆ باسی زینـدانەکەم بۆ بکە..نـان خواردنتـان چۆن بوو؟**

**<u>وتم</u>: شتی وەکو چی؟**

**<u>پێمگووت</u> بلە گیان ناتوانم برادەریت بکەم** (١٤).

ئەم نموونـــانەی ســـەرەوە دووکەڵ کە دوو واو نووســـراوە و دووکەڵـی دووەم هەر لە هەمـان ڕسـتە بە یەک واو نووسـراوە، یـان گـوتم و وتـم هەردووکیـان دروســتن و هەڵە نـین، بەڵام

پێمگـــــووت بە دوو واو هەڵەیە و بەداخەوە زۆریـــــش بەکــــار دەهێنرێ..

ئەگەرچــی ئەم نموونــانەی ســەرەوە کەم تــا زۆر کاریگەرییــان هەیە بەسەر ڕەونەق و جوانی دەقەکە، بەڵام خاڵی یەکلاکەرەوە و بنەڕەتی نین لە ڕەتکردنەوە یان قەبوڵکردنی دەق.

## چەمکی شوێن لە پانتایی یادەوەری حیکایەتخواندا

حیکـاتەخوان لە ڕۆمـانی فەرهـوددا لە پەنـجەرەی یـادەوەرییەوە هەناســە دەدات.ئینتمــای یــادەوەری حیکـایەتخوان ئینتمــایە بـۆ شـوێنی ژیـانی حیکـایەتخوان-نووســەر کە شـاری کەرکـووک و دەوروبەریەتی.نووســەر پێناچێـت خۆبەخـۆ (عفـوي) ئەو کـارەی کردبێـت، بەڵکـو ئاگایـانە ئیشـی لەســەر ئەو چەمـک و ئینتمـایە کردووە.ئـــالیەتی گێـــڕانەوە لای جەلال قـــادر کـــۆپیکردنی ئەو یاداشـــتانەیە کە لە دەفــتەری یاداشـــتنامەکە تۆمـــارکراون..بۆیە فەزای گشـــــــتی ڕۆمــــــــانەکە فەزای ئەو ڕووداوانەیە کە لە دەفتەرەکەدا بوونیان هەیە، ئەویش فەزای ترس و نائومێدییە کە بـــاڵی بەســـەر ژیـــانی کارەکتەرەکانـــدا کێشـــاوە.جەلال قـــادر هاوکێشـەیەکی لەنێوان شـوێن وەک پانتـایی یـادەوەری و لەگەڵ کاتدا دروست کردووە.(کات لێرە تەنها ئاماژەیە بۆ سـەردەمی ڕووداوەکـان).لە سـیاقی ڕۆمـانەکەدا دەبینـین لەگەڵ تێپەڕبـوونی کاتـدا فەزای تـرس و نائومێـدیش تـۆختر دەردەکەون و ڕەنگێکـی ڕەش دەردرێ بەسەر شوێندا.بە بۆچوونی من شوێن لە ڕۆمـانی فەرهـــوددا لە دوو ئاســـتدا دەســـت و پەنـــجەی لەگەڵـــدا نەرم

کراوە.ئاستی یەکەم شوێن وەک پانتایی یادەوەر.ئاستی دووەم شوێن وەک پانتایی کردار.لەئاستی یەکەمدا کە شوێن وەک پانتایی یادەوەری تەوزیف کراوە نووسەر هەوڵی داوە چ بەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو یان لە ڕێگەی گێڕانەوە خوێنەر بباتەوە ئەو شوێنەی کە مەبەستییەتی.

**' ئەوساڵەی ناو بازاڕی ڕەحیم ئاوا قیر دەکرا، من و جەمۆ بووین بە برادەر.لەبیرمە ماشێنی مێشکوژەکە دەهات و ئەو ناوەی پڕ دەکرد لە دووکەڵ، من و جەمۆ بەدوای دوکەڵەکەوە ڕاماندەکرد و خۆمان تیا وندەکرد.**

یان دەڵێ:

**' من و جەمۆ هەراشبووین، دەچووین بۆ ئەو دەشتە و بە دوای هێلانە دەگەڕاین'.**

یان دەڵێ:

**"ڕۆژێکیان لە برادەرەکانم دەگەڕام و نەیانمدۆزییەوە.ئەو دەشتەم هەمووی پشکنی،لەپڕ مارمیلۆکەیەکم بەسەر شاخێکەوە بینی، کردمە نیشان و بەردبارانم کرد.**(١٥)

ئەم شێوازی گێڕانەوەیە سادە و بێگرییە هەوڵدانە بۆ گێڕانەوەی خوێنەر بۆ ناو ئەو شوێنەی کەلەناو یادەوەریدا بوونی هەیە.ئەم جۆرە گێڕانەوەیە لەڕۆمانی فەرهوددا زۆرجار دەکەوێتە بەرچاو

و هەنـدێجاریش خـوێنەر وا هەسـت دەکـات لەگەڵ ئاسـتێکی تەکنیکـی سـادە و لاواز ڕووبەڕوو بـۆتەوە، بەڵام مـن پێمـوایە هونەری گێرانەوەی خوێنەر بۆ شوێن لە ڕابردوودا و لە نەستدا ڕووداوەکـانی لە ئـامێز گرتـووە ئەو سەربەستییە بە نووسـەر دەدات کە لە زاری مـــرۆڤە خاکییەکـــانەوە ئەو ئامـــانجەی بپێکێ.چونکە یادەوەری لە هونەری ئەدەبی گێڕانەوە(ڕۆمـان یان چیـرۆک) بـاڵا دەسـتە و هەرکەسـێکیش توانـای گێـڕانەوەی یـادەوەری هەبێـت، وەکـو ڕۆمـاننووس وایە.وەک چـارڵس فرینیهووی نوووسەر و سایکۆلۆجیست دەڵێ " من نەهـاتووم تـا پێـت بڵـێم خوێنـدنەوەی ڕۆمـان دەبێـتە هـۆی فراوانبـوونەوەی مێشکت چونکە ئێمە پێشـوەخت دەزانـین کە ڕۆمـان جیهـان وەک شوێنێکی گەورەتر و ڕەنگینتر نیشان دەدات....بەڵکو لەبری ئەوە هانت دەدەم ببینی کە ڕۆماننووسێکی شارەزا چۆن لە ڕۆمـانێکی یادەوەرئـامێزدا ئەوەمـان پێـدەڵێ کە چـۆن یـادەوەری لەنـاو هەریەک لەئـێمەدا ئـیش دەکـات."(١٦) یادەوەرییەکـانیش لەدەرەوەی شـوێن نـین و شـوێنیش بەشـێکی گرنگـی یادەوەرییەکانمـانن.جەلال قـادریش ڕێـک هەروای کـردووە و هـاتووە شـوێن وەکـو بەشـێک لە بەهـای ڕووداوەکـان نیشـان دەدات و دواتـریش شـوێن دەبێـتە هەڵگـری سـەرجەم تـوخمە سەرەکییەکانی ژیان.

**نەخێر، بەس گوتی هەتا پێتاندەکرێت زوو بگەڕێنەوە شار.**

**فەرهود، دوای ئەوەی من دەگەیەنیتە ناو شار خۆت چیدەکەیت؟**

**دەگەڕێمەوە ناو ئەم چەمە و لەم کونە دەژیم.(١٧)**

لەم جۆرەیان شوێن وەک پانتایی کردار کەلە ئێستا و داهاتوودا خۆی دەبینێتەوە، نیشان دراوە.لەڕۆمانی فەرهوددا شوێن لە ڕابردوو جێگایەکە مرۆڤەکان بۆ لای خۆی پەلکێش دەکات و ئاوێزانبوونێک لەنێوانیاندا دێتە کایەوە.بەڵام لە ئێستا یان داهاتوودا شوێن مرۆڤەکان لە خۆی دادەتەکێنی و لەخۆی دوور دەخاتەوە.لەهەردوو پەرچەکردارەکەدا دەبینین پرۆسەی (شوێن – کردار) جێگا بە (شوێن – یادەوەری) لێژ دەکات. بۆیە شوێن لەڕۆمانەکەدا دەبێتە چەقی ململانێی نێوان بوون و مەرگ و شوێنیش سنوور و شوناسەکانی خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە یەک شوێن سیخناخ بە بیم و ترس.ئیتر هەناسە و شوێن، دیمەن و شوێن، و تەنانەت مرۆڤ و شوێن دەبن بە یەک شت ئەویش مەرگە.

### ئەنجام

ڕۆمانی فەرهودی کاک جەلال قادری چیرۆکنووس و ڕۆماننووس وەک ڕۆمانێکی سیاسی – کۆمەڵایەتی، ڕۆمانێکی ڕیالیستیی کۆمەڵایەتییە و هەڵگری کۆمەڵێ ئاماژەی مێژوویی – کلتوورییە.هەوڵێکی جوان و هەڵقوڵاوی واقیعی دەڤەرێکە کە بەدرێژایی چەندین دەیەی ڕابردوو بۆتە قوربانیی بێئەوپەڕی سیاسەتە دژی مرۆییەکانی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق.فەرهود (دەقێکە)کارێکە نووسەرێک نووسیویەتی کە خۆی و نەوەیەک لە مرۆڤەکانی ئەو دەڤەرەی پێکرا کردۆتە پاڵەوانی سەرەکی کارێکی ئەدەبی لە مێژوویەکدا، کە تا ئێستاش هیچ ئاماژەیەک یان هیوایەک لە گۆڕی دایە نییە بۆ گۆڕان و بەرەو

باشـتربوونی ژیـانی مرۆڤەکـانی ئەو دەڤەرەی کە پێـی دەوترێت کەرکووک.لە ڕۆمـانی فەرهـوددا مێژوو تیایدا لەئاسـتی پێویسـت تەوزیــف کــراوە و شــێوازی تەکنیکــی ڕۆمــانەکەش پشــتی بە یاداشت بەستووە، هەرچەندە ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی مێژوویی نییە، بەڵام مێــژووی مرۆڤەکــانی ئەو دەڤەرە لە ڕۆمــانەکەدا نیشــان دراوە.لە ڕۆمانی فەرهود شوێن ئاماژەیەکی گرنگی ڕووداوەکانە و تەنـانەت دەبێـتە چەقـی ململانێکـان و کـات ئەو بـایەخەی کە هەیەتی، نایمێنێت و جۆری تەوزیفکردنی شـوێنیش بە دوو جۆر بووە.ڕۆمــــانەکە هەر لە ئەفســــانەوە تــــا نەریــــت و ریتــــواڵە کۆمەڵایەتییەکـان وەک چـۆن هەن لەنـاو ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا، بە زمانێـک وێنـا دەکـات کە زمـانی گەورەو بچـووکی خەڵکـی ئەو دەڤەرەیە.دواجار خوێندنەوەی ڕۆمانی فەرهود ئەو ئومێدەمان لا دروســت دەکــات کە کــاک جەلال قــادر بەو ســەلیقەیەی کە لە نووســینی چیــرۆک و ڕۆمانــدا هەیەتــی، چاومــان بە بەرهەمــی بەپێزتر و جوانتر ڕوون بکاتەوە.

***شوباتی ٢٠١٤ کەنەدا***

## سەرچاوە و پەراوێز:

١- لێرەدا جێی خۆیەتی چیرۆکی لە دایکبوون و ناونانی خۆم باس بکەم کە پەیوەندییەکی زۆری بەم باسەوە هەیە.: لەکارەساتی ئەوەی بە (حەرەس قەومی) ناسراوە، لە ئەنجامی ترس و لەپێناو قوتاربوون، خێزانەکەمان لەگەڵ سەدان و هەزاران خێزانی تری شاری کەرکووک بەرەو ناو شوان هەڵدێن. لەو ئان و ساتەدا کە دایکم لەسەروەختی منداڵبوونی دەبێ من لەئاوارەیی لەو دەشت و دەرەی کەرکووک و بەتایبەتیش لەنزیک گوندی ساتی لەڕۆژهەلاتی شاری کەرکووک لەدایکبووم و ناونرام (شاخەوان) وەک هێمایەک بۆ لەدایکبوونم لەو ناو شاخ و داخە.دواتر هەر لە گوندی ساتی مەلای مزگەوتی ئەو کات داوا لەباوکم دەکات کە مادام کوڕە گەورەکەی ناوی (عەلی)یە، ناوی ئەم کۆرپەلەیە بگۆڕێ بۆ (عەبدوڵا) بۆ ئەوەی لەداهاتوودا کوڕێکی باش و گوێڕایەڵی لێدەربچێت.باوکشم دڵی مەلاکە ڕادەگرێت و قسەی ناشکێنێت و شاخەوان دەگۆڕی بە عەبدوڵا و ئیتر لەو ساتەوە قەدەری ئەو منداڵە(من) بە عەبدوڵاوە دەست پێدەکات.

٢- جەلال قادر ڕۆمانی فەرهود لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک ژمارە ٢٣٠ ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕەکانی ٥ و ٦ و ٧.

٣- بۆ زانیاری زایاتر لەسەر ژیان و کارەکانی جەلال قادر هیچ شتێک لەو نامە بەپێزتر و بەسوودتر نییە کە خۆی لە کاتی ئامادەکردنی ئەم نووسینەمدا و لەسەر داوای خۆم بۆی نارد و منیش لێرەدا پوختەیەکی دەخەمە بەر دیدەی خوێنەر.

" من لە کاتێک مام جەلال لە قاهیرە دەبێت، مێردی پوورم جەلالی دەبێت، ناوم دەنێت جەلال، منداڵیم لە ڕەحیم ئاوا بوو، لە بیرمە خۆم بە پیکابە شووتییەکان دەگرت بۆ ئەوەی بۆ دوکاندارەکانی داگرین.خوێندنی سەرەتاییم لە ئاسۆسی تێکەڵاو تەواوکرد.پاشان چوومە دواناوەندی زێوەری کوڕان.کاتێ فامم کرد.وەک لاوە ڕۆشنبیرەکان دەستمکرد

بەخوێندنەوەی شییعر و چیرۆک.لە ئامادەیی من عاشقی شانۆ بووم.چەند شانۆگەرییەکم پێشکەش کرد لە دواناوەندی زێوەری کوڕان و ئامادەیی کوردســـتان(عەبدولمەلیک بـــن مەروان).لە خۆپیشـــاندانەکەی کەرکـــووک دەورێکـــی ســـەرەکیم هەبـــوو لە کـــۆکردنەوەی هاوڕێیـــان دژ بە بەعـــس.لە شەشـــی ئەدەبـــی ئـــاواتم بـــوو بچـــمە هونەرەجوانەکـــانی بەغـــدا، بەڵام ســـەدام حوســـێن قەراری دەرکـــرد کە کـــۆی نمرەکـــان لە حەفتـــاویەک کەمتـــر بـــۆ ســـەربازی بـــوو.من حەفتـــاویەک و نیـــوم هەبـــوو، لە هـــیچ کـــوێ وەرنەگیـــرام پاشـــان خـــرامە معهد مامۆســـتایانی موســـڵ.چەند ڕۆژێـــک چـــووم بـــۆ موســـڵ، داوای وەرەقەی بەعســـیەتیان لێکـــردم.منیش لە ژیـــانم بە بەعـــس ڕشـــانەوەم دەهـــات.لە گونـــدی حەســـار تیپـــی شـــانۆم دامەزرانـــد، لەگەڵ لالـــۆ ڕەنجـــدەر لە گوندەکانی کەڵهوڕ و تۆمار و گۆپتەپە شانۆگەریم پێشکەش دەکرد، لە ساڵێ ١٩٨٥ بـــووم بە پێشـــمەرگە.لە کۆتـــایی ٨٧ چـــووم بـــۆ ئێـــران، مـــاوەیەک لە ئۆردووگابووم.باشبوو کەوتمەوە ناو دونیـــای هـــونەرو ئەدەبیـــات، زوو خـــۆم فێـــری زمـــانی فارســـی کـــرد بە چیرۆکەکـــانی ( ســـەمەدی بەهرەنگـــی)..لەگەڵ هونەرمەنـــدان ( خەلیـــل کـــاکەیی وگـــارا...) لە یەک قـــاعە بـــووین...لەوێ دوو کورتە چیرۆکم نارد گۆڤاری سروە، کە مامۆستا هێمن دایمەزراندبوو، بـــۆم چـــاپکرا.لە ســـاڵی ١٩٨٨ چـــوومە ســـووریا، لەوێ تـــێکەڵ بە کـــۆمەڵێ ئەدەب دۆستی بووم.لەوانە فاروق رەفیق  موجود سامان...ماوەیەکش لەگەڵ ( ئارام کاکەی فەلاح) شەڕە چیرۆکنووسیمان بوو، ئەو کوڕێکی باریکەلەو موئەدەب بوو.لە ساڵی ١٩٩٠ لە تورکیـــا بووم.ســـاڵی ١٩٩١ هـــاتمە کەنەدا.لەو ســـاڵانەی لە شاری ئۆتاوا بووم.بنکەی ڕۆشنبیرمان دانا، گۆڤـــاری ڕۆژی نـــوێ ، چەنـــد دانەیەکمـــان بە چاپ گەیانـــد..بەلام هـــیچ کـــات ســـەرکەوتوو نەبووین.لە ســـاڵی ١٩٩٤ نۆڤێلتێکم بە چاپ گەیاند لە هەولێر..بەناوی ( تاوانێکی نەبیستراو)...کە هونەرمەنـــد ( محـــمەد ســـاڵەیی) بەرگـــی بـــۆ کێشـــابوو، لە لایەن دەزگـــای ڕۆژنـــامەی کوردســـتانی نـــوێەوە بە چـــاپ گەیـــانرا...بەلام شـــەری بـــرا کـــوژی هەمـــوو شـــتی لەگەڵ خـــۆی ســـووتاند.لە ســـاڵی ١٩٩٨ لە هـــامڵتن کـــۆلیژی فۆتۆگرافیم خوێند، بەلام ڕاستی بەشەکەی من ڕیکلام بوو، واتە

Journalism-Advertisement, Mohawk College, Hamilton

لەبەرئەوەی بەشەکان تێکەڵ بوون لەگەڵ رادیۆ و تیڤی، من خووم گرتە فیلم و عشقی سینەما بووم.لە دوای ڕووخانی سەدام گەرم و پەرۆش و سۆزی نیشتیمان بەمنداڵەوە گەڕامەوە کوردستان، ماوەیەک لە کەرکووک بووم دوایی منداڵەکانم لە خوێندنی هەولێر دانا و، خۆم بە شەهادەکەم بووم بە مامۆستا لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکووک.سێ ساڵ مامۆستایەتیم کرد وانەی سیناریۆ و فۆتۆگرافم دەوتەوە.لەو ماوەیەی لە کوردستان بووم ، چەند کورتە فیلمێکم کرد، ئەکتەریم کرد...بۆ دواجار کە گەڕامەوە کەنەدا، بە یەکجاری خۆم دۆزییەوە کە دەبێت ئیشی من نووسین بێت لە بواری چیرۆک.چونکە تاقە هونەرێکە خۆم و دونیای خۆم، واتە ئیشەکە بە گروپ نییە...لەپاش تاقیکردنەوەکان بۆم ڕوونبووەوە کە ئەم دونیایەش لەوە قووڵترە کە من دەستم داوەتێ، بەڵام لەبەرئەوەی بێ حەد چێژی لێوەردەگرم، بوێرانە دەمەوێت بنووسم، بەڵام بەمەرجی ڕاستگۆیی.کاتێ وانەی سیناریۆم دەووتەوە لە هونەرە جوانەکان...بۆ منیش بوو بە وانەیەک.کە لە مەرجەکانی چیرۆک نووسین شارەزابم.خوێندنەوەی چیرۆکەکانی ( چیخۆف و عەزیز نەسین ) چێژێکی تایبەتم دەدەنێ ، هەوڵم داوە لە نێوان ئەم دوو کەسایەتییە ڕێچکەیەک بدۆزمەوە.کۆ چیرۆکێکیترم لە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە بۆ لەچاپدان، ڕۆمانێکی ترم بەدەستەوەیە تەواوم کردووە، بەڵام هەموو ڕۆژ کە لە خەو هەڵدەستم دەستکاری دەکەم...لەسەر گەندەڵی و سیاسییە.لە ژیاندا ئومێد دەکەم جوانترین چیرۆکی دڵداری بنووسمەوە، بۆ ئەوەی هەتا هەتا بمێنێتەوە، هەروەک چیرۆکی جەمیلە و یەکەمین مامۆستا و خەڵکە هەژارەکەی داستافیسکی و زۆریتر.

٤- جەلال قاد،ر ڕۆمانی فەرهو،د لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک، ژمارە ٢٣٠ ساڵی ٢٠١٣، لاپەڕە ١٨٢.

٥- احمد بقار، الرواية و التاريخ عند واسيني الاعرج الاستدعاء والدلالة، موقع جامعة قاصدي مرباح ورقلة.

٦- دكتور سيار الجميل، اشكاليات فن الروايةالتاريخية العربية، مجلة الروائي ١٦ حزيران ٢٠٠٨ موقع الدكتور سيار الجميل.

٧- ويكيپيديا الموسوعة الحرة حركة ١٨ تشـرين الثاني ١٩٦٣ حـول احداث الحرس القومي.

٨- جەلال قادر، ڕۆمانی فەرهود، لەبڵاوكراوەكانی یەكێتی نووسەرانی كورد لقی كەركوك، ژمارە ٢٣٠ ساڵی ٢٠١٣، لاپەڕە لاپەڕە ٧.

٩- جەلال قادر، ڕۆمانی فەرهود، لەبڵاوكراوەكانی یەكێتی نووسەرانی كورد لقی كەركوك، ژمارە ٢٣٠ ساڵی ٢٠١٣، لاپەڕە لاپەڕە ٧.

١٠- Realism in American Literature 1860-1890

http://public.wsu.edu/~campbelld/amlit/realism.htm

١١- جەلال قـادر، ڕۆمـانی فەرهـود، لەبڵاوكراوەكـانی یەكێتـی نووسـەرانی كورد لقی كەركوك، ژمارە ٢٣٠ ساڵی ٢٠١٣، لاپەڕەكانی ٢٣ و ٤٣ و ٨٤.

١٢- جەلال قـادر، ڕۆمـانی فەرهـود، لەبڵاوكراوەكـانی یەكێتـی نووسـەرانی كورد لقی كەركوك، ژمارە ٢٣٠ ساڵی ٢٠١٣ ،لاپەڕە ١٣٩.

١٣- جەلال قـادر، ڕۆمـانی فەرهـود، لەبڵاوكراوەكـانی یەكێتـی نووسـەرانی كورد لقی كەركوك، ژمارە ٢٣٠ ساڵی ٢٠١٣، لاپەڕەكانی ٥ و ٦ و ١٥ و ١٧ و ٢٤ و ٧٧.

١٤- جەلال قـادر، ڕۆمـانی فەرهـود لەبڵاوكراوەكـانی یەكێتـی نووسـەرانی كورد لقی كەركوك، ژمارە ٢٣٠ ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕەكانی ١٤ و ٨٦ و ١٠٤.

١٥- جەلال قـادر، ڕۆمـانی فەرهـود، لەبڵاوكراوەكـانی یەكێتـی نووسـەرانی كورد لقی كەركوك، ژمارە ٢٣٠ ساڵی ٢٠١٣، لاپەڕە ١٤و ١٥ و ٢٢.

١٦- Charles Fernyhough What Novels Can Tell Us About Memory
بۆ زانیاری زیاتر بروانە وتارەکەی چارڵس

http://www.huffingtonpost.com/charles-fernyhough/psychologist-explains-the_b_4682651.html

١٧-جەلال قادر، ڕۆمانی فەرهود، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک، ژمارە ٢٣٠ ساڵی ٢٠١٣، لاپەڕە ٢٥٢.

تێبینی: ئەم نووسینە لە هەفتەنامەی هەواڵ ژمارەکانی ٥٩٦ و ٥٩٧ ی ساڵی ٢٠١٤ بڵاو بۆتەوە.

# دەسەڵاتی زەعیم لەنێوان زەبر و گەمژەیی

خوێندنەوەیەکی کراوە لەپێناو دۆزینەوەی شوناسی زەعیم

لە دەقی "پایزی زەعیم" ی تەڵعەت تاهیردا

*سەرەتای مانگی حوزەیران ٢٠١٤*

*کەنەدا*

گەڕان بە دوای ئایدێنــدتی کــارەکتەری هەر دەقێــک دەبــێ لە بونیادی دەقەکەوە دەست پێبکەین.لەو جێگایەوە کە ستراکتۆری دەق دەبێــتە هۆکــاری نیشــاندان یــان بەرجەســتە کــردنەوەی وێنەکانی کارەکتەری دراو لە دەق.بەم پێیە خوێنەر دەبێ لە مانا دیار و شاراوەکان، زمان و ئامڕازەکان، سیمبۆڵ و ڕەگەزەکانی تــری ئەدەب ورد بێــتەوە و ئەو پارچــانە کۆبکــاتەوە و دواتــر پێکیــانەوە بنووســێنیت و تــا وێــنەی کــارەکتەری دراو ڕوون دەبێتەوە و ئینجا لەوێشــەوە ناســاندنی شوناســی کارەکتەرەکە ئەنجــام بــدرێت.ئەم پرۆســـەیە هەنـــدێجار ورد و ئـــاڵۆزە و هەنـدێجاری تـریش بڕێـک سـادەترە، ئەویـش لەسـەر هـونەری دواندن و داڕشتنی نووســەر وەستاوەتەوە.نووســەر دەتوانێ لە پێناو بە ئاکام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە دەست بۆ گەلێ تەکنیک و چەمکگەلــی وەک ئــایین و ئەفســانە، زانســت و تەکنەلۆژیــا،

دەروونناســی و کۆمەڵناســی، فەلســەفە و...تــاد ببــات.تەلعەت تــاهیری شــاعیر لەم دەقەیــدا(پایزی زەعــیم) ئەفســانە و بــاری ســایکۆلۆژی کــردۆتە مەبنــای گەیشــتن بە دوا پــلەی ئایدێنــدتی کارەکتەرەکەی، بۆ گەیشتن بە نیشاندانی دوا مۆدێلی جۆرێک لە زەعــامەت کە پــڕە لە نــاکۆکی و دژ بەیەک، پــڕە لە تراژیــدیا و کۆمیدیا،، دواجار پرە لە دونیایەک ئەگەر و پێشبینی کە لەوانەیە کــۆمەڵگە بخــاتە بەردەم مەترســییەکی گەورەوە.لەلایەکــی تــرەوە ئەوەی وا دەکات دەقێکی ئەدەبی بخوێنرێتەوە، ڕادەی پەیوەست بــــوونی خـــوێنەرە بە دەقەکەوە.هونەرســـازی لە تەلاری دەق، خــوێنەری جیــددی دەخــاتە بەردەم بەرپرســیارەتی ئەدەبــی و ڕەخنەییەوە.هونەرســازی یــان هــونەری وێنــاکردن لە پــایزی زەعیمدا ســەرەتا بە ئەفســانەکردنی کــارەکتەر دەست پێدەکات و کۆتایشــی نادیارە.ئەفســانەش وەک ئاشــکرایە لە چیرۆک و وشــە پێکهاتووە.ڕووداوەکانی ناو ئەفســانە وەک چیرۆکێکی ڕاســتەقینە تەماشــا دەکــرێن، زۆربەی جــار ڕووداوەکــان ترســناکن و لە ڕابردوودا ڕوویانداوە و پاڵەوانەکانیش کەسانی زۆر بە توانــا و لەڕادەبەدەر بەهێزن ئیتــر چ ئینســان بــن یــان خواوەنــد یــان هــەر فۆرمێکی تــر لە کــارەکتەر.ئەم شــێوازە قەنــاعەتپێکەرەی ئەفســانە لە خۆیدا هەڵیگرتووە، ڕێگەخۆشکەرە بۆ ناسینی ڕاستییەکی بە میتافۆرکراو نەک ڕاستییەکی ئەدەبی.چونکە ڕاستی ئەدەبی یــانی وێنــاکردنی واقیــع.ئەدەبیش پانتــاییەکە توانیــویەتی ئەفســانە لە خۆیــدا هەڵبگــرێ و بیپــارێزێ.لێرە پەیوەنــدییەکی دوالــی لەنێــوان ئەفســانە و ئەدەب دێتە ئــاراوە.ئەدەب ئەفســانە نمــایش دەکــات و ئەفســانەش ئەدەب دەوڵەمەنــد دەکات.نووســەران لە گۆشــەنیگای جیـــــــاوازەوە دەڕوانـــــــــە پێویســـــــــتی ئەفســـــــــانە لە

نووسینەکانیان."نووسەری مۆدێرن بڕیار دەدا بچێتە ناو ئەفسانەوە لەبری ئەوەی تەنها وەکو شێوەی بینینی خەڵکانی ڕابردوو ببینێ."(١) بەم پێیە نووسەری مۆدێرن نایەت دەست بە چنین و داوی کۆنەوە بگرێت و ئەژدیهای هەزار ڕوخسار و دێوی ترسناکمان بۆ بنەخشێنێ، ئەو دێ لە سەحنەی کۆمەڵگاوە دەست بۆ ئەفسانە دەبات و لە میتافۆری هەڵدەکێشێ.لە دەقی پایزی زەعیم کاک تەلعەت تاهیر لە دوو ئاستدا ئیش لەسەر دەرخستنی وێنەی زەعیم دەکات.لە ئاستی ئەفسانە و دەرخستنی قودرەتە بێئەوپەڕەکانی زەعیم (شوناسی دەرەوە) و لەئاستی سایکۆلۆژی کە بچووککردنەوەی وێنە کێشراوەکەی زەعیمە تا خاڵی چرکردنەوەی ڕەنگەکان و دەرکەوتنی وێنەی هەڵگێڕدراوەی ناخی زەعیم بە ڕەش و سپی(شوناسی ناوەوە).هەردوو ئاستەکە بەدرێژایی شیعرەکە ئاوێتە بە یەکتر هەناسە دەدەن.درێژکردنەوەی ئەم دوو ڕەهەندە وەک دوو جۆگەلە لەڕووی وردکردنەوەوە دەڕژێنە ناو چاڵی شوناسی زەعیم.ئەم نووسینە هەوڵ دەدات پایزی زەعیم لەو ڕەهەند و ئاستانەدا بهێنێتە گۆ و لەو کۆدانە ورد بێتەوە کە ساختمانی ئایدی شوناسی لەسەر بنیاد نراوە.

(١)

## ڕەهەندی ئەفسانە لە شوناسی زەعیمدا

شوناسی دەرەوە

بونیادی دەقی پایزی زەعیم بونیادێکی سایکۆ - میتۆلۆژییە و خوێنەر دەتوانی لە میانی ئەم بونیادەوە بگات بە وردکارییەکانی شوناسی زەعیم.نووسەر هاتووە بە پەنابردن بۆ ئەفسانەپەیکەری زەعیمی وەک خواوەندێک بۆ نەخشاندووین.واتە سیفەتە لەڕادەبەدەرەکانی زەعیم سیفەتگەلێکن لەسەررووی سروشتەوە (Supernatural) ەوەن و تواناکانی بەهێزترن لە سەرجەم یاساکانی سروشت و نۆرم و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە.شوناسێک کە زەعیم لەم دەقەدا پشتی پێدەبەستێ شوناسێکی (فوق العادة) یە و ناتوانین لەم ئاستەدا زەعیم بگێڕینەوە ناو گۆمەڵگە و بە مرۆڤەکانی بەراورد بکەین.لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی خوێنەر و دەق ئەو پرسیارانە دێنە پێشەوە وەک ئەوەی بۆچی زەعیم فیرعەون ئاسا لە مرۆڤەوە کراوە بە خواوەند؟ سەرچاوەی ئەو هێزە لە ڕادەبەدەرەی زەعیم چییە و چۆن بەدەستی هێناوە؟ ئایا زەعیم بەپێوەری ئەفسانە نەمرە؟ و گەلێ پرسیاری تریش. بۆ گەڕان بەدوای شوناسی زەعیم پێویست ناکات بەدوای بنەما کلاسییەکانی ئایدێنتیدا بگەرێین و مەودایەکی سیاسی پێببەخشین، بەڵکو بە وردبوونەوە لەسەر دۆخەکانی دەق و کارەکتەری زەعیم بەتایبەتی لەڕووی سایکۆ - میتۆلۆژییەوە دەمانگەێنێتە خاڵی مەبەست.

**کەس بیری نایە لە کەیەوە بۆتە زەعیم ؟**

**ئەوەی زانراوە کەسێکی ئاسایی نییە!**

**دەتوانێ کانزاکانی ژێر زەوی بخوات و**

**پێدەشت بە دارستانەوە بجوێت و**

**روبار هەڵقورێنێ و ئاسمان بخاتە باخەڵییەوە!**

**مێژوونوسەکانی دەڵێن:**

**توانای زەعیم لە ئەفسانەکانیش بەدەرە،**

(دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

زەعیم مەقامێکی بەرزتری لە مرۆڤەکان هەیە و تواناکانی لە سەرووی ئەفسانەشەوەن.سەرکەوتنی تەوزیفی ئەفسانەش لە دەقی ئەدەبی پەیوەستە بەوەی کە دەبێ ئەفسانەکە بەهێز بێ.ئەم بەهێزییەی ئەفسانە ڕۆڵی هەیە لە درێژبوونەوەی تەمەنی ئەفسانەکە.ئەفسانەی بەهێز سنووری نەوەکان و سەدەکان دەبڕێت.بەم پێیە ئەفسانەی بەهێز وەک مارگرەیت ئات ود دەڵێ "هەرگیز نامرێ"(٢).بەهێزبوونی ئەفسانەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو ڕایەڵ و پەیوەندییانەی نێوان کارەکتەری ئەفسانەکە و واقیع.واتە نووسەر هەوڵ دەدات لە چادرگاکانی نێوان واقیع و ئەفسانەوە میتافۆریانە خوێنەر بدوێنێ.نووسەری کارامە زمانی ئەفسانە دەکاتە زمانی واقیع.ئەو دەزانێ دەمامکی ئەفسانە فراوانترکردنەوەی پانتایی ئازادییەکانی نووسەرە لە دەرخستنی

کرۆکی بابەتەکەی.دەمامکی ئەفسانە لە دەقی ئەدەبی لەلایەکەوە پەردەیەکی تەنکە کە جووڵە و چالاکی ئایدیای دەق و نووسەر دادەپۆشێ و لەلایەکی ترەوە دەستی خوێنەر دەگرێ بەرەو نزیکبوونەوە لە ئامانج.هەروەها ناڕاستەوخۆیی لە دیاریکردنی مەبەست و گرتنەبەری زیگزاگی ئەدەبیش ڕۆڵ دەبینێ لەدەرخستنی ئامانجی دەق.مادام هەموو دەقێکی ئەدەبی ئامانجێکی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کەوابوو مافی نووسەرە ئازادییەکانی خۆی لە نیشاندانی ئەو ئامانجە بۆ خوێنەر بەدەستە بگرێت و پیادە بکات.کاک تەلعەت لەم شیعرەدا هەوڵدەدا سەرساامییەکانی خۆی نەک هەر تەنها لەئاستی پەنابردن بۆ ئەفسانە، بەڵکو لەئاستی زمانیشدا لەڕێگەی پەنابردن بۆ خاڵبەندییەوە، بەرجەستە بکاتەوە.

ئەگەر "ئەفسانە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بتوانرێ بە جۆرێ لە جۆرەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بە هەوڵێکی سەرەتایی مرۆڤ بۆ ناسینی جیهان و تێگەیشتنی جیهان دابنرێت."(٣) یان وەک ڕۆلان بارت دەڵێ " ئەفسانە جۆرێکە لە ئاخاوتن" (٤)ئەی خوێنەری کورد لەکوێی ئەم ناسین و تێگەیشتنەوەی لایەنی ئاخاوتنی دەقی پایزی زەعیمەوەیە؟ دەقی پایزی زەعیم لە تەمومژ نەپێچراوەتەوە، بەڵکو بەڕوونی ستراکتۆری دەقەکە دەبینرێت.زەعیمی نێو دەقی پایزی زەعیم، زەعیمێکی بەرجەستە و شوناسداری ژیانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتییە.ئەمەش ئینتمای دەقەی پایزی زەعیمە بۆ شوێنگەی لە دایکبوونی.شاعیر جارێک وێنەی زەعیم لە ئاوێنەی دەرەوەوە و جارێکی تر لە ئاوێنەی ناوەوە دەکێشێ.ئەم وێنەکێشانە بێ هیچ زۆر لەخۆ کردنێک ئەنجام دەدات.

**دروستکەری وەرزەکانە**

**بە قسەکانی بەهار دێنێ ،**

**بە کردەوەکانیشی پایز!**

(دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

ئەفسانە لە دەقی پازی زەعیمدا خاوەنی هیچ ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و کلتووری نییە، چونکە زەعیم خۆی کەوتۆتە دەرەوەی هەر هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.بۆ نزیکبوونەوە لە واقیع، نووسەر گەشتی نێو ئەفسانەکانمان پێدەکات.ئەم گەشتەش تەنها یەک ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدات ئەویش دەرخستنی ڕووی شوناسی زەعیمە.لێرە شاعیر شوناسی زەعیم لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەفسانەوە دەخاتە ڕوو.ئەفسانە لەم دەقە هەر لەبەردەم تەوزیف کردنیکی ئاسایدا نییە، بەڵکە ڕەهەندی ئەفسانە واوەتر دەچێت و دەبێتە بەشێک لە پرۆسەیەکی فراوانتر، ئەویش پرۆسەی ناساندنی ماهیەتی زەعیمە.شاعیر لەم پرۆسەیەدا دەست و پێ سپی نییە و هونەر دەنوێنێ.لێرە زەعیم پاڵەوانە، بڕیاردەرە، بەهێزە، خاوەن توانایەکی لەڕادەبەدەرە.سروشت بەزێنە و لەدەرەوەی یاساکانی سروشت و ژیانەوەیە.شوناسی زەعیم شوناسێکی بە زەبر و بە دەسەڵاتە.خاوەن فەرمانە و دەتوانێ چی بوێ بیکات.کەوابوو تا ئێستا زەعیم تەنها دەرەوەی دیارە.خوێنەر تەنها لەبەردەم شکڵ و بیچمی کەسێکی ئەفسانەییە کە مەگەر تەنها خواوەندەکانی ئەفسانەکان ئەو بیچمەیان هەبێ.ئەم

وێنەیەی دەرەوەی زەعیم سەرباری زەعامەکەتەی، دەرخستنی لایەنێکی نادیاری ژیانی زەعیمە ئەویش ئەکتەر بوونە.زەعیم ئەکتەرە و دەبێ بەردەوام و ڕۆژانە تەمسیل بکات.دەبێ وای خۆی نیشان بدات کە سەرحاڵە، لەسەر شنگ و تاقەتە، گوێی فیل دەردێنێ و گوێز بە دان دەشکێنێ.

**تاکە کەسە بتوانێت**

**بە گوفتاری ، مانا بسڕێتەوە!**

**بە کرداری ، جووڵە لە جووڵە بخات!**

(دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

بەخشینی ئەو سیفەتانە بە زەعیم لە لایەکەوە هێمایە بە توانا و دەسەڵاتی زەعیم وەک کاریزمایەک لە قەڵەمڕەوی خۆیدا و لەلایەکی ترەوە نیشانەی دەستبردنە یان پەنابردنە بۆ ئەفسانەکردنی پاتریاکێک کە مێنتاڵیتییەکەی لەسەر دیکتاتۆریەتی بێپەردە ڕسکاوە.ئەم پەنابردنە بۆ ئەفسانە پەنابردنە بۆ زمان و شێوازێکی دەربڕین.ئەفسانە لەم دەقەدا کۆمەکی خوێنەر دەکات دیوی دەرەوەی زەعیم و دەسەڵاتەکانی ببێنێ، توانا و فەرمانەکانی لەمس بکات و هێزی سوپا و دەست و پێوەندەکانی و نەعرەتەکانی زەعیم ببیستێ.کەوابوو دەستبردن بۆ ئەفسانە پرۆسەیەکی نائاگایی نییە، بەڵکو شاعیر بە هۆشیارییەوە هەوڵی داوە لایەنی خواوەندی زەعیم وێنا بکات.ئەمەش دەرخستنی شوناسی زەعیمێکی بە زەبر و بە

دەسەڵاتە.واتە نیشاندان و بەرجەستەکردنەوەی شوناسی دەرەوەی زەعیمە.

(٢)

## ترس و گرێ دەروونییەکانی زەعیم لە پەیوەست بە شوناسەوە

شوناسی ناوەوە

زەعیم گەرچی لە هەیکلی دەرەوەیدا وەک بینیمان چ هێز و ئیرادەیەکی پتەو و چ دەسەڵاتێکی گەورەی لەپشت وەستاوە، بەڵام لەهەمان کاتدا وەختێ بەشەکانی تری پایزی زەعیم دەخوێنینەوە دەبینین ڕووبەڕووی ناواخنێکی وێران و کەللەیەکی بەتاڵ دەبینەوە.بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر سوود لە ڕایەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی زەعیم وەردەگرێت.شاعیر لەڕێگەی کارەکتەری دایکی زەعیمەوە گەلێ وردکاری ژیانی ڕۆژانەی زەعیممان بۆ دەخاتە ڕوو.ئەو زانیاریانەش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە جێگیرکردن و خستنەڕووی شوناسی ڕاستەقینەی زەعیم.دایکی زەعیم کە نزیکترین کەسە لە زەعیم و کانگای خاڵە لاوازەکانی کوڕەکەیەتی زۆر بەساکاری بێئەوەی بچووکترین کێشەی لەزمانی گتوگۆ هەبێ، سەرکۆنەی کورەکەی دەکات:

**رۆڵە هەندێ پارە لە پشتییەک بشارەوە.گیانی دایە لەو کورسییە بتهێننە خوارەوە هیچ ئیشێک نازانی.ئاخر تۆ قەسابیش نەبووی ! یـان خـۆزگە دەنگـت خۆشـبایە ! ئێسـتا شـوکر ، وەزیرەکـان مریشـکم بە نـاوی چـین و مـاچینەوە لێدەکڕن ، لەو کورسـییە بتهێننە خوارەوە ئەوەش نامێنێ.کەسی دایە ، هەردووکمـان پیر بووین ، بتهێننە خوارەوە دەبێ تەنیا سەیری ئەلبومی وێنەکانت بکەیـت ، منـیش حەوسـەڵەم نەمـاوە ، چیتـر سـەڵکە پیـاز و دۆشاوی تەماتە و ژێرپیاڵە خوێ ، لە دراوسێکان قەرزکەم.**

(دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

گێـڕانەوەی ئەم قسـەیەی دایکـی زەعـیم لەزاری تـوتییەکی هەڵاتووەوە، دەرخستنی لایەکی لێل و تاریکی ئەو تابلۆیەیە کە من نـاوم نـاوە شوناسـی نـاوەوە.لێرە دەبینـین زەعـیم کەسـێکە بوودەڵەیە، ژێر دەستی بۆڵەبۆڵ و ئامۆژگارییەکانی دایکییەتی، ئەو دایـکەی وەک وتمـان زمـانی گتفوگـۆ نـازانێ و خەمیەتـی کـوڕەکەی لەو تەخـتە نەهێنـنە خـوار، دایکێکـی نەخوێنـدەواری بێئاگا لە کارەکتەری کوڕەکەی و بێخەبەر لە پرەنسیپ و بنەمای ژیـانی سـەرۆکایەتی و دیپلۆمـاتیکیی و زۆر دوور لە ژان و خەمی مەملەکەت.شاعیر جارێک بە خۆی و جارێکیتر لە ڕێگەی دایکـی زەعـیمەوە دۆخە سـایکۆلۆژییە تێکشـکاوەکەی زەعـیم دەخاتە ڕوو.دایکی زەعیم سەرباری خۆشەویستی بۆ کوڕەکەی، کە ئەویش خۆشەویستییەکی شروشتییە، لەخەمی داهاتوو دایە، پێشـبینی ئەوە دەکـات کە ڕەنـگە ڕۆژێـک بە ڕاپەڕینێکـی جەماوەری یان کودەتایەک کوڕەکەی لەسەر تەخت بهێننە خوار

و باریـان لێـژ بێ.بـۆیە هەڵـپەی ئەوە دەکـا و دنەی کـوڕەکەی دەدات تا بیرێک لە پاشەڕۆژ بکاتەوە.بۆیە خوێندنەوەی دایک بۆ زەعیم، یارمەتیدەری خوێنەرە بۆ بینینی زەعیمی ئۆریجینـاڵ کە کـــوڕە دەســـت و پـــێ ســـپیەکەیەتی.ئەمە دەرخســـتنی کـــانزا ئەسڵییەکەی زەعـیمە لەژێـر دەمامکەکـانەوە.بەڵام زەعـیم هەر لە ئاسـتی گونـاە و دەسـتەپاچەییدا نـامێنێتەوە، بەڵکـو لە دۆخێکـی تراژیدی گەورەدا ژیان بەسەر دەبات.

**مەیبینن لە وێنەکاندا پێدەکەنێت ، زەعیم گوناحە.**

**گندۆرەیەکی بە قەڵەمبڕ پاک نەکرد و ترسی ژەهری نەبێ!**

**لە نیوەشـەواندا سـەلاجەی بـۆ قـومێ ئـاو نەکـردەوە و ترسـی تەقینەوەی نەبێ !**

**بۆینباخێکی نەبەستا پەتی سێدارەی بیر نەهێنێتەوە!**

(دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

ترس سێبەری خسـتۆتە سـەر ژیـانی زەعیم.زەعـیم بەپێچەوانەی ئەو هێز و دەسـەڵاتەی کە هەیەتی، ترس لێـی نـاگەڕێ یەک شـەو بە ئاســـوودەیی ســـەر بخـــاتە ســـەر ســـەرین.ترس غەریزەیەکـی سروشـتییە و لە هەمـوو زیندەوەرێکـدا بـوونی هەیە.ترسـەکەی زەعیم زیاد لە مانا و دەلالەتێکی هەیە.زەعیم تا ئەمرێت ناتوانێت بەکـامی دڵـی خـۆی بچێـتە بـازاڕ و قاپێـک شـێلم بخـوات و

شـەربەتێک هەڵقورێنێ، یـان بچێتە دوکـانی کاسـتەر فرۆشـێک و کاستەرێک بخوات.

**زەعیم دەیەوێت سادە بژی.**

**لەبەر چاوی کامێراکان ،**

**بەری نەشۆراوەی باخچەکان دەخوات و**

**وەک پسپۆرێکی کشتوکاڵی بە پێکەنینەوە دەڵێت:**

**پەیینی کەمە و**

**پاشـــەڕۆی بیســـت و شـــەش گوێـــدرێژی نەخەســـاوی بـــۆ تەرخانکەن.**

**بۆ ئەوەی لە میللەت نزیک بێ ،**

**چوارلای لاندگرۆزەرەکەی نارنجی کردووە ،**

**گوایە تەکسییە و بە نهێنی بە شوێن گرفتەکانی خەڵکدا دەگەڕێ.**

(دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

ئەم ساویلکەییەی زەعیم بە گەمژە سەیرکردنی خەڵکە.هەرچەندە زەعـیم خەڵـک بە گەمـژە دەزانـێ، لە هەمـان کاتیشـدا خەڵـک لە گەمژەیـی زەعـیم دڵنیـان.بوونی ئـاوێتەبوونێکی گەورە لە نێـوان تـرس و گەمژەیـی، بـوونی کەلێنێکـی زەبەلاح لەنێـوان زەعـیم و خەڵک، بوونی فریوێکی زۆر بەوەی زەعیم لە نەسلی خواوەندە،

ئەو پـــاكيچە دراوانەن كە شوناســـى زەعـــيم خـــۆى تيايانـــدا دەبينێتەوە.

**دايكى گوتەنى بريا دارتاش بوايە ، يان معاون توبى،**

**يان هيچ نەبێ، هونەرمەند.**

**بەڵام تەنيا دەزانێ فەرمان دەربكا!**

**هەموو سامانەكەى وڵاتێك و فتقێكە**

**كە دەنگى ژانى زۆر لە فيكەى كتريى دەچێ!**

(دەقى پايزى زەعيم تەلعەت تاهير )

زەعـــيم نەخۆشـــە ئەويـــش بە هەردوو بـــارى بـــايۆلۆژيى – ســـايكۆلۆژيى و سياســـى – كـۆمەڵايەتى.زەعيم لەلايەكەوە فتقـى هەيە ئەمەش رێگرە لە كاركردن و ماندووكردنى جەستە لەكاتى پێويســـتدا، ئەمەش بەدەورى خـــۆى گرێيەكـــى دەروونـــى بـــۆ پێكهێناوە.لەلايەكى تريشـەوە بەمانـا سياسـى و كۆمەڵايەتييەكەى زەعـــيم فەرمـــانڕەوايەكى ترســـنۆك و تۆقيـــوە لە دەوروبەر و دەســـت وپێوەنـــد.لەرزۆك لەبەردەم پێشـــهات و ڕووداو، لاواز لەبەردەم ژن و خۆشەويستى.ئەو ژنـانەى زەعـيم پێوەنـدى پێـوە هەن، ژنـــانگەلێكى زۆرزان و بەرژەوەنـــدخوازن، جـــگە لەوەى وەڵامـــى داواكـــانى زەعـــيم نـــادەنەوە، دزيشـــى لێـــدەكەن.زەعيم نـاوێرێ هەمـوو ئاوێـك بخـواتەوە و هەمـوو خواردنێـك بخـوا و دەست بداتە هەموو شتێك گەر پێشوەخت پشكنينى پێويستى بۆ نەكرابـــێ.ئەم بـــوودەڵەييەى زەعـــيم شوناســـى دووەمـــى

زەعیمە.خوێنەر لەم دەقەدا لەبەردەم زەعیمێکی گوناه و لاواز و بێدەسەڵاتدایە.

**زەعیم گوناحە..**

**تا ئێستا کەس خەبەرێکی راستی پێنەداوە!**

**ژەمێکی بە تێری نەخواردووە!**

**پاسەوانەکانی بە پاساوی ژەهر ،**

**نیوەی چێشتەکەی دەخۆن.**

**لە ترسی ئەوان ، هەنگوین لە کونی دیوار دەشارێتەوە.**

**ناچارە بە دزی دکتۆرەکان ساوار بە گۆشت بخوا.**

**ژیانی تایبەتیشی نەماوە**

(دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

ئەم کابووسی ترسە هەر بە تەنها لە قەسر و کۆشکی زەعیمەکەی تەلعەت تاهیردا بوونی نییە.بەڵکو ئەتمۆسفیری ژیانی ڕۆژانەی سەرجەم زەعیم و دەسەڵاتدارەکانە لە گۆشە جیاجیاکانی حکومڕانی ڕۆژهەڵات.کێرڤی ڕوونبوونەوەی شوناسی زەعیم پێ بەپێی چوونەسەر و نزیکبوونەوەی دەق لە کۆتایی لە ئاستێکەوە دەچێتە ئاستێکی تر.واتە سەرەتا لەبەردەم زەعیمێکی گوناه وەستابووین و ئینجا زەعیمێکی نەخۆش و دەروون داهێزراومان بینی و ئێستاش زەعیمێکی نەخوێندەوار.

**زەعیم ئەو رۆژنامەیە دەخوێنێتەوە ،**

**کە خۆی بۆ خۆی دەریدەکا.**

(دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

خوێندەوارییەکەی زەعیم خویندەوارییەکی ئەپستمۆلۆژی نییە و بارگاوی نییە بە مەعریفە، بەڵکو خوێندەوارییەکەی زیاتر لێککردنەوەی ڕەش و سپییە لە یەکتر و هیچتر نا.ئەم خوێندەوارییەش بۆ کەسێکی ئاسایی ڕەنگە کێشە نەبێت، بەڵام بۆ فەرمانڕەوای مەملەکەت کارەساتە.ئەم سیفەتە نەخوێندەوارییە دیسانەوە سیفەتێکی بەربڵاوی نێو فەرمانڕەواکانە.

ئەم پارادۆکسییە لە ژیانی زەعیم گەرچی زادەی خەیاڵە، بەڵام تا سەر ئێسک واقیعییە.چونکە حاڵی زەعیمەکەی تەلعەت تاهیر کە دەرخەری شوناسیشییەتی، هەمان دۆخی زەعیمەکانی ڕۆژهەڵاتە، هەمان حاڵی ئەو سەرۆک و پاشا و ئەمیر و شێخانەیە کە خاوەن سوپای گەورە و دەمودەزگان و سڵ لە سێبەرەکانی خۆیان دەکەنەوە.ئەو زەعیمانەی کە دیوارێکی گەورەیان لە نێوان خۆیان و خەڵکدا دروست کردووە.ئەوانەی پێیان وایە خەڵک تەنها بۆ ئەوان دەژیت.زەعیمگەلێک کە لە قوولەی قاف دان و دەنگی کەسیان ناگاتێ.زەعیمگەلێکی دەروون پڕ لە گرێ و گۆڵ و نەخوێندەوار و بێتوانا و بوودەڵە و لەهیچ لەبار نەبوو.ئەم وێنە نیگەتیڤە پڕ بە پێستی ئەو دۆخە تاڵ و

کارەساتبار و غەمبارەیە کە بەداخەوە خاوەنانی ئەم وێنانە بڕیار لە چارەنووسی ملیۆنان مرۆڤ دەدەن.

(٣)

**پایزی زەعیم..بەهەشتی زیندان**

بوونی پەیوەندییەکی زۆر نزیک لە نێوان قەسیدەی پایزی زەعیم و ڕۆمانی پایزی پەتریارکی گابرێل گارسیا مارکیز و هەروەها نووسینی (لە پەراوێزی ڕۆمانی پایزی پەترێرکی مارکێزەوە) لەسەرەتای دەقەکە هێمای ئیلهامبوونی ڕۆمانەکەیە بۆ ئەو دەقە شیعرییە و ڕەوینەوەی گومانی هەر لێکدانەوەیەکی ترە بۆ سەرچاوە و لەدایکبوونی دەقی پایزی زەعیم.واتە کاک تەلعەت تاهیر نەهاتووە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بکاتە شیعر.بەڵکو هەوڵیداوە لە پەنجەرەیەکی تر و بەگۆشەنیگایەکی ترەوە لە پایزی زەعیمە ملهوڕەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست وردبێتەوە.بەراوردکردنی دەقی پایزی زەعیم و پایزی پەتریارک (نەک پەترێرک)کاری ئەدەبی بەراوردکارییە و پەیوەندی بەم باسەی منەوە نییە.بەلام خاڵی هاوبەش لە هەردوو ناونیشانی دەقەکاندا پایزە.من لێرە کارم بەسەر پایزەکەی مارکیزەوە نییە، بەلام بۆ پایزەکەی زەعیمی لەمەر خۆمان دەڵێم هەر تەنها گوزارشت لە وەرزێکی ساڵ نییە، بەڵکو پایز سیمبۆڵێکە بۆ نیشاندانی ڕەنگ زەردی و وشکبوونەوە، هێمایە بۆ گوزەشت بوونی سەوزی ژیان، نیشانەی نزیکبوونەوەیە لە کۆتایی.زەعیمەکان یان " سەرکردەکان تا ڕادەیەکی زۆر وەک چاوتێبڕینێکی گونجاو بۆ

تێگەیشـــتن لە هەڵکشـــان و داکشـــانی وێـــنەی مێـــژوو دەناسرێنەوە"(٥) بەو پێیە ناسینی سەرکردە، ناسینی هەلومەرج و ئاستی هۆشیاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە لە برگەیەکی زەمەندا.پایزی زەعیم وەک ناو و نیشانیش سیمبۆلی کۆتایی سیستمی زەعیمە و نزیکبوونەوەیە لە دۆخی ڕاپەڕین و شۆڕش.

**بەر دەخوات ، بەڵام دەستی لە جوانییەکانی درەخت بەربووە.**

**لە کۆشکدایە ، بەڵام پێی لە خۆشییەکانی پیاسە بەربووە.**

**کۆتری هەیە و بێ پەنجەرەی دۆست.**

**ترێی هەیە و شەرابی نییە!**

**هاواری هەیە و نابێتە گۆرانی!**

(دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

زەعیم دەستی بە هەموو شتێک دەگات و چێژیان لێ نابێنێ، چی بوێ لە ئیختیاریدایە و چی ئارەزوو بکات دەیخوا بەڵام لەزاری زەعیمەوە تامی هیچ نادەن.جوانی لە چاوی زەعیمەوە بێرەونەقە، باغ و باغاتەکانی کۆشک جگە لە زیندانێکی ڕەنگین هیچیتر نین.

**هێڵی تەمەن لە دەستەکانیدا نابینرێ.**

**ناو لەپی ، وەک پێستی سکی بۆقێکی پیر ،**

**ساف و جیرە!**

**زەعیم:**

**زیندوویێکی دیاری ،**

**مردنێکی نادیارە**

**!** (دەقی پایزی زەعیم تەلعەت تاهیر )

ژیـانی زەعـیم نەخشــە بـۆ کێشــراوە و دەبـێ بەپێـی ڕەچەتە و ڕێنمایی پزیشکی تایبەت بژێت.وەک چۆن ژیانی زەعیم بۆ خەڵک ڕوون نیــیە، مــردنیش نادیــار دەبــێ و چۆنیــان بوێ(چــۆن بەرژەوەنـدی بنەمــاڵە و خێـزان و خێـڵ..ببوورن بەرژەوەنـدی گشتی و وڵات بخوازێ!!) وا ڕایدەگەیێنن.پایزی زەعیم هەر پایزی تەمەنـی زەعـیم نییە، بەڵکـو ڕەوینـەوەی ئەو تـرس و بـیمەیە کە دەســــەڵات بەدرێژایــــی ژیــــانی لە دڵ و بیــــری خەڵکیــــدا چاونــدوویەتی.زەعیمە فیـرعەون ئاســاکان وەک چـۆن کاریــان لەســەر تێکشــکاندنی حـورمەت و شـکۆی خەڵـکە، ئـاواش کـار لەسەر بە بەهاربوونی دەسەڵاتیان دەکەن.بۆیە پایز لێرە هێمـای زەنگێکی ترسـناکە بۆ عەرشـی دیکتـاتۆرە ملهوڕەکان.هێمـایە بۆ ئەوەی ســەرباری هەر شـکۆ و دەســەڵاتێک ســەرتاپای ژیانیــان پایزە و خاڵییە لە هەر خۆشی و چێژێکی سادە.شێوازی ژیـان و چــۆنییەتی فەرمــانڕەوایی کردنــی زەعــیم بە دەوری خــۆی کارئاسانی دەکات لە ناسینەوە و بەرجەستەکردنەوەی شوناسـی زەعیم.

**(٤)**

## سەرئەنجام

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شوناسی زەعیم دەبڵ شوناسە.زەعیم لە یەک کاتدا بە هێزە و بێهێزە، خوێندەوارە و نەخوێندەوار، بەتوانایە و بێتوانا، بە زەبرە و بێدەسەڵات، سەرحاڵە و نەخۆش، بەهەیبەتە و بوودەڵەیە، خاوەن فەرمانە و ژێردەستەی گلەیی و بۆڵەی دایکیەتی.ئەم دەبڵ شوناسە گوزارشتە لە دەبڵ ژیان و دەبڵ مۆراڵ و دەبل بیچم.دوو وێنەیی ژیان زەعیم ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەیە کە هەموومان دەیزانین و نایڵێین، هەستی پێدەکەین و خۆمانی لێ گێل دەکەین، دەیبینین و چاومان لە ئاستیدا دادەخەین..بە بۆچوونی من ئەمە ئەو جوانییەیە کە دەقی پایزی زەعیم لە خۆیدا هەڵیگرتووە.

سەرەنجام لە سیاقی دەقی "پایزی زەعیم"ی تەلعەت تاهیر و لە گەڕان بە دوای شوناسی زەعیمدا، دەتوانین بۆچوونەکانمان لەم خاڵانەدا چڕ بکەینەوە:

یەک: شوناسی زەعیم دەبڵ شوناسە.شوناسێکی پتەو و بە زەبر(شوناسی دەرەوە) و شوناسێکی لاواز و بوودەڵە(شوناسی ناوەوە).هەردوو شوناسەکە لە یەککاتدا زەعیمی لە تەناقوزاتێکدا هێشتۆتەوە و ناچارە لەبەردەم ڕای گشتی و دیوانی زەعامەتی خۆیدا نمایش بکات و وەک ئەکتەر ڕۆڵ ببینێ.

دوو: شوناسی زەعیم شوناسێکی ڕۆژهەڵاتییە و هەمان تایبەتمەندی ڕۆژهەڵاتیانەی هەیە کە خۆی لە پیادەکردنی ستەمی بێئەوپەڕدا دەبینێتەوە..ئەمەش ڕێک پێچەوانەی پێوانە دیموکراسییەکانی دەسەڵاتداریێتیی ڕۆژئاوایە.ئەم شوناسی

ڕۆژهەڵاتبوونە تایبەتمەندی ئەو زەعیم و سەرکردانەی ڕۆژهەڵاتی ناوینن کە هەڵگری ڤایرۆسی دیکتاتۆریەتن.

سێ: دەقی پایزی زەعیم گەمەیەکی هونەری پارادۆکسییە و تەژییە لە ئایرۆنی.شاعیر لە ڕێگەی نیشاندانی تەناقوزاتی ژیانی زەعیمەوە بەڵام بە ڕێگەیەکی هونەرسازی ئایرۆنی، پلەیەکی هونەریی بەرزی بە دەقەکەی بەخشیوە.

چوار: خەیاڵ و واقیع بە زمانێکی سادە و ساکار و جوان و بەرز نەخشێنراون.

پێنج: زمانی دەقەکە دوورە لە زمانی نوخبە و گەمەی ئاڵۆزی زمانەوانیی.شاعیر هەر ئەو ئامراز و ڕەگەزانە بەکار دەهێنێت کە مرۆڤێکی سادە بەزمانی سادە دەریان دەبڕێت.شاعیر لە خاڵبەندییەوە خوێنەر دەباتە نێو ئەو جیهانە سەرسوڕمانەکەی دەق.

شەش: حاڵەتی بەرز و نزمبوونەوەی وێناکردنی دۆخەکانی زەعیم حاڵەتێکی دراماتیکە و ئاستەکانی ژیان زەعیم بوونەتە پەیژەی ناسینەوەی شوناس.

ئەم ئیشکردنە لەسەر واقیع و وێناکردنی بیچمی زەعیم بەو ئاستە لە تەکنیک و هونەر چانسی ئەوە دەدا بە دەق تا لە دڵی خوێنەردا جێگای خۆی بکاتەوە و لەپانتایی یادەوەریدا بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە.دەقی "پایزی زەعیم " دەقێکی فرە ئاست و فرە پەلوپۆیە و گەلێ خوێندنەوەی تر هەڵدەگرێ کە خوێنەری ڕەخنەگر دەتوانێ ئیشی لەسەر بکات و لایەنە نادیارەکانی بخاتە ڕوو.

تێبینی: قەسیدەی "پایزی زەعیم" نووسینی کاک تەلعەت تاهیر لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٣٨٠ ساڵی ٢٠١٠ بڵاو بۆتەوە.بەڵام بۆ ئاگاداری خوێنەر، بۆ سەرجەم کۆپلە و نموونە شیعرەکانی نێو ئەم نووسینە من پشتم بەو دەقە بەستووە کە کاک تەلعەت تاهیر خۆی بۆی ناردم و بەڕێنووسی خۆی بڵاوم کردوونەتەوە.

## سەرچاوەکان:


١- Myth and Modern Writer Alan wall, 2009.From Myth, Metaphor, and Science Published by Chester Academic Press که لەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگیراوە.

http://www.rlf.org.uk/fellowshipscheme/writing/documents/MythandtheModernWriter.pdf

٢- The Myth series & Me Margaret Atwood Read magazine Volume 6 Issue 1 p 35

٣- الدكتور عزالدين مصطفى رسول، دراسة في ادب الفولكلور الكردي، دار الحرية الطباعة، بغداد ١٩٨٧، ص ١٣.

٤- Roland Barthes Mythologies Translated by Annette Lavers USA 1972 page 109

٥- The New Psychology of Leadership Identity, Influence, and Power

S.Alexander Haslam, Stephen D.Reicher and Michael J.Platow page 1

.http://books.google.ca/books


تێبینی: ئەم نووسینە لە ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر ژمارەکانی ٤٧٦ و ٤٧٧ و ٤٧٨ ی ساڵی ٢٠١٤ بڵاوبۆتەوە.

# جەمیل ڕەنجبەر

## شاعیرێک لێوانلێو لە تووڕەیی و لە ئومێد

سەرەتای مانگی شوباتی ٢٠١٥

### مۆتیڤی ئەم نووسینە

لە گەڕان بەناو گۆشە و کەنارەکانی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیی، گەلێ دەنگی ناوازە، گەلێ ئاوازی جوان.گەلێ وشەی بە ئینساف و بە هەڵوێست دەبینین کە نە ئاوڕیان لێ دراوەتەوە و نە لایان لێکراوەتەوە.ئەم لا لێنەکردنەوەیە چەند هۆکارێک لە پشتییەوە وەستاوە کە یەکێک لە هۆکارەکان دەخرێتە مل ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی و دەڵێن ڕەخنە لێی بەرپرسیارە.بەڵام لە ڕاستیدا ڕەخنەی ئەدەبی کوردییش جگە لە ڕەخنەیەکی کەمڕەنگ و کەمدەست و کەم فیکری ئەدەبیاتی غەیرە شۆڕشگێڕی هیچی تر نییە.بەواتایەکی تر ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی بەهیچ شێوەیەک ئاوڕی لە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە نەداوەتەوە و بە ئەرکی خۆی نەزانیوە.ئەمە بۆشاییەکی گەورەیە کەڕەخنەی ئەدەبی کوردیی دووچاری جۆرێک لە شەلەل و سستی و بێڕەونەقی کردووە.بۆیە هەرکاتێ گەشت بەناو ئەو بزووتنەوەیە دەکەم، هەست دەکەم ئەدەبی کوردیی ڕەخنەی هەر نییە، یان ئەگەر هەشبێت زۆر لە ئاستێکی

نەخـــوازراوە.ڕەخنەی ئەدەبـــی کـــوردیش وەک بەشـــێک لە ســـەرخانی فرماســـیۆنی کـــۆمەڵایەتی – ئـــابووری کـــۆمەڵگەی کوردســـــــــتان ڕەنگـــــــــدانەوەی ئەو هەلـــــــــومەرجە دیـــــــاریکراوەیە.هەلومەرجەکەش هەلـــــومەرجی ئەنتـــــی شۆڕشگێڕییە.چونکە سەرجەم بەها شۆڕشگێڕییەکانی کۆمەڵگە (بە هـونەر و ئەدەبیشـەوە) لە سـێ دەیەی ڕابـردوو بە توونـدی لەژێـر هێرشـی هەمەلایەنەی بـورژوازی نـاوخۆیی و جیهـانی دابووە.ئینجـا یەکـێ لەو دەنـگە جوانـانەی کە تـا ئێسـتا نەخـوێنراوەتەوە و ڕەخـنەی ئەدەبـی کـوردیی بە ئەرکـی خـۆی نەزانیـوە دوو قسـەی لەبـارەوە بکات،جەمیـل ڕەنجـبەری شـاعیرە.جەمیل ڕەنجـبەر شـاعیرێکی دەسـت ڕەنگـین، خـاوەن ستایڵی تایبەت بە خۆ، خـاوەن میتـۆدی بیرکـردنەوەی تـایبەت بە خۆ، خـاوەن زمـانی شـیعریی تـایبەت بە خـۆیەتی.ڕەنجبەر وەک گـــوڵێکی هەمیشـــە بۆنخـــۆش وایە، چەنـــد بەنـــاو گـــوڵزاری شـــیعرەکانیدا بێـــی و بچیـــت ئەوەنـــدە زیـــاتر بـــۆنی خـــۆش دەچنیتەوە.ڕەنجـبەر دەنگـێکە ئێسـتاش سـەدای دەبیسـترێ، قەڵەمێکە کۆن نابێت و کول نابێت، تیژە وەکو وشـەکانی.جەمیل ڕەنجـبەر ئەگەر بە پێـوانەی نـوێکەرەوەی شـیعری کـوردییش پێـوانە نەکـرێ، ئەوا وەک شـاعیرێکی کـارا و پـڕ بەرهەم، بەڵام بەرهەمی جوان لەڕیزی پێشەوەی شاعیرانی بەرگریی و خەبات لە دژی ستەم و چەوسانەوە دێتە ئەژمار.جەمیل ڕەنجبەر لەو شـاعیرانەیە کە تێکۆشـان لە پێنـاو ئـازادی سـەرتاپای ژیـان و بیرکـــردنەوەی دەتەنێتەوە.ڕەنجـــبەر لەو کەســـانەیە کە گیـــان لەسەردەست ئامادەی قوربانییە لە پێناو ئازادی و نەمانی ستەم و کـــۆیلەتی.ئەمە ئەو شوناســـەیە کە لە یەکەمـــین تێڕامانـــدا

ڕووبەڕووی دەبینەوە و دواتریش لە میانی شیعرەکانییەوە شوناسی ئەم شاعیرەی چینی چەوساوەکانی کوردستان جوانتر و ڕوونتر دەردەکەوێت.

## میتۆدی بیرکردنەوەی جەمیل ڕەنجبەر و ئاسۆی شیعری شۆڕشگێڕانە

جەمیل ڕەنجبەر لە خیلالی دیوانە شیعرییەکەیەوە(١) نمایشی هەڵوێستی سیاسی خۆی کردووە.ئەو بێئەوەی بەدوای دەمامکدا بگەڕێت، بێئەوەی فێڵ لە خوێنەر بکات، ئەوەی بڕوای پێبووە خستویەتییە سەر کاغەز.بەڵام نابێت لەیادمان بچێت کە میتۆدی بیرکردنەوەی جەمیل ڕەنجبەر میتۆدێکی ڕاستەهێڵ نییە، بەڵکو ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و بەرز و نزم بۆتەوە.واتە هۆشیاری جەمیل ڕەنجبەر هەمیشە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە.ئەم گۆڕانە هزرییەش کاریگەری هەبووە بەسەر ئەزموون و هۆشیاری شیعریی ڕەنجبەر، چونکە هۆشیاری " وێستگەیەکی ڕۆشنبیری گەورەیە و ڕێنوێنی ڕاگەیاندن دەکات.لە پانتایی مێژوودا یەکەی بابەتی بە مەعریفە دەبەخشێت.لە بڵندگۆی شاعیر و جیهانی ڕۆحی شیعریدا، ناسنامەیە.خاوەن تێڕوانینێکی قووڵ و دیدێکی سیاسی بەرین دەبێت.هۆشیاری بیری قووڵی فراوانی شاعیرە، لەبەرانبەر هەر چ شتێک تیۆری بێدەنگی ڕەتدەکاتەوە."(٢) جەمیل ڕەنجبەر سەرەتا وەک شاعیرێکی ناسیونالیستی بیری کردۆتەوە و هەوڵەکانی خۆی خستۆتە گەڕ لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتییەکان.ڕەنجبەر لە سەرەتای کاروانی نووسینی شیعردا

دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕەوتی شیعریی زاڵ و باوی ئەو سەردەمە.ئەو سەردەمەش قۆناغی دوای گۆران و پێش بزووتنەوەی ڕوانگەیە.ئامانجی جەمیل ڕەنجبەر هەر لە سەرەتای شاعیرێتییەوە (ناوەڕاستی دەیەی سەستەکانی سەدەی ڕابردوو)جگە لە خۆشەویستی پاک و بێگەرد بۆ ژن، خەبات کردن بووە لە پێناو ڕزگاری کورد و کوردستان.

**پەیمان بێ دایە تاکو دوا تۆڵەم**

**پێشکەشی گەل و ئەو خاک و خۆڵەم**

**ئامۆژگاری تۆ هەمیشە دایە**

**بۆمان پەیڕەو و نەخشە و بروایە**

**تاکو بەخشی کەم گیانی بێگەردم**

**بە دۆڵ و چیا و نزار و هەردم (٣)**

ڕاستیی لای ڕەنجبەر، ڕاستییەکی بەرجەستەکراوی خەبات و تێکۆشانە، بەرەنگاربوونەوەی ستەمە، بەگژاچوونی کۆت و بەندی کۆیلەتییە.بۆ ڕەنجبەری شاعیر ئەوە نەشیاوە کە کورد بێت و کوردیش ژێر چەپۆکەی ستەم بێت.

**لە بیرکەم هەستی نەتەوایەتیم**

**بیخەمە ئەولا گشت کوردایەتیم (٤)**

ڕەنجــبەر بەرەنگــاری ئەم ســتەمی میللیــی بــۆتەوە.گەل لای ڕەنجبەر سەرچاوەی هەوڵ و تێکۆشـانە و هەر گەلیش دەتوانی خۆی ڕزگار بکات.

**با خۆشەویستی..**

**وەک مەشخەڵ بێ بۆ ڕزگاری وڵات**

**دەس لەناو دەس بێ..**

**سەرکۆنەم مەکە، ئیتر با بەس بێ**

**شادی و بەختیاری گەل و نیشتمان**

**با بێتە بەری ڕەنجی تێکۆشان** (٥)

ڕزگــارکردنی وڵات لەســەر دەســتی گەل بەو تـۆخییە تــا ســەر خۆی لە باڵای شیعرەکانی ڕەنجبەر هەڵناسوێت.ئەگەرچی شاعیر دوای ئــاڵوگۆڕی ڕادیکــاڵانە لە زەیــن و بیرکردنەوەیــدا، کەچــی جاربەجــار ســێبەری گەل لە هەنــدێک شــیعریدا دەبینــین.بەڵام شاعیر هەستی کردووە ئەم ستایلە لە خەباتی میللی، لەپاڵ ئەم شێوازە لە بەرگریی کوردانە، پێویستی بە جۆرێک لە ئـاڵوگۆڕ هەیە.ئاڵوگۆڕی بنەڕەتـی و ڕادیکـاڵ.بۆ ئەم مەبەسـتەش دێت لە خۆی و هەڵڕشـتنی نـاخی خـۆیەوە دەسـت پێدەکات.ڕەنجبەر لە چوار دەوری خۆی دەڕوانێ و ئینجا دەیانخاتە نێو شیعر.

**لەخەو هەستن تەکان بدەن**

**ئەی کرێکاری ڕووی زەمین**

**تاکەی هێز و ئارەقەی بازووی کڕاوتان**

**چەکی سەرمایەداران بێ و..لە وڵاتانی ژێر دەستە**

**برامان پێ لەناو بەرن**

**دەی ڕاپەڕن**

**هاتین هاتین هەموو هاتین**

**تەکان بدەن، ئێوەش وەرن.**(٦)

ئەم ئاڵوگۆڕ و بازدانە چۆنایەتییە لە بیرتەسکی ناسیونالیزمەوە بۆ جیهانبینی سۆشیالیستی و ئەنتەرناسیونالیستی لە خۆڕا نەهاتۆتە بوون، بەڵکو ئەنجامی ڕامان و قووڵبوونەوەی زۆری شاعیر بووە لە دونیا و دەوروبەر، لە یاساکانی ژیان و وەحشیەتی نیزامە چەوسێنەرەکان، لە کار و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، لە کۆیلەتی و ئازادی.ڕەنجبەر جگە لە خوێندنەوە، پرسیارکردنیش بۆتە بەشێک لە ژیانی..ڕەنجبەر عەودالی ڕاستی بوو.تینووی حەقیقەت بوو.شەیدای زانین بوو.ئەم خەسڵەتی پرسیارکردنەش بۆ ڕەنجبەری لاو شایانی تێڕامانە.(٧)ئەم بەرچاو ڕوونییە وا لە ڕەنجبەر دەکات شیعرەکانی ئاوێتەی ڕێبازی چینایەتی خەباتی کرێکاران بکات لەدژی بورژوازی.ئەمەش جوانییەکی لەڕادەبەدەری بەخشیوە بە شیعرەکان و بە مێژووی نووسینی شیعر لای جەمیل ڕەنجبەر.

**که هاتمەوە..دەبمە بەهاری کەلاوەی**

**قەڵاتی جاری جاران و...خۆر بۆ کۆڵانەکان، دێنین**

**هەرچی منداڵی گەڕەکە، گورز گورزانێ دەکەن و**

**قەرزی کرێکارانی شار، لە خانوە بەرزەکانی هەولێر دەستێنین**

**کە دێمەوە..وەک منارەی چۆڵی بەرز، قیت دەبمەوە**

**کە دێمەوە..گیانم تۆپەڵی ئاگرە و**

**بە چەکوشی چەوساوەکان، دادەگیرسێ**

**سۆزم لافاوی روبارە و**

**لە ڕامالینی زەلکاوی، کەس ناترسێ.(٨)**

ئینسان لە میتۆدی بیرکردنەوەی ڕەنجبەر شوێنی سێنترالّی پێدراوە.ڕەنجبەر تەقریبەن لە هەموو شیعرەکانیدا گەڕاوەتەوە بۆ ئینسان و بەهای ئینسان.ئینسانی زەحمەتکێش لای جەمیل ڕەنجبەر هەوێنی شیعرە و تەنانەت ئیلهامی هەموو کارە شیعرییەکانییەتی.جەمیل لەیەک کاتدا هەم خەباتگێڕێکی سیاسی بووە و هەمیش شاعیر.ڕەنجبەر چ مامۆستا بووبێت یان ژیانێکی نۆرماڵ ژیا بێت یان لە زیندانەکانی بەعس بووبێت، بۆ ساتێکیش ژێردەستەیی خۆی و خەڵکی ستەمدیدە و زەحمەتکێشی کوردی لەیاد نەکردووە.ڕەنجبەر ئەوەی فەرامۆش نەکردووە کە ڕێی گەیشتن بە ئازادی ڕێیەکی دژوار و سەختە، خەباتی دەوێ،

تێکۆشانی دەوێ،قوربانی دەوێ.هەروەها دەشیزانی بۆ هەوێنی ئەو خەبات و تێکۆشانە پێویستە بیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕانە بێت.مارکسیزم ئەو میتۆدە بووە کە ڕەنجبەر هەڵوەستەی لەسەر کردووە و بەدەستییەوە گرتووە.

میتۆدی مارکسیستانەی جەمیل ڕەنجبەر وەک میتۆدێکی سەراپاگیر لەژیان و شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.ئینسانی کرێکار لای ڕەنجبەر سەرچاوەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە.ڕەنجبەر نە خۆشخەیاڵە بە وەعد و پەیمانی چینە داراکان و نە پشتیان پێ دەبەستێت.ئەو تەنها و تەنها پشت بە چینی کرێکار دەبەستێت بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری.

**من دەمەوێ، کرێکاری کارگەی شیعر وتنێ بم**

**خۆم خاوەنی(کەرەستەی خاو، هێزی بەرهەم هێنان)م بم**

**هێز و بیر و، وشە و زمان..ڕقی چەوسانەوەی ژیان**

**لە میهرەجانی برسێتیم**

**هەر خۆم شیعری تێکۆشانم بخوێنمەوە**

**هەر خۆم بەفری سەرمایەدار، بتوێنمەوە.(٩)**

ئەم جەغدکردنەوەیە(هەر خۆم)، جەغدکردنەوەیە لەسەر بێ متمانەیی بە چین و توێژەکانی تری کۆمەڵ.باکگواندنی چینایەتی ڕەنجبەری شاعیر کە خۆی کوڕی هەژارێکی کوردستانە، بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆی، فڕێدانی کۆت و زنجیری

کۆیلەتی و گەیشتن بە ئازادی بە توندی بەستۆتەوە بە خەبات و تێکۆشـــــانی چینـــــی کرێکـــــار و خەڵکـــــی زەحمەتکێشـــــی کوردستانەوە.ڕەنجبەر شەیدای باوەڕەکەی بوو، ئەو پێی وابوو ئەو باوەڕە ڕاستە و هەژارانی کوردستان دەگەیێنێتە ئامانج.هەر بۆشـــــە لەو ســـــەردەمە مارکسیســـــتترین ڕێکخـــــراوی ئەو سەردەمە(ڕیکخراوی مارکسی-لینینی) بە جێگای شیاوی خەباتی خۆی دەزانی و کاری تێدا دەکات و دەبێتە ئەندام تیایدا.(١٠) چـــونکە سۆشـــیالیزمێکی تـــر لە هـــیچ ڕێکخراوێکـــی تـــردا بەدی ناکات.سۆشـــــــیالیزم لای جەمیـــــــل ڕەنجـــــــبەر ئاســـــــۆی کارکردنیەتی.ئیلهامی نووسینەکانی و هێزی دەست ڕاگەیشتنە بە خەونەکانی.

**ئێمەی کارگەر چاک دەتوانین**

**ناڵەی هەژار**

**خەمی کۆمەڵ لەشەوی توون**

**بۆ هێلانەی هەتاو بەرین**

**ئێمەی هەژار چاک دەتوانین**

**لە کێڵگەی خوێن**

**لەکانی نەوتی ئاگرین**

**لەسەنگەرا**

**دەست لە ملی سۆشیالیست بین**

**چاک دەتوانین**

**لە مردنیش یەکسان بژین.(١١)**

ئەم باوەڕە بە سۆشیالیزم و یەکسانیخوازییە تا دێت لەگەڵ قاڵبوونەوەی ڕەنجبەری شاعیردا لە خەبات و مارکسیزم ڕوونتر بەدیار دەکەوێت.بەڵام بە داخەوە ئەم بەرچاو ڕوونییە (کە زۆر زۆر جێگەی داخە) درێژە ناکێشێت و بە گیان بەخت کردنی ڕەنجبەر لە پێناو ڕزگاری یەکجاری کرێکار و زەحمەتکێشانی کوردستان کۆتایی دێت.

**ئەگەر لوتکەی هەژارەکان بەرز نەبێ**

**ئەی چی بەرزە؟**

**دیارە چاڵی بۆرژواکان**

**سەربەرەوژێر، بەرزی تیایە**

**دیارە کۆشکی سەرمایەدار**

**ڕەنجی گیانی کرێکارە و**

**ژانەکانی بەری تیایە.(١٢)**

سۆشیالیزم ئیتر گەیشتنە بە دوا ئامانج.دوا خەونی دامالینی کۆمەڵگەیە لە زنجیری کۆیلەتی.بەڵام ئایا سۆشیالیزمەکەی ڕەنجبەر کە بڕوای پێ هەبوو هەمان سۆشیالیزمی زانستی

کـارڵ مـارکس بـوو؟ ئایـا هەمـان ئەو تیـۆروانینە زانسـتییەی کۆمـۆنیزم بـوو کە مـارکس لە مانیفێسـتی حیزبـی کۆمۆنیسـتدا دایڕێشـتووە؟ بەبۆچـوونی مـن نەخێـر، ئەو سۆشـیالیزمەی ڕەنجبەر کـاری لەسـەر دەکـرد شۆشـیالیزمەکە پۆپۆلیسـتەکەی چـین و ڕێبـازی مـاو تسـی تۆنـگ بـوو کە جووتیـارانی وەک کەرەسەی بنەڕەتی شۆڕش چاو لێدەکرد.

**هۆ داگیرکەر هۆ چەوسێنەر**

**ئێمە گڕی چاوی ژانی کارگەرانین**

**چەکوشێکین..کیوی فاشیزم دەڕمێنین**

**مافی هەژار...بە تفەنگی گەل دەستێنین**.(١٣)

گەڕانەوە بـۆ گەل و باڵادەسـت بـوونی گەل بەسـەر چینـی شۆڕشگێڕی کۆمەڵگە لە جیهانبینی شاعیر، لەقبوونی ئەو جێ و ڕێـیەیە کە ڕەنجـبەری شـاعیر دووچـاری دەبێ.شوناسـی ئەو جیهانبینییە پۆپۆلیزمەیە کە بە نـاوی مارکسـی – لینینی و دواتر بە نـاوی سۆسـیال – دیمـوکرات بۆیـاغی تەواوی هەیـکەلەی ڕێکخـراوەکەی ڕەنجـبەری لـێ دێـتە بـوون.ئەمەش تەنهـا ئەو ڕەخـنەیەیە کە لە ڕەنجـبەری شـاعیر و سیاسـی دەگیرێـت کە سۆشـیالیزمی کرێکـارییەکەی تەسـلیم بە سوشـیالیزمێکی نازانسـتی و نـا کرێکـاریی دەکـات.بە دەربڕینێکـی تـر، جەمیـل ڕەنجـبەر ئەو قووڵبـوونەوەیەی کە دەبـوایە لە مارکسـیزمی مارکس هەیبوایە، بەداخەوە نەیبوو!

## پێگەی ژن لە شیعرەکانی جەمیل ڕەنجبەر

ژن لە شیعرەکانی جەمیل ڕەنجبەر پانتاییەکی فراوان داگیر ناکات.بەڵکو لە هەر بۆنە و لە هەر شیعرێک کە ژن دەبێتە کارەکتەر، جیاواز لە زۆربەی هەرەزۆری شاعیرانی هاوسەردەم و هاوتەمەنی خۆی بەرخووردی کردووە.بەرخووردی ڕەنجبەر، بەرخووردێکی سادە نییە، بەڵکو لە پێداویستی خەبات بۆ گۆڕان و ژیانێکی باشترەوە سەرچاوە دەگرێ.ژن بۆ ڕەنجبەر عەشق و خۆشەویستییە.ئیلهامی شیعر و هەوێنی وزە و باوەڕە بۆ بەگژاچوونەوەی ستەم و نایەکسانی.لە دونیابینی ڕەنجبەری عاشق ژن تەنها هۆکاری دامرکاندنەوەی ئارەزووە سێکسییەکانی پیاو نییە، بەڵکو مرۆڤە و هاوڕێی ژیانە.

**کیژۆڵەکەی شارستانی**

**دەستگیرانی منی لادێی کوردستانی**

**تۆ واز بێنە لە ژیانی بورجوازیت**

**لە بیرت چوو خۆشتەویستم**

**لە بیرت چوو وشەی ناخی هەژارخوازیت؟** (١٤)

ژن لە جیهانبینی جەمیل ڕەنجبەر لەبەردەم ئەزموونیکی سەخت دایە.ئەویش ئەزموونی پشت کردنە لە نەریت و کلتووری باو و هاتنە مەیدانە وەک خەباتگێڕێک لە پێناو ڕزگاری و یەکسانی.تێڕوانینی ڕەنجبەر بۆ ژن بریتییە لە تەماشاکردنی ژن وەک خۆشەویست و وەک مرۆڤێکی ئازاد و خاوەن کەسایەتی و هەست و سۆز، وەک هاوڕێی و هاوسەنگەر و هاوخەبات.

**ئازیز من لاوم:**

**جەزرەبە و دواویێ کەتێی ئالاوم**

**یان ئەو دەردانەی گەل گیرۆدەی بوون**

**ئەمانبەن بەرەو گۆڕی لەناوچوون**

**پێویستی زۆرە! بە یارمەتی تۆش**

**لەگەڵما وەرە دڵت بێنە جۆش**

**نەک بۆ مەبەستی و وشەی (دڵداری)**

**بۆ ڕابواردن یا بۆ گریە و زاری**

**بەڵکو بۆ خەبات.**(١٥)

بانگەوازکردنی ژنان بۆ کۆڕی خەبات، بۆ بەرگری لە دژی ستەم و بێمافی، بانگەوازکردنی شۆڕشە دژ بە هەموو کۆت و پێوەندەکان کە وەک زنجیر لەدەست و پێی مرۆڤەکان ئالاون.ڕەنجبەر کاتێ لە ژن دەدوێ، ئەو ئەوەی بە فەرز وەرگرتووە کە سەرجەم ژنان خوشکی جەمیلن و بچووکترین تەماحی لێیان نییە.تەنانەت ئەو کچانەی کە لە مامۆستایەتی چ لە هەولێر یان باتاس ڕەنجبەریان خۆشویستووە، ڕەنجبەر نەیتوانیوە لە هێما و ئاماژەکانی ئەو خانمانە تێبگات.چیرۆکی ئەم تاک لایەنەی خۆشەویستی ئەو خانمانە لەگەڵ ڕەنجبەر دەتوانین لە شیعرەکانی (دوا ماچی وشە) و (فرمێسکی ناو

لۆچی ئـالآ) بخـوێنینەوە.لە فەرهەنگـی خۆشەویسـتی ڕەنجـبەردا، جیـــددی بـــوون لە خۆشەویســـتی هـــیچ جـــۆرە گومانێـــک هەڵناگرێت.بۆیە سەرزەنشتی ئەو ژنانە دەکات کە عیشـق دەکەن و دوایی عیشقەکەیان بە پارە و سامان دەگۆڕنەوە.

**خۆشەویستم**

**سەیر نییە ئەگەر بیستم**

**ئاسمان بەناو عەردا تەپی**

**تیزابی خوێنی لێ پەقژی**

**چونکە ئاسمانی چاوی تۆ**

**لێوی دیناری هەڵمژی.**(١٦)

ئەم بـێ وەعـد و بـێ پەیمـانییە لە خۆشـەویتیدا سـەرچاوەکەی هەرچیـیەک بێـت، بـۆ ڕەنجـبەر و عاشـقە جیـدییەکان، ئەوانەی خۆشەویسـتی قـوتبی سـەرەکی ژیانیـانن جێگـای سەرزەنشـت و ڕەتکردنەوەیە.

**با ئافرەتەکان بزانن**

**زۆر لەمێژە هەناسەی ژینی بێزارم**

**خۆزگە خوازی هەوای پاکە**

**زۆر لە مێژە ڕێگەی خۆشەویستیم تاکە.(١٧)**

جیاوازی چینایەتی نێوان دوو دڵدار ڕەنگە لەزۆربەی جاران مایەی شکست بووبێ.ڕەنجبەر ئەم جیاوازییە زەق دەکاتەوە.ئەو بە کچە دڵدارەکەی دەڵێ کە دەست لە ویست و ئارەزوو و خەون و خۆزگەکانی هەڵبگرێت و بێت لەگەڵ ڕەنجبەر بەرەو پێشکەوتن تێبکۆشێ..ڕەنجبەر ئەمە دەکاتە مەرجی پێکەوە بوون، ئەگینا مەحاڵە بگەن بەیەک.

**بەڵام وەرە فەرموو ڕابین**

**زۆر ڕوونە بۆ یەکتر نابین**

**چونکە منی ماندووی هەژار**

**بێوچانم بە کار و زار**

**لەپێناوی پێشکەوتنا**

**لە پێناوی سەرکەوتنا**

**تۆش پەروەردەی باوەشی ناز**

**پەروەردەی چەند جۆری ئاواز**

**بۆیە بە دووری ئەبینم**

**گیانە کە من تۆ بهینم (١٨)**

لێرەوە دیارە کە ڕەنجبەر ئامادە نییە واز لە خەون و ئاواتەکانی بێنێ بۆ ئافرەت، ئەوە ڕۆشنە کە ڕەنجبەر خەونە چینایەتییەکانی ناگۆڕێتەوە بە خەونی سووری کچێکی شۆخ.بەڵکو بەپێچەوانەوە کچە شۆخەکە دەبێت بێتە سەر ڕێگای خەباتی شاعیر.چیرۆکی ژن لای ڕەنجبەر، هەمان چیرۆکی زانراوی گەنجانی ڕۆژهەلاتە، کە کلتوور و نەریتی باو دەکرێنە پێوانەی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو.بۆیە جەمیل ڕەنجبەری مامۆستا و لاو سەرباری تێروانینە شۆڕشگێڕەکانی، بەلاّم هێشتا وەک کوڕێکی بە شەرم و حەیا ، بەرپرسیار لە هەڵسوکەوتەکانی، نەیتوانیوە تەجاوزی هێڵە سووره کۆمەلاّیەتییەکان بکات.کاتێکیش هاوسەرگیری دەکات، ئەوکات ڕەنجبەر عاشقانە گۆرانی بۆ ژیان و خۆشەویستەکەی دەڵێت.کاتێکیش ڕەنجبەر خۆشەویستییەکی جوان و پاک و بێگەرد پانتایی دڵی داگیر دەکات و دەگات بەو کچەی کە خەونی پێوە دەبینێ، ئەوکات بە هەموو توانایەکەوە ئەو عیشق و خۆشەویستییە لە هونەری شیعر وێنا دەکات.لای ڕەنجبەر هەموو شتێک لەپێناو ئازادییە.خۆشەویستی ژن مەقامێکی بەرز وبڵندی هەیە.چونکە خۆشەویستی ڕەنجبەر بۆ ژن خۆشەویتییە بۆ ئینسان.

**کە هاتمە لات**

**بازێک بە سەرما نیشتەوە**

**بوومە سەرکردەی دەوڵەتی خۆشەویستیت**

**لەسەر تەختی هەردوو مەمکی**

**کەس نەویستت**

**لێی دانیشتم**

**بە ئامانجی گیان گەیشتم(١٩)**

ئەم خۆشەویستییە ڕۆمانسییە ئەگەر پاڵنەرەکەی هەرچییەک بێت، دواجار ئینسانێک دەبینین، شاعیرێک دەبینین خەریکە دڵ و دەروونی خۆیمان نیشان دەدات و خوێنەر دەباتە گەشتی دیوە پەنهانەکانی دەروون و هەست.بەڵام ئەمە ئەو ڕێڕەوە نییە کە ڕەنجبەر دەیەوێت بیگریتە بەر، ئەو خۆشەویستی تێکەڵ سیاسەت و باوەڕ دەکات، ئەو دەستی خۆشەویستەکەی دەگرێت و خەبات دەکات.ڕەنجبەر دێت ئێمەی خوێنەر لەبەردەم دوو خۆشەویستدا ڕا دەگرێت.ئاوێنەی شیعرەکانیمان دەداتە دەست تا لە خۆشەویستی بڕوانین.ئەو لە ڕێگەی خۆشەویستی ژنەوە جیهانێکی فراوانتر و ئاڵۆزتر لە خۆشەویستیمان نیشان دەدات.

**خۆشەویستم**

**گەر پرسیان کوا هاوسەرت!**

**بڵی ڕۆیی و**

**نەیویست ببێ بە شۆستەتان**

**تا پۆستاڵی زوڵمی ئێوەی پیا تێپەڕێ**

یان:

**بەڵام گیانە**

**خۆ تۆ خوێناوی روباری**

**تۆ هەتاوی**

**لە غەریبیی**

**لە تەنیایی و تاریکیی زیندان مەترسە.(٢٠)**

ئەم تێکەڵکـردنەی عەشـق و خەبـات، تێکەڵکـردنێکە تەنهـا لای ڕەنجبەر بوونی نییە و بەڵکو زۆربەی شـاعیرانی حەفتاکـان و پەیرەوکەرانی ڕێبازی ڕوانگە ئەو ڕێڕەوە شیعرییەیان پەیڕەو کـردووە.(٢١) بەڵام هەرچـی ڕەنجـبەرە لەسـەر ئەو ڕێـڕەوە نـامێنێتەوە و بگـرە پـێ دەنێـتە ئاسـتێکی بـاڵاتر لە خەبـات و تێکۆشان.ئاستی کارکردن لە سەر ئینسـان.ئەمە خاڵی جەوهەری شیعرەکانی ڕەنجبەری شاعیرە تا دوا ساتی ژیانی.

## ڕەنجبەر و شیعری منداڵان

جەمیـل ڕەنجـبەر ژمـارەیەک هـۆنراوە بـۆ منـداڵان دەنووسێت.لەوانە کۆشـیعرێک بەنـاوی (منداڵی سـەردەمی ژان و خەم) و ئۆپەریتێک بەناوی (بنەگەی شـوانکاری) کە ئـۆپەرێکی یـاری منـداڵانەیە و لە چـوار تـابلۆی هـونەریی پێکهـاتووە.ئەم هـۆنراوانە زیـاتر لە بەنـدیخانە نووسـراون جـگە لە ئۆپەرێتەکە.شێوازی نووسینی ئەم شیعرانە جیاوازن بە بەراورد بە شیعرەکانی تری ڕەنجبەر.خاسیەتی ئەم شیعرانە ئەوەیە کە

بەزمانێکی تا بڵێی سادە نووسراون تاکو منداڵان بە ئاسانی تێی بگەن.

**بابە بابە**

**سەهۆڵی خەم لە دڵ لابە**

**بەسیە دووری**

**خۆ تۆ ئاگرێکی سووری** (٢٢)

جگە لە سادەیی زمان، گەیاندنی پەیام و مەبەست و دەربڕینیان بە ڕوونی ئەرکێکی تری شیعری منداڵانەیە کە ڕەنجبەر بە جوانی لە نووسینی شیعرەکانیدا پەیڕەوی کردووە.

**دایک: - ڕۆڵە مەگری، ئەمڕۆ جەژنی منداڵانە**

**پێکەنینی ڕوومەتی خۆر**

**خەنجەرێکی بێکالانە.**

**تا دەگاتە:**

**جا دایە کەی دەگاتە جێ؟**

**دایک: کە لە فێرگەی برسێتیا**

**خوێندمانەوە..**

**بمرێ چەوسانەوەی ئینسان**

**خوێندمانەوە..بژی هەژار**

**سبەی شۆڕش..دەکا بە نان.**(٢٣)

مەبەستی پەروەردەیی لە شیعرەکانی ڕەنجبەر، ئەوانەی بۆ منداڵان نووسراون، قورسایی هەیە بەسەر شیعرەکاندا.بۆ ڕەنجبەر ئەوە گرنگە کە لە دوای هەر شیعرێک دڵنیا بێت پەیامەکەی گەیاندووە.چونکە " شیعری پەروەردەیی منداڵان بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی کۆمەڵگە و تەمەن و بار و دۆخی ئەندێشەی منداڵ ڕۆلی کاریگەر دەگێڕێت لە پێگەیاندنی نەوەی نویَ".(٢٤) جەمیل ڕەنجبەر بە ئاگا بووە لەوەی چی دەنووسێت و بۆ کێی دەنووسێت.بۆیە هە لەخۆڕا شیعری فڕێ نەداوەتە دەرەوە، بەڵکو وای دەبینم حیساباتی وردی لەسەر وشە و چۆنیەتی بەکار هێنانی و وێنەی شیعری سادە و زمانی منداڵ کردبێت.تەنانەت لە ئۆپەرێتی (بنەگەی شوانکاری) سوودی لە یارییەکانی کوردەواری وەرگرتووە و شیعرەکەی پیَ موتوربە کردووە.ئەمەش بە دڵنیاییەوە خاڵی بەهێزە لە شیعری منداڵان کە ڕەنجبەر شارەزایی خۆی تیا نیشان داوە.

## ئیستاتیکا(جوانیناسی) و زمان لە شیعرەکانی ڕەنجبەردا

بە خوێندنەوەی شیعرەکانی جەمیل ڕەنجبەر، خوێنەر خۆی لە بەردەم شاعیرێکدا دەبینێتەوە کە گرنگییەکی زۆری بە هونەری دەربڕین و ئیستاتیکای شیعریی داوە.ڕەنجبەر وەک شاعیرێکی هۆشیار و بە ئاگا ئەوەی زانیوە کە " گەوهەری بیرۆکەی جوانی

ئەوەیە کە دەبێ بابەتێکی هەست ئامێز بێت، واتە شتێک بێت لەبەردەم هەستەکان، وەکو پەیکەر یاخود تەلار، یان دەنگە موسیقییە جوانەکان، یاخود لانیکەم وێنەگرتنێکی ژیری بێت بۆ بابەتێکی هەست ئامێز وەک چۆن لە شیعردا هەیە" (٢٥). بایەخی زۆری بە کێش و مۆسیقای شیعر داوە.گرنگییەکی زۆری بە وێنەی شیعریی داوە.ڕەنجبەر هەوڵی داوە ڕیتمی شیعرەکان هاوسەنگ بن و هاوتا بن.نەفەسی دێرەکان تەواوکەری یەکتر بن.بۆ مەسەلەی سەرواش تا بڵێی شارەزا و لێهاتووە.ڕەنجبەر لەبەر ئەوەی کوردیزانێکی باش بوو، سەروای شیعرەکانی زۆر جوان هۆنیوەتەوە.ساختمانی هەر شیعرێکی دەگریت، دەستی وەستایی ڕەنجبەری پێوەیە..وردبوونەوە لەسەروا لای ڕەنجبەر، شارەزایی و لێهاتوویی و کوردیزانی جەمیلمان بۆ دەردەکەوێت.وشەکانی " نزا -دزا، چیا-جیا، خوێن- بزوێن، تۆپە-زۆپە، ونە- کونە، لەرزە -هەرزە، خۆر-زۆر، مژان-هەژان، پڕیکا-کڕیکا، خەم-چەم، زێڕین- دێرین، تین-ژین، چنی-بنی...تاد" ئەم سەروایانە و زۆری تریش لەداڕشتنی چوارچێوەی مۆسیقای شیعرەکانی ڕەنجبەر ڕۆڵیان گێڕاوە و بوونەتە هۆی چێژبەخشین بە خوێنەر.جگە لە سەروا، بۆ ئەوەی مۆسیقای شیعریی لە ئاستێکی بەرزدا بێت، ڕەنجبەر ئیشی جوانی لەسەر کێشی شیعرەکان کردووە.بۆ ئەمەش کێشی خۆماڵی یان پەنجەی بەکار هێناوە کە بە زۆری کێشەکانی چوار و چەندجارەی چوار، پێنج و چەندجارەی پێنج، لەگەڵ کێشی ١١ بڕگەیی.ڕەنجبەر جگە لە کێش و سەروا بایەخی زۆری داوە بە لێکچواندن و خوازە و پارادۆکس و ئەلیترەیشنیش داوە.ئەوە ڕوونە کە شاعیر هەموو ئەمانەشی لە پێناو جوانی شیعردا

کردووە.بۆیە دەبینین ئیستاتیکا لای ڕەنجبەر بگرە بە ئەندازەی ناوەڕۆک جێگای بایەخە.ئەگەر ناوەڕۆک مەرجی سەرەکی دەرخستنی ڕوخساری شۆڕشگێڕانەی شیعرەکانی جەمیل ڕەنجبەر بێت، ئەوا ئیستاتیکا مەرجی شیعرییەتی شاعیربوونییەتی.هارمۆنیا نەفەسی شیعریی ڕەنجبەرە بە ئەندازەیەک بۆ ئەوەی لە زۆر دووبارەبوونەوە و دارشتنی قسەی ئاسایی بەدوور بێت، خۆی زۆر ماندوو کردووە و خوێنەری وردبینیش ئەو خۆ ماندووکردنە بە شیعرەکانەوە دەبینێت.ڕەنجبەر دروشمی سیاسی بەرز نەکردۆتەوە، بەڵکو هاتووە ناوەڕۆکی سیاسی لە قاڵبی هونەری بەرزدا نەخشاندووە و شیعری قەشەنگی بۆ خولڨاندووین.

ڕەنجبەر لە خولقاندنی شیعردا هەوڵیداوە ئیستاتیکا و ناوەڕۆک لێکهەڵپێکرانێکی ئۆرگانیکیی جوانیان لەنێواندا بێ و ئەمەش گوزارشتە لە قودرەتی شیعریی ڕەنجبەر.ڕەنجبەر زۆر لە خۆی ناکات تا شیعر بنووسێت، بەڵکو بە کاوەخۆ بەرهەمەکانی لە جوانیدا هەڵدەکێشێ پێش ئەوەی بیخان خاتە بەر دەستی خوێنەر.بەڵام دووبارە بوونەوەی هەندێ وێنەو دیمەن لە شیعرەکانی جەمیل ڕەنجبەر لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی چەند دەستەواژە و فرەیزێک لە چەشنی (کارگەی شۆڕش، گەرووی هەژار، ئاهەنگی شار، ئارەقەی چاو، تەبارە، ئاوازی شۆڕش، کۆڵانی دێ، کاروانی خۆر، جۆخین، ڕووی چەقۆ، بوخچە، بلدۆزەر، کوتەک، ئەسپ.کێڵگەی غەریبی، جۆگە، شخارتە،و تاد) ئەم دووبارە بوونەوەیانە لەلایەکەوە ئاماژەیە بەوەی کە ناوەڕۆکی بەرهەمە شیعرییەکانی ڕەنجبەر چینایەتین.جەمیل ڕەنجبەر بە زمانێک نووسیویەتی تا بڵێی سادە

و بـێ گـرێ و گـۆڵ، زمـانی خەڵکـی هەژار و دەسـتەنگی کوردسـتان.زمانێک کە لەگەڵ نـاوەڕۆکی شـیعرەکانیدا بێـتەوە.بەڵام خـودی ئەم زمـانە زمـانی لادێـیە، زمـانی گونـد و سیستەمی فیوداڵییە.لە زمانی شیعرەکانی ڕەنجبەردا سەرباری بەکارهێنـانی وشـەگەلێک لە چەشـنی " خەبـات، سۆشیالیست،سەربەسـتی، ئـاوات، کرێکـار، جووتیـار، شـۆڕش، ئـازادی، دیلیەتـی، ژان، زام، هەژار، چەکـوش، ئـارەقە، کـارگە، هەڵوێسـت، هـاوار، ڕووبـاری خـوێن یـان ڕووبـاری سـوور، چەوسـێنەر، بـازووی هەڵـمەت، پەپـوولەی ئومێـد، شـۆڤینی، ئیمپریـالیزم،و تـاد" بەڵام زمـانی جووتیـاری زاڵە بەسـەر شـیعرەکاندا.ئەم وشـانە "پەڵە، کـێڵگە، تەبـارە، جـۆخین، شـۆ، بـوخچە، هەوێـز، خوتـورمە، خێـوەت، هەوجـاڕ و داس، ڕەشـماڵ، گـۆزە، کـارێز، بـاراش، ڕانەمەڕ، پـاوان، کۆریـت، پـێچە و عەبـا، خەنـجەر، زەنگـوڵ، ڕسـتی جـل شـۆرین، داس، هـێڵەگ، پەرێـز، شـەنە، خەرمـان، قەسـەر، پـوش، هەسـان، ئەسـپ، زیـن و لغـاو، سـەپان، تـورەکە، مـوفەڕک، جـۆگە، دانەوێـڵە، جـۆگە، باوەشـێن، درووێـنە، گاسـن، بیـور، بێـڵ، سـیکارد، ڕاو، قەرسـیل، لەوەڕگە، کەنـداڵ، گۆچـان، مـێگەڵ، شـەوین، بـارەدار، جەواڵ، هەوێـر، سواق،دەسـکەجۆنی، زیوان،..تـاد" کە قورسـاییان بەسـەر شیعرەکاندا هەیە و بەشێکن لە پێکهێنەرەکانی وێنە شیعرییەکان، وشەگەل و دەربڕینکەلێکی زمانی سیستەمی دەرەبەگایەتین..ئەم زمـانە زمـانێکی گونجـاو نییە بـۆ شـاعیرێکی کرێکاری.شـیعری کرێکـاریی پێویسـتی بە زمـانی نـوێ و شارسـتانیانە هەیە، شاعیری کرێکاریی دەبێ زمانە شیعرییەکەی بەردەوام بە وشەو

فرێزە چینایەتیەیکان ئاویتە بکاو پاراو بکا.لێرەوە هێزێک ببەخشێتە شیعر و شیعرییەت.

## ئەنجام

دواجار لە ئەنجامی خوێندنەوەی دیوانی جەمیل ڕەنجبەر و ڕۆچوونە نێو دونیای شیعری ڕەنجبەر دەگەینە ئەوەی کە:

یەک: جەمیل ڕەنجبەر تا ئێستا نەخوێنراوەتەوە و ئاوڕی جیددی لێنەدراوەتەوە، گەرچی یەکێکە لە شاعیرە جیددی و شۆڕشگێڕەکانی دونیای ئەدەبی کوردیی.

دوو: ژن وەک ئینسان مەقامێکی بەرزی لای شاعیر هەیە و خۆشەویستی ژن جەمسەرێکی گرنگی شیعرەکانییەتی.

سێ: گەرچی بە هەست و باوەڕی کوردایەتییەوە دەستی بە شیعر نووسین کردووە، بەڵام دواتر وەک شاعیرێکی چینایەتی ئینسان دەکاتە بناغەی کار و بەرهەمە شیعرییەکانی.

چوار: ڕەنجبەر گەرچی سۆشیالیزم دەکاتە ئامانج، بەڵام سۆشیالیستەکەی زانستی نییە و تێکەڵییەکە لە مارکس و ماوتسی تۆنگ.

پێنج: ڕەنجبەر لە ڕێگەی هۆنراوەکانییەوە بۆ منداڵان پێمان دەڵێ کە ئەم منداڵانە پیاوی دوارۆژن و دەبێ بە پەروەردەیەکی تەندروست و بیری پێشکەوتووخوازییەوە پەروەردە بکرێن.

شەش: ئیستاتیکا لای ڕەنجبەر جێی بایەخە بۆیە تەکنیکی شیعرەکانی جوان و وێنەشیعرییەکانی سادە و ڕەوانن.بەڵام

زمانی شیعریی ڕەنجبەر، زمانێکی لادییە و سەر بە قۆناغی دەرەبەگایەتییە و وەک کەرەستە بۆ شیعری کریکاری لەبار نییە.

دواجار جەمیل ڕەنجبەر(٢٦) شاعیرێکی خەباتگێڕو بەرگریکار و تووڕە، بەڵام دڵ پڕ لە ئومێد، خاوەنی خەون و ئاوات، پێشمەرگە و گیانفیدا لەڕێگەی ئەم نووسینەوە ئومێدەوارم توانیبێتم تەمی بیرچوونەوەی لەسەر لا بدەم و ئاوڕدانەوەکەم شایانی خوێندنەوە بێت.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) دیوانی جەمیل ڕەنجبەر بریتییە لە کۆی سەرجەم کۆشیعرەکانی شاعیر کە لە ناوەڕاستی دەیەی شەستەکانەوە دەست پێدەکات تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو(١٩٨١) کە تا ئێستا دوو جار چاپ و بلاو کراوەتەوە.جاری یەکەم لە هەولێر لە ساڵی ١٩٩٦ چاپ کراوە و جاری دووەم لە سلێمانی لەساڵی ٢٠٠٧ هاتۆتە چاپکردن.من لەم نووسینەمدا پشتم بە تازەترین چاپ بەستووە واتە دیوانی شیعر جەمیل ڕەنجبەر لە ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧.

(٢) ئازاد ئەحمەد مەحموود، هۆشیاری لە شێوازی شیعریدا، گۆڤاری ئاینده لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە ٥٣ ساڵی ٢٠٠٤، لاپەڕە ٣٠.

(٣)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٢٥٣.

(٤)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٥٤.

(٥)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٥٦.

(٦)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٥٥.

(٧)دکتۆر مارف خەزنەدار لە پێشەکی کتێبی دیوانی ڕەنجبەر دەنووسێ " لە هەموو گەشتێکی هەولێرم لەو ماوەیەی جەمیل ڕەنجبەر لە خانەی قوتابیان دەیخوێند چاوم پێی دەکەوت.زیاتر ئارەزووی ئەوەی دەکرد باسی ئەدەبی ڕووسی بۆ بکەم.بەتەنگ ئەوەوە بوو ئایا خوێنەری ڕووسیا(سۆڤیەتی ئەو سەردەمە) چێژ لەو شیعرە ڕیالیزمیانەی دەرەوەی وڵاتی خۆیان وەردەگرن؟ ئایا ئەو شیعرە لە بەرزی هونەریدا وەکو شیعری خۆیان دێتە بەرچاویان؟" ئەم پرسیارانەی جەمیل ڕەنجبەر دەربارەی خوێنەر و شیعری ڕیالیزمی سۆشیالیستی کە بایەخی سیاسی خۆیان هەیە لەلایەکەوە نیشانەی زیرەکی و زرنگی ڕەنجبەرن و لەلایەکی تریشەوە دەرخەری ئینتمای ئەو شاعیرەن بۆ ئەو ڕێبازی سۆشیالیستی.کەچی دکتۆر مارف خەزنەدار جگە لەم سەردە ڕووکەشییە هیچ ئاوڕێکی لە میتۆدی بیرکردنەوەی ڕەنجبەر نەداوەتەوە.ئەمەش خەوشێکی زۆر گەورەیە بەو پێشەکییەوە.کە بە بڕوای من نەک هەر نەیتوانیوە ڕەنجبەر هەڵسەنگێنێ، بەڵکو بەو پێشەکییە شەرمناوییە زۆر لە پایەی شۆڕشگێڕانەی جەمیل ڕەنجبەری شاعیری هێناوەتە خوارەوە.

(٨)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٤٤.

(٩)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٥٤.

(١٠)کۆمەڵەی مارکسی – لینینی ڕێکخروێکی چەپی مارکسی – ماوی پۆپۆلیستی بوو لە ١٠ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠ دامەزرا.ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٠ بریتیبوون لە شەهابی شێخ نوری وەک سکرتێری کۆمیتەی سەرکردایەتی لە کوردستان و محەمەد سەعید میرزا و جەعفەر عەبدولواحید و ئاوات عەبدولغەفور و فەرەیدون عەبدولقادر.ئەم ئەلتەرناتیڤەی ڕێکخراوبوونە لەدوای شکستە سیاسی و

ڕیکخراوەییەکانی حیزبی شیوعی عێراقی بووبووە شوێنی ئومێدی هەموو ئەو لاوانەی کە چارەنووسی خۆیان بە مارکسیسزمەوە گرێدابوو.ئەم ڕێکخراوە دواتر ناوەکەی دەگۆڕدری بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ یەکجاری هەڵوەشایەوە.واتە بە دەربڕینێکی تر، جەمیل ڕەنجبەر هەڵگری ئایدیۆلۆژی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی بوو.دیارە بۆ هەموان ئاشکراشە کە ئەو ڕێکخراوە لەو سەردەمە بە توندی لەژێر بیروبۆچوونی پۆپۆلیستی سەرکردە و ڕێبەری شۆڕشی وڵاتی چین ماو تسی تۆنگ بوو.

(١١)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٤٠.

(١٢)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٤٢.

(١٣)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٣١.

(١٤)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٥٨.

(١٥)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٥٥.

(١٦)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٤٤.

(١٧)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٠٠.

(١٨)جەوهەر کرمانج،دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٤٠٨.

(١٩)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٩٥.

(٢٠)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٢٦.

(٢١) بزووتنەوەی ڕوانگە، بزووتنەوەیەکی ئەدەبی بوو لە سەرەتای دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هاتە ئاراوە و توانی تەکانێکی گەورە بە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیی بدات و بیباتە پێشەوە، بزووتنەوەی ڕوانگە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی خۆی لە ٢٥ی نیسانی ١٩٧٠ ڕاگەیاند و لە پێشڕەوەکانی ئەو بزووتنەوەیە جەلالی میرزا کەریم، شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی و جەماڵ شارباژێڕی بوون و گەلێ نووسەری تر دی دەستیان بەو بزووتنەوەیەوە دیارە لەوانە سەلام محەمەد و سەلاح شوان..تاد.ئەم بزووتنەوەیە توانی بیری ناسیونالیزم و ئەدەبی کوردی تێکەڵ بکات و برەو بە ئەدەبێکی بەرگریی کوردیی بدات وەک وەستانەوەیەک لە بەرامبەر هەلومەرجە نالەبارەکەی ژیانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە دەیەکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم.

(٢٢)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١١٤.

(٢٣)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٣٠.

(٣٤) ئەحمەد قەرەنی، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی ٢٠٠٨ لاپەڕە ١٨٠.

(٢٥) ئاسۆ عومەر مستەفا، ئیستاتیکا(جوانیناسی) بەشی دووەم، گۆڤاری کاروان وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە ٢٢٠ ساڵی ٢٠٠٧، لاپەڕە ٣٢.

(٢٦)بۆ ژیاننامەی جەمیل ڕەنجبەر باشترین سەرچاوە خودی سایتی شەهید ڕەنجبەر بوو کە توانیم ژیاننامەی شاعیری تێدا بەدەست بخەم و وا منیش لە خوارە وەکو خۆی دەینووسمەوە." ڕەنجبەری شەهید ناوی تەواوی جەمیل ساڵح عەزیزە و لەگوندی (گۆمەگوروو)ی هەولێر، ساڵی ١٩٤٩ لەدایکبووە.بەڵام کاتێک منداڵبووە، چوونەتە هەولێر و لەو شارە نیشتەجێبوون، قۆناغەکانی خوێندنی سەرکەوتووانە بڕیوە و دەرچووی خانەی مامۆستایانی هەولێرە.شەهید جەمیل یەکێکە لەو تێکۆشەرانەی کە بەدەگمەن لە چەندین بواردا شارەزاو لێهاتوو بووە، ئەو تێکۆشەرێکی کوردایەتی و کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بوو، مامۆستا و شاعیر و پێشمەرگە و زیندانی و ڕێبەرێکی سیاسیی بەئاگا بووە، ئەو ڕەنجبەرێکی خەرمان بە بەرەکەتی خەباتی کوردایەتی و لێپرسراوێکی سادەی ڕیزەکانی خەباتگێڕان بوو. ئەو لاوێکی خوێن گەرم بوو کە لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوودا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و دواتر لێپرسراوێتی (ناوچە)ی پێسپێردراوە.دیارە

ئەوکات و سەردەمە لێپرسراوێتی ئەرکێکی گران بوو، بە ئەنجامی گیانبازی و لێوەشاوەیش بەدەست دەخرا و هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتیشی تێدا نەبوو.خانەوادەی شەهید بەگشتی لە ڕیزی کوردایەتی و شۆڕشدا بوون و لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ک) بوون، شەهید خۆیشی بیروباوەڕی چەپی هەبووە.

ئەگەرچی پیاوی زۆربەی بوارەکانی ژیان بوو، بەڵام زیاتر لە ڕووی سیاسییەوە ناسرا، چونکە ئەوکاتە سیاسەتکردن و خەبات پیرۆزترین بوارێک بوو لەپێناو ئازادی گەلی کورددا، بۆیە شەهیدیش هەموو ژیانی خۆی لەو ڕێگایەدا کردە قوربانی، ژیانێکی پڕ لە دەردی سەری و ئازارو راکەڕاکی بۆخۆی هەڵبژارد، ئەویش بۆئەوەی ژیانێکی ئارام و بێ کێشە بۆ گەلەکەی فەراهەم بکات.

ساڵانی ١٩٦٩- ١٩٧٠ ڕۆڵێکی بەرچاوی لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانداو (پ.د.ک) گێڕاوەو بەوهۆیەشەوە کەسێکی خۆشەویستەو ناسراوی شاری هەولێر بووە، ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە.

دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان شەهید جەمیل دەبێتە لێپرسراوی کۆمیتەی هەولێری کۆمەڵە و چەندین ئەرکی لێپرسراوێتی دیکەی پێدەسپێردرێت و دڵسۆزانەو خەمخۆرانە کارەکان ڕایی دەکات. هەروەها خاوەنی دیوانێکی ناوازەی شیعری بەرگرییە کە لە دێڕەکانیدا ورەی بەهێزی تیادا دەبیندرێت.

لەماوەی دووجار دەستگیرکردنیدا ئازایانە دانی بەخۆداگرت و نهێنییەکانی پاراست، ئەگەرچی ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆریش دەدرا، بەڵام ئەو پیاوی نەکەوتن و نەبەزین بوو.دوای دووجار زیندانی و ئازارو ئەشکەنجەی زۆر، دوای خزمەتگەیاندنی بە بزاڤی ڕزگاری گەلی کوردستان لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێ و پاش چەندین گیانبازی لەپێناو بیروباوەڕی ڕەوای کوردایەتی، ڕۆژی ١٨ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ لە نەبەردییەکدا لە چیای کۆسرەت دەکەوێتە بەر بۆردومانی هێلیکۆپتەری دوژمن و دەبێت بە دووەمین شەهیدی خێزانەکەی، چونکە پێشتریش و لە شۆڕشی ئەیلولدا، یاسین-ی برای گیانی پاکی بەخشیوە بەکوردستان و

شەهیدکراوە." جێگای ئاماژەیە ئەم ژیاننامەیەی جەمیل ڕەنجبەر ئەوەندەی ئاماژەیە بە سیاسیبوونی ڕەنجبەر، ئاماژە نییە بە شاعیربوونی.ئەوەندەی جەمیل ڕەنجبەری بەستاوەتەوە بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردەوە، ئەوەندە ڕەنجبەری بە بزاڤی بەرەی ئازادیخوازان و پێشکەوتووخوازانەوە نەبەستۆتەوە.

تێبینی: ئەم بابەتە تایبەت بۆ کتێبی (جەمیل ڕەنجبەر ئەو شاعیرەی ڕۆژێ بێ تێکۆشان نەژیا!) نوسراوە و لەویشدا بڵاو بۆتەوە.

## دەق و لێکۆڵینەوە

وردبوونەوە لە ئاستەکانی بونیادی زەمەنی گێرانەوە

لە شیعری سوبحی و سوهەیلەی ئازاد ئەحمەد ئەسوەددا

دەقی شیعری سوبحی و سوهەیلە

**شوێن تایەی پاسی سەر قیری داغ.سەگی زمان دەرهاتووی پەنا سێبەری گەرم.شوێن تەباشیری شلکێن لە کەناری شەقام.دەنگی ئوم کەلسوم لە چایخانەیەکی دارینی بە حەسیر داپۆشراو.بۆنی پیازو رۆنی قرچاو لە کۆڵانی تەنگ.**

**سوبحی بە ریکۆردەرێکی زلەوە؛ ئەمسەرو ئەوسەری شەقامی دەیان جار تەی ئەکرد**

**پرچی وەکو بیتڵز دائەهێنا و**

**وەک تراڤۆڵتا ئەڕۆیشت بەڕێوە**

**لەبەردەمی ماڵی سوهەیلەدا، دەنگی عەبدلحەلیم حافزی هەڵئەبڕی**

**دەستی بە قژە درێژەکەیدا ئەهێناو پیتیS ی زنجیرە زیوەکەی ملی بە لێویەوە ئەنووساند**

سوهەیلە؛ بە کتێبی گرامەرو، خەندەیەکی مۆنالیزانەوە، سیمای کاڵی لە پشت پەنجەرەی تەڵخەوە دەرئەکەوت

لاجانگی ئەخستە پشت گوێی و، پەنجەی بە پیتیS ی ملوانکە ئەڵماسەکەیدا ئەهێنا

سوبحی نە کۆمونیست بوو، نە ئاڵ کاپۆنی ئەناسی، نە مارتن لووتەر کینگ

نە سەری لە ئەنترۆپۆلۆجیا دەرئەچوو، نە لە مارکەی ئۆتۆمبیل و جۆری گوڵ و ئاراستەی با

ئەو عاشقی قۆریات و نزار قەبانی و فیلمی سەنگام و، پێکەنینە بێدەنگەکەی سوهەیلە بوو

نە ئەیویست لەسەر پردی میرابۆدا رێ بکات، نە گەشتی سەر یەختی ناو دەریای بەڵتیک بکات

تەنیا ئەیویست؛ بۆنی روومەتی ئەو بکاو لووتی لە لووتی بخشێنێ

بە دوو پەنجە برۆکانی بۆ رێک بخاو مستێکی نەرم لە ژێر چەناگەی بدات

لێو بە نەرمە گوێیدا بێنێ و، بە زمان ماکیاجی رووی بسڕێتەوە..

پایسکیلە کۆنە دەبڵ زەنگەکەی قڵپ ئەکردەوەو لەتوێی زنجیرە گریساویەکەی؛ ئەیڕوانی یە کچانی "١١ی ئازار"

ئەچەمـی یەوەو پـاکەتە مـارلبۆرۆکەی گیرفـانی ئەکەوتە سـەر زەوی؛ تا لە بابووجە پەمەییە بێ پەنجەکەی سوهەیلە رامێنێ و روخساری تیا بشارێتەوە

بۆنی بکاو، پەنجەکانی پێی بکرۆژێ

سەری بە ناوقەدیەوە بنووسێنێ و توند بیگوشێ..

پرچ بژو تەڕ، دڵۆپە باران لە لووتیەوە بە لێزمە ئەچۆڕا

ئەیووت: بارانی کەرکووکە!

ئاووڕی نەئەدایەوە، نەک باڵای سوهەیلە لە نیگای راپسکێ

ئانیشکی رووشاوی هەڵئەبڕی: "سەر دیواری سەربان کەوتم"

قوتـووی پڕ ئەکـرد لە خـۆڵ و چەگلـی شـوێن پێـی سـوهەیلەو، لووتی تیا ئەژەنی

بە پایسکیلەکەی پێچی ئەکردو، پێیەکی ئەخستە سەر شۆستەی ئەوبەری ماڵیان

ئەیووت: لەژێر ئەم شەقامەدا بمنێژن

ئەیووت: لاشەکەم بسووتێنن و خۆڵەمێشەکەی بەسەر ماڵەکەی ئەودا بیپرژێنن

سوهەیلە؛ بە روویەکی تووڕەی خەندە ئامێزەوە وەرئەسووڕاو پەلکی درێژی وەکو پرچی ئاشا پاریخ ئەلەرییەوە

سوبحی (یان ئالان دیلۆنی گەڕەک) پێی لە قەراغی پەنجەرەیەکی نزم دائەناو

بە قەڵەم کاسێتەکەی عەبدلحەلیمی ئەگێڕایەوە

ملپێچەکەی وەکو قرەوێت ئەبەست و کاتژمێرەکەی وەرئەگێڕایە ژێر مەچەکی

جگەرەیەکی ئەخستە پشت گوێی و، قرِغن، بێهۆش، بە کۆڵانە خوارو خێچەکاندا ئەسووڕایەوە

دەستی بە مێخە زلەکانی دەرگا دارینەکەیماڵیان دا ئەهێنا، داوی جاڵجاڵۆکە ئەلکایە پەنجەی، رایئەوەشاندو لە پانتۆڵەکەی ئەسوی

دەستی بە دیوارە رزیوەکەیان دا ئەهێناو رێڕەوی مێروولەی ئەگۆڕی

بە خەتیکی نارێک ئەینووسی:

نە یازوخ کی ئۆلەجەغەم

بیر داها سەنی گوێرمەیەجەغەم

)مخابن ئەمرم و/ ئیتر ناتبینمەوە(

شیشی مەرقەدی لاشەقامی توند رائەوەشاندو پەڕۆ سەوزەکەی بۆن ئەکرد

سێ چوار جیقنەی شل، بەر لەوەی بتکێتە سەر قۆندەرە جیڕەدارەکەی، بەر شان و یەخەی ئەکەوت

تاکە نەعلی وەرگەڕاوی راست ئەکردەوەو، پەنجا فلسییەکی ئەخستە ناو مشتی دەلی سەبیح

شاخیلەی شکاوی پەپوولەی لە دەمی مێروولە دەرباز ئەکردو، ئەیخستە سەر لەپی

لەسەر شۆستەدا بە ناوکە خورما دامەی لەگەڵ مەحەلەبی فرۆشێکدا ئەکردو، ئەدۆڕا

گسکی کلک درێژی ئەکردە گیتارو لاسایی عومەر خورشیدی ئەکردەوە

بەرامبەر مێردمناڵێکی شەپقە لەسەر وەکو رۆهاید ئەوەستا؛ پەنجەکانی ئەکرد بە دەمانچەو پاشان فوویەکی لێ ئەکرد

لە پشتەوە پایسکیل لە شانی ئەکەوت و پێی ئەکەوتە نێو سیاناوی ناوەندی کۆڵان

سەگی نووستووی پەنا سێبەر هەڵئەبەزییە سەر دوو پێی پێشەوەو، گوێیەکانی بۆ قوت ئەکردەوە

دەستی بە بڕبڕەی پشتی دا ئەهێنا، خۆی رائەتەکاندو چڵکاو ئەپڕژایە رووی..

پایسکیلەکەی لەبەر دەرگا ئەخست و، ئەهات بۆنی لەچکەکەی دایکی ئەکرد

لە ژێر غڕەغڕی پانکەی بنمیچ دا لەسەر سک رائەکشا؛ لەناو لەپیدا ئەینووسی و لەتە کاغەزی قۆپیەی ئەخزاندە نێو قۆڵی هەڵکراوی کراسەکەی

خەو ئەیبردەوەو لیکی لالێوی ئەچۆڕایە سەر پشتی دەستی

***

سوبحی، روانینی یەکەمین باڵندەی سەر ڕووی زەویی هەڵگرتبوو

ئەوەی ئێمە ئەمانبینی، ئەو بە چرپە دەریئەبڕی

ئێمە لەنێو پێنج کیشوەردا گیر مابووین، ئەو زمانی لە نەیزەک ئەسوی

ئێمە بە چنگاڵ شوورەی مێژوومان هەڵئەکۆڵی،

ئەو لەسەر مێزێکی لەق دا، نەفرەت و تریفەو کاکاوی ئاوێتە ئەکردو بە لووت هەڵی ئەلووشی

***

سوبحی لە بەرەکانی جەنگدا؛ تانکەکەی بەر مووشەک کەوت و مەترێک هەڵبەزی

بە تاکێ پۆستاڵ و پێ یەکی پەتی، ئەژنۆ زامدارو ناولەپ خوێناوی، لەسەر لمی داغ، بەناو تەلبەندی ژەنگاوی دا غاری ئەدا؛ خێسەی سینگ و رەشکەو پێشکەی بەرچاوی.مەتارەی قوپاوو قوتووە گۆشتی شکاوی سەر لم.جرجی تۆپیو بە تەڵەزمی گوللە تۆپ. چینکۆی قوڕاویی سەنگەری تەپیو.پورە زەردەواڵەی دەوری لاشەی لە بەتانی پێچراو.

سوبحی کەوتە ناو بۆسەی سوپایەکی ریشدارو، ئەسیر شود

***

ئێستا هیس و جیقنەی وشک و گەرای مێش و ، ماچە هەڵدراوەکانی سوبحی، پەنجەرە رزیوەکەی سوهەیلەیان تەنیوە

لەقەد کێلی گۆڕەکەی سوبحیش؛ ملوانکەیەکی پیتیS ، جار نا جارێ ئەلەرێتەوە

**هەورە بروسکەی ئێوارەی نووتەک، لا دیواری نیمچە رووخاوی مالّەکەی سوهەیلە، بۆ تاوێک رۆشن ئەکاتەوە"**

**بیر داها سەنی گوێرمەیەجەغەم"**

*بەریتانیا*

٢٠١٣-٢٠١٥

# وردبوونەوە لە ئاستەکانی بونیادی زەمەنی گێڕانەوە

لە شیعری سوبحی و سوهەیلەی ئازاد ئەحمەد ئەسوەددا

**کورتەیەک سەبارەت بە سروشتی پێکهاتەی دەقە شیعرییەکە**

ئەم شیعرەی ئازاد ئەحمەد ئەسوەدم یەکەمجار لە سایتی دەنگەکان بینی و خوێندەوە، پاشان بینیم لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ١١٦ بڵاو کراوەتەوە.(١) مێژووی نووسینی ئەم شیعرە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٣ و لە ساڵی ٢٠١٥ تەواو بووە.واتە ئەم دەقە دەقێک نییە لە ساتێک یان ڕۆژێک یان هەفتەیەک نووسرابێتەوە، بەڵکو پرۆسەی نووسینەکە لە ژێر سەقفێکی زەمەنی درێژدا نووسراوەتەوە کە دوو ساڵی خایاندووە تا گەیشتووە ئەو ئاستەی بخرێتە بەر دەست خوێنەر.دەقی سوبحی و سوهەیلە، شیعرێکی چیرۆک ئامێزە و ڕەگەزی گێڕانەوە تیایدا باڵایە و هەژموونی بەسەر کات و شێوازی گێڕانەوەکە و زمان و تەنانەت نوستالیژیای شاعیریشدا هەیە.کەوابوو ئێمە لێرەدا بەو ئەندازەیەی شیعرێک دەخوێنینەوە، بەهەمان ئەندازەش چیرۆکێک ڕاڤە دەکەین و شی دەکەینەوە.ئەمە تێکەڵییەکی بە ڕێکەوت نییە ئەوەندەی شاعیر

ئاگایانە ئەم تێکەڵییەی ئەنجام داوە.پرۆسـەی لێکهەڵپێکرانی دوو ژانـری ئەدەبی(شـیعر و چیـرۆک) لە دەقێکـدا، شـیعرێکی حیکایەتئـامێزی لێهـاتۆتە بەرهەم، ئەمەش ئامـاژەیە بـۆ لە دەرەقەت نەهـاتنی ژانرێـک لە ئۆبجێکتی دەق.بە وشـەیەکی تـر، دەتـوانین بڵێـین ئەم شـیعرە تەنهـا ڕەگەزەکـانی شـیعر بەس نەبوون بۆ گەیاندنی دەقەکە بە ئاستی پێگەیشتن، بۆیە شاعیر پەنـا بـۆ ئەم شـێوازە دەبـات و ئەم ئەزمـوونە تـاقی دەکـاتەوە." تێکەڵکردنـی تـوخمە جۆراوجۆرەکـانی ژانـرە ئەدەبییەکـانی دی لەگەڵ شـیعردا بـۆ ئەفرانـدنی شـیعرییەتی دەقەکە دەمانبـاتەوە سـەر بەیەکداچوونی دەقەکـان یـاخود کۆکردنەوەی دەقەکـان لە دەقێکـدا بەمە شـاعیری داهێـنەر و لێهـاتوو دەتـوانێ دەقێکـی هـاوچەرخ و بلێیسـەدار و تـازە بەرهەم بهێنـێ کە گوزارشـت لە وێرانـی و لێڵبـوونی چارەنووسـەکان و خەمە گەورەکـانی ئەم چەرخە بکـات".(٢) مـن پێمـوایە ئەم جـۆرە لە خوڵقانـدنی دەق، شـێوازی دەسـت و پەنـجە نەرمکردنـی شـاعیرە لەگەڵ ئاسـتە جیاوازەکانی بونیادی زەمەنی گێڕانەوە لە دەقدا کە دەکرێ وەک خەسـڵەتێکی شـاعیرانی نەوەی هەشـتاکان لێـی بـڕوانین و کـاک ئـازادیش خـۆی یەکـێکە لە قەڵە جیـدییەکانی نەوەی هەشـتاکانی ئەدەبـی کـوردیی." شـیعری چیرۆکئـامێز ( narrative Poem)جـۆرێکە لە ژانـری شـیعر کە چیرۆکێـک دەگێڕێتەوە.چیرۆکێـک وەک کـورتەچیرۆک یـان ڕۆمـان کە شـوێنکات و کـارەکتەر و ڕووداو و ململانێـی تێـدایە.زۆربەی شیعری گێرانەوە زادەی خەیاڵن و هەندێکیان دەکرێ چیرۆکی جەنـگ یـان ژیاننـامەی کەسـێکی ڕاسـتەقینە بێـت.(٣)سـوبحی و سـوهەیلە دوو کـارەکتەری نـامۆ نـین، کەم گەڕەک لەم وڵاتـی

عێراقە هەیە دوو کارەکتەری لەم جۆرەی تیا نەبووبێ. دەقی سوبحی و سوهەیلە چیرۆکێکی کورتە و لە شیعرێکدا چڕ کراوەتەوە.بەڵام لێرەدا هەقی خۆمانە بپرسین هۆی چییە شاعیر پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی هونەری گێڕانەوە لە شیعردا؟ تەوزیفکردنی هونەری گێرانەوە لە شیعر ئاسان نییە.چونکە ئەم تەوزیفکردنە شیعریەتی گێڕانەوە نییە." هونەری گێڕانەوە لە شیعر زۆر جیاوازە لە شیعرییەتی گێڕانەوە" (٤) بەڵام ئەگەر بەدوای وێنەیەکی ڕۆشنی چیرۆک لەناو شیعردا بین دەتوانین بڵێین کە "مەبەست لە چیرۆک لەناو شیعردا بەکارهێنانی هەندێ ئامڕاز و گوزارشتە کە لە هونەرێکی تری وەردەگرێ(هونەری چیرۆک)، بێ ئەوەی ئامانجی نووسینی شیعری حیکایەتدار بێت" (٥) هونەری گێرانەوە لە ئەدەبیاتی گەلاندا لە مێژە دەستی بۆ براوە و ئەزموون کراوە، لەناو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیشدا نموونەی کۆن و تازە هەن کە ئەوانە زیاتر داستان (Epic) و حیکایەت دەگێڕنەوە یانیش چیرۆکە شیعر و ڕۆمانە شیعرن (٦).لەکاتێکدا ئەم نموونەیەی ئازاد ئەحمەد ئەسوەد وەرگرتنی(اقتباس)ی ڕەگەزەکانی هونەری گێڕانەوەیە لە شیعر، بەڵام لە پانتایی زەمەنی دەقەکەدا و لە ئاستگەلی جیاجیادا.دیارە بەو ئەندازەیەی ئەم (نمط) ە لە نووسینی شیعر بە فراوانی جێکەوتە نەبووە، بەو ئەندازەیەش ڕەخنەی ئەدەبیی زۆر کەم لای لەم مەسەلەیە کردۆتەوە.

## گێڕانەوەی شیعریی

لە هونەری گێڕانەوەدا چەند ڕەگەزێک لە ڕیزی پێشەوەی ئەو هونەرە دێنە ئەژمار و بنەمای ئەو هونەرە پێک دێنن وەک نووسەر، خوێنەر، کارەکتەر، زمان).ئازاد ئەحمەد ئەسوەد هونەرمەندانە هاتووە ئیشی لەسەر ئەو چوار بنەمایە کردووە و لە هەمان کاتیشدا ڕەگەزەکانی تری هونەری گێڕانەوەی لە ئاستێکی هونەری بالادا نمایش کردووە.سەرەتا ناوونیشانی (Title ) ی شیعرەکە (سوبحی و سوهەیلە) زۆر سەرنجڕاکێشە و بایەخی خۆی هەیە.ئەم تایتڵە سادەیە، لە دوو ناوی ئاسایی پێکهاتووە کە لە یەکەمین تێرامانندا چیرۆکی خۆشەویستی پانتایی خەیاڵی خوێنەر داگیر دەکات، بەڵام ئەم چیرۆکەی سوبحی و سوهەیلە لە سیاقی دەقەکەوە دەمانباتە بەردەم تراژیدیایەکی ئینسانی گەورە.دەمانباتە بەردەم دێوەزمەی جەنگ.جەنگیش وەک دەزانین ماشێنێکە ژیانی سەدان هەزار ئینسان بە خەون و هیوا و ئاواتەکانیانەوە دەهاڕێ.هەزاران گەنجی وەک سوبحی جوانەمەرگ دەکات و هەزاران عاشقی وەکو سوهەیلە بەدیار فرمێسکەکانییەوە پرچی سپی تەنیایی و کۆست کەوتوویان دەهۆننەوە.شاعیر چیرۆکێکی سادەی دڵداری یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری کەرکووک هەڵدەبژێرێ و لە چوارچێوەی گەشتێکی زەمەنی، بەڵام تا بڵێی هونەریی و قەشەنگدا دەمانباتەوە دیوە پەنهانەکانی ژیانی عاشق و مەعشوقێک و لەویشەوە بۆ نێو ژیانی هەزاران گەنجی خێرلەخۆنەدیوو.ئەمە ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییە کە ئەدەب لە کۆمەڵگە دەیگێڕێ.لێرەشەوە دەتوانین ناوی واقیعیبوون لەو

دەقە بنێین کە هەر لە ئازاد ئەحمەد ئەسوەد دێت بەو جوانییە بگێڕێتەوە.ناوونیشانی ئەم دەقە شیعرییە نە فێڵێکی تەکنیکییە و نە هونەرییی، بەڵکو کردنەوەی دەرگای لێکهەڵپێکرانی تێکست و تایتڵە.تایتڵ دەتوانێ کۆمەکی دەق بکات و دەقیش بێگومان بێ تایتڵ پایەیەکی لەق دەبێت.

ئــازاد ئەحـــمەد ئەســـوەد لەو دەقەدا زۆر دراماتیکیـــانە، هەر لەســەرەتای شــیعرەکەوە خــوێنەر لەگەڵ شــوێنکات (Setting) ئاشـــنا دەکـــات.ئەو شـــوێنکاتەی کە کـــارەکتەری ســـەرەکیی دەقەکەی(ســوبحی) هەنگـاوی یەکەمـی نمایشـەکانی خـۆی لێـوە دەست پێدەکات.

شوێن تایەی پاسی سەر قیری داغ.سەگی زمان دەرهاتووی پەنا سێبەری گەرم.شوێن تەباشیری شلکێن لە کەناری شەقام.دەنگی ئوم کەلسوم لە چایخانەیەکی دارینی بە حەسیر داپۆشراو.بۆنی پیازو رۆنی قرچاو لە کۆلانی تەنگ.(٧)

شوێن بریتییە لە شار، شاری کەرکووک و دواتریش لە سیاقی شیعرەکەوە و لە ئەنجامی بەکارهێنانی ڕستەی (بیر داها سەنی گوێرمەیەجەغەم) بە تورکمانی، عاشقی قۆریات، دەچینە سەر ناسینی شوێن کە گەڕەکێکی تێکەڵ لە کوردنشین – تورکمان نشینی شاری کەرکووکە و کاتیش هاوینە.ئاماژەکانی هاوین بـوون لە دەقەکەدا دیـارن وەک قیـری داغ و پەنـا سـێبەری گەرم.لەم شـوێنکاتەوە یەکەمـین دیـمەن دەسـت پێـدەکات کە کـارەکتەر سـوبحی تراقۆڵتـا ئاسـا بە تەسـجیلێکی گەورەوە بەبەردەم ماڵی سوهەیلەدا هاتوچۆ دەکات.ڕەگەزەکانی گێڕانەوە وەکـو گـرێچنەو کـارەکتەر و شـوێنکات و سـەرباری بـوونی

هـارمۆنی مۆسـیقا له دەقەکه له ئـاوێزانێکی سـەیردان.له شـیعری گێرانەوه نووسەر یان شاعیر خوێنەر دەباتەوه ڕابردوو.ئیتر ئەو ڕابـردووه دوور بـێ یـان نزیـک.له دەقـی سـوبحی و سـوهەیله، شـاعیر خـوێنەر دەبـاتەوه نیـوەی دووەمـی دەیەی حەفتاکـان و سـەرەتای دەیەی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردووی شـاری کەرکـووک، دەیبـاتەوه بەردەم چایخـانه سـەر به حەسـیر داپۆشراوەکان و کۆلانه قیرەکان، چاوبڕکێی کوڕانی هەرزەکار لەگەڵ کچانی قوتابخانەی یانزەی ئازار.

**نه ئەیویست لەسەر پردی میرابۆدا ڕێ بکات، نه گەشتی سەر یەختی ناو دەریای بەڵتیک بکات**

**تەنیـا ئەیویسـت؛ بـۆنی ڕوومەتـی ئەو بکـاو لـووتی له لـووتی بخشێنێ**

**به دوو پەنـجه برۆکـانی بـۆ ڕێـک بخـاو مسـتێکی نەرم له ژێـر چەناگەی بدات**

**لێـو به نەرمه گوێیـدا بێنـێ و، به زمـان ماکیـاجی ڕووی بسڕێتەوه..**

**پایسکیله کۆنه دەبڵ زەنگەکەی قلّپ ئەکردەوەو لەتوێی زنجیره گریساویەکەی؛ ئەیڕوانی یه کچانی "١١ی ئازار (٨)**

ڕووداوەکـانی نێـو ئەم دەقه شـیعرییه هەر دەڵێـی هـونەری سـینەمای کـردۆته بنەمـا و وێنەکـان بەجۆرێـک داڕێـژراون که لەوپەڕی سـادەیی بەڵام بەوپەڕی هـونەری ئـاوێزان به زمـان، بوونەته هۆکاری دەربڕینی پەیامی تێکستەکە.به بۆچوونی من

ئەمە کلیلێکە کە شاعیر دەرگای داهێنانی پێ کردۆتەوە.گرێچنە (Plot) بە جۆرێک دارێژراوە کە چارەنووسی کارەکتەر کەوتۆتە ژێــــر هەژمــــوونی ڕووداوە سیاســــی و کۆمەلایەتییەکـــانی شـــوێنکاتەوە.بە تـــایبەتیتریش کەوتـــۆتە ژێـــر هەژمـــوونی زەمەنەوە،شــــاعیر کـــارەکتەرەکەی داوەتە دەســـــت زەمەن و ڕووداوەکان بێئەوەی بتوانێ بچووکترین ڕۆڵی فریادڕەس ببێنێ.

**بە تـاکێ پۆسـتاڵ و پێ یەکـی پەتـی، ئەژنـۆ زامـدارو نـاولەپ خوێناوی، لەسەر لمی داغ، بەناو تەلبەندی ژەنگاوی دا غـاری ئەدا؛ خێسـەی سـینگ و رەشـکەو پێشـکەی بەرچاوی.مەتـارەی قوپـاوو قوتـووە گۆشـتی شـکاوی سـەر لم.جرجـی تۆپیـو بە تەڵەزمی گوللللللللللللللللللللللللللللللللللللە تۆپ. چینکۆی قوڕاویی سـەنگەری تەپیو.پـورە زەردەواڵەی دەوری لاشـەی لە بەتـانی پێچراو.**

**سـوبحی کەوتە نـاو بۆسـەی سـوپایەکی ریشـدارو، ئەسـیر شود.**(٩)

بەڵام زمـانی دەق سـادەکراوەتەوە بـۆ ئاسـتێک بێـئەوەی نە لە بـــایەخی زمـــانی شـــیعریی و نە لە شـــیعرییەتی دەقەکە کەم بکاتەوە.زمـــانی شـــیعریی (Poetry language) لەم دەقەدا چـــوونە دەرەوەی وشـــە مەئلوفەکـــانی نـــاو کـــایەی شـــیعری کوردییە.چوونە دەرەوەی بازنەی (بیابان و سەفەر و غوربەت و تەنیـایی و گونـاە و تـاراوگە و تـاد) یە و دەسـتبردنە بـۆ ئەو وشـــانەی کە لەمێـــژە تەپوتـــۆزی دەســـــەربردنیان لەســـــەر نیشتووە.زمانی دەقەکە زمانێکی شیعریی سادە و ڕەوانە.بێ هیچ

زۆر لەخۆكردنێک دێرەكان نووسراون و خوێنەر كەمەندكێش دەكات.شاعیر كۆمەڵێ وشەی نا شیعریی (دیارە هەموو وشەیەک شیعرییەتی خۆی هەیە) بە هونەری نووسین گۆڕیوە بە وشەگەلی بارگاوی بە دەنگ.ئەمەش كەشفكردنی دیوی مۆسیقی و شیعریی وشەكانە و هەموو نووسەرێكیش لە توانایدا نییە كاری لەم جۆرە ئەنجام بدات.

ئینجا لێرەوە دەتوانین بگەین بەو ڕایەی كە ئەوەی ئازاد ئەحمەد ئەسوەد لەم دەقەدا كردوویەتی، ئاوێزانكردنی دوو جۆر هونەرە لە دەقێكی نوێدا.نووسینیش لە نێوان شیعر و چیرۆک، یان نووسینی چیرۆک لە شیعر ئاسان نییە و تیئۆریەكەشی " تیئۆری ئاوێزانكردنی جۆرەكانی ئەدەب بە گرنگترین تیئۆرییەكانی ئەم سەردەمە دێتە ئەژمار.( ١٠)

## تایبەتمەندییە هونەریی و ئیستاتیكییەكان

دەقی سوبحی و سوهەیلە دەقێكی ئاسایی نییە تا خوێنەر لە پاش خوێندنەوەی فەرامۆشی بكات.بەڵكو دڵنیام تا ماوەیەک لە یادی خوێنەردا دەمێنێتەوە.بەتایبەتی ئەو خوێنەرانەی كە لە نزیكەوە لەگەڵ زەمەنی نێو حیكایەتەكانی ئەم دەقە ژیاون.واتە نەوەی حەفتاكان و هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو.لە دەقی سوبحی و سوهەیلە كۆمەڵی تایبەتمەندیم تێدا بەدی كرد كە دەكرێ بەمجۆرە ڕیز بكرێن:

یەک: وێنە شیعرییەكان (Poetic images) ی ئەم دەقە، گوزارشتن لە حیكاتەتێک، جا گرنگ نییە حیكایەتەكە كورت بێت

یـان دریـژ، لە چ ڕابردوویەکـدا ڕووی داوە، چ پاڵەوانێـک ڕۆڵـی تێدا بینیوە، بەڵکو حیکایەتێکە لێکهەڵپێکراوە لەگەڵ ژیان.وێنەکان سادەن و یەک لەدوای یەک سینەما ئاسا دیمەنەکانی ژیانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

دوو: ئەم دەقە دەقێکـی زینـدووە و کارەکتەرەکـان ( بەتـایبەتی سـوبحی و زۆر کەمتـر سوهەیلە)سـەرباری هەر چارەنووسـێک کە چاوەڕوانیـان دەکـات، پـڕن لە ئینیـرژی و جـووڵە.هەردوو کـــارەکتەر و حیکـــایەتبێژ هەریەک خـــاوەنی کـــۆمەڵێ بەسەرهاتن.هەر دێرێک، هەر ناوێک چیرۆکێکی لە پشتەوەیە.هەر شوێنێک جێگای داستانێکی ئەویندارییە - تراژیدییە.

سـێ: ئەم دەقە گەرچـی لە ئاسـتی شـوێندا لۆکـاڵییە و تەواوی دیمەنەکان لە شارێکەوە (شاری کەرکووک) هەڵهێنجراون، بەڵام بە ڕایەڵەی زەمەنەوە، بـازنەی شـوێن (Place) تێکدەشـکێنێ و دەپەڕێتەوە نـاو پانتـاییەکی گەورەتـر لە شـار و وڵات و لەوێـوە بەرەو بان شوێن یان گەردوون( Universe).

چوار: بە کێشکردنی خوێنەر لە ڕێگەی ناوهێنانی چەند ناوێکەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی ژیان تـام و چێژێکـی تـری هەبوو.ئوم کەلسـوم، بیتڵز، تراﭭۆڵتـا، نەزار قەبـانی، عەبدولحەلیم حـافز، مـارتین لـوتەر گینگ، پردی میرابوا.سەنگام، ئەتلەنتیک، ئاشاپاریخ، ئـالان دیلـۆن، عـومەر خورشـید، لۆهایـد.هەر تەنهـا کـۆمەڵی نـاو نـین، بەڵکـو کۆمەڵی دەلالەتن لە پەیوەنـدی نێوان هـزری سـوبحی و جیهـانی دەرەوە.ئەو ئەگەر چـــی تەنهـــا هۆشـــی لای ســـوهەیلە بـــوو و عەشـقی سـوهەیلە توانیبـوو قـۆرخی هەسـتی لاوێتـی سـوبحی بکـات، بەڵام ئاگـایی سـوبحی زۆر لە ئاسـتی عەشـقی سـوهەیلە

بـاڵاتر بـوو.ئەو ئاگـاییەکەی، ئاگـایی کـوڕێکی شـار بـوو کە هـاتووچۆی سـینەماکان دەکـات، گـوێ لە قۆریـاتی تورکمـانی و گۆرانی عەرەبی ئوم کەلسوم و عەبدولحەلیم حـافز و گـۆرانی هیندی ئاشـاپاریخ و سـەنگام دەگـرێ، سـەیری فیلمـی هینـدی و ئەمریکی دەکـات و ئاشـنایە بە ئـاڵن دیلـۆن و عـومەر خورشـید، شیعری شـاعیری عەرەب نەزار قەبـانی دەخـوێنیتەوە.ئەم نـاوانە هەر تەنهـا نـاو نـین، بەڵکـو کـۆمەڵێ وێـنەی نووسـتوون یـان جێگیـرن لە نەسـتی خـوێنەر بە تـایبەتی لە نەسـتی نەوەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو.ئاماژەکردن بەم نـاوانە، گەڕانەوەیە بۆ ڕۆژانی سینەماکانی عەلەمێن و خەیام و ئەتڵەس و سەلاحەدین و حەمرای کەرکووک، گەڕانەوەیە بـۆ نـاو نەسـت و جلەوبەردانە بۆ ئەو حیکایەتـانەی کە شـاعیر دەیەوێ بۆمـانی بگێڕێتەوە.

پێـنج: لەم دەقەدا شـاعیر لە ڕێـگەی چەنـد ئاسـتێکی بونیـادی زەمەنەوە توانیویەتی ئیش لەسەر ئیستاتیکای دەقەکە بکات و بە ئاسـتێکی جـوانتری بسپێرێت.شـاعیر شـاقوڵیانە زەمەنـی بەکـار هێنـاوە بـۆ ڕۆچـوونە نـاو نـاخی کارەکتەرەکـان و ئاسـۆییانەش کارەکتەرەکـانی بەسـتۆتەوە بە ڕووداوەکـان و ژیـان.واتە ئیشـکردنی شـاعیر لەسـەر زەمەنـی دەقەکە، ئیشـکردنێکی هەڕەمەکی نییە ئەوەندەی بە هۆشیارییەوە توخمی زەمەنی وەک ڕەگەزێکی سەرەکی دەقەکە هەڵبژاردووە.

شەش: ئەم دەقە هەنگاوێکی سەرەتایی و گەورەیە بۆ جێهێشتنی ئەو تێڕوانینەی کە پێیوایە ئەوەی بە شیعر ناتوانرێ دەربڕدرێ، بە چیرۆک گوزارشتی لێدەکرێ.ئەمە توانەوەی ژانرە لە ژانرێکی

تــر.ئەمە جێهێشــتنی بۆشــایی نێــوان شــیعر و چیــرۆکە.ئەمە نیشـــاندانی ئەو پانتـــاییەی شـــیعرە کە چیـــرۆک لەخۆیـــدا دەشارێتەوە.

## ئاستەکانی بونیادی زەمەنی گێڕانەوە

لەشـیعری سـوبحی و سـوهەیلەدا خـوێنەر ڕووبەڕووی چەنـد ئاستێکی بونیادی زەمەنی جیاواز دەبێت لە هونەری گێڕانەوە کە شـــــاعیر لە ســـــتراکتۆری دەقەکەدا ئیشـــــی لەســـــەر کردوون.ئاســـتەکانی زەمەنـــی گێـــڕانەوە تێکەڵـــی یەکتـــرن و سنووریێکی دیـار نییە لێکیـان جیـا بکـاتەوە.بەڵام ئەگەر خـوێنەر ورد شـیعرەکە بخـوێنێتەوە، دەتـوانێ ئاسـتەکان ببینێـت، کە بە خوێندنەوەی من ئاستەکانی زەمەن لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە ڕووداوێکـــی مێژوویـــی گەورە چارەنووســـی مرۆڤەکـــان لە دۆخـــێکەوە دەبـــات بەرەو دۆخێکـــی تـــر وەک بەرپـــابوونی جەنگ.ئێمە دەتوانین ئاستەکانی زەمەنی پێش جەنگ و زەمەنی دوای جەنـگ وەک دوو ئاسـتی ئاسـۆیی ببینـین و بخـوێنینەوە.لە هەمان کاتیشـدا شـاقووڵیانەش لەو زەمەنە بڕوانین کە ڕووپەڕی دەقەکەی داپۆشیوە.

### یەک: ئاستی زەمەنی پێش جەنگ

ئاسـتی بەدوای یەکـدا هـاتن یـان ڕێکخسـتن.زنجیرەی زەمەنـی ڕووداوەکـان و بەدوای یەکـداهاتنی ڕۆژەکـانی ژیـانی کـارەکتەر وەک زەمەنـی پـێش جەنـگ کە هەم شـاقووڵیانە لەسـەر ئاسـتی

نــاوەوە یــان ئاســتی کەســێتی و نــاخی کــارەکتەر و هەمــیش ئاسۆییانە لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی یان جیهانی عەشق و خۆشەویستی کارەکتەرەکان ئیش دەکات.

ئەلیــف: کــارکردی بونیــادی زەمەن بە شــێوەی شــاقوولّی: لەم ئاســـتەدا هەردوو کـــارەکتەری ســـەرەکیی دەقەکە لە زمـــانی نووسەرەوە(چیرۆکبێژەوە) خەریکی بنیادنانی جیهانی فەنتازیای خۆیــانن.دڵی لێوانلێــوە لە ئــاوات و ئومێد.ســوبحی دیــار نیــیە باکگراونــــــدی خوێنــــــدەوارییەکەیلە چ ئاســــــتێکدایە، بەڵام قوتابییە.قوتــابیش ئەو ســەردەمەش بە هــیچ جۆرێــک لەســایەی ســەری سیاســەتە دژە مرۆییەکــانی حیزبــی بەعــس نەگەیشــتۆتە ئامــانجی خــۆی.کێ دەڵــێ پــۆلی شەشــەمی وێژەیــی نیــیە و لە تاقیکردنەوەکــان خــۆی نــاهێڵێتەوە تــا ســاڵێک لە ســەربازی بە دوور بێت، بەڵام لەپڕێکدا بڕیــارێکی ئەنجــومەنی ســەرکردایەتی شۆڕشــی بەعــس دەردەچــێ و دەبــێ بە ســەرباز.بەڵام ســوهەیلە خوێندکارە و بە دەستەوە گرتنی کتێبی گرامەر نیشــانەی قوتــابی بوونیەتی لە ناوەندی یانزەی ئازار.

**سوبحی بە ریکۆردەرێکی زلەوە؛ ئەمسەرو ئەوسەری شـەقامی دەیان جار تەی ئەکرد**

**پرچی وەکو بیتڵز دائەهێنا**

**وەک تراڤۆڵتا ئەڕۆیشت بەڕێوە**

**لەبەردەمــی مــاڵی ســوهەیلەدا، دەنگــی عەبــدلحەلیم حــافزی هەڵئەبڕی**

**دەستی بە قژە درێژەکەیدا ئەهێناو پیتیS ی زنجیرە زیوەکەی ملی بە لێوییەوە ئەنووساند**

**سوهەیلە؛ بە کتێبی گرامەرو، خەندەیەکی مۆنالیزانەوە،**

**سیمای کاڵی لە پشت پەنجەرەی تەڵخەوە دەرئەکەوت**

**لاجانگی ئەخستە پشت گوێی و، پەنجەی بە پیتیS ی ملوانکە ئەڵماسەکەیدا ئەهێنا.(١١)**

کارەکتەری سوبحی لە ئاستی مەعشوقەکەی کارەکتەرێکە پڕ لە وەفا و خۆشەویستیی، کارەکتەرێکە پڕ لە خەون و شیعر، پڕ ڕەنگ و جوانی.لە ئاستی ناوەوە گێڕانەوە هاتووە تا ئاستی خۆشەویستی دیاری بکات و پلەیەکی بەرزی دراوەتێ.

**ئەچەمی یەوەو پاکەتە مارلبۆرۆکەی گیرفانی ئەکەوتە سەر زەوی؛ تا لە بابووجە پەمەییە بێ پەنجەکەی سوهەیلە رامێنێ و روخساری تیا بشارێتەوە**

**بۆنی بکاو، پەنجەکانی پێی بکرۆژێ**

**سەری بە ناوقەدیەوە بنووسێنێ و توند بیگوشێ..**

**پرچ بژو تەڕ، دڵۆپە باران لە لووتیەوە بە لێزمە ئەچۆڕا**

**ئەیووت: بارانی کەرکووکە!**

**ئاووڕی نەئەدایەوە، نەک باڵای سوهەیلە لە نیگای راپسکێ**

**ئانیشکی رووشاوی هەڵئەبڕی: "سەر دیواری سەربان کەوتم"**

**قوتووی پڕ ئەکرد لە خۆڵ و چەگلی شوێن پێی سوهەیلەو، لووتی تیا ئەژەنی**

**به پایسکیلەکەی پێچی ئەکردو، پێیەکی ئەخستە سەر شۆستەی ئەوبەری ماڵیان**

**ئەیووت: لەژێر ئەم شەقامەدا بمنێژن**

**ئەیووت: لاشەکەم بسووتێنن و خۆڵەمێشەکەی بەسەر ماڵەکەی ئەودا بیپرژێنن.(١٢)**

ئەمە گەیشتنە بە قوربانی.گەیشتنە بە پلەی بینینی هەموو دونیا لەچاویلکەی خۆشەویستی سوهەیلەوە.ئەم عیشقە ئەگەر بڕێک بۆنی هەرزەکارانەشی لێبێت، بەڵام تا سەر ئێسقان ئینسانییە.

بێ: کارکردی بونیادی زەمەن بە شێوەی ئاسۆیی: لەم ئاستەدا پەیوەندی زەمەنی دەقەکە بەستراوەتەوە بە چرکە و دەقیقە و سەعات و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ بە درێژی دەقەکە کە بە دێر و ڕستەو لاپەڕە دەپێورێت.واتە مەودای نێوان سەرەتا و کۆتایی چیرۆکەکەی نێو دەقەکە، ئەم ئاستە یان ئاستی دەرەوە یان ئاستی گەڕەک و شار، گێرانەوەی کاریگەرییەکانی دەرەوەیە بەسەر کارەکتەرەکان بەتایبەتی سوبحی.چونکە هەرچەندە کارەکتەرەکان لە شار و لە فەزایەکی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کەرکووک دەژێن ، بەڵام پاڵەپەستۆی کلتووری و ئایینی و خێزان نابێت لەبەرچاو نەگرین.بۆیە سوهەیلە کەمتر دەکەوێتە بەر ئەو پاڵەپەستۆ زەمەنییەی دەق چونکە کچە و مێینەش لەناو کۆمەڵی چوارچێوە قەتیسکراوی کلتووریدا گیری خواردووە.لێرە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە

بەریەککەوتنەکـانی زەمەن و سـوبحی لە شـوێنگەلی جیاجیـادا دەبینین.شاعیر بەهۆی هونەری گێڕانەوەوە لە ئاستی گەڕەک و شـــار هەڵوەســـتەی لەبەردەم هێمـــا و ئاماژەکـــانی شـــار کردووە.وەســـــــفی شـــــار و گەڕەک و ماڵەکــــــان و شەقامەکان.لێرەشەوە زۆر وەستایانە میزاجی شار (Mood) ی لە پەنای دێرەکان و سێبەری وشەکانەوە نەخشاندووە.

**سوبحی (یان ئالان دیلۆنی گەڕەک) پێی لە قەراغی پەنجەرەیەکی نزم دائەناو**

**بە قەڵەم کاسێتەکەی عەبدلحەلیمی ئەگێڕایەوە**

**ملپێچەکەی وەکو قرەوێت ئەبەست و کاتژمێرەکەی وەرئەگێڕایە ژێر مەچەکی**

**جگەرەیەکی ئەخستە پشت گوێی و، قرِغن، بێهۆش، بە کۆلانە خوارو خێچەکاندا ئەسووڕایەوە**

**دەستی بە مـێخە زلەکانی دەرگا دارینەکەی ماڵیـان دا ئەهێنا، داوی جاڵجاڵۆکە ئەلکایە پەنجەی، رایئەوەشاندو لە پانتۆڵەکەی ئەسوی**

**دەستی بە دیوارە رزیوەکەیان دا ئەهێناو رێڕەوی مێرووڵەی ئەگۆڕی**

**بە خەتیکی ناڕێک ئەینووسی:**

**نە یازوخ کی ئۆلەجەغەم**

**بیر داها سەنی گوێرمەیەجەغەم**

**)مخابن ئەمرم و/ ئیتر ناتبینمەوە(**

**شیشی مەرقەدی لاشەقامی توند رائەوەشاندو پەرۆ سەوزەکەی بۆن ئەکرد**

**سێ چوار جیقنەی شل، بەر لەوەی بتکێتە سەر قۆندەرە جیرەدارەکەی، بەر شان و یەخەی ئەکەوت**

**تاکە نەعلی وەرگەڕاوی راست ئەکردەوەو، پەنجا فلسییەکی ئەخستە ناو مشتی دەلی سەبیح.**(١٣)

لەڕێگەی وەسفە سادەکانەوە شاعیر دەمانباتەوە نێو ئەتمۆسفیری کۆتایی دەیەی حەفتاکان.دەمانباتەوە لای چایخانەی سەر بە حەسیر داپۆشراو، کە دەنگی ئوم کەلسومی لێوە دەبیسترا، لای مەرقەدەکانی لا شەقام و سەر قەڵا و گۆڕستانەکان، ناز هەڵگرتنی دەلی سەبیح و دەلی مەحموود و دەلییەکانی تری کەرکووک.ئەم پەیوەندییە، پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیی کۆمەڵایەتییە کە ڕوخساری ژیان بەو جۆرەی بووە دەردەخات.نیشاندانی پەیوەندە زیندووەکانی نێوان ئینسانەکان و ژیان لە دەقێکی ئەدەبیدا، گەڕانەوەیە بۆ بەرجەستەکردنەوەی بەهای ئینسانییەتی ئینسان کە ئەمەش خاڵێکی جوان و ڕۆشنە کە خۆشەویستی سێبەری خستۆتە سەر ئەم خاڵە.

دوو: ئاستی زەمەنی دوای جەنگ: واتە ئاستی کۆی پەیوەندی دووبارەبووەوەی نێوان دەق و حیکایەت.زەمەنی دوای جەنگ، ئاستی ئەودیو سنووری دەرەوە یان ئاستی واوەتر لە شار.زەمەنی دوای جەنگ، زەمەنی دیاریکردنی چارەنووس و

قەدەرە پێشـــبینی نەکراوەکـــانە.بە بۆچـــوونی مـــن زەمەن لەم ئاســـتەدا زەمەنـــی هـــاتنە دەرەوەیە لە هێمـــا لۆکاڵییەکـــان و پەیوەستبوونە بە گەردوونیەتی شتەکان.پەیوەستبوونە بە فەزای دەرەوەی شار و جیهانی ئاشنای لەوەوپێشی سوبحی.لەم ئاستە شاعیر لەسەر دوو ئاست ئیشی کردووە.ئاستی پێش مردن و ئاستی دوای مردن.

ئەلیف: ئاستی پێش مردن: لە ئاستی پێش مردندا، سوبحی بە هەندێ داوەوە بە جیهانی دەرەوەی خۆیەوە بەستراوەتەوە.

**سوبحی (یان ئالان دیلۆنی گەڕەک) پێی لە قەراغی پەنجەرەیەکی نزم دائەناو**

**بە قەڵەم کاسێتەکەی عەبدلحەلیمی ئەگێڕایەوە(١٤)**

شاعیر لە دووتوێی ئەم چیرۆکەی نێو شیعرەکەیەوە هەم ئاستی ئاگایی سوبحی و هەم پەیوەندی سوبحی بە جیهانی دەرەوە نیشان دەدات.

**بە تـاکێ پۆسـتاڵ و پێ یەکـی پەتـی، ئەژنـۆ زامـدارو نـاولەپ خوێناوی، لەسەر لمی داغ، بەناو تەلبەندی ژەنگاوی دا غاری ئەدا؛ خێسەی سینگ و رەشکەو پێشکەی بەرچاوی.مەتارەی قوپـاوو قوتـووە گۆشـتی شـکاوی سـەر لم.جرجـی تۆپیـو بە تەڵەزمی گوللللللللللللللللللللللللللللللللە تۆپ.چینکۆی قوڕاویی سەنگەری تەپیو.پـورە زەردەواڵەی دەوری لاشـەی لە بەتـانی پێچراو.**

**سوبحی کەوتە ناو بۆسەی سوپایەکی ریشدارو، ئەسیر شود.(١٥)**

سوبحی لە ژیانی دوای جەنگ بەرپابوون ئیتر بێئومێد لە ژیان کەوتۆتە نێو قەفەسی سەربازیی و تروسکایی ژیانی بەستراوەتەوە بە ئاڕاستەی فیشەکێک کە لە ژیانی بێبەش نەکات.لە ڕووی شوێنیشەوە ئیتر کارەکتەر لەنێو شاردا نییە و خەندەق و سەنگەرە سەر بە چینکۆ و فەردە خۆڵ داپۆشراوەکان بووە بە نیشتمانی نوێی سوبحی.تا لەوێشەوە دیل دەکرێ و ئەوجا چارەنووسی لەسەر پارچە زەوییەکی بێ خاوەن ( ارض الحرام) بۆ یەکجاری دیاری دەکرێت و دڵڕەقانە لەگەڵ عەشقی سوهەیلە و کەرکووک و یادەوەرییەکان و دایکی و بزە و خەندەکان و دڵدارییە سادەکان دەسپێردرێتە مەرگ.

بێ: ئاستی دوای مردن: لە ئاستی دوای مەرگ تەنها ئاماژە و جووڵە دەبینین.کارەکتەرەکان ونن.ئەوەی دیارە پاشماوەی ژیان و عەشقە.جگە لە زمانی هێماکان کە بە وەسف گوزارشتی لێکراوە، زمانێکی تر لە ئارادا نییە.جووڵە و ڕووناکی هەیە بەڵام دەنگ لەوپەڕی کپی خۆیدایە و لەناو بێدەنگیدا بزرە.

**ئێستا هیس و جیقنەی وشک و گەرای مێش و ، ماچە هەڵدراوەکانی سوبحی، پەنجەرە رزیوەکەی سوهەیلەیان تەنیوە**

**لەقەد کێلی گۆڕەکەی سوبحیش؛ ملوانکەیەکی پیتیS ، جار نا جارێ ئەلەرێتەوە**

**هەورە بروسکەی ئێوارەی نووتەک، لا دیواری نیمچە رووخاوی ماڵەکەی سوهەیلە، بۆ تاوێک رۆشن ئەکاتەوە(١٦)**

لێرە حیکایەت و شیعر و خۆشەویستی لەگەڵ ماچە هەڵدراوەکانی سوبحی و لەرینەوەی ملوانکەی پیتی S و پەنجەرە ڕزیوەکەی سوهەیلە و لادیواری نیمچەڕووخاوی ماڵەکەیان گەواهییەکی گەورەن لەسەر چیرۆکە دراماتیکییەکەی ئەو خۆشەویستییەی کە بوو بە قوربانی جەنگە هەشت ساڵە ماڵوێرانکەرەکەی عێراق و ئێران.

## ئەنجام

دەقی سوبحی و سوهەیلەی ئازاد ئەحمەد ئەسوەد بە سوود وەرگرتن لە تەکنیکەکانی هونەری گێڕانەوە (شوێنکات، کارەکتەر، ململانێ، گرێچنە) حیکایەتی عەشقێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بە تراژیدیایەکی گەورە کۆتایی دێت.دەقە شیعرییەکە بە زمانێکی سادە و ڕەوان نووسراوە و لە ڕێگەی کۆمەڵێ وێنەی شیعری جوانەوە هەڵکۆڵینی نەستی خوێنەرە لە ئاستانەی دەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی شاری کەرکووک کە بووەتە بەشێک لە کۆی یادەوەری ئەو شارەی کە تا ئێستاش نەیتوانیوە فرمێسکەکانی سەر ڕوومەتی عاشقەکان بسڕێت و خۆیشی ئاهێکی خۆشی و ئاسوودەیی پێدا بێتەوە.شاعیر لەم دەقە ئاگایانە ژانری چیرۆکی لە نێو ژانری شیعردا تواندۆتەوە و بەمەش دەقێکی جوانی لە هونەری شیعر

نووسـینداا بـۆ كـردووینەتە دیـاری و هەورەهـا لە دوو ئاسـتی گرنگ بونیادی زەمەنی گێڕانەوەی ئاسۆیی و شاقووڵی و ئینجا پـــێش مـــردن و دوای مردنـــی ســـتراكتۆری دەقەكەی دارشتووە.ئەویش ئاستەكانی پێش جەنگ و دوای جەنگن.ئازاد ئەحـمەد ئەسـوەد لە رێـگەی ئەم دەقە و دیـارە دەقەكـانی تریشییەوە ئەوەی پێوتووین و پێدەڵێت كە شـاعیرێكی داهێنەرە و دەتـوانێ جـێ پەنـجەی خـۆی بە كـاروانی بەرەوپێشـچوونی شیعری كوردییەوە دیار بێت.(١٧)

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


١- ئـازاد ئەحـمەد ئەسـوەد شـیعری سـوبحی و سـوهەیلە گۆڤـاری ڕامـان ژمارە ١١٦ ، ساڵی ٢٠١٥، لاپەڕە ٦ و ٧.

٢- نەوزاد ئەحـــمەد ئەســـوەد، شـــیعرییەتی دەق و هەنگـــوینی خوێنـــدنەوە، یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی، ٢٠٠١، لاپەڕە ٢٤.

٣- What are three Attributes to a Narrative poem?

By Kate prudichenko

Demand Media

http://classroom.synonym.com/three-attributes-narrative-poem-1716.html

٤- محمـود خالـد البنـا، التداخل السـردی فـي الشـعر العربـي الحديث،موسسـة محمود درويش للابداع

/http://mahmoddarwish.com

٥- قضــايا الشــعر المعاصــر  قضــاياه و ظـواهره الفنيــة و المعنويــة تــاليف الدكتور الدكتور عزالدين اسماعيل دار الفكر العربي الطبعة الثالثة ص


٦- محەمەد ئەمین مەنگوری زوو لە داستانە شیعردا بەتـایبەتی لە(مـاهراکۆ) و (گەشـتی ئەسـتێرەی مەریـخ) داسـتانی گێڕاوەتەوە کە ئەمە زیـاتر دەچێتە قـــاڵبی (Epic).بەڵام لە شـــیعری نـــوێی کوردیـــدا شـــیرکۆ بـــێکەس دەســـت پێشکەری کردووە و چەندین ڕۆمـانە شیعر و چیرۆکەشـیعری نووسـیوە و بڵاو کردۆتەوە.وەکو خاچ و مـار و ڕۆژژمێری شـاعیرێک، داسـتانی هەڵـۆی سوور، دەربەندی پەپوولە، کورسی، ڕەنگدان، گۆڕستانی چراکان و تاد.

٧- ئازاد ئەحمەد ئەسوەد شیعری سوبحی و سوهەیلە گۆڤاری ڕامان ژمارە ١١٦ساڵی ٢٠١٥ لاپەڕە ٦.

٨- ئازاد ئەحمەد ئەسوەد شیعری سوبحی و سوهەیلە گۆڤاری ڕامان ژمارە ١١٦ساڵی ٢٠١٥ لاپەڕە ٦.

٩- ئازاد ئەحمەد ئەسوەد شیعری سوبحی و سوهەیلە گۆڤاری ڕامان ژمارە ١١٦ساڵی ٢٠١٥ لاپەڕە ٧.

١٠- سردية الشعر العربي المعاصر طارق محمد عبدالمجيد الشبكة العربية العالمية

http://www.globalarabnetwork.com/culture-ge/culture-studies/8617-2012-10-12-223447

١١- ئازاد ئەحمەد ئەسوەد شیعری سوبحی و سوهەیلە گۆڤاری ڕامان ژمارە ١١٦ ساڵی ٢٠١٥ لاپەڕە ٦.

١٢- ئازاد ئەحمەد ئەسوەد شیعری سوبحی و سوهەیلە گۆڤاری ڕامان ژمارە ١١٦ ساڵی ٢٠١٥ لاپەڕە ٦.

١٣- ئازاد ئەحمەد ئەسوەد شیعری سوبحی و سوهەیلە گۆڤاری ڕامان ژمارە ١١٦ ساڵی ٢٠١٥ لاپەڕە ٧.

١٤- ئازاد ئەحمەد ئەسوەد شیعری سوبحی و سوهەیلە گۆڤاری ڕامان ژمارە ١١٦ ساڵی ٢٠١٥ لاپەڕە ٦.

١٥- ئازاد ئەحمەد ئەسوەد شیعری سوبحی و سوهەیلە گۆڤاری ڕامان ژمارە ١١٦ ساڵی ٢٠١٥ لاپەڕە ٧.

١٦- ئازاد ئەحمەد ئەسوەد شیعری سوبحی و سوهەیلە گۆڤاری ڕامان ژمارە ١١٦ ساڵی ٢٠١٥ لاپەڕە ٧.

١٧- ئازاد ئەحمەد ئەسوەد لە ساڵی ١٩٦٠ لەشاری کەرکوک لەدایکبووە.کۆمەڵە شیعری (بۆنی ئەم خاکەت لێ دێ) لە بەغداد لەساڵی

١٩٨٩ بەچاپ گەیاندووە.هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە وەرگێڕانی عەرەبی/ ئینگلیـزی زانکـۆی سـاڵفۆرد، مانچسـتەر، بەریتانیـا، ٢٠٠٨ و ئێسـتاش نیشتەجێی وڵاتی بەریتانیایە.

تێبینـی: ئەم بـابەتە لە گۆڤـاری ڕامـان ژمـارە ٢٢٤ ی سـاڵی ٢٠١٦ بـڵاو کراوەتەوە.

# شانۆنامەی جەنگستان و بە دۆکیومێنتکردنی دۆخە نەخوازراوەکان

**کەنەدا حوزەیرانی ٢٠١٦**

**سەرەتا..جەنگ و واقیع**

کە جەنگ لە دەرگای ژیان دەدات، کاتێ سەر بە ماڵاندا دەکات، ڕوخسەت لە کەس وەرناگرێت.بۆ ئەوەی جەنگ بەرپا بێت، دەبێت پێشتر جەنگێکی گشتیگیری تر بکرێت.دەبێ ڕاگەیاندنەکان، تەلەفیزیۆنەکان، ڕۆژنامە و قسەکەرە بێئیش و درۆزنەکان بە خۆیان و توورەکە پڕ لە درۆکانیانەوە دەربکەون و باس لە پێویستی و پیرۆزی جەنگ و قۆناغێکی تر لە ژیان بکەن.دەبێ ڕای گشتی ساز و ئامادە بکەن.بۆ ئەو مەبەستەش خەرجییەکان کەم دەکەنەوە و نەهامەتی و دەرد و برسێتی و قاتوقڕی دەکەنە دیاری دەستیان بۆ ئەو مرۆڤانەی کە عەودالی ئاسوودەیی و ئاشتین.سەپاندنی جەنگ و ئەتمۆسفیری جەنگ وەک دیاردەیەکی هەمیشە ئامادە لە سیستەمە چینایەتییەکاندا سێبەری خستۆتە سەر ژیانی ئینسانەکان.ئەمە ئەو واقیعیەتەیە کە دەقی (جەنگستان)ی لەسەر بنیادنراوە.(١)

لە سیاقی خوێندنەوەی ئەم شانۆنامەیەوە (جەنگستان)، خوێنەر خۆی لەبەردەم دەقێکدا دەبینێتەوە کە تێکەڵییەکە لە ئیلتزام و ئەبسورد، ئومێد و ڕەشبینی، خەون و بێمانایی.دەقێک کە باس لە یەکێک لە دیاردە هەرە قێزەوەنەکانی نێو کۆمەڵگەکان دەکات، بەتایبەتیش کاریگەرییەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ئینسانەکان بەگشتی و بەشداربووانی جەنگ(سەربازەکان) بەتایبەتی.جەنگستان لە بڕگەیەک لە زەمەن دەدوێت کە جەنگ تەواو بووە.یانی کاتە بەراییەکانی پۆست – جەنگ کە مرۆڤەکان هێشتا بۆنی خوێن و مەرگیان لێدێت.ئێمە جەنگ تەنها لە خیلالی گفتوگۆکانی کاراکتەرەکانەوە دەبینین.سامناکیی مەرگ دوای تەواوبوونی جەنگ هێشتا سێبەری بەسەر کارەکتەرەکانەوە دیارە.خوێنەر زیاتر لەڕێگەی (ئازا – یەکێک لە کارەکتەرەکانی جەنگستان) ەوە دەچێتە ناو ڕووداوەکانی جەنگ و کوشتن و بڕین و کۆشتارگاکان.ئازا باری دەروونی دووچاری شێواوی و نالەباری بۆتەوە.ئەم کارەکتەرە کە شانسی مانەوەی هەبووە و نەکوژراوە، بەڵام دۆڕاوێکی گەورەی ژیانە.جەنگ جوانترین و پیرۆزترین شتی لێ دەستێنێ کە ئەویش خۆشەویستەکەیەتی.ئەو دەزانێ جەنگ هاوکێشەکانی ژیانی گۆڕیوە، بەڵام نازانێ جەنگ بۆ ڕوویدا و کێ بڕیاری لەسەر دا.واتا ئەو هۆشیارە سیاسییەی نییە.ئەو نازانێ "جەنگ وەک دیاردەیەکی نەگریس و شووم لە ئەنجامی قەیرانی ئابووری لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەردەکەوێت و بەرپا دەبێت.تەواوی بەریەککەوتنە سیاسییەکان بەرئەنجامی بەریەککەوتنە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە چینایەتییەکانە.ئەوە پێداویستییە ئابوورییەکانە لە چەشنی فراوانترکردنەوەی

سنووری جوگرافی هێزی کاری هەرزان و بەرهەمهێنانی کاڵا و پەیداکردنی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکان، چوارچێوەی شەڕەکان و مەودای نێوانیان و کورتی و درێژی جەنگەکان دیاری دەکەن.کەوابوو دەتوانین بڵێین جەنگ بریتییە لە بەرئەنجامی قەیرانی ئابووری.ئەوەی لە ژوورەکان و پشت پەردەکانەوە دەگوزەرێن جگە لەم ململانێیە ئابوورییانە هیچیتر نین.سەرکردە سیاسییەکان لە ڕاستیدا سەرکردە و نوێنەری بەرژەوەندی ئابووری چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین.بەڵام جەنگ میللەتان یان گەلان هەڵی ناگیرسێنن، جەنگ جەنگی حکومەت و دەسەڵاتەکانە لەپێناو فراوانترکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری.جەنگی تەماح و هەڵپەی سوود و کەڵەکەی سەرمایەی بورژواکانە.ئەوانەی لە ژوورە دەست پێڕانەگەیشتووەکان و پشت پەردەکانەوە بڕیارەکان دەردەکەن، ئەوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی ملیۆنان خەڵکی هەژار و دەستەنگ دەدەن.ئەوانن بڕیار دەدەن مەرگ بکەنە دیاری دەستیان بۆ خەڵکی ستەمدیدە".(٢) بۆیە دەبینین گرنگترین کارەکتەری دەقی جەنگستان بێئیرادە لەبەردەم چارەنووسیدا وەستاوە بێئەوەی بتوانێ بچووکترین کاریگەری هەبێ لەسەر ئایندەی خۆی.دەقی جەنگستان خۆی جەنگە لە دژی جەنگ.پەیامی ڕەتکردنەوەی جەنگە لەڕێگەی نیشاندانی کارەساتە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە.وڕێنە و شێتبوون و باوەڕ بەهیچ نەبوون هەر لە ئەنجامی هەلومەرجی جەنگ و کارەساتباری جەنگەوە پەیدا دەبن و گەشە دەکەن.وەستانەوە بەرانبەر ئەم واقیعیەتە تاڵ و ڕەشە لەڕێگەی دەقێکی وەکو ئەم دەقی جەنگستانە جێگای ستایش و

دەستخۆشییە بۆ کاک ڕزگار حەمەڕەشید و لەهەمان کاتیشدا مۆتیڤی ڕەخنەش بەهێز دەکات تا بە ناخی دەقەکەدا شۆڕبێتەوە و خوێندنەوەی بۆ بکات.

## جەنگ و ئەبسووردیزم

ئەبسوورد و جەنگ لە پەیوەندییەکی پتەودان لەگەڵ یەکتردا.گەرچی ئەبسوورد بەر لە جەنگە جیهانییەکان وەک دەزگایەکی فیکری هاتۆتە ئاراوە، بەڵام جەنگی جیهانی دووەم دۆخێکی گونجاوی هێنایە ئاراوە بۆ گەشەی ئەبسووردیزم.(٣) نووسەری دەقی جەنگستان لە میانی ئەم شانۆنامەیەوە ئاگایانە و بەوپەڕی وشیارییەوە پرۆسەی ئاوێتەبوونی جەنگ و ئەبسووردیزمی ئەنجام داوە.ئەمە ئەگەرچی دەرخستنی ئاستی توانایی نووسەرە، لەهەمان کاتیشدا هێنانە دەرەوەی بەرپرسیارەتییە سەبارەت بەو پرۆسەیە.بە وتەیەکی تر، کاک ڕزگار حەمەڕەشید زیرەکانە خۆی هاویشتۆتە بەردەم ئەو بەرپرسیارەتەی کە خۆی لە پەیامێکی گرنگ بەرجەستە دەکاتەوە،پەیامێک کە گوزارشت لە دیدگا و جیهانبینی ئەو دەکات.پەیامێک کە لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت.بەشێکیان بریتییە لە نەفیکردنەوەی جەنگ، ڕەتکردنەوەی ماڵوێرانییەکانی جەنگ، مردنی ئەڤین و خۆشەویستی و ڕەتکردنەوەی مەرگی ئینسانەکانە.بەشی دووەمیان ڕەتکردنەوەی ماناکانی ژیانە و سەپۆرتی ئەو بێمانابیە کە نووسەر پێی وایە دەستگرتن پێوەی جۆرێکە لە زەروورەت.لێرەدا نووسەری دەقی جەنگستان پێیەکانی لەنێو دوو جیهانبینی دان.ئەمەش نەک هەر میتۆدی

کـــارکردنی قـــوورس دەکـــات، بەڵکـــو خـــوێنەریش دووچـــاری ســـــەرەگێژە و سەرلێشـــێواوی دەکـــات.ئەمەش ئەو ئەرکەیە کە ڕەخنەگری ڕادیکاڵ و مارکسیست دەبێ وریایانە ئیشی لەسـەر بکـات."ڕەخنەگری مارکسیســتی پێویســتە هەوڵــی دۆزیــنەوەی بنچیـــــنەی ئاراســـــتەی کـــۆمەڵایەتی دەقێکــــی دیـــــاریکراودا بدات.پێویسـتە لەسـەری بزانێت بەرەو کوێ دەڕوات و ئایا ئەم پرۆســـەیە ئارەزوومەنـــدانەیە یـــان نا.هەروەهـــا ئەرکییەتـــی هەڵســـەنگاندن لەســـەر بیـــرۆکەی ئەو بنچیـــنە کـــۆمەڵایەتی و نـــاجێگیرە بکـات.(٤) دەقــی جەنگســتان لەژێـر دوو کاریگەریـدا لەهاتوچۆ دایە.لەلایەکەوە ڕیالیزم باڵی بەسـەر دەقەکەدا کێشاوە و لەم گۆشەنیگایەشەوە جەنگستان وەک بەشێک لە کەلەپووری برێخت دەکرێ تەماشا بکرێ.چونکە برێخت ئایکۆنێکی جیهانی گرنـــگ و ناســـراوە لە ڕووبەڕووبـــوونەوەی جەنگ.ئەمەشـــی لەڕێـگەی شـیعر و شـانۆنامەکانییەوە پراکتیـزە کـردووە.ئەمەش خـاڵێکی پرشـنگداری دەقەکەیە.لەلایەکـی تریشـەوە پەنـابردن بـۆ ئەبسـوردیزم و دەسـتبردن بـۆ ئەو دیـدگایە، خـزینە ژێـر ئەو جیهـــانبینییە کە ڕەخـــنەی ئەدەبـــی مارکسیســـتی ســـەنگەری لێگرتـــووە و بە ئەدەبــی بــۆرژوازی دەزانی.کەوابــوو ئەم دەقە پێیەکـی لەنـاو واقیعیەتـی شۆڕشـگێرانە دایە و پێـیەکەی تریشـی لەناو سەنگەری ئەدەبی کۆنەپەرستی دایە.سەرباری هەر توانایی و قودرەتێـــک کە نووســـەر لەم ئـــاوێتەبوونە بەخەرجـــی داوە، دەتـــوانین بڵێـــین دەقـــی جەنگســـتان هەم لە نـــاڵ دەدا و هەم لە بزمار.

## ئینتیباعاتەکانی دۆخە نەخوازراوەکان

دەقی شانۆیی جەنگستان هەر لەسەرەتای نەسکی یەکەمەوە ڕەوتێکی سروشتی خۆی هەیە و نووسەر بە ڕۆشنی هێڵی درامای دەقەکەی دیاریکردووە و جووڵە بە کارەکتەرەکانی دەکات.بەڵام سەرباری پەنابردن بۆ ئەبسوورد، هێشتا کۆمەڵێ ئینتیباعات هەن کە ناکرێ خۆی لێ نەبان بکەین.لێرەدا من بە ئینتیباعەکاندا دەچمە خوارێ.

## ئینتیباعی یەکەم:

'مـن ئەو کاتە میزم دەکرد.تا ئاوڕم دایەوە کەسی لێ نەمابوو.خۆمم لەم چۆڵەوانییەدا بینییەوە.کوڕی قەحپانە جێیان هێشتبووم.دوا شەمەندەفەر بەلامدا تێپەڕی، ڕامکرد بەدوایدا و هاوارم لێکرد، کەچی هەر نەوەستا بۆم."(٦)لێرەدا سەرنجمان بۆ چەند خاڵێک دەچێت.یەک: ئەم سەربازانە لە هێڵی پێشەوەی جەنگدان.چونکە شوێن لە دەقەکە "وێستگەی شەمەندەفەرە لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ." (٧) ئەمەش جۆرێک لە نالۆژیکییە لەڕووی سەبارزییەوە چونکە ئەو ناوچەیە سەر بە هەر لایەنێکی جەنگەکە بێت، ناوچەیەکی تا بڵێی نائارامە و ناکرێ وێستگەی شەمەندەفەر لەو ناوچە نائارامە بوونی هەبێت و شەمەندەفەر تیایدا هاتووچۆ بکات.دووەم: میزکردن لە بەرەکانی جەنگ هێندە قورس نییە تا بەوجۆرە دوور بکەویتەوە و ئاگات لە شوت و دەنگەدەنگی شەمەندەفەر نەبێت و کاتێ ماوەی میزکردنەکەت تەواو دەکەیت کە ناگاتە دوو خوولەک تۆ لە

شـــەمەندەفەر دوا بکەویـت کە لانـی کەم پێـنج تـا دە خـوولەک دەوەسـتێت بـۆ هەڵگرتنـی سەرنشینانی.سـێ: جێمـانی ئەو سـێ سەربازە گەر چی خۆی بەشێکە لە خەیاڵی دەستکردی نووسەر، بەڵام لە بەرەکانی جەنگ سەرباز تەنیا نییە و بگرە گرووپن و بە گروپ دێن و دەچن و هەروەها بەرپرسیان هەیە و جۆرە زەبت و ڕەبتێک(دیســـــیپلینی ســــــەربازی)یان هەیە (کە لەوانەیە لە هێلەکـانی پێشـەوەی جەنـگ و لە کـاتی هێـرش و تەقەکـردن ئەو زەبت و ڕەبتە نەمێنێ) بەڵام لە کاتی تەواوبوونی جەنگدا بـوونی هەیە و سەرباز بەو جۆرە جێ نامێنێ.

## ئینتیباعی دووەم:

" کـات: پێشـنیوەرۆیە، ژووری خەوتـنەکەی گۆنایە.گۆنـا هێشـتا لەناو جێدایە.بەڵام ئازا خەریکی بەستنی قایشـی پانتۆڵەکەیەتی و کراسـی لەبەردا نیـیە."(٨)."گۆنـا بە ڕووتـی لە پـێخەفەکە دێـتە دەرەوە و ڕوو لە ئـازا دادەنیشـێت.(٩) و هەروەهـا " ئـازا: تکـات لێدەکەم جلەکانت لەبەر بکەرەوە.(١٠) و هەروەهـا "ئـازا: کە دڵنیـا دەبێـت گۆنـا خـۆی داپۆشـیوە، ئـاوڕی بـۆ دەداتەوە.(١١).ئەم شـەرمە زیـاتر لە شـەرمی پیـاوێکی ڕۆژهەڵاتـی دەچێت.پیاوێـک زاخاو بە کلتوور و نەریتێکی ئاییني کۆمەڵایەتی دواکەوتوو، (لە کاتیکـدا هـیچ ئامـاژەیەک سـەبارەت بە ڕۆژهەڵاتیبـوونی دەقەکە بـوونی نییە).ئەگینـا ئـازای کـۆنە عاشـقی گۆنـا کە پێشـتر دەیەهـا جار کۆڵمە و لێوی گۆنای مژیوە و ئێستاش دوای چەندین سـاڵ لە جەنگ گەڕاوەتەوە و بەڕووتی چۆتە ناو پێخەفی گۆناوە، ئەی عەجەب نـایەوێ بە ڕووتـی گۆنـا لەسـەر پـێخەفەکە ببینیـت؟؟

پاساوی ئەمە هەرچییەک بێت بەبۆچوونی من سێ شتە.یەک: یان ئەوەتا لەشی ڕووتی گۆنا هێندە ناشرینە کە ڕووی بینینی نەبێ کە ئەمە وا نییە.چونکە گۆنا گەنجە و زۆر کەس بەتایبەتی خاوەن کارگە و پارەدارەکان تەماحیان تێبرِیبوو.یانیش سێبەری کلتوور و ئایین بەسەر بیرکردنەوەی ئازا قورسایی هەیە کە ئەمەشیان لە هیچ قسە و حیوارێکی ئازا بەدەر ناکەوێت.یانیش تەنها خولقاندنی دیمەنە کە لە سبەینێی نمایشی ئەم دەقەدا لە کوردستان یان ڕۆژهەلات دەبێ دەستکاری بکرێ و لە ڕۆژئاواش دەبێتە جێی سەرنج.

## ئینتیباعی سێیەم:

" لە گۆشەی کۆلانێکدا هاوڕێیەکی کۆنی خۆمم بینی.کاتی خۆی یەکێک بوو لە مرۆڤە یاخییەکان.لەوانەی هەمیشە دەیگوت نەخێێر، هەمیشە بە گەرموگوڕییەوە باسی ئەو گۆڕانە حەتمییەی دەکرد، کە دەبێت هەموو جیهان بگۆڕێت.....بەلام نەیناسییمەوە.پاش کەمێک لە یەکتر ڕوانین، پێی گوتم هاوڕێ...هههە بە منی گوت هاوڕێ هههە."(١٢) ئەم تێروانینەی سیای کارەکتەری دەقەکە ڕەنگە ڕێک تێروانینی نووسەر نەبێت.بەلام دوور نییە هاوڕێیەکی نووسەر بێت یان هەر کەسێک بێت یەک مانا دەبەخشێت ئەویش گاڵتەکردنە بە مارکسیستەکان.ئەو مرۆڤانەی بەردەوام خەبات دەکەن لەپێناو دادپەروەری کۆمەلایەتی.ئەو مرۆڤانەی تیدەکۆشن لە دژی ستەم و سەرکوتی سیاسیی..ئەو مرۆڤانەی عاشقی ئازادی و یەکسانین.گاڵتەکردن بە خەباتی چینایەتی گاڵتەکردنە بە میتۆدی

مارکس.لێرەشـــــەوە دوو ســــــەرنج بەرەو خۆیمـــــان کـــێش دەکات.سەرنجی یەکەم: کۆمۆنیستەکان زۆر بە کەمی بەشداری جەنـــگە مالوێرانکەرەکـــانی ســـــەرمایەداران و بـــــورژوازی دەکەن.بەگشـــتی ئەو بەشـــداریکردنە ڕەت دەکەنەوە.(باشـــترین بەڵگەش دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە کە کۆمۆنیستەکان بەشداری شەڕی قادسیەی سەدامیان ڕەت کردووە و زۆربەیان لە لادێکانــدا فیــرار بــوون) ســیای کــارەکتەریش وەک کــۆنە مارکسیستێک لەو جۆرە یاخیبوانەیە کەلە ڕابردووی خۆیان و خەباتی خۆیان پەشیمان بوونەتەوە و تەنانەت گاڵتەشیان بەو ڕابردووەی خۆیان دێت.لەمێژووی سیاسی کوردستان نموونەی لەم بابەتە هەیە بەتایبەتی کادرانی حیزبی شیوعی عێراقی کە چۆن لە مێژووی خۆیان ڕا دەکەن و دەبنە داردەست و کۆیلەی حیزبە بورژوازییەکان.سەرنجی دووەم: تەیفی کۆمۆنیستەکان و مێژووی چەپی نوێ کە بەشێکیان لە کۆمۆنیزمی کرێکاری بێزار و مانــدوو بـــوون و ڕوویـــان کـــردۆتە حیـــزبە بـــورژوازییە ناسیونالیستەکان لەچەشنی گۆڕان.بەڵام گاڵتەکردن بە مێژووی یاخیبوونی کۆمۆنیستی و مارکسیزم بۆی دەبێتە بەشێک لەو پــڕۆژە گەورەیەی ئەدەبــی ئینـدیڤیجواڵ – لیبڕالــی کــوردی کە لەســەر دەســتی ڕەهەنـدییەکان دەســتی پێکــردووە و بــوونەتە بەشـێک لە حەمـلەی جیهـانی بـۆ سـەر مارکسـیزم و خەبـاتی چینایەتی کرێکاران لەدژی سەرمایەداران.

## ئیتتیباعی چوارەم:

لە کێشـەی ئەوینـی نێـوان ئـازا و گۆنـا کە جەنـگ بـووە هـۆی کوشـتنی ئەوینیـان، ژن (گۆنـا) زیـاتر وەک تاوانبـار دەردەکەوێ نەک قوربـانی." زەبروزەنگـی خاوەنکارەکـانم قەبـووڵ دەکـرد، سەیرکردن و هەڵسوکەوتە قێزەوەنەکانیانم دەبینی.بەڵام دەبوایە جـگە لەخـۆم بیـر لە بـاوکم و خوشـکە هەرزەکارەکەیشـم بکەمەوە."(١٣) و هەروەها مـن بە تەنیـا چیم پێدەکرا؟ ئەگەر وام نەکردایە دەمـردم.(١٤) ژن لێرە خەتاکـارە بۆیە خەریکی پاسـاو هێنـانەوەیە.ئەی خەتاکـانی ئـازا چییە؟ ئەی لەمـاوەی جەنـگ بـۆ نـامەیەکی بـۆ مەعشـوقەکەی نەنـارد؟ هەواڵێکـی نەپرسـی؟ ئەم بێدەربەسـتییە ئەو مـافە نـادات بە گۆنـا وەک ئینسـانێک مومارەسـەی ژیـانی خـۆی بکـات (بە پەیوەنـدییە سێکسییەکانییەوە).هێنانەوەی پاساویش لەلایەن گۆناوە هەوڵدانە بـۆ ڕەوایەتیـدان بەو دۆخەی پێیگەیشـتووە.ئەم ڕۆڵ بەخشـینە لە شـانۆنامەکە تەرازووی هەقـی بەلای ئازا(پیـاو ) شکاندۆتەوە.لەکاتێکدا هەموو دەزانین ئەوە دۆخی جەنگە گۆنـای بەو دەردە بـردووە نەک خیانەتکـاری و ناپـاکی.من لام ڕوونە جیهـانبینی نووسـەری دەقـی جەنگسـتان وەک ئینسـانێکی پێشکەوتوو زۆر لە وەسفی لەم دێرانە واوەترە، بەڵام ناکرێ لەم نێوەدا پشتی ژن بەربدات (جا بە هەر بیانوویەکەوە بێت!).

سـەرجەم ئەم ئیتتیباعاتـانە لەوێـوە سـەرچاوە نـاگرن کە داوا لە نووسەر بکەین چی بکـات و چۆن ڕۆڵ دابەش بکات.بەڵکو ئێمە دەقەکە وەکو هەیە دەخوێنینەوە و لەوێشەوە دەمانەوێ بڵێین کە گـاریگەری ئەبسـوورد و زاڵبـوونی بەسـەر واقیعیەتـی دەقەکە

کـاریکی کـردووە کە لەڕوانـگەی ئـێمەوە کرێـدتی ڕادیکـاڵبوونی دەقەکە دێنیتە خوارەوە.

## چەند وشەیەکی تر سەبارەت بە دەقەکە

لە وردبـوونەوە لەدەقـی شـانۆنامەی جەنگسـتان ئەوەی یەکسـەر لەگەڵی بەرەوڕوو دەبێتەوە ئەوەیە کە درێژدادڕی تیا نییە، زمان سـادە و چـر و سفتە.هەسـت دەکەیت وشـەی زیادەی تیـا بەکـار نەهاتووە.دووبارەبوونەوەی هەندێ وشە و ڕستەش لە پێویستی تەکنیکیـیەوە سـەرچاوەیان گرتووە.بـۆیە زمـان لەگەڵ میزاجـی کارەکتەرەکـان تەریـبە و ئەمەش لەکـاتی خوێنـدنەوەی دەقەکە هەسـتی پـێ دەکرێت.ئەتمۆسـفیری دەقەکە خـاڵییە لە ڕەنـگ و ئەگەر بشێت دەتوانین بڵێین ڕەنگی تەقینەوە و تەقە و بۆردومان و ڕەنگـی خـوێن و تـرس و تەنیـایی و دواجـاریش وڕێنەکـان بـریتین لە ڕەنگـی تـابلۆی جەنـگ و دەقەکەش هەر ئەو ڕەنـگەی گرتووە.کارەکتەرەکـــان و ململانێـــی نێوانیـــان دەقەکەی لە زیندوێتیدا ڕاگرتووە.کارەکتەرەکانی دەقی جەنگستان" شانبەشان لەگـەڵ گرێچنـە و شـوێنکات و مەبەسـت و سـتایڵ ڕۆڵێکی شـیاو دەگێـڕن لـە دەق.کارەکتـەر بـە هـەموو جۆرەکانییـەوە (کـارکردە، گۆشەنیگا،ناســـرا و نەناسراو،وەســـتا و جوڵە،ســـەرەکی و ناسەرەکی...تاد) لەخزمەت دەقدا دەتوانرێت سوودی لێببینرێت و نووسەری بەتوانا دەتوانێت لە کـاتی گونجـاودا کۆمـەڵێ ئـەرکیان پێبسـپێرێ.(١٥) نووسـەریش هەوڵـی داوە لەڕێـگەی گفتوگـۆ و جووڵەی کارەکتەرەکانەوە بەلانسی دەقەکە ڕابگرێ.

## دوا وشه

دواجـار له کۆتاییـدا ئـێمه لەگەڵ دەقێـک دەسـت و پەنـجه نەرم دەکەیـن کە له واقیعیەتـی ئەمـڕۆی ژیـانی ئینسـان لە دیـاردەیەک دەدوێ کە ڕۆژانە هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات.دەقێک واقیعییە و لەهەمـان کاتیشـدا ئـاوێتەیە بە ئەبسـوورد.دەقێک لێـوڕێژە لە ناساندنی جەنگ و ئاکامە ماڵ وێرانکەرەکانی جەنگ.زمان تێدا تا ئەنـدازەیەک شـیعرییە و سـادە و چـڕە.لەگەڵ بـوونی کـۆمەڵێ ئینتیباعــات سـەبارەت بە دەقەکە، کەچـی زینـدوویی دەقەکە لەوەدایە کە دەربـارەی دیـاردەیەک و کـاریگەری دیـاردەیەک دەدوێ کە تـا سیسـتەمە چینایەتییەکـان بمێنـێ، هەڕەشـەی ئەو دیاردەیە لەسەر ژیانی ئینسانەکان هەر دەمێنێ و تەواو نابێ.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) جەنگستان ڕزگار حەمەڕەشید دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کوردستان سلێمانی ٢٠١٦.

(٢) (٣)جەنگ و برتۆڵد برێخت دوو ئایکۆنی سارد و گەرم عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ساڵی لاپەڕە.

(٣) ئەبسووردیزم لە پەیوەند دایە لەگەڵ بوونگەرایی و عەدەمیەت.سەرەتا لە سەدەی نۆزدەهەم لەسەر دەستی فەیلەسوفی دانیمارکی سورین کیرکجارد دەرکەوت و پاشان وەک دەزگایەکی فیکری لە بوونگەراییەوە هاتە بوون.جەنگی جیهانیی دووەم هەلومەرجێکی لەباری بۆ لەدایکبوونی ئەبشووردیزم هێنایە ئاراوە.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

https://en.wikipedia.org/wiki/Absurdism

(٤)بڕوانە شیعرەکانی برتۆڵد برێخت بە زمانی ئینگلیزی کە لەم سایتەی خوارەوە بڵاو کراونەتەوە.
http://www.poemhunter.com/i/ebooks/pdf/bertolt_brecht_2012_3.pdf

هەروەها بڕوانە قصائد من برتولد برخت ترجمة و تقديم دكتور عبدالغفار مكاوی دار الكاتب العربي الطباعة والنشر القاهرة ١٩٦٧

(٥) A.V.Lunacharsky Theses on the problems of Marxist Criticism

1928

(٦)جەنگستان ڕزگار حەمەڕەشید دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کوردستان سلێمانی ٢٠١٦ لاپەڕە ١٦.

(٧)جەنگستان  ڕزگار حەمەڕەشید  دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کوردستان سلێمانی ٢٠١٦ لاپەڕە ٥.

(٨)(٩) (١٠) (١١)جەنگستان  ڕزگار حەمەڕەشید  دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کوردستان سلێمانی ٢٠١٦ لاپەڕەکانی ٣١ ٣١ ٣٢ ٣٢.

(١٢)جەنگستان  ڕزگار حەمەڕەشید  دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کوردستان سلێمانی ٢٠١٦ لاپەڕە ٤٤.

(١٣) (١٤)جەنگستان  ڕزگار حەمەڕەشید  دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کوردستان سلێمانی ٢٠١٦ لاپەڕە ٢٥.

(١٥) تراژیدیای جەنگ لە شانۆگەری دڵی سەرباز دەیڤد فرێنچ و بە شانۆکردنی مێژوو  پێشەکی کتێبی شانۆنامەی دڵی سەرباز نووسینی دەیڤد فرێنج وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) لە زنجیرەی شانۆی بیانی دەزگای ئاراس ٢٠١٠ لاپەڕە ١٤.

تێبینی " ئەم نووسینە لە هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە ٦٧٥ساڵی ٢٠١٦ بڵاو بۆتەوە.

## دەق و ڕەخنە

دنیابینیی چینایەتی

لە چیرۆکی " تەنها حەوت هەنگاو" ی عەبدوڵا ئەحمەد سادقدا

### تەنها حەوت هەنگاو

هەرچەند تیغی هەنگاوەکانم ملی ئەو شەقامە بە چەند هەنگاو دەبڕێت ئارەزووی ژماردنی هەنگاوەکان لە مێشکمدا گینگڵە دەدات " یەک، دوو، سێ،.....،.....، حەوت" سەرجەمی هەنگاوەکان لە شۆستەی ئەمبەر تا ئەوبەر حەوتە.تەنها حەوت هەنگاو، ئارەزووی سەدان جار ژماردنەوەی ئەوان بەهێزترە لە بێزاربوون و ماندووبوونی لەشە لاوازەکەم.

حەزی کەم کردنەوەی ژمارەی هەنگاوەکان مەلێکە و بەرەو گۆڕستانی ڕەحیم ئاوە باڵەفڕە دەکەن.ئەم حەزەم تەنها جارێک هاتە دی کاتێک فراوان کردنەوەیان هەست پێ کرابوو، ژمارەی هەنگاوە گەورەکان تەنها چوار هەنگاو بوو.چواری گەورە و حەوتی ئاسایی بەهەشت و دۆزەخ لێک دادەبڕێنێ.لەگەڵ ماڵ

ئـاوایی کردنـی دوا هەنگـاو تیشـکی ڕونـاکی لەدەرگـای تـاریکی دەدات و خـۆی دەکـوتێتە ژوورەوە، جیهـانی بەهەشـت بەخێـر هـاتن لە تەماشـاکەرانی پێشـانگای شـەقامە پاکەکـانی دەکـات.لە تابلۆکانی ئەوێ دا وێنەی ئۆتـۆمبێلی نایـاب و خـانووی جوان و شەقامی پاک و کچی ناسک و نـازدار بەرچاوی تەماشـاکەرانی دەکەوێ کە حەزی هونەرمەندی تابلۆکان لەچەنـد ڕەنگێکـی نـامۆ جیهانێکی وای هێنـاوەتە کـایەوە، تەنهـا حەوت هەنگاو پێشـانگای ئەو تـابلۆ ڕێـک و پێکـانە لە جیهـانی ئـازار و تێکۆشـان و جـۆگە چلپاوی گەورەتر لە خڕی خاسە لەیەک جوێ دەکاتەوە.

هەسـت کردنـی دووریـم لە حەوت هەنگـاو لە بەختیـاری هەتـا هەتـایی یەوە شـتێکی ئاسـایی یە.لام وایە گەر بێتـو جـارێکی تـر چەقـۆ لە ملـی ئەو ڕەش مـارە بنـێم و بە ڕق و کیـنەوە بـیکەمە دوو لەتەوە ئەوا هەموو شتێکی کۆن کۆتایی دێت و هـی تـازەش دەست پێ دەکات.بەڵام ئاخ هەزار جار وەک تینووی چاو لە ئـاو بە تاســەوە ئەو شــەقامەم بــڕی و لە ناســۆری و هەســت بە نــامرادی کــردن بەولاوە هیچــی تــرم لە هەگــبەی ئەم گەشــتە ســەختەمدا نەبینـی یەوە.ئەوبەری شـەقامەکە مۆسـیقایە، بەزمە، خۆشـی یە ئـاهەنگە، برسـیەتی و هەژاری لە فەرهەنگـی ئەوێ دا ووشەی نامۆن و مانایـان نی یە." ئـاخۆ دووری نێوان بەهەشت و دۆزەخ حەوت هەنگـــاو نـــی یە!؟" بـــێ گومـــانم لەوەی کە کەمتریشە گەر بێتو ڕاستە و ڕاست ملی ڕێگای ئەو بەر بگریتە بەر، کاتی بڕینی ئەم ماوەیە لە پێنج چرکە تێ ناپەڕێ هەر چوار چرکە دەبێت بە دوور لێ ڕامان و سەیرکردنی سـەدەیەکی وێڵـی پێویستە بۆ پەڕینەوە، سەیرە حەوت هەنگاو تەنها حەوت هەنگاو سەدەیەکی پێویستە.

چاوپێکەوتنی یەکەم ڕۆژمان، ئەوان هەموو پێکەوە بوون تەنها مـن نەبێـت کە لە جیهـانە نـامۆکەوە بە نـوێنەری ڕاسـتەقینە هەڵبژێرابووم، پێکەوە دەدان.ئازاری هەستی برینـدارم لە جیهانی خەیـــاڵی بـــێ پایانــــدا بەرەو دەریـــــایەکی ڕەش ڕای دەماڵیم.ئارەزووی دەست لەنێو دەست نانیان مەلێکی سپی بوو لە قەفەزی تەلبەنــدی شــاپەڕەکانی قەلەڕەشــەیەکدا فڕەفــڕی بـــوو.ڕۆژی دووەم لە جیهـــانەکەی خـــۆمەوە پیرۆســـکۆبی غەواسـەی خۆم لێ خستەکار بەرەو چوار جیهانی تـازە کە بە چوار مرۆڤ نوێنرابوون سێ کوڕ و کچێ.دوو کوڕی ئەسمەر ویەکێکی سپی کچەکەش هەر سپی بوو، بەڕاستی جوانی یەکی ڕوخێنەری هەبوو چاوم بڕی یە چاوی هەستی ڕوخانی کۆنە قەڵایەک لە ناخەوەمدا دەستی پێ کرد.ئاوێنەی دەروون وورد و خـاش بـوو.بینین تـێ ی دا بـوو بە سـتەم ڕۆژی دوایـی دەرگـا شـــەق و پـــۆق بـــووەکەی کـــۆنە جیهـــانەکەم کـــردەوە و بەرەو پچڕاندنی تەوقی دووره پەرێزی کەوتمەڕێ.

هەسـتانە پێـوەیەکی دەوویسـت تـا نـوێنەری بەڕێـز دەسـت بە کارەکـانی بکـات و سـەرەتا بکەوێـتە دووان.ڕاراییـی و دوودڵـی تەنگیــان بە نــاخەوەی جەنــابی هێنــابوو بــۆ ڕزگــاربوون لەو دێوەزمـــانە یەکســـەر ڕووم کـــردە کـــوڕە پێســـت ســـپی یەکە و ووتم:- ( تاکەی ئێمە وا بین؟ با یەک بناسین.) وەڵامێکی هێمن بــۆ ئەم پرســـیارە چەکەرەی دا " مـــن نـــاوم فریـــادە...ئەویش کاروان...ڕزگار ئەمیش خوشکە گزنگە"

گزنگ بەیانێکی ڕوونە.هیوایە، دەست پێ کردنی کاری جیهانی ئەمبەرە و مژدەی ڕۆژێکی تازەی لەژێر باخەڵی دا شاردۆتەوە،

بەیان حەزی کارکردن لەمبەر دەبزوێنێ کە هێشتا نووستن باڵی هێمنی بەسەر ئەوبەردا کێشاوە.کارکردنی ئەمبەر بەردەوامە تا ئێوارە و ئێوارەش نامرادی و بێ بەشی میوانی ڕەش و ڕووتەکە دەکات و مژدەی دەست پێ کردنی ڕابواردن بۆ وورگ زلەکانی ئەو بەر دەبات.لغاوی ئەسپی خەیاڵی گزنگم شل کردبوو، پەنجەی هەڕەشە بەرەو چاوی ناخەوەم دەچوو، دەیقیژاند " تۆ مافی بیرکردنەوەی وات نی یە...شتی ئەوبەر بۆ ئەمبەر یاساغە پێویستە گومرگ بدرێت، بەتۆش نادرێت نەکەی کوڕە نەکەی بیر لە شتی وا بکەیتەوە، گزنگ ئەو بەرەو تۆش ئەمبەر ئەو ئەوە و تۆش تۆ".هەستی وێڵی باڵی ڕەشی ماتەمی بەسەر شانۆی دەروونندا کێشا، بێ دەنگیەکی قووڵ وەکو قۆناغی سڕ بوونی ژیانی بۆق ڕایەخی خۆی ڕاخست.

بۆم دەرکەوت کە ڕزگار خەڵکی ئەمبەرە و حەزی نزیک بوونەوەم چەکەرەی دا، بەڵام ئەویش ئارەزووەکانی خۆی لەوبەر تۆو کردبوو، چەکەرەیان دابوو، رەگ و ڕیشەیان بە زەوی دا چوو بووە خوارەوە و جیاوازی لەگەڵ ئەواندا نەبوو.

تێبینی: فریاد حەزی لە گۆرانی ڕۆژئاوایی دەکات گوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناگرێت.بەپێچەوانەی منەوە ئەوەی ئەمەگی ڕۆژهەڵاتی پێوە نەبێ حەزی لێ ناکەم" " حەوت هەنگاو، تەنها حەوت هەنگاو ببڕە و ببەرە گەشت کەرێکی نامۆی ئەو جیهانە..بڕۆ..بڕۆ مل بنێ و حەوت هەنگاو ببڕە و ڕیزە ماڵێکی ڕێک و پێک ببینە کە گەڵای دارەکانیان لەسەر دیواری حەوشەکانیانەوە پێش وازی لە گەشت کەران دەکات، هێمنی یەکی تەواو، تەنانەت دەنگی پشیلەکانیشیان نایەت."

وەکو باسیان دەکرد ئەوە ماڵی کاروانە ئەوەش ماڵی گزنگە پاش چەند هەنگاوێکی تر ئەوەش ماڵی فریادە بەڕاستی کە تیشکی ئاراستەکراوی خانووەکە لەچاومدا جێگیر بوو لەناخەوە قاقا پێکەنیم بزەیەک کەوتە سەر لێوم بەرەبەرە قاقاکە نزم دەبووەوە تا بوو بە کوڵی گریانێکی بێ فرمێسک بۆ خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە، لە دڵی خۆمدا ووتم " هەقی یەتی گۆرانی ڕۆژئاوایی نەبێت حەزی لێ نەکات چونکە ئەم خانووە لە ئیستگەی تەلەفیزیۆن دەچێت هەر بۆ ئەوە کراوە تیپە ڕۆژئاوایی یەکان ئاهەنگی تیا بگێڕن،"

*

چاوێکم بە خۆمدا گێڕا و گەڕامەوە پێستی خۆم تەنها ئەوەندەم لەو ژیانە ڕاڕایە بۆ مایەوە لە کوێوە هاتووم ڕووی گەڕانەوەم ئاراستەی ئەوێ بکەمەوە.

تەنها حەوت هەنگاو بکێشم و بگەڕێمەوە پێش سەدەیەک.حەوت هەنگاو ئەمگەیەنێتەوە سادەیی سروشت و سادەیی مرۆڤ و ژیانی پڕ چەرمەسەری و تێ کۆشان، ئەو ژیانەی کە لە سەرەتاوە بۆم دانراوە و لێ ی ڕاهاتووم، ژیانی ڕەش و ڕووتایەتی." بە بێ ترس حەوت هەنگاوەکەت بکێشە."

لەسەر شۆستەکە ڕاوەستام، ئاوڕێکی دواوە دەدەم بینینی گزنگ ئارەزوویەکی بەدی نەهاتووە بێ پەشیمانی و ترس پێ یەکانت هەڵبێنەوە،

" ئەوە یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، ئەوەش هەر حەوتی،"

هەموو شتێ گەرایەوە جێ ی خۆی، سادەیی و ئازار، هەرگیز لە کێشانی ئەو حەوت هەنگاوە پەشیمان نابمەوە بۆ دوا جاریشە کە کێشام ئەو چەند ڕۆژەش بوو بە ڕابردوویەکی لەیادچووی تۆمارنەکراو لە دەفتەری یادەکانمدا.

*ئەیلوولی* ١٩٨١

کەرکوک

تێبینی: لە کاتی تایپکردنی چیرۆکەکەدا دەستکاری خاڵبەند و ڕێنووسم نەکردووە و وەکو خۆی چۆن لە گۆڤارەکە بڵاو کراوەتەوە، ئاوام نووسیوەتەوە.

# دنیابینیی چینایەتی
# لە چیرۆکی " تەنها حەوت هەنگاو" ی عەبدوڵا ئەحمەد سادقدا

*کەنەدا* ٢٠١٦

## گەڕانێک بەنێو سەرزەمینی دەق

"تەنها حەوت هەنگاو" (١) ئەو کورتەچیرۆکەیە کە لەزمانی کەسی یەکەمەوە (من) یان منی چیرۆکنووس بەسەرهات و ئازار و خەون و ئومێدی جیهانێک دەنەخشێنێ کە ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەسەرهات و خەون و ئومێدی هەر هەموومان بووبێت.خەون و ئومێدی گەیشتن بە جیهانێکی خۆش و پاک و پڕ لە ژیان.جیهانێکی خاڵی لە هەژاری و ستەم.ئەم خەونە هەرچەند ڕەوایە، لەگەڵ ئەوەشدا پەرجوویەک نایەت بیکاتەوە و خەونەکە بگۆڕی بە ڕاستی.گرێی ئەم خەونەش لە سیاقی مۆنۆلۆگی نووسەر لەگەڵ خۆی و بە پشت بەستن بە فەنتازیا دەمانباتە کەنارەکانی مەبەست.نووسەر بە پشت بەشتن بە خەیاڵ و ڕەگەزەکانی تری تەکنیکی چیرۆک بەتایبەتیش شەپۆلی هۆش ویستوویەتی دەرگایەک لەنێوان سنوورەکانی ئاگایی و

نائاگاییدا بکاتەوە.واتە تەواوی ئەو واقیعەی کە لە سەر ئەرزی واقیعدا بوونی هەیە، خراوەتە نێو بۆدەقەی خەیاڵ و ئاگایانە خوێنەری بۆ کەمەندکێش کردووە.هەرچەندە لەسەر ڕووبەری هەندێ پەرەگراف و دێری چیرۆکەکە خوێنەر لەمسی پنتکی جوگرافیا و دیمەنە جۆراوجۆرەکانی نێو چیرۆکەکە دەکات، بەڵام گەر خوێنەر دەست بە لێوارەکانی ئاگاییەوە نەگرێ، زۆر بە ئاسانی دەخزێتە نێو خەیاڵی نووسەر.ئەم ستایلە لە نووسین نەک هەر پەسندکراوە، بەڵکو جێگای ستایشە.بە وشەیەکی تر نووسەر هاتووە تەواوی هێزی هونەریی خۆی خستۆتە گەڕ لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراو، ئەویش نیشاندندانی دنیابینی چینایەتی و ناردنی پەیامی سیاسی هونەرە بۆ ئەو لەشکرە لە خوێنەر، کە لە سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە هۆی هەلومەرجی سەرکوتی سیاسیی و نەبوونی ئازادی و بەکارکەوتنی ماشێنەکانی زیندان و گرتن و کوشتن و تەرحیل و تەبعیس و قەدەغەکردنی کلتوور و بۆنەکان و..تاد و زۆر بە تایبەتیش لە شاری کەرکووک کە شوێنی لەدایکبوون و نمایشی دەقەیەکە، تینووانە چاوەڕوانی پەیامی شۆڕشگێرانە بوون لە ئەدەب و هونەر.دەیەی هەشتاکان دەیەی نووسین و بڵاوکردنەوەی چەندین دەقی سیاسیی بووین لە مێژوودا کە جارێکی تر مەحاڵە دووبارە ببنەوە.(٢)

عەبدوڵا ئەحمەد سادق لەڕێگەی ئەم چیرۆکەوە لەیەککاتدا هەم نمایشی توانایی چیرۆکنووسی خۆیمان نیشان دەدات و هەمیش بۆچوون و تێڕوانینی چینایەتی خۆیمان پێ دەناسێنێ.تێڕوانینی

نووســـەر لەســـەر بنەمـــای جیـــاوازی چینـــایەتی و هەژاری و دەوڵەمەنـدی یـان دروسـتتر بڵێـین لەسـەر بنەمـای هەبـوون ونەبوون بنیادنراوە.ئەم نمایشەی دنیابینی نووسەر دەتوانین لە چەند گۆشەیەکی جیاجیاوە لێی بڕوانین و ڕەهەندە سیاسی و چینـایەتییەکەی دەسـت نیشـان بکەین.سـەرزەمینی ئەم دەقە و بەپیتیـــیەکەی لە هەڵبژاردنـــی نـــاوەڕۆکەوە ســـەرچاوە دەگرن.نووسەر دەستی بۆ مەسەلەیەک بردووە کە بە یەکێک لە مەسەلە گرنگەکانی ژیان ئەژمارد دەکرێ.چیرۆکنووس هاتووە جیـــاوازی چینـــایەتی نێـــوان ئینســـانەکانی خســـتۆتە ژێـــر پرسـیارەوە.ئەمە ئەو پەسـاپۆرتەیە کە چیرۆکـی "تەنهـا حەوت هەنگاو"ی لە ئاستی پەسندەوە بۆ ئاستی دڵخواز بەرز کردۆتەوە و کێرڤی کرێدتی شۆڕشگێڕێتی نووسـەری بردۆتە سـەر.بەڵام ئایـا نووسـەر هـاتووە لە سـەنگەری خەبـاتی کرێکـارانەوە، یـان باشتر بڵێین لەسـەر بنەمای ململانێی نێوان کار و سـەرمایەوە ئەو جیاوازیـــانە بخـــاتە ژێـــر پرســـیارەوە؟ بەدڵنیـــاییەوە نەخێر.بەڵگەشمان ئەوەیە کە لە سەرتاپای چیرۆکەکە شتێک نییە نـاوی خەبـاتی چینـایەتی بێـت و ئاسـۆیەک نیـیە کە ئاسـۆی سۆشیالیزم بێت.ئەم لەمپەرە بۆ پەڕینەوە بەرەو شۆڕشگێڕێتی کە بە بۆچوونی من لە نائاگاییەوە سەرچاوەی گرتووە، خاڵی لاوازی ئەو دنیا بینییەیە کە هەوڵ ئەدەم لە هەنگاوی داهاتوودا خەسڵەتەکانی بخەمەڕوو.

## خەسڵەتەکانی دنیابینیی نووسەر

عەبدوڵا ئەحمەد سادقی چیرۆکنووس لە سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وەک هەر گەنجێکی ئەو سەردەمە مەیلی فیکریی چەپ و لێکدانەوەی چینایەتی بۆ ژیان و کۆمەڵگە و دیاردەکانی هەبووە.ئەو لە ڕوانگەیەکی شۆڕشگێرانەوە هێڵە دراماییەکانی نێو چیرۆکەکەی داڕشتووە و هەوڵیشی داوە لە هەر لەو سۆنگەیەوە پەیامی سیاسی – چینایەتی خۆی بگەیێنێ.نووسەر جوان ئیشی لەسەر ماتریاڵەکانی دەوروبەر کردووە و هەر لەڕێگەی ئەو ماتریالانەوە نووسەر لەپرسیارە گەورە و گرنگەکان نزیک دەبێتەوە.پرسیاری ئەوەی بۆ ئەمبەر نارێک و ناشرینە؟ بۆ ئەوبەر پاک و جوانە؟ ئەمبەر بۆ دۆزەخە و ئەوبەر بۆ بەهەشتە؟ کچانی ئەمبەر بۆ لەناو زەحمەتییەکانی ژیان تووشی فەلاکەتباری بوون و کچانی ئەوبەر ناسک و نازدارن؟ ئەم جیاوازییە بۆ هەیە؟ کێ خوڵقاندویەتی و کێ بەرپرسە لێی؟ بەڵام ئاشکرایە هونەر نایەت وەڵامی سیاسی ئەم پرسیارانە بداتەوە.هونەر تەنها ئاماژەکان نیشان دەدات و خوێنەر بەتایبەتی خوێنەری زیرەک دەبێ خۆی لە دووتوێی دێر و ڕستەکان و پەرەگرافەکان هەم پرسیارەکان و هەم وەڵامەکانیش بدۆزێتەوە.

کات سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە، چەند مانگێکە جەنگی کۆنەپەرستانەی نێوان عێراق و ئێران هەڵگیرساوە، خەڵک بە لێشاو بەرەو بەرەکانی جەنگ بەڕێ دەخرێن.جگە لە ژنان و منالان و قووتابیان و کارمەندی دەزگاکانی خزمەتگوزاری و پەروەردە، ئیتر تەواوی کۆمەڵگە

سـەربازە و خـراوەتە ئامادەباشـییەوە. شـوێن لە ڕووبەری چیرۆکـی تەنهـا حەوت هەنگـاو گەڕەکـی ڕەحـیم ئـاوا ی شـاری کەرکـووکە و بە تـایبەتیش جـادەی گشـتی کەرکـووک – هەولێـر.ئەم جـادەیە ئەم گەڕەکەی کـردۆتە دوو بەشەوە.بەشـی بـاکووری جـادەکە لە ڕەحـیم ئـاوای کـۆن و عەرەسـەکە و تـا دەگـاتە گۆڕسـتانەکەی ڕەحـیم ئـاوا درێـژ دەبێـتەوە و بەشـی باشووریشی لە خانووەکانی شـەریکەی نەوت و مامۆستایان تـا دەکـات بە گـردەکەی تەپە شـۆر بـۆتەوە.لەڕووی هـونەری تەلارسـازییەوە بەشـی باشـوور خانووەکـان جـوانتر و گەڕەکـان پـاکتر بـوون، چـونکە لانـی کەم زۆربەی ئەوانەی لەو گەڕەکـانە دەژیـان خوێنـدەوار بـوون و ئاگـایی کۆمەڵایەتی و ئـابووری و سیاسـییان لە ئاسـتێکی باشـدا بـوو بە بەراورد بە بەشـی باکوور.(٣) " ژمارەی هەنگاوە گەورەکان تەنها چوار هەنگاو بوو چـواری گەورە و حەوتـی ئاسـایی بەهەشـت و دۆزەخ لێـک دادەبڕێنێ.لەگەڵ ماڵ ئاوایی کردنی دوا هەنگاو تیشکی ڕونـاکی لە دەرگـای تـاریکی دەدات و خـۆی دەکوتێتە ژوورەوە جیهـانی بەهەشـت بەخێـر هـاتن لە تەماشـاکەرانی پێشـانگای شـەقامە پاکەکانی دەکات، لە تابلۆکانی ئەوێ دا وێنەی ئۆتۆمبیلی نایـاب و خـانووی جـوان و شـەقامی پـاک و کچـی ناسـک و نـازدار بەرچـاوی تەماشـاکەرانی دەکەوێ کە حەزی هونەرمەنـدی تابلۆکان لەچەند ڕەنگێکی نامۆ جیهانێکی وای هێنـاوەتە کـایەوە، تەنهـا حەوت هەنگـاو پێشـانگای ئەو تـابلۆ ڕێـک و پێکـانە لە جیهـانی ئـازار و تێکۆشـان و جۆگە چڵپـاوی گەورەتـر لە خـڕی خاسە لە یەک جوێ دەکاتەوە."(٤) لەم دیمەنەوە

یەک: نووسەر یان چیرۆکنووس لەم دەقە ئەدەبییەدا هەڵگری تێڕوانینێکی چەپ بووە و هەر لەو دیدگا و دنیابینییەوە تەماشای ژیان و دیاردەکان و کۆمەڵگە و ئینسانی کردووە.بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە چیرۆکنووس حەتمەن دەبێ کەسێکی مارکسیست یان سۆشیالیستخواز بووبێ، نەخێر.ڕەنگە هەڵگری تێڕوانینی ناسیونال - چەپ بووبێ.ئەمە کێشەی ئێمە و خوێنەریش نییە.ئێمە تەنها لە فەزا و ئەتمۆسفیری چیرۆکەکەوە هەڵوێست و تێڕوانینی نووسەر دیاری دەکەین

دوو: خودی جیهانبینییەکە دنیابینییەکی شۆڕشگێرانە نییە و ڕوانگەی سۆشیالیتی یان مارکسیستی زاڵ نییە بەسەریدا، بەڵکو دنیابینییەکەی زیاتر پۆپۆلیستییە.چونکە نووسەر پێی وایە خەبات و تێکۆشان تەنها لەنێو کوخ و خانووە نزمەکاندا بوونیان هەیە." تەنها حەوت هەنگاو بکێشم و بگەڕێمەوە پێش سەدەیەک حەوت هەنگاو ئەمگەیەنێتە سادەیی سروشت و سادەیی مرۆڤ و ژیانی پڕ چەرمەسەری و تێ کۆشان، ئەو ژیانەی کە لە سەرەتاوە بۆم دانراوە و لێ ی ڕافاتووم، ژیانی ڕەش و ڕووتایەتی."(٥) نووسەر پێی وایە خانووەکانی سەر شەقامە پاکەکان، کچانی ناسک و نازدار، خوێندەوار و ڕۆشنبیر و مامۆستا و تەنانەت کرێکارانی کۆمپانیای نەوتیش، شۆڕشگێڕیتی و کار و چالاکی شۆڕشگێڕانەیان لێ ناوەشێتەوە.لەکاتێکدا کرێکارانی کۆمپانیای نەوت بەپێی مەوقیعیەتی کارکردنیان کە شادەماری ئابووری وڵات بەڕێوە دەبەن، نەک هەر کاری شۆڕشگێڕانەیان لێ دەوەشێتەوە، بەڵکو گەر ئیرادە بکەن و بیانەوی دەتوانن چەرخی نیزامی سەرمایەداری لە عێراق ڕابگرن.وەک لە ساڵی ١٩٤٦دا مێژووی

خەباتی چینانەتی عێراقیان بە مانگرتنی گاورباغی نەخشاند.لە لایەکی تریشەوە ڕابەری خەباتی چینایەتی جیهانی و ڕەمزتی خەباتی کۆمۆنیزم (کارڵ مارکس) خۆی کرێکار نەبووە و هەرگیز ڕۆژێک بە جلی کۆن و کرێکارییەوە نەچووە بۆ ئیشکردن و چەند پاوەندێ بۆ جینی هاوسەری و منداڵەکانی بەدەست بهێنێت.بەڵکو مارکس ڕۆشنفکرێکی سەردەمەکەی خۆی بووە بەڵام لە مەوقیعیەتی چینایەتی کرێکاراندا بووە. بۆیە چیرۆکنووس نەیتوانیوە قامکی بخاتە سەر دەرد و مەینەتەکان و دەستنیشانکردنی ڕێگاچارەی گەنجاو و عەمەلی بۆ ئەو نەهامەتییانە.ئەویش نەک لەبەر ئەوەی چیرۆکنووس لەو سەردەمە قووتابی زانکۆ بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو هۆشیارییە چینایەتییەی کە دەبوو لەبەردەستی بێ، لەبەر دەستی نەبوو.

سێ: چیرۆکنووس کێشەکان و واقیعەکان دەبینێ بەڵام بە نارۆشنی لە هێزەکان و سەنگەرە چینایەتییەکان دەڕوانێ.ئەو هێزەکان و ململانێکانیان لەسەر بنچینەی دابەشبوونی جوگرافیا دابەش دەکات، نەک لەسەر بنچینەی پەیوەندی نێوان کار و سەرمایە.چیرۆکنووس لە ڕاستیدا نە هێزە واقیعییەکان و نە سەنگەرە چینایەتییەکانی نەبینیوە.هەر بۆیە بەشێک لە هێزی واقیعی چینایەتی کرێکارانی عێراق و کوردستان بە بەرەکەی ئەوبەر دەزانێ.ئەم ئاحاڵیبوونە بە دەستی ئەنقەست نەخراوەتە ڕوو، تا خۆڵ بکاتە چاوی خوێنەر و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان، بەڵکو لە ڕێژەیی ئاستی تێگەیشتنی نووسەرەوە سەرچاوەی گرتووە.

چـوار: نووســـەر بچـووکترین دژەکـردار لەئاســت ئەو واقـیعە نانوێنێ و ئەمەش بەڵگەی ناشۆڕشگێربوونی تێڕوانینەکەیە.واتە نووسەر و حیکایەتخوان کە هەردووکیان یەکن جگە لە گێڕانەوە و نیشاندانی دۆخێکی تـایبەت بێئەوەی بچووکترین هەنگـاو بنێ بــۆ دەســـتکاریکردنی، کۆتــایی بە چیــرۆکەکە دێنــێ بەوەی کە دەگەڕێـتەوە ئەمـبەر و دەچێـتەوە نـاو هەلـومەرجە دژوارەکەی ڕەش و ڕووتەکـــــان.ئەمە جـــــۆرێکە لە تەســــــلیمبوون بە واقیع.تەسـلیمبوون بە بێئیرادەیــی و تەبلیغــات و پڕوپاگەنــدەی چینی بورژوازی لەوەی کە دەڵێ هەژاری و دەوڵەمەندی هەر لە ئەزەلەوە بوونیان هەبووە و هەیە.لێرەوە پەنـا نەبـردن بۆ کـردار و یاخیبوون، هەوڵنەدان بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە، نووسـەر دەخـاتە خـانەی پاسیفیسـتبوونەوە.لەکاتێکدا نووسـەر بە جیـددی هەوڵـی داوە پاسیفیست نەبێ و لەئاستی ڕووداوەکان بێت.

لێـــرەوە دیســـانەوە دەگەیـــنە ســـەر ئەو شــــارێیەی کە بڵێـــین جیهـانبینی چیرۆکنـووس لە هەوڵـدان بـۆ نیشــاندانی جیـاوازی چینایەتی نێوان ئینسانەکان جێی پشـتیوانییە و لەهەمـان کاتیشـدا لە هەڵبژاردنــی ماتریاڵەکـانی ئەو نیشــاندانە نەیتوانیـوە ئامــانج بپێکێ و بگات بەو مەبەستەی کە خۆی دەیەوێ.

## پەیامی سیاسیی چیرۆکەکە

ئەدەب وەک چالاکییەکی فیکریی ئینسان هەمیشـە لە گۆشـەنیگای بەرژەوەندی جیاوازەوە دێتە نمـایش کـردن.لەوەتەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دابەش بووە بەسەر دوو چینی دژ بە یەک، شـوناسـی

ئەدەبیش لەسەر بنەمای ململانێی نێوان ئەو دوو چینە دێتە پێناسەکردن.بە واتایەکی تر ئەدەبێک نییە غەیرە چینایەتی بێت.چونکە لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئێستا ئێمە بە ناچاری ژیانی تێدا بەسەر ئەبەین و لەسەر ناکۆکی چینایەتی و دەسەڵاتی چینایەتی بنیاتنراوە، توانای دەربڕینی هەستە پەتییە مرۆییەکان سەبارەت بە پەیوەندییەکانی خۆمان بە کەسانی دیکەوە بەڕادەیەکی یەکجار کەمە.( ٦).بۆیە لەم سەردەمی سەرمایەدارییەی کە ئەمرۆ مۆرکی خۆی بە هەموو شتێکەوە ناوە (بەسەردەمی نووسینی چیرۆکەکەشەوە)، ئەدەب و هونەر یان سەرمایەداریی(بۆرژوازی) یان کرێکارییە.بۆیە ئەو ئەدەبەی کە گوزارشت لە واقیعی خەبات و ململانێی چینایەتی کرێکاران دەکات لە دژی سەرمایەداران بە ئەدەبێکی شۆڕشگێڕانە دێتە ئەژمار.ماهیەتی ئەم ئەدەبە شۆڕشگێڕە هەڵگری جۆرێکە لە پەیام کە تێدەکۆشی هۆشیاری چینایەتی خوێنەر یان کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرێتە سەر.لە چیرۆکی (تەنها حەوت هەنگاو) چیرۆکنووس هەوڵیداوە پەیامی ئەدەب بە شێوەیەکی هونەرییانە بگەێنێ، بەڵام گرفتەکەی لەوەدایە نەیتوانیوە ئەو ئەنجامە بپێکێ.چونکە " ئەدەبی کرێکاریی پارێزەری بەرژەوەندی کرێکارە هەوڵیش دەدات لەژێر سێبەری خەباتی کرێکاری لەسەر ئەو ئایکۆنانە کار بکات کە ڕۆڵیان هەیە لەبردنەپێشەوەی خەباتی چینایەتی."(٧).چیرۆکنووس ویستوویەتی بەشدار بوونی کارای خۆی لە بزووتنەوەی ڕادیکاڵیزمی کۆمەڵگەی کوردستان لەڕێگەی نووسینەوە بباتە پێشەوە.ئەم دەقەش جوانترین گەواهییە لەسەر ئەو بەشدارییەی عەبدوڵا ئەحمەد سادقی چیرۆکنووس.(٨)

چیرۆکنووس تێکۆشاوە باسی نا دادپەروەری بکات، باسی جیاوازی نێوان ئینسانەکان بکات، باسی دوو دنیای تاریک و ڕووناک بکات کە هەردووکیان لەسەر یەک سەرزەمین بوونیان هەیە.بەڵام جێی داخە چیرۆکنووس بێئەوەی لە ماناکانی دادپەروەری و خەبات و تێکۆشان و شۆڕش لە تێڕوانینی چینایەتی کرێکارانەوە گەیشتبێ، ئەو کارەی کردووە.ئەمەش ئەو ئاریشەیەیە کە لە گەیاندنی پەیامی سیاسیی دەقەکە هەست پێدەکرێت.

ئەم چیرۆکە لەڕاستای هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەوە، دەتوانین بڵێین کە هەوڵێکە لەپێناو فەراهەمکردنی زەمینەی پرسیارکردن لەسەر ناعەدالەتییەکانی نێو کۆمەڵگە و ژیان.هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ڕووی دزێوی ژیانێک کە سەرمایەداری بۆی بەرهەم هێناوین.بەڵام نەیتوانیوە بەڕۆشنی و بە قووڵی ڕۆبچێتە نێو بابەتەکەی.بە واتایەکی تر نەیتوانیوە پەنجە بخاتە سەر ئەسڵی بابەتەکە.

## دەربارەی فۆرم و زمان

لە "تەنها حەوت هەنگاو"دا، حیکایەتخوان کەسی یەکەمی تاکە (من)، کە لە ڕێگەی وتوویژ لەگەڵ خۆیدا (مۆنۆلۆگ) لە شوێنکاتی ڕووداوەکان بە هاوکاری ژمارەیەک کارەکتەر وەک ( حیکایەتخوان و فریاد، کاروان، ڕزگار، گزنگ ) کە بوونی ئەو کارەکتەرانە نەیتوانیوە ئیزافەیەکی گرنگ بخاتە سەر دەقەکە.فەنتازیاش هۆکارێکە کە حیکایەتخوان بە هۆیەوە دەچێتە

دەرەوەی جوغزی خەیاڵی و دێتە ژوورەوە.واتە خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگ و بایەخدار دەگێڕێ لە چیرۆکەکە.چونکە چنینی ڕووداوەکان بەجۆرێکە بواری کەمی بۆ خوێنەر هیشتۆتەوە بەشداری ڕووداوەکان بکات.هەرچی زمانیشە کە ئەو چیرۆکەی پێنووسراوە، زمانێکی ڕەوان و کوردییەکی پەتیی سادە و جوانە.لەڕووی ڕێنووسیشەوە، هەرچەندە گۆڤاری کاروان (خوولی یەکەم) تا ئاستێک پەیڕەویی لە ڕێنووسی کۆڕی زانیاری کورد دەکرد، بەڵام بە وردبوونەوە لە ڕێنووسی ئەم چیرۆکە دەبینی هەڵەی ڕێنووسی زۆر کەم تێدایە و بە بەراورد بەو سەردەمە( سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو) زۆر لە پێش بووە و تەنانەت دەتوانم بڵێم کە ڕێنووسی چیرۆکی "تەنها حەوت هەنگاو" لە ڕێنووسی زۆربەی نووسەرانی ئەمڕۆ دروستتر و چنینی زمانەکەشی جوان و کوردییەکەشی ڕەوان ترە.

## ئەنجام

چیرۆکی "تەنها حەوت هەنگاو" هەوڵێکی جوان و سەرکەوتووی چیرۆکنووسی کۆچکردوو عەبدوڵا ئەحمەد سادقە، کە لەنێو واقیعی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی شارێکی پیشەسازی وەکو کەرکووک ویستوویەتی بە تێڕوانینێکی چینایەتییەوە، لە کێشەی گەورەی جیاوازی چینایەتی بدوێ و لەڕێگەی تەوزیفی شوێنەوە و بە هونەرێکی جوانەوە، لە پایەکانی هەڵکشان بەرەو داهێنان نزیک بۆتەوە.چیرۆکنووس ورد لەسەر پەیامی سیاسی – چینایەتی چیرۆکەکەی ئیشی کردووە گەرچی بەهۆی ناڕۆشنی

و نەبوونی ئاگایی تەواو لەسەر بنەماکانی خەباتی چینایەتی نێوان کرێکاران و بۆرژوازی و تێنەگەیشتنی ورد لە نیزامی سەرمایەداری، نەیتوانیوە پەیامێکی ڕۆشن بگەیێنێ، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا بە هەولّێکی سەرکەوتوو دادەنرێ لە پانتایی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییەی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە بە گەڕان بەنێو ئەو بزووتنەوەیە و مێژووەکەیدا ڕەنگە ئەو بەرهەمانەی لەئاست ئەم چیرۆکەن، لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ نەکەن.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- تەنها حەوت هەنگاو  نووسینی عەبدوڵا ئەحمەد سادق گۆڤاری کاروان ژمارە ١٦ کانوونی دووەم ساڵی دووەم ١٩٨٣ لاپەڕە ٥٦ و ٥٧.

٢- نموونەش بۆ ئەو دەقانە چیرۆکی "ئامێردەکان" ی چیرۆکنووسی کۆچکردوو محەمەد موکری و هەروەها چیرۆکی " دووربین" ی حەمەفەریق حەسەن و شیعری " دوا نامە" ی هەڤاڵ کوێستانی و زۆری تر کە ئەو سەردەمە لە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو دەبوونەوە.

٣- هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دزاین و شێوەی ڕۆژئاوایی خانووەکانی شەریکەی نەوت کە ئینگلیزەکان(دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی نەوتی ئینگلیز) لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ کرێکارانی کۆمپانیای نەوت دروستیان کرد.دیارە کە ئەمبەر و ئەوبەر بەو جیاوازییە وەسف دەکەین لە واقیعدا خودی ئەو جیاوازییە زۆر بەرچاویی نییە، چونکە لە بەشی باکوریش گەلێ خوێندەوار و سیاسەتمەدار و هونەرمەند و ئەدیب و نووسەری تیا هەڵکەوتووە و ڕەنگە لەبەشی باشووریش هەبن نەخوێندەوار یان ئاستی ئاگایی لەئاستی پێویستدا نەبووبێ.ئەوەی زیاتر مەبەستە گۆشەنیگای نووسەرە کەلەسەر بنەمایەکی دروست بنیاد نەنراوە.

٤- تەنها حەوت هەنگاو  نووسینی عەبدوڵا ئەحمەد سادق گۆڤاری کاروان ژمارە ١٦ کانوونی دووەم ساڵی دووەم ١٩٨٣ لاپەڕە ٥٦.بێ دەستکاری وەک خۆی ڕۆنووس کراوەتەوە.

٥- تەنها حەوت هەنگاو  نووسینی عەبدوڵا ئەحمەد سادق گۆڤاری کاروان ژمارە ١٦ کانوونی دووەم ساڵی دووەم ١٩٨٣ لاپەڕە ٥٦ و ٥٧.

٦- لودڤیگ دۆیەرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی  فریدریک ئەنگڵس وەرگێرانی سالار ڕەشید لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری ی ن ک ٢٠٠٥ لاپەڕە ٤٩.

٧- شـيعری شۆڕشـگێڕانە و پەرجـووی هەمێشــە زینـدووبوون  عەبـدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) گۆڤاری هانا ژمارە ١ خووڵی دووەم ٢٠١٦ لاپەڕە

٨- چیرۆکنووس عەبدوڵا ئەحمەد سادق لە ١٩٥٨/١/١ لە شاری کەرکووک لەدایکبووە.خوێنــدنی ســەرەتایی و ناوەنــدی و ئامــادەیی هەر لەشــاری کەرکووک تەواو دەکات و پاشان لە زانکۆی موستەنسرییە لە شاری بەغدا وەردەگیرێ.ســاڵی ١٩٨٦- ١٩٨٧ خوێنـدنی زانکـۆ تەواو دەکات.ژمـارەیەک کــورتەچیرۆکی نووســیوە و کەژمارەیــان لە بیســت کــورتەچیرۆک زیاترە.مـاوەیەک لە ڕادیـۆی ئـازادی حیزبـی شـیوعی کوردسـتان چەنـد بەرنامەیەکی پێشکەش کردووە و هەورەها چەند ساڵێکیش مامۆستا بووە لە پەیمانگــای لە هەولێر.دواجــار لەڕێکەوتــی ٢٠١٢/١٠/١ ئەم چیرۆکنووســە لەتەمەنـی پەنجـا و چـوار سـاڵیدا ماڵئـاوایی لە ژیـان و ئەدەب و چیـرۆک و داهێنان دەکات.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری هانا ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١٧  و هەروەها لە گۆڤاری بانەڕۆژ ژمارە ١٢٦ ی ساڵی ٢٠٢٣ جارێکی تر بڵاوبۆتەوە.

# دەق و لێکۆڵینەوە

پرسیارکردن و ماهییەتی پرسیار

لە کورتە چیرۆکی " نەنکم (کەتان)" ی جەلال قادردا

دەقی چیرۆکەکە

**نەنکم (کەتان)**

لەسەرەتای سالانی حەفتەکان منداڵێکی بچکۆلانە بووم، لەگەڵ براو خوشکەکانم لە خانوویەکی بە خشت دروستکراو لە گەڕەکێکی هەژارنشینی پڕ لە قوڕوچلپاو دەژیاین.نەنکم ( کەتان )ش کارەکەری ماڵە دەومەڵەکانی دەکرد، بە تەنەکە و خشت وکەرتە بلۆک ژوورێکی لە گۆشەیەکی خانوەکەمان دروست کردبوو.

لە سەردەمی منداڵیم بە پرسیارکردن هەموو کەسێکم بێزار دەکرد ، لەبیرمە نەنکم لە گیرفانی سەڵتەکەی شیرینیەکی دەردەکرد و پێیدەدام ، دەیگوت: دەمت داخە چیتر پرسیار مەکە.

وەک لەبیرم بێت پرسیارەکانم دەربارەی ماڵە دەوڵەمەندەکان

بوو.دەمگوت: دەبێ ڕەنگیان چۆن بێت و منداڵەکانیان بەچی یاری کەن ؟ هەمیشەش خەیاڵم لای ئەوە بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان نەنکم لەگەڵ خۆی بمبات ، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بۆنی چێشتی ناو مەنجەڵ کەم.

هەموو بەیانیانێک بەدوای نەنکم (کەتان) ڕامدەکرد و دەگریام ، دەمگوت بمبە لەگەڵ خۆت.تا ڕۆژێکیان دڵی نەرمبوو پێکەوە سواری (تێمسەکانی ) شار بووین، چووین بۆ گەڕەکی ( عەرەفە ) کە کەوتۆتە قەراخ بیرە نەوتەکانی شارەکەم.

نەنکم ژنێکی قەڵە و بەخۆ بوو کاتێ ڕێی دەکرد ئەژنۆکانی ئازاریدەدا ، من لەبەردەمی هەڵبەزهەڵبەز ڕامدەکرد و دەمڕوانییە ئەو لقە دارانەی کە سێو و پرتەقاڵەکانیان بەسەر دیواری دەرەوەی ماڵەکان شۆڕ ببوونەوە.

وتم: نەنە ئێرە بەهەشتە ؟

- ئەی پێنەگەی...پێمنەگوتی چیتر پرسیار مەکە!
- نەنە دایکم پێیگوتم بەهەشت پڕ لە سێو و پرتەقاڵە!

نەنکم وەڵامی نەدامەوە..بەس من و براکانم ئەو خواردنانەی نەنکم بۆ مانی دەهێنایەوە ناومان نابوو (خواردنەکانی بەهەشت)..چونکە لەماڵی ئێمە بە مانگیش بۆنی گۆشتمان نە دەکرد، بە ساڵیش جل و بەرگی جوانمان نەدەپۆشی.جەژن بەجەژن باوکم لە توانای بوو پارە کۆ بکاتەوە و کراسێکی نوێ بۆ برا و خوشکەکانم بکڕێ.من نەگبەت بووم هەرچی کراسی برا گەورەکەم هەبوو بۆیان هەڵدەگرتم و دەبوایە لەبەری بکەم.خوا خێری نەنکم ( کەتان ) بنووسێ جار جار کراسی

ڕەنگینی بۆ دەهێنام.

لەبەردەم دەرگــایەکی مەزن ڕاوەســتاین نەنکــم شــارەزا بــوو دەستی بە دوگمەیەکەوە نا دەرگا کرایەوە.یەکەم جارمبوو چاوم بە حەوشـە و بـاخچەیەکی وا فـراوان بـۆن خـۆش بکەوێت.چوار ئەوەنـدەی مـاڵی ئێمە دەبـوو وتـم: نەنە بۆ دەرگاکەیـان ئەوەنـدە گەورەیە ؟ وتی: کوڕم ئەوە ئۆتۆمبیلی پێ دێتە ژووریَ!

لە باخچەکەیـان جـۆلانەیەک دانرابـوو بەپەلە ڕامکـرد تـا سـواری جـۆلانەکە بـم کەچـی پێم لە فریـزی بـاخچەکە خـزا و بەسـەردەم کەوتم.خەریک بوو بگریم، کاتێ نەنکم بینی پەشیمان بوومەوە گوتم گەر بێزاری کەم جارێکیتر نامهێنێتەوە بۆ ئەم بەهەشتە!

نەنکم وتی: کوڕم پەڵە مەکە ئێمە تا ئێوارە لێرەین.

ئــێمە تەنیــا ڕۆژانــی جەژن دەچــووین بــۆ ســەیران و ســواری جـۆلانە دارینەکـان دەبـووین، کەچـی لەم مـاڵە هەمـوو ڕۆژێـک سەیرانە.بۆیە گوتم ئەگەر بگەڕێمەوە ماڵ بەدایکم دەڵێم با فێرە نوێژم بکات بەڵکو خوا ئێمەش بنێرێ بۆ بەهەشت.بەو خـەیاڵەش نەوەســتام دەمگـوت منـداڵانی گەڕەکـیش فێـرە نـوێژ دەکەم تـا ئەوانــش کۆشــکێکیان هەبێــت و تێــربن لە خــواردن و میــوە خۆشەکانی بەهەشت!

نەنکــم بینــی دەســتی کـرد بە گیرفـانی ســەڵتەکەی و کلیلێکــی بچکۆلانەی زەردی دەرهێنا و دەرگای ژووری مـاڵەکەی کردەوە و چـووە ژوور..منـیش جـۆلانەکەم بەجێهێشـت و بەدوای نەنکـم خۆم کرد بە ژوورا.

نـاو مـاڵەکە هـۆلێکی فراوانـی لێبـوو، لەناوەڕاسـتیدا مێزێکـی دار

ساجی درێژ و پان، شەش کورسی بەدەور دانرابوو.بە نەنکم وت: نەنە ئەم ماڵە لێرە دادەنیشن و نان دەخۆن و دەنوون؟

وتی: نا کوڕم ، لێرە نان دەخۆن ، ژووری نوستنیان جیایە!

لە ژێر پەنجەرەی چێشتخانەکە مەخسەلەیەکم بینی چەند پەرداخێکی شووشەیی گوڵداری لەسەر بوو.نەنکم دەستیکرد بە شۆرینی پەرداخەکان ، منیش لە پەنجەرەکەوە دەمتوانی کەپرێک ببینم بە بۆڵە تریێ داپۆشرابوو ، مێزوکورسی قەفەز داری لە ژێرا بوو.

لە بیرمە دایکم دەچوو بۆ ناو زەڵکاو قامیشەڵەکانی دەم خاسە هەرچی لقە قامیش و حەیزەران هەیە کۆی دەکردەوە.پاشان بە پەنجەکانی پێی دەیچنی و حەسیری لێ دروستدەکرد و لەسەری دادەنشتین، سەبەتەیەکشی دروستدەکرد بۆ نانە ڕەق.

نەنکم دەرگای دۆلابێکی کردەوە پڕ بوو لە میوە و شەربەت.ئنجا دۆلکەیەک ئاوی ساردی دەرهێنا و پەرداخێ ئاوی ساردی خواردەوە..نیوەی پەرداخەکەی پڕ لە ئاو کرد و دایە دەستم.

منیش ئاوەکەم خواردەوە بەڵام پەرداخەکە بۆنێکی سەیری لێوە دەهات.

ئێمە لە ماڵی خۆمان بە جامی فافۆن ئاومان دەخواردەوە.لە جیاتی دۆلکە شەربەیەکمان هەبوو!

بە نەنکم وت: نەنە ئەم دۆلابە سپییە چییە ؟

:-کوڕم ئەمە سەلاجەیە ، شت بە ساردی ڕادەگرێ!

ئێمەش لە ماڵەوە لە ژێر نەردەوانەکەمان کوپەیەکمان هەبوو

ئاوی بە فێنکی ڕادەگرت!

ئنجا نەنکم هەڕەشەی لێکردم وتی:  نابێت دەست لە هیچ شتێ بـــدەیت..چیت ویســـت داوا لە مـــن دەکەی.ئەگەر عاقڵبیـــت دوو چوکلێتت دەدەمێ.

دڵی خۆشکردم..بەچوکلێتێک دەممی شیرین کرد.

ژوور بە ژوور منی لەگەڵ خۆی گردا..ژووری خەوی منداڵەکان پڕ لە بوکەلانە و جۆرەها یاری بوو.

-: نەنە من تا ئێوارە لەم ژوورە یاری دەکەم و نایەمە دەرێ.

:-نا کوڕم نابێت تۆ دەست لەو یارییانە بدەیت.ئەمانە هەمووی یاری کوڕە گەورەکەیانە ، دایکی بۆ یادگاری  بۆی هەڵگرتوون.

بە دیواری ژوورەکە وێنەی منداڵێکم بینی وتم: ئەوە نییە نەنە منداڵیان هەیە.

نەنکم وتی: نا کوڕم ئەوە وێنەی منداڵییەتی..ئێستا ئەم کوڕەیان گەورە بووە.

:-ئەی نەنە بۆ ئێمە هیچ وێنەیەکمان نییە لەماڵەوە.

:-نەمگوت چیتر پرسیار مەکە!

لە بیرمچوو بەڵێنم دابوو لەم گەشتەم دەمم داخەم.ئاخر چۆن دەکرێت ئەم شتە سەیروسەمەرانە ببینم و پرسیارنەکەم! .

وێـنەکە  وەک لەزگە بە قەد دارێـکەوە نووسـا بـوو، کـوڕەکە فانیلەیەکی شینی خەت سپی لەبەردابوو.هاتە یادم هەمان کراس بـوو بـراکەم لەبەری کردبـوو بـۆ ڕۆژی جەژن.پێکەنیم..بـۆم

ئاشکرا بوو کە براکەشم کۆنە کراسی ماڵە دەوڵەمەندەکان لەبەر دەکات .

لە ژوورەکانیتر کۆمەڵێ وێنەی ئەندامانی خێزانەکە هەڵواسرابوو..یەک وێنە سەرنجی زۆر ڕاکێشام پیاوێک بە دەرپێ قوندەیەکەوە دەستی بەرز کردبووەوە ،لاموابێ خاوەن ماڵەکە بوو.لە نەنکم پرسی: توخوا نەنە بێزار مەبە..پێمبڵێ ئەم پیاوە لە خوا دە پاڕێتەوە.

نەنکم وتی: نا کوڕم..ئەوە مەلەوانی دەکات..نابینی دەیەوێ زەرگ بهاوێتە ناو حەوزی ئاوەکەوە!

بۆم ڕوونبووەوە هەموو لێکدانەوەکانم هەڵەن ، چونکە من لەو ڕۆژەوەی چاوم کردووەتەوە باوکم بینیوە دەست بەرز دەکاتەوە و لە خوا دەپاڕێتەوە!

چوومە نهۆمی خوارەوە لە ژووری دانیشتن تەلەفزیۆنێکی شاشە گەورە دانرابوو.ئێمە نەک لە ماڵ بەڵکو لە گەڕەکش کەس تەلەفزیۆنی نەبوو ، دەچووین بۆ چایخانەکان سەیری تەلەفزیۆنمان دەکرد.

لە پشتی تەلەفزیۆنەکە پەنجەرەیکی شەش چاوەی لێبوو.ڕووانیمە دەرەوە حەوشە و باخچەیەکیترم بینی کەوتبووە پشتی ماڵەکەوە ، ڕامکردە لای نەنکم وتم: نەنە بچمە باخچەکەی پشتەوە ؟

نەنکم وتی: دەرگای پشتەوەم لەترسی تۆ داخستووە نابێت بچیتە ئەو پشتە!

:-بۆ ؟

وتـی: لەبەرئەوەی حەوزی مەلاوانەکە لەوێـیە، تـۆش مەلەوانـی نیت و دەخنکێی!

ڕامکــردە ژوورەکــانی ســەرەوە لە پەنــجەرەیەکەوە ســەیری حەوشــەی پشــتەوە م کــرد، حەوزی مەلەوانەکە بە درەخــت داپۆشرابوو ئاوەکەی نەرمە شەپۆلێکی دەدا چەند گەڵا و شەکرە سـێوو پرتەقـاڵێکش وەک بەلەم بە قەراخ ئـاوەکەوە لەنگەریـان گرتبوو و دەلەرییەوە.

تا قەدەرێ بە دیار پەنجەرەکەوە وەستام، خەونم بە مەلە کردنی ناو حەوزەکەوە دەبینی.

لە ناکــاو بــۆنی خــواردنێکی خــۆش بەر لــوتم کەوت ، خێــرا دەرپەڕیــم بەرەو چێشــتخانەکە، بە تەقــلە لێــدان لەســـەر نەردمـانەکە کەوتـمە خوارەوە.دەسـت وپـێم ژان گرتـی لە ترسـی نەنکـم فـزەم نەکـرد.وەک پشـیلە بە ئاسـپایی لە بـۆنەکە نزیـک بوومەوە.

نەنکم دیار نەبوو، منیش بۆم نەبوو دەست لە هیچ بدەم..لە هۆڵی دانیشـتنەکە نەنکـم بینـی ڕووی لە قیـبلە کـردووە لەسـەر هەمـان بەرمـاڵ نـوێژی دایکـم، نـوێژ دەکات..دانیشـتم تـا لە نـوێژ کـردن بـووەوە..هەر کە ئـاوڕی دایەوە وتـم: نەنە ئەی ئەم مـاڵە بەرمـاڵ نوێژیان نییە؟

وتی: نا کوڕم کەس لەم ماڵە نوێژ ناکات!

لە دڵــی خۆمــدا وتــم: کەواتە لە ســەر ئەم زەویــیەش خــوا بەهەشتێکی داناوە بەس ئێمە تـا ئێسـتا نەماندۆزییوەتەوە..ئەگەر بگەڕێمەوە گەڕەک بە هاوڕێکانم دەڵێم وەرن با بگوازییەنەوە بۆ

گەڕەکەکـــانی بەهەشـــت ، چیمـــان داوە لەم گەڕەکە پـــڕ لە قوڕوچلپاوە.

چـوومە چێشـتخانەکە لەسـەر کورسـییەک دانیشـتم..نەنکم وتـی: چاو برسی..(قاپێک پڕ لە برنج و قەیسی بۆ دانام ).دەبخۆ!

نـانەکەم لەسـەرخۆ دەخـوارد بـێ تـرس لە بـراو خوشـکەکانم ، چونکە هەمووجارێک نەنکم چێشتی بهێنـایەوە براکانم خەدریـان لێمدەکرد بەشێکی کەمیان بۆ دادەنام..ئێسـتا بە ئـارەزووی خـۆم وەک کوڕی پاشا دانیشتووم و نان دەخۆم.

نەنکم وتی: خێراکە کوڕم ئێستا خاوەن ماڵ دەگەڕێتەوە .

نــانەکەم تەواو کــرد نەنکــم دەســتی خســتە نــاو قــووتییەکەوە چوکلاتێکی دامێ، وتـی: بگـرە ئەم شـیرینیەش لەبەرئەوەی عاقڵ بوویــت..ئەگەر ئەوانــش هــاتنەوە هــێمن بەو لە شــوێن خــۆت نەجوولێ و تا پرسیارت لێنەکەن ، دەنگ دەرنەکەیت!

گوتم: بەسەر چاو نەنە گیان.

دەنگـی گـرەی ئۆتـۆمبیلەکە هـات، دەرگـای حەوشــە کـرایەوە ئۆتــۆمبیلێکی ڕەشـــی زەبەلاح هـــاتە ژوور ڕوخســـاری ژن و مێردێک بە دیار کەوت.

ســەرەتا زۆر ترسام..ســڵاویان کـرد و ژنەکە نـزیکم بـوەوە لە باوەشی کردم و وتی: تۆ گۆرانی یا سۆرانی؟

منیش لەشەرما وەڵامیم نەدایەوە.

نەنکـم وتـی: ئەمەیـان گۆرانە..سـۆران لەم گەورەتـرە و دەچێـتە خوێندن.

ژنەکە دەستی کردە ناو قووتوە چوکلاتەکە ویستی چوکلێتیکم بداتێ نەنکم وتی: شیرینی مەدەرێ..لە بەیانییەوە دووجار داومەتێ.

ژنەکە وتی: لێگەڕێ با بخوا.

مێردی ژنەکە شەبقەکەی سەری لابرد و خستییە بان سەرمەوە و وتی: سەرت بۆ ئەوەندە بچووکە لەناو شەبقەکەم ونبووە...پاشان پێکەنی و گوتی: نا ئەوە سەری منە زۆر زلە.

منیش پێکەنیم ، ترس و شەرمم لەگەڵیان ڕەوایەوە..وتم: چەند ماڵێکی باشن.

ئنجا کابراکە وتی: میم کەتان نانت داوەتە گۆران..

نەنکم  وەڵامی دایەوە: خەمت نەبێت ئەم منداڵە وەک تۆ نەوسنە و بەشی خۆی خواردووە.

هەستم کرد نەنکم لەگەڵ خاوەن ماڵەکە وەک دۆست و ئاشنا ڕەفتار دەکات

لە دیار تەلەفزیۆنەکە دانیشتم و گوێم لە گۆرانییەکان دەگرت، لەزمانی گۆرانی بێژەکە تێنەگەیشتم.دام لە پرمەی گریان..گوتیان بۆ دەگری؟ گوتم من لەم گۆرانییە تێناگەم ئەوان بە پێکەنینەوە وتیان: قەینا کوڕم ئەوە بە زمانی تۆ گۆرانی نالێت! .

بەو منداڵییەم بیرم دەکردەوە دەمگوت: چیدەبوو ئەگەر هەموو مرۆڤەکانی دونیا یەک زمان ئاخاوتنیان بکردایە.

کاتێ نان دانرا کوڕە هەرزەکار و کچە کەیان هاتنە ژوور، جانتای مەکتەبیان هەلدایە سەر کورسیەکان و دەستیان شۆری

و دانیشتن ، لەگەل دایک و باوکیان بە ئارامی نانیان خوارد.

لە بیرمە جارێکیان دایکم نیسکەوای لێنابوو، منیش خەزریم و گوتم من ئیلا نیسکەکەی دەستی نەنکم دەخۆم.بە دزی منەوە قاپێک نیسکیان بردە ژووری نەنکم وهێنانەوە..گوتیان: دە بخۆئەمەش نیسکی نەنە..ئەوەندە جوان خواردم تا ئێستاش خوشک وبراکانم گاڵتەم پێدەکەن.

پێش ئەوەی ماڵەکە جێبهێلین بینیم نەنکم هەرچی بەرماوەی خواردن هەبوو بە جوانی خستیە ناو قاپە پلاستیکەکەی ئنجا لە ناو بوخچەکەی پێچایەوە.

لەم کاتە کورە هەرزەکارەکەی ماڵەکە تۆپێکی (تۆپی پێی) بە دیاری داپێم..کە لە ولاتانی دەرەوە باوکی بۆی هێنابوو..منیش لە خۆشیا تۆپەکەم توند لە باەوش گرت..دایکی کورەکە هات و دووبارە لەباوەشی کردم و چەند دلۆپە فرمێسکێک بە چاوەکانی ڕژانە خوارێ.

لە ڕێگا لە خۆشیا نەمدەزانی چبکە م ئەوەندە پەلەم بوو بگەمە هاوڕێکانی گەڕەک تا ئەم تۆپە جوانەیان پیشان دەم..کەمێک دەترسام دەمگوت: زۆر جوانە تۆ بلێی بتەقێ..ئاخر ئێمە بە تۆپی لاستیک یاریمان دەکرد.تەنانەت تیپی گەڕەکش تۆپێکی ئاوا جوانیان نەبوو تا یاری پێبکەن.

لە نەنکم پرسی: نەنە بۆچی ژنەکە گریا..

وتی: لەبەرئەوەی کوڕێکی هاوتەمەنی تۆی هەبوو ( دووربێت خوایە ) لە حەوزی مەلەوانەکە خنکا!

:-بەس ئەو ژنە بۆنی دەکردم.ماچی دەکردم خۆ من کوڕی ئەو

نیم ؟!

نەنکــم وتــی: لەبەرئەوەی ئەو کراســەی بەرت هــی کــوڕە مردووەکەی  بوو!

:-کەواتە خەڵکی دەوڵەمەندش دڵتەنگ دەبن؟

نەنکم تووڕە و ماندوو دیار بوو..وتم: نەنە گیان بەخوا چیتر پرسیار ناکەم...بەس پێم بڵێ ئەوە پیاوەی ئەو ماڵە پیشەی چییە ؟

وتــی: کــوڕم ئەو هەمــوو تــانکیە مەزن و بــۆڕییە نەوتــانە دەبینی..ئەو کابرایە بەڕێوەبەریەتی!

من بیستبووم لە برا گەورەکەم کە قوتابخانە بەڕێوبەری هەیە، نەمــدەزانی ئەو ئــاگرە نەوتەی شــەوانە شــارەکەمی ڕونــاک دەکرد...بە ڕۆژیش پیسی دەکرد بەڕێوبەری هەبێت..بەڵێنمدا بە باوکم بڵێم تا ئەویش لە کۆمپانییەی نەوتەکە ئیش بکات، بەڵکو ئێمەش ببینە خاوەن کۆشک و ئۆتۆمبیلێکی سووری جوان!

کاتێک نزیک ماڵ و گەڕەک بوومەوە تۆپەکەم لەژێر فانیلەکەم شاردەوە.خوا خوام بوو کەس نەیبینێ!

بە دزیــیەوە لەگەڵ نەنکــم چــووینە مــاڵەوە.برا و خوشــکەکانم بەدوام کەوتــن وتیــان: دەزانــین ئەوە تــۆپە لە ژێــر فــانیلەکەت، دەریخە تا بە زۆر لێمان نەسەندوی.

منــیش بە گریــانەوە لێیــان دوور کەوتــمەوە.لەم کــاتە نەنکــم بوخچەکەی کردەوە  بۆنی چێشتەکە ماڵەوەی پڕ کرد.

بـرا و خوشـکەکانم لە مـن دوور کەوتـنەوە و وتیـان: ئەرەوەڵـڵا

نەنە خواردنی بەهەشتی لەگەڵ خۆی هێناوە..!

ئەمجارەیان نەچووم بەلای خواردنەکە چونکە هەموو شتێکم بۆ ئاشـــکرا بوو..چێشـــتەکە بەرمـــاوەی مـــاڵە دەوڵەمەنـــدەکان وکراسەکانشمان کۆنە جلی مردووەکان بوو!

تـۆپەکەم توونـد لە بـاوەش کـرد و چـوومە گەڕەک تـا لەگەڵ هاورێکانم یاری بکەم!

## پرسیارکردن و ماهییەتی پرسیار لە کورتە چیرۆکی " نەنکم (کەتان)" ی جەلال قادردا

چیرۆکـی نەنکـم (کەتـان) حەوتەمـین کـورتەچیرۆکی نـوێترین کۆچیرۆکی چیرۆکنووس جەلال قـادرە (١).چیرۆکنـووس هەوڵـی داوە لە زمـانی کـارەکتەرێکی منداڵەوە (گـۆران) بەسـەر پانتـایی نۆستالیژیا سەفەرێکی کورت، بەڵام پڕ مانامـان پێ بکـات بەرەو دوورگەکـانی حەقـیقەت.بەرەو تێگەیشـتن و فێربـوون، بەرەو ئەودیـــو دیـــوارە پەنهانەکـــان کە چـــاوی بینینـــی ئاســـایی نایبینێـت.گێڕەرەوە کە کەسـی یەکەمـی تـاکە لە عەوداڵییەتێکـی بەرفراوانـــدا دەژێت.کـــارەکتەری گێـــڕەرەوە  کە تەواو لەلایەن نەنکە(کەتـــانە)وە ســـەپۆرت دەکرێـــت، بە پرســـیار ئـــابلۆقە دراوە.پرسـیارەکانی کـارەکتەرەکە پرسـیارگەلی تـایبەتی نـین کە بەربەســتی بــایۆلۆژی و ژینگەیــی ڕێگــر بــن لە گەیشــتن بە وەڵامەکـانی، بەڵکـو پرسـیارەکان گشـتین، کـۆمەڵایەتین، هەمـان خەون و خولیـای بـرا و دایـک و بـاوک و کەسـوکار و خەڵکـی گەڕەک و شـــار و وڵاتە.بەڵام چیرۆکنـــووس هـــاتووە لەزمـــانی

منـــداڵێکەوە پرســـیارەکان دەوروژێنێــت کە بــایەخی ســـتاتیکی دەقەکە دەباتە ئاستێکی بەرز کە خوێنەر دەگیری چێژلێوەرگرتن دەکات.هەڵبژاردنی منداڵێکی هەشت نۆ ساڵیی بۆ پرسیارکردن ڕەنگە چەند هۆکارێکی لە پشتەوە بێت.

یەک: لەڕووی بایۆلۆژییەوە (گۆران)ی حیکایەتخوانی چیرۆکەکە نەگەیشــتۆتە ئاسـتی بــالقبوون و توانــای درککردنــی لەئاسـتی پێویستدا نییە.ئەو هێشتا لە جیهانی منداڵی خۆیدا دەژێت، بۆیە ئـازادە چـی دەپرسـێ و چـۆن دەپرسـێ، بێئەوەی سانسـۆرێکی کـــــۆمەڵایەتی لەســــــەر بێــــت.ئەمەش مانـــــای وایە هـــــیچ بەرپرسیارییەتێک لە پرسیارکردنەکانیدا نییە.

دوو: نۆســتالیژیای کــردۆتە پردێــک بــۆ خــۆ داتەکانــدن لە هەر ئینتمـایەکی ئایـدیۆلۆژیی کە سبەینێ وەک ئایدێندتی دەقەکـان و نووســەری پــێ بناســرێتەوە.کەچی لەگەڵ ئەوەشــدا ســێبەری ئایـــدیۆلۆژیا بەســـــەر دەقەکەوە دەبینرێـــت.واتە دەقەکە بـــێ ئایـدیۆلۆژیا نییە.پرسـیارە ئاشـکرا و شــاراوەکانی کــارەکتەرە منـــداڵەکە گەلـــێ ئاماژەیـــان تێـــدایە کە دەتـــوانین بە ئامـــاژەی چینایەتی ناوزەدیان بکەین.

ســێ: منــداڵ هەڵبژاردەیەکــی گونجــاوە تــا تــرس و شـــەرم لە پرسـیارەکانی بئاڵێنێت.ڕێگری لێبکرێـت و هەنـدێجاریش لەســەر پرســــــیارکردن ســــــزا بـــــدرێت کە ئەمە لەگەڵ مرۆڤـــــی پێگەیشتو(بالق)دا ناکرێت.

لەم گۆشـــەنیگایەوە هەوڵـــدەدەم شـــڕۆڤەیەکی ڕەخنەیـــی بـــۆ پرسیارەکانی حیکایەتخوان بکەم و مانای پرسیارەکان لە کۆدی ململانێی کۆمەڵایەتی ناو چینەکانی کۆمەڵگەوە بخوێنمەوە.

" **لەسـەردەمی منداڵیم بە پرسـیارکردن هەمـوو کەسـێکم بێزار دەکــرد.**" (٢) ئەمە ئەو ڕسـتەیە کە ئەرکـی دەروازەی گرتـۆتە ئەسـتۆ.ئەمە هەر خۆناساندنێک نییە، یان ئاشنا کردنی خوێنەر نیـیە بە ڕابـردووی حیکـایەتخوان، بەڵکـو کێشـکردنی هۆشـی خـوێنەرە بـۆ ئامـانجە کـۆمەڵایەتییەی کە چیـرۆکەکەی لەپێنـاودا خوڵقاوە.کارەکتەری نەنکە(کەتان)یش هەڵبژاردنێکی گونجـاوە بـۆ ئەو کــارە وەک ســەپۆرتێکی تەکنیکــی لەپێنــاو گەیشــتن بە ناوەڕۆکی مەبەست.

یەکێک لە هونەرەکانی ڕازاندنەوەی ستراکتۆری چیرۆک بـریتییە لە هەڵبژاردنــی کــارەکتەر و ماتریــاڵی گونجــاو بــۆ شــوێن و مەبەســتی گونجــاو.جەلال قــادر لەڕێــی هەڵبژاردنــی تەکنیکــی گونجـاو باڵادەسـتی خـۆی لە داڕشـتنی سـاختمانی چیـرۆکەکە دەنەخشــێنێ.ئەو هەر بەوەشــەوە ناوەســتێ، بەڵکــو دێــت کارەکتەرەکەی لە پرسیارکردن هەڵدەکێشێ.

**وەک لە بیرم بێت پرسیارەکانم دەربارەی ماڵە دەوڵەمەندەکان بوو.دەمگوت: دەبێ ڕەنگیـان چۆن بێت و منداڵەکانیان بە چـی یاری کەن؟**(٣) ماناکانی پرسـیارکردن لە چیرۆکی نەنکم کەتـان هەڵگری چەنـد ئامـاژەیەکن، لەوانە مەغزای چینـایەتی و ئامـانجی کــۆمەڵایەتی.ئەم ئامــاژە چینــایەتییە کۆمەڵایەتییــانە زیــاد لە جێگایەک و زیاد لە بۆنەیەک لە چیرۆکەکە نیشـان دراون.چونکە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەتی پرسیارەکانی منداڵ لەژێر چەپۆکی " وسبە، بێدەنگ بە، قســــە مەکە، پرســــیار مەکە، بیبــــڕەوە، مێشــــکت بــــردم"

دایە.ئینســـــانەکانی ڕۆژهەڵات کاتیـــان بـــۆ منـــداڵەکانیان و پەروەردەی تەندروست و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان نییە.

**وتم: نەنە ئێرە بەهەشتە؟**

**ئەی پێنەگەی..پێمنەگوتی چیتر پرسیار مەکە.**(٤)

یان

**ئەی نەنە بۆ ئێمە هیچ وێنەیەکمان نییە لە ماڵەوە؟**

**- نەمگوت چیتر پرسیار مەکە!**(٥)

سـەرکوتکردنی کـارەکتەری پرسـیارکەر، گەرچـی نائومێـدییەکی بەرفراوان بۆ منداڵەکە دێنێتە ئاراوە، لەهەمـان کاتیشـدا لەڕووی دەروون شیکارییەوە منداڵەکە دووچاری توند و تیژی و بێڕێزی و دوایـیش کـائینێکی شـەرمن و ترسـنۆک و کە گەورەش دەبـێ یان مرۆڤێکی بێدەسەڵات یان جەللادی لێدەردەچێ.

لە چیرۆکی نەنکم (کەتـان)دا، سـتایڵ یـان میتـۆدی پرسـیارکردن یارمەتیدەرێکی باشە بـۆ خـۆدزینەوە لە خسـتنەڕووی زانیـاری و چوونە ناو وردکاری هەندێ بـابەت و پرسـەوە کە چیرۆکنـووس دووچـــاری بەرپرســـیارییەتێکی بەرفـــراوان بکات.نازانرێـــت چیرۆکنـووس چەنـد ئاگایـانە ئەم سـتایڵەی بەدەسـتەوە گرتـووە، بەڵام هەرچۆنێـک بێـت دەسـت بـۆبردنێکی باشـە بـۆ چنینـی ڕووداوەکانی نێو دەقەکە.شانبەشـانی پرسـیارەکانیش کە سـیانزە پرسیاری ئاشکرا و چەند پرسیارێکی نهێنین، هەندێ لە پرسیارە نهێنییەکـــان بەشـــێوەی مەزەنـــدە یـــان (Wonder) خـــراونەتە ڕوو.سروشـتی پرسـیارەکان و مـاهیەت و ماناکانیـان دەکـرێ لە چەند خاڵێکدا ڕوون ببێتەوە.

یەک: مـــاهیەتی پرســـیارەکان مـــاهیەتێکی کـــوڕانە یـــان نێرانەیە.پرسیارەکان کچانە یان مێینە نین.چونکە چارەنووسی ئینسانەکان لە ڕۆژهەڵات بە هەندێ فاکت و کلتوور و ئایین و دابونەریـــت بەســـتراوەتەوە.ئەو هەلەی لەژیـــان بـــۆ کوڕێـــک هەڵـدەکەوێ لە هەڵسوکەوت، بـۆ کچێـک نـایەتە دی.بـۆیە کە (گۆران) دەبێتە کارەکتەر و گێڕەڕەوەی چیرۆکەکە بەم حوکمی واقـیعە سیاســـی و کـــۆمەڵایەتییە بـــووە نەک بە ئـــارەزووی نووسـەر.ئەگەر لە بری گۆران خوشکێکی گۆران بوایە دیارە ڕێـــڕەوی پرســـیارەکان بە جـــۆرێکی تـــر دەبـــوو و مـــاهیەتی پرسیارەکانیش ڕەنگە پڕ بوونایە لە بەزەیی و فرمێسک و ئاکتی مێینانە.

دوو: پرســـــــــــیارەکان ئاگایـــــــــــانەن و لە نەســـــــــــتەوە هەڵدەقووڵێن.سروشتی پرسیارەکان خۆڕسکیی نین، ئەوەندەی پـلان و نەخشـەی داڕێـژراوی لەپشـتەوەیە.ئەمە خـاڵی بەهێـزی دەقەکەیە کە نووســـەر بـــاڵا دەســـتی خـــۆی تیـــا بە خەرج داوە.باکگراونـــدی نووســـەر و بنەماڵەکەیـــان و جێگاوڕێگـــای چینـــایەتی نووســـەر لە کـــۆمەڵگە ئەو دەرفەتەی بـــۆ نووســـەر خولْقاندووە کە بکەوێتە سۆراغی هەقیقەتە تاڵەکانی ژیان.بۆ ئەم مەبەستەش ئەدەب ئەو مەیدانەیە تا ئەم ئەزموونەی تیا تاقی بکرێتەوە.

سێ: پرسیارەکان بە دیوارێک لە ترس دەورە دروان.کارەکتەر بە هـــۆی کەم تەمەنـــی لەلایەک و تـــامەزرۆیی لەلایەکـــی تـــر ڕووبەڕووی تـاقیکردنەوەیەکی قـوورس بـۆتەوە تـا ئەو بەڵێـنە بهێنێتە دی کە بە نەنکی داوە.ئەویش پرسیارنەکردن و ئاقڵ

بوون و بێعاری نەکردن و بزێو نەبوونە.ئەم بەڵێنە بۆ ئەوەی لە تامی چوونە (بەهەشت)ی نەکا، جۆرە ترسێک و وریابوونێک لە پرسیار کردن و تەنانەت قسەکردنی (گۆران)یش لە ئارادایە کە بۆتە چوارچێوەیەک بۆ ئازادی ئەو کارەکتەرە.ئەم ترسە ترسێکی جوانە چونکە گواستنەوەی واقیعی تاڵی ژیانی منداڵێکە کە خەون بە خۆشی و جوانییەوە دەبینێت.

چوار: هۆکارێک بۆ زانینی زانین و فێربونی شتە نەزانراوەکان، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی کارەکتەرە سەرەکییەکەی چیرۆکی ( نەنکم کەتان) لەنێو دەریای پرسیارکردندا سەوڵ لێبدات.(گۆران) لەم سەفەرەیدا لەگەڵ نەنکی کەتان تووشی شۆک دەبێت و بە نیمچە ڕاستەوخۆیی ئەو شۆک بوونە نیشان دراوە.سەرسوڕمان و ئەبڵەقبوونی کارەکتەر بەهۆی بینینی شتە غەریب و سەیر و نامەئلوفەکانەوە، بەڵگەی ئەوپەڕی بێئاگایی کارەکتەرە لە جیهانێک کە ئاساییە بۆ چینی بورژوازی و لەلای کارەکتەرە کەمان و هاوچینانیشی بەهەشتە بە هەموو مانای خولیا و ئارەزووەکان.

بەم پێیە دەبینین پرسیارەکان بە ڕێڕەوێکدا گوزەر دەکەن کە پێویستیان بە هەندێ ئاسانکاریی هەیە تا بگەنە شوێنی مەبەست.بۆ ئەم مەبەستەش نووسەر هاتووە تەواوی تەکنیکی خستۆتە خزمەت ئەو ئامانجەوە.شێوازی حیکایەتخوان و گێڕانەوەی چیرۆکەکە تا بڵێی سادە و ڕاستەوخۆیە.ئەم جۆرە ڕاستەوخۆییە گەرچی لەلای نوخبەی ڕەخنەگران و نووسەرانی بورژوازییەوە بە ئاریش ناو زەد دەکرێ، بەڵام بەپێچەوانەوە لای من هۆکارێکی دواندن و گفتوگۆی نووسەرە لەگەڵ

خەڵکانێـک کە تـا ئێسـتاش نـامۆی بە نـاوەڕۆکی کـۆمەڵایەتی بەرهەمەکـانی نـوخبە.ئەم خـاڵە نەک خـاڵی لاوازی نیـیە، بەڵکـو خـاڵی بە هێـزی لێـوە هەسـتانی نووسـەرە بەرەو تێکشـکاندنی ئاسـتەنگەکانی نـوخبەی بـورژوازی و گەڕانەوە بـۆ لای هاوچینەکـانی.ئەم سـتایلە لە گێـڕانەوە سـتایلی ڕیـالیزمە.دامەزرێنەرانی ئەم مـۆدێلە گـرەوی سـەرکەوتنیان گەڕانەوە بـووە بـۆ ئینسـان.من سـەرنجم داوە سـتایلی چیرۆکنـووس جەلال قـادر بە بێ گەڕانەوە بـۆ ڕەگەز و تـوخمە تەکنیکییەکانی تری ئەدەبی گێڕانەوە، هەر بەوەندە قایل بووە کە ئامانجەکەی بهێنێتە دی، ئەویش گەیاندنی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی دەقەکەیەتی بە خوێنەر.

زمـانی چیـرۆکەکە سـادەیە، بـێ پـێچ و پەنـا و بـێ گەمەیە.تـا ئەنـدازەیەک لە زمـانی سـادەی ڕۆژانەی خەڵـکەوە نـزیکە.ئەمەش یـانی نووسـەر لە زمـانی ئاسـایی نووسین لە هەندێ پەرەگرافدا دوور دەکەوێتەوە و پەنا دەباتە بەر شێوازی ئاخـافتنی ڕۆژانە و سەرجادە.ئەم جۆرە شیفت گۆڕینەی زمان هەندێجار پێویسـتن و زۆرجـاریش ئاریشـەن.چیرۆکنووس ئەگەر هەوڵ نەدات زمـانی نووسینی بباتە ئاستێکی بەرز، ئەوا لە ڕێی دەقەکانییەوە نـاتوانێ ئەو چێژەی هەیـانە ببەخشێت بە خـوێنەر.من ئەوەم لا ڕوونە کە زمـانی کارەکتەرەکـان هەمـان زمـانی جێوشـوێنی کـۆمەڵایەتی و ئابووریـیـانە.بەڵام ئەوەی مـن باسـی دەکەم خەوشـێکە بە نووسینی چیرۆکنووسـەوە و پێویسـتە کـاژی لاوازی زمـان فـڕێ بدات و توانای زمانی نووسینی بەرێتە سەر.

مەغزای چیرۆکەکە هەر بەراوردکردنێکی سادە نییە لە نێوان دوو دونیای جیاوازدا، لە نێوان ئازارستان و بەهەشت، بەڵکو پەنجەخستنە سەر لایەنە شاراوە و جوانییە پەنهانەکانی جیهانێکە کە بۆ حیکایەتخوان وەکو خەوێک وایە و زوو دەبڕێتەوە." **لە دڵی خۆمدا وتم: کەواتە لەسەر ئەم زەوییەش خوا بەهەشتێکی داناوە بەس ئێمە تا ئێستا نەماندۆزیوەتەوە."**(٦) حیکایەتخوان (گۆران)ی منداڵ کە هەر چیرۆکنووسیشە دەسەڵاتی هەبێ لەو بەهەشتە نایەتە دەرەوە.بەڵام هەم ناچاری و هەم پێویستی دەری دەکەنە دەرەوە و فڕێی دەدەنەوە جیهانە پڕ لە قوڕ چڵپاوەکەی خۆی کە تاموچێژێکی تایبەتی بۆ منداڵ تێدایە.ئەو تاموچێژەی کە بەشێکە لە کۆی جوانی و یادەوەری گێڕەرەوە.

سەبارەت بە کورتەچیرۆکی " نەنکم (کەتان)" دەتوانم بە کورتی خوێندنەوەی خۆم بە چەند خاڵ نیشان بدەم "

یەک: ستراکتۆری ئەم چیرۆکە لەسەر پرسیارکردن وەستاوە.پرسیار بۆتە پردی گەیشتن بە مەبەست.لەڕێی پرسیارکردنەوە پرۆسەی گەڕان بەدوای زانین و زانیاری و تەقەللای بەدەستهێنانی نهێنییەکانی ژیان دەست پێدەکات.ئەم چیرۆکە هەوڵدانێکە بۆ نیشاندانی جیاوازی چینایەتی کۆمەڵگەی چینایەتی کوردستان و پەنجە خستنە سەر خەون و خولیای مرۆڤە بۆ ژیانێکی باشتر و جوانتر.

دوو: زمانی چیرۆکەکە سادە و ڕەوان و بێ پێچ و گەمەیە.جگە لەو ئاخاوتنە ڕۆژانەییەی (گۆران)ی منداڵ کە دواتر دەبێتە چیرۆکنووس و نەتوانینی تێپەڕاندنی ئەو شێوە ئاخاوتنە لە

نووسینی دەقدا.نووسەر وابەستەیە بە نووسینی ستاندارد، بەڵام لەزۆر جێگـادا لە زمـانی کارەکتەرەکـانەوە ئەو وابەسـتەیە فەرامۆش دەکات و پەنا دەباتەوە بۆ شێوە ئاخاوتنی ڕۆژانەیی یان بازاڕی کە هەندێجار پێویستن و هەندێجاری تریش پێویست نین و دەبنە بار و خاڵی لاواز بەسەر زمانی نووسین.

سـێ: بەدەسـتەوە گرتنـی سـتایڵی گێـڕانەوەی ڕاسـتەوخۆ پەلکێشکردنی خوێنەر بۆ جیهانی چێژ، گرەنتی دەستڕەنگینی نووسـەر نیشـان دەدات لە گەیانـدنی نـاوەڕۆکی کـۆمەڵایەتی دەق.ئەمە جـگە لە هەڵبژاردنـی گونجـاو و دەسـتبردن بـۆ مەتریاڵاکـانی ڕازانـدنەوەی چنینـی دەق و بە ڕوون نیشـاندانی مەبەستی کۆمەڵایەتی دەق.

چوار: ئینتمـای دەق نـاکەوێتە دەرەوەی ئینتمـای ئایـدیۆلۆژیا و هەرچەندە نووسەر ناچار نییە و نەبووە خۆی بە ئایدیۆلۆژییەک ببەستێتەوە.بەڵام تا ئەو جێگەیەی کە خزمەت بە ئینسان دەکات، لەڕێگەی ئامـاژەوە دەیتـوانی هەنـدێ ڕۆشـنایی بخسـتایە سـەر پەیوەندی ڕێڕەوی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان.بەڵام کۆتـایی هـاتنی چیرۆکەکە خۆی وەڵامـی یەکێک لە پرسـیارە مێژووییە گرنگەکانە.

پێنج: ئامڕازەکانی ڕەخنە و ڕەتکردنەوە لەم چیرۆکەدا بوونیان نییە.بەمەش زیاتر وەکو فۆتۆگرافەرێک کاری کردووە نەک زمـانی ئامـاژە بکـاتە ئەلتەرنـاتیف.مۆتیڤی جـوولەی ڕێـڕەوی ڕووداوەکـان لەم چیـرۆکەدا بە جـۆرێکە نووسـەر سەربەسـتی داوەتە کارەکتەرەکـان و نەیویسـتووە کێشـیان بکـاتە نێـو بەرپرسیارێتییەوە.بە بۆچوونی من ئەمە هێڵی جیاکەرەوەی دەق

و نووسەرە لە دونیای واقیع.یان بە وشەیەکی تر ئەمە شوێنی ونبوونی ئایدیێندتی دەق و نووسەرە.

شەش: ماهییەتی پرسیارەکان کە چنینی ڕووداوەکانی لەسەر بەندە ڕەگەزی نێرینەییان هەیە و بە ترس و شەرم دەورە دراون و لە نەستەوە هەڵدەقوولێن و ئامانجیش دەستڕاگەیشتنە بە زانین و نهێنییە نەزانراوەکان.ئەمەش دەرخەری باری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و هەروەها چینایەتی کارەکتەرە.

دواجار چیرۆکی (نەنکم کەتان) ی جەلال قادر دەکرێ لەچەند لایەن لێی بکۆڵدرێتەوە و لە چەند گۆشەنیگای جیاوازەوە تەماشا بکرێت.دەشێ ڕەخنەگرێک تەنها ناوەڕۆک بخوێنێتەوە و کەسێکی تر تەکنیک هەڵسەنگینێ یان زمانی چیرۆکەکە بداتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.من تەنها پرسیارم هەڵبژرادووە و لایەنەکانی پرسیارکردن و ماهییەتی پرسیارەکانم خوێندۆتەوە.نووسەر لەڕێگەی ئەم چیرۆکەوە ئەوەمان پێدەڵێ کە کۆمەڵگە دوو چینە و شێوازی ژیانی ئەم دوو چینە جیاوازن.کەمینەیەک لە خۆشگوزەرانی دەژێت و زۆرینەی خەڵکیش لە ژیانێکی فەلاکەتبار و مەینەتباردا دەژین.حەز و خولیای خەڵک ئەوەیە ئەو خۆشگوزەرانییەیان بۆ دەستەبەر بکرێ بەڵام نە ئاماژەی پێ دەکا و نە پێمان دەڵێ چۆن؟

حوزەیرانی ٢٠١٧

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١-پشیلەکەی بریژێت  جەلال قادر کۆچیرۆک چاپی یەکەم چاپخانەی کارۆ ٢٠١٧.

٢- پشیلەکەی بریژێت  جەلال قادر کۆچیرۆک چاپی یەکەم چاپخانەی کارۆ ٢٠١٧ لاپەڕە ٥٦.

٣ -هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٦.

٤-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٧.

٥-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٦١.

٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەکانی ٦٣ و ٦٤.


تێبینی: ئەم نووسینە لە گۆڤاری هانا ٤ ی ژمارە  ساڵی ٢٠١٨ بڵاوبۆتەوە.

# شانۆگەری مانگرتن

دەقێک کە ناکرێت ئاوڕی لێنەدرێتەوە!

حوزەیرانی ٢٠٢٠

شـــانۆگەری مـــانگرتن لە نووســـینی مـــحەمەد عەبـــدولڕەحمان زەنـــگەنە(١) و چـــاپ یەکەمـــی ســـاڵی ١٩٧٩ لە بەغـــدا چـــاپ بووە.نووســـەر لەم دەقەدا کۆشـــاوە لە تێڕوانینێکـــی مارکســـییەوە گرنگتـــرین ڕووداو، (مـــانگرتنی کرێکـــارانی گاوربـــاغی لە ســـاڵی ١٩٤٦)(٢) مـــــان بـــــۆ وێنـــــا بکـــــات و بە دەرئەنجـــــامێکی ڕەزایەتبەخشەوە خوێنەر بەرەو دەروازەی مێژوویەک ببات، کە گاریگەرییەکانی تا ئەم دووایییانەش لەسەر ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشـــی عێـــراق و کەرکووکـــدا مابۆوە.میتۆدێـــک کە لە نووســـــــینی ئەم دەقەدا بەکـــــارهێنراوە، میتـــــۆدی ڕیـــــالیزمی سۆشیالیســـتییە و نووســـــەر لەو گۆشـــەنیگایەوە توانیـــویەتی بمانبـاتەوە سـەردەمێک لە خەبـاتی کرێکـارانی کۆمپانیـای نەوتـی کەرکـــووک.ئەو گەرچـــی ڕاســـتگۆیانە هەوڵیـــداوە تێڕوانینـــی مارکســـیزم بکـــاتە ســـەکۆی لێوەهەســـتانی پرۆســـەی نووســـینی دەقەکە، بەڵام نەیتوانیـوە خـۆی لە گەرد و تـۆزی سۆشـیالیزمی

ســـتالینیی قورتـــار بکـــات یـــان ئەو گەرد و تـــۆزە لە خـــۆی داتەکێنێ.دیارە ئەمەش ناکرێت ببێتە هۆیەک بۆ فەرامۆش کردنی دەقێکی کرێکاریی و شۆڕشگێرانە کە زیاتر لە چل ساڵە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە.

مانگرتن وەک ئاوێنەی باڵانوومای گاورباغی

نووسەر لەو بڕوایەوە دەستی بە نووسینی ئەم دەقە کردووە کە ئەدەب و هونەر دەبێت ئاوێنەی واقیع بێت، دەبێت ڕەنگدانەوەی ژیانی ئینسانەکانی نێو کۆمەڵگە بێت.**(ئەدەب و هونەر ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتییە)** (٣) و لەوێشـــەوە ئەدەب وهـونەر دەتـوانن ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆیان بگێڕن.محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە بابەتێکی هەڵبژاردووە کە ئیشکردن تیایدا قوورسە و پێویستی بە گەلـــێ زانیـــاری و مەعـــریفەی لەوەوپـــێش هەیە تـــا بتـــوانی ساختمانی دەقەکەی لەسـەر بنیاد بنێت.ئەو ڕەگەزانەی نووسـەر لە نووســـینی ئەم دەقە پشـــتی پێبەســـتوون بە بۆچـــوونی مـــن دەتوانم بڵێم ئەمانەن:

یەک: نووســـەر وەک لە ســـیاقی دەقەکەشـــەوە دیـــارە جـــوان باکگواندنی کرێکارەکانی ناسیوە و زانیویەتی ئەم کرێکارانە بەر لە کرێکاریبوون و بەر لەوەی وەک چینێکی نوێ خۆیان نمایش بـــکەن، جووتیـــار بـــوونە و لە پەیوەنـــدییەکی دەرەبەگـــایەتییەوە هاتوونەتە دەرەوە.

**فۆرمەن: حەمە گیان بۆ نازانی ئەم کرێکارانە چین...ئەتەکێت نازانن.بەڵام بارام فێری هەزار شتیان ئەکا.(٤)**

یان:

**ئاغـــا: (دەمـــانچەکەی دەرئەکـــا) بەرم دەن بـــا ســـەریان پـــان کەمەوە.(٥)**

یانیش:

**ئاغا: بیان کوژن..بیان کوژن.(٦)**

باگگراوندی کرێکارەکان جوتیارن و خەڵکی لادێن.دروست وابوو کاتێک کۆمپانیای ئای پی سی، کرێکاری دەویست و پێویستی بە هێزی کار بوو، دەچووە گوندەکانی نزیک کێڵگە نەوتییەکان و پەیوەندی دەکرد بە دەم سپی گوند ئیتر چ کوێخا بێت یان ئاغا و داوای ژمارەیەک کرێکاری لێیان دەکرد.کوێخاش لە پیاوانی ئاوایی ئەو ژمارەیەی دیاری دەکرد و دای دەمەزراندن.ئەمەش لە ڕاستیدا سەفقەیەک بوو لە نێوان ئاغا و کۆمپانیا.کۆمپانیا لە ڕاستیدا پیاوەکانی بە هەقدەستێک دادەمەزراند و لە واقیعیشدا نیوەی ئەو هەقدەستەی دەدانێ و نیوەکەی تری دەدایە ئاغا یان کوێخا.ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

ئەلف: لەبەر ئەوەی ئاغا یان کوێخا هێزی کاری بۆ پەیدا کردوون و سەرچاوەی دەستەبەرکردنی هێزی کاری هەرزان بوو.

بێ: ئاغا دەیتوانی کرێکارەکان کۆنترۆڵ بکات و ئاگای لێیان بێ و دژ بە بەرژەوەندی کۆمپانیا نەوەستنەوە.

لەمەش گرنگتر نووسەر سایکۆلۆژییەتی چینەکان و خەباتی چینایەتی ناسیوە.ئەم ناسینی سایکۆلۆژییەتەی خەباتی کرێکاران زۆر پێویستە بۆ نووسەری دەقێک کە سەر بە دونیابینی چینایەتی بێت.بارام ڕۆڵی ڕابەرێکی کرێکاری بەرچاو ڕوون

دەبینێت.حەمەشین ڕۆڵی خۆفرۆش و فۆرمەن ڕۆڵی پارێزەری بەرژەوەندی کۆمپانیا و ئاغاش ڕۆڵی پاراستنی ئەمنیەتی کۆمپانیا.ئەم دابەشکردنە ئارەزوومەندانە نییە، بەڵکو پۆلینبەندییەکی نێو جیهانی بەرژەوەندی جینایەتییە و ئەمەش وا دەکات دەق لەسەرکەوتن نزیک دەکاتەوە.

دوو: خوێندنەوەیەکی وردی خودی مانگرتنەکەی گاوربـاغی و بوونی لێکچوونێکی ورد لە نێوان دەقەکە و ڕووداوەکە.چ لە ڕووی داخوازییەکان و چ لە ڕووی نەخشەی ڕووداوەکان و چ لە ڕووی ڕۆڵی گرنگی ژنان لەو مانگرتنە، تا دەگات بە سەرکوتی چەکدارانە و قوربانییەکان و سەرنەکەوتنی مانگرتنەکە.(٧)

سێ: هۆشیاری نووسەر سەبارەت بە خەباتی ئابووری و سیاسی و تەنانەت مارکسیزم وەک دەربیجە و جیهانبینی ڕزگاری ئینسان لە ستەم و چەوسانەوە.

**کاوە: نرخی مرۆڤ (٢٠) دینارە.مرۆڤ بە نرخترین سەرمایەیە لە ژیاندا.**

**حەمەشین: ئەمە دونیایە هەروا بووە و هەر وا ئەروا.**

**کاوە: دونیا هەر وا بووە بەڵام هەروا ناڕوا..ڕۆژێک ئەبێ کرێکار گەورەی خۆی ئەبێ.(٨)**

یان:

**بارام: خوێندن و زانیاری شۆڕشێکە بەسەر سەرمایەداریدا.برایان ئەمەوێ هەمووتان فێری خوێندن بن، چونکە بە خوێندەواری بەسەریانا زاڵ ئەبن هەروا داواتان لێ**

**ئەکەم بە تەواوی دووژمنی خۆتان بناسن ئەوکات ئەتوانن بە تەواوی بەسەریانا زاڵ بن.(٩)**

محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە ئینتمای سیاسییەکەی هەرچییەک بووبێت ( کە دیارە شیوعی بووە) گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئینتما چینایەتییەکەیەتی.خاوەن هۆشیارییەکی سیاسی – چینایەتی بەرز بووە.نووسەر هۆشیارانە گرنگی خەباتی ئابووری ناسیوە و لەوێشەوە بە خەباتی سیاسی کرێکارانەوەی گرێ داوە.ئەم گرێدانە توانیویەتی دەقەکە لە دەقێکی ئیکۆنۆمیستییەوە بکات بە دەقێکی سیاسیی.ئەمە گرەوی بردنەوە و سەرکەوتنی دەقی شۆڕشگێرانەیە لەڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییەوە.

**بارام: با بڕوخێ پاشایەتی و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان**

**هەمووان: بڕوخێ...بڕوخێ...بڕوخێ.**

**بارام: بۆ دووژمنی نالەبار نابینە داری بەردار**

**هەموان: بۆ دووژمنی نالەبار نابینە داری بەردار**

**بارام: با بڕوخێ حوکمی شایەتی بۆگەن**

**هەموان: بڕوخێ...بڕوخێ...بڕوخێ.**

**دادگەر: دەریان کەنە دەرەوە.(١٠)**

ئەمە ئەو ڕەگەزەیە کە مارکسیزم لە ترۆدۆنیزم و ئیکۆنۆمیستەکان جیا دەکاتەوە و لێرەشەوە سیفەتە شۆڕشگێرانەکەی مارکسیزم بەدیار دەکەوێت.

چوار: هونەری تەکنیک و هەڵبژاردنی جووڵە و دەنگی گونجاو و سەرەنجام هێنانە دەرەوەی دەقێک یان باشتر بڵێم خولقاندنی

واقیعێکـــی نـــوێ لەنـــاو واقـــیعە دراوەکەدا لەئاســـتێکی بەرز دایە.تەواوی دەقەکە لەسەر جووڵە و دەنگ ئەڕوات بەڕێوە و بێ بەشداری ڕەگەزەکانی تری شانۆ وەک (مۆسیقا و ڕووناکی و زمانی جەستە و تاد).ئەمەش ئەگەر لەلایەکەوە سادەییەکی پێوە دیار بێت، ئەوا لەلایەکی ترەوە دەرخەری توانایی نووسەرە.

## ژنان و ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی ژن

لە دەقی (مانگرتن)دا هەروەک لە واقیعی گاورباغیشدا وا بووە، بەشـــداری ژن ڕۆڵێکـــی گەلـــێ کـــاریگەری بینیـــوە لە گـــۆڕینی ئاراســـتەی ڕووداوەکـــان و تەنـــانەت لە بەدەســـتهێنانی ئەنجـــامی جیـــاواز.نیزامی ســـەرمایەداری ســـتەمی ژنـــی وەک ســـتەمێکی ئەزەلی و ئەبەدی نیشان دەدا و هەوڵ دەدات ژنـان وەک (ناقص العقل) و (عورة) و شتی تری بێمانا وەسف بکات.لە کاتێکدا ژنان نیوەی کۆمەڵن و ئازادی هیچ کۆمەڵگەیەک بێ ئازادی ژنـانی ئەو کـــۆمەڵگەیە مەیســـــەر نابێـــت.لەم دەقەشـــــدا نووســـــەر لە ڕێگەی(گوڵزار)ەوە وەک کچە لادێیەک سەرەتا لەگەڵ مەریوانی دڵخوازیدا وەک عاشقێکی سادە وێنا دەکات و دوایی دەبینین گـــوڵزار لەو دۆخە ســـادەییەوە دەچێـــتە دەرەوە و دەگـــۆڕێ بە ژنێکی خاوەن هەڵوێست و شۆڕشگێڕ.

**(دەنگی کچە لادێی یەک لە دەرەوە)**

**گوڵزار: مەریوان..مەریوان..مەریوان.**

**مەریوان: ئەمە دەنگی گوڵزاری ئامۆزامە.(١١)**

تا دەبینین لە کۆتاییدا گوڵزار دەڵێ:

**گوڵزار: دەرم مەکەن، ئەمەوێ ئامۆزاکەم ببینم بزانم چۆن دژی ئێوەی بەکرێگیراو قسە ئەکا.( پۆلیس دەری ئەکاتە دەرەوە) لەناو هۆڵی دادگا ئەڵێ: مەریوان لە مردن ناترسێ و هەتا هەتایە نابەزێ.(١٢)**

لێرەدا خوێنەر هەقی خۆیەتی بپرسێت: ئایا ئەم گۆڕانە لە گوڵزار چۆن ڕوویدا؟ چی وای لە گوڵزار کرد لە لادێیەکی سادەوە بگاتە ئەو ئاستەی بچێتە ناو دادگا و لە بەرەی کرێکارانەوە دژ بە دادگا قسە بکات و ڕۆڵ بگێڕێت؟ بەتایبەتیش کە گوڵزار کە لەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و داب و نەریتەوە هێشتا کچ عازەبە و شووی بە مەریوان نەکردووە.ئایا خوێنەر بۆی نییە ڕووی دەمی لە نووسەر بکات و بڵێ: ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی نیمچە دەرەبەگایەتیدا دەژین و ئەم بازدانە لە دۆخی بیرکردنەوەی گوڵزار دوورە لە واقیع و ڕاستییەوە.ژن حیسابی مرۆڤی پلە دووی بۆ کراوە و پاشان خێزان هەیە و خێزانیش ڕۆڵی کۆت و بەند دەگێڕێت و پاشان سیستەم هەیە و ئاغا و دەست و پێوەندەکانی هەن.لەنێو ئەو تەلبەندە دڕکاوییانەی داب و نەریت و ئایین و کلتووری دوواکەوتووانەی سیستەمی دەرەبەگایەتی ئازادبوونی کچێک نزیکە لە مەحاڵییەوە.

## چەن ئاریشەیەکی دەقەکە

ئاریشەکانی ئەم دەقە زۆر بەکاڵی دەبینرێن و بەچڕی خۆیان نمایش ناکەن.بۆیە ئەگەر بەوردی سەرنجی نەدەی ڕەنگە درک

کردنیان ئاسان نەبێت.بەڵام گرنگە بزانین ئەو ئاریشانە چین و چ کاریگەرییەکیان هەیە بەسەر دەقەکەوە.بەلام منەوە ئاریێشەکان ئاوا دەبینرێن.

یەک: خێرایی ڕووداوەکانی ناو دەقەکە وای کردووە بۆشاییەک دروست بێت لای خوێنەر.لە کاتێکدا نووسەر دەیتوانی بە چەند حیوارێک یان بە زیادکردنی پەردەیەک بەشێکی بەرچاوی ئەم خێراییە کەم بکاتەوە و بەرچاوڕوونی زیاتریش بداتە خوێنەر تا لە پەیامی کۆمەڵایەتی دەقەکە زیاتر نزیک ببێتەوە.

دوو: لە دیدگای مارکسیزمی ئەرسەدۆکسەوە نەنووسراوە و سێبەری سۆشیالیزمی ستالینی بەسەرەوەیە.ئەمە گوناهی نووسەر نییە چونکە ئەو ڕێبازە وەک ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری لە دوای ساڵی ١٩٣٤ەوە لە ناوەڕۆکە شۆڕشگێرانەکەی خۆی بەتاڵ کرایەوە و لەبری بەهێزکردنی ئینتمای چینایەتی بۆ خەباتی چینایەتی، ئینتمای سیاسی بۆ یەکێتیی سۆڤییەتی جاران بەهێز دەکرد.محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە بێ ویستی خۆی و دوور لە ویستی خۆی سەر بەو ڕێبازە بووە.

سێ: شێوازی هێنانی ڕۆڵی ژن لە دەقەکە نا لۆژیکییە و چلۆن لە ناوەڕاستی دەیەی چلەکانی سەدەی ڕابردوو کچێک دەتوانێت بەتەنیا بچێتە ناو کەمپی ئیشکردنی کرێکاران؟ با گوندەکەشیان نزیک بە کۆمپانیا بێت.هەرچەندە دەزانین کچانی لادێ جۆرێک سەربەستتر بوون لە کچانی شار، بەڵام قەید و بەندی کۆمەڵایەتی ڕێگرە لەو پەیوەندییە و تەنانەت گەشە و بەرەوپێشچوونی گوڵزار لە کچێکی سادەوە بۆ کچێکی شۆڕشگێر لەو ماوە کەمەدا جێگای بڕوا نییە.

چوار: حەمەشین(جاسووسەکەی کۆمپانیا) وەک چێشتلێنەرێک کە هەرچەند خۆی کرێکارە و سەر بە بەرەی کۆمپانیایە، بەڵام ئەو دووژمنایەتییە سەرسەختەی دژ بە کرێکاران نا واقیعییە و تەنانەت لەخاوەن کار و کۆمپانیاش خراپیتر و زیاتر ڕقی لە کرێکار دەبێتەوە و دژایەتییان دەکات.

**حەمەشین: ئەوانە کێن بە پەنجەیەک هەموویان ڕاست ئەکەیتەوە و لەناویان ئەبەی.(١٣)**

یان

**حەمەشین: ڕاست ئەکەی بەخوا ڕاستە ئەگەر تۆ نەبی ئەمانە پیاو ئەخۆن.یاخوا داری تۆ هەر لەسەر پشتیان بێ.(١٤)**

یان:

**حەمەشین: من گیانێکم هەیە هەموویان ئەهێنێ..ئەوان کێن..وەکوو کرمن.(١٥)**

پێنج: کەشوهەوای ناو دەقەکە بەتایبەتی پەردەی دووەم کە بەفرێکی زۆر باریوە.

**حەمەشین: حەوت شەو حەوت ڕۆژە بەفر ئەبارێ تەنانەت زەویش دیار نییە باشە زەوییەکە چی لێ هات؟ ئەم ئەم دێ ئە ناوی جی یە؟ ئۆف ف ف ف.(١٦)**

وەک دەزانین شوێن لە دەقەکە بریتییە لە شاری کەرکووک و دەوروبەری.هاوین کرێکارەکان کاریان کردووە و عەجەب حەمەشین بەم بەفر بارینە نازانێت ئەم دێیە ناوی چییە؟ پاشان کەی لە کەرکووک حەوت شە و حەوت ڕۆژ بەفر باریوە؟ ڕەنگە

ڕۆژێ یـان دوو ڕۆژ بەفـر بارییبێـت، بەڵام بەمجـۆرە دووره لە واقیعەوە و زیاتر پێوەنانە.

## ئەنجام

سـەرەنجام دوای ئـاوڕدانەوەیەکی درەنـگ لەم دەقە کرێکـارییە، دەگەینە ئەوەی کە (مانگرتن)(١٨) دەقێکی شانۆیی کە گوزارشت لە ژیـان و واقیعـی ڕووداوێکـی مێـژووی گرنـگ (مـانگرتنی گاورباغی ساڵی ١٩٤٦) دەکات و هەوڵدانێکی سەرکەوتووانەشـە لەوێنـاکردنی ئەو ڕووداوە مێـژووییە گـرنگە.دەقەکە چەنـد ئاریشـەیەکی لەخـۆ هەڵگرتـووە و نووسـەر چـل سـاڵ لەمەوبەر لەگۆشـەنیگای ڕێبـاری ئەدەبی سۆشیالیسـتیی بـاوەوە دەقەکەی دارڕشـتووە و سـەرباری هەنـدێ کەموکـوڕی هـونەری و میتۆدۆلـۆژی، لایەنگیرییەکـی بەهێـزی بـۆ خەبـاتی چینـایەتی کرێکـاران تێـدا بەرجەسـتە بـۆتەوە و دەتوانرێـت بە دەقێکـی هـونەری مێژوویـی نـاوزەد بکرێـت کە وێـنەی لە بـزووتنەوەی ئەدەبـی کوردزمانـدا کەمە و هەر ئەم هۆیەشـە وا دەکـات ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیسـتیی نەتوانێت لا لەم دەقە ئەدەبییە نەکاتەوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١)محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری کەرکووک لە دایکبووە.لەساڵی ١٩٧١ ەوە نووسین بڵاو دەکاتەوە.چەندین بەرنامەی ڕۆشنبیری لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی عێراقدا ئامادە و پێشکەش کردووە.زیاتر لە ١٥ کتێبی لە بوارەکانی نووسین و وەرگێران ئامادە و بڵاو کردۆتەوە.

(٢)مانگرتنی گاورباغی (کرێکارانی نەوتی کەرکووک) لە ٤ی تەممووزی ١٩٤٦ زیاتر لە ٥٠٠٠ کرێکاری کۆمپانیای نەوتی کەرکووک لە باخچەی گاورباغی دەستیان دایە مانگرتن لەپێناو زیادکردنی کرێ و دەرنەکردنی بە کۆمەڵ و بەزۆری کرێکاران و بەدەستهێنانی مافی ڕێکخراوبوون و دانانی سندوقی بیمە بۆ نەخۆش و پەککەوتە و بەساڵاچووانی کۆمپانیا.ڕۆژی ١٢ی تەمموز هێزە چەکدارەکانی ڕژێمی پاشایەتی تەقە لە مانگرتووان دەکەن و ١٦ کرێکار دەکوژن و ٣٦ کرێکاری تریش بریندار دەکەن.( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (مجزرة کاورباغي موقع عراقيپيديا)

(٣)الفن و التصور المادي للتاريخ جورج بليخانوف ترجمة جورج طرابيشي دار الطليعة للطباعة والنشر بيروت لبنان الطبعة الاولى ١٩٧٧ ص ٧.

(٤)(٥)(٦)شانۆگەری مانگرتن نووسینی محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە چاپی دووەم ١٩٧٩ لاپەڕەکانی ١٠ و ٤٦ و ٤٨.

(٧)العراق و الصناعة النفط و الغاز في القرن العشرين تآليف غانم العناز الصادر بالغة الانجليزية عن دار نشر جامعة نوتنكهام البريطانية في ايار ٢٠١٠.اضراب عمال نفط كركوك او مجزرة كاورباغي غانم العناز صحيفة المثقف عدد ٥٠٣٢ في ١٥ حزيران ٢٠٢٠.

(٨)(٩)(١٠)شانۆگەری مانگرتن نووسینی محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە چاپی دووەم ١٩٧٩ لاپەڕەکانی ٢٩ و ٣٢ و ٦٠.

(١١)(١٢)شـانۆگەری مـانگرتن  نووسـینی مـحەمەد عەبـدولڕەحمان زەنـگەنە چاپی دووەم ١٩٧٩ لاپەڕەکانی ٢٣ و ٥٩.

(١٣)(١٤)(١٥)(١٦)شـانۆگەری مـانگرتن  نووسـینی مـحەمەد عەبـدولڕەحمان زەنگەنە چاپی دووەم ١٩٧٩ لاپەڕەکانی٧و ٨ و ١٠ و ١٣ و ٢٨.

(١٧)جێی ئامـاژەیە کە دەبێت سوپاسـی زۆری هـاوڕێی شـاعیر و شـانۆکار (حەمەی شانۆ) بکەم کە تەواوی کتێبی شانۆگەری مانگرتنی بۆ وێنەگرتم و بۆی ناردم.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری دیالۆگ ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاوبۆتەوە.

# ئەحمەد بازگر و سەرکێشانێک بەجیهانی شیعرەکانی دەورانی پێشمەرگایەتی

کانوونی یەکەمی ٢٠١٩

## سەبارەت بە ئەحمەد بازگری شاعیر(١)

ئەحـــمەد بـــازگر دەنگـــێکە لەســـەرەتای ســـەرهەڵدانی ڕەوتـــی ئەدەبیـــاتی ڕادیکـــاڵ و کرێکـــاریی لە کوردســـتان، چـــریکەکەی گەیشـتۆتە گـوێی خەڵـکی کرێکـار و زەحمەتکـێش و خـوێنەرانی خۆی.بـازگر لە دەورانـی کـانوونی هـونەر و ئەدەبیـاتی کرێکـاری کوردستان و بەتایبەتیش لە گۆڤاری (پێشـەنگ) و ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران-کۆمەڵە، ئەو دەنگەی خۆی گەیاندە ماڵ بە ماڵی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و خوێنەران و گوێگرانی شیعری ڕادیکـاڵ و کرێکـاریی لە ئێـران و دەرەوەی ئێـران.واتە کاتێـک لەســـەر شـــیعرەکانی بـــازگر دەدوێـــین، بەتـــایبەتیش شـــیعرە بەرابیەکـانی سـەردەمی پێشـمەرگایەتی، نابێت بیرمـان بچێت کە ئـــێمە لەســـەر دۆخـــی ژیـــان و خەبـــاتی ئەدەبیـــی و سیاســـیی

شاعیرێک دەدوێن کە هەم چەک بەدەست بووە و هەمیش قەڵەم بەدەست.وەک ئاشکراشە ژیانی پێشمەرگایەتی سەختە و پڕە لە هەڵدێر و نشێو و سەرما و گەرما و برسێتی و ماندوێتی تا دەگاتە مەرگ ، ئەم ژیانەش بەسروشتی خۆی ڕێگرە لە بەجەماوەری بوونەوەی یان بەپێی پێویست ناسراوبوونی شاعیر لەنێو کۆمەڵگە.بازگر خەمی چینایەتی هەبووە و هەیە و ئەوەندەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەدەبی بۆ گرنگ بووە لە ململانێی چینەکان، ئەوەندە ناو و ناوبانگی بۆ گرنگ نەبووە.ئەمەش سیفەتێکی سروشتی هەر ئایکۆنێکی ئەدەبی شۆڕشگێڕانەیە کە پێداگیریی لەسەر خەباتی چینایەتی بکاتە تەوەرەی سەرەکی دەقە ئەدەبییەکانی.پەیامی کۆمەڵایەتی ئەدەب و شیعری شۆڕشگێڕانەش بریتییە لەبەشداریکردن لە خەباتی چینایەتی کرێکاران دژ بە سەرمایەداری.وەکچۆن جۆرج بلیخانۆف پێیوایە **(ئەدەب و هونەر ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتین)(٢)**، ئاوا بازگریش بڕوای وابوو و وە بڕوای وایە کە شیعرەکانی دەبێت ئاوێنەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردستان و خەباتە چینایەتییەکەی بن.پێداگیریی بازگر لە خەباتی چینایەتی بووە مایەی بەرجەستەبوونەوەی ناو و ناوبانگی سیاسیی و ئەدەبیی ئەو لە سێ دەیەی ڕابردوودا.

## فۆرمی شیعریی

فۆرمی شیعرەکانی ئەحمەد بازگر لەڕوانگەی دەقەکانییەوە خوێنەر یان ڕەخنەگری جیدی دەتوانێت بەئاسانی بیان بینێت و درکیان پێ بکات. بازگر ئەوەندەی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی

دەقەکـانی بەلاوە گرنـگ بـووە، ئەوەنـدە فـۆرمی نەکـردۆتە بەربەست بۆ بەهەمەکـانی.بەڵام ئەمە بەو مانـایە نیـیە کە فـۆرم لای بـازگر فەرامـۆش کـراوە یـان بێبـایەخ لەبەرچـاو گیراوە.نـا..ئەحمەد بـازگر هەوڵیـداوە سـوود لە فۆرمەکـانی نووسـینی شـیعر ببینێت.واتە هەم فـۆرمی تـازە و هەم فـۆرمی کۆنیشی بەکار هێناوە.بـازگر لە بەکارهێنـانی هەردوو جـۆرەکەی فـۆرم (کـۆن و تـازە) تێکۆشـاوە هەقـی شـیعر بـدات و غەدر لە شیعر نەکات.

**لەمێژ ساڵە**

**لەمێژ ساڵی ئێجگار تاڵە**

**ئێمە و ئەوان بووینە دوو چین**

**خاوەن دوو ژین**

**لەنێوانی ئێمە و ئەوان**

**باکۆیەکی سەریەک نراو**

**لە سەرمایە!**

**سنوورێکی پێکهێناوە!**

**هەرچەند لوولەی دووکەڵکێش و**

**پێچ و چەرخی کارخانەکان**

**ڕازاوەیی شەقامەکان**

**خشت بە خشتی تالارەکان**

**مۆری پەنجە و**

**سووری خوێن و**

**ڕەنگی ئارەقی تەوێڵ و**

**کەفی شانی منی پێوەیە!**

**بەڵام لە بەڵگەی قانوونا**

**ئەو بەرهەمی هێزی کارەم**

**لەسەر پەڕی**

**قەباڵەی ئەوان نووسراوە!(٣)**

بەبروای من لەم کۆپلەیەدا هارمۆنیایەکی جوانی شیعریی هەیە و خوێنەر تووشی هیچ سەختییەک نابێت لە وەرگرتنی پەیامی دەقەکە.لەلایەکی تریشەوە بازگر لەسەر شێوازی کۆن (واتا بەکێش و سەرواوە) نەزمی شیعرەکەی داڕشتووە.

**نامەوێ وەک دیل بژیم من ژینی ئینسانیم دەوێ**

**پەیکەرەی وشکی ژیانم بەنگ دەکا گیانم دەوێ**

**ئیمشەو ئیحساسی بزۆزم ئۆقرە ناگرێت و دەڵێ**

**هەستی نەرمی سۆزی گەرمی شیعری ڕاسانم دەوێ(٤)**

من پێموایە دەقی سەرکەوتوو لەوەدا نییە کە فۆرمێکی نوێی هەبێت، بەڵکو لەوەدایە کە فۆرمێکی پڕ بە بالای واتا یان

نــاوەڕۆکە کـۆمەڵایەتییەکەی بە باڵایــدا بڕابێــت.ئەحمەد بــازگر گەرچــی لەبــواری ئیســتاتیکا ڕەنــگە بەپێــی پێویســت لەئاســت چاوەڕوانییەکانی خوێنەرانیدا نەبێ، بەڵام هەوڵـی داوە لانـی کەم غەدر لە شیعر نەکات.

## پێکهێنانی کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاریی کوردستان

پێکهێنــانی کــانوونی هــونەر و ئەدەبیــاتی کرێکــاری کوردســتان وەرچەرخــانێکی مێژوویــی گرنــگ بــوو کە لە حــوزەیرانی ســاڵی ١٩٨٥ هــاتە ڕوودان.دامەزرانــدنی ئەم کــانوونە کەلە نوســەر و ئەدیبە هەرە بەتوانـا و بە بەرهەمەکـانی ئەوکـاتی نێو ڕیزەکـانی تەشـکیلاتی کـۆمەڵە و حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران هـاتە وجـود، توانی تەکـانێکی جیددی بە ڕەوتـی ئەدەب و هـونەری کرێکـاریی بدات چ لە کوردستان یان دەرەوەی کوردستان.ئەم وەرچەرخانە توانی:

یەک: بەشــێکی زۆری ئەو نووســـەر و هونەرمەنــدە ڕادیکــاڵ و کرێکارییـانە لە خـۆ کۆبکـاتەوە کە لێـرە و لەوێ و لەم گۆشــە و ئەو گۆشەی کۆمەڵگە خەریکی داهێنانی ئەدەبی بـوون.چ ئەوانەی لەنــاو تەشــکیلاتی کــۆمەڵە و حیزبــی کۆمۆنیســت بــوون یــان لەدەرەوەی ئەو جەرەیانە سیاسییە بوون.

دوو: تــوانی ئاســۆ و ئامــانجیکی سۆشیالیســتی بخــاتە بەردەم نووســەران تــا بتــوانن دەقە ئەدەبییەکانیــان لەســەر ئەو بنچیــنە سۆشیالیستییە بێننە بوون.

سێ: کاریگەری دانان لەسەر نووسەران و ئەدیبانی دەرەوەی سنووری تەشکیلاتی کۆمەڵە و تەنانەت دەرەوەی سنووری ئێرانیش.هەر بۆ نموونە کاریگەری کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاریی کوردستان بەسەر نووسەرانی باشوورەوە بەزەقی دیار بوو و هەر ئەم کاریگەرییەش بوو وای کرد لەساڵی ١٩٨٧ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) و جەماڵ کۆشش (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) دابمەزرێنن و ڕۆڵیکی بەرچاو بگێڕن لە بردنەپێشەوەی ئەدەبیاتی کرێکاریی لە کوردستانی عێراق.

چوار: لە ڕێگەی گۆڤاری پێشەنگ (بەهەردوو زمانی کوردی و فارسی) و کتێب و بڵاوکراوەکانی تر توانیان مێژوویەکی گەش و جوان لە تۆمارکردنی دەقە ئەدەبییە کرێکارییەکان تۆمار بکەن کە تا مێژووی خەباتی چینایەتی هەبێت، جێگای شانازییە.

ئەحمەد بازگری شاعیر و پێشمەرگەش یەکێک بوو لە دەستەی دامەزرێنەرانی کانوون و لیێبڕاوانە لەناو کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان خەباتی کردووە و بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.بەگەڕانەوە بۆ ئەو مێژووە ئەوە دەبینین کە بازگر هەم بە چەکەکەی و هەم بە قەڵەمەکی تێکۆشاوە ڕۆڵ ببینێت لە خەباتی چینایەتی و خەمی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کورد و تەنانەت ئینسانییەتی کردۆتە خەمی دەقەکانی.

## ئەحمەدبازگر و مەسەلەی ژن

کە باسی بازگر دێتە پێشەوە و قسە لەسەر شیعرەکانی دەکرێت، ناتوانیت لەو مەسەلە ئینسانییە گرنگە چاوپۆشی بکەیت

که بازگر لەڕێی دەقەکانییەوە ئیشی لەسەر کردووە.ناتوانی مەسەلەی ژن و ڕزگاری ژن لە کۆت و بەندی کۆیلەتی و چەوسانەوەی پیاو سالاریی و دابونەریت و کۆلتووری کۆنی کۆمەڵگە نەبینیت.یان وردتر ناتوانی کیشەی زولفا و زولفاکانی تری کۆمەڵگە و ڕەنگدانەوەی لەشیعری بازگر نەبینی و سەرنجت ڕانەکێشێ.مەسەلەی ژن مەسەلەی ئینسانە.ئەم مەسەلە ئینسانییە لای بازگر لە شیعری(زولفا) کچە زەحمەتکێشی ئاوایی بەردەستووری لە سوێسنێی سەر سەردەشت کە لە سالّی ١٣٦٧ی هەتاوی لەسەر ئەوەی ڕازی نەبووە شوو بەو کەسە بکات بە منداڵی مارەی لێبڕاوە، خەڵتانی خوێن دەکرێت.تێڕوانینی بازگر بۆ مەسەلەی زولفا و زولفاکانی تر، تێروانینێکی ئینسانیی و شۆڕشگێرانەیە.( **بازگر چ وەک کەسێکی مارکسیست و چ وەکو شۆڕشگێر و شاعیر تێروانینی خۆی هەبووە لەسەر ژن.)(٥)**

**لەسەر یادی هۆ بابە گیان**

**لەسەر یادی ئێوارەیەک**

**چۆن گەنەشینکەی چاو تۆپیوو**

**دەچێتە گوێی بەرخۆلەوە**

**چۆن دالانی فێرە کەلاک ، قرژ دەبێ لە بارۆکە**

**چۆن گورگ و چەقەڵ و ڕێوی خۆ مەلاس دەدەن بۆ نێچیر**

**هۆ بابە گیان ئەم سەردەمە ئەم کیژۆڵە بریندارەت**

**بەرخۆڵە بوو، بارۆکە بوو، نێچیرێکی بەسەزمان بوو**

**گەر مەلای داڵ**

**گەنەشینکە**

**مەلای چەقەڵ**

**هاتە ماڵمان و بەشووی دام(٦)**

شاعیر زیاد لە بۆنەیەک لەسەر ژن نووسیوویەتی و تێکۆشاوە لەدیدگای مارکسیستییەوە بڕوانێتە کێشەی کۆمەڵگە.کێشەی ژن بۆ بازگر، کێشەی ئینسانییەتی ئینسانە.بازگر وەکچۆن پێی وایە نابێت ستەم لەسەر ئینسان هەبێت، ئاواش پێیوایە نابێت ستەم لەسەر ژنان هەبێت.بازگر شاعیر و پێشمەرگەیە دەیەوێ کۆمەڵگە ڕزگار بکات و هەمووش دەزانین ڕزگاری کۆمەڵگە بەبێ ڕزگاری ژنان مەیسەر نابێ.بۆیە مەعلوومە شاعیرێک خەمی چینایەتی هەبێت، ناکرێت خەمی ڕزگاری ژنانی نەبێت.ئەگەر ئەو خەمە لەشیعرەکانی ئەو شاعیرە کاڵ بێت یان نەبێت، ئەوا ئەو شاعیرە پێویستی بە پێناسەیەکی تر هەیە و ناچێتە چوارچێوەی کاتەگۆری شاعیری ڕادیکاڵ و شۆڕشگێر و کرێکارییەوە.

## وەستانێک لەسەر شیعری (کاروانمان بەرەو کوێ دەچێ؟)

بە بۆچوونی من ئەم شیعرە چینایەتییە سیاسییە ئەحمەد بازگری شاعیر جێگای ڕێزامانە.شیعرێکە درێژ، بەلام جوان.شیعرێکی چینایەتییە گوزارشت لە هەلومەرج و دۆخێکی

سیاسیی – چینایەتی دەکات لە کوردستان کە هەر هەموومان گۆشکراوی ئەو مێژووە و ئەو دۆخەین.هەر ئەمەشە وام لێدەکات لەناو زۆرێک لە شیعرەکانی بازگر هەڵوەستە لەسەر ئەم شیعرە بکەم.

**کاتێ پێکهات**

**دەروون چەشنی دەریا هەژا**

**فیلمیکی تاڵ**

**پڕ لە زنجیر**

**پڕ لە یەخسیر**

**پڕ لە ئەشکەنجە و پڕ لە پاستیل**

**پڕ لە عارەق، ڕەنج، برسیەتی**

**پڕ لە مرۆڤی پێ پەتی**

**پڕ لە فرمێسک**

**پڕ لە کەنووی دەرنەبڕدراو**

**پڕ لە بێ بەرگی**

**لە مرۆڤی ئانیشک دڕاو**

**جارجارەش سەربزواندنی**

**بە شوێنیشیا ڕماندنی!**

**لە مێشکا هاتە سەر شانۆ**

**بازی بیرەوەریم فڕی**

**دوور نەڕۆیی**

**ڕۆیی هەتا**

**ڕێبەندانە گورینە کەو**

**لەسەر نەمانی ئاواتی**

**میلیۆنەها کەسی ڕەنجدەر**

**میلیۆنەها بەرهەمهێنەر**

**هەڵنیشت(٧)**

لەم دێرە شیعرییانەی سەرەوە جیهەتگیرییەک بوونی هەیە کە جیهەتیگریی کرێکاریی یان مارکسیستییە.دەقێکە لە هەناوی دونیای هێزی بەرهەمهێنەری کۆمەڵگەوە (واتا کرێکاری کوردستان)ەوە دێتە بوون و گوزارشت لە دوو دنیای جیاواز دەکات.دوو دنیای پێچەوانەی یەکتر.دونیایەک لێوانلێوە لە خۆشی و نیعمەت و تا بڵێی ئاڵوواڵایە و کەمینەیەکی تەمبەڵ و تەوەزەل و کارنەکەر لێی بەهرەمەندن و دونیایەکی تر بەڵام بەرین وپڕ لە جەور و ستەم و چەوسانەوە و برسێتی و هەژاری کە ئەویش دونیای ئێمەی کرێکار و بەشخوراوانی کۆمەڵگەیە.

لەمێژ ساڵە
لەمێژ ساڵی ئێجگار تاڵە
ئێمە و ئەوان بووینە دوو چین
خاوەن دوو ژین
لەنێوانی ئێمە و ئەوان
باکۆیەکی سەریەک نراو
لە سەرمایە!
سنووریێکی پێکهێناوە!
هەرچەند لوولەی دووکەڵکێش و
پێچ و چەرخی کارخانەکان
ڕازاوەیی شەقامەکان
خشت بە خشتی تالارەکان
مۆری پەنجە و
سووری خوێن و
ڕەنگی ئارەقی تەوێڵ و
کەفی شانی منی پێوەیە!
بەڵام لە بەڵگەی قانوونا
ئەو بەرهەمی هێزی کارەم
لەسەر پەڕی

**قەباڵەی ئەوان نووسراوە!**

**لەم بەری سەرمایەکەدا**

**ئێمە چینێکی درێژ و دوور**

**هەتا بڵێی زۆربێ سنوور**

**لە جەمسەری ئەو سەرە و**

**تا ئەمسەری ڕێزەکەمان**

**بەزنجیرێک**

**پێوەند کراوین**

**گشتمان شەکەت، ماندوو، برسی**

**کۆڕی ژینمان پڕ مەترسی!(٨)**

ئەحمەد بازگر لەم شیعرەدا ئینتمای چینایەتی خۆی بۆ چینی بەرهەمهێنەری کۆمەڵگە ڕاگەیاندووە و ئەو بەڕۆشنی و بە جوانی پەیامی کۆمەڵایەتی خۆی دەدا بەگوێی بیسەران و خوێنەرانی.لێرە بازگر باس لە حیزبێکی کۆمۆنیست دەکات وەک ئامرازی خەباتی چینایەتی کرێکاران دژ بە نیزامی سەرمایەداری.بازگر ئەو موژدەیە دەدات بە خوێنەر و کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان کە لە سایەی ئەو خەباتە چینایەتییە و بەڕابەری ئەو حیزبە کۆمۆنیستە دەتوانین سەربکەوین و بگەین بە ئامانجە چینایەتییەکانمان کە ئەویش بنیادنانی دونیایەکی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوەیە.

کاتێ پێکهات

حیزبەکەمان

دڵنیا بووم

ڕۆژێ دادێ

چی تر دووژمن

چارەنووسی من نەنووسێ

چی تر زنجیر

سەر مەچەکم ڕانەمووسێ

چی تر ڕەنجم

گەنجی ئەوان نەخەمڵێنێ

چی تر هیچ کەس

باغی هیوام نەشەمزێنی

دڵنیا بووم ڕۆژێ دادێ

زنجیرەکان بتوێنەوە!

جەستەی خەستە بحەسێنەوە

ژین سەفا بێ

دڵی مرۆڤ

پڕ خۆشەویستی و وەفا بێ!

لەهیچ سوچێکی ئەم زەوییە
نەبینرێ ژان!
نەبیسترێ ئاخ
نەگووترێ وەی!
دڵنیا بووم ڕۆژێ دادێ
نەسڵی دوا ڕۆژ
زۆر بە سەختی بیسەلمێنن،
کەلەمرۆدا
ژینی مرۆڤ هێند دژوار بووە
کۆمەڵی کرێکار و هەژار
ئەوەند دیلی ستەمکار بووە
دەسا هیمەت ئەی هەڤاڵان
جێژنانەی حیزبەکەی ئێمە
باوەڕی قووڵ، وشیارییە
ئەو ڕۆژەی ئەم دیارییە،
بگاتە دەست
ئەو کۆمەڵی کرێکارە
ئەو گشتە ڕووت و هەژارە
یەک ڕاپەڕین

**بەسە بۆ وەی**

**بۆ سبەی ڕا خۆر میوانی**

**دەسەڵاتی شوراکان بێ**

**ئاڵای سوورمان**

**بەبەرزی سینگی ئاسمان بێ.(٩)**

لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بە شتێ بکەم، کاتێک لەم شیعرەی ئەحمەد بازگر ورد دەبینەوە ، دیارە دەبێت بە پێودانگ و پێوانەی سی و پێنج ساڵ بەر لە ئەمڕۆ قسەی لەسەر بکەین.بۆیە کێشە نییە پێشبینییەکانی شاعیر کە لەو شیعرەدا بەیانی کردوون دروست دەرچوونە یان نا؟، بەڵکو گرنگ ئەوەیە میتۆدی ئیشکردن لەسەر ئەو دەقە و خستنەکاری (تەوزیفی) مەتریاڵە سیاسییەکانی ئەو قۆناغە لە شیعرەکە میتۆدێکی گونجاو و پەسندە.ئەم شیعرەی بازگر زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کە من ئێستا قسەم لەبارەوە کرد.دەکرێ خوێندنەوەیەکی چڕ و وردی بۆ بکرێت، دەکرێت لە ڕەوتی گەشەی سیاسیی- مێژووییەوە بدرێتە بەر باس، بەڵام من نامەوێت کاتێکی زۆر لەخوێنەران بگرم، ئەوەندە نەبێت کە بڵێم ئەحمەد بازگر لەم شیعرەیدا جگە لە هەندێ لاوازی ئیقاعی شیعریی کە زۆر بە دەقەکەوە دیار نین، بەمانای وشە داهێنانی ئەنجام داوە.

## ئەنجام

ئەحمەد بازگری(١٠) شاعیر لەنێو جەرگەی شۆڕشی ئێران و خەباتی سیاسیی چەکداری ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵەوە و دروستتر لە ڕێی کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان و گۆڤاری پێشەنگ و ڕادیۆی کۆمەڵەوە، شاعیربوونی خۆی لەڕێگەی دەقە شیعرییەکانییەوە بەگوێی خوێنەری خۆی ڕاگەیاند.بازگر وەک مارکسیستێک، وەک ئینسان دۆستێک ، وەک بەرگریکەرێک لە ژنانی ستەمدیدە، وەک پێشمەرگەیەکی چەک بەدەست دەقەکانی خۆی لە قۆناغ و کاتی جیاجیادا دەنووسێت و دەیەوێ شاعیربوونی خۆی بسەلمێنێت.ئەم دەنگە چەند دەیەیە دەستی پێکردووە و تا ئێستاش بەردەوامە لە هەوڵ دایە بگات بە خەونەکانی.بگات بەو ئامانجانەی بۆی تێدەکۆشێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١)ئەم نووسینە لە بنچینەدا بریتییە لە وەڵامدانەوەی من سەبارەت بە چەند پرسیارێکی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان سەبارەت بە ئەحمەد بازگر و شیعرەکانی و کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاریی کوردستان کە لە کۆتایی ئەمساڵ ٢٠١٩ بەرەو ڕووم کرایەوە.لێرە کاتێک وەڵامەکانم نووسیونەتەوە، تەنها لەچەن دێرێکدا دەستکاریم کردوون ئەویش لە وەڵامدانەوەی ڕادیۆییەوە گۆڕیوە بۆ شێوازی نووسین تا بتوانریت سوودی خۆی هەبێت.

(٢)الفن و التصور المادي للتاريخ تآليف جورج بليخانوف ترجمة جورج طرابيشي دار الطليعة الطباعة والنشر بيروت لبنان الطبعة الآولى ١٩٧٧ ص ٧.

(٣)شیعری کاروانمان بەرەو کوێ دەچێ ئەحمەد بازگر گۆڤاری پێشەنگ ژمارەی یەک خوولی یەکەم پایزی ساڵی ١٩٨٥ لاپەڕە ٣٠.

(٤)شیعری مەیلی بیستان نووسینی ئەحمەد بازگر گۆڤاری پێشەنگ ژمارە ١٤ی ئایاری ١٩٩٣ لاپەڕە ٧٠.

(٥)سێ شاعیری چەپی کوردستانی ئێران نووسینی ئەنوەر حوسێن و سەمیرە عەلی چاپی یەکەم چاپخانەی دیلان ٢٠٠٩ لاپەڕە ٦١.

(٦)سێ شاعیری چەپی کوردستانی ئێران نووسینی ئەنوەر حوسێن و سەمیرە عەلی چاپی یەکەم چاپخانەی دیلان ٢٠٠٩ لاپەڕە٦٢.

(٧)شیعری کاروانمان بەرەو کوێ دەچێ ئەحمەد بازگر گۆڤاری پێشەنگ ژمارەی یەک خوولی یەکەم پایزی ساڵی ١٩٨٥ لاپەڕە ٢٧.

(٨)شیعری کاروانمان بەرەو کوێ دەچێ ئەحمەد بازگر گۆڤاری پێشەنگ ژمارەی یەک خوولی یەکەم پایزی ساڵی ١٩٨٥ لاپەڕە ٣٠

(٩)شیعری کاروانمان بەرەو کویّ دەچیّ ئەحمەد بازگر گۆڤاری پێشەنگ ژمارەی یەک خوولی یەکەم پایزی ساڵی ١٩٨٥ لاپەڕەکانی ٣٢، ٣٣، ٣٤.

(١٠)ئەحمەد بایەزیدی ناسراو بە ئەحمەد بازگر لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦١ ی زایینی لەدایکبووە.ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ چەند شاعیر و نووسەری تردا، کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاریی کوردستان دادەمەزرێنیّ.لە بەهاری ساڵی ١٩٩٠ چۆتە دەرەوە و لەوڵاتی سوید نیشتەجیّ بووە.لە ساڵی ١٩٩٧ لە دانیشتگای یۆتۆبۆری خوێندنی باڵا لە بواری کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی تەواو کردووە.نزیک بە بیست ساڵ دەبیّ لەو بوارەدا وەک بەرپرسی ئیدارەی سۆشیال لە شارەکانی سەر بە پارێزگای یۆتۆبۆری، کار دەکات.شیعرەکانی لە زۆرێک لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو بوونەتەوە.

تێبینی: ئەم نووسینە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢٠ ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتەوە.

# هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی شیعرەکانی حەمەزەکی

حوزەیران تا کۆتایی کانوونی یەکەمی ٢٠١٩

جیهـــانی شـــیعریی حەمەزەکـــی جیهـــانێکی هەمەچەشـــن و ڕەنگـــاوڕەنگە، لێـــوڕێژە لە عەشـــق و ڕاســـتگۆیی و جـــوانی و ڕۆچـــوونە نـــاخی خـــود و دەســـتبردن بـــۆ دیـــوە شـــاراوەکانی نەســـت.ئێمەی خـــوێنەر لەڕێـــگەی ئەم پەنـــجەرەیەوە کەجیهـــانی شیعرەکانییەتی، دەتوانین پەی بە نهێنییەکانی نێو دڵی شـاعیر و ڕاز و نیازەکـانی و بیرکـردنەوە و لێکـدانەوە و تێگەیشـتنی بـۆ ژیـان بـبەین و لەوێـوە تەماشـای هەڵچـوونە دەروونییەکـان و ئازارە تەنیاییەکان و غوربەت و دوورەیاریی و خەم وحەسرەت و ئومێـد و پێکەنـین و گریـان و ڕق و شـۆڕش و برسـێتی و هەژاری و..تـــاد بکەین.حەمەزەکـــی لەبەرامـــبەر هەمـــوو ئەم دۆخەئـاڵۆزانەدا جگە لەشـیعر و عەشـق و ڕاسـتگۆیی و خەبـات هیچـــی تـــری نەبووە.بەزمـــانێکی تـــر، حەمەزەکـــی لەم تەمەنە کورتەیـدا و لەم کـۆمەڵە شـیعرەیدا ئیشـی لەسـەر ژمـارەیەک ئایکۆن و ئاماژە کردووە کە بوونەتە پێکهاتەی بونیادی شیعریی ئەو.مـــن هەوڵ ئەدەم هەڵوەســـتەیان لەســـەر بـــکەم و تیشـــکی ســـەرنجە ڕەخنەییەکـــانی خۆمیـــان لەڕوانـــگەی لێکـــدانەوەی

ماتریالیستانەوە ئاراستە بکەم.میتۆدێک کە ئەم نووسینەی لەسەر بنیاد دەنێم، میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییە و خوێندنەوەی من بۆ جیهانی شیعری حەمەزەکی خوێندنەوەیە بۆ شاعیرێتی حەمەزەکی.خوێندنەوەیە بۆ هەموو ئەو ئایکۆن و ئاماژانە کە حەمەزەکی بونیادی شیعری لەسەر دامەزراندووە.بەواتایەکی تر ئەم هەڵسەنگاندنەوەی من لەڕاستیدا خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی مارکسیستیی هەمەلایەن وگشتییە بۆ سەرتاپای بونیادی شیعریی لای حەمەزەکی و وەستانە لەسەر ئەو ئایکۆنانەی کە حەمەزەکی لە نەستی خۆیدا شوێنی شیاوی بۆ دانابوون.

بەو پێیەی **ئەدەب و هونەر ئاوێنەی بالآنومای ژیانی کۆمەڵایەتییە(١)**، بۆیە ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبیی لە منداڵدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەدایک دەبن. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەر بنەمای گەشەی گەشەی ئابووری کۆمەڵگە دیاری دەکرێن.مادام هەر سەردەمێکی مێژوویی ئەدەبی تایبەت بەخۆی دەخولقێنی لەچوارچێوەی گەشەی بەرهەمهێنانی نیزامی سەرمایەداریدا، ئەدەب ناتوانێت بازبازێن بەسەر بەرژەوەندیی چینایەتی چینە کۆمەڵایەتییەکان بکات.بەڵکو تەنها دەتوانێ لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی ئابووری و چینایەتی جینێکی دیاریکراوەوە خۆی نمایش بکات.حەمەزەکی کوڕی سەردەمێک بوو کە ژینگەکەی لەڕووی سیاسییەوە بە هێزێکی تۆتالیتاری ترسناک تەنرابوو و خۆشی لە بنەماڵەیەکی کرێکار و دەستەنگ بوو.واتە ژیانی حەمەزەکی شاعیر لە ژێر سێبەری سەرکوتی سیاسیی و ئابووری سەرمایەداریدا دەگوزەرا، هەر بۆیە ئەو ژیانە تاڵە بەسروشتی خۆی ڕوحییەتێکی بەرگریکارانە

و شۆڕشـــگێرانەی لا دروســـت دەکات.بەجۆرێــک کە بەرهەمە ئەدەبییەکـانی حەمەزەکـی دەکەنە ئـاوێنەی ژیـانی کـۆمەڵایەتی شاعیر و دەوروبەرەکەی.من کە دەمەوێ حەمەزەکی بخـوێنمەوە دەبێـــت بە پێـــودانگی دەیەکـــانی حەفتاکـــان و هەشـــتاکان و نەوەدەکان بیخوێنمەوە.وەک ئاماژەم پێدا چۆن هەر سـەردەمێک هـونەر و ئەدەبـی تـایبەت بەخـۆی دەخـوڵقێنێ کەڕەنگـدانەوەی گەشـەی بەرهەمهێنانی مادیی کۆمەڵگەیە، ئـاواش گوزارشـتەکانی حەمەزەکیش لە عەشق و مەرگ و سیاسەت و جوانی و تەنانەت زمانی شیعری و داڕشتن و ڕێنووسـی شـیعرەکانیش هـاوتەریبن لەگەڵ گەشەی ئاستی بزووتنەوەی ئەدەبی ئەو سەردەمە کە من دواتـــر وردتـــر دێـــمە ســـەریان و هەر بەهـــۆی شـــیعرەکانی حەمەزەکـــی خـــۆیەوە وردیـــان ئەکەمەوە و هەوڵ ئەدەم لەگەڵ ئێوەی خوێنەر بگەینە سەر ئێسکی واقیعـی ژیـان و شـیعری ئەم شـاعیرە خێرلەخۆنەدیـوە و جـوانەمەرگەی کە تـا مـرد دڵـی بـۆ ئـــازادی و یەکســـانی و دادپەروەری کـــۆمەڵایەتی پـــڕ لە جـــۆش خرۆش بوو.

## خۆشەویستی وەک کۆڵەکەیەکی شیعریی

شـــــــیعرەکانی حەمەزەکـــــــی لێـــــــوڕێژن لە عەشـــــــق و خۆشەویسـتی.حەمەزەکی چـونکە خـۆی عاشـق بـوو، هەوڵیـداوە شـاعیرانە لە عەشـق و سـووتانی عەشـقەکەی بـدوێ.حەمەزەکی یەک ڕۆژ نەیتوانیـوە بـێ عەشـق بژێت.عەشـق بـۆ حەمەزەکـی بەمانـــــای ژیـــــانە، بەمانـــــای گەیشـــــتنە بە باوەشـــــی مەعشوقەکەی.پرۆسـەی عەشـق لای حەمەزەکـی بـریتییە لە خـۆ

نزیککردنەوە و دەرخستنی ئاستی قوربانی و  ئینجا سووتان بۆ یار.حەمەزەکی خاوەن عەشقێکی پاک و بێگەردە.خاوەن عەشقی ژنێکە پڕ لەجوانی و میهرەبانی و وەفا و دڵسۆزی.خۆشەویستی ژن بەهـــیچ پێوەرێـــک جیانـــاکرێتەوە لە خۆشەویســـتی ئینسانییەت.حەمەزەکی بەم دیدگایەوە عاشق بووە و هەوڵیداوە هەر بە ئەم پەیـژەی عەشـقە سـەردەکەوێ و سەردەکێشـێتە جیهانی پڕ لە قوربانی و وەفاداری و سووتان بۆ مەعشوقە ئینسانەکەی خۆی.

**بیرت ئەکەم پڕ بە قوولی هزر و خەیاڵ بیرت ئەکەم**

**لەگەڵ سیس بوونی گەڵایا منیش بۆ تۆ هەڵئەوەرێم.(٢)**

حەمەزەکـی لێـرەدا سـنوورەکانی نۆرمـاڵ دەبـڕێ و خـۆی و خۆشەویسـتییەکەی لە دۆخـی مرۆڤبـوونەوە دەگـۆڕدرێن بـۆ دۆخی وەرزیی.دەگۆڕدرێن بۆ پایزێکی زەردی دڵتەنگ کە هەر شیعر دەتوانێ پەی بە تەنیاییەکەی بەرێت." **ئەو شـتێکی بـزر کـردووە، بەدووای شـتێکدا دەگەڕێ، کە خۆشەویسـتییە، ئەم فیراق و دابڕانە  تا دووایین هەناسەکانی شیعری لەگەڵیاندا ژیا."** **(٣)** ئەم سۆراخ و وێڵبوونەی شاعیر ئەوە لە خوێنەر دەخوازێت کە سواری کەشتی شیعر بێت و بچێتە ئەودیو دوورگەکانی دڵی شیعرەکانییەوە.ئەم هەوڵدانە سەرەنجام بێ سەمەر نابێت.شاعیر دەتوانێت دڵی خوێنەر و یارەکەی و تەنانەت دڵی شیعریش

بەدەســـت بهێنێـــت.ئەم بەدەســـت هێنـــانەش بە دڵنیـــاییەوە سارێژکردنی برینەکانی ژیان نییە.

**تێم مەڕوانە**

**نیگاکانت بە نازەوە هەڵمەهێنە**

**یەکجار شەکەت و سەر شـێتم**

**خوا نەکردە نەوەک ڕۆژێ هۆگرت بم**

**نەوەک بـێم و بە خـۆم و دڵـی شـێتمەوە لەبەر پەنـجەرەی چاوانتا لەنگەر بگرم**

**لێم گەڕێ با سەرە ڕۆ بم  با تەنیا ڕێگاکان تەی کەم**

**نەک هۆگریت سەرابێک بێت**

**ئاگرێ تر لە ڕۆحی سەر شێتم بەردەم(٤)**

دەبـێ فشـاری چ تەنیـاییەک  ئەو دۆخە ئـاڵۆزەی لای شـاعیر پێکهێنـاوە کە مەرگ لەدووری بە جـوانتر بزانێـت.لەم کـۆپلە شیعرە و لەنێو دێرەکانـدا گوێمـان لە سـووتانە، سـووتانی دڵێک کە پـڕە لەئومێد.سـووتانی شـاعیرێک کە بە وشـە گوزارشـت لە سـووتانەکەی و بـوون بەژیلەمـۆی خـۆی دەکـات.بەڵام ئەم ژیلەمـۆیە نەکـوژاوەتەوە و داینەمـۆی زینـدەگی خـۆی لە لەژێـر هەر وشـەیەک و پـاڵ هەر ڕسـتەیەک و پەنـای هەر کـۆپلەیەک حەشار داوە.

خۆشەویستی لای حەمەی عاشق هەر تەنها خۆشەویستی مەعشوقەکەی نییە، بەڵکو خۆشەویستی دایک و ئینجا ئینسانییەتیشی ئاوێزان کردووە.خۆشەویستی لای شاعیر چەشنی ئۆکسجین وایە و بێ ئەو خۆشەویستییە نەیتوانیوە بژێت.دەتوانین لەتوێی شیعرەکانی حەمەزەکی دیوی دووەمی عەشقەکەی ببینین کە ئەویش عەشقی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بووە.عەشقی گەیشتن بووە بە ئاواتەکانی، بە خەونەکانی.بە ئومێدە دەست لە گەروو گیربووەکانی لەلایەن ستەمکارانەی سەرمایەدارییەوە.

**پێچەوانەم بە سیستەمێک هەموو ساڵێک ئەنفالمان ئەکا**

**پێچەوانەم بەو کۆڕەوەی هەر چەند مانگێک**

**بۆ سەر مەرزو گۆڕستانی سەیران بەن  و پاوە و پیرانشارمان ئەبا**

**پێچەوانەم بە مینبەری مەلاکان و بە فتواکان**

**بە سەربڕینی ژنان و بە جیا کردنەوەی کوڕو کچ**

**پێچەوانەم بەو دەستانەی دەرگای ڕۆژنامە دائەخەن**

**بە قەڵەمی نووسەرانێک بۆ مەلاکان چۆک دائەدەن**

**پێچەوانەم پێچەوانەم بە نەزمی کۆن**

**هاوتام لەگەڵ خەونەکانی مناڵیتان**

**هاوتام  لەگەڵ یەکسانیتان**

## هاوتام لەگەڵ ئازادیتان (٥)

ئەم عەشقەی حەمەزەکی بۆ شۆڕش و خەباتی چینایەتی دژی سەرمایەداران تێکەڵ بە عەشقی ژن و ئینسان بووە و هەر ئەم مۆتیڤەشە بووەتە داینەمۆی کارە ئەدەبییەکانی حەمەزەکی و دارێژەری ئەو مێژووەی کە هەم حەمەزەکی و هەم ئێمەش شانازی پێوە دەکەین.

## مەرگ و ڕەنگدانەوەی مەرگ لە شیعری حەمەزەکی

ئەگەر مەرگ لە مەجازو ناو کتیب و تێکستەکاندا مانایەکی جوان لەخۆ بگرێت و ئاماژەیەکی پۆزەتیڤانە بێت بۆ ژیانی ئەبەدی یان نەمریی، ئەوا لای ملیۆنەها ئینسان بەپێچەوانەوەیە.مرۆڤایەتی لەگەڵ دەستپێکی ژیان گیرۆدەی ئەم لوغزە بووە و نەیتوانیوە ئەم مەتەڵە هەڵبێنێ.بۆ مەرگ هەیە؟ نەمری لە کوێیە؟ لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆژیاو زانستیش تا ئێستا هیچ وەڵامێک سەبارەت بە مەرگ بوونی نییە.بۆیە نەمریی لە واقیدا بوونی نییە بەڵام لە ئەدەب و نووسیندا دەتوانی سێبەری ئەو نەمرییە ببینیت.لەوەی شیعریش پەیدا بووە ، مەرگیش خۆی خزاندۆتە نێو دەقەکانەوە.بۆیە مەرگ هەمیشە جێیەک لە دڵی ئەدەب داگیر دەکات.لای ئەم شاعیرە هەست ناسکەی خۆشمان مەرگ ڕووبەرێکی زۆر گەورەنا بەڵام تاریک لە شیعرەکانی داگیر کردووە.سێبەری خستۆتە سەر بەشێک لە نەستی شاعیر.مەرگ بۆ حەمەزەکی مەرگی فیزیکیی نییە، ئەوەندەی

نزیکبـوونەوەیە لە پایـانی عەشـق.ئەو ژیـان لە لێکهەڵپێکرانێکـی گەورەدا لەگەڵ مەرگ دەبینێت و پێیَ وایە مەرگ و ژیان هاوتـا و هاوواتـان ئەگەر مەعشـوقەکەی لـیَ دوور بێت.چونکە دووری لە مەعشوق لای حەمەزەکی تا ئاستی مەرگ بەرز دەبیتەوە.

**مەرگ لە دووری جوانترە**

**شەوەزەنگی پێکەوە بوون**

**لەهەتاوی جوودابوونێک قەشەنگ ترە.(٦)**

هەرچەندە ئەم هەستە بۆ مەعشوق و مەرگ شتێکی تـازە نییە و بەر لە حەمەزەکـیش گەلـیَ شـاعیری تـر ئەم هەسـتەیان بە شـێوازی جیـا جیـا دەربڕیـوە.بەڵام هەر شـاعیرێک بە ئاسـتێکی هـونەری و سـەلیقە و دەسـتڕەنگینی خـۆی ئەو پرسـەیان دارشـتووە.بەڵام شـاعیر لێـرە زۆر وەسـتایانە و شـاعیرانە ئەو تـوونێڵە گەورەیەی فیراقـی خـۆی و مەعشـوقەکەی بە کـۆپڵەیەک دەربڕیـوە کە هەر حەز دەکەی بیخـوێنیتەوە.حەمەزەکی و مەرگ هەردووکیان خەریکی دەستوپەنجە نەرمکردنن لەگەڵ یەکتر.بۆیە کە شـیعرەکانی دەخـوێنینەوە دەبینـین هەر مەرگ لای شـاعیر ئامـادە نیـیە، بەڵکـو شـاعیریش لای مەرگ ئامـادەیە و دەچێـتە لەپرسـەکان بە نەسـت و هەسـت بەشـدار دەبـیَ.کە ژنێـک دەکوژرێـت، شـاعیر دەیلاوێنێـتەوە.کە هـاوڕیَ سیاسـییەکانی (شـاپوور و قابیـل) تیـرۆر دەکـرێن ، حەمە شـیوەنیان بـۆ سـاز دەکـا، کە هـاوڕێیەکی کرێکـاری دەمرێـت، شـاعیر وەک مامێـک

دەست بەسەر سەری منداڵەکانیدا دەهێنێت.کە دایکی دەمرێت، شیعر دەکاتە کەژاوە و لە غوربەتەوە بە خەیاڵ دەچێتەوە گەڕەکی ئازادی لە کەرکووک و دار و بەردی گۆڕستانەکەی ئازادی دەکات بەسەردا.(٧)

**هۆ دایە گیان..**

**دڵنیابە تا بۆن لە مێخەکا هەبێ**

**تا خونچەی گوڵە باخ مابێ**

**سینگ و مەمک و تەسبیحەکەی باخەڵی تۆم لە یاد ئەبێ**

**ڕەفیقانم شانتان شل کەن**

**هێواش هێواش هەنگاو هەڵنێن**

**بەر لەو ساتەی دەست بەرن بۆ تەرمی دایکم**

**سەرو گوڵێکی قرمزی لە بەرۆکی خۆتان بدەن**

**نەرم بڕۆن..**

**ئەمە جەستەی دایکی زەحمەتکێشی منە**

**زۆر هێمنتر هەنگاو هەڵنێن**

**ئەمە لاشەی پڕ حەسرەتی جوودا بوون و کوڕ ون کردووی دایکی منە**

**ئەمە شەوقی پڕ لە نوور و چرای منە**

**ئەمە تەرمی بەر فرمێسک و ڕەشەباکەی جەرگی منە**

**ئەمە دەنگی یەکەم وانە**

**یەکەم کتێب**

**یەکەمین مامۆستای منە (٨)**

ئیشی شاعیر لەسەر ئایکۆنی مەرگ لە دوو ئاستدایە.ئاستێکیان شوبهاندنی ژیانی خۆیەتی بە مەرگ لە دووری مەعشوقەکەی و کەسوکار و دایک و باوک و ئازیزانیدا.ئاستی دووەم لیکهەڵپێکرانی خۆیەتی لەگەڵ مەرگ.واتە لە شیعرەکانیدا حەمەزەکی هەم لەگەڵ مەرگ دەدوێت و دەیلاوێنێت و دەیبینێت و هەمیش لەگەڵ مەرگی ئازیزانیدا ئەبێتە تەرەفی سێیەمی پرۆسەیماڵئاوایی.

**ڕۆژگار مەسپێرە بە قەدەرەکان**

**نەک هەتا مردن غەریبی بمبا**

**لەمەراسیمی ڕێگا و ڕەسمێکا سروودێک بڵێ**

**نەک دەستی تیرۆر گۆرانیش ببا (٩)**

حەمەزەکی هەوڵ ئەدات ئەوەمان پێبڵێت کە شاعیر بوونەکەی لە ئاستێکدایە کە دەتوانێت مردن و حیکایەتی مردن هەویر ئاسا لە شیعردا لەڕێگەی دەقەکانییەوە بە ئارەزووی خۆی بشێلێت.واتا شاعیر هۆشیارانە دەستوپەنجە لەگەڵ ئایکۆنی مەرگ نەرم دەکات و دەزانێت چۆن ئەو ئایکۆنە دەخاتە خزمەت خوێنەرەوە.

## حەمەزەکی و حیکایەتی قەرەج

قەرەج و حیکایەتی قەرەج لە شیعری حەمەزەکی شایانی تێڕامان و وردبوونەوەیە.قەرەجبوون بۆ حەمەزەکی بەمانای سادەی بێ نیشتمانی ناگەێنێ کە چەشنی خێڵی سەردەمە زووەکان گەرمیان و کوێستان بکات.قەرەجبوون لای شاعیر ئاماژەیە بە نائینتمابوون بۆ جوگرافییەکی دیاریکراو، ئاماژەیە بە جووڵەی بەردەوام و ناجێگیریی هەست و ناسەقامگیریی ڕۆحی شاعیر.شاعیر بە ڕۆحێکی وێڵەوە خەریکی نووسینەوەی بەسەرهاتەکانی غوربەتە.

**بێ و بگەرێ**

**کامە دەواری دەوارستان تەمی غوربەتی لەسەر بوو لێی بپرسە**

**کام کچت دی گوڵی زەردی پاییزانەی لە سەر سەر بوو لێی بپرسە**

**هەر ڕێبوارێ گۆرانییەکانی قەرەجی لەسەر لێو بوو لێی بپرسە**

**کێ ئەڵێ ئەو ڕێبوارە من نیم(١٠)**

حیکایەتی قەرەج لای حەمەزەکی شاعیر پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە جێوشوێنی چینایەتی شاعیر لە کۆمەڵگەی کوردستان.ئەمەش هەم بوعدێکی چینایەتی هەیە بەوەی کە

خەڵکـــی هەژار و کـــۆڵ بەکـــۆڵ هەمـــوو ڕۆژ لە ئەنجـــامی چەوسانەوەی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و هەمیش بێ نیشتمانی وای لە کورد کردووە کە بەردەوام ئەو هەستەی لا هەبێت کە وەکو قەرەج هەر ئەم شوێن و ئەو شوێن ئەکەن.

**سیرغی خۆ من سەرغەجەری دوا چارەکی قەڕنی بیستم(١١)**

یان:

**خۆ ئەو کچە شتێک نییە دڵی خۆشکا شیعر نەبێ**

**گەر هاتە لات شیعری داستانی غەجەری پێشکەش کە(١٢)**

ئەم وێڵبوونەی ڕوحی شاعیر، وێڵبوونی شیعریشی بەشوێنەوە دەبێت.ئاخر حەمەزەکی وشەکانی لەناو لیڤاکسەکەی زانکۆیدا شوقە بە شوقە و کۆلان بە کۆلان دەگێڕێت و دەیەوێت خەونێک بنووسێتەوە کە نەنووسرابێتەوە.ئەویش خەونی قەرەجێکە کە کارەکتەرێکی بزێو و بڕوابەخۆ بووی نێو دەقەکانییەتی.

## باکگراوندی ئایینی و کاریگەری لای شاعیر

حەمەزەکـــــی شـــــاعیر و مارکسیســـــت، ســـــەرباری خەمەچینایەتییەکـــانی، ســـەرباری هەڵســـوڕانی کۆمۆنیســـتی، سەرباری تەجاوزکردنی سەردەمی باوەڕ بوونەکەی بە ئایین،

کەچـی لێـرە و لەوێ و لەنـاو نەسـتی شـاعیر و لە هەنـدێ لە شــیعرەکانیدا ئەو باکگراونـــدە دەبیـــنن.ئەمەش بەدڵنیـــاییەوە خەوشە.خەوشێک ئەگەر لە زمانی شیعریی حەمەزەکی شاعیردا بوونی هەبێت بریتییە لە ڕەنگرێژکردنی زمانە شیعرییەکەی بە وتە و دەستەواژە ئایینی و کۆمەڵایەتییە کات بەسەرچووەکانی کۆمەڵگە.چونکە لە سیاقی خوێندنەوەی شیعرەکانییەوە دەبینین لە نەســتیدا باکگراونــدێک بــوونی هەیە کە ئەم باکگراونــدەش ڕەگەکەی دەگەڕێــتەوە بــۆ پەروەردەی خێــزان لە منــداڵی بەتایبەتیش کاتێک دایک و باوک دوو زەحمەتکێشی نوێژکەر و خواپەرست بووبێتن، بەدڵنیاییەوە منداڵەکانی لەگەڵ وشـەگەلی وەک ( **فریشـتە، خـوا، نـوێژ، خواوەنـد ، قەشـە، کەنیسـە، خـاچ ، شــەهادەت، دەروێشــی، میحــراب، حەزرەت، ڕەحمەت،عەرشــی خواوەند، گوناە، مەسیح، دەوار، میرات، خێڵ، ئەسپ،مارەبڕین)** **(١٣)**ڕادێـن و ئەو وشــانە لە نەسـتی منداڵـدا ڕەگ دادەکـوتن و گەلێجار بەبێ ویستی شاعیر دەبینین ئەو وشانە خۆیان دەئاخنە نێو شیعرەوە.حەمەزەکیش ڕێک هەمان دۆخی هەیە و تووشـی هەمان حاڵەت بووە.

حەمەزەکی لە قۆنـاغی ناوەندی و ڕەنگە پێشـتریش تەعەلوقێکی ئـایینی هەبـووە و لە چەنـدین حـاڵەت و بـۆنەی جیاجیـا دوای فڕێــدانی ئەو تەعەلــوقەش بەناچــاری گەڕاوەتەوە و لەڕووی کــۆمەڵایەتییەوە ئەو بۆشــاییانەی پــڕ کــردۆتەوە کە دەبــوو کەسێکی تر ئەو کارە بکات.دیارە نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە هەژاریی پاڵی بە شاعیرەوە ناوە ئەو کارە بکات، نەک باوەڕی خۆی.وەک **خوێندنی قورئان لە پرسەی کەسوکار(١٤)**

حەمەزەکی لە شیعری (نوێژ)دا جلّەوی بۆ ئەو باکگراوندە شل کردووە و ئاگایانە یان بێئاگایانە ئەم دێرانە دەنووسێت کە بە تۆخی ئەو پەیوەندییەی شاعیرو ئەو باکگراوەندە ئایینییە نیشان دەدات.

**لێدانی ڕەشی دلّم لەگەڵ ڕوحی خواوەند پێچاوەتەوە.**

**ئای ئەی خواوەند..بەپاڵتۆکەی خۆتەوە بمپێچەوە**

**ئەزانم من بێهۆشی جامی شووشەم**

**ئەگەر دواکەسی دنیا لەخاچ بدرێ**

**من لە فەرمانی ئەبەدی خۆت بێبەش ناکەیت(١٥)**

ئێمەی خوێنەر لە کاتێکدا کە ئەم ڕەخنە توونده لە شاعیر دەگرین کە حەڤدە ساڵە جێی هێشتووین، ڕەنگە ئەگەر بمایا تا ئەمڕۆ و ئێستا لەناومان بووایە، بەدڵنیاییەوە ئەپدەیتی خۆی لە ڕووی زمان و ڕێنووس و شیعرییەت و زۆر شتی ترەوە دەکرد و بواری ئەم ڕەخنەیەی ئێمەشی بەرتەنگ دەکردەوە، کە چلۆن شاعیرێکی مارکسیستی و هەڵسوڕاوێکی کۆمۆنیستی بەو هەموو تەعەلووقە سیاسییە-چینایەتییەوە کە هەیبووە و بروای پێبووە لەبری شیعری چینایەتی ئاگرین، ئەم شیعرە پڕ لە وشەگەلە ئاینییەی خستۆتە بەر دیدەمان؟

## ئینتمای چینایەتی لەشیعری حەمەزەکیدا

ژیان پڕۆژەیەکە فراوان و بێکۆتایە.لەنێو ئەم پڕۆژە گەورەیەی ژیاندا ، جۆرەها پڕۆژەی تر هەن کە جەغد لەسەر ئینتمای ئینسان دەکەنەوە بۆ ژیان.پڕۆژەی نووسین یەکێکە لەو پڕۆژە جیددی و پڕبەهایانەی ئینسان کە تێیدا لەڕێگەی خەون و خەیاڵەوە دەیەوێت ئینتما بۆ ژیان و ماتریاڵەکانی ژیان بەرجەستە بکاتەوە.خودی خەون و خەیاڵ و مانەوە لە جوغزە دەبێتە هۆی دابڕانی ئینسان لەژیان و ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کە شوناسی ژیان دیاری دەکات.لەبەر ئەوە پڕۆژەی ژیان و ئینتما بۆی بۆتە مایەی سەرهەڵدان و هاتنەکایەوەی گەلێ پڕژەی جیاجیا هەر لە سیاسەت و فەلسەفەوە تا هونەر. دەرگیربوون لەگەڵ خەیاڵ و ژیانکردن لەچوارچێوەی خەیاڵ و کردنی خەیاڵ بە نیشتمانی نووسین ، وا دەکات نووسین لە پەیامی کۆمەڵایەتی خۆی و واقیعی خۆی دووربخاتەوە.دروستبوونی بۆشایی نێوان نووسین و واقیعیش جگە لەخزمەتکردنی چینەباڵاکان و فەرمانڕەواکان هیچی تر نییە.ئینتما بۆ واقیع یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کۆمەڵایەتی چینایەتی کە دەبێ تەنها لەگۆشەنیگای چینایەتییەوە بخوێنرێتەوە و هەڵبسەنگرێت، ئەمەش کاری ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییە بۆ ئەنجامدانی ئەم هەڵسەنگاندنە نەک ڕەخنەی ئەدەبی بورژوازی.چونکە ڕەخنەی ئەدەبی بورژوازی ئیش لەسەر ئەو ئەلگۆ و ئاماژانە ناکات کە دەرخەری دۆخ و حاڵەتی چینایەتی واقیعن، بەڵکو کار لەسەر تاک و بینینی تاک لەدەرەوەی هەر جوغزێکی کۆمەڵایەتی دەکات.واتە ڕەخنەی

ئەدەبی بورژوازی بەهیچ شێوەیەک کێشەی هوشیاربوونەوەی پرۆلیتاریا وەک چینی تا سەر شۆڕشگێر نییە.هەرچی ڕەخنەی ئەدەبـــی مارکسیســــتییە لێبراوانەتـــر ڕایەڵە و پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئینسانەکان لەلایەک و ئینسان و واقیع لەلایەکی تر دەخوێنێتەوە و دەیکاتە پایەی لەسەر وەستانی هەنگاوەکـــانی.بەم پێـــیە خوێنـــدنەوەی دەق لەگۆشـــەنیگای چینایەتییەوە وەک میتۆدێکی کاریگەر دەتوانێ بمانگەێنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەرخەری ماهییەتی خەسڵەتی شۆڕشگێرانەی دەقن.کە ئینتما خۆشی یەکێکە لەو خەسڵەتە چینایەتییە.شوناسی ئینتما لای حەمەزەکی واتە وابەستەبوون بە  ئینتما بۆ هەست و گەڕانەوە بۆ خود و ئینتما بۆ واقیع.**ڕۆحی شۆڕشگیڕانە هونەری شۆڕشگێڕانەی پێوست بەخۆی بەرهەم دێنێ (١٦)** ئەم بەرهەمە خولقـاوەش دەرئەنجـامی هوشـیارییەکی سیاسـی چینـایەتی دیـاریکراوە.چونکە مـارکس **ئەڵـێ خـودی هۆشـیاری چینـایەتی هێـزی مـادییە(١٧)** ئەم هێـزە مـادییەش کـاریگەری زۆری هەیە لەســەر گەشـــە و چوونەپێشـــەوەی خەبـــات و شـــۆڕش لە ســەردەمێکی مێژوویــی دیـاریکراودا.حەمەزەکی شـاعیریش بەو درکەی کە هەیبـــووە هەولیـــداوە شـــیعرەکانی ئـــاوێتەی ئەو هۆشیارییە چینایەتییە بکات.

**نەتناسیووم**

**من شەتاوی خۆرەتاووم**

**من نێرگزی سەر دوولێوی کلووی بەفرم سەردەردێنم**

**من هاوارم هاوارەکەی سەدەی بیستم**

**خەونی قووڵی ئەم جیهانە ئەزرێنم(١٨)**

ئەم متمانەیە، متمانەیەکی کۆمەڵایەتی-چینایەتی کرێکارییە و ڕەگە مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مانیفێستی کۆمۆنیست.بوونی ئەم متمانە چینایەتییەش لەژێر کاریگەری مارکسیزم هاتۆتە بوون.حەمەزەکی شاعیر، حەمەزەکی مارکسییە وشیعرەکانی چەند ساڵ بەر لە جوانەمەرگ بوونی بە جوانی ئەو دیدە و تێڕوانینە کرێکارییە یان مارکسییە لەخۆ دەگرن.حەمە بەم متمانەیەوە هاوار دەکات و دەبێتە نوێنەری ستەملێکراوان و چەوساوەکان، دەبێتە قسەکەری ژنانی غەدرلێکراو، منداڵانی برسی و ڕووت و هەژار. دەبێتە داکۆکیکەری کرێکاران و بەرهەمهێنەرانی بەشمەینەت

**هاتین سەمای خۆشی بکەین**

**هاتین شەوقێک بۆ ناو دڵی مناڵانی ئەنفال ببەین**

**هاتین کەوتین بە سەر لاشەی خەڵتان خوێنی سەدان ژنا**

**ئەو ژنانەی نانیان نەبوو**

**ئەو ژنانای عەشقیان کوژرا**

**ئەو ژنانەی هاتنە ڕیزی ئەنفالەوە**

**ئەو ژنانەی بۆ کڕینی بزەی لێوی منداڵەکان جەستەی خۆیان بردە بازاڕ**

**بۆ لەتێ نان های لەشیان کرد**

**ئەو ژنانەی پێش ئەمانە شتومەکی ماڵەکانیان بۆ کڕینی پارووی نان و بزەی لێوی منداڵەکان، بۆ بازاڕ برد(١٩)**

داکۆکیکردن لە ژنان و قسەکردن لەسەر دزێوترین دیاردەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کە بریتییە لە کوشتنی ژنان لەژێر پەردەی ناموسپەرستی و شوورەیی و پەیوەست کردنی ئەم دیاردەیە بە کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بەڵام لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی چینایەتی پرۆلیتاریاوە جێگای دەستخۆشییە.چونکە خۆی لە ئایدیۆلۆژیای بورژوازی جیا کردۆتەوە و بەتایبەتی هێڵێکی سووری لە نیوان خۆی و کوردایەتی کێشاوە وهەر بەوەش نەوەستاوە بەڵکو هاتووە دژی هەموو پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە دەوەستێتەوە و پێچەوانەی باودەدوێ،پێچەوانەی کۆنەپەرستی هەنگاو دەنێ، پێچەوانەی ستەمکاران و بەرژەوەندی چەوسێنەران و نەزمی کۆن.تەبایی لەگەڵ ئازادی و یەکسانی دەکاتە مەشخەڵی شیعر.

**پێچەوانەم بە مینبەری مەلاکان و بە فتواکان**

**بە سەربڕینی ژنان و بە جیا کردنەوەی کوڕو کچ**

**پێچەوانەم بەو دەستانەی دەرگای ڕۆژنامە دائەخەن**

**به قەڵەمی نووسەرانێک بۆ مەلاکان چۆک دائەدەن**

**پێچەوانەم پێچەوانەم بە نەزمی کۆن**

**هاوتام لەگەڵ خەونەکانی مناڵیتان**

**هاوتام  لەگەڵ یەکسانیتان**

**هاوتام لەگەڵ ئازادیتان.(٢٠)**

ئیتر پێ بەپێی بەرەو سەرچوونی ئاستی هۆشیاری سیاسی ــ چینایەتی شاعیر، شیعرەکانیش ڕوون تر، سیاسی تر، چینایەتی تر، دەنووسێت و ئیتر لە قاوغی خولانەوە لە بازنە توقلیدییەکان و سەرەگێژە فیکرییەکان دەچێتە دەوەرەو  وەک شاعیرێکی مارکسیستی قەڵەمەکەی دەخاتە گەڕ.ئەمەش بەدەوری خۆی خەسڵی شۆڕشگێڕبوونی دەوەکانی تۆختر دەکات.

**من شاپوور و منیش قابیل**

**ئێمە وەکو مەغریبەکەی هەژدەی ئەبریل داگیرساوین**

**هەژدەی ئەبریل ناحەزەکان لە پارێز بوون بۆ تیشکی خۆر**

**لە پارێز بوون بۆ سینگی پڕ لە دەفتەرمان**

**لە چەند چرکەی ژماردنی هەناسەیا ، یادگارەکان هاتنە یادمان**

**یەک بە یەکیان لە سەر لێومان هاتنە سەما**

**بۆ ئایاری ئەم ساڵەمان خوێنی ئێمە برووسکە بوو تا شیکاگۆ چەخماخەی دا**

**هەولێر نرکەی بە قەڵا دا(٢١)**

لێـرەوە حەمەزەکـی شـاعیرێکە ڕێگـای خـۆی دۆزیـوەتەوە و دەزانـی چـی دەکـات و چـی دەڵێت.دەزانێت لە چ سـەنگەرێکەوە قسـە دەکـات، دەزانێت چـۆن بەرژەوەنـدی چینـایەتی کرێکـاران بپارێزێت و چۆنێش شیعر و سیاسەت ئاوێزانی یەکتر بکات بێ ئەوەی هـیچ لە بەهـای هـونەری دەقەکـانی کەم بکاتەوە.بەمجۆرە کاتێـــک حەمەزەکـــی جـــوانەمەرگ دەبێـــت، ئەو لە ئەوجـــی مارکسیســـــت بـــوون و خەباتـــدا دەبیـــت لە دژی نیزامـــی سـەرمایەداری و بنیادنـانی دواڕۆژێکـی ڕوونـاک و گەش بـۆ ستەملێکراوان و بەشخوراوان.

## ئیستاتیکای شیعرەکانی حەمەزەکی

هەر دەقێکـــی شـــیعریی هەڵگـــری ئاســـتێکە لە جـــوانی و شـیعرییەت.تەنانەت میکـانیکترین شـیعریش جـوانی خـۆی هەیە، بەڵام جـوانییەکەی لەئاسـتێکی خـوارترە لەچـاو پێشـبینییەکانی خوێنەر.ڕەگەزەکـــانی ئیســـتاتیکا لە شـــیعردا جـــگە لە لایەنە تەکنیکییەکـان، بـریتین لە زمـان و خەیـاڵی شیعریی.تێگەیشـتنی ئیستاتیکا لەدیدگای ماتریالیزمی مێژووییەوە دەمانخاتە سەر ئەو ڕاســـتەڕێیەی کە نەکەویـــنە داوی تێروانینـــی ئیســـتاتیکای بـــورژوازی.ئێمە لە بەشـــەکانی ســـەرەوەی ئەم نووســـینەمان

وەستانێکمان کرد لەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکانی حەمەزەکی، جێی خۆیەتی ئێستاش لەلایەنە هونەرییەکانی دەقە شیعرییەکان ورد بینەوە.چونکە وەک ئاشکرایە **فۆرم و ناوەڕۆک بە جۆرێکی دیالەکتیکی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە(٢٢).**حەمەزەکی لەم ئاوێزانکردنەدا هەندیکجار دەستڕەنگین و هەندێکجاری تریش لەئاست پێشبینییەکانی خوێنەر نابێت.من هەوڵ ئەدەم لەسەر خەیاڵ و زمان و چەند لایەنێکی هونەری تری دەقە شیعرییەکان بدوێم، تا ئەو شوێنەی هەست بکەم کە ئاماژەکانم کۆمەکی خوێنەر دەکەن درێژەی پێدەدەم.

## خەیاڵ

یەکێ لە هۆکارەکانی نووسین ئەوەیە کە وا لە خوێنەر بکات یان ڕێگەی بە خوێنەر بدات ئەزموونی نوسەر ببینیت و گوێی لێبێت.نووسەر جگە لە وشە هیچی تری نییە بۆ گوزارشت لە مەبەستەکەی، خوێنەریش هەوڵ ئەدات لەڕێگەی ئێش و سەلیقەی نووسەرەوە وێنە و دەنگی نەستی نووسەر ببینیت و ببیستێت.خەیاڵ وەک ڕەگەزێکی گرنگ لەشیعردا بریتییە لەو مەودایەی کە لەڕێگەی وشەوە شاعیر دەتوانێ وەک کارەکتەرێک پەلکێشمان بکاتە نێو دەقەکەیەوە.یان توانای خولّقاندنی بینینێکی بەهێزە لەڕێگەی وشە و ڕستەکانەوە تا خوێنەر بتوانێ وەک بەشێکی دانەبڕاو لە دەقەکە دەستبەرداری نەبێت.خەیاڵی شیعریی دەتوانێت دەستی خوێنەر بگرێت بۆ گەشتێکی ئەفسووناوی نێو دەق و نمایشی جووڵە و وێنە و ئەو دیمەنانەیە کە هەڵگری کاریگەریین بەسەر هەست و زەینی

خوێنەردا.**خەیاڵ ئەو هێزەیە کە ئیش لەسەر ماناکاندا دەکات و وێنەی جوانی لێ بەرهەم دێنی.(٢٣)** ئەو وێنانەی لە زەینی خوێنەر دەمێننەوە و کاریگەری دائەنێت نیشانەی فراوانی خەیاڵی شاعیرەکەیە و بە پێچەوانەشەوە گەر وێنەکان لاواز بن و بێ کاریگەر بن نیشانەی بەرتەسکبوونی جیهانی خەیاڵە لە دەق.دونیا بە بێ خەیاڵ زۆر بەرتەسکە و خەیاڵ ڕۆڵی فراوان کردنەوەی ئەو جیهانە بەرتەسکە دەبینێت.خەیاڵ دەکرێ بەش بەش بێت وەک لە وەرگرتن و لێکچواندن دەبینرێت و و دەشکرێت هەموویی بێت وەک لە میتافۆر و ئینتمای بەش بۆ هەموو دەبینرێت.(٢٤) حەمەزەکی ئاگایانە یان بێئاگایانە ئیشی لەسەر هەردوو جۆرەکەی خەیاڵ کردووە.

**لێو عەودالی زوقمبار بوو**

**بەڕادەی مەرگ و ترازان ئێستک خاش بوو**

**درز شەقار، هەڵوەشانی تۆڕی دەزوو**

**شەو پەمەیی**

**شەومان خامۆش دونیا پێکی شەرابی خەستی ڕژاو بوو.(٢٥)**

شاعیر لەم کۆپلەیە لەڕێگەی سێ وێنەی شیعرییەوە کە پێکەوە خەیاڵەشیعرییەکە دروست دەکەن، واتا سێ بەش پێکەوە خەیاڵە گشتییەکە وێنا دەکەن.خەیاڵە شیعرییەکانی حەمەزەکی هەندێکجار قووڵن و هەندیکجاری تریش تەنک.کە ئەمەش ڕەنگە

ئەو خەوشــە بێـت کە شـاعیر دەبـوایە زۆرتـر و وردتـر ئیشـی لەســەر دەقەکـانی بکـردایە.بەڵام لەنیـو ئەو خەیاڵانەشــدا کە لە شیعرەکانی شـاعیردا دەیـان بینین، هەندێکیان هێنده فراوانن کە شیعرییەتیان لێ دەتکێ.

**بارانەکان ئەرخەوانی ئەچنەوە**

**گریان دەروێشێکی شێتە**

**کە گوڵ بە هێلانەی مەل ناگا فڕین باڵای ڕێگا ئەسمێ**

**شـەویش کراسێکی مۆرە گوڵاڵەکان ئەتارێنێ**

**هەتا قامچی پشـتی زەوییە دەروونییەکان ماچ کاتەوە**

**دار بە ئاوی خۆری قەرەج باڵا ئەکا**

**کەرنەڤاڵی سـاڵی پاییز**

**نووکی گەڵا تۆقیوەکان لە دەشـتایی دڵ ئەچەقن**

**قەوزە گرتوون بەردە شۆری دەم کانییەکان**

**خەو مناڵێکی بزر بوو!!**

**چاوەکانم دوو مێروولەی قاچ شـکاون**

**لە سـەر پەردەی پەنجەرەکان هەڵئەلەرزن!  !(٢٦)**

لێرە ئیتر وشەکانی شاعیر دەبن بە چرا و ڕێگای خوێنەر ڕووناک دەکەنەوە بۆ گەیشتن بە مەبەستە نیمچە شاراوەکەی نێو ئەو شیعرە.

## زمان

گرنگترین ئامرازێک لە دەقی ئەدەبیدا کە مەرجی سەرکەوتنی نووسەرە بریتییە لە زمانی دەق.زمان لەشیعردا تا ڕادەیەکی زۆر سەنگی مەحەکی ڕاگرتنی ڕایەڵەی نێوان هزری خوێنەر و خەیاڵی شاعیرە لە دەق.**زمان کە دەسترەنگینی و لێهاتووی شاعیر دەردەخات لە دەقدا دەتوانێ چێژمان پێ ببەخشێت.(٢٧)**.زمان دەبێ لەشیعردا لەئاستێکی بەرزدا بێت.سفت و ڕەوان بێت.بەڵام ئاڵۆز نەبێت.چونکە زمانی ئاڵۆز زمانی تێگەیشتنی خەڵکی هەژار و ستەمدیدە نییە، بەڵکو زمانی توژێک لە ڕۆشنبیر و نوخبەیە کە لەڕووی چینایەتییەوە خۆی سەر بە چینی کرێکار نازانێت و بەرهەمەکانی دژ بەو چینە تاسەر شۆڕشگێڕەن.گەمەی زمان و کایەکردن بەوشە کاری نووسەری شۆڕشگێرنییە.بۆیە نووسەری سەر بە ئوردووی بەشمەینەتانی جیهان هەمیشە دەست بۆ ئەو زمانە دەبات کە توانای تێگەیشتنی لەلایەن خەڵکی هەژارەوە هەیە.بلیخانۆف دەڵێت " **زمانی نووسراوی ئەدەبی و شێواز و پێکهاتەی ئیستاتیکیی بە ناوەڕۆکەکەیەوە دیاری دەکرێت.یانی بەو تێروانینەی کە هونەرمەند هەیەتی بۆ واقیع و بە ئەزموونەی کە هەیەتی و بەو ئایدیۆلۆژییەی کە گوزارشتی لێ دەکات(٢٨)**.حەمەزەکی شاعیر هاتووە ڕێک بە زمانێک شیعری

وتـووه كه سـاده و ڕەوان مەبەسـتە كـۆمەڵایەتییەكەی دەقەكەی بگەیێنێت.

**چۆن پێشوازی شیعرێكی دزێوم ئەكەی ئەگەر بێت و..**

**لە بەرامبەر چرپە و جووڵەی لێوەكانتا**

**پەپوولە بێ و باڵەكانی ببزوێنێ..**

**لە تریفەی پێكەنینێكی گەرمت دا**

**جار نا جارێك  شەپۆل بات و سەر دەر بێنێ..؟**

**چی لێ ئەكەی گەر بیەوێ..**

**هێدی..هێدی ئاوا بێتە ناو پەساری مەمكەكانت و..**

**لێوی حەزی هەناسەیەك بماڵێتە رۆخی تەزووی موچوڕكێكا و..**

**پێستی ئاڵی دوو ترۆپكی مەمكانت بڕوشێنێ  ؟**

**یا ببێتە شنەی بایەكی سەرشێت و بە تان و پۆی شان و مل و..**

**نەرمە پێستی ژێر چەناگە و گەندە تووكی لاڕوومەتتا هەڵگەڕێت و..**

**تاو نا تاوێك لەبەر گەرمی شەپۆلێكی هەناسەتدا**

**كۆرپەی حەزێكی تاساوت بلاوێنێ  ؟(٢٩)**

ئەم ســـادەییە لە زمـــان بە پێویســـتی بە كـــۆد و نهێنیـــیە و نە خوێنەریش تووشی سەرەگێژە دەكات.زمانێكی بێ ڕەمز و گرێ

و گـۆڵە ئاسـتی سـەرکەوتنی ئەم جـۆرە زمـانە لە کـۆمەڵگەی کوریـدا زیـاترە تـا ئاسـتی زمـانێکی ڕەمـزاوی و پـڕ لە تەمومژ.چونکە زمانی ڕەمزیی لە کویَ ئەتوانیَ لە زەینی خـوێنەر بمێنێـتەوە؟ ئەم زمـانە چ پەیامێـک دەگەێنێـت؟ ئەوە ڕاسـتە لە سـەردەمێکدا لەژێر باری ستەمی بێئەوپەڕیَ سیاسـیدا ناچـاری هەنـدێجار وای کـردووە ئەو زمـانە ڕەمـزاوییە بەکـار بهێنرێـت، بەڵام تەمەنـی زۆر درێـژ نەبـووە بەحـوکمی یـاخیبوونە چەکدارییەکەی کورد لە چیاکانی کوردستاندا. زمانی تەمومژاوی لە ئەدەبـدا لە دەیەی هەشـتاکان و نەوەدەکـان شانسـی قورتـاربوون و هەناسـەدانی کەم بووە و تەنـانەت دەتـوانم بڵێـم ئەو زمانە لەگەڵ راپەرینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بە تەواوی لە مەیـدان چـووە دەر.دوای ئەوەش بیرمـان نەچێـت کە زمـان و بـاوەڕ دوو دەربرینـی لێکئـاڵاون لەسـەرمانە وەک یەک جەسـتە بیـان بینین.نـاهەقی خـوێنەریش نـاگرم ئەگەر زمـان و خەیـاڵ و بـاوەڕ بەو تێکەڵاویـیە لە دەقـدا کە هەر هەموویـان هارمۆنییانە ئیش دەکەن و جوانی شیعر دەڕازێننەوە، نەتوانێت جیایان بکاتەوە و هەریەکەیان بەجیا ببینێت و بخوێنێتەوە.دیـارە خوێنەری خاوەن باکگراوندی مەعریفی دەتـوانی ئەو کـارە بکـات و سـەرکەوتووانەش ئەنجـامی بـدات.ئەمە ئـاڵۆزی نیـیە و سەرلێشێوانی خوێنەر نییە، ئەوەندەی چەکدارکردنی خـوێنەرە بە جوانناسی.

## چەند لایەنێکی هونەری شیعریی تر

گوزارشت و دەربرینی شیعریی هەندێکجار ئەوە لە شاعیر دەخوازێت کە بۆ پێکانی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکەی دەق، پەنا بەرێتە بەر چەندین ڕێچکەی هونەریی وەک شێوازی دەربڕین و دارشتنی دەق و دووبارەبوونەوە و لێکچواندن و میتافۆر.حەمەزەکی لە شیعرەکانیدا خاوەن دەربڕینی سادە و شیعرییە.گەرچی لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکانی چەندین دەستەواژە و وشەو فرەیزی ناشیعریی دەبینین، بەڵام لەهەمان کاتیشدا گەلێ دەربڕینی شیعریی جوانیش دێتە بەردیدەمان.

**من شیعرێکم تاڵ بە تاڵی قژی خاوت لەباوەشی وەسفم ئەگرم**

یان:

**گریان پەردەی ژانی دڕی**

یان:

**ترپەی پڕ ئیقاحی دڵی پاکی تۆ**

یان:

**منیش بە پیاسەی شەوی ئەم شارە دەسکەنەی غوربەت گوڵبژێر ئەکەم(٣٠)**

ئیتــر شــیعرەکانی حەمەزەکــی پــڕن لەم دەربــڕینە شــیعرییانە. شـاعیر جگە لەم دەربڕینـانە گەلێ جـووت وشـەی چـوون یەکـی بەکـار هێنـاوە وەک دڵنیـابوون و تەئکیـدکردنەوە.(**باریک باریک، سووتان سووتان، هێدی هێدی، جوان جوان، ورد ورد، کۆمەڵ کۆمەڵ، شەکەت شەکەت، ڕەزمە ڕەزمە، گریان گریان، کاشی بە کاشــی ، تــاڵ بە تــاڵ، یەک بە یەک(٣١)** و زۆری تـر کە شـاعیر زیرەکـــانە لە شـــوێنی گونجـــاو شـــیاودا بەکـــاری هێنـــاون.بۆ لێکچوانـدنیش سـوودی لە هەنـدێک لە فرەیزەکـانی (وەک، وەکـو، ڕێک، چەشنی، ئاسا، لەشێوەی، هەروەکو،) وەرگرتووە.

**شوورایەک  هێرشی خەڵک بوو**

**وەک هاژەی سیروان بوو**

**وەک هۆرە**

**توولە ڕێی هەورامان**

**وەک قوڵپە**

**وەک خوڕەی زەڵم بوو**

یان:

**ڕوحم تازە وەک شیری مەمکەکانت سپی بووە.(٣٢)**

له بواری بەکارهێنانی میتافۆریشدا شاعیر دەستڕەنگینی نیسان داوە و ئەو پەیامە هونەرییە لە دووتوییی شیعرەکاندا بوونی هەیە کە پێمان دەڵێت ئێمە لەگەل شاعیرێکدا دەستەویەخەین نەک لەگەڵ شیعرنووسێک.

**شەو لە ڕێگای فەعالییەت و گەڕانەوەم**

**ئەهاتە ناو تووکی سەر و لەسەر سینگم نەخشی تابلۆی**

**منالآنی ئەم گەڕەک و ئەم شارانەی ڕەسم ئەکرد**

یان:

**بارانەکان ئەرخەوانی ئەچنەوە.**

یان:

**وەرە لەناو هەناسەما باڵەکانت ببزوێنە.(٣٣)**

ئەمەش نیشانەی شاعیربوون و بالآ دەستی شیعریی حەمەزەکییە.ئەمە ئەو هونەرەیە کە حەمەزەکی لەو تەمەنە کورتەی خۆیدا پێی گەیشتووە و توانیویەتی لەڕێگەی وشەوە بەشداریمان بکات لەو ئەزموونەی کە ناوی نووسینە و هەڵگری پەیامێکی کۆمەڵایەتی مەزنە.جوانەمەرگ بوونی حەمەزەکی لەو تەمەنە کورتە (٣٩) ساڵییە، دەرگای لەسەر ئەو توانایییە داخست کە ڕەنگە بە تەمەنێکی درێژەوە بیتوانیایە جوانترین مەدالیای سیاسی چینایەتی شیعر لە یەخەی چینی کرێکاری عێراق و کوردستان بدات.

## ئەنجام

سەرەنجام حەمەزەکی شاعیر، ئەو گەنجەی ڕەگی چینایەتی دەگەڕێتەوە بۆ خێزانیکی هەژار و کرێکاریی دەستەنگ لە تەمەنێکی زوودا جێی هیشتین، بەڵام ژمارەیەک شیعری دوای خۆی جێهێشت کە پڕاوپڕن لە عەشق و خۆشەویستی ژن کە وەک پەروانە بەدەوی ڕووناکیدا تا دوا هەناسەی سووتا، ئاماژەی مەرگ لە شیعرەکانیدا بە زەقی دەبینرێت و ئەو هەستە لای وێنەر دروست دەکات کە شاعیر بەردەوام لەسەر ئەزموونی مەرگ دواوە بەجۆرێک دەڵێی لەگەڵ مەرگا ئاشنایەتییان هەبووە.لەگەڵ ئەمانەشدا وەک شاعیرێکی تێکۆشەر تێکۆشاوە بە هونەری شیعر پەیوەستبوونی خۆی بە بزووتنەوەی سیاسی کرێکاران نیشان بدات و خەبات بکات دژ بە نیزامی سەرمایەداری لەپیناو هینانەدی ژیانێکی ئاسوودە پڕوپڕ لە ئازادی و یەکسانای و دادپەروەری کۆمەلایەتیی کە ئەمەش لەبەشێک(بەتایبەت بەشی چوارەمی شیعرەکانی) ڕەنگی داوەتەوە.حەمەزەکی بە زمانێکی سادە و جوان و ڕوون شیعرەکانی لە قالبی خەیالی فراوان و وێنەی شیعری قەشەنگ دارشتووە، گەرچی لەنەستی شیعری حەمەزەکیدا دەتوانین باکگراوندی پەروەردەی سەردەمی منالی ببینین و هەندێ هێما و دەستەواژەی ئایینی بەکار هێناوە کە بەڕاستی خەوشن بە تابلۆی تێکۆشانی ئەم شاعیرە خێرلەخۆ نەدیوەی نێو ململانێی چینایەتی.

## ژێدەر و سەرچاوەکان:


(١)الفن و التصور المادي للتاريخ جورج بليخانوف ترجمة جورج طرابيشي دار الطليعة بيروت ص ٧.

(٢)کتێبی ڤاراییم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٣٠

(٣)گەڕان بەدووای خۆشەویستیدا نووسینی بورهان ئەحمەد کتێبی ڤاراییم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لەپەڕە ٩.

(٤)کتێبی ڤاراییم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لەپەڕە ٧٦.

(٥)کتێبی ڤاراییم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ١٥١.

(٦)کتێبی ڤاراییم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٦٢.

(٧)بۆ ئەم مەبەستە خوێنەر دەتوانێت شیعرەکانی **(من لاتانم، سەربرینی خۆر، شەوبۆ، شاژنی شیعر)** کە هەر لەم کتێبەدا چاپ بوونە بخوێنێتەوە.

(٨)کتێبی ڤاراییم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ١٢٦.

(٩)کتێبی ڤاراییم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٧٥.

(١٠)کتێبی ڤارایيم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم  لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٧٢.

(١١)کتێبی ڤارایيم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم  لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٧٠

(١٢)کتێبی ڤارایيم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم  لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە٦٨.

(١٣)ئەم وشانە هەر هەمووی لە خودی شیعرەکانی شاعیرەوە وەرگیراون.

(١٤)بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو ئاکتانەی شاعیر دەتوانن بچنەوە بەسەر نووسینەکەی هاوڕێ جەمال ئەیوب و یوسفەسوور کە لەم کتێبەدا چاپکراون.

(١٥)کتێبی ڤارایيم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم  لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ١٦٧.

literature in Revolution   Edited by Geroge Abbott (١٦) White and Charles Newman Northwestren University Press 1972 page 1

(١٧)تێزەکانی مارکس – ئەنگڵس لەبارەی ئەدەب و هونەرەوە  نووسینی جان فریفیل وەرگێرانی لە عەرەبییەوە فوئاد مەجید میسری ناوەندی توێژینەوە و هزری شەهید ئارام چاپی یەکەم ٢٠١٩ لاپەڕە ٦٢.

(١٨)کتێبی ڤارایيم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم  لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٢٠-٢١

(١٩)شیعری ئەنفال کە ساڵی ٢٠٠١ نووسراوە و لە کتێبی ڤارایيمدا چاپ نەبووە.ڕە

(٢٠)کتێبی ڤارایيم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم  لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ١٥١.

(٢١)کتێبی ڤارایيم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم  لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە١٤٠.

(٢٢)مارکسیزم و رەخنەی ئەدەبی  تێری ئیگلتۆن  وەرگێڕانی هاوڕێ یوسفی لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٧ لاپەڕە ١٠٥.

(٢٣)الخيال و التخيل في الشعر  عبدالعزيز الصعب جريده الرياض الاربعاء العدد ١٦٢٧٠ ٩ يناير ٢٠١٣.

(٢٤)بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە خوێنەر دەتوانێ سەردانی سایتی ئەلوکە بکات و نووسینەکەی بەڕێز دکتۆر ابراهيم عوض بەناوی الخيال في الشعر بخوێنێتەوە.

(٢٥)کتێبی ڤارایيم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم  لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٨٤

(٢٦)کتێبی ڤارایيم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم  لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە لاپەڕە ١٠٥.

(٢٧)The Language of poetry by Kenneth Koch

The NewYork Review Books website

May 14 1998 issue.

https://www.nybooks.com/articles/1998/05/14/the-language-of-poetry/

(٢٨)الفـن و التصــور المــادي للتــاريخ  جـورج بليخــانوف  ترجمــة جـورج طرابيشي دار الطليعة بيروت ص ٤١.

(٢٩)كتێبی ڤارابیم کۆشـیعر حەمەزەکی کەریـم  لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ١٩.

(٣٠)ئەم دێرە شیعرییانە لە دیوانی ڤاراییمەوە وەرگیراون.

(٣١)ئەم جووت وشانەش هەر لە شیعرەکانی حەمەزەکییەوە وەرگیراون.

(٣٢)ئەم دێرە شیعرییانە لە دیوانی ڤاراییمەوە وەرگیراون.

(٣٣)ئەم دێرە شیعرییانە لە دیوانی ڤاراییمەوە وەرگیراون

تێبینـی: ئەم بــابەتە تــایبەت بـۆ کتێبـی (حەمەزەکـی شــاعیریکی عاشـق و تێکۆشەرێکی یاخی) نووسراوە و لەوێدا بڵاوکراوەتەوە.

# پۆتێنشیاڵی زمان لە شیعری( نان و ئاگر)ی حەمەی شانۆدا

**دەق و خوێندنەوە**

یانزەی ئەیلوولی ٢٠٢٠

**نان و ئاگر**

**پێش**

**ڕۆژ هەڵاتن**

**پێش توانەوەی**

**زوقمی نێو جۆگەلەکان**

**پێش ئەوەی شەیتانەکان هەڵسن**

**پێش ئەوەی بارانەکە خۆشی بکاتەوە**

**من بەخەبەرم دەچمە دەرێ لەماڵ**

مەیدانی کرێکاران قەرەباڵغە
لەو پیاوانەی بە هێزی شانەکانیان
دەژین کەسانێکیش
چەک لەسەرشانن لەتەوێڵەی
ئاغاکانیان

عەشق بەتامی کرێکاری سوێر سوێرە
دەستە زامدارەکانم
بۆنی ئارەقی کراسەکەم
ڕوومەتی هەڵقرچاوم
پشتەکۆمەوەکەم
ڕووی ڕاوەستانیان نییە
بەرامبەرکچێک
کچان زمانێکی شیرینیان دەوێت
حەزیان بەقسەی شاعیرانەیە.

شاعیرە تەسکەکانم خۆشناوێت
ئەوانەی منالی بەردەم سپلیتن

بەسپۆنسەر

بەمیدیا

بەمیدالی زێڕین

بوونەتە شاعیر

کرێکارەکان شاعیری ڕاسەقینەن

ئاخی ئێمە و ئەوان مەودای ئەرز و ئاسمانە

ئاخی ئێمە لەدەست

ماندوویێتی وچەکوش وەشانە

هی ئەوانیش لەعانی گان و و

ڕەحتبوون و تەکانە

خودا گەر لەو دنیا پێم بڵێ تۆ کێی ؟

ناو لەپی دەستەکانمی پێشان ئەدەم

پسوڵەی بەهەشت ، چەکوشەکەمە

کە سیمبولی ڕەنجدەرانە

تەنها بەشی تێرکردنی سکێک و

دەفتەر و پێنوسێک و

کرینی کتێب و فیلمێک دەکات
پارەکەم
ئا ئەمەیە ژیانم ناشتوانم ناوی بنێم خەون
ئەژدادی ئەوخەونانەش بسوتێنم
کە بەپارەی کرێکاری دێنەدی.

هەندێ شەو هێندە هیلاکم
گەر فریشتەی مەرگیش بێت
پێی دەڵێم تخوا برۆ سبەی وەرەوە
باهەرنەبێ ئارەقەکەم وشک بێتەوە.

نیوەڕۆیەکی کرێکارانە بژێ
بەخواردنی نان وئاگر.
بەکارکردن لەژێرپلەی گەرمی پەنجا

ژیان هەمووانی گا
هێشتا پێمان دەڵێن تەحەمولت هەبێ
هەرنەبێ تۆزێ کەمتر
ئازار بچێژین

هەرنەبێ چەقۆکانتان توندتر بوەشێنن
وەک وەشیانی چەکوشەکانمان

جغارەیەکم داگیرساندوە و
قەترە قەترە دەبمەئاو
قەترە قەترە لەبری فرمێسک
ئارەقە دەکەوێتەسەر
وێنەکەت کە خەریکە کاڵ دەبێتەوە
خەریکە وەستا بانگم بکا

پێش ئەوەی ئارەقەی سینگ
وپشتم وشک بێتەوە ،
ئەم دێڕانەم نووسی
ببورە ڕەنگە کەمێ تامی سوێربێت
ڕەنگە کەمێ سەرت بێتە ئێش
چونکە دەنگی تاق وتریقی چەکوش کاست ئەکا.

## خوێندنەوەیەک بۆ دەقی (نان و ئاگر)

شیعری (نان و ئاگر) دەقی شاعیری لاو حەمەی شانۆیە(١)، ئەم دەقە مۆنۆلۆجێکی ناوەوەیی شاعیر یان کارەکتەری ناو دەقەکەیە کە کرێکارە و لەڕێگەی بەراوردکارییەکەوە، بەراوردکارییەکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە ، لەڕێگەی زمانێکی سفت و سادەوە خوێنەر کەمەندکێش دەکاتە نێو هەستیارترین بابەتی ڕۆژ و ژیان، ئەویش فەلاکەتباریی و مەینەتباری ژیانە.شاعیر زۆر بە وردکارییەوە ئیشی لەسەر ئەو بەراودرکارییە کردووە و لەڕێگەی وشە و دێر و وێنە چێکراوەکانی نێو دەقەکەوە، ئاشنامان دەکات بە دۆخێکی ناخوازراو و نالەباری کۆمەڵایەتی.پرۆسەی بەراودرکارییەکە ئەبستراکت نییە و شاعیر چینێکی کۆمەڵایەتی تاسەر شۆڕشگێڕ و نوخبەیەکی وردەبۆرژوازی ڕاڕامان نیشان دەدات و بەرپرسیارێتی هەردوولا سەبارەت بە ژیان و کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو.ئەو زمانەی شاعیر بەکاری بردووە، زمانێکە ئاسایی و سادە و تەنانەت مرۆڤە سادە و ئارەق لە تەوێڵ ڕژاوەکان بەکاری دەهێنن و دوورە لە زمانی نوخبە.دوورە لە زمانی بۆینباخ لەبەرەکانی نێو ئۆفیسی پشت مێزە زەبەلاحەکان، ئەوانەی وشەی نامۆ نامۆ و دەقی نامۆ نامۆ دەنووسن.حەمەی شانۆ هێزی وشە زۆر سادەکان دەناسێت و زیرەکانە دەستی بردووە بۆیان و ئەو هێزەش بووە بە پۆتێنشیاڵی نووسینەکەی.

**پێش**

**ڕۆژ هەڵاتن**

**پێش توانەوەی**

**زوقمی نێو جۆگەلەکان**

**پێش ئەوەی شەیتانەکان هەڵسن**

**پێش ئەوەی بارانەکە خۆشی بکاتەوە**

**من بەخەبەرم دەچمە دەرێ لەماڵ**

بەڵێ ئەوە کرێکارەکانن، ئەو ئینسانانەن کە نانی ڕۆژیان نییە و ئامادەن هێزی کاری خۆیان بفرۆشن و لەکازیوەی بەیانییەوە لەماڵ دەردەپەڕن و ئێوارە بە شەکەتی و ماندوویی دەگەڕێنەوە ناو ماڵ، ئەوان ئەو چینێکی تاسەر شۆڕشگێڕن.جیهانی کرێکاران، لێوڕێژە لەعەشق و توورەیی و ئومێد و خەون و شەڕەقسە و ململانێ و خەبات.لەم جیهانە سادەیەدا ئاخاوتن و گفتوگۆشیان سادەیە وەک دڵە پاکەکانیان.جنێوەکانیشیان خاکییە و پڕە لە ئیدیۆم ومیتافۆر.شاعیر هاتووە لەم جیهانەوە باس لە عەشق و شیعر و شاعیر دەکات تا دەگات بە سکاڵا لە دەست نەهامەتییەکانی ژیان.

**عەشق بەتامی کرێکاری سوێر سوێرە**

**دەستە زامدارەکانم**

**بۆنی ئارەقی کراسەکەم**

**ڕوومەتی هەڵقرچاوم**

**پشتەکۆمەکەم**

**ڕووی ڕاوەستانیان نییە**

**بەرامبەر کچێک**

**کچان زمانێکی شیرینیان دەوێت**

**حەزیان بەقسەی شاعیرانەیە.**

کچانی ڕۆژهەڵاتی کورەی زەوی، ئەوانەی وابەستەی کۆمەڵی نەریتی کۆمەڵایەتین و هێشتا هەناسەی دەرەوەی قەفەسەکانی کلتووری ڕۆژهەڵاتیان هەڵنەمژیوە، وا بار هاتوون کە دەبێت کوڕ ئەرکی لاوانەی ئەوینی کچان لە ئەستۆ بگرن.بەڵام کارەکتەری نێو دەقەکە ( کە هەر خودی شاعیرە و ڕاناوی کەسی یەکەمە) کە بۆنی ئارەقەی لێدێت و بە پشتی کۆم و دەستی زامداری ڕووی ئەو لاوانەوەی ئەوینەی نییە.هەرچەندە ئەم دیاردەیە لەدەقەکە گشتیگیر نیشاندراوە، بەڵام لایەنە نێگەتیڤەکەی بریتییە لەوەی کە کرێکار و جیهانی کرێکار ڕووی ئەوین و عەشقی نییە.بەڵام لە ڕاستیدا و لە دونیای واقیعدا جیهانی کرێکار پڕە لە خۆشەویستی و دەیەها چیرۆک و حیکایەتی ئەڤینداری لەهەناودایە، یانیش ڕێی تێدەچێت کەپلەکەی ئەم کرێکارە هەڵگری ڕوحییەتێکی بۆرژوازییانە بێت و بەم جیهانە مەینەتبارەی عاشقە کرێکارەکەی نامۆ بێت.هەرچۆنێک بێت شاعیر بێئەوەی باس لە سیاسەت بکات و دروشم بەرز بکاتەوە، هاتووە بە دیوەکەی تر بە دیدگایەکی چینایەتییەوە بابەتەکەی خستۆتە ڕوو.ئەوەش ڕوونە کە**(ئەو ئەدەبەی**

**گوزارشت لە دیدگای چینایەتی دەکات، ئەدەبێکی سیاسییە.)(٢)**
و بەم پێیە ئێمە لەم دەقەدا ڕووبەڕووی شیعرێکی چینایەتی – سیاسیی بووینەتەوە و سیحری زمانەکەی ئێمەی هێناوەتە سەر کەڵکەڵەی خوێندنەوەی.

**شاعیرە تەسکەکانم خۆشناوێت**
**ئەوانەی منالّی بەردەم سپلیتن**
**بەسپۆنسەر**
**بەمیدیا**
**بەمیدالی زێڕین**
**بوونەتە شاعیر.**

**کرێکارەکان شاعیری ڕاسەقینەن**
**ئاخی ئێمە و ئەوان مەودای ئەرز و ئاسمانە**
**ئاخی ئێمە لەدەست**
**ماندوویێتی وچەکوش وەشانە**
**هی ئەوانیش لەعانی گان و**
**ڕەحتبوون و تەکانە**

ئەگەر شـــاعیربوون لێـــرە مەجـــازیش بێت،هێشـــتا لەبەردەم پرســـــیارێکی جیـــدیی دایە.ڕۆڵـــی شـــاعیر لە ئـــاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان چییـە؟ چـونکە منـداڵانی بەردەم سـپلیتەکان شـاعیر نـین و تەنهـا چەکـووش بەدەسـتەکەی نێـو ئەم دەقە شـاعیری راسـتەقینە و نووسـەری ئازارەکـانی ئینسـانە.ئەوەی نیشاندراوە، وێنای جیاوازی ئابووری دوو چینی جیایە.یەکێکیان گوزارشتی درۆیینە لەگەڵ شیعر و واقیع دەکات و هەموو خەمی ئـــــارەزوو و حەزەکـــــانییەتی و ئەو حەزانەش لە کـــــاتی هەناسەبڕکێی تەکانەکانیدا وێنا کراوە.ئەویتریان کرێکارەکەیە کە بێ دوودڵـی و بێ ڕتـووش گوزارشـت لە واقیعـی ژیـانی خـۆی دەکـات کە حەمەی شـانۆ سـەر بە جیهـانی کرێکـارەکەیە، **(کە جغـــارەیەکی داگیرســـاندووە و قەتـــرە قەتـــرە دەبێـــت بە ئاو)**.بەکاربردنی جغارە لەبری جگەرە، لانەدانە لەو ئینتمایەی کە زمان دەقەکە هەیەتی بۆ سادەیی جیهانی ئاخـاوتنی شـاعیر. دوا دیمەنـی ئەم کـۆپلەیە وشـەگەلی ( گـان و ڕەحەتبـوون و تەکـان) گەر بەشـــێوەی ئەبســـتراکت وەریـــان بگـــرین دەبـــنە هـــۆی ناحـاڵیبوونێکی چڕ لە دەقەکە و دواجـاریش رێکە خـۆش دەکـات بـــۆ لێکـــدانەوەی نادروســـتی وەک بێحـــورمەتی بە ژن.بەڵام لە ســـیاقی دەقەکەوە لێـــی بڕوانیـــت، دەبینیـــت کە ئەو وشـــانە گوزارشتێکی ئابوورییان هەیە و دەلالەتن لەسـەر مەدلوولێکی تـر کەئەویـش دۆخـی ئـابووری چینێکـی تر(بـۆرژوازی)ی خـاوەن بەرژەوەنـــــدی جیـــــاوازە لە بەرژەوەنـــــدی چینـــــایەتی شـاعیر.خوێندنەوەی هەڵە بـۆ زمـانی شـیعریی و لێکـدانەوەی مـــوجەرەدانەی وشـــە لەدەرەوەی هەیـــکەلەی دەق، جـــگە لە ناحاڵیبوون لە دەق و زمان و شیعر، بەرهەمێکی تری نابێت.

**تەنها بەشی تێرکردنی سکێک و**

**دەفتەر و پێنوسێک و**

**کرینی کتێب و فیلمێک دەکات**

**پارەکەم**

**ئا ئەمەیە ژیانم ناشتوانم ناوی بنێم خەون**

**ئەژدادی ئەو خەونانەش بسوتێنم**

**کە بەپارەی کرێکاری دێنەدی**

ئەم تووڕە بوونە توورەبوونێکی ڕەوای کرێکارە لە دونیای بۆرژوازی.ئاخر لە دنیایەک کە هێزی پارە بڕیاردەر بێت، کرێکارێک مەمرەو مەژی بژێت، چۆن دەتوانێت دەستی بگات بە خەونەکانی.چۆن هەقی نییە بڵێت ئەژدادی ئەو خەونانە دەسووتێنم.ئەو کە خەمی پەیداکردنی نانی سبەێنی هەبێت، ئیتر چۆن دەتوانێت ماڵۆچکەیەک یان کونجی قەناعەتێک لەگەڵ دولبەرەکەی بنیاد بنێت؟ نیزامی سەرمایەداری بێڕەحمانە ساڵانە بەهەزاران بێکار فڕێ دەداتە لێواری ژیانی مەمرەومەژییەوە، مافەکانی کرێکاران زەوت دەکات، بیمەکانیان کەم دەکاتەوە، بە کورتی کرێکار بەردەم لەهێرش دڕندانەی بۆرژوازییە و لەبەردەم ئەم بەربەریەتە چ هەڵەیەکی کوشندەیە گەر پێمان وابێت کرێکار دەبێت لەم جەنگە چینایەتییە هەمیشە نەرم ونیان بێت.غەدرێکی گەورە لە کرێکارەکەمان(شاعیرەکە)ش دەکەین

ئەگەر بڵێین ئەو ئیدیۆمەی بۆتە چوارچێوەی تووڕەبوونەکە لەجێی خۆیدا نییە.نەخێر بە بڕوای من پەنابردن بۆ پراگماتیک زۆر لە جێی خۆیدایە، چونکە **پراگماتیک بەوپێیەی پابەندی یاسا و واتای فەرهەنگی نییە پەیوندی راستەوخۆی بە وتنەوە هەیە، توانای ئەوەمان دەداتێ، کە بە چەند وشەیەکی کەم بیرێکی فراوان دەرببڕین.(٣)**

**نیوەڕۆیەکی کرێکارانە بژێ**

**بەخواردنی نان وئاگر.**

**بەکارکردن لەژێرپلەی گەرمی پەنجا**

**ژیان هەموومانی گا**

**هێشتا پێمان دەڵێن تەحەمولت هەبێ**

**هەرنەبێ تۆزێ کەمتر**

**ئازار بچێژین**

**هەرنەبێ چەقۆکانتان توندتر بوەشێنن**

**.وەک وەشیانی چەکوشەکانمان**

لەدۆخێکی ئاوا فەلاکەتبار و کارکردن لەژێر پلەی گەرمی پەنجا، وەختێک بەفریش فریای قوورگی وشک و ناخی سووتاو ناکەوێت، ئیتر گوزارشتکردن لەم جەهەنمە بە ئیدیۆمی (ژیان

هەموومــانی گــا) جــوانییەک دەبەخشــێت بە کــۆپڵەکە، بێــئەوە بچووکترین هەست بە ئازار ببەخشێت.ژیان هەموومانی گا یانی ژیانی ئێمەی کرێکار لەنـاو دۆزەخـی سـەرمایەداری تواندنەوەی هەموو خەونەکانمانە، لەدەستدانی عاشقەکانمانە، نەبینینی خێر و خۆشــییە، تەمەن کــورتییە.ئەمە هێــزی ئەو زمــانەیە کە حەمەی شـــانۆ بێـــئەوەی بهێڵێـــت دیـــوە نێگەتـــیڤەکەی ئەو ئیـــدیۆمە دەربکەوێت، بەدیوە پۆزەتیڤەکەیەوە دیمەنێکی جوانمـان نیشـان دەدات لە نایەکسانی ژیانی ئینسانەکانی کۆمەڵگە.تەجرید کردنی وشەی (گان) لە ئیدیۆمەکەی نـاو ئەم دەقە، تەفسیرکردنی هەڵە و لێکـدانەوەی بە دیـوە نێگەتـیڤەکەی وەک پرۆســەی جـنس و سـووکایەتی بە ژن، ناحـاڵیبوونە لە ئیـدیۆم و کـاری ئیـدیۆم لە زمانـدا.هەروەها ئیدیۆم خۆشـی ( **ناسـکترین و وردتـرین هـۆی ڕەوانبێژییە.گەلێــک لەوە کــاریگەرترە کە تــۆ ڕاستەوڕاســت ڕاســتییەک ئاشــکرا بکەیــت و بیڵێیــت.)**(٤) ئیــدیۆمی ( ژیــان هەموومــانی گــا) کە لەم دەقەدا بەکــار هــاتووە، پەیوەنــدی بە سەرجەم ئینسانەکانی کۆمەڵگەوە هەیە بە ژن و پیاوەوە.

**جغارەیەکم داگیرساندوە و**

**قەترە قەترە دەبمە ئاو**

**قەترە قەترە لەبری فرمێسک**

**ئارەقە دەکەوێتە سەر**

**وێنەکەت کە خەریکە کاڵ دەبێتەوە**

**خەریکە وەستا بانگم بکە**

**پێش ئەوەی ئارەقەی سینگ**

**وپشتم وشک بێتەوە ،**

**ئەم دێڕانەم نووسی**

**ببورە ڕەنگە کەمێ تامی سوێربێت**

**ڕەنگە کەمێ سەرت بێتە ئێش**

**چونکە دەنگی تاق وتریقی چەکوش کاست ئەکا.**

لێرە خەیاڵەکەی شاعیر ڕوونتر دەردەکەوێت و کرێکارەکە کە هەر خودی شاعیرەکەیە و لە خەیالگەی خۆیدا و لەژێر پلەی گەرمی پەنجا وا خەریکە سکاڵا لەدەست نا عەدالەتییەکانی ژیان دەکات و نەفرەت لە نایەکسانی دەکات، دوایین دێرەکانی خۆی یان دوایین مۆنۆلۆجی خۆی بەزمانە سفتەکەی نیشان دەدات و دەچێتەوە نێو دۆزەخە نێشاندراوەکەی نێو شیعرەکە تا ئەو بڕە پارەیەی کە هەقدەستەکەیەتی و بەشی ژیانێکی ئاسایی ناکات، وەربگرێت و بتوانێت دەفتەرێک و کتێبێک و ژەمەخواردنیک و پاکەتە جگەرەیەکی پێبکڕێت.نابێت بیرمان بچێت کە بەدرێژایی مێژووی زمان و ئەدەب،جگە لە ڕەگەزی خەیاڵ،زمان توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە ئاخاوتن.زمانێک لەنێوان هونەر بوون و پێوەرە زمانەوانییەکان مۆری خۆی بدات لەو دەقانەی کە لەدووتوێی لاپەڕەکانی مێژوودا بە دەقی داهێنەرانە یان زیندوو یان نەمر ناوزەد دەکرێن.زمانێک نە دەکەوێتە دەرەوەی ململانێی

کۆمەڵایەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و نە دەستەوەستانیشە لە گوزارشتکردن لە خەونەکانی ئینسان.شاعیر لێرەدا گەرچی نایەوێت ببێتە دیلی کۆتوبەندی پێوەرە ئەدەبییەکان، بەڵکو ئازادانە لەگەڵ وشەکانی، وێنای ئەو ئازارانە دەکات، کە خۆی و ئێمە و مرۆڤایەتیش پێوەی دەرگیرین.زمانی دەقەکەش سەرباری سادەیی و سفتییەکەی، دوورە لە ڕاستەوخۆیی.ئەنگڵس لە ساڵی ١٨٨٥ لە نامەیەکدا بۆ کاوتسکی دەنووسێت( **لە هیچ ڕوویەکەوە پێم خراپ نییە چیرۆکێک بە ئاراستەی سیاسیدا بڕوات، بەڵام لایەنگری زەق و ئاشکرا بە باش نازانم.)(٥)**

دواجار حەمەی شانۆ، ئەو شاعیرە لاوە پڕ لە وزەیەی کە خاوەن پۆتێنشیاڵی زمان و دەربڕینی هونەرییانەی سادە و جوانە لەم دەقەدا و بەڕوئیای ڕوونەوە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی چینە کۆمەڵایەتییەکان، نیگای بڕیوەتە دارشتنی دەقێکی ئەدەبی(نان و ئاگر) کە ژیرانە لەڕێگەی کۆمەڵێ وێنەی شیعریی و دەربڕینی هونەرییەوە سەرنجی ڕەخنەی ئەدەبی بۆلای خۆی ڕاکێشا و بە زمانێکی سادە و پڕ لە وزەوە توانی شیعرێکی کرێکاریی جوان بهۆنێتەوە، کە ئەگەر لەسەر ئەم ڕێڕەوە و بەم ناوەڕۆکە چینایەتییە کرێکارییەوە درێژە بە شیعرەکانی بدات، دوور نییە لەداهاتوودا ببێت بە شاعیرێکی کرێکاریی خاوەن سەبک و ستایلی تایبەت بە خۆی.

## ژێدەرەکان:

(١)محمد بەرزان، ناسراو بەحەمەی شانۆ ساڵ١٩٩٨ لەشاری کەرکووک لە دایکبووە.خوێندکاری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کەرکووکە و خاوەنی گروپی شانۆی دیالۆگە و چوار ئەزموونی شانۆیی کردووە کە لە نووسین و دەرهێنانی خۆی بووە ،لەبواری شیعریشدا ساڵێک زیاترە دەنووسێت، هەوڵیداوە لەنووسینەکانیدا سرووشتیانە بێت وەک تریشقە ئاسا بێ هیچ کۆت و بەندێک ئازارەکانی ئینسان بگەێنێ..

(٢)الفن و التصور المادي للتآريخ تآليف جورج بيلخانوف ترجمة جورج طرابيشي من منشورات دار الطليعة للطباعة و النشر بيروت لبنان الطبعة الآولى ١٩٧٧ ص٤٩.

(٣)ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا نووسینی شیلان عومەر حوسێن مەڵبەندی کوردۆلۆجی چاپخانەی ڕەنج چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٩ لاپەڕە ٧٥

(٤)ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا نووسینی جەلال مەحمود عەلی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی چاپخانەی حیسام بەغداد ١٩٨٢ لاپەڕە ٧.

(٥)مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی نووسینی تێری ئیگڵتن وەرگێرانی هاوڕێ یوسفی لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما چاپخانەی گەنج چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠١٧ لاپەڕە ١٦٠-١٦١.

تێبینی: ئەم نووسینە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٨ و ٩ ی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاوبۆتەوە.

# خەمی مرۆڤ لە (گوێگرتن لە بێدەنگی) عەبدولقادر سەعیدی شاعیردا

کۆتایی ئازاری ٢٠٢٢

لەوەتەی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم هەسارەیە پەیدا بووە، خەمی نان و ژیان بۆتە خەمی سەرەکی ڕۆژانەی و هەوڵیشیداوە ئەم خەمە لە داستان و بەیت و وێنەکانی سەر خشت و دیواری ئەشکەوتەکان نمایش بکات.خەمی مرۆڤی ئەمڕۆ ئاڵۆزتر و تێکچڕژاوتـــرە بەبەراورد بە خەمـــی ســـادەی مـــرۆڤە بەراییەکـــان.خەمی ئینســـانی مـــۆدێرن گەرچـــی بەڕواڵەت هەر هەمان خەمی نان و ژیانی مرۆڤە بەراییەکانە؛ بەڵام ئەم خەمە قورستر و بەئازارترە، هۆیەکەشی ئەوەیە بەحوکمی ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، مرۆڤی مۆدێرن بە ژمارەیەکی زۆر پێداویســـتی دەرورە دراوە و ئەمەش وایکـــردووە کرۆکـــی خەمەکـــانی ئـــاڵۆزتر دەربـــکەون.ئەگەر مـــرۆڤ لە کـــۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا لەژێر هەژموونی سروشتدا بووە، لەئەمڕۆدا لەژێـــر هەژمـــوونی ســـتەم و چەوســـانەوەی چینـــایەتی بۆرژوازیدایە.ئەگەر لای مرۆڤە سەرەتاییەکان وێنە و سەما و

گوزارشتی سەرەکی بووبێتن لە خەمەکان، لای مرۆڤی مۆدێرن نووسین ئامرازی دەربڕینی ئەو خەمانەیە کە لە واقیعی ژیانی ژیاندا هەن.(**واقیعی ژیان بە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتی و شروشتییەکانەوە، کەرەسەی خاوی هونەرە.ئەو بەرهەمە هونەرییەی لە ژیان دابڕا، نەک لەڕووی مێژووییەوە نرخ و بەهای نابێ، بەڵکو پەیوەندی نێوان وزەی داهێنانی مرۆڤ و واقیع ئەپچڕێنێ و ئەبێتە شتێکی ئەبستراکت نە لەڕووی ئیستاتیکییەوە چێژی هونەری ئەبەخشێ و نە لەڕووی ئەبستمۆلۆژییەوە بەهایەکی ئەبێ**).(١) بۆیە لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکە؛ کاریگەری هەژموونی فیکری و ئایدیۆلۆژی چینی باڵادەستی کۆمەڵگەی بۆرژوازی بەجۆرێکە مرۆڤەکانی جیا لە یەک و زیاد لە یەک کاتەگۆری پۆلین کردووە و نووسەرانێکیش کە لەو کۆمەڵگە چینایەتییە دەنووسن، تەنها بەشێکیان تێدەکۆشن لەڕێگەی دەقەکانیانەوە گوزارشت لە خەمی خەڵک و مرۆڤ بکەن، ئەگینا ئەوانی تر وەک بەرگریکاری ئەو سیستەمە ستەمکارە دەقەکانیان دوور لە خەمی مرۆڤایەتی بڵاو دەکەنەوە.بەڵام ئەوە چییە وا لەشاعیرێک دەکات دەقە شیعرییەکانی بە مرۆڤ و خەمی مرۆڤەوە ببەستێتەوە؟ چی وا لە شاعیرێک دەکات مرۆڤ بکاتە سێنترالی دەقەکانی؟ ئەی چی وا لە شاعیرێک دەکات ڕۆبچێتە نێو قووڵایی ژیان و لەڕێگەی شیعرەوە خۆی لە کۆمەڵگە و ژیانی واقیعی مرۆڤەکان دانەبڕێت؟ من لەم نووسینەمدا و لەڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە ئەو ڕایەڵەیە نیشان دەدەم کە شاعیری خەمخۆری مرۆڤایەتی کاک عەبدولقادر سەعید دەبەستێتەوە بە ژیان و کۆمەڵگە و ئینسان، بەتایبەتیش لە کۆشیعری (گوێگرتن لە

بێــدەنگی) و لە ١٢٦ کورتەشــیعری بروسکەئاســا کە هەر یەک وەک دیمەنێکـی خێـرا دەبـنە میـوانی دیـدە و مێشـکی خـوێنەر، پێکهـاتووە.ئەمەجگە لە دانـانی زیـاتر لە سـەد وێـنە یـان کەڤـاڵ لەگەڵ شـیعرەکان؛ کە لە زۆربەی لاپەڕەکانـدا دەقەکە و تـابلۆکە ئــاوێتەی یەکتــر بــوونە و بــوونەتە دەقێکــی فراوانتــر یــان گەورەتر.کتێبی ( گوێگرتن لە بێدەنگی) پێشانگایەکی پڕ لەوێنەی شـیعری جـوانە کە خـوێنەر لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەیـدا هەسـت دەکات شیعرگەلێکی واقیعی دەخوێنێتەوە.

## خەمی جەنگ، وەک پانتاییەک بۆ ماڵوێرانی و مردن

جەنگ و ئاکامە کاولکارییەکانی؛ بەرئەنجامی تەنگەژەی ئابووری چیـنە بـاڵا دەسـت و حکومڕانەکـانی نێـو کۆمەڵگەیە، کە هەمیشـە وەک مــۆتەیەکی ترســناک هەڕەشــە لە ژیــانی هەزاران هەزار ئینســان دەکــات.کۆمەڵگەی چینــایەتی؛ کــۆمەڵگەیەکی خــاڵی لە جەنگ نییە.بەڵکو هەمیشە لەسەر جەنگ و ئاوارەیی و کوشتن و بڕین و زیندان و ئیعدام و توندوتیژی ژیاوە و دەژێت.مرۆڤ لە کــۆمەڵگەی بــۆرژوازی؛ هەڵگــری دەیــان خەون و خەمــی جیاوازە.نووسـەر و شـاعیری ئەو خەون و خەمـانەش، تەنهـا ئەو نووســەر و شــاعیرانەن کە دڵــی وشــەیان لەگەڵ ئەو خەون و خەمانەدایە.کـاک عەبـدولقادر نەفرەتکەرێکی مەزنە لە جەنـگ.ئەو جەنـگ و هەواڵـی جەنـگ نابـاتە نێـو ماڵەکـانەوە، بەڵکـوو لەنێـو ژیانەوە ڕووخساری دزێوی جەنگ و کاریگەرییەکانیمـان نیشـان دەدات.

**تۆ دەڵێی چی هاوڕێ**

**با سەنگەرەکانمان جێبێڵین**

**ئێستە لەوێ**

**منداڵێ چاوەڕوانی**

**گەڕانەوەی باوکی دەکات.(٢)**

بەرجەستەکردنەوەی ئەم هەستە کە ترۆپکی ئەوینێکی مەزنە بۆ مرۆڤـایەتی، خەمـێکە لەقـووڵایی دڵـی هەسـتی شـاعیرەوە.لە قـــووڵایی وشــــە خەم لێچۆڕاوەکـــانی شـــاعیرەوە هەڵقووڵاوە.خەمێکی لەڕاستگۆییەوە، لە مرۆڤدۆستییەوە هـاتۆتە بوون.ئەم خەمە بەئەندازەی جوانییەکەی، شیرینە.

**بەناوی هەموو مرۆڤایەتییەوە**

**داوای لێبوردن لەو گەلە گورگانە دەکەم**

**کە لە ترسی مرۆڤ**

**هەڵدێن و**

**بەچکەکانیان جێدەهێڵن.(٣)**

ئەم ڕەخنەیە لە مرۆڤ و دڕندەیی مرۆڤ هیچ لەو پەیامە جوانە ئینسـانییەی شـاعیر کەم ناکاتەوە.ئـاژەڵ دۆسـتی شـاعیر و ڕێزگرتن لە ئاژەڵ و ژینگە، ئەو هۆشیارییە پێویستەیە کە دەبێت هەریەک لە ئـێمە هەڵگـری بـین و پابەنـد بـین پێیەوە.ئاگـایی و هۆشـیاری سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و ژیـاریی هەر تاکێـک

دەرخەری شوناسی مەعریفی ئەو تاکەیە.مەعریفەش بەبێ ڕێزگرتن لە ئاژەڵ و زیندەوەران و ژینگە مانایەکی نابێت.

**کیسەڵ و بۆقەکان**

**پۆل**

**پۆل**

**لە کەنار گۆمە لیخنەکاندا**

**پەلە**

**پەل**

**دەخزێنە خوارەوە**

**تا مرۆڤ**

**بەو بێ متمانەییە**

**تەریق بکەنەوە.(٤)**

خەمی ئاژەڵ و گیاندارەکانی تری سەر ئەم هەسارەیە و ئاماژەکردن بە دڕندەیی مرۆڤ پلەیەکی باڵاتری خەمخۆری شاعیرە لەهەمبەر کێشە هەنووکەییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کە سەرمایەداری چاوچنۆک و تەماحکار خەریکە بەلانسی سروشت بگۆڕێت و گۆی زەوی لە شوێنێکی ئارام بۆ گیانداران بکاتە جەهەنم.

زمان لای عەبدولقادر سەعیدی شاعیر؛ ئامڕازێکی گونجاوە بۆ گوزارشتکردن لە خەمەکانی، چونکە( **زمان وەک جیهان جوانە.بۆیە کاتێک کەسێک جیهانت لێ وێران دەکات، زمان گوزارشت لەو وێرانبوونە دەکات)** (٥) کاک عەبدولقادر هەر بە تەنها شاعیرێک نییە لەڕێگەی شیعرەکانییەوە هەڵوێستە دژە تیرۆریستییەکانی خۆی بەیان بکات، بەڵکو شاعیرێکە چەکدار، شانبەشانی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی شەر دژ بە داعش خۆی دەبینێتەوە.ئەم کتێبەش وەک شاعیر خۆی لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت( **وەک ئەزموونێکی ئەدەبی لە بەشداریکردنی جەنگی دژ بە تیرۆریستانی داعشدا بەشی زۆری ئەم کتێبەی بەرهەم هێنا.)**(٦) ئەم هەڵوێستەی شاعیر شایانی بەرز نرخاندنە.ئاخر زۆر نین ئەو شاعیرانەی کە بە قەڵەم و جەستە لە سەنگەری دژ بە ستەم و مەترسییەکانی سەر ژیانی خەڵکی ستەمدیدە جەنگاون و دەجەنگن.فابتزارۆڤ و لۆرکا هەردووک لەسەر باوەڕ و هەڵوێستیان ئیعدام کران.بەڵام دۆخەکەی عەبدولقادر سەعید جیاوازە.عەبدولقادر بڕوای تەواوی بە مرۆڤایەتی هەیە و هەڵگری خەمەکانییەتی.بڕوای تەواوی بەوە هەیە بۆ ئەو خەمانە تێبکۆشێت و ئامادەشە گیانی خۆی ببەخشێت.بەڵام لە کوێ و لە چ سەنگەرێک و لەنێو چ هێزێک دەیەوێت ئامانجەکەی بێنێتە دی؟ کاک عەبدولقادر دروست لە هێزی دژە ئینسانی و تاریکپەرستی تیرۆریستانی داعش حاڵی بووە و دەزانێت چەند نەگریس و پیسن، دەزانێت بە مێشکێکی کۆن و پووچی چواردەسەدە لەمەوبەرەوە هاتوون دەسەڵاتی ڕەشیان بەسەر خەڵکی ستەمدیدەی کوردستاندا

بسەپێنن.بۆیە وەکو شاعیرێک و ئینسانێکی خاوەن هەڵویست دەچێتە سەنگەری بەرگرییەوە.(٧)

**دەیان تیرۆریستمان**
**نارد بۆ دۆزەخ**
**نازانین گەیشتن یان نا**
**بەڵام دڵنیاین**
**بەگەیشتنی منداڵەکانیان**
**بە دەرگای دۆزەخی هەژاری!؟(٨)**

لێرەدا شاعیر گەرچی لە جەنگدایە دژ بە تیرۆریستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەمی منداڵانی خانەوادەی داعشەکانییەتی کە ئیتر بە لەنێوچوونی باوکی تیرۆریستییان؛ حەزیای هەژاری قووتیان دەدات.ئەو دەزانێت کە ئەو منداڵانە نەک هەر بێگوناهن لەم جەنگەدا، بەڵکوو بوونەتە قوربانی جەنگەکە.

**لەشەڕگەدا تێکەڵ دەبووین**
**بەڵام بەوەدا دەماننناسینەوە**
**میلی کاتژمێرەکەی دەستیان**
**١٤٣٧ ساڵ**

**گەڕاندبۆوە بۆ دواوە.(٩)**

میلی کاتژمێر یانی زەمەن و سەردەم و ئاستی گەشەی بیر و هۆش و زانست.جەنگین دژ بە عەقڵ و ئەو ئاستە لە دواکەوتوویی و هەمەجییەتی تیرۆریستانی داعش، تەنها لە توانای عەقڵێکی مۆدێرن و ئینسانیی و سەردەمییانە دایە.

## خەمی ناعەدالەتی چینایەتی و دژە سەرمایەدار بوون

شاعیر خەمێکی گەورەتری هەیە کەخەمی چینایەتییە.خەمی لەنێوبردنی ستەم و چەوسانەوەی چینایەتی سەرمایەدارییە.ئەو دەزانێت، ئەم سیستەمە چینایەتییە لەسەر سەرکوت و ستەم وەستاوە، لەسەر مژینی خوێنی کرێکار وەستاوە، بۆیە ناتوانێت بێدەربەست بێت لەئاست وەحشیگەرییەکانی بۆرژوازی.

**ئاژێڕی کارگەکان**

**زەنگی دڵی سەرمایەدارەکان**

**وا توونت لێدەدەن! (١٠)**

ئاژێڕی کارگەکان(١١) دەستپێک و کۆتایی کاتی کارکردنی کرێکارانن.کاتی کارکردنی کرێکارانیش، کاتی دروستبوونی زێدەبابیە.واتە کاتی مژینی خوێن و ئارەقەی کرێکاران و

کەڵەکەبوونی سەرمایەی زیاتری سەرمایەدارانە.ئەمەش دڵی سیستەمی کاپیتالیزمە.دیاردەی هەژاریش دیاردەیەکی سیستەمی چینایەتییە.بۆیە لای شاعیر؛ قوڵایی ئەم دیاردە نەگریسە(هەژاری) لە قوڵایی مردن زیاترە.

**قوڵایی برینی گوللە چەندە؟**

**قوڵایی برینی مردن چەندە؟**

**قوڵایی برینی دابڕان چەندە؟**

**لەچاو قوڵایی برینی هەژاریی؟! (١٢)**

شاعیر وەک گەڕیدەیەک بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت.ئەو دەیەوێت نەخۆشی بێکاری بکوژێت و ئەو ڤایرۆسە پەیدا بکات تا ئاسوودەیی بهێنێت بۆ نێو کۆمەڵگە.ئەم گەڕان و سۆراخە نە وەهمە و نە یۆتۆپیایە، بەڵکو واقیعێکە و ڤایرۆسەکە بریتییە لە سۆشیالیزمی زانستی کە وەک زانستی ڕزگاری چینی کرێکارە لە ستەم و چەوساندنەوەی سەرمایەداری.

**بۆ ئەو ڤایرۆسە دەگەڕێم**

**ک دژی بێکاریی دەجەنگێت**

**تا ئەو نەخۆشییە مەترسیدارەی پێبکوژم.(١٣)**

کوشتنی بێکاریی، کوشتنی دیاردەیەکی نیزامی سەرمایەدارییە، کوشتنی مەترسییەکی فراوانە لەسەر ژیان و خەباتی کرێکارانی لەسەر کار.بەکورتی کوشتنی بێکاریی کوشتنی سیستەمی سەرمایەدارییە و ئەم کوشتنەش لەڕێگەی شۆڕشەوە دەکرێت و ئەم هەڵوێستەی شاعیریش؛ هەڵوێستێکی شۆڕشگێرانەیە.

خەمی ژن

ژن؛ وەک دایک و هاوسەر و کچ و خوشک لەوێنەی جیاجیادا وێناکراون و شاعیر هەندێکجار ڕاستەوخۆ و هەندێکجاری تریش ناڕاستەوخۆ دەیانخاتە بەر دیدەی خوێنەران.ژن لە نیزامی سەرمایەداری وەک کرێکاری بێکار و بێ هیچ مافێک کار دەکات و منداڵ بەخێو دەکات و ئەرکەکانی خێزان لەئەستۆ دەگرێت.ژن وەک کۆیلەی پیاو و وەک کۆیلەی کلتوور و نەریتە کۆنەپەرستەکان و ئینجا وەک کۆیلەی نیزامی سەرمایەداری لەژێر چەوسانەوەیەکی توونددا ژیان بەسەر دەبات.مەسەلەی ژن و ئازادی ژن لە کۆمەڵی بۆرژوازی ئێجگار گرنگە، هەر بۆیە شاعیری پێشکەوتووخواز ناتوانێت لە دەقەکانیدا ژنان فەرامۆش بکات.

**دایکم نانکەری ماڵان بوو**

**ئەو، ئەو چیرۆکانە دەزانێت**

**چەند بێڕێزی بەنان دەکرێت.(١٤)**

دایکــی کرێکــاری نــانکەر لەمــاڵە بۆرژواکــان، هەرچــی ڕۆژە سـەرباری کـاری قـورس، هەر سـووکایەتییەک کە پێـی دەکرێت، سوکایەتییە بە نان.سووکایەتییە بەکار، سووکایەتییە بە ئینسان.

**کەس هێندەی بازرگانەکان**

**بیر لە ژنەکانیان ناکەنەوە**

**کەلێیان دوور دەکەونەوە**

**کەس هێندەی ژنی بازرگانەکان**

**بیر لە تەنیایی ناکەنەوە**

**کە لەپاڵ مێردەکانیاندا**

**خەو دەیانباتەوە.(١٥)**

ئەمە جەوهەری عیشــقە لای بازرگانەکــان.چونکە بازرگانەکــان کەپووڵدارن، ژن وەک کـاڵایەک دەبیـنن و هەمیشـەش دەیانەوێت بە پارەکانیــان جـوانترین لەو کاڵایـانە کە هەر قوربـانی نیزامـی چەوسـێنەری سـەرمایەداری، بکرێت.خێزانەکانیشـیان هەر وەک کــاڵایەک دەبیــنن و وەکــو کــاڵایەکیش بەرخوردیــان لەگەڵــدا دەکەن.هەر بۆیە عیشقەکانیان بۆش و بێکاکڵن.

## ئەنجام

لە خوێندنەوەی ئەم کۆشیعرە فرەجوانەی کاک عەبدولقادر سەعید، کە وەک شاعیرێکی خاوەن هەڵوێست و هەڵگری خەمی مرۆڤایەتی ئەوە دەبینین کە شیعرەکان بروسکەئاسا خێران، بەڵام جوانن.کورتن بەڵام پڕ مانان.وێنەکان ڕوون و سادە و ئینسانیی و واقیعین.شیعرەکان دەربڕی هەمان ناخی مرۆڤی ستەمدیدەی کوردن کە ئامادەن دژ بەو ستەمە بجەنگن.شاعیر خەمەکانی ئینسان ناخاتە دەرەوەی بازنە چینایەتییەکان و دیاردەی جەنگیش وەک دیاردەیەکی ئەم نیزامە دژە ئینسانییەی کاپیتالیزم دەبینێت و لەوێشەوە گوزارشتی لێوە دەکات.جەنگ چەند جێی نەفرەتە لای شاعیر، ژنیش بەو ئەندازەیە و زیاتریش جێی بایەخ و ڕێزە.

## پەراوێز و سەرچاوە

(١) تێزەکانی مارکس – ئەنگڵس لەبارەی ئەدەب و هونەرەوە جان فریفیل وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە فوئاد مەجید میسری ناوەندی توێژینەوە و هزریی شەهید ئارام چاپی یەکەم ٢٠١٩ لاپەڕە ١٥ و ١٦.

(٢) گوێگرتن لە بێدەنگی عەبدولقادر سەعید چاپخانەی کارۆ چاپی یەکەم ٢٠١٦ لاپەڕە ١٧.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٧٦.

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٨١.

(٥) بڕوانە سایتی سی بی سی نیوز چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیری ئۆکرانی لوبا یاکومچا

https://www.cbc.ca/radio/ideas/ukrainian-poet-lyuba-yakimchuk-reflects-on-war-and-the-burden-of-a-motherland-1.6364864

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣.

(٧) ئەم بەشدارییە فیزیکییەی شاعیر لە جەنگ دژ بە تیرۆر سەرباری بەرز نرخاندنی و دەستخۆشی کردن، جێی هەڵوەستەشە، بەتایبەت کاتێک کە ناوی هێزی پێشمەرگە دێنێت.ئەم هێزە چەکدارەی کە ناوی پێشمەرگەیە، زۆر جیاوازە لەو هێزە چەکدارە خۆبەخشانەی کەلە دەیەکانی حەفتاکان و هەشتاکان دژ بە ڕژێمی بەعسی فاشیست دەجەنگان.ئەمڕۆ جەوهەری ئەو هێزە لەیەک خاڵدا چڕ دەبێتەوە، ئەویش چەکداربوونە لەپێناو مووچە.ئەرکی ئەم هێزە پاراستنی سەرزەمینی بازرگانی چەتەکانی کوردایەتییە و بەس.بۆیە چوونە سەنگەر لەگەڵ ئەو هێزە کۆمەڵێ هەڵوێست دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

(٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٦٦.

(٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٠.

(١٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٩٨.

(١١) ئاژێر، هەرچەند وشەیەکە لە فەرهەنگی ئەدەبیاتی سۆشیالیستییەوە وەرگیراوە، بەڵام ئێستا ئاژێر وەک هۆکاری زانینی کات کار ناکات و لەمڕۆدا گەلێ هۆکاری تر هەیە کە کرێکار دەتوانێت بزانێت کات کەیە و کەی دەست بەکار دەکات، وەک کاتژمێری دەستیی و موبایل و..تاد.

(١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٩٧.

(١٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٠١.

(١٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٢٥.

(١٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٢٨.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری وانەر ژمارە ٩ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوبۆتەوە.

# گەڕانێک بەنێو جیهانی شیعرەکانی بەختیار عەلی(١)

*ئازاری ٢٠٢٢*

## پێشوتن

بەختیار عەلی یەکەمین قەسیدەی درێژی خۆی بەناوی نیشتمان لە سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا دەنووسێت و تا ئێستا حەوت کتێبی شیعری بڵاو کردۆتەوە.کە هەندێکیان دووبارە و سێبارە لەژێر تایتڵی جیاجیا بڵاو بوونەتەوە.ئەم نووسینەی من هەوڵ دەدات پانتایی ناوەڕۆک و پەیامی کۆمەڵایەتی لە شیعری بەختیار عەلی بپشکنێت خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە بۆ شیعرەکانی بەختیار بکات و بزانین بەختیار لە کوێدا داهێنەرە و لەکوێدا کورتی هێناوە و شیعرەکانی دەچنە چ چوارچێوەیەکەوە.هەرچەند ئەم نووسینە تایبەتە بە خوێندنەوەی شیعرەکانی بەختیار عەلی(٢)، نابێت بیریشمان بچێت کە بەختیار نەک تەنها نەبووە، بەڵکو هەمیشە وەک پرۆژە و گۆڤار و کاری دەستەجەمعی ویستوویەتی یان ویستوویانە بۆچوونەکانیان پەرە پێبدەن و باوەڕەکانیان جێ بخەن.گەرچی تا کاتی نووسینی ئەم نووسینە گەلێ وتار و نووسینی دەربارەی بەرهەمەکانی نووسراون،

بەڵام هەست ئەکەم شتێکی وا لەسەر شیعرەکانی بەرچاو ناکەون، یان ئەگەر هەشبێت کەمە.(٣) ئاشکرایە ئامادەیی و سەرکەوتنی بەردەوامی پایە بە پایەی بەختیار عەلی و هێنانە دەرەوەی پڕۆژە فیکری و ڕۆشنبیرییەکانی، بەهۆی دوو هۆکاری بنەڕەتییەوەن کە ڕۆڵیان هەبووە لە بەرجەستەکردنەوەی ئەم واقیعەتەی دەرکەوتنی بەختیار:

یەک: لەمەیدان نەبوونی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری ڕادیکاڵ و سۆشیالیست، چەکدار بە مەعریفە و ڕەخنەی ئەدەبی زانستی کە بتوانێت لەبەرامبەر ئەم هاتنە مەیدانەدا خاوەن قسە و پڕۆژە بێت و سەرنجی کایەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و بتوانێت ببێتە پێشەنگ و ڕۆڵی پێشڕەوی ببینێت لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا.

دوو: پشتیوانی مەعنەوی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە کاک بەختیار و پڕۆژەکانی و سەرجەم هەوڵەکانی لیبراڵیزم کە لەژێر ناوی مۆدێرنە و داهێنانـدا کە لەڕێگەی بەرهەم و نووسینەکانیانەوە بەردەوام پشتیوانیان بۆ دەسەڵاتی ناسیونالیزم دەربڕیوە.

لێرەوە ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبییە لە هەنگاوی یەکەمدا لەم پڕۆژە فیکرییە بکۆڵێتەوە و جەوهەرە دژە کرێکارییی و ئینسانییەکەی بۆ خوێنەری کورد دەربخات و ماهییەتی کۆنەپەرستانەی ئاشکرا بکات.هەورەها دەبێت ڕەخنە هەمەلایەنە و بێبەزەییانە کار لەسەر تێکست و نووسینەکانی نێو ئەم پڕۆژەیە بکات.وەکچۆن بەختیار و هاوبیرەکانی تا سەر ئێسقان دژە شۆڕشن، ئاواش دەبێت ڕەخنەگران، بەختیار و هاوشێوەکانی

لەبەردەم ڕەخـــــنەی ئەدەبیــــدا لەخـــــانەی کۆنەخـــــوازی و کۆنسەرڤەیتڤی و ستەمخوازی خۆیان پۆلین بکات.

ئەمڕۆ لەکاتێکدا لەسـەر شـیعرەکانی بەختیـار عەلـی دەنووسـم، بەختیـار لەترۆپکی نـاو و ناوبـانگی لۆکاڵی وەسـتاوە و خەریکە لەئاسـتی جیهـانیش دەناسرێت.سـەرباری زۆری ئەو نووسـین و وتـارانەی لەسـەر بەرهەمەکـانی نووسـراون، کەمتـرین نووسـین بەر شـیعرەکانی کەوتـوون.ئەم نووسـینە ڕەخنەیەی مـن دەبێـتە یەکەمـین نووسـینی درێـژ و بەرفـراوان؛ کە شـیعرەکانی بەختیـار عەلی بەسەر دەکاتەوە.

## مانا و پەیام لەواقیعەوە بۆ خەیاڵ

ئەدەب و هونەر وەک بەشێک لە سەرخانی کۆمەڵ، ڕەنگدانەوەی هەلـومەرجی ژیـانی مـاددی کـۆمەڵگەن. گوزارشـتن لە ئاسـتی گەشـەی بەرهەمهێنـان لە کـۆمەڵگە چینایەتییەکـان.ئەوە گەشـەی بەرهەمهێنـــانە کە دەبێـــتە هۆکـــاری گەشـــەی پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکان و بیروبۆچوونە جیاوازەکان و تەنانەت گەشـەی ئەدەب و هونەریش.بەمانـایەکی تـر؛ ئەدەبی سـەرووی چینـایەتی بوونی نییە و ئەوەی هەیە ئەدەب و هونەری چینایەتییە.دیاردەی ئەدەب و هـــونەر شـــتێک نیـــیە لە دەرەوەی واقیـــع و هەروەهـــا واقیعـــیش نـــاوەڕۆکی کـــۆمەڵایەتی ئەدەب و هـــونەر پێـــک دەهێنێت.نـــاوەڕۆکی کـــۆمەڵایەتی ئەدەب و هـــونەریش ژیـــانی کۆمەڵایەتی ئینسـانەکانە لە کۆمەڵگە.بەمجۆرە ( **ئەدەب و هـونەر ئـاوێنەی ژیـانی کـۆمەڵایەتی مرۆڤەکـانن.**)(٤) لەدیـدی ڕەخنەی

ئەدەبییەوە، خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی؛ بەبێ خوێندنەوەی جیهانی دەرەوە یان بەبێ خوێندنەوەی هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە لەتوانادا نییە، چونکە ( **ئەدەب لای ڕەخنەگرانی مارکسی لە ڕاستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دابڕاو نییە و دەرەوە لەدەقدا نەک هەر هەمیشە ئامادەیە، بەڵکو بەردی بناغەی داهێنانیشە و هونەر بەگشتی بەشێکە لە سەرخانی کۆمەڵ.**(٥) لێرەوە کاتێک شۆڕدەبینەوە بۆ نێو جیهانی شیعرەکانی بەختیار عەلی، دەبینین کە جیهانێکی بێناوەڕۆک نییە.شیعرەکانی بەختیار هەڵگری جۆرێک لە ناوەڕۆکن کە لەگەڵ ئامانجی شاعیر تەریبن.شاعیر بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی خوێنەر، دۆخێکی لەنێو دەقەکانیدا فەراهەم هێناوە؛ کەلەلایەکەوە تاک یان خوێنەر لەگەڵ نائومێدی و کارەسات و تەنیاییدا ڕادەهێنێ و لەلایەکی تریشەوە ئومێد بە ئاڵوگۆڕ و باشتربوونی ژیانی تیادا دەکوژێت.ئەمە جەوهەری ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەیە کە بەختیار دەقەکانی پێ بارگاوی دەکات.

**ئەی ئەوانەی هەمیشە باسی پاشەڕۆژ دەکەن و دەستتان ناگاتە نزمترین هەرمێی حەوشەکانتان**

**ئەی ئەوانەی باسی سەدە خۆشەکانی سبەینێ دەکەن و ناوێرن سەیری پیاڵەی پڕ لە ژەهری ئەم بەیانییە بکەن.**

**ئێوە لەمێژە قسە لە داد و یەکسانی دەکەن، بەڵام دادپەروەری ئێوە ناگاتە دادپەروری گوڵێک کە ئەمڕۆ دەگەشێتەوە.**

**من بەبێ هاوارەکانی ئێوە بۆ یەکسانی**

**لەگەڵ ئەستێرە و زەوی و زیندەوەرەکاندا یەکسانم**

**ئێوە هەمووتان بە ئەندازەی جامێ هەنگوین تام نادەنە ژیان.(٦)**

دەبێت کێ بن ئەوانەی شاعیر وا گزگل و ترسنۆکیان لەقەڵەم دەدات؟ بێگومان ئەوانە ئەو شۆڕشگێڕانەن کە دەیانەوێت کۆمەڵگەی پڕ لە نادادپەروەری و ستەم و چەوسانەوە هەڵگێڕنەوە و بگۆڕن.ئەوانەن کە خەبات دەکەن بۆ یەکسانی و ئازادی، ئەوانەن کە تێدەکۆشن بەهای ئینسانی لەشیاوترین جێگای خۆیدا بێت لە کۆمەڵگە، ئەوانەن کە کۆمەڵگەی بێ چینایەتیان دەوێت.کرێکارانی پێشڕەو و کۆمۆنیستەکانن کە دەیانەوێت ئەم دونیا پێچەوانەیە بگۆڕن و جیهانی پڕ لە ستەم و بێمافی نەهێڵن.

**من تێناگەم خەیاڵی تۆ سەر بە جنسی خەیاڵی چ مەیخانەیەکە؟**

**قەڵەمی تۆ سەر بەخێڵی قەڵەمی چ مێگەلێکە، ترساو؟**

**شیعرەکانت بۆنی قەوزەی لێدێت، قەوزەی جەماوەر**

**پەخشانەکانت بۆنی زامی لێدێت، زامی سەر سینەی شۆڕشەکان**

**شیعرەکانت بۆنی لێخنی ئەم ڕاپەڕینە ڕزیوانەی سەر تاقەکانی لێدێت**

**بۆنی زێرابەکانی ئازادی و جۆگە لێخنەکانی خەبات**

**تۆ بۆنی میللەتت لێدێت..من بۆنی خۆم**

**تۆ بۆنی عارەقی گۆڕەپانەکانت لێدێت دوای سەرکەوتن، من بۆنی دەروێشێکم لێدێت دوای پرسیار.(٧)**

(**مێگەلی ترساو، قەوزەی جەماوەر، بۆنی لێخنی ڕاپەڕینی ڕزیو ، بۆنی زێرابەکانی ئازادی ، بۆنی میللەت**) ئەم گوزارشتانە لە چ جـۆرە قەڵەمێــک دەوەشــێتەوە؟ ئەم دەربڕینــانە لە چ جـۆرە جیهانبینییەکەوە دێنە سەرزار و سەرکاغەز؟ ئەمە چ شاعیرێکە ئەوپەڕی بێڕیزی بە خەبات و تێکۆشانی خەڵک بکات لەپێناو ڕزگـاری لە سـتەم؟ دەبێـت پێسـتی ڕووی ئەو وشـانە و ئەو شیعرە و ئەو شاعیرە چەند قایم بن کە بەوجۆرە ڕاستەخۆیانە شیعری کردۆتە هۆکارێک بۆ هێرشبردن بۆسەر ئومێد و هیوای ئینســانەکان و ئینجــا بەنــاوی مــۆدێرنە و نوێخــوازییەوە سووکایەتی بە مێژووی پڕ لە هەستان و تێکۆشانی چینایەتی ملیۆنان ئینسان بکات.لێرەوە پەیامی بەختیار، پەیامی کۆمەڵایەتی لیبڕالیزمی بۆرژوازییە دژ بە هەوڵە بەردەوامەکانی ئینسان بۆ پچڕاندنی زنجیرەکانی دەست و پێی.لای بەختیار عەلی خەباتی دەســتەجەمعی و کـۆمەڵایەتی ئەرزشــی نیـیە و ئەوەی جێــی فۆکســی ئەوە، پەلەقــاژە فەردگەراییەکــانی تــاکە لەم کـۆمەڵگە چینایەتییە.بەختیار زیاد لە بۆنەیەک و زیاد لە شوێنێک ئەم کارە دەسـتەجەمعییە ڕەت دەکـاتەوە و بـایەخی جەمـاوەر و کـاری جەماوەریی و بەکۆمەڵ و تەنانەت هەر کارێک بێت ( مانگرتن، ڕێپێوان، خۆپیشاندان، شۆڕش) ڕەت دەکاتەوە.( **شیعر دواجار ملکەچ پێکردنی هەموو شتێکی دەستەجەمعی و کۆمەڵایەتییە بۆ هێزی فەرد و گیانی تاکگەرایی.شیعر ئاوێنەی ملکەچکردنی ڕوحی تایبەتی نییە بۆ ڕوحی گشتی، بەڵکو بەپێچەوانەوە باشترین تەعبیرە لەچۆکدادانی کولتووری دەستەجەمعی بۆ سەرکێشی و یاخیبوون و گوێنەدان و یارییەکانی شیعر.)** (٨) ئەم بۆچــوونەی بەختیــار کرۆکــی فەلســەفەی لیبڕالیزمــی

بــۆرژوازییە لەهەمـــبەر دیاردەکـــان و کـــۆمەڵگە و ژیـــانی ئینسانەکان.سـەرمایەداری هەمیشـە ویسـتوویەتی و دەیەوێـت کرێکـاران و خەڵکـی سـتەمدیدە یەکگرتـوو نەبـن و پەرشـوبڵاو بن.دەیەوێـت هۆشـیاری چینایەتیـان لەئاسـتێکی نزمـدا بێـت، دەیەوێـت بێئاگـا بـن لە جیهـان و ئاڵوگۆڕەکـان و دەسـتکەوتە زانسـتی و مرۆییەکان.بەختیـار عەلـیش ڕێـک هەر بەدوای ئەم ئامـانجەوەیە.چونکە لەجیهـانبینی بەختیـار، کـۆمەڵگە و چیـنە کۆمەڵایەتییەکان، خەباتی کرێکار و سۆشیالیستەکان، شۆڕش و ژێرەوژوورکردنی ئەم دنیا پێچەوانەیە نەک هەر ئەرزشیان نییە، بەڵکـوو لەهەوڵـی ناشـیرینکردنیاندایە.بەختیار نایەوێـت دان بەبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و ململانێی نێوانیان بنێت، لەکاتێکدا ( **مێژووی هەرچی کۆمەڵی تا ئێستا بووە، بریتییە لە مێژووی کێشە چینایەتییەکان.) (٩)** ئەم میتۆدەی شـاعیر، کە میتـۆدی پـڕۆژەی گۆڤـاری ڕەهەنـدیش بـوو و تـا ئێسـتاش هەم بەختیـار و هەم ڕەهەنـدییەکان ئیشـی لەسـەر دەکەن، میتۆدێکە ئیش لەسەر کوشتنی ڕوحی شۆڕشگێڕانەی جەمـاوەر دەکـات و دەیەوێـت جەمـاوەر لەهەر کـارێکی شۆڕشـگێڕانە خـۆ بەدوور بگرن.چـونکە وەک بەختیـار خـۆی دەڵێـت شـۆڕش بێهـوودەییە و بۆنەکەشـی نەچـووە بەسـەری شاعیردا.

**شـۆڕش هـاتوچۆکردنی مـردنە لەنێـوان دیوارەکـانی یەک ژووردا(١٠)**

یان:

**بـۆنی هــیچ جـوانییەک و گــوڵاوی هــیچ شۆڕشــێک نەچــوو بەسەرمدا(١١)**

ئەم دانپیانانەی شاعیر گەرچی ڕاستگۆییەکی تیایە، بەڵام ئەنتی شۆڕشــگێڕبوونەکەی هێنــدە تــۆخە ، وا لە خــوێنەرە ســادە ئاســتنزمەکانی دەکــات بــڕوا بە قســە باقوبریقەکــانی بــکەن و ئەوانیش هەمان هەڵوێست وەربگرن و بچنە هەمان سەنگەری کۆنەپەرســتییەوە.هەر بــۆیە بێهــۆ نیــیە ئەو خــوێنەرە ســادانە؛ لەئاســت هەر شــاعیرێک یــان نووســەرێکی مارکسیســتی خێــرا تووتی ئاسا هەڵدەدەنێ و دەڵێن ئەو نووسەرە یان ئەو شاعیرە خــاڵییە لە فکر.بەمیتــۆدی ڕەهەنــدییەکان ئەگەر باســی نیتشــە و فۆکۆ و هایدگەر و لاکان نەکەی ئیتر ئاستی تیئۆریت لاوازە و خاڵیــت لە فکــر.ببینن ڕەهەنــدییەکان چ جــۆرە خــوێنەرێکی عەجاییبیان بەرهەمهێناوە.بزانن چ وێرانەیەکیان بەناوی داهێنان و مۆدێرنەوە بەخشیوە بە مێژووی ئەدەبی کوردی.

**بەڵام بڵێم چی گەر ڕقم لەو پیاوە تەنگ ئەستور و گومڕایانە بێت،**

**ئەو پیاوانەی شەوی دەجار کچانی ئۆفیس و نێوپاس و بەر گۆگاکان هەڵدەمژن**

**لەدوای هەمــوو خامۆشــبوونی لەزەتێکیشــەوە کاتێــک زریــزەی پانتۆڵەکانیان دادەخەن**

**باســـی شـــەڕی چینـــایەتی و بەرەی گەورەی سۆشـــیالیزم دەکەن.(١٢)**

ئەم ناشـیرینکردنەی ململانێـی چینـایەتی و سۆشیالیسـتەکان و سـووکایەتی پێکردنیـان و تەنـانەت هەوڵـدان بـۆ ئابڕووبردنیـان لەڕێـگەی درۆ هەڵبەسـتن و پڕوپاگەنـدەی بۆوژوازییـانەوە، ناتوانێت بچـووکترین کرێدت بە بەختیـار عەلـی ببەخشـێت.ئاخر ئەمە ئـابڕوو چـوونێکی گەورەی شـاعیرە هەوڵ بـدات لەڕێگەی دەقی شیعرییەکانییەوە، تۆمەتی ڕەوشت نزمیی و بێئەخلاقی بۆ بە ئەخلاقتـرین ئینسـانەکانی نـاو کـۆمەڵگەی چینـایەتی سـەرمایەداری بکات.شـاعیر وەختێـک ئەو بێحـورمەتییە بە خەبـاتگێڕانی شـەڕی چینـایەتی دەکـات، ئـاخۆ دەبێـت لە چ چاوەڕوانییەکـدا بێـت کە خـوێنەر ڕێـز بـۆ دەقە شـیعرییەکەی دابنێت؟.لەکاتێکـدا ( **کۆمۆنیسـتەکان، لەلایەکەوە بەکـردەوە، پێشڕەوترین و لێبڕاوترین بەشی حیزبەکانی چینی کرێکاری هەر وڵاتێکن، ئەو بەشەی کە هەموو بەشەکانی تر پاڵ پێوە دەنێ؛ لەلایەکیترەوە ، بەتیئۆری، سەرباقی جەماوەری گەورەی پرۆلیتاریا، لەڕێگا و ڕەوت و بارودۆخ و دەستکەوتە گشتی و مەزنەکانی بزووتنەوەی کارگەری، بەڕۆشنی تێدەگەن.)(١٣)**

بەختیار دەزانێت لێدان لە جەنگاوەرانی شـەڕی چینایەتی، لێدانە لەبەشـی پێشـڕەوی چینـی کرێکـار و مۆتـۆڕی شۆڕشـی سۆشیالیسـتی چینـایەتی، بـۆیە هەوڵەکـانی لەسـەر شـێواندنی وێـنەی واقیعـی ئەو تێکۆشـەرە مارکسیسـتانە چـڕ دەکاتەوە.ئاشکرایە کۆمۆنیستەکان دەیانەوێت ڕیزەکـانی چینـی کرێکار یەکگرتوو و یەکپارچە بکەن و وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی سەرتاسەری بێنە مەیدان و سیستەمی سەرمایەداری بڕۆخێنن و سۆشیالیزم دابمەزرێنن، بۆیە بۆرژوازی دەیەوێت ئەو خەونە چینـایەتییە نەیەتە دی و هەمـوو هەوڵێـک دەدات ئەو ڕیـزە

کۆمەڵایەتییەی کرێکاران پرشوبڵاو بێت.بۆرژوازی بەناوی ئایین و نەتەوە و وڵات و گروپی جیاجیا؛ کرێکارانی لەتوپەت کردووە و تێکۆشاوە ئایدیۆلۆژی خۆی بەسەر بیرکردنەوەیاندا زاڵ بکات و لەمەشدا بۆرژوازی بە کۆمەکی دەزگا و دامەزراوەکان و زانکۆ و ئەدەب و هونەر و پەروەردە و خێزان و ئایین و نەریت و کلتوور سەرکەوتوو بووە.بەختیار عەلیش وەک نووسەرێکی پارێزەر لە بەرژەوەندی چینایەتی بۆرژوازی بەجوانی بەئەرکی خۆی هەڵساوە و ئەوەی بۆرژوازی لەوی دەخوازێت، جێبەجێی کردووە.بۆ بۆرژوازی و خودی بەختیاریش ئەوە گرنگە و زۆر گرنگە کە جەماوەر تاک تاک بژێن و تاک تاک بیر بکەنەوە و تاک تاک لەگۆشە و کەنارەکانی کۆمەڵگەوە بەبێدەنگی بژێن، چونکە لایان ڕوونە کە **( ئەو هونەرمەندەیش کە بە تاک و تەنها یاخی ئەبێ و خەبات و تێکۆشانی توندوتۆڵ بە خەباتی کرێکارانەوە گرێ نادا، هەرچی بکا بێ سوودە، چونکە هەر کرێکارانن لەجەرگەی ژیانی پڕ لە کوێرەوەری و چەوسانەوەیاندا، یاخی بوونیان بەرجەستە ئەکەن، ئەوانە لەسەریانە بێجگە لە خۆیان ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییانەش ڕزگار بکەن کە وەک خۆیان ئەچەوسێنرێنەوە دووچاری نامۆیی بوون.(١٤)** ئینکارکردنی ئەم ڕاستییە مێژووییە جگە لە سەرسەختی نیشاندان لەسەر بەرجەستەکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداران، هیچ کەڵکێکی تری نییە.ئەم واقیعە تاڵە لای بەختیار و شیرینە لای ئێمەی مارکسیست، دەرخەری شوناسی چینایەتی هەریەک لە ئێمەیە.بەختیار تا ئێستا بۆچوونەکانی خۆی نەشاردۆتەوە و بەهەر ڕێگەیەک بۆی لوا بێت، دەری بڕیوون و بێباک لەوەی نەیارەکانی چ

ڕەخنەیەکـی لێئەگـرن.ئەگەر لە سـێ دەیەی ڕابـردوو ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتی نەیتوانیبێـت چالاکـانە لە مەیـدان بێـت و هەڵسـوڕاو بێـت، ئەوا ئەمـڕۆ دەبێـت بەڕوونـی قسـەی خـۆی بکات.ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییە واقیعی بزووتنەوەی ئەدەبـی کـوردی نیشـان بـدات و گرفتەکـان بـداتە بەر بـاس و شـیکردنەوە و لەڕێـگەی ڕەخنەگـرتن و دەرخسـتنی مـاهییەتی کۆنەپەرسـتانەی ئەدەبـی بـۆرژوازی، تەکـان بە ئەدەبـی شۆڕشگێڕانە بدات.واقیع و ژیان و کۆمەڵگە هیچ جێوشـوێنێکیان نییە لە شـیعرییەکانی بەختیـار عەلیـدا.چونکە واقیـع لای شـاعیر خەیـاڵێکی مەجازییـانەیە و هەرچـی لەو خەیـاڵەدا ڕوو بـدات واقیعییە.بەختیـار پێیـوایە ( **شـیعر هەمیشـە ناواقیعییە.نـاواقیعییە بەو مانایەی تەعبیرە لە حاڵەتێکی نـا کۆمەڵایەتی و مێژوویی، حـاڵەتی دەسـەڵاتی ڕەهـای تـاک و دەسـەڵاتی ڕەهـای ڕوحێکی فەردی بەسـەر قەدەری هەمـوو شـتەکاندا.)** (١٥) بەڵام ڕێـک بەپـێچەوانەی ئەم تێگەیشـتنە تـاکگەراییەی بەختیـار ( **واقیـع ناوەڕۆکی هەر کارێکی هونەری پێکدەهێنێت.)**(١٦) لێرەشـەوە و لەم تێگەیشـتنە لنگەوقـووچەی بەختیـارەوە سـەبارەت بە زەرورەتـی تـاکگەراییەکی خـاڵیی لە هەر ئـاکتێکی شۆڕشـگێرانە، جەماوەر دووچاری شێواندنێکی گەورە دەبێت.بەختیار جەمـاوەر وەک زاراوە دەبینێت نەک وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی، نەک وەک هەڵسـوڕێنەری دەیـان بـزاوت و جـووڵەی شۆڕشـگێرانە.بۆیە دەڵێـت ( **ئیشـکردن بە زاراوەی جەمـاوەر، بەشـێکی گرنگـی پرۆسـەی شـەرعییەت بەخشـینە بە جەهـل.)** (١٧)ئەم حـوکمە بێبنەمـایەی بەختیـار بـازاڕی گەرم دەکـات، لەبەر چەنـد هـۆیەک

بـــــووه، بـــــووه بە عەقڵییەتــــی بەشـــێک لە نووســـــەران و خوێنەران.ئەویش لەبەر ئەوەی

یەک: لاوازبوون یان لەئارادا نەبوونی هیچ ئەلتەرناتیڤێکی بەهێز و سەنگینی کۆمەڵایەتی.

دوو: قبوولکردنی ئەم ئەلگۆیە وەکو مۆدیلێک، بێئاگا لەوەی چ کــاریگەرییەکی نێگەتیڤــی هەیە بەســـەر شوناســـی ئەدەبـــی و مێژووی نووسینی ئەوان.

واقیع لای شاعیر ئەو جیهانە دەرەوەییە نییە کە ئێمە دەیناسین و ڕۆژانە دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکەین و هەناسەی تێدا دەدەین و چێژی لێدەبینین و جوانییەکانی هەست پێدەکەین، بەڵکوو واقیع ئەو بگرە و بەردانەیە کە ئەبستراکتانە و لەخەیاڵی ئەودا ڕوو دەدەن، بێئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان بە واقیعەوە هەبێت.هەر لەبەر ئەمەشە مانای شیعر لای بەختیار لەو واقیعە مەجازییەوە شوناسی خۆی وەردەگرێت و بەدەر لەمە شیعر لای بەختیار مانایەکی تری نییە.

## کوشتارگا و لە هەلەوین هەڵکێشانی شیعر

دیمەنە شیعرییەکانی نێو دیوانەکانی کاک بەختیار، جگە لە تراژیدیا، جگە لە مەرگ و تاریکی و ڕەشبینی، جگە لە کوشتن و خوێن و کارەسات، کۆمەڵێ تابلۆن کە کۆی پارچەکانی ئەم دیمەنانە تا ڕادەیەک هاوشێوە و هاودیمەنی کارەسات و ترس و بیمی نێو فیلم و دیمەنەکانی بۆنەی هەلەوینن.(١٨) دیارە مەبەستم ئەوە نییە کە ترس و بیم نابێت لەشیعردا بەکار

بهێنرێن و وێنا بکرێن، بەڵکوو بەو مانایەیە کە لەغیابی ئومێددا، پانتایی دەق سەرتاپا دەبێتە ترسستان.بەختیار عەلی هەر بۆ ئەوەی دەقەکانی ئومێدبەخش نەبن، ئیتر بەلایەوە گرنگ نییە چ فەزایەکی تاریک لەدەقدا دەخولقێنی و چ ئەتمۆسفیرێک بۆ خوێنەرە تایبەتەکانی (نوخبە) فەراهەم دەکات.

**بە خۆی و پۆستاڵە سپییەکەیەوە، لەناو ئەم کتێبخانە خوێناوییەدا ون دەبێت**

**لە ڕیواقی ئەو کتێبانەدا کە پڕە لە بۆنی خوێنەری کوژراو**

**ئەو کتێبانە هەڵدەداتەوە کە پڕن لە وەسفی گوڵی کوێر**

**لە پەڕی مەلی سەربڕاو.(١٩)**

بەختیار فۆبیا و بیم دەکاتە باکگراوندی شیعرەکانی و ئەوەی تروسکایی بێت لەو تاریکستانەدا بەدی ناکرێت.هۆکارەکەشی هەر ئەوەیە کە شاعیر وەک نووسەرێکی ئەنتی سۆشیالیستی کە ئومێد تیایدا باڵایە، هەنگاو هەڵدەگرێت و دەچێتە پێش.

**شەو جێیهێشتین.جله خوێناوییەکانی خۆی لێرە دانا و ڕۆیشت.شمشێری جەنگەکانی دوێنێ و خەنجەری بە خوێنی دوژمنان سوور.کفنی بۆ دانایین کە گوڵاوی دۆزەخی پێوە بوو.زنجیر کە لەمێژە لە یادی ئێمەدا زرینگەی دێت...هەموو شتێکی جێهێشت و لە تاریکیدا ونبوو.خیانەتی لەهەموو شتێک**

**کــرد.له ســـارپێژکردنی.خیانەتی له هەمـــوو شـــتێک کـــرد.له سارپێژکردنی برین به سووتووی گوڵ، لەگرتنەوەی خوێن به دەرمانی شاعیران، له بەستنی ئێسک به مەرهەمی خەیاڵ.(٢٠)**

خـوێنەر لەوەهـا فەزایەکـدا دەبێـت خەیـاڵی چـی بکـات و چـۆن بتوانێـت لەڕێـگەی ئەو وێـنه شـیعرییانەوە چێـژ وەربگرێـت و سەلیقەی خوێندنەوەی بچێته سەر.لەوەش سەیرتر خوێنەر ببێته عاشـقی ئەمجـۆره شـیعرانه و سەوداسـەریان بێت.ئایـا خـوێنەر لەخۆی پرسـیوه ئەم شـیعره چ ئیـزافەیەک دەخـاته سـەر ئاسـتی مەعـریفەی؟ ئایـا ئەم شـیعرانەی بەمجـۆره نووسـراون تـا چەنـد دەتـوانن خـوێنەر به ڕوحێکـی ئاسـوودەوه دەق لەدوای دەق به جـــۆش و خرۆشـــەوه بیـــان خـــوێنێتەوه.ئەم نـــاوەڕۆکه که قەسابخانەیەکه بۆ خـۆی، بزانن چ کـاریگەرییەکی دەروونـی لای خــوێنەر جیــدێڵێت.ئەمەجگه له ئەرکه بنەڕەتیــیەکەی خــۆی که بـریتییه له وەرچەرخانـدنی سـەرنج و بیـر و هۆشـی خـوێنەر له مەســەله بنەڕەتییەکـانی ژیـان و دوورخسـتنەوەیان له مەیـدانی خەبات.لێرەدا پرسیار ئەوەیه بۆ بەختیـار فەزای تـرس و تـاریکی بــۆ قەســیدەکانی هەڵــدەبژێرێت.ئەم ئەتمۆســفیره هۆکــاره یــان یارمەتیدەره تا خوێنەر له واقیع دوور بخاتەوه و بەهیچ کڵۆجێک بیـری خـوێنەر بەلای خەبـات و جەمـاوەر و واقیـع و شـۆڕش نەچێـت.لەبری ئەوه دەیەوێـت تەواوی هەسـت و بیرکـردنەوەی خـوێنەر لای فەردانیـیەت و تـاکگەرایی و بێئومێـدی و ڕەشـبینی بێت.

**گەلێ دوورم لە ڕۆشنایی..گەلێ دوورم گەلێ دوور.(٢١)**

یان

**پێمبڵێ بۆ مرۆڤ بۆ ساتێکیش چییە لە چێژی تاریکی تێر نابێت.(٢٢)**

بەبڕوای من ئەو مرۆڤەی چێژ لە تاریکی دەبینێت و لەو چێژە تێر نابێت، ئەوە مرۆڤ نییە و لەڕەچەڵەکی شەمشەکوێرەیە.ئەم چێژبردنە لە تاریکی لەدواجاردا چێژبردنە لە کۆیلەتی و بێدەنگی و شوکرانبژێری لەهەمبەر دەسەڵاتی سیاسی و چینی فەرمانڕەوا.

**ئیدی تەواو**

**ئیدی ئاوابە ئەی خۆر، ئاوابە ئەی بێفەڕ، ئاوابە ، ئاوابە، ئاوا.(٢٣)**

لەم تاریکستانە بێ تروسکەیەوە شاعیر دانپیانانێکی تر تۆمار دەکات

**ئەی نیشتمان شیعرەکانم وەکو دۆسیەی پۆلیسخانەکانی لێهاتووە پڕێتی لە وێنەی پیاوکوژان دزی یاخی...(٢٤)**

یان:

**ڕوحلەبەرە سپییەکان دێن.(٢٥)**

ئیتر پانتایی شیعر ڕەش و تاریک و ڕۆشنایی تیدا نەبێت و پڕ لە پیاوکوژ و دز و مەلی کوژراو و گوڵی کوێر و ڕوحلەبەری سپی بێت، ئاخۆ ئەو شیعرە لەهەر فیستیڤاڵێکی هەلەویندا پلەی یەکەم بەدەست ناهێنێت؟

ئامڕازەکانی شەڕ و ترس لە دڵا چاندن لای شاعیر بریتین لە چەقۆ و تفەنگ و فیشەک و خەنجەر و تادوایی.وێنای ئەم ئامڕازانە شیعر دەباتە دۆخی ترس و خوێن ڕشتن و نائارامی دەروونی.

**دڵێکی منداڵانەی هەبوو، هێندەیان بریندار کرد...بەیانیان چەقۆ، نیوەڕوان چەقۆ، ئێواران چەقۆ، دۆستان چەقۆ، دوژمنان چەقۆ، گەورە چەقۆ، بچووک چەقۆ، یار چەقۆ، نەیار چەقۆ.(٢٦)**

لێرە زەمەن و مرۆڤ و کۆمەڵگە تەژین لە چەقۆ.تەژین لە ترس و مردنی چاوەڕوانکراو.تەژین لە ترس و تاریکی.جێخستنی ئەم هەلەوینستانە لە مێشکی خوێنەری کورد ئەو ئەرکەیە کە بەختیار لەسەر سینییەکی زێرین و لەژێر ناوی داهێناندا پێشکەشی خوێنەران و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کۆمەڵگەی دەکات.

## وەهمگەرایی و ئایین

ئایین و ئایینخوازی بەرئەنجامی ترس و وەڵام وەرنەگرتنەوەی پرسیارە ئەزەلییەکانی مرۆڤە.مرۆڤ ئایینی پێویستە تا بێدەسەڵاتی خۆی بشارێتەوە.ئایین مرۆڤ لەسەر شوکرانەبژێری و ڕازیبوون بە چارەنووس ڕادێنێت.ئایین مرۆڤ لە هەر هەوڵێک بۆ دەربازبوون لە ستەم و نایەکسانی دوور دەخاتەوە و مژدەی جیهانێکی خۆش و بەهەشتێکی ڕازاوەی دوای مردن دەدات بە ئینسان.ئایین مرۆڤ ملەکچ و کۆیلە دەکات و ئیرادەی دەکوژێت.هەربۆیە چینە باڵادەست و فەرمانڕەواکان، پاشاکان، خاوەن کۆیلەکان، فیوداڵەکان و ئێستاش سەرمایەداران پێویستیان بە ئایین هەیە تا چینی کرێکار لەخەبات دوور بخەنەوە و بەو چارەنووسە ڕەشەی خۆیان ڕازی بن و خەبات نەکەن بۆ گۆڕینی ئەم جیهانە نابەرابەرە.ئایین کۆڵەکەیەکە لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی.دیفاعکردن لە ئایین، دیفاعکردنە لە بۆرژوازی.ناوەڕۆکی ئایین ناوەڕۆکێکی کۆنەپەرستانەیە.کاتێک شیعر دەخرێتە خزمەت ئایینەوە، یان ئایین لە شیعردا بەتۆخی زاڵبوونی خۆی بەسەر ناوەڕۆکدا بەرجەستە دەکاتەوە، ئەوە مانای وایە کۆنەپەرستی ڕوحی شیعرەکەی کوشتووە.لەم گۆشەنیگایەوە وەختێک شیعرەکانی یان دروستتر بڵێم پەخشانەشیعرییەکانی بەختیار عەلی دەخوێنینەوە دەبینین جوگرافیای دەقەکە لێوڕێژە بە ژمارەیەکی بێشوومار لە وشەی ئایینخوازی و خورافە لە چەشنی (**خوا، قیبلە، جەهەنم، دەستنوێژ، حەرام، غەزا، کوفر، یەقین، موبارەک، پێغەمبەر، بت،**

**شەیتان، فریشتە، حۆری، کفن، خوتبە، مەککە، دەروێش، نوێژ، مەلەکوت، قیامەت، دۆزەخ، بەهەشت، وەحی، عەرش، نەفخی ئاخر زەمان، زەندیق، زاهید، کافر، مەخلوقات، وەسەنی، ئایەت، مەحشەر، ڕەجمکردن، وەعز، قورئان، خەڵوەت، تەقوا، تەجوید، ئیماندار، زیکر، مزگەوت، تەڵقین، فیردەوس، ئەهریمەن، خاچ، شەریعەت، بەربانگ، ڕەحمەت، ئیمان، ئیسرائیل، خەلیقەت، یەزدان، مەعبەد، ئینجیل، خاچ، میحراب، پەرستگا، نوشتە، مەسیح، سوژدە، ڕۆژی حەشر، ئەسحابە، بەرماڵ، دوعا، حەلاڵ، حەرام، بەردەنوێژ، رکوع، شافعی، نوح، مەرقەدی شێخ).(٢٧)** ئەم وشانە و زۆری تریش ساختمانی کرۆکی شیعری بەختیار یان ناوەڕۆکی شیعر لای ئەو پێکدەهێنن.ئەم وشانە هەریەکە چەندینجاریش دووبارە کراونەتەوە.تەنها وشەی خوا زیاتر لە ٢٠٠ جار بەکار هاتووە ئەمە جگە لە وشەی یەزدان.بەکاربردنی ئەم وشە ئایینیانە بە پلەیەی یەکەم لەو شوێنەوە دێت کە بەختیار دەیەوێت خوێنەرێک رابهێنێت کە بڕوای تەواوی بە ئایین هەبێت و دوور بێت لە هەر هەوڵدانێک بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە.

**من نوێژ بۆ ئەو گیانە دەکەم کە بۆ بەگزادەکان چەمینەوە**

**نوێژ بۆ ئەو بارانانە دەکەم کە بالکۆنی مردنیان بۆ شتین**

**نوێژ بۆ ڕەشێتی موتلەقی شەو دەکەم.(٢٨)**

گرێی دژە سۆشیالیستی بەختیار عەلی کە لە ڕێگەی زمان و خیاڵ و وێنەشیعرییەکانیدا بەرجەستە دەبێتەوە.وا لە شاعیر

دەکات بەشوێن ئیمان بە ئیسلامی سوننەتییەوە بێت.ئیسلامێک کە هیچ دژایەتییەکی نەبێت لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی و خاوەنی هیچ پڕۆژەیەک نەبێت بۆ دەسەڵاتی سیاسی.بەڵام شاعیر لەئاست ڤێرژنی ئیسلامی سیاسی و مۆدێلی بازرگانانی سیاسی ژێر عەبای ئیسلام کە خاوەنی پڕۆژەن بۆ دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە( کە مەعلومیشە گەر دەسەڵاتیان هەبێت؛ کوردستان دەکەن بە ئەفغانستان و سۆماڵێکی تر) ئەم ڤێرژەنەی ئیسلام و ئەم مۆدێلەی قەبوڵ نییە و بگرە بە توندیش ڕەتی دەکاتەوە.بەختیار لە شیعرەکانیدا جگە لە وشە ئاینییەکان، گەلێ وشەی وەهمگەرای بەکار هێناوە وەکو (**دوعا، نوشتە، گوللەبەند و چیرۆکی ئەسحابەکان و جادوو و..تاد**) کە هێندەی تر باری کۆنەپەرستی دەقەکانی قورستر کردووە.

**بەماسییەکانم گووت گووللەبەندێکم بۆ بنووسن دژی دەریا**
**بەهەورەکانم گووت نووشتەیەکم بۆ بکەن دژی ئاسمان**
**بەڕێگاکانم گووت دوعایەکم بۆ بنووسن دژی ونبوون.(٢٩)**

شاعیر نەک هەر پاڕانەوەکان، بگرە نزاکانیشی بەجۆرێکن کە کۆیلەتی بەرجەستە دەکەنەوە.ناشکرێت ئەمە لەژێر ناوی ئازادی بیروڕادا فەرز بکرێت بەسەر خوێنەردا.شاعیر ئازادە و مافی بیرکردەوەی تایبەت بەخۆی هەیە.ئەو مافی خۆیەتی بیروباوەڕەکانی بخاتە نێو شیعرەکانی، بەڵام ئەویش لەڕێگەی فراوانترکردنەوەی پانتایی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و مەعریفی

لای خوێنەر، نەک چاوبەستەگی خوێنەر لە بینینی ڕاستییەکان و واقیعی تاڵی ژیان.

**ئەی خودایە**

**بە کۆتر بڵێ بمبورێت**

**با گەردنم ئازاکات ئەو.**

**عەفوومکەن هەور و ئەستێرە**

**عەفوومکەن خۆر و مانگەشەو**

**ئەی خودایە**

**با دەرچم لە جوانی و دەریا**

**با دەرچم لە پەپوولە و خەیاڵ**

**با دەرچم لە غەمی حەقیقەت**

**با بگەم بە شکۆفەی مەحاڵ**

**ئەی خودایە**

**بمبورن ئەوەی لێیان بووم**

**بمبورن ئەوەی لە من بوون**

**بمبورن ئەوەی لێیان چووم**

**بمبورن ئەوەی لە من چوون(٣٠)**

ئەگەر ئەم نموونەیەی سەرەوە بەرجەستەکردنەوەی کۆیلەتی نەبێت چیترە؟ کێن ئەوانەی خەریکی بەرجەستەکردنەوەی کۆیلەتی و نزا و پاڕانەوەن لە خودا؟ کێن ئەوانەی خودا زۆرترین قورسایی هەیە لە دەق و وتە و قسەکانیان؟ مەگەر مەلا و واعیز و بانگخوازەکان نین.مەگەر ئەم هەوێنی بەکۆیلەکردنی مرۆڤەکان هەمان ئەو هەوێنە نییە کە ئیسلامی سیاسیی ئیشی لەسەر دەکات؟ ئایا هەمان جەوهەر و ناوەڕۆکی دژە ئینسانیان نییە؟ بۆ دەبێت ئەمە بۆ ئیسلامی سیاسی و بانگخواز و مەلا مفتەخۆرەکانیان جێی ڕەخنە بێت و بۆ بەختیار عەلی قابیلی قەبوڵ بێت.نەخێر بەختیار عەلیش بە ئەندازەی هەر بانگخوازێک وەهم و خورافە بڵاو دەکاتەوە و بزووتنەوەی کۆنەپەرستی ئەدەبی کوردیش دەستخۆشانەی لێدەکات.ئەمە کارەساتە و دەبێت  بەختیار درک بەوە بکات ج تاوانێک دەرهەق بە خوێنەری کورد ئەنجام دەدات.دەبێت بزانێت ئەوەی دەینووسێت دەچێتە خانەی بەکۆیلەکردنی ئینسانی کوردەوە.

## خۆبینینەوە لە ئاوێنەی غروور

سیفەتی خاکیبوون هەمیشە لای ئەو نووسەرانە بەرجەستە دەبێتەوە کە لە بەرهەمەکانیاندا ئینتمایان بۆ جەماوەر و خەڵکی ستەمدیدە هەیە.سادەیی و خاکیبوون دەبنە هۆی بەهێزبوونی کەسایەتی و حورمەتی نووسەر.لەهەمان کاتیشدا لووتبەرزی و فیز و خۆبەزلزانین لەئاست جەماوەری ستەمدیدە و خوێنەرێک کەئاستی هۆشیاری لەئاستی پێویستدا نییە، نوزعەیەکی چینایەتییە و ئاو لە جیهانبینی بۆرژوازییەوە دەخواتەوە.بەختیار

بەوپێیەی لەئەدەبی کوردیدا بەخت یاوەری دەبێ و دەکەوێتە برگەیەکی مێژووەوە کە شانسی ئەوەی دەبێت، ئەو ناو و ناوبانگە پەیدا بکات.ئەمەش وای لێدەکات جگە لە موردیدەکانی و نووسەرە خۆ بە بەختیار هەڵواسراوەکانی و ستایشکەرەکانی، کە مایەی ڕازیبوون و هەروەها پەیرەوکەری بەختیارن، کە بەچاوێکی تایبەت لێیان دەڕوانێت، ئەوانی تر لەئاستی خۆیدا نابینێت.

**من خودام.(٣١)**

یان:

**من ستایشی خۆم دەکەم.(٣٢)**

ئەم بەخۆ هەڵدانە جا چ لەزاری خۆیەوە بێت یان لەزاری کارەکتەرێکی ناو قەسیدەکانییەوە بێت، چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی هەمان ئایدیۆلۆژی و هەمان ڕوحییەتی نەرجسییەتی شاعیرە.ئەم غرووروەی شاعیر پەل دەکێشێت بەرەو ئەوەی زمانی گفتوگۆی لەگەڵ نەیارەکانی بگۆڕێت بە زمانێکی سادە و بازاڕیی و جنێوئامێزی پڕ لە سووکایەتی.

**ئەی گەمژە گوناهی من نییە تۆ ناتوانیت یاقووت ڕاوبکەیت**

**گوناهی من نییە تۆ لەجنسی خشۆکەکانیت و من لە ڕەگەزی تۆفان**

**من له جنسی خوداکانم و تۆ له جنسی مێرووله خووساوەکانی ژێر باران**

**من سەر بە خێڵی ئەستێرەناسەکانم تۆ کرمفرۆشێکی بیمار**

**تۆ پاسوانی کەلاویت، من ئەندازیاری یۆتۆپیام**

**تۆ لقی درەختێکی کرمێیت، من نور و گڕ و ڕەشەبام**

**گوناهی من نییە  سەری تۆ له دڕک زیاتر هیچ ناگرێت**

**ئەوەی من دەینێرم بۆ ئەبەدییەت بە تۆ ناگەڕێتەوە**

**ئەو خـــاک و زەریایـــانەی مـــن دروســـتیان دەکەم بە گەزی پەڕپووتی تۆ ناپێورێن**

**تۆ ئەی کڕیاری کۆنی زبڵخانەی ژیان**

**دانی تۆ لەوە پیرترە ، گوێزی پڕ حیکمەتی من بشکێنێت**

**لووتی تۆ لەوە زەلیلترە بۆنی باغی من بکات..( ٣٣)**

بەختیـار دەیەوێـت لەڕێـگەی ئەم هەمـوو بەراوردکـارییەی نێـوان خـۆی و نەیارەکـانی چـی بڵێـت و خـوێنەر لەبەردەم چ پەیامێـک دابنێت.ئایا بەختیار دەتوانێت گرەنتی ئەوە بدات بە خوێنەرەکـانی کە سـبەینێ هەمـان سـووکایەتی ڕووبەڕوویـان ناکـاتەوە ئەگەر لەدوای  خوێنـــدنەوەی بەرهەمەکـــانی، بەختیـــار بـــخەنە ژێـــر نیشانەی پرسیار و ڕەخنەی لێبگرن.ئەم خۆبینینەوەیەی بەختیـار لە قووڵایی غروور چ سوودێک بەو نووسەرە دەگەیێنێت؟

**کتێبی زۆر لەسەر من دەنووسرێت، قەسیدەی تاریک...دیوانی پڕ لە خــوێن.حەرف شـــەرم دەکـــات لەنزیـــک نـــاوی مـــنەوە داینێن.قەڕنەکان شەرم دەکەن تێکەڵ بن بە زەمانی من.ڕەنگەکان شەرم دەکەن تێکەڵ بن بە ڕەنگی من.(٣٤)**

بەختیار بەدانناپیانانی خۆی چونکە بۆ نوخبەیەک لە خوێنەران دەنووسـێت و جێوشـوێنی جەمـاوەری بەرینـی سـتەمدیدە لە حیسـاباتی ئەودا نیـیە، بـۆیەش خـۆی وەک نووسـەرێک لەسـەرووی خەڵـک و چینەکـانەوە دەبینێـت.ئەم عەقڵیـیەتە، عەقڵییەتێکی بۆرژوازییانەیە و گوزارشتە لە بەرژەوەندی چینە باڵادەستەکان.

**هەر کاتێک نووسەر بۆ خوێنەرێکی ئاست نزم شتی نووسی، وەک نووسـەر کۆتـایی هاتووە.نووسـەر ئەو کەسـە نیـیە کە دادەبەزێت بۆ لای خوێنەر، بەڵکو کەسێکە کە خوێنەر ناچار دەکات سەرکەوێت بۆ لای ئەو.(٣٥)**

ئەم مەقـامە بەرزەی شـاعیر بۆخـۆی و نووسـەرانی سـەر بە نـوخبەکەی خـۆی بەڕەوا دەبینێـت، خۆیـان لە جەمـاوەری سـتەمدیدە بە گەورەتـر و زیـاتر دەزانـن، ئەوان پێیـانوایە لەسەرووی چینەکانەوە و لەئاسمانی نووسیندا خەریکی داهێنانن و نابێت و ناکرێت نە بەزمـانی ئەو خەڵکە بنووسیت و نە بـۆ ئەوانیش بنووسیت.ئەمە پێناسـەی خۆیان و شوناسی داهێنانی

نووســـــەرە لای ئەم پـــــارێزەرانەی ســــتەم و چەوســــانەوەی بۆرژوازی.بەپێچەوانەوە، نووسەری شۆڕشگێڕ و سەر بە چینی کرێکار لەناو واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی چینەکەی خۆیەوە بە زمانێکی ئەدەبی جوان، نووسین و بەرهەمەکانی دەخوڵقێنێت.

دیماگۆجییەتێک کە بەختیار عەلی پەیڕەوی دەکات، فریودانی توێژێکە لە نووسەران و خوێنەرانی ئاست نزم کە بڕوا بەم حیکـــایەتە ســـەیر و عەجباتییـــانەی بەختیـــار دەکەن.ئەگینـــا نووسەران و خوێنەرانی وشیار و بەدەربەست و شۆڕشگێڕ نەک ئەم فریوکارییانە ڕەت دەکەنەوە، بەڵکو هەوڵ دەدەن لەهەر بۆنەیەک بێت ماهییەتی دژە ئینسانیی و دژە جەماوەریی و دژە شۆڕشگێرانەی ئەم شاعیرە ئاشکرا بکەن.

## ژن..مەخلوقێکی ئەبستراکت

ژن لای بەختیار عەلی نووسەر بەهەمان دەردی شاعیر چووە و لە مرۆڤێکی ڕۆمانسییەوە بووە بە مەعشوقێکی تێکشکاو و تـــــــاکێکی لاواز و ئەبســــــــتراکت لەهەر پەیوەنـــــــدییەکی کۆمەڵایەتی.خۆشەویستیش لە پەیوەندییەکی ئینسانییەوە بووە بە پەیوەنـــدییەکی نـــا کـــۆمەڵایەتی تراژیـــدییانی نێـــوان دوو کەس.لەکاتێکدا خۆشەویستی نێوان دوو ئینســان، ڕایەڵەیەکی کۆمەڵایەتی نێوان دوو ئینسانە لەپێناو ژیان.عەشق لای بەختیار بریتییە لە ئەزموونی پەیوەندییەکی سێکسی شکستخواردووی نێو خەیاڵێکی ئەبستراکت کە یاری بە چارەنووسی عاشقەکان

دەکـــات.ژن جـــگە لەوەی هۆکـــارێکی دامرکـــانەوەی غەریـــزەی سێکسە، لەهەمان کاتیشدا مەخوقێکە داوێنپێس.

**ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانەی لەگەڵ پێغەمبەرەکاندا مەست بووم و لەپێخەفـــی خۆشەویســـتیدا لەگەڵ ئـــافرەتە داوێنپیســـەکاندا نـوێژمکرد.(٣٦)** ئـاخۆ هـۆی چییە بەختیـار سـیفەتی داوێنپیسـی دەداتە پـــاڵ ئـــافرەت؟ وەک ئەوەی ئەم دیـــاردەیەی نیزامـــی چینـایەتی (داوێنپیسـی)؛ تـایبەت بە ئـافرەتی بێت و تەنهـا کـاری ژنـان بێت و پیـاوان بێـبەری بـن لێی.شـاعیر ژنـی لە کـۆمەڵگە تەجرید و جیـا کـردۆتەوە و بە مـوجەرەدی بەرخـوردی لەگەڵـدا دەکـــات.کرداری ســـێکیش وەک چـــالاکییەکی مرۆیـــی ڕێـــک بە تێڕوانینێکـــــی مەزهەبیــــیەوە دەیچوێنێـــــت بە پیســـــی.ئەمە چ ڤایرۆسـێکی کۆنەخـوازی و دژە ژنیـیەکە کە شـاعیر لەهەنـاوی شـیعرەکانیدا هەڵیگرتـووە و دەیەوێـت خوێنەرەکـانی پـێ تـووش بکات و ئاوەزیان بەرەو کۆنەپەرستی ئاراستە بکات؟

**وەک قورئان لەماڵی سۆزانیدا، وەک کاتژمێر لە دۆزەخدا بێکار و فەرامۆشکراوم (٣٧)**

یان:

**دەبوومە ئەو سۆزانییە پیرەی کە چەورە و گەنجە لچقرتاوەکان پێی فێردەبن.(٣٨)**

تا دەگات بەوەی ئیتر تەوزیفی سۆزانی گەرچی بەمانـای جیـا و لەزمانی کارەکتەری جیاوە گوزارشت لە سیفەتەکە دەکەن، بەڵام ئەڵقەی جەوهەری خۆشەویستی ئینسـان ونە.ئەمەش بەو مانـایە

دێــت کە ژن جــگە لە درۆزنبــوون، داوێنپــیس و ســۆزانی و قەحبەشــە.بەختیار لە هــیچ دەقێکــدا ژنــی وەکــو ئینســانێکی کۆمەڵایەتی و خـاوەن ئیـرادە وێنـا نەکـردووە، ژن لای بەختیـار مەخلـوقێکی ئەبسـتراکتی نـا کۆمەڵایتییە و هـیچ ڕۆڵێکـی نییـە لە ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا.ئەو ژنەی ئـێمە دەیناسـین و لە کـۆمەڵگەی کــوردی و مرۆڤایەتیــدا دەیبینــین کە کــار دەکــات و بەرهەم دەهێنــێ، لە کــۆی نــاوەڕۆکی شــیعرەکانی بەختیــار عەلیــدا غائیبە.لەبەر ئەوەی ئێمە ژنانێک دەبینین لەو شیعرانە کە زیاتر خەریکــی خولیــا و ئــارەزووە سێکســییەکان بــن.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژن لای بەختیار زیاتر وەک کاڵایەک سەیر کراوە و بینراوە و وێناکراوە.

**کچــان و دایکــان بە هاتوهــاواری درۆوە دەکەوتــنە ســەر شــــەقامەکان دەیــــانگووت: زۆرداران شــــەرەفی ئێمەیــــان ئەتککرد.(٣٩)**

یان:

**بـا یـار لەمـاڵ دەرکەین.دەریکەیـن وەک دەرکردنـی پشـیلە لە حەوشی ماڵ.دەریکەین و بیبەین و بڵێین بخنکێ ئەی خراپترین یار.بڵێین با کرمەڕێزبێت ئەم گۆشتە بەسـەرمای زەمهەریـری ئەمسـاڵ، بیخەیـنە سـەر ئـاگر ئەم دەسـتە.بیکەینە پیاڵەوە ئەم خوێنە.فڕێیـدەینە سـەر شۆسـتە وەک دز، وەک چـرووک، وەک قەحبەی ڕووت و ڕەجاڵ.(٤٠)**

ئەمە چ ســووکایەتیەکی گەورەیە ئەم شــاعیرەمان لە ســەرەتای ســەدەی بیســت و یەکەم بێــئەوەی بچــووکترین ڕوونکــردنەوە لەســەر ئەم ســووکایەتییە بـدات، کتێبەکـانی بـۆ چەنـدەمین جـار

چاپ دەکرێنەوە و بڵاو دەبنەوە و خوێنەرانێکیش (دیارە بەهۆی ئاست نزمی خۆیانەوەیە) وەکو عادەت و مۆدێل ئەو کتێبانەی ئەم شاعیرە دژە ئینسانییە دەکڕن و سەپۆڕتی دەکەن.من بە ئەندازەی ئەوەی شاعیر لەم پرۆسەی سووکایەتیکردنە بەشدارە، ئەوەندەش دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و خوێنەری نائاگا و ئاسی نزمی ئەو شیعرانە کە بێدەنگن و دەنگ هەڵنابڕن دژ بەم بێحورمەتییەی شاعیر بەشدارن و پەنجەی تاوانبارییان بۆ ڕادەکێشرێت.

## ئەو سەرزەمینەی ناویان ناوە نیشتمان

نیشتمان و نیشتمانپەروەری (کۆڵەکەیەکە) یان ستوونێکە لە ستوونەکانی کۆمەڵی بۆرژوازی.کۆمەڵگەی چینایەتی بۆرژوازی لەسەر چوار پایەی گرنگ وەستاوە کە نیشتمان یەکێکیانە.ئەم پایەیە بۆ بۆرژوازی گرنگە چونکە لەلایەکەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کرێکارانی جیهان لە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی بەهرەمەند نەبن و ئەو چینە جیهانییە بەسەر وڵات و نەتەوەکاندا دابەش بن.ئەمەش قازانج و سوودی سەرمایەی تێدایە و تەمەنی ستەم و چەوسانەوە و مۆڵکایەتی تایبەتی درێژتر دەکات.

**ئەی وڵاتم، بیست و سێ ساڵە بۆنی خاک و مرۆڤ و لیتە و عارەقەی تۆ دەچێت بەسەرمدا و وەڕز نەبووم.(٤١)**

یان:

**ئەی نیشتمان تاکە نهێنییەکم هەبوو ئەویشت پێڕەوا نەبینیم و لێت سەندمەوە.ئەی بێ خۆشەویستی تۆ چیبکەم.بێ خۆشەویستی تۆ پیاوێکم لەلاستیک ، باڵدارێکم لە موشەما..بێ خۆشەویستی تۆ دەستیکم بەسەر دڵوە دەلەرزێت.ئەی نیشتمان سوێند بێت کەوای لێهات، دەبێ پەرداخەکەم بنێم بە دەمی برینی شەهیدەکانتەوە.(٤٢)**

بەختیار نیشتمان و عەشقی نیشتمان لە ڕۆژگارێکدا ( ساڵی ١٩٨٣) دەکاتە هەوێنی قەسیدەکەی، کە لەلایەکەوە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەژێر ناوی چەپ و مارکسیی – لینینیدا هێز و وزەی لەبن نەهاتووی لاوانی کوردستانیان هەڵدەلووشی و لەلایەکی تریشەوە مارکسیزمی شۆڕشگێر لەناوچەکە و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تازە وەک هێزێکی سیاسی – چینایەتی شکلی گرتبوو و کاریگەری خۆی بەسەر بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستان دادەنا.قەسیدەی نیشتمانی بەختیار مانیفێستی ئینتما بوو بۆ بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی.ئیتر لەوساوە بەختیار دەست لەو باوەڕە بەرنادات و پێبەپێی لەگەڵ ڕووداوەکان دێتە پێش و دەبێتە قەڵەمی ئەو ناسیونالیزمی کوردییەی کە میللەتی کوردی گەیاند بەم ڕۆژە ڕەشەی ئەمڕۆ.

**پێی بڵێ ئەی وڵاتم**

**ئەوە کوڕەکەتە..ئەو کوڕەی وەکو ئەسپێکی لات**

**لەناو خەمدا گەورە بووە**

**چاوی لەدەستی ئاسنگەرەکانت بڕیوە**

**تا نیزەیەک بۆ دڵی دروست بکەن**

**گەرووی خۆی دەردەهێنا و وەکو بۆڕی چرایەکی دوکەڵاوی دەیسڕی**

**تا قسەت بۆ بکات**

**حەزی دەکرد**

**تێر بینێیت بە سینەتەوە..کەچی تۆ دەربەدەرت کرد**

**بۆیە ئیستا گومڕاو وێڵە لەو دەشتانە**

**کە باڵندەیەک دەبینێ ڕادەبورێ**

**فانیلە دڕاوەکەی هەڵدەبڕێ و هاوار دەکات**

**لێرەکانەم..لێرەکانە.(٤٣)**

شاعیر کوڕی نیشتمانەکەیەتی و هەوڵیداوە بە تۆخی ئەو پەیوەندییە دایک و کوڕایەتییە بپارێزێت و پتەوی بکات.ئەویش نەک لەبەر چاوی هیچ کەسێک، بەڵکو لەبەرچاوی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداران.دیارە لەبەرامبەریشدا حیزبە ناسیونالیستە بۆرژوازییە کوردییەکانی نێو بزووتنەوەی کوردایەتی کە ئێستا وەک کۆمپانیای زەبەلاحی سەرمایەداری هەڵدەسوڕێن، بێوەفا بەنوونە بەرامبەر بەم هەڵوێستەی بەختیار و درێغیان نەکردووە لە خزمەتکردنی ئەم شاعیرەی خۆیان.

## ناکۆکبوون لەگەڵ خۆیدا

## (جەماوەر) بە نموونە

بەختیار عەلی شاعیر لە تەواوی هەوڵە فیکریی و ئەدەبییەکانیدا کۆشاوە و دەکۆشێت جەماوەر لە هێزێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر لە گۆڕەپانی خەبات لە کۆمەڵگە، دابگرێتە ئاستی زاراوەیەک و تەنـــانەت دابیشـــکێنێتە خـــوارەوە بـــۆ بەرامـــبەر وشـــەیەکی شـەرمئاوەر بـۆ ئینسـانییەت کە ئەویـش جەهلە.ئێسـتا بەختیـار لەبەرامـــبەر خۆیـــدا دادەنێـــێن و بـــزانین ئیشـــکردن بەزاراوەی جەماوەر شـەرعییەتدانە بە جەهل؟ ئەگەر بەختیـار ئێمە تاوانبـار دەکـات بەو شـەرعییەتدانە بە جەهـل، ئەی چـۆنە خـۆی خەمـی جەماوەری کوردستان دەکات بە شیعر و جەهل نییە؟ بۆچی بۆ ئەو هەنگوین بێت و بۆ کەسانی تر گوژاڵک.دوای سی ساڵ لە دەســەڵات و حکـومڕانی ناسـیونالیزمی کـوردیی و قبـوڵکردنی ئەلگۆ لەدڵا شیرینەکەی لیبڕالیزم و دوای نیشـاندانی ناشـرینترین وێنەی ئەو حکـومڕانە و نووسـینەوەی قێزەوەنتـرین مێـژوو بـۆ خۆیان، بەختیار بۆ ئەوەی لە بەرامبەر خوێنەرەکانی بێهەڵوێست نەنوێنێـــت و لەبەرامـــبەر ئەو ئیحـــراجییە سیاســـیی گەورەیەی دەســـەڵاتی بـــزووتنەوەی ناســـیونالیزم لە کوردســـتان قســـەی هەبێـت، هـــاتووە شـــیعری (ستایشـــی مـــن بـــۆ دەســـەڵاتداران) دەنووسێت.

**ئێـوە گەلەک شـۆخن، بەیانیـان وەک پاسـاری ڕیقـنە بەسـەر حەقیقەتدا دەکەن**

**گەلەک مەزنن.شـەوان وەک کوکـوختی ڕیقـنە بەسـەر تـریفەدا دەکەن.**

**ئەمە دیاری ئێوەیە؛ میللەتێک بەسەد دەست لێتان ڕادەکات**

نەتەوەیەک هەزار قاچ قەرز دەکات و دەیّتە ناو هەزار ئاگر و هەزار باڵ دەخوازێت و

بەهەزار نینۆک بەسەرزەمینی هەزار بیّگانەدا دەڕوات.

میللەتێک خۆی بە هەزار ڕەشەبا و هەزار جەنگەڵ و هەزار دەریا دەبەخشێت

گیرفانەکانی پڕ دکات لە تووتڕکی هەموو میللەتانی تر

دەنووشتێتەوە بۆ هەزاران دەریاوان و دەلیل و ئەستێرەناسی تر.

ئێوە واتان کرد بۆ یەکەمجار جەهەنەم لە بەهەشت جوانتر بێت

دەریایەک لە خۆڵەمێشتان بۆ داناین و گووتتان ئەمەیە ڕوناکی

لمتان بۆ کردینە کاس و گووتتان ئەمەیە شەراب.

شەیتانتان بۆ ڕازاندینەوە و گووتتان ئەمەیە خودا.

کینەتان دەرخوارد داین و گووتتان ئەمەیە ئازادی.

ئێوە واتان کرد بۆ یەکەمجار تاراوگە لە ماڵ جوانتر بێت

ئەمە خەڵاتی ءیوەیە.میللەتێک لە با دەپاڕێتەوە دەریای لێ نزیک بکاتەوە.

میللەتێک لە قیامەت بەکێ دەگرێت، مەحشەر زەخرەفە دەکات، تابووت دەژمێرێت،

کفن بەسەر ئێوارەکاندا دابەشدکات.

**به تلیاکی هەموو جەنگێک خۆشنوودە بە حەشیشی هەموو کینەیەک ڕازییە**

**ئێوە واتانکرد بۆ یەکەمجار شەیتان لە خودا جوانتر بێت.(٤٤)**

شاعیر دوای وێناکردنی ئەم هەموو کارەساتە کە دەسەڵاتی ڕەشی ناسیونالیزمی کوردیی بەسەر میللەتی کوردیان هێنا، واقیعییانە ئەم دۆخە تراژیدییایەی خەڵکی ڕاکردوو لە ستەم لە دەقێکی شیعریدا دەخاتە بەردەم خوێنەرانی.شیعرێک کە بەمانای وشەکە تەواو پێچەوانەی تێگەیشتنەکانی خودی شاعیرن.چونکە:

یەک: ئەم شیعرە گوزارشتە لە واقیعی تاڵی ژیانی خەڵکی کوردستان.

دوو: گوزارشتە لە ملهوڕی و ستەم و بێدادی دەسەڵاتی ڕەشی کوردایەتی.

سێ: میللەت واتا جەماوەر و بەرینتر لە جەماوەریش بووەتە ناوەڕۆکی شیعرەکە.

چوار: بەم پێیەش بەقسەی خودی شاعیر ئیشکردن لەگەڵ میللەت و جەماوەر شەرعییەتدانە بە جەهل.خۆشی دژایەتی ئەم شەرعییەتدانە دەکات.

بەختیار عەلی لەزۆر جێگەدا ئەشکالییەتی فیکریی هەیە و ئەگەر تەواوی تێڕوانینە سیاسی و فیکرییەکانی بپشکنین، دەبینین لەچەندین نووسین لە لێکدانەوەکانیدا کورتی هێناوە و تا ئێستاش چەندین نووسینی ڕەخنەیی لەسەر ئەو ئەشکالییەتانە نووسراون کە نوێترینیان نووسینە بەپێزەکەی پێشڕەو محەمەدە.(٤٥)

## نەمویست دەربارەی فۆرم بدوێم

فۆرمی شیعرەکان یان پەخشانەشیعرییەکانی بەختیار گەرچی بابەتی ئەم نووسینەی من نییە، بەڵام ناکرێت لەسەر پانتایی ناوەڕۆک قسە بکەین و هیچ شتێک دەربارەی فۆرم نەڵێین.فۆرم و ناوەڕۆک لە پەیوەندییەکی جەدەلی دان و هەمیشە فۆرم لەخزمەتی ناوەڕۆکدایە.فۆرم ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە بەرجەستەکردنەوەی ئیستاتیکای دەق.ئیشکردن لەسەر فۆرم کاریگەری هەیە بەسەر ناوەڕۆک و تەنانەت بەسەر زەوقی خوێنەر و سەلیقەی خوێندنەوە.من هیچ گومانم لەوە نییە کە بەختیار عەلی ئیشی جیدی لەسەر فۆرمی شیعر کردووە و توانیویەتی گاریگەری بەسەر بزووتنەوەی شیعری کوردی دابنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قسەکردن لەسەر فۆرمی دەقە شیعرییەکانی بەختیار عەلی قسە زۆر هەڵدەگرێت، بۆیە هەوڵ دەدەم زۆر بەکورتی لە چەند خاڵێکدا باسیان بکەم.

یەک: شێوازی نووسین یان ستایڵ لای بەختیار بۆ ئەدەبی کوردی ناوازە و نوێ بوو.ئەو لە دەیەیەک دەستی دایە ئەو جۆرە ستایڵە (١٩٨٣) کە هیچ نووسەرێک لە کورددا پێشتر ئەو ستایڵەی بەکار نەبردبوو.لەم ستایڵەش بەختیار سوودی لە ئەزموونی شاعیرانی جیهان وەرگرتووە.

یەک: وێنەشیعرییەکانی شاعیر وێنەی ئاڵۆزن و هەندێجار تێکچڕژاون کە وێنای تراژیدیا و کارەساتباری و وێرانەی دەروونێکی ناتەندروستمان نیشان دەدا بەر لەوەی هیچ ئەرکێکی تر لەئەستۆ بگرن.باگکراوندی وێنەکان تراژیدیان.واتە

ڕەنگی وێنەکان بەگشتی ڕەش و سوورن و ئینجا دواتر هەست بە جووڵەی ڕەنگەکانی وەکو سپی و خۆڵەمێشی دەکەین.

دوو: شیعرەکانی بەختیار بە زمانێکی نوێ بە بەراورد بە زمانی باوی نێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی هاتنە قسە.بەختیار گەرچی وشەگەلێکی زۆر نامەئلوفی هێنایەوە نێو کایەی نووسین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانەکەی پاراو نییە لە خلّتەی وەهم، خورافە، تەوهین.ئەو وشەگەلی ئایینی و کلتووری کۆن بەکار دەبا بۆ ئەوەی ناوەڕۆکە کۆنەخوازەکەی پێبشارێتەوە و جوانی بکات.

سێ: ڕەگەزی خەیاڵ بە فراوانی قۆرخی دەقەکانی کردووە.شاعیر خەیاڵێکی فراوان بەکار دەهێنێت تا دەقەکان نوێ بنوێنن و نەچنە خانەی دووبارە بوونەوەوە.

چوار: دارشتن و شێوازی بنیادنانی ساختمانی دێڕەکانی قەسیدەکان زۆر تەبا و مونسەجیم نین.زوو زوو پانی و درێژی دارشتنەکان دەگۆڕدرێن و زیاتر وەک کەڵەکەی ڕستە دێنە بەرچاو.بەڵام لە دوو دیوانە شیعرییە تازەکەیدا هەست دەکەیت ئەو دەستکاری ئەو شێوازە دەکات و بەجۆرێکیتر پەخشانەشیعرییەکانی دادەڕێژێت و هەوڵدەدات لەشیعریان نزیک بخاتەوە.

پێنج: حیکایەتخوان لەگێرانەوەی چیرۆک و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو شیعرەکان هەمیشە ئامادەیە و ئەو حیکایەتخوانەش هەندێکجار خودی شاعیر خۆیەتی و جاری واش هەیە کەسی سێیەمی تاک دەدوێت.

شەش: توخمەکانی تری شیعر وەکو لێکچواندن و میتافۆر و بەکەسیکردن و دووبارەکردنەوە و..تاد دەتوانرێت لێرە و لەوێ لەنێو دیوانەکاندا ببینرێن و دەستنیشان بکرێن.

بەمجۆرە لەنێو ئەم چوارچێوە هونەرییەدا،کە بووەتە سنوورەکانی پانتایی ناوەڕۆکی شیعرەکانی بەختیار عەلی، ئەو شیعرانەی کە گوایە پڕن لە فیکر و مەعریفە، دەبینین فیکرەکان هەموویان فیکری دژ بە شۆڕش و دژ بە ئینسانییەت و دژ بە ژن و دژ بە خەبات و دژ بە سۆشیالیزم و دژ بە خەباتی چینایەتین.

## ئەنجام

لە دەرەنجامی خوێندنەوەی شیعرەکانی بەختیار عەلی، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ئامانجگەلەی بەختیار سۆراخی دەکات لەشیعرەکاندا بەرجەستە بۆتەوە.شاعیر تێکۆشاوە شیعر بکاتە سەنگەرێک تا لەوێوە:

یەک: خوێنەری کورد بۆ سۆراخی چارەنووسی لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئینديڤجوالی ( تاکگەرایی) ڕابهێنێت و شوێنێک نەهێڵێتەوە بۆ کاری دەستەجەمعی و بەکۆمەڵ.ئەمەش بەدەوری خۆی تەرویجدانە بە ڕەتکردنەوەی ئاڵوگۆڕ و گۆڕینی ژیان و کۆمەڵگە لەسەر دەستی هێز و چینە کۆمەلایەتییەکان.جەوهەری ئەم تاکگەراییەش جەوهەری ئەنتی شۆڕشە.

دوو: بڵاوکـــردنەوەی ڕەشـــبینی و نائومێـــدی بەجۆرێـــک کە بچـــــووکتری تروســـــکایی ئومێـــــد لە شـــــیعرەکانیدا بەدی نـاکەی.خوێنەر کە شـیعرەکان دەخـوێنێتەوە، وا هەسـت دەکـات لەئێـوارەیەکی هەڵەوینـدایە یـانیش گەشـــت دەکـــات بەنێـــو قەسابخانەو گۆڕستانی تەنیا و تاریکاییدا.نیشـاندانی نائومێدیش بەرامـبەر بە ژیـان، خواسـتی چینـی بـاڵا دەسـتی کـۆمەڵگەیە کە بنـاغەکەی لەسـەر سـتەم و نایەکسـانی و کەڵەکەی سـەرمایە و موڵکایەتی تایبەتی بنیادنراوە.

ســـێ: ڕەواجـــدان بە ئەفســـانە و خەیـــاڵپووچی و ئایینـــداری بەجۆرێـک کە بەبـڕوای مـن شـاعیر بێـڕەقیبە لە بەکارهێنـان و تەوزیفکردنـــی وشـــە و گوزارشـــتە ئایینییەکـان.ئەوەی شـــاعیر لەمـاوەی ئەو سـی سـاڵەی تەجـرەبەی شـیعر نووسـینی خۆیـدا کردوویەتـــی، بـــزووتنەوە ئیســـــلامییە کۆنەخوازەکـــان بە سەدەیەکیش بۆیان نەدەکرا.بۆیە تەواوی بزووتنەوەی کۆنەخـواز و ستەمخوازەکان قەرزاری بەختیار عەلین.

چوار: پێگەی ژن تـا بڵێی لاوازە و لەزۆر شـوێندا ئیتـر تەوزیفی وشـــەی ســۆزانی لە سـیفەت دەرچـووە و بـووە بە ئامـاژەی ناسـینەوەی میتـۆدی بیرکـردنەوەی دژە ژنـی شـاعیر.ژن لای شـاعیر مەخلـوقێکی لاواز و بێئیـرادە و نـاکۆمەڵایەتییە و زیـاتر وەکو کاڵا وێنا کراوە.

پێـنج: شـاعیر لە غرووورێکـی تۆخـدا دەژێـت و خـۆی وەکـو پێغەمبەرێـک کەلەئاسـمان بێـت دێـتە بەرچـاو و نەیارەکانیشـی گەمژە و دەیان ناوناتۆرەی بێمانای لێناون.

شـــەش: عەشـــق و خۆشەویســـتی نیشـــمان و خـــاک و وڵات؛ پانتـاییەکی لەبیـر و هۆشـی شـاعیر داگیـر کـردووە.ئەم روحە ناسیوناڵیســـتییەش وەک فریادڕەســـی کـــوردایەتی دەکـــاتە مانیفێستی یەکەمین قەسیدەی خۆی و ئیتر بە تەواوی بەدەنەی شیعریدا ڕۆ دەچێتە خوارێ.

شـەش: وەکچـۆن بـۆرژوازی هەمـوو شـتێک دەکـات لەپێنـاو بەرژەوەنـدی خـۆی، بەختیـاریش هەمـوو شـتێک دەکـات لەپێنـاو دژایەتیکردنـی جەمـاوەر و خەبـات و وشـۆڕش و سۆشـیالیزم و چینی کرێکار و مارکسیزم.

حەوت: وێنەشـیعرییەکان وێـنەی سـادە و ئـاڵۆزن و هەنـدێجار تێکچــڕژاون کە وێنــای تراژیــدیا و کارەســاتباری و وێــرانەی دەروونێکـــی ناتەندروســـتمان نیشـــان دەدا بەر لەوەی هـــیچ ئەرکێکی تر لەئەستۆ بگرن.زمانی شیعریش زمانێکی نوێ بوو بە بەراورد بە زمانی باوی نێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی.زمـانی نووسینەوەی کوشـتوبڕی نەک(جەمـاوەر!!) بەڵکوو قارەمانەکانی نێـو خەیـاڵی شـاعیر کە هـیچ پەیوەنـدییەکی بە واقیعـی ژیـانی کۆمەڵگەی کوردییەوە نییە.

لەم سۆنەگەیەوە دەبینین شیعرەکانی بەختیـار عەلی گوایە پڕن لە فیکـر و مەعـریفە، دەبینین فیکرەکـان هەموویـان فیکـری دژ بە شـۆڕش و دژ بە ئینسـانییەت و دژ بە ژن و دژ بە خەبـات و دژ بە سۆشـــیالیزم و دژ بە خەبــاتی چینــایەتین.ئەو شــاعیرەی کە پێیـــوایە لە کەشـــکەلانی فەلەکە و خـــۆی و تەنـــانەت ئەدەبـــی کـوردیش کە بە ئەدیبێکـی پێشـڕەوی دەزانـن، پێشـرەوییەکەی تەنهـــا لە کوشـــتنی ئیـــرادەی شۆڕشـــگێرانەی خـــوێنەر و

تەسـلیمبوونیانە بە نائومێـدی و هەورەهـا پتەوکـردن و چەسپاندنی خورافە و جەهلە لەنێوەندی ئەدەبی کوردی و زەینی خوێنەری کوردزماندا.ئەم هەوڵانەش شوناسی کۆنەپەرستی و دژە جەماوەریی و دژە کرێکاریی شاعیرە.بۆیە بەختیار عەلی سەد کتێبی تریش بنووسێت و دەیان خەڵاتیش بکرێت و تەنانەت خەڵاتی نۆبڵیش وەربگرێت جگە لە نووسەرێکی لیبراڵی بۆرژوازی هیچی تر نییە و نابێت.(٤٦)

## سەرچاوە و پەراوێز

(١)بەبۆچونی من ئەم دەقانەی بەختیار عەلی کە بەناوی ژانری شیعر چاپ و بـــڵاو بـــوونەتەوە و دەبنەوە.لەڕاســـتیدا هەڵگـــری تایبەتمەنـــدییەکانی پەخشانەشـیعرن نەک شـیعر.بەڵام چـونکە وەک شـیعر بـڵاو بـوونەوەتەوە، منیش وەکو شیعر ناوزەدیان دەکەم.

(٢) بەختیـار عەلـی جگە لە شـیعر چەنـدین کتێبـی لە بوارەکـانی فیکـری و هەروەهـا ئەدەبیـی( ڕۆمـان و شـانۆنامە) نووسـیوە و بـڵاو کردۆتەوە.بـۆ زانیـاری زیـاتر دەربـارەی بەرهەمەکـانی ئەم نووسـەرە خـوێنەر دەتوانێـت سەردانی ماڵپەڕی ویکیپیدیا ئینسکلۆپیدیای ئازاد بکات.

(٣)جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە چەند نووسینێک بکەم لەوانە هەوڵەکانی بەڕێزان عەتا قرەداغی و ئەسکەندەر جەلال و کۆچکردوو ئازاد سوبحی کە لایان لە شیعرەکانی کاک بەختیار کردۆتەوە.

(٤)الفن و التصور المادي للتاريخ جورج بليخانوف  ترجمه جورج طرابيشـي دار الطليعة بيروت لبنان الطبعة الاولى ١٩٧٧ ص ٧.

(٥)زەردەخەنەی هەنسک حەمەسەعید حەسـەن چاپخانەی نینا چاپی یەکەم ٢٠٠٢ لاپەڕە ٢٤.

(٦)و(٧)تـا مـاتەمی گـوڵ تـا خـوێنی فریشـتە بەختیـار عەلـی بەرهەمە شیعرییەکان ١٩٨٣-٢٠٠٤ لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی چاپخانەی ڕەنج سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠٠٦ لاپەڕەکانی ٣٧ و ٣٩.

(٨)گەڕان بەدوای ماناکـانی دیـکەی شـیعر بەختیـار عەلـی گۆڤـاری ڕامـان ژمارە٧١ ی ساڵی ٢٠٠٢ لاپەڕە ١٢.

(٩)مانیفێسـتی حیزبـی کۆمۆنیسـت  کـارڵ مـارکس و فریـدریک ئەنگڵـس وەرگێرانـی موسـڵیح شێخولئیسـلامی (ڕێبـوار) چـاپی دووەم هـاوینی ٢٠١٤ لاپەڕە ١٧.

(١٠)و(١١)و (١٢)تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە بەختیار عەلی بەرهەمە شیعرییەکان ١٩٨٣-٢٠٠٤ لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی چاپخانەی ڕەنج سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠٠٦ لاپەڕەکانی ١٠٨ و ١٩٣ و ٣٤٤.

(١٣)مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگڵس وەرگێرانی موسڵیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار) چاپی دووەم هاوینی ٢٠١٤ لاپەڕە ٢٥.

(١٤)تێزەکانی مارکس – ئەنگڵس لەبارەی ئەدەب و هونەرەوە جان فریفیڵ وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە فوئاد مەجید میسری چاپخانەی تاران چاپی یەکەم ٢٠١٩ لاپەڕە ٤٩ و ٥٠.

(١٥)گەڕان بەدوای ماناکانی دیکەی شیعر بەختیار عەلی گۆڤاری ڕامان ژمارە ٧١ ی ساڵی ٢٠٠٢ لاپەڕە ١٢.

(١٦)الفن و التصور المادي للتاريخ جورج بليخانوف ترجمه جورج طرابيشي دار الطليعة بيروت لبنان الطبعة الاولى ١٩٧٧ ص ١٣.

(١٨)خوێنەری کوشندە کۆمەڵە وتار بەختیار عەلی چاپخانەی ڕەنج چاپی یەکەم ٢٠٠٥ لاپەڕە ٣٣.

(١٨)هەلەوین، یادگێڕانێکە لە شەوی ٣١ ی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێک لە زۆربەی وڵاتاندا و بەتایبەتیش وڵاتانی خۆرئاوا لەسەروبەندی جەژنی مەسیحی ( کە جەژنی هەموو قەشەکانە) بەڕێوە دەچێت.هەندێکیش پێیانوایە هەلەوین جەژنێکە سەربەخۆیە و ڕەگی مەسیحییەتی هەیە.جەژنی هەلەوین ئەتمۆسفیرێکی تاریک و ترسناکی هەیە و خەڵکی مۆم پێدەکەن و دیمەنی گۆڕستان و گۆڕ و پەیکەرە ئێسک و دەنگی ترسناک نمایش دەکەن و جلوبەرگی تایبەت بەو بۆنەیە دەپۆشن و منداڵانیش لە کۆکردنەوەی نوقڵ و شیرینی چێژی خۆیان لەو یادە وەردەگرن.

(١٩)و(٢٠) ئەی دەربەندی دۆست، ئەی کەشتی دوژمن بەختیار عەلی چاپخانەی کارۆ چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٩ لاپەڕەکانی ٧٤ و ٩٠.

(٢١)و(٢٢)و(٢٣)و(٢٤)و(٢٥) تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە بەختیار عەلی بەرهەمە شیعرییەکان ١٩٨٣-٢٠٠٤ لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی چاپخانەی ڕەنج سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠٠٦ لاپەڕەکانی ٧٥ و ٦٨ و٤٠٢و٣٧١و٥١٠.

(٢٦)شەوێک ئاسمان پڕ بوو لە ئەستێرەی شێت بەختیار عەلی چاپخانەی کارۆ چاپی یەکەم ٢٠١٩ لاپەڕە ١١٦.

(٢٧)هەموو ئەو وشانە ئایینیانە و گەلێ وشەی وەهمدار و کۆنەخواز لە دەقەکاندا بوونیان هەیە و هەر وشەش چەندیجار دووبارە بوونەتەوە و ئەم ڕێچکەیە لەسەرجەم دیوانە شیعرییەکانی کاک بەختیار پەیڕەوی لێکراوە.

(٢٨)و(٢٩)و(٣٠)و(٣١)و (٣٢)و(٣٣)و (٣٤)تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە بەختیار عەلی بەرهەمە شیعرییەکان ١٩٨٣-٢٠٠٤ لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی چاپخانەی ڕەنج سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠٠٦ لاپەڕەکانی ٢٩ و٢١١و٢٧و ٣٤٦ و ٣٣٦ و ٢٩ و ٤٣١و ٣٤٤ و ٣٥٧.

(٣٥)خوێنەری کوشندە بەختیار عەلی کۆمەڵە وتار چاپخانەی ڕەنج چاپی یەکەم ٢٠٠٥ لاپەڕە ٤١.

(٣٦)و(٣٧)و(٣٩)و(٣٩)و(٤٠)و(٤١)و(٤٢)و(٤٣)تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە بەختیار عەلی بەرهەمە شیعرییەکان ١٩٨٣-٢٠٠٤ لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی چاپخانەی ڕەنج سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠٠٦ لاپەڕەکانی ٢٩١و٣٤٦و٣٣٦و ٢٣و ٤٣١و٣٤٤و ٣٥٧و٣٤٠.

(٤٤)تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە بەختیار عەلی بەرهەمە شیعرییەکان ١٩٨٣-٢٠٠٤ لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی چاپخانەی ڕەنج سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠٠٦ لاپەڕەکانی ٤٦١ و ٤٦٢.

(٤٥)لەپرۆژەی ڕۆشنگەری لیبراڵەوە بۆ پەراوێز و پارادۆکسەکانی بیرکردنەوە نووسینی پێشڕەو محەمەد تەوەر دەربارەی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی ماڵپەڕی هزری و کلتووری ژنەفتن سەرپەرشتی ئەو تەوەرەی کردووە.٦ ی شوباتی ٢٠٢٢.

(٤٦)بۆ نووسینی ئەم بابەتە زۆربەی سەرچاوەکانم لەبەردەستدا بوون جگە لە دوو سەرچاوە.یەکەمیان: گەڕان بەدوای ماناکانی دیکەی شیعر بەشی دووەم کە لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٧٢ ی ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوببووەوە و هاوڕێی ئازیزم کاک سەرکەوت وەلی ئەرکی کێشا و لە کوردستانەوە بۆی ناردم.دووهەمیان: دیوانەشیعری( شەوێک ئاسمان پڕ بوو لە ئەستێرەی شێت) کە ئەمەشیان هاوڕێی ئازیزم حەمەی شانۆ ئەرکی کێشا و دیوانەکەی بۆ پەیدا کردم و هاوریێی زێدە قەدرگرانم عارف کوردە تەواوی دیوانەکەی وێنە گرت و بۆی ناردم.لەدڵەوە زۆر زۆر سوپاسی ئەم سێ هاوڕێ ئازیزە دەکەم و هیوام سەرفرازییانە.

# بونیادی زمان لە کۆشیعری (وشەکانم بەسەر باڵی پایزەوەن)

*حوزەیرانی ٢٠٢٢*

## بەرایی

زمان لە کۆشیعری (وشەکانم بەسەر باڵی پایزەوەن)(١) زمانێکە سادە و ڕوون و بێ گرێوگۆڵ؛ کە خوێنەر بێ ئەوەی زەحمەتییەک بێتە ڕێی، دەتوانێت پەیامی کۆمەڵایەتی دەقە شیعرییەکان و مەبەستی شاعیر لەیەکەم خوێندنەوەدا دەستەبەر بکات.ئەمەش بەو مانایە نییە کە زمانی شیعرەکان سفت و بەهێز نییە.نا؛ زمانی شیعرەکان کەم تا زۆر ئیشی لەسەر کراوە، بەڵام لەئاست چاوەڕوانی خوێنەری جیددیدا نییە.بەدەربڕینێکی تر، زمان لەم کۆشیعرەدا ئیشی لەسەر کراوە، وەلێ ئاگایانە ئیشی لەسەر نەکراوە.من دەزانم شاعیر تێکۆشاوە دەست بۆ ئیقاعی شیعریی جوان و وشەی مۆسیقی و دەربڕینی گونجاو بەرێت، بەڵام نەیتوانیوە شیعرەکان بگەیێنێتە ئاست شیعری ئەمڕۆ.دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەم شیعرانە شیعر نین، بەڵکو زیاتر مەبەستمە ئەوە بڵێم کە شاعیر پێویستی بە قاڵبوونەوەی زیاتر

و شـــارەزایی زیـــاترە لە کێشـــە ئیســـتاتیکییەکان و گرفتەکـــانی شیعر.ئەم قاڵبوونەوەیەش دەبێتە هـۆی تۆکمەبـوونی مەعـریفەی شـاعیر سـەبارەت بە زمـان و تەکنیـک و ئیسـتاتیکای شـیعریی کەدواجار تەنها خۆی و شیعر لێی سـوودمەند دەبن.بابەتێک کە مـن لەم کـورتە نووسـینەم لێـی دەدوێـم بونیـادی زمـانی شـــیعرییە.من لێـــرەدا دەمەوێـــت لەڕێـــگەی دوو ڕۆچـــوونی ڕەخنەییـیەوە بـگەم بە خـاڵی مەبەسـت.بگەم بەو جـێگەیەی کە لە ڕێگەی ئەم خوێندنەوەیەوە هەندێک قسە لەسەر زمانی شـیعریی لای عارف کوردەی شاعیر بکەم.

**دوو ڕۆچوون**

ڕۆچوونی یەکەم: ڕۆچوون بەنێو واتا و پەیام لەڕێگەی دەربڕین و گوزارشتە شیعرییەکانەوە.

لە دووتوێی ئەم کۆشیعرەدا بۆ خوێنەر ئاسان نییە بتوانێت دوو کـات و وسـەردەمی جیـاوازی نووسـینی شـیعر لای عـارف کوردەی شاعیر ببینێت و بیان ناسێنێتەوە؛ مەگەر کەسێک یان خوێنەرێک لە نزیکەوە شـاعیر بناسـێت یـان ئاگـاداری مێژووی نووسـینی شـیعری شـاعیر بێت.(٢) چـونکە شـیعرە سـەرەتاکانی شـــاعیر زۆربەیـــان شـــیعری کرێکـــاریین و هەڵگـــری پەیـــامی شۆڕشگێرانە و کۆمۆنیستین.

**بۆرژوا گوێ گره !**

**لێره بێ یان لەوێ**

**کۆتەرەی شیکاگۆین**

**(ئاگرین؛ شۆرشین**

**شۆڕشی کڵپەسێن)**

**له ڕووی تۆ ناکوژێن**

**ژیلەمۆین؛**

**پەنگرین.**

**هەتاوین** تۆڵەسێن.(٣)

عارف کوردەی شاعیر خۆیشی وەک مارکسیستێک هەوڵی داوه لەگەڵ خۆی و شیعر و خوێنەر ڕاستگۆ بێت.هەربۆیەش بەوپەڕی سادەیی بەڵام ڕاستگۆییەوه گوزارشتی له هەستە چینایەتییەکەی کردووه.لەشیعری بۆ شاپوورەکان دەنووسێت:

**شاپورەکان بوون بە مۆم و کۆلیتە تاریکەکانیان ڕوونـاک دەکـردەوه و ئـەم تونێڵـەیان بـۆ ئێمـە جێهێشـت ئێمەش..لەم ئۆقیانووسی کپ بوون و مەینەتی و نایەکسانییه**

**چراین و هەر وەکو ئەوان ڕاوی تاریکایی دەنێین**

**وەکو ئەوان سروود بۆ ڕزگاری ئینسان**

بۆ دادپەروەری ژین دەڵێین.(٤)

ئیتر ئەم بیروباوەڕە ئینسانییەی شاعیر هەر تەنها لە شیعرێکدا قەتیس نابێت، بەڵکوو سەردەکێشێت بەناو ژمارەیەک لە شیعرەکانی.(٥) زمان لەم شیعرە کرێکارییانەی شاعیردا ڕاستەوخۆ و سادە و ساکارە، بەڵام تەژییە لە هەستی ئینسانیی و شۆڕشگێرانە.دەربڕینە شیعرییە چینایەتییەکان و گوزارشتە شۆڕشگێرەکان باڵادەستییان بەسەر زمانی شیعرەکاندا هەیە و توانیویانە شوناس بە زمانە شیعرییەکە بدەن.هەموو ئەم ئیشکردنانەش ( هەڵبژاردنی وشە، سەروای گونجاو، جەغد کردنە سەر بابەت) لەناو زماندا ڕوویانداوە.چونکە وەک مارکس دەڵێت: "بیرۆکەکان بەجیا یان لەدەرەوەی زمان بوونیان نییە" (٦) ئەمە ئەو گۆشەنیگا و تێڕوانینەیە کە مارکس دەیخاتە بەردەستمان کە دەتوانین بایەخی زمان و تەنانەت نووسین و بۆچوونەکانیش لە هەناوی زماندا ببینین و بخوێنینەوە.هێزی گوزارشتی زمان دەتوانێت نەک هەر شوناسی دەربڕینەکان بێت، بەڵکو شوناسی کۆی نووسین بێت لای نووسەرێک.

هەرچی شیعرەکانی تری شاعیرن، بەتایبەتی لەدوای ساڵی ١٩٩٥ ەوە؛ لەڕووی پەیامی کۆمەڵایەتی و مەبەستی شیعریی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، کە بە بڕوای من ئەو شیعرانە دەربڕی تووڕەیی و دڵشکانی شاعیرن لە دۆخی سیاسی و خەباتی کۆمۆنیستیدا.زمانی ئەم شیعرانە، زیاتر زمانێکی کۆن و کات بەسەرچووە کە ئەو زمانە ناتوانێت لەگەڵ گەشەی سەردەم و ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگە بێتەوە.کە من دەکۆشم لە ڕۆچوونی دووەمدا زیاتر لەسەر ئەم زمانە کۆنە دەوەستم.

ڕۆچــوونی دووەم: ڕۆچــوون بەنێــو تێکچڕژانەکــانی زمانــدا لەڕێگەی وردکردنەوەی زمان.

ئەم کۆشــیعرە بچکــۆلانەیە کە زمــانەکەی لەنێــو بەرداشــی گوزارشــتی شۆڕشــگێرانە و دەربڕینــی کۆنــدا دێــت و دەچێــت؛ پێکهاتەکەی بەمشێوەیە دزاین کراوە.

یەک: کۆشیعرەکە لە ١٤٦ لاپەڕە پێکهاتووە.

دوو: نزیک بە ٥٢٠٠ وشەیە.

ســـێ: ١٠ تـــابلۆی هـــونەری تێخزێنـــراوە کەلە ئەنتەرنێـــتەوە وەرگێراون.

چوار: ٦٥ تا ٧٠ هەڵەی ڕێنووس و تایپی تێدایە.

پێنج: ٣٨ بۆ ٤٠ وشەی ئەفسانەیی و ئاینیی تێدا بەکار هـاتووە، وەکـو ( جنـۆکە، شــەوە، خــاچ، خــوا، نـوێژ، قیـامەت، بەهەشـت، حەرام، ئەهریمەن، دوعا، زیکر، ئیبلیس، دۆزەخ،..تاد)

**خەریکن..**

**ئەهریمەن بۆ بەهەشت**

**ئەنێرنەوە و**

**بەهەشتییەکانیش بۆ دۆزەخ.**(٧)

شەش: ناوی ٣٢ ئاژەڵ و باڵندەی تێدایە، بۆ نموونە ( تیترواسک، پاســاری، کەروێشــک، کەنــاری، کوکــوختی، پشیلە،جرج،ئاســک،

ئەسـپ، قەلەڕەش، شـاباز، هەڵـۆ، کونـدەپەپوو، حـاجی لەقـلەق، کەڵەباب، قەلەپاچکە، چۆلەکە، قەقنەس، ماسی، تیمساح، نەهەنگ، شێر، داڵ، جاڵجاڵۆکە، تاوس، کۆتر،..تاد)

**کەروێشکێکی خەواڵووم و**

**لەنشێوی چارەڕەشیی**

**سەرسم ئەدەم.(٨)**

حەوت: نزیک بە ٢٠ وشەی کۆنی دەرەوەی چوارچێوەی زمـانی مۆدێرنی تێخزێنراوە لەچەشنی ( شـەغرە، بێڵەقانێ، کلدان، کانی ژنان، کەپر، مەشکەژەن، چارۆکە، سەردوولکە، تەزبیح..تاد)

پرسـیار لێـرەدا ئەوەیە کە ئایـا تـا چەنـد ئەو وشـانە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکـانی نێـو گـۆمەڵگەدا دێـنەوە؟ بـۆچی شـاعیر پەنـای بردۆتە بەرد چەندین دەستەواژەی سەردەمی فیوداڵی؟

**پەتی زوڵم چەند ئەستوور بێ**

**شغرەی جیڕی کۆنە ساڵە دەیپسێنێ.(٩)**

ئەم دزاینـەی زمـان بەمجـۆرەی لەم کۆشـیعرەدا نمـایش کـراوە، بێگومان کاریگەری دەبێت بەسەر کەمڕەنگکردنەوەی کێشکردنی خـوێنەر بـۆ دەقە شـیعرییەکان.ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە زمـانی شـیعری لای شـاعیر ئەو گۆڕانە جەوهەرییەی بەسـەردا نەهاتووە کە دەبوو بەسەریدا بێت.لەبونیـادی زمـانی شـیعرەکانی عـارف کوردە تێکچڕژانێک دەبینرێت.ئەم تێکچـڕژانەش لە زمـان

پەیوەستە بە بەرز و نزمبوونەوەی ئاستی ئومێد و ڕەشبینی، یان وردتر بڵێم ڕەنگە پەیوەست بێت بە بەرز و نزمبوونەوەی دۆخ و هەلومەرجە شۆڕشگێڕییەکان و گوزارشتکردن لەو هەلومەرجە.

## ئەنجام

سەرەنجام لە ئاکامی خوێندنەوەی ئەم کۆشیعرەی شاعیر دەگەین بەو ڕایەی کە نووسەری وشەکانم بەسەر باڵی پایزەوەن، سەرباری هەوڵەکانی لەبواری زمان و بونیادی زماندا، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە زمانی شیعریی تەریب بە گەشەی سەردەم بسازێنێت.بۆیە بەبڕوای من شاعیر لەبەردەم هەڵبژاردنێکی سەختدایە.یان ئەوەتە درێژە بەم زمانەی ئێستای دەدات کە سەرەنجام نەک ناتوانێت گەشە بکات، بەڵکو لەوانەیە توانا شیعرییەکانیشی تووشی سستی و لەبارچوون بکات.وەیان ئەوەتا ئاڵوگۆڕێکی چۆنایەتی لە بونیادی زماندا دەسازێنێت و لەوێشەوە تەکانە شیعرییەکانی دەدات و بەرەو پێشەوە هەنگاوە پڕ لە داهێنانەکانی لەنێو بزووتنەوەی شیعری رادیکاڵی کوردیدا دەنێت.

## سەرچاوە و پەراوێز:

(١)وشـــەکانم بەســـەر بـاڵی پـایزەوەن  عـارف مـحەمەد کـوردە چاپخـانەی ئاڤێستا کەرکووک چاپی یەکەم ٢٠٢١.

(٢)سـەرەتای پەیوەنـدی ئەدەبیـی نێوانمـان دەگەڕێتەوە بـۆ سـاڵی ١٩٨٨ کە شـیعرێکی ئەم شـاعیرە (بولبـولی کـارگە) لەژێـر نـاوی (نەوزاد) لە گۆڤـاری ڕابەر ئۆرگــانی حەلــقەی ئەدیبــانی کۆمۆنیســت بــڵاو کــردەوە.لە دەیەی نەوەدەکـانیش شـاعیر کۆشـیعرێکی دەستنووسـی بـۆ نـاردم و منـیش دوای خوێنـدنەوەی بە کـۆمەڵی سـەرنج بـۆم نـاردەوە و ئەویـش وەک ئیلتـزام و ڕێزگرتن لە شـیعر وبۆچوونەکـانم، دەستنووسـەکەی بـڵاوی نەکردەوە.ئیـدی لەودەمەوە ئەو پەیوەندییە ئەدەبییە بوونی هەیە تا ئەوەی سـاڵی پـار هەوڵـم لەگەڵدا کە شیعرەکانی کۆ بکاتەوە و لە کتێبێکدا چاپیان بکات، ئەوە بوو ئەم کتێبەی لێهاتە بەرهەم.

(٣)وشـــەکانم بەســـەر بـاڵی پـایزەوەن  عـارف مـحەمەد کـوردە چاپخـانەی ئاڤێستا کەرکووک چاپی یەکەم ٢٠٢١ لاپەڕە ٨٨.

(٤)هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٩٦.

(٥)بۆ نموونە شیعرەکانی ( کاتێ بەرگ نەبوو، هەوری ئێستا ئاو دانادات، بۆ ئەوانەی لەغوربەتــدا ئەژیــن، وەفــایەک بــۆ هــاوڕێ ئــاراس، ماســـیحە ،کوانوویەکی بێ خۆڵەمێش، و..تاد)

Karl Marx, Jon Elster “Karl Marx: A Reader”, p.53, Press(1986)(٦)Cambridge University

(٧)وشـەکانم بەسـەر باڵی پایزەوەن عارف محەمەد کوردە چاپخانەی ئاڤێستا کەرکووک چاپی یەکەم ٢٠٢١ لاپەڕە ١٣٧.

(٨)هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٠٠.

(٩)هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٠٢.

تێبینی: ئەم نووسینە لە گۆڤاری دیوان ژمارە ١٦ ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتەوە.

# ئاماژەکانی ململانێی چینایەتی لە چیرۆکی (چەترە شینەکە)ی دیدار مەسیفیدا

ئاب و ئەیلوولی ٢٠٢٢

## واقیعگەرایی و شوناس

چەترە شینەکە؛ یەکێکە لە چیرۆکەکانی نێو کۆچیرۆکی ( قەڵەمە پـارکەرەکەی بـاوکم)ی (١) چیرۆکنـووس دیـدار مەسـیفی؛ کە ڕیـالیزم زۆرتـرین ڕووبەری چیـرۆکەکەی داگیـر کـردووە و لەپەیوەندییەکی توندوتۆڵدایە لەگەڵ کۆمەڵگە و ئینسانەکان.هەر ئەم هۆیەشـە بـووە مۆتیڤی ئەم نووسـینە.دیدار مەسـیفی تـا ئەو جێگەیەی من ئاگاداری بەرهەمەکانی بم، لەناو واقیعێکی ئـاڵۆز و نـــاڕوونەوە بەخـــۆی و کارەکتەرەکـــانییەوە ، بەزمـــان و شـوێنکاتییەوە، بەخەیـاڵ و فلاشـباکییەوە، بەگـرێچنە و پەیـامی دەقییەوە تێدەکۆشێت پێ بنێتە نێو چاوەڕوانییەکانی خوێنەر و بچێتە نێو سنوورەکانی واقیعەوە.دیارە ئەمە بەو مانـایە نییە کە چیرۆکنـووس لەدەرەوەی سـنوورەکانی واقـیعەوە دەمانـدوێنێت، بەڵکو مەبەست لە چوونەدەرەوەی جوغزی فانتازیـای نووسـەرە بەرەو پانتاییەکانی ئەو ژیـانەی کە ڕۆژانە دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەین.هەروەهـــا لەلایەک بەو پێـــودانگەی کە( **ئەدەب**

**ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە و بەرهەمە ئەدەبییەکانیش دیاردە و ڕووداوگەلێکن کە زادەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن.ئەمەش بەو مانایە دێت کە ناکرێت ئەدەب لەژیانی کۆمەڵایەتی داببڕێت.)**(٢) ئەم واقیعیبوونە پێویستییەکی بنەڕەتی دەقی ئەدەبییە تا بتوانێت شوناس بەدەست بهێنێت.لەلایەکی تریشەوە لەنێو ئەو واقیعەی کە چیرۆکەکە و پاڵەوانەکان ئینتمایان بۆی هەیە، ململانێیەک لەئارادایە، شوناسی ئەو ململانێیە گەرچی بەڕواڵەت شوناسی نێوان دوو عاشق و دوو باری کۆمەڵایەتی جیاوازە، بەڵام لە گەوهەری خۆیدا شوناسی ململانێکە؛ چینایەتییە و تەواوی جووڵەی کارەکتەرەکان و میزاج و ئەتمۆسفیری دەقەکە سەپۆرتی ئەو ململانێیە دەکەن.

**(گەنجەکە ناوی شەهەند بوو و سەرتاپای گیانی بە باران تەڕ بووبوو و لە گشت لاوە ئاوی لێ دەچۆڕایەوە.ئەو نزیکەی دوو ساڵێک بوو دوور بە دوور شەهلەی دەناسی، لێ، هەرگیز وەک ئەو ڕۆژە مەراق نەچوو بووە دڵیەوە کە لە نزیکەوە کیژی ئەو بازرگانە دەوڵەمەندە بدوێنێت و ئەوەی لە دڵی دایە بیخاتە سەر زوبان.)(٣)**

گڕی ئەوینی شەهلە و شەهەند، گڕێکە لە تەندووری دوو دڵەوە هەڵدەستێت کە یەکێکیان هەژارە و ئەویتریان دەوڵەمەندە.( **باوکی شەهلە بازرگانێکی دەوڵەمەندی قوماش بوو و پەیوەندی باشی هەبوو لەگەڵ لێپرسراو و گەورەپیاوانی شار.)** (٤) ئەم جیاوازییە چینایەتییەی نێوان عاشق و مەعشوق گەرچی یەکەمجار نییە لە دووتوێی دەقی چیرۆکێکدا نمایش دەکرێت،

بەڵام لەم چیرۆکەدا ڕێخۆشکەرە بۆ چنینی ڕووداوەکان و زەمینەخۆشکردنە بۆ گەیاندنی پەیامی کۆمەڵایەتی دەق.لەلایەکی ترەوە ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە ئاو لەو ململانێیە دەخۆنەوە کە کاکی بازرگان و شاعیرە بەناوبانگەکە وەک دووجەمسەری هەژار و دەوڵەمەند، هەق و ناهەق، جەماوەر و دەسەڵات تیایدا دەردەکەون.ئەم واقیعە نیمچە مەجازییەی کە سیاسەت سێبەری خستۆتە سەری و وێنایەکی دروستی واقیعە تاڵەکەی ژیانە، ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت و ڕەخنەی ئەدەبی ئاوڕی لێ نەداتەوە.ئاوڕدانەوەی دەقی ئەدەبی لە واقیعی کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی شوناس لەجەرگەی ئەم واقیعە مەئلوفە دەتوانێت ببێتە پەساپۆرتی پەڕینەوەی دەق لە سەر کاغەزەوە بۆ نێو دڵی خوێنەر و جەماوەر.

## تایبەتمەندییەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی

بیرۆکەی ململانێی کۆمەڵایەتی لای کارڵ مارکس بەوەی کە کۆمەڵێ دەوڵەمەند خەڵکی هەژار بەکار دێنن بۆ زیادکردنی سەروەت و سامانیان و هەژارکردنی هەرچی زیاتری هەژاران.ئەم بیرۆکەیە بووە هۆی سەرهەڵدانی تیۆری ململانێی کۆمەڵایەتی.(٥) ململانێی کۆمەڵایەتیش لە دەقی چەترە شینەکە؛ هەر لەسەر هەمان ڕێچکە و میتۆد دەڕوات بەڕێوە و مۆری خۆی لە هەموو دیاردە و ڕووداوەکان دەدات.بەو پێیەی کە تەواوی پێکهاتەکانی چیرۆکەکە ملکەچی ئەو یاسا ئابووری و کۆمەڵایتییەی کۆمەڵگەن، بۆیە دەبێت تایبەتمەندییەکانی ئەو

ململانێــــیە بەوجــــۆرەی کە کە هەیە وێنـــا بکرێـــت.لە دەقـــی چەترەشینەکەدا:

یەک: ململانـــێکە؛ ململانێیەکـــی کـــۆمەڵایەتی - چینـــایەتییە و دانەبەزێنراوەتە ئاستی کێشەی کەسیی.

دوو: ســێبەری هێــزە کۆمەڵایەتییەکــان و مــانۆڕی سیاســی ئەو هێـــزانە بە ئاســـانی دەبینـــرێن و کاریگەرییـــان بەســـەر ڕووداوەکانەوە دیارە.

سێ: دەستبردن بۆ ئاستە جیاوازەکانی سەرکوت و پەلامار کە هەر هەمـــان میتـــۆد و ئـــامرازی دەســـەڵاتە چەوســـێنەر و ستەمکارەکانە دەرهەق بە جەماوەری ستەمدیدە.

چـــوار: کـــاریگەری ئەدەب و ڕۆڵـــی شۆڕشـــگێرانەی ئەدەب لە ململانێکان، بەڵام کاریگەرییەکە ناڕاستەوخۆیە.

پێـــنج: نیشـــاندانی یەکگـــرتن و هێـــز پەیـــداکردن لە یەکڕیـــزی ستەمدیدەکان.

ئەم ململانێ چینایەتییەی نێوان جەماوەر و دەسەڵات، ململانێیە لەسەر گرەوێکی مێژوویی بەڵام بە کۆمەکی عەشقێکەوە کە هەر لەسـەرەتاوە بە گیـر و پـڕ لە کێشـەیە.**(لـە نێو هـەموویان بێداد سەرگەرم و شپرەزترینیان بوو هەتا ئەو ئاستەی کە نامەیـەکی پڕ لە هەڕەشە و جوێن بۆ شاعیرەکە پڕ دەکاتەوە.نامەکەی برد بۆ سـەر مێزێکی چایەخانەیەک کە چواردە ساڵ بوو شـوێنی جێگیـری شـاعیرەکە بـوو.)**(٦) تـا کـار دەگـات بەوەی **(کـاکی بازرگـان ئۆتۆمبیلـە ڕەشـە بریقەدارەکـەی خێـرا خێـرا بـەرەو کۆلێژی زمان دەهاژووا، لەملایشەوە دوو پیکاپی پڕ لـە پیـاوی**

**کەتە و چەکدار دەبیندرا.لە پێشەوەی یەک لە پیکاپەکان باوکی بێداد دانیشتبوو و بە دوو پەنجەی گەمەی لەگەڵ نەرمایی گوێچکەیەکی دەکرد.هەتا ئەو کاتەی شەهلە و شەهەند بەدی دەکات کە لە دەرگای کۆلێژ نزیک دەبنەوە، ئینجا ئیشارەت بە چەکدارەکان دەدات کە بچن شەهەند پەلبەست بکەن و بیخەنە پشتی پیکاپەکەوە.چەکدارەکان بێ ئەوەی یەک زەڕە سۆز و ڕێز بنوێنن، زۆر کوێرانە بەر دەبنە گیانی شەهەند و لە نێو قوڕ و چڵپاودا تا تێر دەبن بەر شەقی دەدەن.)(٧)**لەملاشەوە شاعیرەکە باوکی شەهەند **(وتارێکی لە ڕۆژنامەیەکی بە ناوودەنگدا بڵاوکردبووەوە و سەرتاپا شاری هەژاند بوو.ئەو بە هۆی ناوبانگییەوە وەک لێپرسراوی گەورەی شار نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا پەلاماری شاعیرەکە بدات، چونکە ناوبانگی سنووری وڵاتی بڕیبوو و و شیعر و نووسینەکانی بۆ سەر بیست و دوو زمانی زیندوو وەرگێردرابوون.) (٨)**ئەم کێشمەکێشە سیاسییەی نێوان بەرەی جەماوەر و دەسەڵات کەلەڕاستیدا کێشمەکێشی چینایەتییە و لەسەر دوو بەرژەوەندی سیاسی - چینایەتی بەرێوە دەچێت.چونکە زۆرینەی جەماوەری ستەمدیدە زەحمەتکێش و کرێکارن و دەسەڵاتیش، دەسەڵاتی بازرگانان و سەرمایەیە.لەم سۆنگەیەوە ئەم ململانێیە بۆتە هێڵی درامی ڕووداوەکان و پێکدادانە کۆمەڵایەتییەکانی نێو دەقەکە.بۆیە زیندوێتی ئەم دەقە لە بوون و زیندوێتی ئەم ململانێیەوەیە و سەرەنجامیش وەکو حەتمییەتێکی مێژوویی بەرەی جەماوەری ستەمدیدە سەرکەوتن؛ بەڵام سەرکەوتنێکی کاتیی بەدەست دەهێنن.

یەکـــانگیربوونی کـــارەکتەر و ڕووداو بەهـــۆی زمـــان و فەزای شۆڕشگێرانەی دەق

بەوجـــۆرەی کە واقیعگەرایـــی لە دەقـــی ئەدەبـــی هەڵگـــری تایبەتمەندی زیندوێتی و گەشبینییە،(٩) لەهەمان کاتیشـدا بەهـۆی کۆمەڵی ڕەگەزی هونەرییەوە ئیش لەسەر ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی دەق دەکات.دیدار مەسیفی سەرباری چەند ڕەگەزێکی هـونەری وەکـو شـــوێنکات و  و میــزاج، گێڕانەوەکـانی خــۆی لەدەوری کارەکتەر و زمـان و ڕووداو و ئەتمۆسـفیر چـڕ دەکـاتەوە و ئەم چـــــوار ڕەگەزەی دوایـــــی دەکـــــاتە بنـــــاغەی ســـــاختمانە هونەرییەکەی.بـــــۆیە دەبینــــــین هەردوو ڕەگەزی ڕووداو و کـــارەکتەر لە چیرۆکـــی چەتـــرە شـــینەکە لە لێکهەڵپێکرانێکـــی درامیـدان.یەک ئەویتـر تەواو دەکات.نووسـەر کـارەکتەری بەپێـی ڕووداوەکان خوڵقاندووە.لەو ژمارە کارەکتەرەی نێو چیرۆکەکە،( شـــهەند، شـــەهلا، بـاوکی شـــەهلا، شـــاعیرەکە و هـــاورێکەی و قوتابییەکـــان و کەســـی یەکەمـــی شـــار و تـــاد) دەبینـــین پۆلێـــک کـارەکتەری سـەرەکی و نـا سـەرەکی و کـارەکتەری ناسـراو و نەناسراو و کارەکتەری سست و خاو و چالاک هەن کە هەریەک بەڕۆڵـــی خـــۆی؛ گۆشـــەیەکی لە ڕووداوەکـــان بەرجەســـتە دەکاتەوە.گەرچی تەواوی ڕووداوەکان بەهۆی عەشقی شـەهلا و شـــهەندەوە تەوەرە دەبەسـتن، بەڵام کـارەکتەری شـــەهلا زۆر بێکاریگەرە لەسـەر ڕەوتی ڕووداوەکان.یان وردتـی بڵـێم شـەهلا هـیچ کـاریگەرییەکی نیـیە لەســەر چارەنووسـی عەشـقەکەی و ململانێیە کۆمەڵایەتییەکە؛ لەکاتێکدا دەیتوانی ڕۆڵی یەکلایکەرەوە بگێڕێـت لەم کێشمەکێشـەدا.بۆیە لەبـری عاشـقەکان کەخـاوەنی مەســەلە ئینســانییەکەن، کێشمەکێشــەکە لەئاســتێکی تـردا و بە

رابەرایەتی کارەکتەرگەلێکی تر ( شاعیرەکە و بەرپرسی یەکەمی شـــار) بەڕێــوە دەچێــت.وەکچۆن ئەنگێــزەی کارەکتەرەکـــان ئاراســـتەی ڕووداوەکـــان دیـــاری دەکەن، ئـــاواش ڕووداوەکـــان کاریگەرییان هەیە لەسەر کارەکتەرەکان.زمانیش لە دەقی چەتـرە شــینەکە زمــانێکی ســادەیە بەڵام تەریــبە لەگەڵ ئەتمۆســفیری دەقەکە.فەزای چیرۆکەکە کەڕووداوەکان ڕۆڵی مەزنیـان هەیە لە خولقانـــدنی، فەزایەکە پـــرە لە بەرز و نزمبـــوونەوە.فەزایەکە لەلایەکەوە ســتەم و ملهوڕییەکـانی دەســەڵاتداران و بـۆرژوازی دەبینین و لەلایەکی تریشـەوە هێزێکی بەرینی جەمـاوەر؛ جۆش سەندوو بە خەبات لەپێناو مافەکانی خۆی لە مەیداندایە.ئەم دوو دیـمەنە لێکهەڵـدەپێکرێن و فەزایەک دروسـت دەکەن کە خـاوەن زمـانی تـایبەت بەخۆیەتی.چـونکە زمـانی ئـاڵۆز و تەمـومژاوی ناتوانێـــت زمـــانی فەزا و دۆخە شۆڕشـــگێڕەکان بێت.زمـــانی ئەمجۆرە فەزایە زمـانێکی سـادە و ڕوون و بێ گرێوگۆڵە.دیـدار مەسیفیش هەر ئەو زمانە سادەیەی بەباڵای ئەم ئەتمۆسفیرە پڕ لە کێشمەکێشـــەدا بڕیـــوە.لەلایەکی تریشـــەوە دەبینـــین کە ئیشکردنی نووسەر لەسەر ڕەگەزە هونەرییەکان بەجۆرێک بووە لە باڵانسی نێوان شـێوە و نـاوەڕۆکی لەبەرچاو گرتووە.ڕاگرتنی پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان شێوە و ناوەڕۆک تایبەتمەندییەکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕێباری ئەدەبی ڕیالیستی سۆشیالیستی.)(١٠) دیـــدار مەســـیفی گەرچـــی پێیەکـــی بە تونـــدی لەســـەر ئەرزی واقیعـدایە، بەڵام تـــا ئێســـتا لەهـــیچ بەرهەمێکیـدا نەچـۆتە نێـو سنوورەکانی ڕێبازی سۆشیالیستییەوە.

## ئەنجام

دەقـی چەتـرە شـینەکەی دیـدار مەسـیفی؛ دەقێکـی واقیعیـیە و ڕەنگــدانەوەی دۆخـــی سیاســـی و ئـــابووری و کـــۆمەڵایەتی کـۆمەڵگەی کوردسـتان و ڕۆژهەڵاتە.نووسـەر لەڕێـی عەشـقێکی بـێگەرد و جـوانەوە، ململانێـی کـۆمەڵایەتی چینـایەتی نێـوان دوو جەمســەری جەمــاوەری ســتەمدیدە و دەســەڵاتی ســتەمکارمان نیشــان دەدات.ڕەنگــدانەوەیەی ئەم کێشمەکێشــەش هەر تەنهــا وێنـایەکی کتـومتی واقیعەکە نییە، بەڵکو وەک هەر نووسـەرێکی واقـیعگەرا کە ئینتمــای بــۆ فەزا و کــاری شۆڕشــگێرانە هەیە، هــاتووە پەیوەنـدییەکی دیـالەکتیکی لەنێـوان شـێوە و نـاوەڕۆک خولقانــدووە کە کــار لە چێــژ و ئیســـتاتیکای دەق و خـــوێنەر دەکات.بەمەش تەجاوزی ئەو تێگەیشتنە روح مردووەی کردووە کە پێیوایە ململانێی چینایەتی لە دەقەکانی ئەدەبی داهێنەرانەی کوردیـــدا بـــوونی نیـــیە.ئەم دەقە هەڵگـــری تایبەتمەنـــدی شۆڕشـــگێرانەی ململانێـــیەکە کە شوناســـی ئەو ململانـــێ کۆمەڵایەتییە؛ چینایەتییە و نووسـەر لەڕێگەی زمـان و کـارەکتەر و خولقاندنی ئاکسیۆنێکی شۆڕشگێرانەوە ڕووداوەکان دەگەیێنێتە چڵەپۆپە و سـەرەنجام مۆری سـەرکەوتنێکی کـاتیی لە ململانێکە دەدات و بەمەش ئەو پەیـامە دەگەیێنێـت کە جەمـاوەر و ئەوانەی لەسەر هەقن، سەرکەوتن هەر بۆ ئەوانە.

## ژێدەر و سەرچاوەکان:


(١)قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم کۆچیرۆک دیدار مەسیفی چاپخانەی ئازادی چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٥ لاپەڕە ٢٠٥ – ٢٣٣.

(٢)الفن و التصور المادي للتاريخ تآليف جورج بليخانوف ترجمة جورج طرابيشي دار الطليعة للطباعة و النشر الطبعة الاولى ١٩٧٧ ص ٧.

(٣)قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم کۆچیرۆک دیدار مەسیفی چاپخانەی ئازادی چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٥ لاپەڕە ٢٠٨.

(٤)هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٠٩.

(٥)نظرية الصراع الطبقي لكارل ماركس بقلم د.يحيى سعد موقع الدراسات للاشتشارات و الدراسات و الترجمة ٥-٢-٢٠٢٢

https://drasah.com

(٦)(٧)(٨)قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم کۆچیرۆک دیدار مەسیفی چاپخانەی ئازادی چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٥ لاپەڕەکانی ٢١٩،٢٢٠،٢١٨.

(٩)المذهب الواقعي في الآدب بقلم اسراء ابو رنة موقع السطور https://sotor.com

(١٠)الواقعية الآشتراكية في الآدب و الفن بقلم برهان القاسمي من منشورات مركز الدراسات و الابحاث العلمانيّةفي العالم العربي ١٠-٤-٢٠١٨ https://www.ssrcaw.org


تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری دیوان ژمارە ٢١ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاونۆتەوە.

# کاریگەری پارە لەسەر بوونیادی کۆمەڵایەتی ژیان لە شیعری (ئەگەر)ی جەماڵ شارباژێڕیدا(١)

سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣

دەقی شیعری (ئەگەر):

**ئەگەر کوڕە ئاغایەکی بە زەبری قاسە پڕ ئەبووم**

**ئەگەر لە بەگزادەیەکی چەورخۆری دەنگ گڕ ئەبوم**

**ئەگەر لە بازرگانێکی دیوەخان گەرم و گوڕ ئەبوم**

**ئەگەر بەڕێوەبەرێکی دەست ڕۆیشتووی دەست بڕ ئەبوم**

**ئەگەر خزمی ڕێ گرێکی بە دەسەلات و دڕ ئەبوم**

**ئەگەر لە قاچاخچییەکی سینی بەر بۆسیخوڕ ئەبوم**

*******

**ئەوا نەوەک هەر حەزت کرد کچم بەیتێ**

**بەڵکو کڕنوشیشت ئەبرد بۆ سێبەرم..**

**وەکو تانجی دوام ئەکەوتی تا بمگەیتێ**

**ئاغام..بەگم..قوربان..گەورەم..تاجی سەرم!**

## من نۆکەرم!(٢)

دەسەڵاتی پارە و کاریگەری لەسەر بوونیادی کۆمەڵایەتی

مـارکس دەڵێت (پـارە گەورەتـرین ڕۆڵـی لە دیـاریکردنی ڕەوتـی مێژوودا هەیە.)(٣) ئەم دیاریکردنەی ڕەوتی مێژوو، دیـاریکردنی ڕەوتــی ململانــێ کۆمەلایەتییەکــانی نێــوان چینەکانە.پــارە کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕدا ڕوحی بەرهەم و کـالایە.ئیتر بەهـای پـارە ئەو بەهـایەیە کە لە توانایـدایە کـاریگەری بەسـەر پەیوەنــدییەکان و هەســت و نەریــت و تەنــانەت مەعــریفە و زانســـتیش دابنێت.هێزێـــک کە دراو یـــان پـــارە هەیەتـــی لە بەهاکەیەتی.بەهــای پــارە بەهــای مــاددییە و لەژیــانی ڕۆژانەی کــۆمەڵگەدا هەســتی پێــدەکرێت و کــاریگەرییەکەی بەســـەر سـەرجەم جـومگە و پێکهاتەکـانی ژیـانەوە دەبینرێت.کـاریگەری هێزی پـارە لە کـۆمەڵگەی بـۆرژوازی، کـاریگەری دەبێت لەسـەر کلتـــوور و نەریـــتە کۆمەلایەتییەکـــان.بۆیە دەبینـــین پـــارە لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی نەک هەر ئیش لەسەر هاوکێشە سادەکانی ئــابووری و بەرهەمهێنــان دادەنێــت، بەڵکــو بەگــژ مەحاڵەکانــدا دەچێــتەوە و هاوکێشــەی ژیــان دەگۆڕێــت و مــۆری خــۆی لە دروســـتکردنی کەســـایەتییە کۆمەلایەتییەکـــانیش دەدات.بـــۆیە دەبینین لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی پارە پردی نێوان ئینسـانەکان و بەرجەســـتەکەرەوەی پەیوەنـــدییە کۆمەلایەتییەکـــانە.بێهۆ نیـــیە دەبینین کە پارە جێی پەیوەندییە گەرموگووڕە کۆمەلایەتییەکانی نێوان مرۆڤەکانی گرتۆتەوە.شـاعیریش هـاتووە ئیش لەسـەر ئەم هێزەی پارە دەکات و واقیعییـانە وێنـای دەکات. بە وردبـوونەوە

له شـیعری (ئەگەر) ی جەمـاڵ شـارباژێڕی کە لە دوو کـۆپلەی سـەرەکی پێکهـاتووە، ئەو دیـمەنە دەبینـین کە شـاعیر لەزمـانی کەسـی یەکەمەوە زۆر بەڕوونـی ئەو پەیـامە کـۆمەڵایەتییە وێنـا دەکـات کە کـۆمەڵگە گیرۆدەیەتی.پەیـامی ناسـینی دۆخ و بـاری سـایکۆلۆژی کـۆمەڵایەتی کـۆمەڵگەی کوردستان.شـاعیر سکاڵانامەی گەنجێکمان بۆ وێنا دەکات کە لەبەر ئەوەی هەژارە و کوڕی ئاغا و بەگزادە و بەڕێوەبەر و بازرگـان و دەستبڕ و دز نیـیە، کەس ئامـادە نیـیە بیکـاتە زاوای خـۆی کچـی خـۆی بداتێ.چی وای لە کۆمەڵگە کردووە ئەم هەڵوێستەی بەرامبەر بە کـوڕێکی هەژار هەبێـت؟ دەوڵەمەنـدخوازی چ پەرچـوویەکە کە خەڵـک لە ئاسـتییا نەرم و دڵباشـە و تەسـلیمی دەبێت؟ پێوانەی هەژاری و دەوڵەمەنـدی لە کـۆمەڵگەی سـەرمایەداری لەسـەر چ بنەمایەکە؟ ڕۆڵی موڵکایەتی تایبەتی و پارە لە دروستکردنی ئەم دۆخەدا چییە؟ مێژووی نووسـینی ئەم شـیعرە دەگەڕێتەوە بـۆ سـاڵی ١٩٦٧ی زاینـی کە کـۆمەڵگەی کوردسـتان کـۆمەڵگەیەکی چینایەتی سـەرمایەدارییە.لە کۆمەڵگەی سـەرمایەداریش هەمیشـە لێکدژییەک بوونی هەیە لەنێوان بەرژەوەندی چینەکان.ئەوەی لە شـیعرەکەدا ئاغـا و بەگ و بازرگـان و بەڕێـوەبەری دەسـتبڕ و بەگـزادە و ڕێگـری بەدەسـەڵات و قاچـاخچی سـینی بەر بـۆ سیخوڕی بەیەکەوە بەستووەتەوە، پـارە و دەسـەڵاتی پارەیە.بە خوێندنەوەی کۆپلەی یەکەم وەک (هۆکار) ئەوە دەردەکەوێت کە ئەگەر ئەو کوڕە هەژارە گەنجە هێزی پارەی لە پشت بێت، ئەوا وەک (ئەنجام) دەتوانێت ژن بێنێت و تەنانەت وەک سەرگەورە و جەنتڵمان دوای بکەون و ببنە نۆکەری. مارکس دەڵێت (پارە وەفـاداری دەگۆڕێـت بـۆ خیـانەت، عەشـق دەکـاتە ڕق، ڕق بە

عەشـق، فەزیـلەت بە ڕەزیـلەت، خزمەتکـار بە ئاغـا و ئاغـا بە خزمەتکار، دەبەنگیی بە زیرەکی و زیرەکی بە دەبەنگی.)(٤) ئەم سـیحرەی پـارە لە سیسـتەمی سـەرمایەداریدا هێنـدە بەهێـزە کە سنوورەکانی چینەکـان دەبڕێت و نەک هەر بەرجەستەکەرەوەی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانە، بەڵکو ڕۆڵـی گرنـگ لە شـێوەپێدانی سـایکۆلۆژییەتی ئینسـانەکان و چینەکـان دەگێڕێـت.هێزی پـارە بەجۆرێکە لەتوانایدایە هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکان هەڵگێڕێتەوە.

**ئەوا نەوەک هەر حەزت کرد کچم بەیتێ**

**بەڵکو کڕنوشیشت ئەبرد بۆ سێبەرم..**

**وەکو تانجی دوام ئەکەوتی تا بمگەیتێ**

**ئاغام..بەگم..قوربان..گەورەم..تاجی سەرم!**

**من نۆکەرم.(٥)**

هەڵگێڕانەوەی ژیانی کوڕە هەژارێک بە تاجی سەر تەنها و تەنها لە توانـــای هێـــزی پـــارەدایە.ئەوە ڕاســـتە پـــارە دەتوانێـــت خوشگوزەرانی کـاتیی دەسـتەبەر بکـات، بەڵام هەرگیـز ناتوانێت ئاسـوودەیی هەمیشـــەیی بنیـاد بنێت.پـارە دەتوانێـت ببێـتە ئەو دەســەڵاتەی کە بوونیـادی کـۆمەڵایەتی مرۆڤەکـان بگۆڕێـت و خەسـڵەتە کۆمەڵایەتییەکـان ئـاوەژوو بکاتەوە.پـارە دەتوانێـت دۆخی مۆڕاڵی ئینسـانەکان پێچەوانە بکـاتەوە، یـان وەک مـارکس دەڵێت ( پارە هەمـوو سـیفاتە بەشـەرییەکان پێچەوانە دەکـاتەوە.) (٦) بەرجەستەکردن و وێناکردنی دۆخی سـایکۆلۆژی مرۆڤەکـان لەدەرەوەی یاسـاکانی ململانێـی چینـایەتییەوە یـان لەدەرەوەی بەرژەوەندی چینایەتییەوە لە دەقی ئەدەبیدا ناتوانێت خزمەت بە

خەسـڵەتی شۆڕشـگێرانەی مرۆڤەکـان بکـات لە ئـاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانی ژیاندا.بلیخانۆف دەڵێت(هونەرمەند حوکم بەسەر شتدا نادات، بەڵکو وێنەی شت ئەگرێ)(٧) هەر بۆیەشە جەماڵ شـارباژێڕی وێنـای دۆخێکـی بـۆ کـردووین کەجێـی قێزلێبوونەوەیە.دەسـتبردن بـۆ وەهـا بابەتێـک و کردنـی بە نـاوەڕۆکی دەقێکـی ئەدەبیـی، خـۆی ئامـاژەی خوێنـدنەوەی و تێگەیشتنی شاعیرە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت سیاسـی کۆمەڵگەش.بەمجـۆرە پێمـوایە جەمـاڵ شـارباژێڕی لەئاستانەی نووسینی ئەم دەقەکدا ئەوەمان پێدەڵێت کە:

یەک: شاعیر خاوەن تێگەیشتنی خۆیەتی بۆ کۆمەڵگە و دەبێت ئەدیبـان و نووسـەران خۆیـان لەنـاو کـۆمەڵگەدا ببینـنەوە و بەشـداری کارایـان هەبێـت لە دەسـت خسـتنە سـەر کێشـە و گرفتەکانی کۆمەڵگە و ئینجا هەوڵدان بۆ گۆڕینی ژیان.

دوو: نووسەر و ئەدیب دەبێت و دەتوانن ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییـانە لە دەقەکانیانـدا وێنـا بـکەن و دەقە ئەدەبیـی و هونەرەرییەکانیان ئاوێنەی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگە بن.

(دەسـەڵاتی پارە هەمیشـە و بەدرێژایی مێژوو لە وزەی مرۆڤ بەدەر بـووە.)(٨)ئەوە دەسـەڵاتی پـارەیە ئینسـانی ژێردەسـتە کـردووە و دووچـاری چەوسـانەوەی کـردووە.جەنگین دژ بە دەسـەڵاتی پارە و موڵکایەتی تایبەتی لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی جەنگیـنە دژ بە بەرژەوەنـدی تـایبەتی دەستڕۆیشـتووان و سـتەمکاران.ئەمەش وا دەکـات کە دەسـەڵاتدارانی بـۆرژوازی بەهەموو توانایانەوە نەهێڵن ئەو دژایەتیکردنە هەروا بە ئاسانی

تێپەڕێت و هەڵدەستن بە ئەنجامدانی گەلێ دژەکرداری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی.جەماڵ شارباژێڕی شاعیر لەم شیعرەدا نایەت پارە و دەسەڵاتی پارە ڕەت بکاتەوە.ئەو داخی ئەوەی هەیە کە ئەو دەسەڵاتەی نییە.ئەمە خاڵی جیاکەرەوەی شۆڕشگێڕییەتی دەق و بەرهەمی ئەدەبییە.بۆیە جەماڵ شارباژێڕی لەم دەقەدا ئاماژەیەکی گرنگمان نیشان دەدات کە وێناکردنی ئەم ئاماژەیە تا بڵێی جێی بایەخە و بەبڕوای من کرێدتی شیعریی جەماڵ شارباژێڕی چەند هەنگاو دەباتە سەرەوە، بەڵام ناتوانێت پەساپۆڕتی شۆڕشگێڕبوونی پێببەخشێت.

## شیعری (ئەگەر) و ئیشکالاتی هونەریی

ئەم شیعرە بەڕواڵەت سادە و بەناوەڕۆک بەپێز و دەوڵەمەندە، بە زمانێکی سادە و ڕەوان نووسراوە و گوزارشتی لە دەسەڵاتی پارە و کاریگەری لەسەر بوونیادی کۆمەڵایەتی ژیانی ئینسانەکان لە کۆمەڵگەی کوردستان کردووە.مەودای خەیاڵ تیایدا باڵا نییە.ڕێنووسەکەی بەپێوانەی ساڵی ١٩٨٣ خراپ نییە و باشیش نییە، دەڵێم باش نییە چونکە نەدەبوو لە دێڕێ یەکەم وشەی (ئەبووم) بە دوو واو و (ئەبووم)ەکانی دێرەکانی دوواتر بە یەک واو بنووسرێت.هەروەها نەدەبوو وشەی لۆکاڵی کە گرفتێکی گەورەش نییە لە دەقێکی وادا بەکار ببات، وەک وشەی ( بەیتێ) کە دەیتوانی بنووسێت (بدەیتێ).شاعیر لە کۆپلەی دووەم دێڕی یەکەم دەڵێت (ئەوا نەوەک هەر حەزت کرد کچم بەیتێ) ئەم دێڕە لەڕووی دارشتنیشەوە کەموکوڕی تێدایە.حەزت

کرد ڕابردووە و دەبوایە ڕابردووی بەردەوام بووایە ( حەزت دەکرد).لەم شیعرەدا دووبارەبوونەوەی سەرەتای دێڕەکانی کۆپلەی یەکەم بە وشەی (ئەگەر) و کۆتایی دێرەکان بە وشەی (ئەبووم)جوانییەکی بەخشیوەتە شیعرەکە.بۆیە ئەم دووبارە بوونەوەیە نەک خوێنەر تووشی وەڕسبوون ناکات، بەڵکو خوێنەر زیاتر هان دەدات بزانێت کۆتاییەکەی بەکوێ دەگات و چ ئەنجامێک دەداتە دەستەوە.وێنە سادەکانی کۆپلەی یەکەم هەر هەموویان لەڕێگەی ڕەگەزی(بەراوردکاریی)ەوە بوونیادنراون.بۆیە دەبینین فۆرم لەم دەقەدا هێندە سادەیە ناتوانێت پڕ بە پێستی ناوەڕۆکەکە بێت، یان باشتر بڵێم فۆڕمی شیعری (ئەگەر) لەئاست پەیامە کۆمەڵایەتییەکەیدا نییە.

## سەرەنجام

دەقی شیعری(ئەگەر)ی جەماڵ شارباژێڕی گەرچی دەقێکی سادەیە و بەبۆچوونی من فۆرمی دەقەکە لەئاست ناوەڕۆکەکەیدا نییە و شاعیر دەیتوانی شیعرەکە بەهێزتر بنووسێت، بەڵام دەقی (ئەگەر) هەڵگری ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی و پەیامێکی چینایەتی گرنگە، کە وەک زەنگێکی وشیارکردنەوە لە کۆمەڵگەی کوردستان پەنجە دەخاتە سەر کاریگەری هێزی پارە لەسەر ئینسانەکان و سایکۆلۆژییەتی کۆمەڵایەتییان.ئەو هێزەی کە نەک ئەمڕۆ لەسەرەتای هەزارەی سێیەمدا کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو لە دەیەی شەستەکان زیاتر و کاریگەرتر مۆرکی خۆی لە ژیانی ئینسانەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا داوە، بە کۆمەڵگەی کوردستانیشەوە.هێزێک کە تا بمێنێت مرۆڤایەتی

له ستەم و چەوسانەوەی چینایەتی ڕزگاریان نابێت.جەماڵ شاربازێڕی شاعیر، جگە لە عەشقی کوردایەتی و ئافرەت، چەندین ئاوڕدانەوەی کۆمەڵایەتی تریشی خستۆتە سەر خەرمانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی و کە بۆ خۆی بۆتە ئاماژەیەکی درەوشاوەن لەنێو جیهانی نووسینی ئەم شاعیرە.(٩)

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١)جەماڵ ئەمین عارف ناسراو بە جەماڵ شارباژێڕی شاعیر ( ١٩٤١ – ٢٠٢٣) لە کۆتایی دەیەی پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە دەست بە نووسینی شیعر دەکات و بۆ ماوەی زیاتر لە شەش دەیە لەنێو بزووتنەوی شیعری کوردیدا چالاکانە بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە.جەماڵ شاعیرێکی نەتەوەییە کە سەرتاپا شیعرەکانی بۆ مەسەلە و کێشەکانی نەتەوەی کورد تەرخان کردووە.کێشەی کورد و ئازادی نەتەوە تەوەری بنەڕەتی بوونیادی شیعرییە لای جەماڵ شارباژێڕی.ئەو وشەی کردە مەتارێز بۆ بەرگری لە نەتەوەی کورد.جەماڵ یەکێک بووە لە ئیمزاکەران بەیاننامەی ڕوانگە و هەورەها دامەزرێنەرانی دەستەی نوێخوازی روانگە بوو لەگەڵ هەریەک لە شێرکۆ بێکەس و جەلالی میرزا کەریم و حوسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی.شاعیر تا ڕۆژی ژیانئاوایی وەفادار مایەوە بۆ ڕێباز و ڕەوتی شیعری ناسیونالیستی کوردی و لەڕێگەی دەقە شیعرییەکانییەوە تێکۆشا کێشەی خۆشەویستی و سیاسی تێکهەڵکێش بکات.جەماڵ شارباژێڕی لەموەی ژیانیدا ژمارەیەک کتێبی بەچاپ گەیاندووە.دواجار ئەم شاعیرە لە ١٠ ی مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠٢٣ لە لەندەن بە نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن ژیانئاوایی لە شیعر و نووسین کرد و تەرمەکەی گەڕێنرایەوە کوردستان و لە قەزای چوارتا لە گۆڕستانی سەلیم بەگ بەخاک سپێردرا.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتەکانی کوردیپیدیا و وێستگەنیوز https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=201002210956443564

https://www.westganews.net/dreja.aspx?=hewal&jmara=126361&Jor=1

(٢)جەماڵ شارباژێڕی کۆشیعری (لەئەلبومی یادگارا) چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن چاپی یەکەم ١٩٨٣ لاپەڕە ١٠.ڕێنووسی شیعرەکەم دەستکاری نەکردووە و وەکچۆن لە کتێبەکەدا هاتووە ئاوا نووسیومەتەوە.

(٣) Karl Marx and Fridrich Engels The Communist Manifesto, Oxford Worlds Classic, Oxford University Press USA 1992.

(٤)کارڵ مارکس دەسەڵاتی پارە لە کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە پێشڕەو محەمەد سایتی سبەی ٢١-٣-٢٠١٩

https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=11650

(٥)جەماڵ شارباژێڕی کۆشیعری (لەئەلبومی یادگارا) چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن چاپی یەکەم ١٩٨٣ لاپەڕە ١٠.

(٦)کارل مارکس قوة المال في المجتمع البرجوازی ملخص بقلم اندرية فولكوف و ستيفن هيكس https://ar.atlassociety.org/session/karl-marx-the-power-of-money-in-bourgeois-society

(٧)جۆرج بليخانوف الفن و التصور المادي للتاريخ ترجمه جورج طرابيشي دار الطليعة للطباعة والنشر بيروت لبنان الطبعة الاولى ١٩٧٧ ص ١٩١.

(٨)جان فریفیل تێزەکانی مارکس – ئەنگڵس لەبارەی ئەدەب و هونەرەوە وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە فوئاد مەجید میسری لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی توێژینەوە و هزریی شەهید ئارام چاپی یەکەم ٢٠١٩ لاپەرە ٤٨.

(٩)بۆ نموونە شیعری کرێکارم لە گۆڤاری ڕزگاری ژمارە ٥ ی ساڵی ١٩٦٩ لاپەڕە ٤٤ و ٤٥ و چەندین دەقی تر.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری دیوان ژمارە ٣٤ ی ساڵی ٢٠٢٤ بڵاوبووەتەوە.

# گۆران و شیعری سیاسی

ناوەڕاستی ئازاری ٢٠٢٤

هەلومەرجی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم

گۆران؛ ڕابەر و نوێکەرەوەی شیعری نوێی کوردیی، داهێنەرێکی شیعریی بێوێنەیە لە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا.گۆران لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، توانی بە هەوڵ و دەستپێشخەرییەکانی ببێتە یەکێک لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی ئەدەبی کوردی.(١)ئەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی گۆران تیایدا ژیاوە بەتایبەتیش نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، لە هەردوو ئاستی نێونەتەوەیی و عێراق، لەلایەکەوە کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا و پاشانیش سەرکەوتن بەسەر نازیزم لە جەنگی جیهانیی دووەمدا و وەرچەرخانی تەواوی دنیای بەرەو چەپ و سۆشیالیزم.لەلایەکی تریشەوە ڕژێمی پاشایەتی بەهەموو جۆرێک سەرکوت و خەفەقانی بەسەر خەڵکی عێراقدا سەپاندبوو و بزووتنەوەیەکی سیاسیش لە کوردستاندا لە شکلگرتندا بوو.ئەم بزووتنەوە سیاسییەش دوو ئاراستەی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو، ئاراستەی نەتەوایەتی کە خۆی لە پارتی دیموکراتی کوردستان

و و ئاراستەی سۆشیالیستی کە خۆی لە حیزبی شیوعی عێراقیدا دەبینییەوە.واقیعی ڕۆشنبیری کوردستانیش لەو بڕگە زەمەنییەدا لەئارادابوونی بزووتنەوەیەکی ڕۆشنگەریی بوو کە لەسەر دەستی منەوەر و شاعیرەکانی ئەوسەردەمە دەستی پێکردبوو و تێدەکۆشان خەڵکی کوردستان بە زانست و پەروەدەی دروست و گونجاو پەروەردە بکەن و لە دوواکەوتوویی ڕزگاریان بێت.گۆرانی شاعیر لەو واقیعە و لەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا بە باکگراوندێکی ئاینییەوە هاتە نێو گۆرەپانی ئەدەب و ڕۆشنبیرییەوە و شیعر و ڕۆژنامەگەری کوردی و تەنانەت بزووتنەوەی وەرگێرانیشی بردە ئاستێکی بالاتر.گۆران شاعیرێکی ڕۆشنبیر و بەتوانا بوو.هەر ئەو توانایییەش بوو کە لە فەقێیەتی و مامۆستای سەرەتاییەوە گەیاندییە یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بەشی کوردی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغداد و بوونی بە ئەندام لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ئازادی.(٢) گۆرانی شاعیر لە پەیوەندییەکی توند و تۆڵدا بوو لەگەڵ شاعیران و ڕۆژنامەنووسانی هاوسەردەمی خۆی.ئەو سەردەمەی گۆرانی شاعیری تیا ژیاوە، لەلایەک شیعری کوردی لە حوجرە و خانەقاکانی ئەوکات هێنرابووە دەرەوە.لەلایەکی تریشەوە ململانێیەکی سەخت لەنێوان دەرەبەگەکان و بۆرژوازی تازە پەیدابوو لە عێراق و کوردستان لەئارادا هەبوو.لەو سەردەمە مەسەلەی گەشەی بیروباوەڕی سۆشیالیستی لە جیهان و عێراق تا دەهات تۆختر دەبووەوە.ئەم وەرچەرخانەی جیهان بەرەو چەپ و سۆشیالیزم لەقازانجی بزووتنەوەی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدە بوو.کاریگەری ئەم وەرچەرخانە لەعێراق بەئاشکرا بە

دۆخی سیاسییەوە دیار بوو و ئاکامیش گەشەی بزووتنەوەی کرێکاریی و خۆشەویستر بوونی سۆشیالیزمی لێکەوتەوە.(٣) بۆیە ئەگەر بمانەوێت گۆرانی شاعیر لەو سەردەمە وێنا بکەین، بەمجۆرەی دەبینین.شاعیرێکی خوێندەواری بە مەعریفە و بەئاگا لە سەردەمەکەی خۆی لەلایەکەوە لەژێر کاریگەری شیعری عەرەبی و ئینگلیزی خەریکی نوێکردنەوەی فۆرمی شیعری کوردییە و لەلایەکی تریشەوە وەک فەرمانبەرێک، وەک زیندانییەک، وەک سیاسییەک، وەک ڕۆژنامەنووسێک، وەک مامۆستایەک دەیەوێت خەونەکانی بێتە دی.خەونی گۆرانی شاعیریش لەو سەردەمە، هەمان ئەو خەونە ئینسانییە بوو کە مرۆڤایەتی خەونی پێوە دەبینی، ئەویش ڕزگاری مرۆڤایەتی بوو لە ستەم و چەوسانەوە.بەواتایەکی تر؛ گۆران هەر بەتەنها شاعیری سروشت و جوانی نەبووە، بەڵکوو شاعیرێکی بەسەلیقەی سیاسیش بووە کە هەم نووسینەکانی و هەم دیوانەکەی بەڵگەی ڕوونی ئەو سیاسبوونەی گۆرانن.بۆیە بەبێ تێگەیشتن لەو هەلومەرج و قۆناغە هەستیارە پڕ لەئاڵوگۆڕەی ژیانی شاعیر، ئاسان نییە ڕەخنەی ئەدەبی بتوانێ شیعرە سیاسییەکانی گۆران بخوێنێتەوە.

## شیعرە سیاسییەکانی گۆران

شیعرە سیاسییەکانی گۆرانی شاعیر ئەتوانین لەژێر دوو کاتەگۆریدا پۆلین بکەین.شیعری نەتەوەیی یان ناسیونالیستی و شیعری سۆشیالیستیی.بیروباوەڕی گۆران بیروباوەری سەردەمەکەی خۆیەتی.ئەو گەرچی وەک شاعیرێکی شیوعی

ناســـراوه، بەڵام شـــیعری نەتەوەیشـــی هەیە.ئەوەی گـــۆرانی شاعیری لەسەر ئەو بیروباوەڕە گیرساندبووەوە بوونی درک و هۆشیاری بوو سەبارەت بە ستەم و چەوسانەوەی بۆرژوازی لە عێـراق و کوردســتان.گۆرانی شـاعیر لەیەککاتـدا شـاعیرێکی نەتەوەیـی و سۆشیالیسـتی بـووە و ئەو ئینسـانی کـوردی لە مرۆڤایەتی جیا نەکردۆتەوە، وەلێ کاتێک کار دەگاتە هاندانی لاوانـــی کـــورد کە درێغـــی نەکەن لە کـــوردایەتی، ئەویـــش لە چوارچێـــوەی تێگەیشـــتنی بـــاوی کـــوردایەتی بەوپێـــیەی کە ناســـیونالیزمی کـــوردی وەکـــوو فیکـــر و بیروبـــاوەڕ نەبـــۆتە بیروبـاوەڕی زاڵ لە کۆمەڵگەی کوردسـتان.ئەم دنەیەی گـۆران بۆ زاڵبوونی ئەو بیروباوەڕە نەتەوەییە لەچوارچێوەی سیسـتەمی فیکـری بـۆرژوازی ڕەنـگە مانـایەک پەیـدا بکـات، بەڵام کاتێـک ســـەیری ئەو قۆنـــاغە سیاســـیی ئـــابووریی کـــۆمەڵایەتییەی ئەو ســـەردەمەی عێـــراق دەکەیـــن، دەبینـــین کە لەلایەکەوە حیزبـــی شیوعی عێراقی دامەزراوە و گۆران خۆی ئەندامی ئەو حیزبەیە و لەلایەکی تریشەوە بزووتنەوەی چینایەتی کرێکارانی عێراق لە ململانێیەکـــــی توونـــــددایە لەگەڵ ســـــەرمایەداری، بـــــۆیە ئەو تێڕوانینەی گۆران هـیچ بیـانوویەک هەڵناگرێت جگە لەناڕۆشـن بـوونی شـاعیر لە خەبـاتی چینـایەتی و ململانێـی نێـوان کـار و سەرمایە.گۆران لە سروودی (دەمی راپەڕینە)دا دەڵێت:

**دەمی ڕاپەڕینە دەمی ڕاپەڕین!**

**هەتا کەی بە سستی و بەپەستی بژین!**

**بەلادا بکە چاکی مەردایەتی**

**درێغی مەکە گیان لە کوردایەتی.(٤)**

تێڕوانینــی ناسیونالیســتی له بەشــێک له شــیعرەکانی گۆرانــدا بەتۆخی ئامـادەیی هەیە، ئەمەش بەپێی هەلـومەرجی سیاسـی و کۆمەڵایەتی ئەو سـەردەمەی عێراق و جیهان کە مـافی میللەتـان بـۆ دیـاریکردنی چـارەنووس ببـووە یەکێـک لە کـۆڵەکە سـەرەکییەکانی خەبـاتی هێـز و حیـزبە سیاسـییەکانی زۆرێک لە وڵاتـانی جیهـانی سـێیەم و کوردسـتانیش نەکەوتبـووە دەرەوەی ئەم هاوکێشـــە سیاســـییەوە.بۆیە بـــوونی ئەم تێـــڕوانینە ناسیونالیســـتییە نەک هەر خەوش نەبـــووە، بەڵکـــوو ڕێـــز و خۆشەویســتی لەنێــو بزاوتــی سیاســی و ڕۆشــنبیری کــوردی هەبووە.لەلایەکی ترەوە گۆران لە نووسینە ڕۆژنامەوانییەکانیدا، تێڕوانینەکانی لە باسکردنی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لینین و هەڵبەســت و ڕەخـــنەی ئەدەبـــی و نـــامە بـــۆ ئەدیبـــان و وەرگێڕانەکانی کە (هەندێ جاریش وەک دیاردەیەکی مەعریفی چەنـــد مانـــایەکی گەش بـــۆ ژیـــان دەدۆزێـــتەوە.)(٥) وەک ڕۆشــنبیرێکی خــاوەن مەعریفەیەکــی قــووڵ ئەو نووســینانە لە ڕۆژنـــامەی ژیـــن و ئـــازادی و گۆڤـــاری بەیان،..تـــاد بڵاوکردوونەتەوە، وردتر بەیان دەکات.لەدەقە شیعرییەکانیشدا گـۆران تێکۆشــاوە تێڕوانینــی حیــزبەکەی و وابەســتەبوونی بە سیاسـەتەکانی یەکێتیی سۆڤییەت.(٦) بەرجەستە بکاتەوە.گۆران لە سروودی (ئەی لاوی کورد)دا دەڵێت:

**ئەی لاوی کورد! کوڕی ئازا:**

**دانانەوێنێ بۆ قەزا،**

**بۆ زوڵم و زۆر ، ملی ڕزا!..**

**نە بە نیاز نە بە نزا:**

**نیشتمانت ڕزگار ئەبێ،**

**کۆمەڵت بەختیار ئەبێ!(٧)**

جگە لە دوا دوو دێڕی ئەم کۆپلەیە کە دروشمی حیزبی شیوعی عێراقییە و من هیچ ڕەخنەیەکم لە بەکارهێنانی ئەو دروشمە نییە کە هەر هەمان دروشمی ( نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار)ە و شاعیر مافی خۆیەتی بیروباوەڕی خۆی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکاتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجی ڕەخنەیە ئەوەیە کە شاعیر ڕووی دەمی لە لاوانی کوردە نەک چینی پرۆلیتاریای کوردستان یان عێراق.ئەم سەرنجە ڕەخنەییە بۆ شاعیرێک کە شیوعی بێت خاڵی لاوازی تێگەیشتنییەتی لە جەوهەری خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای کوردستان.هەروەها بەبۆچوونی من کۆمەڵ بریتییە لە چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردەکان، ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە.بەختیاربوونی کۆمەڵ، بەختیاربوونی چینەکانە بە کرێکار و بۆرژوازییەوە.ئەم نارۆشنییە، نارۆشنییەکی سیاسی چینایەتییە و باجی ئەم نارۆشنییەش هەر شاعیر خۆی دەیدات.گۆرانی شاعیر لەڕێگەی شیعرەوە گوزارشتی لە سەردەمەکەی خۆی کردووە و شیعری وەکو چەکی وشیارکردنەوە بەکارهێناوە و هەوڵیداوە وەک توخمێکی چالاکی بزووتنەوەی سیاسی کوردی، جێ دەستی بە سەردەمەکەیەوە دیار بێت.

## گۆران و شیعری چینایەتی و کرێکاریی

گـۆران لە شـیعری (جەژنـی ئایـار)دا کەشـیعرێکی نـاتەواوە و تەواوی شـیعرەکە بەردەسـت نیـیە، لەڕێـگەی وێنـا و نمایشـی ڕابـردوو بـۆ ئێسـتا پەیـامێکی گرنگـی چینـایەتی نیشـان دەدات، ئەویش هێـز و قـودرەتی چینـایەتی کرێکـارانی شـیکاگۆیە.گۆران دەڵێـت دۆخـی کرێکـار زۆر نالەبـار بـوو بەڵام لەدوای یەکـی ئایـاری شـیکاگۆ دۆخەکە جۆرێکی تـرە و کرێکـاران ئیتـر بەنـدی سـەرمایە نـین، یـان لانـیکەم لەنیـوەی گـۆی زەوی ئەو کۆیلایەتییەی کرێکار نەماوە و لەناوچووە.ئەوە ڕاستە ئاکسیۆنی ئایـاری شـیکاگۆ مێـژووی خەبـاتی چینـایەتی کرێکـاری گـۆڕی، بەڵام نەیتـوانی بنـاغەی سیسـتەمی زاڵمـانەی سـەرمایەداری بگۆڕێت.هەروەها بڕوابوون بە وەهمی ڕزگـاری کرێکـاران لەژێـر دەسـەڵاتی سـتالینیزم و مـاویزم ئەوەنـدەی تـر بـاری سەرشـانی ئەو ناحـاڵیبوونەی گـۆران قوورسـتر دەکـات. گـۆران لە (جەژنـی ئایار) دەڵێت:

**یادی پیرۆزە یەکەمی ئایار**

**جەژنی جیهانە بۆ گشت کرێکار**

**کرێکار بەندی سەرمایەدار بوو**

**ڕووت بوو، برسی بوو، کز بوو، هەژار بوو**

**ئەیچەوسانەوە خاوەن سەرمایە**

**بە مەمرەو مەژی کرێی ئەدایە**

**لەدنیای تازە شاری شیکاگۆ**

**هۆشی کرێکار هاتەوە بەر خۆ**

**هێرشیان بردە سەر شەقامەکان**

**بۆ هەقیان چەشنی شێر ئەیاننەڕان.(٨)**

گۆران نەک هەر لەم شیعرە، بەڵکوو لەچەندین شیعری تریشدا تێکۆشاوە وێنای خەبات و سۆشیالیزم بکات، بەڵام لەدەرەوەی جیهانبینی کرێکارییەوە، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی گۆران خۆی کرێکار نەبووە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی گۆران هەڵگری جیهانبینی کرێکاریی نەبووە.گۆرانی شاعیر لە پێشەکی نامیلکەی (لاوک و پەیام)دا لە ساڵی ١٩٥١دا دەنووسێت( ئاشکرایە کۆریایی یە باکووری یەکان (شیمالی یەکان) کۆمیوونیستن،هەرچی منیشم بە ئایین موسوڵمان و بەباوەڕی سیاسی دیموکرات و بە شەرەفی جینسییە هاونیشتمانێکی عێراقیم..) (٩) ئەم دانپیانانە ئاشکرایەی گۆران بەباوەڕی سیاسی خۆی کە کۆمۆنیست بوون ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ دیموکراتیم، بەبڕوای من هەوری هەموو ئەو تۆمەتانە دەڕەوێنێتەوە کە دەڵێن گۆران شیعری کرێکاریی وتووە.گۆران جگە لە خوێندەوارییەکەی وەک مامۆستا و نووسەر و شاعیرێکی کورد، هەم سیاسی و هەم حیزبی بوو.ئەو لەنێوان هەردوو جەمسەری نەتەوەیی و شیوعیبووندا لەهاتووچۆدا بووە.هەرچەندە کۆمۆنیست بوونەکەی گۆران بەبەراورد بە ئینتما نەتەوەیەکەی کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، ئەویش بە هۆکاری ئەوەی کە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو لایەنەی فەرامۆش و پشت گوێ خستووە.ئینسانی شیوعی لە تیئۆر و پراکتیکی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەیدا سیاسییە و کۆمۆنیستانە دەژێت.من ناتوانم شیوعیبوونی گۆرانی شاعیر

ڕەت بکەمەوە، بەڵام لەمیانی شیعرەکانییەوە ئەو شیوعیبوونە دەخەمە ژێر پرسیارەوە.تاکە جێگەیەک کە گۆران لەجیهانی نووسیندا هەوڵیدابێت پراکتیکی بیروباوەڕی سیاسی خۆی بکات نووسین و شیعرەکانییەتی.کۆمۆنیستبوونەکەی گۆران هەر هەمان کۆمۆنیستبوونی حیزبی شیوعی عێراقییە و سەرەنجام پەیوەستبوونە بە سۆشیالیزمەکەی یەکێتیی سۆڤییەت.ئەو سۆشیالیزمەی کە دوور و نزیک پەیوەندی بە مارکسیزمەوە نییە.هەربۆیەش دەبینین ئەم تێڕوانینە بەشیعرەکانی گۆرانەوە دیارە.(١٠)

**گۆران لە شیعری (یادی لەنین)دا دەڵێت:**

**بژی یادی پیرۆز و بەرزی لەنین**

**بژی داس و چەککوش ، بژی حیزبی چین**

**بژی شۆڕشی یەکخەری گشت گەلان.(١١)**

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا گۆرانی شاعیر بەلشەفیکەکان و حیزبی سۆشیال دیموکراتی ڕووسیا بە حیزبی چین واتە بە حیزبی چینی کرێکار دەزانێت؟ ئەی چی وای لەم شاعیرە کوردە کردووە کە لە ئەرک و مەهامی چینایەتی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤییەت نەگات و شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە ڕێکخەری گشت گەلان بزانێت؟ ئەی کوا تێڕوانینی چینایەتی؟ کوا تێگەیشتن لە ئەنتەرناسیونالیزمی چینایەتی کرێکاران؟ بژی شۆڕشی یەکخەری گشت گەلان چ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارانی ڕووسیای ساڵی ١٩١٧ وە هەیە؟ لەکاتێکدا هەر خودی گۆران لە وتارێکدا لەیادی٤٣ ساڵەی

شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لەڕێگەی یادگەیەوە(ذاکرة)وە زۆر ڕوونتر لەو شۆڕشە دوواوە.

لێرەدا هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر چاوەڕوانییەکانمان لە گۆرانی شاعیر بەپێی پێودانگی ئەمڕۆ بخەینە بەرچاو، گۆران بە خوێن و ئێسک کوڕی قۆناغێکی تایبەت و دەرهاویشتەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەو هەر ئەوەندەی لە توانادا بووە کە لەبەردەستی ئێمەدایە. ئەوەش بۆ ئەو سەردەمە کەم نییە و کەلەپوورێکی بەبەهایە و پێوستە بە چاوی ئەو قۆناغەوە لێی بڕوانین. بۆیە لێرەدا بەپێی خوێندنەوەم بۆ شیعرە سیاسییەکانی گۆران، دەتوانم بەمجۆرە تێڕوانینەکانم بخەمە بەرچاو؛

یەک: گۆران وەک شاعیرێکی سیاسی کوردزمان، شیعری نەتەوەیی(کوردایەتی) و شیعری بەناو سۆشیالیستی هەیە.دەڵێم بەناو سۆشیالیستی، چونکە ئەو شیعرانەی گۆران زۆربەیان سەر بە ڕێبازی واقیعییەتی سۆشیالیستی ستالینین و یەک دوو دانەی لێ دەربچێت دەنا ئەوانی تر هیچیان سۆشیالیستی و کرێکاریی نین.

دوو: گۆران ئەندامی حیزبێکی پانوپۆڕی سیاسی وەک حیزبی شیوعی عێراقی بووە و ئەم ئەندامبوونەش لەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.بڕوای بە تەحەزوبی شیعر هەبووە و شیعری خستۆتە خزمەت سیاسەتەکانی حیزبەوە.

سێ: ئەو سۆشیالیزمەی کە گۆران بڕوای پێ هەبووە، هەمان تێگەیشتنی حیزبی شیوعی عێراقی بووە بۆ سۆشیالیزمەکەی ستالین و دوور و نزیک پەیوەندی نەبووە بە سۆشیالیزمی

زانستییەوە و هەروەها درکی دروستی بۆ خەباتی چینایەتی نێونەتەوەیی کرێکاران نەبووە.

چوار: گۆران ئەگەرچی چەند شیعرێکی دەتوانین بڵێین کرێکاریی هەیە بۆ ئایار و لینین، بەڵام ئەم شیعرانەش ناتوانن شوناسی کرێکاریبوونی پێ ببەخشن.

پێنج: ڕەخنەگران و ڕۆشنبیرانی ئەدەبی کوردی کە گۆران بە شاعیری کرێکاریی دەناسێنن، ئاماژەیەکی ڕوونە بەوەی کە ئەو ڕەخنەگر و ڕۆشنبیرانە لە ئەدەبی کرێکاریی و سۆشیالیزم و خەباتی چینایەتی نەگەیشتوون و ئاگاشیان لە تێگەیشتنی مارکسیزم بۆ ئەدەب و هونەر نییە.

شەش: توانا ئەدەبی و سیاسییەکانی گۆران، ئەو دەق و نووسینانەن کەلەبەردەستدان کە ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی قۆناغێکی دیاریکراون لە مێژووی سیاسی عێراق و کوردستان.هەر چاوەڕوانییەکی زیاتر لە شاعیر دەمانخاتە بەردەم بژاردەیەکی هەڵەوە.

بەمجۆرە گۆرانی شاعیر، بەبۆچوونی من وەک شاعیرێکی سیاسی لەپاڵ وەسفی جوانی و سروشتدا، نەیتوانیوە لەڕووی ناوەڕۆکەوە ئەو شیعرانە بنووسێت کە پەساپۆرتی پەڕینەوەی وەک شاعیری شۆڕشگێڕی کرێکاریی بۆ مسۆگەر دەکەن.

## ئەنجام

گـــۆرانی شـــاعیر لە کۆتـــایی دەیەی بیســـتەکان تـــا ١٩٦٢، کە بەیەکجـاری ژیانئـاوایی دەکـات، وەکچـۆن لە شـیعری دڵـداری و وەسفی سروشتدا توانیویەتی ئەسپی خۆی تاو بدات، ئاواش لە شیعری سیاسیدا ( نەتەوەیی و سۆشیالیستی)،کە هیچی کەمتر نییە لە شیعری وەسفی سروشت و دڵداری، هەوڵیداوە وەفاداری خۆی بۆ بیروباوەڕە سیاسییەکەی نیشـان بدات، بەڵام بەهـۆی نەبـــوونی تێگەیشـــتنی دروســـت لە سۆشـــیالیزمی زانســـتی و هەورەهـا پەیڕەوکردنـی لە سۆشـیالیزمەکەی یەکێتیـی سـۆڤییەت، کە بە سۆشـــیالیزمی ســـتالینی دەناســـرێت، شـــیوعیبوونەکەی (کرێکاریبوونەکەی) دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.ئەو بەرهەمانەشـی کە لەژێـــر ســـێبەری ئەو بـــاوەڕەوە نووســـراون، بەرهەمگەلـــی کرێکاریی نین و ئەمەش شوناسی کرێکاریبوون کە ڕەخنەگرانی ئەدەبی بۆرژوا ناسیونالّی کورد بە گۆرانی دەبەخشن، لە گۆران دەســـەنێتەوە.جێی داخە ئەو ناڕۆشـــنییەی گـــۆران هۆکـــارێکی ســـەرەکی بـــووە بـــۆ لە دوور لەنگەرگرتنـــی کەشـــتی شـــیعری چینایەتی و کرێکاریی شاعیر لە کەنار سۆشیالیزمی زانستیدا.

## سەرچاوە و پەراوێز:

(١)دیارە مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی وەک ئاشکرایە هەر بە تەنها گۆران ئەنجامی نەداوە و بەڵکو شێخ نووری شێخ ساڵحیش یەکێکتر بووە لە پێشەنگەکانی شیعر کوردی و ئەگەر لە گۆران زیاتری نەکردبێت، کەمتری نەکردووە.

(٢)عەبدوڵڵا گۆران سایتی ویکیپیدیا ئینسکلۆپیدیای ئازاد https://ckb.wikipedia.org/wiki

(٣)لێرەدا مەبەست لە خۆشەویست بوونی سۆشیالیزم، وەرچەرخانی کۆمەڵگەیە بەرەو چەپ.گەشتربوونی ئەستێرەی ڕزگاری مرۆڤایەتییە لە ستەم و چەوسانەوە.دیارە یەکێتیی سۆڤییەت و سۆشیالیزمی ستالینی ببوونە چەق و ناوەندی ئەو وەرچەرخانە مێژووییە کەبەداخەوە نەتوانرا لەدرێژەی پرۆسەی ئەم وەرچەرخانەدا، مارکسیزم وەک زانستی ڕزگاریبەخشی چینی کرێکار ببێتە میتۆدی پراکتیکانەی ڕزگاری مرۆڤایەتی، لەبری ئەوە تا دەهات لەناوەڕۆکە شۆڕشگێرانەکەی بەتاڵ دەکرایەوە و دەخرایە خزمەت بۆرژوازییەوە.

(٤)دیوانی گۆران، سەرجەم بەرهەمی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی پەراوێزی بۆ نووسیوە لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠ لاپەڕە ٤٠٣.

(٥)گۆران نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی  ئومێد ئاشنا کۆیکردۆتەوە و ڕێکی خستووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس چاپی یەکەم ٢٠٠٢ لاپەڕە ٨.

(٦)سیاسەتی ئابووری یەکێتیی سۆڤییەت بەتایبەت دوای دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو و هەژموونی جۆزیف ستالین بەسەر حیزب و دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئیمکانی بنیادنانی ئابووری سۆشیالیستی لە یەکێتیی سۆڤییەت بۆ هەمیشە لە گۆڕنا.لەبری ئەوە پلانی سەرمایەداری دەوڵەتی کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و بەمەش سیاسەتەکانی یەکێتیی سۆڤییەت لەژێر سایەی ئەو ئابوورییە سەرمایەدارییەدا لەسەر کار و ڕەنج و خەونی کرێکارانی یەکێتیی سۆڤییەت کەوتە ململانێی ئابووری سەمایەداری ڕۆژئاوا.یەکێتیی سۆڤییەتیش گەرچی بەڕواڵەت کۆمۆنیست و لایەنگری چینی کرێکار بوو، بەڵام لە جەوهەردا ڕێک بەپێچەوانەی ئیدیعاکانی کاری دەکرد.

(٧)دیوانی گۆران، سەرجەم بەرهەمی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی پەراوێزی بۆ نووسیوە لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠ لاپەڕە ٤٠٩.

(٨)دیوانی گۆران، سەرجەم بەرهەمی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی پەراوێزی بۆ نووسیوە لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠ لاپەڕە ٤١٨.

(٩)دیوانی گۆران، سەرجەم بەرهەمی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی پەراوێزی بۆ نووسیوە لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠ لاپەڕە ٢٣٥.دەستکاری ڕێنووسم نەکردووە.

(١٠) ناملیکەکانی (لاوک و پەیام) و (لەکۆڕی خەباتا) ئەو ناملیکانەی نێو دیوانی گۆرانن کە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی سۆشیالیزمی ستالینین.

(١١)ديوانی گۆران، سەرجەم بەرهەمی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کـــردۆتەوە و ئامـــادەی کـــردووە و پێشـــەکی پەراوێـــزی بـــۆ نووســـیوە لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠ لاپەڕە ٤١٧.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری وانەر ژمارە ١٤ ی ساڵی ٢٠٢٤ بڵاوبووەتەوە.

## دەق و ڕەخنە

# ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵ؛ لە شیعریی (منداڵی درۆزن)ی ئەحمەد عارفدا

٦ ی نیسانی ٢٠٢٤

ئەم شـیعرەی کـاک ئەحـمەد عـارفی شـاعیر ( منـداڵی درۆزن)، مێژووی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی ١٩٩٢، بەڵام بەوپێیەی کە جـارێکی تـر لە پەیجـی تـایبەتی خـۆی لە تـۆڕی کـۆمەڵایەتی فەیسبووک دایناوەتەوە، مانای وایە کاک ئەحمەد هیچ کێشەیەکی لەسـەر شـیعرەکە و نـاوەڕۆکەکەی نیـیە.من لێـرەدا هەوڵ دەدەم شـیعرەکە دابنـێمەوە و ئینجـا وردە وردە دەچـمە سـەر ئەسـڵی بابەتەکەم کە کێشەکانی پەروەردەیە و لەڕێگەی شیعرەکەوە کە شیعرێکی تەعلیمییە، تیشکێک دەخەمە سەر تێڕوانینی شـاعیر بۆ پەروەردە و بنەماکانی پەروەردەی منداڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

دەقی شیعری منداڵی درۆزن:

**منداڵێکی چاو چنۆک**
**پیس و چەپەڵ ، گرینۆک**
**لە کۆڵانا لاسار بوو**
**ئازای گیانی زامدار بوو**
**لەم گۆلاوێ بۆ ئەو گوفەک**
**هاورێی تانجی و توولە و سەگ**
**کەسێ نەبوو خۆشی وێ**
**دڵێ نەبوو بۆی سووتێ**
**رۆژێ ڕێکەوت ئاوا بوو**
**چاو چنۆک لە ئاوا بوو**
**بەوپەری بێشەرمییەوە**
**لە دێو ناسڵەمێوە**
**منداڵانی بێزار کرد**
**هێندەی بە درۆ هاوار کرد**
**تا لەناکاو گابەردێ**
**بۆی بوو بە بەڵاو دەردێ**
**خوێنی تێکەڵ بە ئاو بوو**
**خەڵکی و خۆشی ڕزگار بوو.(١)**

## ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵی کورد

ئەم حیکایەتە تراژیدییەی کاک ئەحمەد عارفی شاعیر، هەر تەنها حیکایەتی منداڵێکی درۆزنی نێو دەقەکە نییە، بەڵکوو حیکایەتی دەیـــان و ســـەدان منـــداڵی نەبـــوون و هەژارن، کەلە گەڕەکە هەژارنشینەکان و لە پەراوێزی شارەکاندا ژیاون و دەژێن.ئەو

گەڕەکانەی کە جگە لە خانووی نزم و شێدار و بێ خزمەگوزار کە دیمەکانیــان ڕەنگــدانەوەی بێــدەرامەتی و دەســتکورتییانە، شــتێکی تــری تیــا نابینیــت.لێرە لەم گەڕەکە تاریکــانەی قەراغ شــارەکان، منداڵە بزێو و شــەڕانیی و کراس و شــەڕواڵ دڕاو و چەقاوەسووەکان دەژێن، ئەو مندالانەی کە خێزانەکانیان ڕۆژ تــا ئێــوارە لە هەوڵــی ئەوەدان بتــوانن پارووەنانێــک بــۆ ئەو منــداڵە چەقاوەســووانە پەیــدا بکەن.سیســتەمی دڵڕەقــی ســەرمایەداری بەجۆرێک کۆمەڵگەی شێواندۆتە سەریەک و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشــی کــۆمەڵگەی بە جۆرێــک لەقاڵبــداوە کە مرۆڤەکــان هەر فریای ژیانێکی مەمرەومەژی بکەون، نەک ژیانێکی ئینسانیی شایســتە بە مرۆڤــی ســەردەم.کاک ئەحــمەد عــارف ئەم ڕاســتییە نابینێت  یان دەیبینێت و خۆی لێ لادەدات و هاتووە منداڵێکی بە موجەڕەددی وەرگرتووە و وێنای کردووە.وەک ئەوەی منداڵانی خەڵکــی ســتەمدیدەی کوردســتان هەمــوو پۆشــتە و پەرداخ و خاوەن ڕەوشتی بەرز و ڕاستگۆ بن و تەنها ئەو منداڵە درۆزن بێت.با بزانین چۆن؟

بــا ســەرەتا لە ناونیشــانەکەوە دەســت پێبکەین.کاتێــک دەقێــک دەنووســرێت، جــا شــیعر بێــت یــان چیــرۆک یــان ڕۆمــان یــان شــانۆگەری، یەکەمــین بەریەککەوتنــی خــوێنەر و دەق، لەرێــگەی ناونیشانەکەیەتی.ناونیشــان گرنگییەکــی زۆری هەیە.هەڵبژاردنــی ناونیشــان هەر بەتەنهــا وابەســتە نیــیە بە نــاوەڕۆکی دەقەکەوە، بەڵکوو وابەستەشــە بەو هەلــومەرجە سیاســیی و کــۆمەلایەتی و ئــابووری و مەعــریفییەی ئەو چــین و تــوێژە کــۆمەلایەتییەی کە دەقەکەی ڕووبەڕوو دەکرێتەوە.شاعیر لە هەڵبژاردنی ناونیشــاندا ( منــداڵێکی درۆزن) دەیەوێــت دیــوی ناشــیرینی قوربانییەکمــان

نیشـــان بــدات کە هەمــوو دەزانــین ئەو قوربــانییە، قوربــانی چ سیسـتەمێکی چینـایەتی دڵـڕەقە.ئەوەی کـاریگەری لەسـەر منـداڵ دادەنێت جگە لە خێـزانەکەی، قوتابخـانە و دەزگـا میـدیاییەکانی دەوڵەتن.جـاریَ گـرنگە خێزانەکـان بـزانن چـۆن منـداڵەکانیان پەروەردە دەکەن و لەوەش گرنگتر خودی خێزانەکانن کە ئایا تـا چەند خوێندەوار و تێگەیشتوون و زانستییانە بیر دەکەنەوە.ئایا ئەو دایک و باوکانە چەند لە جیهانی منداڵەکانیان تێگەیشتوون؟ ئەو دایک و باوکانە چەند لە بنەماکانی پەروەردەی منداڵەکانیان حـــاڵی بـــوونە و چـــۆن دەتـــوانن وەڵام بە داخوازییەکـــانی منداڵەکانیان بدەنەوە؟ ئایا دەشێت چیرۆکێک بنووسین بەنـاوی شازادە ولیەمی چڵمن؟ نـا ناکرێت.بۆچی؟ چونکە شـازادە ولـیەم لە چینــی بــۆرژوایە و فەرمــانڕەوایە و دەوڵەمەنــدە و دەیــان بەردەستی هەیە و مەحاڵە شـازادە ببینین چڵـم بە لووتیـا شـۆڕ بێتەوە.باسکردنی چیرۆکێکی لەوجۆرە بەسە بۆ ئەوەی بە شێت و نەزان و بێئاگات نـاوزەد بکەن.بەڵام نووسینی چیرۆکێک یـان شـیعرێک لەسـەر منـداڵێکی چڵکنـی ڕەحیمـاوەی گەڕەکـی شـاری کەرکووک، یان گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر ئاساییە و ڕەنگە دەیان دەستخۆشیت لێبکرێت.هۆکارەکەی ئاسـانە.لە گەڕەکەکانی ڕەحیمــاوە و بــاداوە منــداڵان بەزۆری لەو خێزانــانەوە دێــن کە بەپێـی پێویسـت خوێنـدەوار نـین و دایکـان و باوکـان هۆشـیاری پێویستییان لەسـەر پەروەردەی منداڵ نییە و تەنـانەت ڕۆژ نییە منــداڵەکانیان لەســـەر لاســـاریی و چەقاوەســـوویی دارکـــاریش نەکەن.ئەوەی هۆشــیاری کــۆمەڵایەتی دیــاری دەکــات واقیعــی کۆمەڵایەتییە.(٢) هۆشـیاری دوواکەوتـووانەی خێزانەکـانیش هەر واقیعی کۆمەڵایەتی کوردستان دیاری دەکات.

**منداڵێکی چاو چنۆک**

**پیس و چەپەڵ ، گرینۆک**

**لە کۆڵانا لاسار بوو**

**ئازای گیانی زامدار بوو**

**لەم گۆلاوێ بۆ ئەو گوفەک**

**هـاورێی تـانجی و تـوولە و سـەگ.**( شـیعری منـداڵێکی درۆزن ئەحمەد عارف)

ئەم سـیفەتانەی دراونەتە پاڵ ئەم منـداڵە ( پـیس، چەپەڵ، چـاوچنۆک، گرینـۆک، لاسـار، هـاورێی تـانجی و سـەگ)، وێنەیەکمـان نیشـان دەدات، کە منـداڵەکە بە ناشـرینی ببینین.سـیفەتە نیگەتیڤەکـان وەک بەشـێک لە فەرهەنگـی دوواکەوتـوانەی کـۆمەڵگە داهێنـراوی ئایدیۆلۆژیا و بیروبـاوەڕی زاڵـی نێـو کۆمەڵگەیە.بیروبـاوەڕی زاڵـی نێـو هەر کـۆمەڵگەیەکیش بیروباوەری چینی دەسـەڵاتدارە.(٣) جا ئەو دەسـەڵاتدارە خـاوەن کۆیلەکـان یـان دەرەبەگەکـان یـان سـەرمایەداران بـن.ئەو سیفەتانەی شاعیر لەم سێ دێرەدا ڕیزی کردوون، دوو جـۆرن، جۆرێکیان سیفەتگەلێکی نێگەتیڤن و دوادێڕیان سیفەتی پۆزەتیڤە، بەڵام لای شـاعیر بە نێگەتیـڤ ڕیزبەنـد کـراوە.پیس، چەپەڵ، چـاوچنۆک، گرینـۆک، لاسـار نێگەتـیڤن، بەڵام بـۆچی دەبێـت هاورێکردنی تانجی و سەگ نێگەتیڤ بێت؟ بۆچی هاومـاڵیکردنی

سـەگ كـارێكی دروسـت نیـیە لای شـاعیر؟ بەبۆچـوونی مـن هۆیەكەی باكگراوندی كلتووری كوردیی شاعیر نییە، چونكە لە فەرهەنگ و كلتووری كوردیدا سەگ هاومـاڵ و هـاوڕێی مرۆڤە، بەڵكوو كاریگەری باكگراوندی كلتووری ئاینییە كە شاعیر سەگ بە ئاژەڵێكی پیس وەسف دەكات.(ڕەنگە حیكمەت یان هۆكاری قەدەغەكردنـی بەخێـوكردنی سـەگ لەلایەن ئیسـلامەوە بـۆ مەبەستی تر جگە لە ڕاوكردن یان پاسەوانی: ئەوە بێت كەپاك نین و پیسن و تەنها بە حەوت شوشتن نەبێت كە یەكێكیان بە خۆڵ یان سابون بێت، پاك نابنەوە.یان لەبەر ئەوەی ڕێگری لە چـوونە ژوورەوەی فریشـتەكان دەكەن كە بەنـدەی بەڕێـزی خـودان و بوونیـان دەركەوتنـی ڕەحمەتـی ئەوە بەرامـبەر بە بەنـدەكانی.)(٤) ئەم دیـدگایە دیـدگای زۆربەی خەڵكـی كوردستانە.لەكاتێكدا سەگ وەك هاوەڵ دەتوانێت لە ماڵدا لەگەڵ مرۆڤەكـان بژێـت و منـداڵەكانیش فێـری خۆشەویسـتی ئاژەڵیـان بكەن نەك نەفرەت و ڕقلێبوونەوەی ئاژەڵان.

**تا لەناكاو گابەردێ**

**بۆی بوو بە بەڵاو دەەدێ**

**خوێنی تێكەڵ بە ئاو بوو**

**خەڵكی و خۆشی ڕزگار بوو**.( شیعری منداڵێكی درۆزن ئەحمەد عارف)

دڵڕەقی شاعیر دژ بە منداڵی درۆزن هێندە لەسەرە كە بە مەرگی ئەو منداڵە خێرلەخۆ نەدیوە دڵشاد بێت و خەڵكیش پێیان خۆش

بێت کە ئەو منداڵە درۆزنە مردووە.ئایا ئەمە چەند لە واقیعی کۆمەڵایەتی ژیانی خەڵکی هەژاری کوردەوە نزیکە؟ نەخێر بە هەزاران فرسەخ دوورە.ئەمە ناحاڵیبوونە لە واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیی، ئەگینا هەموو دەزانین مردنی منداڵێکی خێزانێکی هەژار با درۆزنیش بێت، چ کارەساتبارێکە و چ تراژیدیایەک دەخولقێنێ، نەک خەڵک دڵخۆش بکات و کار بگات بەوەی ئەو دڵخۆشییە ببێتە بابەتی دەقێکی شیعریی تەعلیمی لای شاعیرێک کە شیعر بۆ منداڵان دەنووسێت.

## لایەنی فێربوون لە شیعری منداڵی درۆزندا

لایەنی فێربوون لەم شیعرەی شاعیر، فێربوونێک نییە لە دیدی ئێنسانی هاوچەرخەوە سەبارەت بە کێشەکانی منداڵ و ژیان، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنێکی پاسیفیستی دوواکەوتوانەیە کە منداڵ بەرەو شێواندنی زیاتر و دوورکەوتنەوەی لە جیهانی تایبەتەکەی خۆی پاڵ پێوەدەنێ.کاتێک شاعیرێک شیعر بۆ منداڵ دەنووسێت، دەبێت ئاگاداری جیهانی تایبەتی منداڵ بێت، دەبێت بزانێت چ شتێک منداڵ و بیرکردنەوەی منداڵ فراوانتر دەکات و گەشەی پێدەدات؟ دەبێت بزانێت قۆناغەکانی منداڵ بناسێت و پێویستی تایبەتی هەر قۆناغێک هەست پێبکات.دەبێت ئاگاداری بنەماکانی پەروەردە و فێرکردنی هەر قۆناغێکی منداڵ بێت و بەرپرسیارانە دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات.دەبێت هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە تێبگات و ئینجا دەست بۆ قەڵەم بەرێت و قسە بۆ منداڵ بکات و ئامۆژگارییان بکات.

**بەوپەڕی بێشەرمییەوە**

**لە دێو ناسلەمێوە** ( شیعری منداڵێکی درۆزن ئەحمەد عارف)

با لێرە بپرسین شاعیر چی فێری منداڵ دەکات؟ دەڵێت بێشەرمی واتە بـــێ چـــاو و ڕوو واتـــا بێڕێز.واتـــا منـــداڵێکی بێڕێـــزی چاوقـایم.ئێمە هەمـوو لەسـەر بەهـای کـۆمەڵایەتی ڕێـز کـۆکین و دەزانین منداڵ و گەورەی بەڕێز جێگەی خۆشەویستین.بەڵام چی وا لە منـداڵ دەکـات بێڕێـز بێـت؟ چـی وای لێـدەکات شـەرم نەکـــات.گرێی ناحـــاڵیبوونەکە لێـــرەدایە.پەروەردەی ڕۆژئـــاوا پەروەردەیەکە لەسەر بنەمای ڕێز و شەرم نەکردن.ئەوان منداڵ وا بار دەهێنن شەرم نەکات.بێشەرمی سیفەتێکی باشی منداڵە و گوزارشـتە لە کەسـایەتی بەهێـزی منـداڵ، نەک سـیفەتێکی خـراپ بێت.منداڵی شەرمن منداڵی لاوازە و کەسایەتی پتەوی نییە.بۆیە شـــاعیر لە ناهۆشـــیارییەوە ئەم ســـیفەتانە (پـــیس و چەپەڵ و چـاوچنۆک و گرینـۆک و لاسـار و هـاوڕێی تـانجی و سـەگ و بێشـــەرم و بێـــزارکەر و درۆزن لە گـــۆلاوێ بەر تاشـــەدەردێک دەکەوێت و دەمرێت) ئەمە پەیامی شیعرەکەیە و دەیەوێت بڵێت منداڵینە ئێوە وا مەبن، پیس و پۆخڵ و چاوچنۆک و لاسار و درۆزن مەبن و هاوڕێیەتی تانجی و سەگ مەکەن، شەرمن بن، بێئەوەی پێمان بڵێت ئەمە چۆن دەبێت و چۆن دێتەبوون!.ئایا دەتوانین ئەم ئامۆژگارییانەی شاعیر لەسەر لافیتەیەک بنووسین و بچـــین لە گەڕەکە هەژارنشـــینەکانی شـــارەکانی کوردســـتان هەڵیواسین و ئیتر دنیا دەبێتە شامی شەریف؟ یان دەردەکە لە جێیەکی ترەوەیە و شاعیر نایەوێت خۆی لەقەرەی بدات.باشە

گونـــاهی منـــداڵی کوردســـتان چیـــیه ئەم جـــۆره شـــیعره دوواکەوتووانەیـــان بخەیـــنه بەردەســـت و بەم تەرزه لە شـــیعر فێری باڵەفڕەی ژیانیان بکەیت؟ ئایا منداڵانی کوردستان شایانی ئەمجـۆره پەروەردەیەن؟ ئایـا ئەم شـیعره بـۆ کـام لە چـوار قۆناغەکـانی پەروەردی منـداڵ نووسـراوه، قۆنـاغی ئەندێشـەی بەسـتراو بەژینگەوه یان قۆنـاغی ئەندێشـەی ئـازاد یـان قۆنـاغی منـــداڵێتی یـــان قۆنـــاغی ئایدیالیســـتی؟(٥) دیـــاره هەریەک لەم قۆناغانەش تایبەتمەندی خۆیان هەیه.من ناڵێم باسی سیاسەت و ئابووری بۆ منداڵ بکرێت، بەڵام دەڵێم لە ڕوانگەی تێگەیشتن لە دۆخـی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و سیاسـی کـۆمەڵگەوه دۆخـی منداڵان تێبگەین و لەوێوه قسـەیان بۆ بکەین.شـیعری فێرکاری منـداڵان دەبێـت زانسـت و خۆشەویسـتی بکـاته بنـاغه و لەوێـوه منـداڵ بەرەو ئاراسـتەیەکی تەندروسـت ببـات، نەک ناشـیرین و قێزەوەن نیشانی منداڵ بدات و بیکاته دوژمنی ئاژەڵ.ئا لێرەوەیه نەوه دوای نەوەی منــداڵ لەبـــری چەواقوســـوویی و کـــاری ناشایســـته و ناشارســـتانی ، منـــداڵی تەندروســـت و چـــالاک و زانتسـخواز و ئینسـان دۆسـت دێنه مەیدان.ئەمه ئەو ئەرکەیه که ڕەخـنەی ئەدەبـی کـوردی دەبێـت پێـی هەڵبسـتێت و ئەنجـامی بـدات.لێرەدا مـن لەگەڵ کـاک ئەحـمەد عـارفی شـاعیر کـۆکم که دەڵێت: (هەوڵ بدرێت لە ڕێگای ڕەخنەگرانەوه تاوتوێیەکی پاک و پیس یان چاک خراپ بکرێت و ببێ به بەربەست لە بەردەم بڵاو بوونەوەی بەرهەمی کاڵ و کرچ)(٦).

## ئەنجام

شاعیر لەشیعری منداڵێکی درۆزندا وەکو فێرکەرێک هاتووە کۆمەڵی سیفەتی نیگەتیڤی داوەتە پاڵ منداڵێکی درۆزن و وێنەیەکی ناشیرینی ئەو منداڵەی نەخشاندووە کە هەموو بەنەفرەتی بکەین، بێئەوەی لەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییە تێبگەین کە ئەو منداڵە و خانەوادەی ئەو منداڵەی تیا دەژین.لەوێشەوە ئاراستەی کار بە خزمەت فراوانکردنەوەی ئاسۆی تێڕوانینی منداڵان دیاری بکەین و بناغەیەکی تۆکمە و پتەو لە خۆشەویستی نێوان ئینسانەکان و ئاژەڵ و زیندەوەران و ژینگە بنیاد بنێین.منداڵان ئەو سامانە گرنگەی کۆمەڵگەن کە دەبێت زۆر هەستییارانە بابەتی دەقە ئەدەبییەکانیان بۆ هەڵبژێرین و بۆ بنووسین، بۆ ئەوەی ئایندەی کۆمەڵگە بە دەستێکی زانستخواز و پێشکەوتوودا بسپێرێت.شاعیر لەم شیعرەیدا نەیتوانیوە شیعرێک پڕ بە باڵای پەیامەکەی بنووسێت و لەبری پەیامێکی ئینسانیی، بەداخەوە هاتووە خوێنەر و منداڵانی ڕووبەڕووی پەیامێکی دوواکەوتووانە کردووەتەوە.ئەمەش ئەگەر زیانی نەبێت، ئەوا هیچ سوودێکی بۆ ئەدەبی کوردی و پرۆسەی فێربوون و پەروەردەی دروستی منداڵ تێدا نییە.(٧)

## سەرچاوە و پەراوێز:

(١)مندالّی درۆزن نووسینی ئەحمەد عارف پەیجی تایبەتی تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبووکی نووسەر پۆستی ڕۆژی شەشی نیسانی ٢٠٢٤.من هەندێ هەلّەی تایپم بۆ ڕاست کردۆتەوە.

(٢)اسس الآشتراكية العلمية المادية التاريخية تآليف ف.گيبلى و م.گوفالزون نقله من الروسية احمد داود اصدار دار الجماهير ، دمشق ١٩٦٧ ص ٦٤.

(٣)کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگلس مانیفیستی حیزبی کۆمۆنیست وەرگێرانی بۆ کوردی موسڵیحی شێخولئیسلام (ڕێبوار) چاپی دووەم لاپەڕە ٢٨.

(٤)بڕوانە هەردوو فەتوای ئیسلامی ژمارە ٢٥٤٣١ و فەتوای ژمارە ١٤٧٣٥ سەبارەت بە سەگ کە لە سایتی (اسلام ویب)دا هاتووە.https://www.islamweb.net/ar/fatwa

(٥)شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا ئەحمەد قەرەنی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٧ لاپەڕەی ١٨٠ و ١٨١.

(٦)ڕەخنە نووسینی ئەحمەد عارف پەیجی تایبەتی تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبووکی نووسەر پۆستی ڕۆژی دووی ئازاری ٢٠٢٤.

(٧)من نامەوێت لێرەدا هێلێکی ڕاست و چەپ بەسەر نووسینەکانی کاک ئەحمەدی شاعیردا بهێنم و هەولّەکانی یەکسان بکەم بە سفر.کاک ئەحمەدی شاعیر گەلێ هەولّی تری هەیە کە جێگەی دەستخۆشین.

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٣٠ ی ساڵی ٢٠٢٤ بلاوکراوەتەوە.

# وەستانێک لەئاست ڕۆمانی (خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا)ی واڵتەر گرینوود

ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤

## شوێنکات لە ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا

ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاردا؛ ڕۆمانێکی ناوازەی ڕۆماننووسی سۆشیالیستی بەریتانیی واڵتەر گرینوودە(١) کە لە ساڵی ١٩٣٢ نووسراوە و ساڵی ١٩٣٣ بڵاوبووەتەوە.ئەم ڕۆمانە وەک وەڵامێکی ڕۆماننووس بۆ قەیرانی بێکاری کە لە ئاستی لۆکاڵیی و نێودەوڵەتیدا لەپەرەسەندندابوو، نووسراوە.شوێنکاتی ڕۆمانەکە بریتییە لە گەڕەکێکی هەژارنشینی کرێکاریی بەناوی هانکی پارک کە یەکێکە لە گەڕەکە کرێکارییەکانی شاری سالفۆرد لە باکووری بەریتانیا، کە زێدی ڕۆماننووس واڵتەر گرینوودە و نووسەر لەوێ لەدایکبووە و پەروەردە بووە.ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە چەند ساڵ دوای ئەو مانگرتنە گشتییەکەی کرێکارانی بەریتانیا دێت کە لەساڵی ١٩٢٦دا، دەستی پێکرد.(٢)واتە ڕۆمانەکە شەش ساڵ دوای مانگرتنە گشتییەکە نووسراوە.ئەم ڕۆمانە کرێکارییە وەکو دەقێکی نێو بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی بەریتانیا، چەند ساڵ دواتر دەکرێتە شانۆنامە

و ئینجـــا فـــیلم و دەبێـــتە یەکێـــک لە کـــارە هـــونەرییە هەرە ســـــەرکەوتووەکانی بـــواری شـــانۆ و فـــیلم و ســـینەمای کرێکـــــاریی.بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمـــــانە ســـــەرباری ئەوەی سەرکەوتنێکی ئەدەبیی و بازرگانی گەورە بوو، لەهەمان کاتیشدا کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر بۆچوونی خەڵکی بەریتانیا دانا سەبارەت بە قەیرانی دیاردەی بێکاری بەجۆرێک کە کاریگەری ئەم ڕۆمانە وای لە پەرلەمانی بەریتانیا کرد دەست بە لێکۆڵینەوە بکـــات و لە ئەنجامـــدا کۆمەڵێـــک چاکســـازیی لە سیســـتەمە ئابوورییەکەی، بەڵام لەبەرژەوەندی چینی کرێکار، ئەنجام بدات.

## کاراکتەر و گرێچنەی ڕۆمانەکە

بەوپێـــیەی لە ســـەرەتای دەیەی ســـییەکانی ســـەدەی بیســـتەمدا، دوای دەیەیەک لە کۆتایهـــاتنی جەنگـــی جیهـــانیی یەکەم، دۆخـــی ئـــابووری و ژیـــانی کرێکـــاران لە بەریتانیـــا بەگشـــتی لە دۆخێکـــی نالەبـــار وخراپـــدا بوو.ســـەعاتکاری زۆر، کرێـــی کەم، ناســـەلامەتی شـــــوێنی کـــــار، بێکـــــاری لەڕادەبەدەر، بەکـــــورتی هەژاری و بەشـــمەینەتییەکی زۆر ژیـــانی خەڵکـــی داپۆشـــیبوو.لەو ســـەردەمە قەیرانـــاوییەی سیســـتەمی ســـەرمایەداری بەریتانیـــادا، ڕۆمانێـــک دەنووســـرێت کە گوزارشـــت لە ڕەهەنـــدە نائینســـانییەکانی ئەو سیســـــتەمە ســـــەرمایەدارییە دەکاتەوە.ڕۆمـــانی خۆشەویســـتی لەڕۆژانـــی بێکـــاردا ڕەنگـــدانەوەی ئەو دۆخە نائینســـانیی و ئەو ســـــتەم و بێمـــــاف و پەژاراویـــــیەی کرێکـــــارانی بەریتانیـــــا بوو.کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە، کارەکتەری کۆمەڵایەتی واقیعین و بریتین لە خێزانە چوار نەفەرییەکەی هاردکاسڵ کە لە

گەڕەکی هانکی پارک دەژین کە گەڕەکێکی هەژارنشینی شاری سالفۆردە لە بەریتانیا.هارد کاسڵ بەخۆی کرێکارێکی کۆمپانیای کـــانی خەڵـــووزە؛ کرێکـــارێکی ناهۆشـــیار و پیاوســـالارە و هـــاوژینەکەی ژنـــی ماڵەوەیە.منداڵەکانیشـــی، کـورەکەی (هــاری تەمەن حەڤـدە سـاڵی خوێنـدکاری زانکـۆی لیـنکن) ســەرەتا لە کۆگـای بارمتەدانـان و دواتـر وەک یارمەتیـدەری ئەنـدازیاری لە کۆمپانیـایەکی ئەندازیاریی دەست بەکار دەبێت.(سـالی) کچیشـی لە کارگەی چنین کرێکارە.دەروبەریشیان بریتین لە ژمارەیەک لە کـــارەکتەری ناســـەرەکی (بەڵام ئەمـــانیش واقیعـــین) خەڵکـــی جۆراوجـۆری وەک (لاری مـیس) ئاژیتـاتۆری سۆشیالیســت و (هێلن) کرێکاری کارگەی چنین و کۆمەڵێک ژنی تری بەتەمەن و سـام گرانـدی سـەرمایەدار، تـۆم هەیـر و سـام هـاردی و بیـڵ سـایمۆنس و جـاک لینـدزەی و جـۆ ڕێجـی فـۆرمەن و کەیـت و خـاتوو بـووڵ و خـاتوو جایک و هەڵگینتن خـانم و نـاد نـارکی و سـام گوانـد و..تـاد، هەمـوو ئەم کـارەکتەرانە جگە لە نـاد نـارکی پـاڵەوانی جەنـگ و گیرفـان گەرم و و ســام گرانـدی خـاوەن سەروەت و سامان، ئەوانیتر هەموو نوێنەرایەتی ئـابووری چینی کرێکار دەکەن کە بەهۆی دەرئەنجامەکانی قەیرانی ئـابوورییەوە، دووچاری زیانی سیاسی و ئابووری زیاتر و زۆرتر دەبن.

ڕۆمـانەکە لە سـەرەتادا بە شـێوەیەکی سـەرەکی فۆکسـی لەسـەر هاری هاردکاسڵی حەڤدە ساڵە؛ کە لە تەمەنی چواردە سـاڵییەوە قوتابخانەی بەجێهێشتووە و ماوەی دوو ساڵ لە کۆگایەک کاری کـردووە، کارێـک کە ئـارەزووی لێنەبـوو بەشـێکی لەبەر ئەوەی دەبـوو ڕۆژانـــی شـــەممە کـــار بکـــات و بەمجـۆرە نەیـدەتوانی هاوڕێکـانی ببینێـت و کـاتێکی خۆشـیان لەگەڵـدا بەرێتەســەر،

بەشـــێکی تریشـــی لەبەر ئەوەی هەســـتی دەکـــرد ئەو کـــارە، لەبنچینەدا کـاری پیـاوان نییە.چـونکە بەڕاسـتی موشـتەرییەکان هەموویـــان ژن بوون.پاشـــان هـــاری بەڕاســـتی دەیویســـت و خوازیاری ئەوە بوو کاری ئەندازیاریی کار بکات و بەم شێوەیە چارەنووســـی خـــۆی وەک ئەنـــدازیارێک دیـــاری بکـــات.بۆیە ســـەرەنجام پـاش هەوڵێکـی زۆر دەتوانێـت وەک یارمەتیـدەری ئەندازیار دەست بەکاربێت و پاشـان ئەزمـوون بەدەست بهێنێت و ببێـت بە ئەنـدازیارێکی شـارەزا.هاری سـەرەتا وای هەسـت دەکـرد کە هەمـوو شـتێک بە ئاسـانی بەڕێـوە دەچێـت و هـیچ پێویست ناکات جارێکی تر خەمی ژیان و خەمی نانی سبەینێی بێت.هەروەهـا هـاری لەسـەرەتای بێکاربوونیـدا بەڕێـکەوت لە گرەوێکی براوەی هاوشێوەی قوماردا پشوویەکی کورتی کەنار دەریای لەگەڵ هاوڕێ کچەکەی (هێلین کە ئەویش وەکو سالی خوشکی هـاری کرێکاری کارگەی چنینە) بۆ دەستەبەر دەبێت، بەڵام زۆری پێناچێـت و دوای ئەو پشـــووە کـــورتە مـــۆتەکەی بێکاری دەست دەخاتە بیناقاقای ژیانی.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر کۆڵ نادات و پێیوایە کە دەتوانێت کارێکی دەستبکەوێت، دەچێت هەمـــوو شـــارەکە پەی دەکـــات و بەدوای کـــاردا دەگەڕێـــت، سـەرەنجام بێهیـوا دەبێـت و کـاری دەسـت ناکەوێـت.لێرەوە و لەژێر فشـاری ئەو بێکـاربوونەدا کۆشـکی خەیـاڵی ژیـانی هـاری بەرەو دارمان دەچێت و ئیتر لەوساتەوە ترووسکەی هیچ ئەگەر و ئەلتەرناتیڤێک و ئاسۆیەکی ڕووناک لای هاری نابینرێت.هێلینی کـچە هاوڕێشـی لەدوای پەیوەندییەکی سـۆزداری کەم، دووگیـان دەبێـت.ئەمەش بـۆ ئەو قۆنـاغەی ژیـانی کـۆمەڵایەتی ئەوسـای خەڵکـی بەریتانیـا و خێزانـی هاردکاسـڵ ( دەیەی سـییەکانی

سەدەی بیستەم) مایەی ئیحراجی کۆمەڵایەتی بوو.سەرەنجام هاری لەگەڵ باوکیدا تووشی گیروگرفت و دەمەبۆڵە دەبێت لەسەر ئەوەی کاردکاسڵ بە خۆشەویستەکەی هاری کوڕی دەڵێت (سۆزانی!)، بۆیە هاری سەرەنجام بەتووڕەیی دەرگای ماڵ لەدوای خۆی دادەخات و ماڵ بەجێدێڵێت، ئەمەش ئەوەندەی تر دۆخی کۆمەڵایەتی ئەو خێزانە پەشێوتر دەکات و شیرازە کۆمەڵایەتییەکەی زیاتر تێکدەچێت.ئەم ماڵ جێهێشتنەی هاری وەک یەکێک لە کارەتکەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە جۆرێک لە گۆشەگیری کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ئاراوە.هاری و هێلن و منداڵە ساواکەیان لە ژوورێکی کۆن و پەرپووت ژیان دەگوزەرێنن.دوو لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانی هاری دەکەونە زیندانەوە و جاک لیندزەیش دەبێتە سەرباز.بەگشتی ئەتمۆسفیری کۆمەڵایەتی هاری ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و دەشێوێت.

کۆمپانیای کانی خەڵووز هەفتەی کارکردنی بۆ سێ ڕۆژ کارکردن کەم دەکاتەوە و پاشان بەتەواوەتی دادەخرێت لەشکرێک لە کرێکارانی کانەکان ( دوانزە هەزار کرێکار) لەنێویشیاندا هاردکاسڵ بێکار دەکرێن، بێئەوەی هیچ بیمەیەکی بێکارییان پێڕەوا ببینرێت.زاڵمی کۆمپانیا لەوەدایە کە هەزاران کرێکار بێکار دەکات لە کاتێکدا دەیان ئامێری نوێی کارکردن هێنراوەتە کارگەکەوە.هاردکاسڵ لە بیمە بێبەش دەکرێت بەبیانووی ئەوەی کچ و کوڕێکی کار دەکەن.کاتێک کوڕەکەشی هاری بێکار دەکرێت، ئەویش هیچ بیمەیەکی بێکاری نادرێتێ بەبیانووی ئەوەی خوشکەکەی کار دەکات.بەمجۆرە ئەو خێزانە بێکار و بێ داهات دەبن.(سالی)ی کچی هاردکاسڵیش دڵخوازی

کوڕە شۆڕشگێڕی سۆشیالیست و هەڵسوڕاوی حیزبی کار(٣) (لاری میس) و پێکەوە نەخشەی هاوسەرگیرییان داڕشتووە، بەڵام پلانی هاوسەرگیرییەکەیان ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە بەهۆی ئەوەی لاری کارەکەی لەدەست دەدات.سالی ئامادەیە لەگەڵ خۆشەویستەکەی(لاری) بژیت و گوێ بەقسە و قسەلۆکی خەڵک نەدات، بەڵام لاری ڕەتی دەکاتەوە بەوجۆرە بژێت.لاری میس خەباتگێڕێکی سۆشیالیست و ئەندامی حیزبی کار لە کاتی ڕێپێوانی بێکاراندا لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ دا و کەلەسەر بانگەوازی بزووتنەوەی نەتەوەیی کرێکارانی بێکار(٤) هاتە ئەنجامدان، سەباری ناجێگیریی باری تەندروستی و نەخۆشبوونی بە سەرما و کۆخە، دەستبەرداری ڕابەرایەتیکردنی ئەو نارەزایەتییە چینایەتییە نابێت.ئەو بە وشەی(هاورێیان) دەست پێدەکات و کاتێکیش بێکارانی ناڕازی بە دروشمی ( خەزێنەی بیمە هیچی تیا نییە، دەست لە دزینی قووتی خەڵک هەڵگرن) و بە هەڵکردنی ئالای سوور، بەڕێپێوان بەرەو گۆڕەپانی شارەوانی شاری سالفۆرد بەڕێدەکەون تا چاویان بە لێپرسراوی شار بکەوێت.لێپرسراوی شاریش ئامادەیی دەربڕیبوو کە نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە ببینێت.بەڵام کاتێک دەگەنە نزیک باڵەخانەی شارەوانی و لەبری بینینی نوێنەرانی خۆپیشاندەرانی کە شەش کەس دەبن، هێزەکانی پارێزەری سەرمایەداران(پۆلیس) لە پلانێکی ئامادەکراو و داڕێژراودا هێرش دەکەنە سەر نوێنەرانی خۆپێشاندەران و لەم ساتەدا هەردوولا، لایەک ئامادە و ساز و لایەکیش بەنیازی چارەسەری کێشەکانیان و ئاشتیخواز، ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و بەگژ یەکتردا دەچن و شەڕی دەستەویەخە ڕوو

دەدات ، لەم شەڕ و پێکدادانەدا لاری میس بە شێوەیەکی زۆر خراپ بریندار دەبێت و یەک دوو ڕۆژ دواتر بەهۆی ئەو برینداربوونەیەوە گیان لەدەست دەدات.(سالی)یش سەرەتا لە ناچارییەکی بێئەندازە سامناکدا دەژێت و هیچ مەیلێکی نابێت بۆ داواکانی سام گراندی خاوەن سامان کە دەیەوێت بەزەبری پارە سالی تەفرە بدات و بیخوازێت و بیکاتە هاوسەری خۆی، بەڵام پاشان سالی بە دوودڵی و ناچاری ئابوورییەوە مل بەو دۆخە ناهەموارە دەدات خۆی ڕادەستی سام گراندی دەکات.سەرەتا داوای پارە لەسام دەکات و دوواتر ڕازی دەبێت ببێت بە هاوژینی (سام گراندی)، ئەو پیاوە سەرمایەدارییە دەوڵەمەندەی شار.ئەم قوربانیدانە ناچارییەی سالی تەنها و تەنها بۆ ئەوە بوو کە بتوانێت یارمەتی خێزانەکەی بدات تا لەو دۆخە ناهەموارە ئابوورییە، ڕزگاریان بکات.سالّی پارەی بۆ دایک و باوکی و هاری برای دەستەبەر دەکات.بەڵام هاردکاسڵی باوک بەو هەڵوێست و تەسلیمبوونەی کچەکەی تووڕە دەبێت و سەرکۆنەی کچەکەی دەکات تا کار دەگات بەوەی دەست لە جەرگی خۆی، کچەکەی بەرز بکاتەوە و زللەیەکی لێبدات و پێی دەڵێت بڕۆ جارێکی تر نامەوێت بتبینمەوە.سالی لەم ساتەدا بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەڵێت تۆ هاریت دەرکرد و ئێستاش من دەردەکەی.لێرەدا بەم زللە لێدانە هێڵی درامی ڕۆمانەکە دەگاتە چڵەپۆپە و نووسەر زۆر ورد لەڕێگەی کۆمەڵێ وەسفی زیندووەوە وێنەیەکی بێهاوتای ئەو دۆخە چینایەتییە پڕ لەنەهامەتییەی ژیانی کرێکارانی سالّفۆردی بەریتانیامان نیشان دەدات.

ڕۆمـــانی (خۆشەویســـتی لەڕۆژانـــی بێکاریـــدا) بەپێـــی ڕەگەزە هــونەریی و نـــاوەڕۆکە سۆشیالیســـتییەکەی، دەقــێکە بەڕاســـتی ڕەنگـــدانەوەی بـــارودۆخی ژیـــان و خەبـــاتی کرێکـــارانی ئەو قۆناغەی کۆمەڵگەی بەریتانیایە.جیهەتگیری چینایەتی لەم ڕۆمـانە جیهەتگیرییەکی کرێکارییە و هێندە ڕوونە کە کەسێکی وەک ئەی جەی پی تایلەری مێژوونووسی بەریتانی بڵێت (شێوازی ژیان لە ڕۆمـانی خۆشەویسـتی لەڕۆژانـی بێکاریـدا لە نووسـینی والـتەر گرینـــوود کـــو یەکـــێکە لەو ڕۆمـــانە دەگـــمەنە بەڕاســـتی پرۆلیتارییـانەی کە بە زمـانی ئینگلیـزی نووسـراوە.)(٥).هەر ئەم جیهەتگیـــرییە چینـــایەتییە وا دەکـــات ماســـیۆ گاوگـــان کە لە ژمـــارەیەک نووســـین و لێکـــۆڵینەوەی ڕۆژنامەکـــانەوە کە بـــۆ ڕۆمـانەکە کـراون، بگـات بەوەی بـاوەڕەی کە بڵێـت(ئەم ڕۆمـانە نـــوێنەرایەتییەکی دڵســـۆزانەی بێکـــاران و بەڵگەنـــامەیەکی کـۆمەڵایەتی ڕاسـتییەکانی خەبـاتی کرێکـارانە.(٦) شـایانی باسـە لەگەڵ بڵاوبـوونەوەی ڕۆمـانی خۆشەویسـتی لەڕۆژانـی بێکاریـدا هەر زوو ســــــەرنجی نووســــــەران و سیاســــــەتمەداران و ڕۆژنامەنووســـــانی بەلای خۆیـــدا ڕاکێشـــا و لەوەش گرنگتـــر سەرنجی ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی شۆڕشگێڕەی ( چینی کرێکار) ڕاکێشـا کە تێدەکۆشـا بە شـکۆ و لێهـاتووییەوە دەسـت و پەنـجە لەگەڵ هەژاری و نەداری و نەهامەتی ژیان نەرم بکات.

## زمانی ڕۆمانەکە

زمـان لە ڕۆمـانی خۆشەویسـتی لەڕۆژانـی بێکاریـدا، زمـانێکە لەئاست دەق و ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکەدایە.والتەر گرینوود لەم ڕۆمانەیـدا کەیەکەمـین ڕۆمـانییەتی، ئاسـتی زمـانی نووسـینی نەهێنـاوەتە خـوارەوە.بەپێچەوانەوە زمـان لەم دەقەدا ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێت لە وەسـف و دەرخسـتنی شـوناس و مـاهییەتی کـارەکتەر و دۆخ و ئەتمۆسـفیری دەقەکە.نووسـەر لێهـاتووانە زمانی بەپێی مەوقیعییەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان دیاریکردووە.بەواتایەکی تر زمان لەم ڕۆمانە نەکراوەتە قوربـانی هـیچ ڕەگەزێکـی هـونەری، بەڵکـوو هەمـوو ڕەگەزەکـان لەڕێگەی شـائەرکی زمـانی ڕۆمـانەکەوە بە ئاسـتێکی بەرزتـر و بـاڵاتر سپێردراون.زمانی نووسینی ڕۆمانەکە ، هەمان زمانی ئەدەبییاتی سـەرەتای سـەدەی ڕابـردووە، کە بەبەراورد بە زمـانی ئینگلیـزی ئێسـتا، جیاوازییەکـان بەڕوونـی دەبینـرێن.نەک هەر ئەوەش بگـرە زمـانی کرێکـاریی ئەو سـەردەمەیە بەهەمـوو قسـەی نەسـتەق و پەنـد و ئیـدیۆم و میتـافۆرە باوەکانییەوە.لێهـاتوویی نووسـەر لێرەدا دەردەکەوێت کە شـارەزایانە زانیـویەتی هەر کارەکتەرێک دەبێت چۆن بدوێت و چ شـێوازێکی گفتوگۆ و قسـەکردن بەکـار بهێنێـت.بۆیە دەبنـین زمـانی ڕۆمـانەکە، هەمـان زمـانی سـادەی ڕۆژانەی بەکارهاتووی نێو کۆڕ و کۆمەڵی کرێکـارانی سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمی بەریتانیایە.زمانێـک کە لەیەککاتـدا زیـاتر لە ئەرکێـــک ئەنجـــام دەدات.ئەرکـــی دەرخســـتنی شوناســـی کارەکتەرەکان و هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەروەهـا ئەرکی گەیاندنی نـاوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ئەو پەیـامە

سیاسییه چینایەتییەی کە دەقەکە هەڵگریەتی.واڵتەر گرینوودی ڕۆماننووس زۆر سەرکەوتووانە زمانی لەجێگەی خۆی بەکارهێناوە و توانیویەتی ئەوەی مەبەستییەتی بیپێکێت.

ڕۆمانەکە و ڕەنگدانەوەی دۆخی سایکۆلۆژی چینایەتی بێکاران

واڵتەر گرینوودی ڕۆماننووس؛ تێگەیشتنێکی ورد و دروستی لەسەر دۆخی سایکۆلۆژیای چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی بەریتانی هەبووە و لەم ڕۆمانەیدا زۆر زیرەکانە ئیشی لەسەر ڕەنگدانەوەی ئەم دۆخە سایکۆلۆژیاییە کردووە.ڕۆماننووس ئاگایی سیاسی چینایەتی کارەکتەرەکانی ناسیوە و بەرجەستەی کردوونەتەوە.ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا ئاوێنەیەکە ڕێک بەباڵای هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەی بەریتانیی سەرەتای سەدەی بیستەم.زمانی کارەکتەرەکان و هەڵسوکەوت و تێڕوانینی سیاسییان و تێگەیشتن و ناسینی خۆیان کۆی ئەو ئاماژانەن کە نووسەر توانیویەتی سەرکەوتووانە بەرهەمێکی ئەدەبیی(ڕۆمانێک) بنووسێت کە بەمانای وشەکە واقیعی بێت، نەک هەر ئەمەش، بەڵکوو ئەو واقیعیبوونەی ڕۆمانەکەش لە دیدێکی سۆشیالیستانەوە داڕێژراوە.گرینوود نووسەرێکی مارکسیستی سەردەمی خۆی بوو بۆیە دەردە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لەچەشنی بێکاری لەڕادەبەدەر و نەبوونی بیمەی بێکاری و سەعات کاری زۆر و هەقدەستی کەم و نەبوونی هیچ خزمەتگوزارییەکی تەندروستی و فەرهەنگی پێویست و لەسەرووی هەمووشیانەوە نامۆبوون بە بەرژەوەندییە

چینایەتییەکـان وەک چینێکـی کـۆمەڵایەتی و ڕۆڵـی پـارە و هێـزە سـەرکوتگەرەکانی سـوپا و پـۆلیس و دەوڵەتـی ناسـیوە و لێرەشەوە و لەڕێگەی ئەو مەعریفە چینایەتییەوە توانیویەتی تۆن و میزاجـی کارەکتەرەکـان، هێمنـی و بێـدەنگی هەنـدێکیان، پیاوسالاری بۆرژوازییانە و توورەبوون و بەرز و نزمبوونەوەی تێمـپەر و ناسـینی دیاردەکـان و وشـیاری و ئاگایی..تـاد، هەمـوو ئەمـانە بەیەکەوە وێنـای ئەو دۆخ و هەلـومەرجەی پـێ بکـات کە سـایکۆلۆژیای کـۆمەڵایەتی چینـی کرێکـار دەخـولقێنن.بەم پێـیە گرینـوود هەر تەنهـا نووسـەرێک نیـیە و بەڵکـوو وەک سایکۆلۆژیسـتێکیش وێنـای هەلـومەرجە کـۆمەڵایەتی و ئابوورییەکە کردووە.ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی سـەرکەوتنی ئەم ڕۆمـانە چینـایەتییە سۆشـیالیەتییەی گرینـوود کە مێـژووی ئەدەبی بەریتانیی تا ئەمڕۆش شـانازی پێوە دەکات.پێگەی ژن و خێـزان و وابەسـتەبوونی منـداڵ بە خێـزان و باوکسـالاری و گۆشـەگیریی و هـاوڕێیەتی و خەبـات لە ڕۆمـانەکەدا بەجۆرێـک نەخشـێنراون کە یـارمەتی خـوێنەر دەدەن کە زۆر بە ئاسـانی ئاستی کلتوور و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی ئەو قۆناغ و سـەردەمەی کۆمەڵگەی بەریتانیی بناسێت.

### ئەم ڕۆمانە چۆن کرا بە شانۆ و فیلم؟

دوای بڵاوبـوونەوەی ڕۆمـانی خۆشەویسـتی لەڕۆژانـی بێکاریـدا لەسـاڵی ١٩٣٣، ناوبانـگ و سـەرکەوتنێکی باشـی بەدەسـتهێنا و بـووە پڕفرۆشـترینی کتێبـی ساڵ.سـاڵی ١٩٣٤ لەڕێـی شـانۆنامەنووس ڕۆناڵـد گـۆو ئەم ڕۆمـانە بـۆ شـانۆ

ئامادەکرا.یەکەمین نمایشی ئەم شانۆیە لەسەر تەختەی شانۆی مانچستەر ڕیپەرتۆری بوو.قسەکردن لەسەر تەوەرە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان لە بەریتانیا لەڕێگەی هونەرەوە شێوازێکی تازە بوو لەسەر قۆناغ و سەردەمەکە.شانۆنامەکە بەهۆی دوو تیپی جیاوازەوە لەتەواوی بەریتانیا و پاشانیش لە لەندەن و پاریس و نیۆیۆرک، نمایشکرا.ئەمەش بووە هۆی ناووناوبانگی زیاتر بۆ واڵتەر گرینوودی ڕۆماننووس، چونکە ئەم شانۆنامەیە تا کۆتایی ساڵی ١٩٣٥ ملیۆن و نیوێک و تا ساڵی ١٩٤٠ لە بەریتانیا نزیکەی سێ ملیۆن بینەری هەبووە.ساڵی ١٩٦٧ وەک شانۆنامە لە تەلەفیزیۆن تۆمار کرا.مۆسیقای ئەم دەقە شانۆییەش لە ساڵی ١٩٧٠ لەلایەن تێری هەگس و ڕۆبەر گرەی و ئاڵن فلەکەوە ئامادەکرابوو.لەبواری سینەماش ئەم ڕۆمانە ساڵی ١٩٤٠ هەوڵێک درا بکرێتە فیلم بەڵام بۆردی سانسۆری فیلمی بەریتانی(٧) ڕێگەی نەدا و پرپۆزڵەکەی ڕەت کردەوە بەبیانووی ئەوەی (چیرۆکێکی قێزەوەنە لە هەلومەرجێکی قێزەوەندا)(٨).دواجار لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١ دا، دوای ئەوەی بەهۆی جەنگی جیهانی دووەمەوە کە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو، ئەم ڕۆمانە سۆشیالیستییە کرێکارییە بە پرپۆزڵێکی هاوشێوەی جاری یەکەم لەڕێگەی وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە ڕەزامەندی لەسەر درا و لەلایەن دەرهێنەری سینەمایی (جان باکستەر)ەوە کرایە فیلم.بۆڵتنی مانگانەی فیلم وەک گۆڤارێکی لێکۆڵینەوەی هونەریی هاوچەرخ پێیوایە فیلمی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا (فیلمێکە لە ڕیزبەندی باشترین ئەو فیلمانەی کە تا ئێستا بەرهەم هێنراوە.دەرهێنانەکەی نایاب و

وێنەگرتنەکەشی جێگەی ستایش و گروپی کاستیش تابڵێی باش بـوون).(٩)هۆکـاری سـەرەکی لەپشـت سـەرکەوتنی ئەم دەقە، وێنـاکردنی ئەو واقـیعە کـۆمەڵایەتییەی ژیـانی چینـی کرێکـاری بێکـارکراوی بەریتانیـا بـوو کە چـۆن لە ژێـر سـتەم و چەوسانەوەی سەرمایەداراندا، تاریکترین ژیانی پڕ لە نەهامەتی و سەرکوتیان بەسەر بردووە.

**دواقسە**

ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا ڕۆماننووسی کرێکاریی بەریتانی واڵتەر گرینوود، وەک دەقێکی واقیعی و خەباتکارانەی سۆشیالیست کە گوزارشتە لە ژیان و خەباتی کرێکارانی بێکاری بەریتانیـا لە دەیەی سـییەکانی سـەدەی بیسـتەم، گەرچـی بۆرژوازی ڕێگری لێکرد و هەوڵیدا بڵاونەبێتەوە، بەڵام ئاستی هـونەریی و نـاوەڕۆکی خەباتکـارانەی ڕۆمـانەکە سـنوورەکانی هەوڵەکـانی بـۆرژوازی بـڕی و بـوو بە یەکێک لە پڕفرۆشـترین کتێب لە بەریتانیا.دواتریش سەرباری هەر سانسۆر و ڕێگرییەک بـۆ شـانۆ ئامـادەکرا و پاشـانیش کـرا بە فـیلم و تـا ئێسـتاش بەهەزاران خـوێنەر و بیـنەری هەبـووە و هەیە.ئەمەش ئەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنێت کە هەرکـات ئەدەب و هـونەر لە جەرگەی خەبـات و ململانێـی کـۆمەڵایەتی و چینـایەتی نـاو کـۆمەڵگە ئامادەیی هەبوو، ئەوا ئەو ئەدەب و هونەرە جێگەی خۆی لە دڵی ملیۆنـان کرێکـار و ئینسـانی شۆڕشـگێڕ و خەبـاتگێڕی ڕێگـای یەکسـانی و دادپەروەری کـۆمەڵایەتی دەکاتەوە.ڕۆمـانی خۆشەویسـتی لەڕۆژانـی بێکاریـدا، شـاکارێکە دەبێـت هەمـوو

کرێکارێک بیخوێنیتەوە.بەو ئومێدەی ڕۆژێک بێت وەربگێردرێتە سەر زمانی کوردی و خوێنەری کوردزمانیش لەم شاکارە ناوازەیە بێبەش نەبێت.خراپیش نابێت ئەم کورتە نووسینە بەو وەڵامەی لاری میس نوێنەری بێکارانی خۆپیشاندەران و پاڵەوانی سۆشیالیستی ڕۆمانەکەی واڵتەر گرینوود کۆتایی پێبهێنین کە لە بەرانبەر قسەی لێپرسراوێکدا کە دەڵێت بەرپرسان ئامادەنین کاروبارە گرنگەکانیان دوابخەن بۆ ئەوەی نوێنەرانی بێکاران ببینین، لاریش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت(هیچ کاروبارێک لە کاروباری پرۆلیتاریای برسی گرنگتر نییە).(١٠)

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١)والـتەر گرینـوود(١٩٠٣ – ١٩٧٤) ؛ ڕۆماننووسـی بەریتـانی لەخێزانێکـی کرێکاریی سەر بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی( باوکی سـەرتاش و دایکیشـی لە چێشـتخانەیەکدا وەک بەردەسـت کـاری کـردووە)، لەدایـک بووە.بنەمـاڵەی دایکی گرینوود سەر بە ڕێکخراوە کرێکارییەکان و هەروەها وەک باوەڕیش سۆشیالیست بوون بەجۆرێک کە دایکی گرینوود ڕەفی کتێبخـانەکەی بـاوکی گرینوودی بە کتێبی سۆشیالیستی پڕکردبووەوە.گرینـوود لە کـاتی بێکاریدا بۆ حیزبی کار، کاری کردووە.دوای ئەوە دەبێتە ڕاوێژکـار و دەسـت دەکات بەنووســـینی کورتەچیرۆک.پاشـــان بێکـــار دەکرێـــت و ئینجـــا بـــیمەی بێکارییەکەشی دەبڕن.گرینوود لەیاسا و ڕیسـاکانی ئەوکاتی بۆرژوازی بێزار دەبێت، لەساڵی ١٩٢٩ دوای ئەوەی هەقی سێ مانگ مووچەی وەک تاپسـیت نادرێتی، ئەویش ئامێری تایپکردنەکە لە کۆمپانیاوە دەبات بۆ خۆی و دەست دەکات بە نووسینی چیرۆکی خەڵکی بەشـمەینەتی هـانکی پارک.سـاڵی ١٩٣٢ لەکاتی بێکاریدا، گرینـوود یەکەمـین ڕۆمـانی خۆی، خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریـدا دەنووسـێت.گرینوود یـازدە ڕۆمـان و سـێ کتێبـی نووسـین و یـادەوەری بڵاودەکـاتەوە.ئەمە جـگە لەوەی ژمـارەیەک لە بەرهەمەکـانی ئامـادەکراون بـۆ شـانۆ و کـراونەتە فیلم.گرینـوود لەتەمەنـی حەفتـا سـاڵیدا، لەسـاڵی ١٩٧٤ بە مێژوویەکـی گەشـاوە و پـڕ لە شـانازی چینـایەتییەوە بـۆ هەمیشە ژیان و خەبات و نووسین لەپێناو ئینسان، جێدێڵێت.

(٢)مـانگرتنێکی گشـتی بـوو کە لە بەریتانیا ئەنجامدرا، لە چوار تـا دوانزەی ئایـاری ١٩٢٦ خایانـد و لەسـەر بـانگەوازی ئەنجـوومەنی گشـتی کـۆنگرەی سەندیکاکانەوە بانگەوازی بۆ کرا.ئەم مـانگرتنە مێژووییە لەلایەن کرێکـارانی بەریتانیـاوە کە نـوێنەرایەتی نـاڕەزایی ملیۆنـان کەسـیان دەکـرد وخوازیـاری گۆڕانکاری بوون لە سەرانسـەری وڵاتـدا، بەڕێوەچوو.هەرچەنـدە ملیۆنێک و حەوت سـەد هەزار کرێکار هـاتنە سـەر جـادە، بەڵام سـەرکەوتوو نەبوون لە بەدیهێنـانی داخوازییەکانیـان کە بریتیبـوون لە ڕێگریکـردن لە کەمکـردنەوەی هەقدەست و باشتربوونی هەلومەرجی کار.

(٣)حیزبی کار؛ وەک حیزبێکی سیاسی سۆشیال دیموکرات ساڵی ١٩٠٠ لە بەریتانیا، دامەزرا.ئەم حیزبە لایەنگری بزووتنەوە سۆشیال دیموکراتەکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکان بوو.مێژوویەکی درێژی هەیە و بە گەلێ قۆناغ وئاڵوگۆڕدا تێپەڕیووە و هەتا ئەمڕۆش لەگۆڕەپانی سیاسی بەریتانیا بوون و چالاکی سیاسی هەیە.

(٤)بزووتنەوەی نەتەوەیی کرێکارانی بێکار؛ ڕێکخراوێکی کرێکارانی بێکاری بەریتانیا بوو و لەساڵی ١٩٢١ لەلایەن ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی بەریتانیا، هاتە دامەزراندن.ئامانجی ئەم ڕێکخراوە؛ ڕاکێشانی سەرنج بوو بۆ دۆخی نالەباری کرێکارانی بێکار لە قەیرانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و مانگرتنی گشتی ساڵی ١٩٢٦ و دواتر قاتوقڕییە گەورە و بەرەنگاربوونەوەی دەزگای پێدانی بیمەی بێکاری بوو لە بەریتانیا.ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتای جەنگی جیهانی دووەمدا ، واتە لە ساڵی ١٩٣٩ قەدەغە کرا و بڕیاری کۆتاییهێنان بەو بزووتنەوەیە لە ساڵی ١٩٤٣دا، درا، دواجار لە ساڵی ١٩٤٦ هەڵوەشایەوە.لە ماوەی ساڵانی ڕابردووشدا چەندین هەوڵ دراوە بۆ زیندووکردنەوەی ئەم بزووتنەوەکە کە ئاخرینیان لە دەوروبەری ساڵی ١٩٩٢ بوو.

(٥)
https://reading19001950.wordpress.com/2018/01/12/love-on-the-dole-by-walter-greenwood-1933/

(٦)http://www.screenonline.org.uk/film/id/485682/index.html

(٧)بۆردی سانسۆری فیلمی بەریتانی؛ ڕێکخراوێکی ناحکومیی بوو کە لەلایەن پیشەسازی فیلمی بەریتانیاوە لە ساڵی ١٩١٢ دامەزرا و بەرپرسیار بوو لە پۆلێنکردنی نەتەوەیی و سانسۆرکردنی ئەو فیلمانەی کە لە سینەماکان و بەرهەمە ڤیدیۆییەکان نمایش دەکران و لە میدیای فیزیکی لە ناوخۆی بەریتانیا، بڵاودەکرانەوە.

(٨)http://www.screenonline.org.uk/film/id/485682/index.html

(٩) The Monthly Film Bulletin, Published by The British Film Institute, Volume 8, No.88, April 1941, page 43.

(١٠) Love on the Dole, Walter Greenwood, Penguin Modern Classics.1976, page 200.

تێبینـــی: ئەم بـــابەتە لە ڕۆژنـــامەی ڕەوت ژمـــارە ٣٢ ی ســـاڵی ٢٠٢٤، بڵاوبووەتەوە.

# ڕۆمانی جێرمیناڵ؛
# وێنای ژیانی کرێکاران لەنێوان بێمافی و تێکۆشاندا!

تشرینی دووەمی ٢٠٢٤

## بەراییەک سەبارەت بە ڕۆمانی جێرمیناڵ

ڕووداوەکانی نێو ئەم ڕۆمانە دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بەتایبەتیش ساڵی ١٨٦٣ی فەرەنسا.فۆکسی گشتی ڕۆمانەکە لەسەر هەلومەرجی ژیانی فەلاکەتباری کرێکارانی کانی خەڵووزی ڤۆرۆکسە لە باکووری وڵاتی فەڕەنسا کەلە ناهەموارترین هەلومەرجدا ژیانیان دەگوزەراند.نەبوونی هیچ بیمەیەکی تەندروستی و بێکاری، کرێی زۆر کەم، کاری زۆر و لەڕادەبەدەر، ناسەلامەتی شوێنی کار، هەژارییەکی بێئەندازە، بەکورتی ژیانی کرێکارانی کانەکانی خەڵووز لە فەرەنسا لەو سەردەمەدا لەنێوان برسێتی و کۆیلەتیدا گیری خواردبوو.ڕۆمانی جێرمیناڵ؛ کە سێزدەهەمین ڕۆمانە لە زنجیرەی ڕۆمانەکانی ( ڕۆگن ماکوارت)ی ئەمیل زۆلا(١) کە

بیست بەرگن بۆ زیاتر لە سەد زمانی جیاجیا کاری وەرگێڕانیان بۆ کراوە و چاپ و بڵاوبوونەتەوە.هەروەها جێرمینال بووەتە بابەتی سەرەکی بۆ پێنج فیلم و دوو بەرهەمی تەلەفزیۆنی.ڕۆمانی جێرمینال لە نێوان نیسانی ١٨٨٤ و کانوونی دووەمی ١٨٨٥ نووسراوە، بۆ یەکەمجار لە نێوان تشرینی دووەمی ١٨٨٤ و شوباتی ١٨٨٥ لە گۆڤاری وەرزی (گیل بلاس)دا بە زنجیرە بڵاوکراوەتەوە،(٢) پاشان بۆ یەکەمینجار لە مانگی ئازاری ١٨٨٥ وەک کتێبێکی سەربەخۆ، چاپ کراوە.ناوی ڕۆمانەکە (جێرمینال) ئاماژەیە بۆ ناوی مانگی حەوتەم لە ساڵنامەی کۆمارییەکانی فەرەنسا، کە لە ٢١ ی ئازارەوە دەست پێدەکات تا لە ١٩ ی مانگی نیسان کۆتایی دێت.وشەی جێرمێن وشەیەکی لاتینییە و بە واتای "تۆو" دێت؛ ڕۆمانەکە باس لەتۆوی هیوایەک دەکات بۆ داهاتوویەکی باشتر کە لەنێو خەباتی چینی کرێکاری فەڕەنسا چەکەرە دەکات(٣) ڕۆمانی جێرمینال تەواوی سروشت و چوارچێوی ڕێبازی سروشتگەرایی تێکدەشکێنێت و ستراکتۆری خۆی لەسەر ڕیالیزم، دادەمەزرێنێت.

## ڕۆمانی جێرمینال چۆن نووسرا؟

دەیەی شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم چینی کرێکاری فەرەنسا بەگشتی و کرێکارانی کانەکانی خەڵووز بەتایبەتی لە بارودۆخێکی فەلاکەتباردا دەژیان.چەندین مانگرتنی کرێکاریی بەرپا بووبوو.بزووتنەوەی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی لەپەرەسەندندا بوون.نووسراوەکانی مارکس و ئەنگڵس و بەتایبەتیش مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست لەساڵی ١٨٤٨

بڵابووبووەوە، گرنگترین ڕووداوی سیاسی لەمێژووی فەرەنسا ڕوویـدابوو و شۆڕشـی فەرەنسـای سـاڵی ١٨٤٨ و کۆمـۆنەی پـاریس بە هەمـوو دەسـتکەوت و شکسـتەکانییەوە ئەزمـوون کرابـوون.(٤)ئەم مێـژووە خوێنـاوییە چینـایەتییەی فەرەنسـا زۆلایان بەو قەناعەتە گەیاند کە پێویستە ڕۆمانێک بنووسێت لە چوارچێوەیەکی هونەری باس لە کاری سۆشیالیستی و چالاکی شۆڕشگێڕانە بکات.ڕۆمانەکە لە ژێر کاریگەری ئەو تارمایی ئەو بیروباوەڕە کۆمۆنیستییەی کە خەریک بوو بە ئەوروپادا بڵاو دەبـووەوە، نووسـراوە.ڕۆمانی جێرمینـاڵ گێـڕانەوەیەکە لە مانگرتنی کرێکاران کانەکانی ڤۆرۆکس لە باکووری فەرەنسا، کە ئەتیـان لانتییێـری سۆشیالیسـت ڕابەرایەتـی مـانگرتنەکە دەکات.کارەکتەرەکـانی ڕۆمـانەکە نـوێنەرایەتی بەرژەوەنـدی و تێڕوانینـی کـۆمەڵایەتی جیاجیـا دەکەن.ڕۆمـانی جێرمینـاڵ مێـژوویەک وێنـا دەکـات کە کرێکـاران دەسـت دەکەن بە دۆزینـەوەی دەنگێکـی سیاسـی و خەباتکـارانەی نـوێ، لەدۆخـی دۆزەخئاسای کانەکاندا کە بارودۆخی کارکردن ناتەندروست و مەترسیدارە.کرێکارەکان بەناچاری دەبوو گەلێ کاری زیادەی تر بکەن بێئەوەی هیچ پوولێکیان پێبدرێت.زیادکردنی هەقدەست و باشترکردنی هەلومەرجی کار دەبێتە چەخماخەی ناڕەزایەتی کرێکاران.بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە کرێکارانی کانەکانی خەڵووزی ڤۆرۆکس لە بەرامبەر ئەم بارودۆخە نا تەندروستەی کار و ئەو بەرخـوردە نائینسـانییەی خـاوەن کارەکـان، خەبـات دەکەن بـۆ پاراستنی بەها ئینسانییەکانیان.کرێکاران لەلایەکەوە ژیانی پڕ لە نەهامەتی خۆیان دەبینن و لەلایەکی تریشەوە ژیانی خاوەن کان و سـەرمایەداران دەبینـین، بە خـانووە بەرز و گەورەکانیـان، بە

مــۆده و برانــــده پاریســـەکانیان و بە ئەســـپ و گالیســـکە و ئاهەنگەکانیـان.ئەم نـادادپەروەرییەی سیسـتەمی سـەرمایەداری، کرێکـــاران تـــوورەتر و ســـوورتر دەکـــات بـــۆ بەدەســـتهێنانی داخوازییەکانیان.ڕۆمـانەکە و تەنـانەت فیلمـی جێرمینـاڵیش گـاپی نێـــوان هەژاران و دەوڵەمەنـــدان زۆر واقیعییـــانە خســـتووەتە ڕوو.(٥) زۆلا لەم ڕۆمانەیدا هەر ڕەخنە لە سەمایەداری ناگرێت، بەڵکـــوو ڕەخـــنە لە ناهۆشـــیاری و هەروەهـــا لەتێـــڕوانین و بیرکردنەوەی ناشۆڕشگێڕانەی کرێکارانیش دەگرێت.ئەمیل زۆلا لەنووســـــینی ڕۆمـــــانی جێرمیناڵـــــدا دوو ئامـــــانجی گرنـــــگ دەپێکێت.یەکەمیـــان وێنـــاکردنی ژیـــان و خەبـــاتی کرێکـــارانی فەرەنسـایە لە سـەدەی نۆزدەهەم.دووەمیـان نیشـاندانی ئومێد و هیـــوایە بە ڕزگـــاربوون لە ژیـــانی دۆزەخ ئاســـا؛ بەپێشـــەنگی و ڕابەرایەتی چینی کرێکار و بەئامانج و ئاسۆی سۆشیالیزم.(٦) لە ســالّی ١٨٨٤ ئەمیـل زۆلا گەشـتێک بـۆ مـوجەمەعێکی کرێکـاریی فەرەنســـا دەکـــات تـــا بەوردی ئاگـــاداری بـــارودۆخی ژیـــان و کارکردنی کرێکارانی کانەکانی خەڵووز بێت.زۆلا ئەم ڕۆمـانەی لەسەر ئەو ئەزموونەی نووسی.

## ئەمێل زۆلا و پەیامی ڕۆمانەکە

پەیامی کۆمەڵایەتی – سیاسی  دەقی جێرمینـاڵ، زۆر بەسـادەیی دەتوانرێـت لەگەڵ یەکەم بەرکەوتنـی لەگەڵ خـوێنەردا ببینرێـت؛ ئەویـــش خەبـــاتکردنە دژ بە ســـتەم و بێمـــافی و بنیادنـــانی دوارۆژێکـــــــی خـــــــاڵی لە چەوســـــــانەوەیە.ڕۆڵی ئەدەب لە بەرجەســـتەکردنەوەی ئەم خەبـــاتە لە ململانێـــی چینایەتیـــدا و

نیشاندانی ئاسۆ و ئامانجی خەباتکارانەی پرۆلیتاریا دژ بە ستەم و چەوسانەوەی بۆرژوازی، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ئەدەبی واقیعی و سۆشیالیستی.ئەدەب و هونەر دەتوانن بەشدار بن لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لەپێناو باشترکردنی ژیان و بەئینسانیبوونی کۆمەڵگە.پەیامی جێرمینالْ، چینێکی کۆمەڵایەتییە کە بڕیارە نەخشەی دواڕۆژی ڕزگاری بەشەرییەت لەسەر دەستی ئەو ئەنجام بدرێت.زۆلا بەپێچەوانەی ڕۆماننووسەکانی سەردەمی خۆی، زۆر بەدروستی و وردی لە چەمکەکانی خەباتی چینایەتی و سۆشیالیزم و ستەم و چەوسانەوە تێگەیشتووە و توانیویەتی دەقێکی جوان و شۆڕشگێرانە پێشکەشی چینی کرێکار و مرۆڤایەتی بکات.ڕۆمانەکە بە هاتنی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە ئەتیان(٧) بۆ موجەمەعێکی نزیک لە کانەکانی خەڵووز دەرهێنان دەست پێدەکات کە دانیشتوانەکەی لە کانەکانی ڤۆرۆکس خەریکی کرێکاریین و لەلایەن کۆمپانیاوە دروست کراوە و ئەو موجەمەعەش بە چەندین بەرهەمی کشتوکاڵیی وەک گەنمەشامی و چەوەندەر دەورە دراوە.ئەتیان بەدوای کاری میکانیکیدا دەگەڕێت.سەرەتا پێیدەڵێن کە کاری میکانیکیان نییە و پاشان بەناچاری وەکو کرێکاری کانی خەڵووز دەست بەکار دەبێت.ئەتیان یەکەمین بەرکەوتەی لەگەڵ خێزانی ماهیو دەبێت کە حەوت کەسن و سەرجەمیان پێکەوە لە ماڵێکی سارد و شێداردا دەژین.ئەوان بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانیان، کاری تاقەتپروکێن دەکەن و هەمان چارەنووسی برسێتیش چاوەڕێی منداڵەکانیان دەکات.لەگفتوگۆی نێوان ئەتیان و ماهیو ئەم دوو رستەیە زۆر سەرنجڕاکێشن:

- خۆ هەموو ڕۆژێک گۆشت ناخۆن.

- گۆشتی چی، تۆ بڵێ نان دەست دەکەوێت.

- ڕاستە ئەوە هەقیقەتە، تۆ بڵێ نان دەست دەکەوێت.) (٨)

لەو سەردەمەدا و لەو کانە خەڵووزییانەدا سەرمایەداران بەوردی حیسابیان بۆ کرێی کارکردن کردبوو، بەجۆرێک کە کرێکارەکان هەرگیز نەتوانن ئەوەندە سەرمایەی پێویست کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی کانەکان بەجێبهێڵن، یان بچن کارێکی جیاوازتر بکەن.

سروشتی کارەکە ئاوایە کە کرێکارەکان لەنێو قەفەس کەوەک ئەسانسۆرە چەشنی کۆیلە دادەبەزێنرێنە نێو قووڵایی کانەکە کە ٥٥٤ مەتر لەژێر زەوییەوەیە کە پلەی گەرما لەو چاڵانەدا زیاتر لە ٤٠ پلەی سەدییە.ئەوان بە سەعات کار ناکەن، بەڵکوو بە قەبارەی ئەو خەڵووزە پارە وەردەگرن کە دەریدەهێنن.وەسفی ڕۆمانەکە لە شوێنی کار تا بڵێی وردبینییانە نووسراوە.ئەتیان کارەکتەری سۆشیالیست و پاڵەوانی ڕۆمانەکە تەنها جێگەی نووستنێک لەماڵی ماهیو بەکرێ دەگرێت.ئەتیان لەگەڵ یەکەمین بینینی کچەکەی ماهیو ( کاترین) دڵی دەچێتە سەری، هەرچەندە کچەکە لەپەیوەندی سۆزداریدایە لەگەڵ کرێکارێکی تر.ئەم ڕازەی ئەتیان و کاترین تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەنهێنی دەمێنێتەوە.پاش ماوەیەک کرێکارەکان دەست بە خەبات و بەرگری لەخۆیان دەکەن و لێرەوە کۆمەڵێ ڕووداو دێنە پێشەوە کە گرنگترینیان یاخیبوون و ڕاپەڕینە دژ بە برسێتی.لەلایەکەوە ژنان هێرش دەکەنە سەر کۆگای بازرگانی گوندەکە کە تا ئەو چرکەساتە زۆر نائینسانانە دۆخی هەژاری ژنانی دەقۆستەوە و

لەبەرانـــبەر قەرز و یارمەتیـــدانیان، هەڵدەســـتا گێچەڵـــی ســـێکی پێدەکردن.ژنانیش لەڕۆژی ڕاپەڕیندا بازرگانەکە دەگرن و سزای توندی دەدەن و دەیکوژن و ئەندامی نێرینەی دەبڕن و دەیکەنە دەمییەوە.هاوکـــات کرێکـــارانیش مانـــدەگرن و لەم مـــانگرتنەش بەهـــۆی تێروانینـــی ئانارشیســـتانە و گرێـــی تـــۆڵەکردنەوەوە کرێکارەکان، هێرش دەکەنە سەر کانەکان و ئامێرەکان دەشکێنن و هەروەها لەو کرێکارانەش دەدەن کە لەسەر داوای خاوەن کار کـــار دەکەن و پشـــت لە هاوچارەنووســـانیان دەکەن.دروشـــمی سەرەکی مـانگرتنەکە ( نانمـان دەوێت..نانمـان دەوێت) و ( مەرگ بـۆ کرێکـارە مـانگرتن شـکێنەکان) و ( مەرگ بـۆ بـۆرژوازی و دامەزرێ سۆشـیالیزم) بـوون.(٩) خـاوەن کانەکـانیش ســـەرەتا نزیک بە ٤٠٠ و پاشان زیاتر لە ٥٠٠ سەرباز و پۆلیسی چەکدار دێنن، تا بەرگری لە خاوەن کار و کانەکان بکەن.کێشمەکێشێکی زۆر دەکەوێتە نێوان کرێکارەکان و هێزەکانی پۆلیس.سـەرەنجام بەهۆی تەقەکردنی پۆلیس لە کرێکارانی نـاڕازی و کوشـتنی ١٤ کەس و برینـدارکردنی ٢٩ کەس کە دوو منداڵ و سێ ژن لەنـاو بریندارەکانـدا هەبـوون ئەمە جگە لە دەسـتگیرکردنی ژمـارەیەک کرێکاری ناڕازی.بەم سەرکوتە خوێناوییە مانگرتنەکە کۆتایی پێ دەهێنرێـــــت و ســـــــەرکەوتن بەدەســـــت ناهێنێت.ڕۆژنـــــامە ئۆپۆزیســـیۆنەکان لە پـاریس بەمانشـێکی گەورە و لەیەکەمـین لاپەڕەیانـدا هەواڵی قوربانییەکـان و ئەو سـەرکوتە خوێناوییەیـان بـڵاو دەکـردەوە.دوای مـانگرتنەکەش مـاوەیەک بەوجـۆرە ژیـان بەردەوام دەبێـــت تـــا شـــەوێک بەهۆکـــاری تۆڵەســـەندنەوەوە، کرێکارێک کە زەفەر بە پایەکانی کانەکە دەبات و تێکیان دەدات، کـانەکە ئـاو دەچێـتە نـاوییەوە و بـۆ ڕۆژی دووایـی کاتێـک

کرێکارەکان دەچنە ناو قوڵایی کانەکانەوە، لەوێدا ڕووبەڕووی ئـــاو و دارمـــانی کـــانەکە دەبـــنەوە و ژیانیـــان دەکەوێـــتە مەترسییەوە.کۆمەڵێک کرێکار لەنێویاندا ئەتیان و کاترین لەناو کانەکە گیر دەخۆن.لەوساتەدا، ڕاستی دەزگیرانەکەی کاترین دەردەکەوێت کە چەند خۆپەرستە و دەیەوێت خۆی دەرباز بکـات و کـاترینی مەعشـوقی جێبێڵێت.ئەتیـان لەگەڵ کـاترین دەمێنێتەوە و پاش ماوەیەک لەگیرخواردن کاترین گیان لەدەست دەدات و ئەتیـانیش لەلایەن تیمەکـانی فریـاکەوتنەوە ڕزگـار دەکرێت.دوای ئەو کارەسات و ڕووداوە تراژیدیانە، ئەتیان بڕیار دەدات گوندەکە و کانەکان و هاوڕێ کرێکارەکانی جێبهێڵێت و لەپێناو خەبات بۆ سۆشیالیزم بەرەو پاریس بڕوات.بەمشێوەیە ئەو کێشمەکیش و ناڕەزایەتی و مانگرتنانە ئەزموونێک لەدوای خۆیاندا جێدێڵن کە نەوەکانی داهاتوو بتوانن بەسوودوەرگرتن لەو ئەزموونانە، ئومێدێک بەژیان و خەباتیان ببەخشن لەپێناو کۆتایی هێنان بەو ستەم و بێمافییەی ژیانیان.

## فیلمی جێرمیناڵ (١٩٩٣)

فیلمی جێرمیناڵ هەر لەیەکەم دیمەنەوە تا دووا دیمەن هەڵگری باکگراوندێکی تاریکە.ژێرزەوی و سەرزەوی تاریکن.ڕووناکی کەمترین جێگای هەیە ئەویش تەنها لەناو ماڵە بۆرژوازی و سەرمایەدارەکان دەبینرێت.بەواتایەکی تر دەرهێنەر بەچاوی سەدەی نۆزدەهەمەوە فیلمەکەی دەرهێناوە.فیلمەکە بۆ زۆرێک لە بینەران پێدەچێت پڕ بێت لە تاریکی و بێئومێدی.کاریگەری گشـــتی فـــیلمەکە هاوشـــێوەی کـــاریگەری ڕۆمـــانەکەی

زۆلایە.شوێنکات بە شێوەیەکی واقیعی وا نیشاندراوە کە بینەر بتوانێت ئەزموونی بکات.فیلمی جێرمینالْ وێنەیەکی دراماتیکیی وای بۆ ڕووداوەکانی مێژووی خەباتی کرێکارانی سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنسا خستۆتە بەرچاو، کە تا ئەوکات بەوجۆرە واقیعییە ڕوون و گەشە، نەبینرا بوو.کلۆد بێری دەرهێنەری فیلمی جێرمینالْ ڕوحی بەبەر ڕووداوە مێژووییە چینایەتییەکاندا کردووە.فیلمەکەی بێری بەجۆرێک بەرهەم هێنراوە کە دیمەنی ورد و درشتی گوند و کانەکان بەجۆرێک پیشان دراون ئەوەندە قەناعەت پێکەرن کە بینەر وا دەزانێت لە شوێنکاتی سەدەی نۆزدەهەمدا وێنەی گیراوە.فیلمەکە لە ساڵی ١٩٩٣ دا بەرهەمهێنراوە و تێچووی فیلمەکە ٣٠ ملیۆن دۆلار بووە و لەڕیزبەندی پلەی یەکەمی بۆکس ئۆفیسی فەرەنسادا بوو و داهاتی لەهەفتەی یەکەمدا(٥.٢ ملیۆن دۆلار) بوو کە لە هەفتەی یەکەمدا لە ٣١٤ سینەما و لە هەفتەی دووەمدا فراوان بووەوە بۆ ٤٥٦ سینەما و لە پلەی یەکەمدا مایەوە داهاتی هەفتەی دووەم گەیشت بە (٦.٥ ملیۆن دۆلار)و بۆ هەفتەی سێیەم هەر لە پلەی یەکەم مایەوە.فیلمی جێرمینالْ ٦,١٦١,٧٧٦ کەس لە فەرەنسا ئامادەی بینینی بوون و بووە چوارەمین فیلم لەمێژووی فەرەنسا کە زۆرترین بینەر ئامادەی بینینی بوون.داهاتی فیلمەکە لە سەرانسەری جیهاندا ٣٦.١ ملیۆن دۆلار بووە.(١٠) کلۆد بێری لەڕێگەی ئەم فیلمەوە سینەمای کرێکاریی بردە ئاستێکی بەرزتر و بەمەش هونەری سینەمای کرێکاریی ڕەونەقدارتر کرد..زمانی ڕۆمانەکە و فیلمەکە هەر هەمان زمانی ئاسایی قسەکردن و ڕۆژانەی ئەو سەردەمەی کرێکارانی فەرەنسایە.دیارە

بەدڵنیاییەوە زمانی ئەم شاکارەکە بەپێی ئاگایی سیاسی کارەکتەرەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

## کۆتایی

ڕۆمانی جێرمیناڵ؛ وەک دەقێکی ئەدەبی کلاسیکیی بەڵام واقیعی و سۆشیالیستیی سەدەی نۆزدەهەم، باس لە ژیان و خەباتی کرێکارانی کانەکانی خەڵووز لە باکووری وڵاتی فەرەنسا دەکات.ئەمیل زۆلا پاش شەش مانگ لە ژیانکردن لەنێو کرێکارانی کانەکانی خەڵووز و چاودێریکردنی دۆخی کۆیلەئاسای کرێکاران و هەروەها لەژێر کاریگەری ڕووداوە مێژوویییەکانی فەرەنسا و کۆمۆنەی پاریس، ئەم بەرهەمە ناوازەیە دەنووسێت.زۆلا لەم ڕۆمانە کرێکارییەیدا زۆر بەوردی شوێنکاتی دیمەنەکان و پاڵەوانەکان و زمانی گفتوگۆی کارەکتەرەکانی هەڵبژاردووە و توانیویەتی نەخشەی چنینی ڕووداوەکان و هێڵی درامیی ڕۆمانەکە دیاری بکات و لەجەرگەی واقیعی کۆمەڵگەوە، دەقێکی واقیعییمان بۆ بەرهەم بهێنێت، کە ببێتە بەشێک لە بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی جیهانیی.زۆلا زیرەکانە نەک هەر تەنها عەشقێکی ناکام، بەڵکوو وێنای مانگرتنێکی کەم وێنەشمان لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری فەرەنسا بۆ دەکێشێت.ئەم ڕۆمانە هەربە تەنها لە چوارچێوەی زمانی فەرەنسیدا نەمایەوە، بەڵکوو وەرگێڕدرایە سەر سەدان زمانی تر و چەندین جاریش کراوەتە فیلم و درامای تەلەفیزیۆنی.ڕۆمانی جێرمیناڵ تا ئێستاش لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبیاتی کرێکاریی و سۆشیالیستیدا زیندووە و

کـاریگەری بەسـەر نەچـووە و تـا سیسـتەمی چەوسـێنەری چینایەتی سەرمایەداری مابێت، ئەو زیندووبوون و کاریگەرییەی ڕۆمانی جێرمینالیش هەر دەمێنێت.

## سەرچاوە و پەراوێز:

(١)ئەمیل زۆلا؛ ناوی تەواوی ئەمیل ئێدوارد چارڵس ئەنتۆین زۆلایە و یەکێکە لە ڕۆماننووس و ڕۆنامەنووس و شانۆنامەنووسە بەناوبانگەکانی فەرەنسا، لە ساڵی ١٨٤٠ لەدایک بووە و لەساڵی ١٩٠٢ ژیانئاوایی کردووە.زۆلا سەر بە قوتابخانەی ئەدەبی سروشخوازی یان سروشتگەرایی بووە.خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبییە کە وەرگێڕاونەتە سەر زمانە جیاجیاکانی جیهان.ڕۆمانی جێرمینالْ یەکێکە لە گرنگترین ڕۆمانەکانی و تەنانەت بە شاکارێکی ناوازەی زۆلا ناوزەد دەکرێت.

(٢)گیلْ بلاس؛ گۆڤارێکی دەورەیی ئەدەبیی بوو لە پاریس کە بەناوی ڕۆمانی گیلْ بلاس لە نووسینی ئالان ڕێنی لێساژەوە ناونرا، لەلایەن پەیکەرتاش ئۆگستین ئەلێکساندەر دومۆنت لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٧٩ دامەزراوە.

(٣)(https://en.wikipedia.org/wiki/Germinal_(novel

(٤)کۆمۆنەی پاریس( ١٨ ی ئازار – ٢٨ی ئایاری ١٨٧١) یەکەمین دەسەلات و حکومەتی کرێکاریی لەمێژووی فەرەنسا و جیهان.ئەم ئەزموونە مێژووییەی کۆمۆنەی پاریس گەرچی شکستیان پێهێنا، بەلام بوو بە بناغەی گرنگترین دەستکەوتی سیاسی چینایەتی کرێکاران کە تا ئەمڕۆش و تاهەتا ئەو دەستکەوتە سیاسییە چینایەتییانە وەک هیمۆگلۆبین بەنێو دەمارەکانی خەباتی چینایەتی ئەنتەرناسیونالی کرێکاراندا دێن و دەچن.

(٥)لێرەدا حەز دەکەم ئەوە بگێڕمەوە کە لەساڵی ١٩٩٠، واتە چەند مانگێک پێش ڕاپەڕینەکەی کوردستان، ئەوکات لەچاوەڕوانی لەدایکبوونی منداڵی دووەمم بووین، ڕۆمانی جێرمینالم بە کورتکراوەیی دەستکەوت و خوێندەوە.ئەو دەقە کورتکراوەیە لە بلاوکراوەکانی (کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکاری کوردستان) ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو.ناوی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لەبری ئەتیان، ئاتین نووسرابوو.بۆیە کاتێک منداڵی دووەممان بوو ناومان نا (ئاتین).

(٦)جێی خۆیەتی لێرەدا بەرچاوڕوونییەک بۆ تێڕوانینی سۆشیالیزم لە ڕۆمانی جێرمینالّدا بکەم.ئەتیان کە کارەکتەری سەرەکی و ڕابەری کرێکارانە، هەڵگری بیروباوەڕی سۆشیالیستییە بەڵام زۆربەی کرێکاران ئەنارشیستانە بیر دەکەنەوە.بۆیەش لە نارەزایەتی و مانگرتنەکاندا، کرێکارەکان پەنا دەبەنە بەر تالان و بڕۆ و شکاندنی ئامێرەکانی کارگە، هەرچەندە ئەتیان هەوڵی دەدا ڕێگرییان لێبکات و بۆی روون دەکردنەوە، بەڵام بێسوود بوو.

(٧)https://www.rogerebert.com/reviews/germinal-1994

(٨) Emile Zola, Germinal, Translated and an Introduction by Leonard Tancock.Penguin

. Books, 1987, page 22

(٩) Emile Zola, Germinal, Translated and an Introduction by Leonard Tancock.Penguin

. Books, 1987, page 342

(١٠)وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا ژمارەیەک فیلم لەم ڕۆمانەوە بەرهەمهێنراون، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە فیلمەکەی دەرهێنەر (کلۆد بێری)یە، نەک فیلمەکانی تر.(https://en.wikipedia.org/wiki/Germinal_(1993_film

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری وانەر ژمارە...ساڵی ٢٠٢٥ ، بڵاوبووەتەوە.

# دیوانی (شیوعیون)ی تۆفیق زیاد و کورتە خوێندنەوەیەک بۆ شیعرەکانی

ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤

## دەروازەیەکی کورت

لە مێژووی خەبات و بەرەنگاربوونەوە دژ بە ڕژێمی ئیسرائیل و دەست درێژییەکانی ئەو ڕژێمە بۆ سەر خەڵکی سیڤیڵ و بێدیفاع، نـاوی گەلـێ شـاعیرمان بەرچـاو دەکەوێـت کە بە تێڕوانینـی سیاسـی و چینـایەتی جیاجیـا، بەڵام بە وشـە دژ بە سـتەم و بێمافی و چەوسانەوە جەنگاون.لە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی بەرەنگاری فەلەستینیی، زۆربەمان بە ناوەکانی سەمیح قاسم و غەسان کەنەفانی و فەدوە تۆقان و مەحموود دەرویش و تۆفیق زیاد(١) و عەزەدین مناسرە و خالد ئەبو خالد و فەواز عید و محەمەد قەیسی و ڕاشد حوسێن و موعین بەسیسۆ و حەنا ئەبو حەنا و مورید بەرغوثی و ئەحمەد دەحبور و ئەمیل حەبیبی ئاشناین و کەم تا زۆر بەرهەمەکانیانمان خوێندۆتەوە و دەزانـین چـۆن بەگـژ سـتەمدا چـوونەتەوە.بەپێی بۆچـوونی ڕەخنەگرانی ئەدەبی بەرەنگاری فەلەستین، شاعیرانی بەرگری فەلەستینی بەسەر دوو ئاراستەدا دابەش دەبن.ئاراستەی یەکەم؛ شاعیرانی بەرگرییە کە ئەوانیش ( مەحمود دەروێش و سەمیح

قاسم و تۆفیق زیادن.ئاراستەی دووەم؛ شاعیرانی شۆڕشن کە بریتین لە عەزەدین مناسرە و مورید بەرغوثی و ئەحمەد دەحبور.(٢) بەڵام لەنێو ئەو شاعیرانەدا هیچیان بەئەندازەی تۆفیق زیاد تێڕوانینی سۆشیالیستییان لە شیعردا بەرجەستە نەکردووەتەوە.تۆفیق زیاد چەندین دیوانی شیعری بڵاوکردووەتەوە، بەڵام دیوانی کۆمۆنیستەکان(شیوعیون) شوناسێکی تری بەخشیوەتە شاعیر.(٣) ئەم کۆمەڵە شیعرەی تۆفیق زیاد کە بە شاعیری خاکی داگیرکراو ناوزەد کراوە و بەپێی تێڕوانینی ئەحمەد سەعید محەمەدیەی ڕەخنەگر، شیعرەکانی ئەم دیوانە شیعرگەلی مارکسیستین کە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی سیاسی و خەباتکارانەن.(٤) ئەم دیوانە شیعرییە لە پانزە شیعر پێکهاتووە کە سەرجەمیان بەو ئاراستە فیکرییە نووسراون کە بەڕیالیزمی سۆشیالیستی ناسراوە.لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتای دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بڵاوکردنەوەی ئەمجۆرە ئەدەب و شیعرە بەربڵاو و زۆر بووە، کەچی سەیر لەوەدایە زۆربەی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەکانی جیهانی عەرەبی کاریان لەسەر وەلانان و بڵاونەکردنەوەی ئەم دەقانەی تۆفیق زیاد کردووە.دوواجار (دار العودة) لە بەیروت ئەم چوارچێوەیە دەشکێنێت و سەرباری ئەوەی دەزگاکە سەر بەو فەسیلە سۆشیالیزمە نییە وەک خۆیان دەڵێن، بەڵام وەک بڕوابوون بە بنەماکانی ئازادی رادەربڕین؛ دیوانی شیوعیون چاپ و بڵاو دەکاتەوە.توفیق زیاد لەڕووی بیروباوەڕی سیاسییەوە هەڵگری هەمان بیروباوەڕی حیزبە شیوعییە تەقلیدییەکان بووە و لەلایەکی تریشەوە بەرگریکارێک یان جەنگاوەرێک بووە لەپێناو مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی

ستەمدیدەی فەلەستین لە ئیسرائیل.تۆفیق زیاد لەسەر ئەم هەڵوێستانەی دووچاری کێشە و تەنانەت زیندانیکردنیش بووەتەوە.شیعرەکانی نێو دیوانی (شیوعیون) گەواهی ئەم ئینتیما سیاسییە سۆشیالیستییەی بۆ دەدەن.هەروەها خوێندنەوەی کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیر، وێنەیەکی تری شاعیرمان نیشان دەدات کە بەزمانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی پێی دەوترێت شاعیری خاکی داگیرکراو.

## دیوانی (شیوعیون) چی تێدایە؟

ئەم دیوانە شیعرییە پانزە شیعر لەخۆ دەگرێت.وەختێک ( دار العودة) دەیەوێت چاپی بکات، تۆفیق زیاد لە شاری حەیفا خۆی ئەم ناو و نیشانە (شیوعیون)ی بۆ هەڵدەبژێرێت، لەو باوەڕەوەی کە کاتی ئەوە هاتووە دیوارەکانی چوار دەوری زهنی داهێنەری عەرەبی بشکێنرێت.دیوانەکە پێشەکییەکی تێدایە لەنووسینی ئەحمەد سەعید محەمەدیە کە لەبری ( دار العودة) نووسراوە.ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کەتۆفیق زیاد لەهەڵبژاردنی شیعرەکان و تایتڵی کتێبەکە بەناوی (شیوعیون) ئاراستەیەکی تری شیعرەکانی وەک کۆمۆنیستیکی خەباتگێڕ لەپاڵ بەشداریکردن لە خەبات و تێکۆشانی ڕەوای خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین بەدیدێکی شیوعییانە خستۆتە بەردەم خوێنەر.شیعرکانی دیوانەکە لەنێوان ساڵی ١٩٥١ تا ساڵی ١٩٦٤ نووسراون.دیوانی (شیوعیون) شیعری تێدایە بۆ کۆمۆنیستەکان، بۆ لینین، بۆ مۆسکۆ و کرێکارانی مۆسکۆ، بۆ مانگرتنی کرێکارانی ئاتا، بۆ کراسنایا بریستایا کە گەڕەکێکی پیشەسازی

کـۆنی مۆسـکۆیە، بـۆ بڵاوکـراوە سـووتاوەکان بـۆ هـاوڕێ و هاوخەبـاتی جوولەکەکـان، بـۆ ١٤ ی تەممـووزی عێـراق ، بـۆ مـانیلاس غلیسـوز ڕابەری کۆمۆنیسـت و پاڵەوانی گەلـی یۆنـانی، بـۆ خۆمـاڵیکردنی نەوتـی ئێـران، بـۆ لۆمۆبـا، بـۆ ڕابەری حیزبـی شیوعی عێراق فەهد، بۆ میسری ساڵی ١٩٥١، بۆ جەنگاوەران و سەنگەرەکانیان و بۆ هەواڵەکان و لەکۆتایی دیوانەکەش پێڕستی کتێبەکەی تێدایە.خوێنەر و ڕەخنەگری بەئاگاش تەنها بەم نـاو و نیشـانانە دەزانێت کە هێڵـی بیرکـردنەوەی شـاعیر چۆنە و لە چ دیـــدگایەکەوە شــــیعرەکانی نووســــیوە و هەروەهـــا تـــایتڵی دیـوانەکەش (شـیوعیون) لەلایەن شـاعیرەوە دەرخەری ئینتمـای سیاسـی چینـایەتی شـاعیرە بـۆ خەبـات لەپێنـاو پاراسـتنی بەهـای ئینسان و داهاتوویەکی باشتر و گەشتر.

## تۆفیق زیاد و شوناسی مارکسیستبوون

خـــوێنەر لەئەنجـــامی خوێنـــدنەوەی شــــیعرەکانی دیـــوانی (شیوعیون)دا، ئەوەی لا دروست دەبێت کە تۆفیق زیادی شـاعیر هەر هەمـان ئەو ڕێچـکەیەی گرتـووە کە شـاعیرانی هـاوچەرخی سـەر بە حیـزبە شـیوعییە تەقلیـدییەکان و نووسـەرانی ڕێبـازی ڕیـالیزمی سۆشیالیسـتی گرتوویـانەتە بەر.بەمانـایەکی تـر ئەو مارکسیزمەی تۆفیق زیاد و هاوڕێگاکانی بڕوایان پێی هەبووە و هەیە، چەنــد فرســەخ لە مارکســیزمی مــارکس و بنەماکــانی مانیفیسـتی حیزبـی کۆمۆنیسـتەوە دوور بـووە.ئەو سۆشـیالیزمە زانسـتییەی کە بـووەتە بنەمـای تێڕوانینـی مارکسیسـتەکان بـۆ جیهـان و دەوروبەر و کـۆمەڵگە و ئینسـان و سروشـت، هەمـان

ئەو تێگەیشـتنە بـۆرژوازییە بەنـاو کۆمۆنیسـتییە نیـیە کە حیـزبە شــیوعییە تەقلیــدییەکان کردبووییــانە بنێشــتە خۆشــەی بــن دانیــان.تۆفیق زیــاد لە قۆناغەکــانی ژیانیــدا کەوتــووەتە ژێــر کــاریگەری ئەم تێــڕوانینە بۆرژوازییــانەی حیــزبە شــیوعییە تەقلیدییەکان و بەتـایبەتیش حیزبـی شـیوعی ئیسـرائیلی کەخـۆی ئەندامێکی چالاک و هەڵسوڕاوی بوو.

**وتیان: کۆمۆنیستن.وتم بەڵێ ئەوان**

**سوورن بە ئیرادەی خۆیان، گەلان ئازاد دەکەن**

**وتیان: کۆمۆنیستن.وتم کاتی مەرگ**

**بۆ ستەمکاران دیاری دەکەن**

**وتیان: کۆمۆنیستن.وتم چەپکێ گوڵن**

**ئەم دونیایە بە بۆنی خۆیان بۆنخۆش دەکەن**

**وتیان: ئاژاوەگێڕن.بە سەرپێچییەکەوە وتم**

**شەرەفێکن کە باوەڕی عەرەبیم ڕۆشن دەکەن.**

**وتیان: ئەوان بەکرێگیراون.وتم ڕەنگە**

**بەڵام دیارە دۆلار کێ بەکرێ دەگرێ.(٥)**

ئەم وێناکردنە بۆ کۆمۆنیستەکان، وێنـاکردنێکی سـادە و واقیعـی ئەو جەنگــــاوەرانەیە کە بە کۆمۆنیســــتەکان ناســــراون ، بەڵام تێگەیشــتنێکی مارکسیســتانە نیــیە، چــونکە ئەرکــی بنەڕەتــی کۆمۆنیســتەکان ئــازادکردن گەلان و ڕۆشــنکردنەوەی بــاوەڕی عەرەبیــزم نیــیە، بەڵکــوو وەک دامەزرێنەرانــی سۆشــیالیزمی

زانستی کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگلس پێناسەی دەکەن (کۆمۆنیستەکان بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو چینی کرێکار دەبینن و دەیخەنە پێشچاو.)(٦) وەکچۆن لای تۆفیق زیاد و هاورێگاکانی بینینەکان و تێگەیشتنەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران نین، ئاواش ڕوانین بۆ چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان، ڕوانینێکی سەروو چینایەتین.

**برایانی کرێکاری شاری مۆسکۆ، لەگەڵتانم**

**بۆ نەمانی ستەمکاران لەگەڵتانم**

**لەگەڵ ئەو حیزبەی جەماوەری گەیاندە قوبەکانی کۆشکی کرملین**

**لەگەڵ ئاڵای سووری بەرز، ئاڵای لینین.(٧)**

شاعیر ئەوکاتەی لەمۆسکۆ دەخوێنیت، وەک هەر نووسەر و ئەدیب و سیاسەتمەدارێکی تر دەچێتە سەر ئارامگا یان (گڵکۆ)ی لینین.ئەو ڕابەرە بەلشەفیکەی کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری گەیاندە مەنزڵگای خۆی و چینی کرێکار گەیاندە دەسەڵات.

**یەک خولەک...دوو خولەک**

**بێدەنگ وەکو بەرد وەستام**

**ئای بەرزترین هەست کە دەتوانێت لە مرۆڤدا سەرهەڵبدەی**

**بگەشێوە..بگەشێوە..**

**لە ساتێکدا وەک ئەوەی کات بێت..!**

**وەک ئەوەی لەدایک ببمەوە**

**هەموو خۆرەتاوەکان لە دەستمدایە**

**ئەی جوانترین گوڵ...!(٨)**

بەم پێیە دەبینین تێڕوانینی سیاسی تۆفیق زیاد بەڕاستە هێڵێکدا ناڕوات، بەڵکوو لە گشتەوە بەرەو تایبەت یان لە هەمووەوە بۆ بەشێک دادەبەزێت.شاعیر لە باسکردنی کۆمۆنیستەکان و ئینجا چینی کرێکار و لینینەوە دێت بەرەو شارەکەی و ستەمکارانی شارە عەرەبییەکەی کە چۆن نانی خەڵکی هەژار دەدزن.

**لێرەوە، لە شارە عەرەبیەکەمەوە**

**لەو شوێنەی کە دەنوێت هەتا لە خەو هەڵسێت**

**بەڵا بەسەر خەڵکەکەی دێت**

**ئەوەی نانی ئێوەی دزی، نانی منیش دزیوە**

**ئێمە هەردووک قوربانی دەست ستەمکارانین**

**ڕیگامان هەر یەک ڕێگایە و دەستەکانت بێنە**

**ئەی هەڤاڵانی شەڕی چینایەتی**

**بەرەو جیهانێکی نوێ و ئاشتی**

**زاڵبوون بەسەر هێزە کۆنەپەرستەکان.(٩)**

تۆفیق زیاد لەهەلومەرجێکی ناجێگیر و پڕ لە کێشمەکێش و تاڕادەیەک خوێناویدا وەک ئەرکێکی ئینتەرناسیونالیستی بەشیعر هاوسۆزی خۆی بۆ هاورێبازەکانی دەردەبڕیت.

**ئەی فەهد، ئەی دڵ و خوێنی عێراق**

**نێوچەوانت بە ڕووناکی نوێ سوا**

**ئەی فەهد، ئەی بۆنخۆش، لەبەردەم خودا**

**لەسەر جادە و ڕێگاوبان و کانەکان**

**وەک کە خەوتووی پێڵوەکانت مەڕێژە**

**خەونێک کە بە فیشەک و سروود سزادرا.(١٠)**

بەمجۆرە تۆفیق زیادی شاعیر بە شیعرەکانی وەک چەکێکی کاریگەر لە سەنگەرەکانی پێشەوەی باوەڕەکەی دەوەستێت و بەشداری کارەسات و ڕووداوەکانی ژیانی خەڵکی چەوساوە و ستەملێکراوی فەلەستین دەکات.ئامادەیی شاعیر لە جەرگەی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی، نیشانەی هەڵوێست و بوێرییە بۆ ئینتما سیاسییەکەی.شاعیر بەهیچ شێوەیەک نە شەرمی کردووە و نە درێغی کردووە لە تەبلیغی باوەڕەکەی، بەڵام بەداخەوە نەیتوانیوە لەژێر کاریگەرییەکانی سیاسەتی سۆشیالیزمی بۆرژوازیی بێتە دەرێ و وەک شاعیرێکی چینایەتی دەقەکانی خۆی بۆ چینی کرێکار، لەڕوانگەی سۆشیالیزمی زانستییەوە بنووسێت.

## تۆفیق زیاد وەک قوربانییەک

تۆفیق زیادی شاعیر و خەباتگێڕ لە دۆخێکی یەکجار نا تەندروست و نالەباردا دەست دەکات بە تێکۆشان لەپێناو بەرگریکردن لە یەکێک لە دۆزە هەرە هەستیارەکانی خۆرهەڵاتی ناوین.ئەویش دۆزی مەسەلەی خاک و چەوسانەوەی خەڵکی

فەلەستینە.ئەم شاعیرە هەرچەند لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ زۆرێک لە شـــاعیرەکانی تـــری عەرەب و فەڵەســـتین جیـــاوازە، بەڵام نەیتوانیـــوە بەپـــێچەوانەی تەوژمـــی بـــاو ڕێ بکات.شـــاعیر بەو ئاڕاستەیە هەنگاو دەنێت کە زۆربەی شاعیرانی سەردەمەکەی هەنگاویان ناوە.ئەم خۆجیانەکردنەوەیە دەبێتە سەرەتایەک بۆ بـــوون بەقوربـــانی.بەبۆچوونی (حوســـین مەروە)ی ڕەخنەگـــر ( شیعر مەعریفە و کاری مەعریفییە و شاعیرانی فەلەستینیش بەمەبەستی پتەوکردنـی پەیوەنـدی خۆیـان بە خەڵـک و دۆزی فەلەستین، تێگەیشتنیان لە بنەماکانی مارکسیزم بەدەستهێنا.یان وەک مەحمود دەرویش وتەنی بە جۆش و خرۆش و ئومێدەوە گریـان دەگـرت.) (١١) تۆفیـق زیـاد لەیەک کاتـدا شـاعیرێکی هەم سۆشیالیست و هەم ناسیونالیست بووە.شاعیر لە وردکاری و بنەماکانی ڕێبازی مارکسیزم قووڵ نەبووەتەوە و هەر ئەمەش شاعیری تووشی جۆرێک لە ناڕۆشنی کردووە.ئەم ناڕۆشنییەی شاعیر لە بنەماکانی مارکسیزم، ئەم شاعیرەی وەکو زۆرێک لە شاعیر و ئەدیبەکانی ئەو قۆناغە کردووەتە قوربانی سیاسەتێکی نادروست و غەیرە کۆمۆنیستی حیزبە شیوعییەکان و یەکێتیی ســـۆڤییەت و بلـــۆکی ڕۆژهەڵات.ئەگەر وزەی خەباتکـــارانە و دەستپێشـــخەرییە شۆڕشـــگێرەکانی ئەم شـــاعیرە بە ئاقـــارێکی دروست ڕێچکەی بگرتایە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبووە یەکێک لە شاعیرە چینایەتییە بێوێنەکانی نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار.

## ئەنجام

تۆفیق زیاد وەک یەکێک لە شاعیرە مارکسیستەکانی پرسی فەلەستین ناوی دەهێنرێت.ئەم شاعیرە لەڕێگەی دیوانی (شیوعیون)ەوە ئینتمای خۆی بۆ ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی ڕاگەیاندووە و لەپاڵ هەستە نەتەوەیی و نیشتمان پەروەرییەکەیەوە، هاتووە شوناسی مارکسیستبوونی بۆ خۆی دەستەبەر بکات و لەدیدگای نێونەتەوەییەوە تەماشای پرسەکانی کرێکار و خەبات و هاوپشتی کرێکاریی دەکات.تۆفیق زیاد هەم لەژیانی عەمەلی و هەمیش لە سەنگەری ئەدەب و شیعرەوە بەدوای ئەو شوناسە مارکسیستییەوە بوو، بەڵام نەیتوانی ئامانجەکەی بپێکێت.ئەم تێکۆشەرە لەبری ئەوەی وەک شاعیر و شۆڕشگێڕێکی خەباتی چینایەتی بچێتە نێو لاپەڕەکانی مێژووەوە، بووەتە قوربانییەکی سیاسەتی بۆرژوازی.ئەوە ڕاستە کە کۆمۆنیستەکان و ئەدیبە مارکسیستەکان نەک هەر بەرگری لە پرسی ستەم و چەوسانەوە دەکەن، بەڵکو بە کردەوەش لەو مەیدانەدا جەنگاون و دەجەنگن و تۆفیق زیادیش وەک شاعیرێکی شیوعی ویستویەتی بەم ئەرکەی هەڵبستێت.بەڵام کاڵبوونەوەی هەڵوێستە شیوعییەکان و کەمڕەنگکردنەوەی ئەو هەڵوێستانە لە شیعر لەبەرژەوەندی باوەڕی عەرەبیزم، پێ خزینێکی سیاسییانەی تۆفیق زیادە کە هۆکارە زاتی و بابەتییەکانی هەرچییەک بن، دواجار بەزیانی ئەدەبی کرێکاریی و مارکسیستی لە جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوین تەواو بوو.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١)تۆفیق ئەمین زیاد لە ٧ی ئایاری ١٩٢٩ی زایینی لە شاری ناسرە لە دایکبووە.لە قوتابخانەی ناوەندی شارەوانی لە ناسرە خوێندوویەتی، هەر لەم قۆناغەش کەسایەتییە سیاسییەکەی بەرجەستە دەبێتەوە و بەهرەی شیعر تیا دەردەکەوێت.پاشان بۆ خوێندنی ئەدەبی سۆڤیەتی چووەتە مۆسکۆ.بە درێژایی ئەو ساڵانەی ژیاوە، بەشداری لە ژیانی سیاسی لە ئیسرائیل و خەبات بۆ مافەکانی فەلەستینییەکان کردووە.بۆ ماوەی سێ خولی هەڵبژاردن (١٩٧٥ - ١٩٩٤) وەک سەرۆکی شارەوانی ناسرە کاری کردووە، هەروەها ئەندام بووە لە حیزبی شیوعی ئیسرائیل و لەساڵی ١٩٦٤ دەبێتە سکرتێری ئەو حیزبە.لەساڵی ١٩٧٧ تۆفیق زیاد ڕێکخراوی (بەرەی دیموکراتی بۆ ئاشتی و یەکسانی (حداش))ی دامەزراندووە.ئەم ڕێکخراوە بەرەی هاوپەیمانی هێزە کۆمۆنیست و لایەنگرانی ئاشتی و ئاسایش بووە کەلەناو ئیسرائیلدا هەڵسوڕاو بووە.بەداخەوە ئەم شاعیرە لە ئەنجامی ڕووداوی هاتووچۆ کە لە ٥ی تەمموزی ساڵی ١٩٩٤، لە ڕێگای پێشوازیکردن لە گەڕانەوەی سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی فەلەستین (یاسر عەرەفات) بۆ شاری ئەریحا، دوای ڕێککەوتننامەی ئۆسلۆ، بۆ هەمیشە ژیانئاوایی لە شیعر و خەبات کرد.

(٢)سمير سليمان التميمي، شعراء المقاومة الفلسطينية العاملان الجغرافي و الاديولوجى، موقع الخيام ١٧-٩-٢٠١٤.

(٣) تۆفیق زیاد جگە لەم دیوانەی (شیوعیون)، چەند کتێبی تری چاپ کردووە لەوانە؛ (اشد على ايديكم) ، (صور من الادب الشعبي الفلسطيني)، (الصقر الفلسطيني اول اوبرا عربية)، (كلمات مقاتلة) و (ديوان توفيق زياد).تۆفیق زیاد لەهەموو کارەکانیدا وەکو ڕەخنەگر و توێژەر حەسەن عەبادی دەڵێت (شوناسی عەرەب بوون و فەڵەستینی بوون دەپارێزێت.) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە وتاری ( توفيق زياد بوصلة تتجدد بقلم حسن عبادي موقع منبر حر للثقافة الفكر و الادب ٧-١٠-٢٠١٩.

(٤) توفيق زياد، شيوعيون، مقدمة بقلم احمد سعيد محمدية، دارالعودة بيروت لبنان، ١٩٧٠ لاپەڕە ٥.

(٥) توفيق زياد، شيوعيون، مقدمة بقلم احمد سعيد محمدية، دارالعودة بيروت لبنان، ١٩٧٠ لاپەڕە ٧.

(٦)مانیفیستی حیزبی کۆمۆنیست کارل مارکس و فریدریک ئەنگڵس وەرگێڕانی بۆ کوردی موسڵیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار) چاپی دووەم ٢٠١٤ لاپەڕە ٢٥.

(٧)توفيق زياد، شيوعيون، مقدمة بقلم احمد سعيد محمدية، دارالعودة بيروت لبنان، ١٩٧٠ لاپەڕە ١٣.

(٨)توفيق زياد، شيوعيون، مقدمة بقلم احمد سعيد محمدية، دارالعودة بيروت لبنان، ١٩٧٠ لاپەڕە ٣٥ و ٣٦.

(٩)توفيق زياد، شيوعيون، مقدمة بقلم احمد سعيد محمدية، دارالعودة بيروت لبنان، ١٩٧٠ لاپەڕە ٨٠.

(١٠)توفيق زياد،شيوعيون، مقدمة بقلم احمد سعيد محمدية، دارالعودة بيروت لبنان، ١٩٧٠ لاپەڕە ٨٤ و ٨٥.

(١١)عادل الاسطة،استقبال شعر المقاومة في النقد الآدبي في العالم العربي ص ١٠ و ١١.بۆ زانیاری زیاتر خوێنەر دەتوانێت ئەم بەستەرەی خوارەوە بەسەر بکاتەوە.

https://staff.najah.edu/media/sites/default/files/Reception_poetry_of_resistance_in_the_literary_criticismin_the_Arab_world.pdf

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٣٣ ی ساڵی ٢٠٢٥ بڵاوبووەتەوە.

# موسڵیح شێخولئیسلامی(ڕێبوار) (*)
# شاعیری خەباتی چینایەتی کرێکاران

کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤

موسلیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار) یەکێکە لە شاعیرە کرێکارییەکانی نێو بزووتنەوەی ئەدەبی نوێی کوردی.ڕێبوار بەشیعر و سروودەکانی توانی بەشدارییەکی چینایەتی جیدیی لە شۆڕش و تێکۆشانی کرێکاران و خەباتی مارکسیستی لە کوردستان و ئێران بکات.ڕێبوار هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە (١٩٧٩) پەیوەست بووە بە سەنگەرەکانی خەبات و بەرگری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و لەسەنگەری بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارانەوە شیعر و سروودەکانی بۆ جۆشدانی خەباتی چەوساوەکان و بەشمەینەتان نووسیوە.تەوزیفکردنی خەبات و سیاسەت لە شیعر لای ڕێبوار هێندە تۆخە کە بەدەگمەن شیعرێکی ڕێبوار هەیە (جگە لە هەندێک لەشیعرە بەراییەکانی نەبێت) ناوەڕۆکێکی سیاسی و چینایەتی نەبێت.ئەویش لەو تێگەیشتنەوە سەرچاوە دەگرێت کە شیعر دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت لە خەباتی ڕەوای ستەملێکراوان، بۆ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.شیعر لای

ڕێبوار چەکی هۆشیارکردنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانە بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان و هاندانیانە بۆ خەبات لەپێناو بەرقەراربوونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان.

**کرێکارم**

**هاتوومە مەیدان**

**ئەڵێم هەر کارە ئینسانی خوڵقان!**

**سەد ساڵە ئەڵێم؛**

**ئەمە بڕیارە**

**بڕیاری ڕۆژی یەکی ئەیارە**

**کرێکارانی جیهان یەکگرن!**

**چەرخی چارەنووس لەدەست خۆ گرن!** (١)

ڕێبواری شاعیر دەزانێت بەرقەرابوونی ئازادی و یەکسانی و سۆشیالیزم بەبێ شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار مەیسەر نابێت.بۆیە لەرێگەی شیعرەوە بانگەوازی ئەم ئامانجە چینایەتییە واتە سۆشیالیزم دەکات.ڕێبوار بێ هیچ سڵەمینەوەیەک بیروباوەڕی مارکسیستی خۆی بەیان دەکات و ئەمەش دواجار دەبێتە ڕێچکەیەکی شیعریی کە شانبەشانی شاعیران سلێمانی قاسمیانی و فاتیح شێخ (چاوە) و هەوڵە سەرەتاییەکانی ئەحمەد بازگر و چەندانی تر، گەشە بە بزووتنەوەی شیعری کرێکاریی دەدات و شوناسێکی ڕوونتر دەبەخشێتە ئەدەبی پرۆلیتاری و مارکسیستی.

**ئاسۆی گەشمان ڕزگارییە**

**بۆ گشت نەتەوە و ئینسان**

**سۆسیالیزمە موژدەدەری**

**ڕووناکی و ژینی یەکسان.(٢)**

لای ڕێبـوار مەعلـوومە خەبـاتی چینـی کرێکـار، خەبـاتی ژنـان و پیـاوانی کرێکـارە دژ بە نیزامـی سـەرمایەداری.چونکە بەبێ ئەم خەباتە چینایەتییە کە هەڵگری ئاسۆی سۆشیالیستانەیە، ژنان لە سـتەم و چەوسـانەوە ڕزگاریـان نابێـت و هەرگیـز یەکسـانی هەمەلایەنەی ژنـان و پیـاوان نـایەتە دی.ژنـان لە دیـدی ڕێبـوار، توێژێک نین وەکچۆن کۆمەڵگە پێناسـەیان دەکات، بەڵکوو ژنان بەشـێکی جیـانەبووەوەی جەسـتەی مرۆڤـایەتین و لەگەڵ پیاوانـدا خـاوەنی یەک پـرس و یەک چارەنووسـن.هەر بۆشـە کە حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران لە سـاڵی ١٩٨٣ دادەمەزرێـت، ژنـان دەبـنە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی ئەو حیزبە مارکسیستە.

**کۆیلەتی ژن ژێر دەستەیی**

**چەوسانەوە و هەژاری**

**بەیەک نیزامەوە بەندە**

**حوکمی سەرمایەداری**

**ئەو نیزامەی حوکمی ڕەشی**

**شەوەی ڕەشی وەڵاتە**

**ڕاپەڕین تێکی بشکێنین**

**شۆڕشەو هەلی خەباتە.(٣)**

دیـــاره ئەم بۆچـــوون و تێـــڕوانینە ئینســـانییە مارکسیســـتییە بەرئەنجـــامی گەشـــەی بـــزووتنەوەی سیاســـی چینـــایەتییە لە کوردستان، ئەگینا ئەگەر شیعرە بەراییەکانی شـاعیر بخـوێنینەوە بەتایبەت کۆمەڵەشیعری (گەشتێ لە کوردستان)دا  کە لە ساڵی ۱۹۷۹دا بڵاوکراوەتەوە ، دەبینین ئەو شیعرانە کەم تا زۆر بەهیچ کلۆجێک پەیوەنـدییان بە خەبـاتی چینـایەتی و شـیعری بەرگـری کرێکـارانەوە نیـیە.(٤)بەڵکـوو زیـاتر دەربڕینـی سـۆز و هەسـتن سەبارەت بە سروشت و بار و دۆخی کۆمەڵگەی کوردستان.

**ئەورۆ دوو لادێی هاوڕێمانن**

**پیرو ئیفتادەن و دونیا زانن**

**وەکو دەشتن، پڕی سەوزی بژوێن**

**وەک درەخت، سەر لە حەوایێ دەسوێن**

**گیانە، سەوزە بە گەڵای سەوزی بەهار**

**پڕی ئەستێرەیەی پۆپی بڕ بار**

**لقی پڕ میوەیە؛ بێ فیزو نەوي**

**دەونەیێ و ماچی ئەکا، خێوی زەوي.**

**هەروەها سەر قسە دامەزراوە**

**یەکێ پیرە، ئەوی دی، دڵ-لاوە.(٥)**

بە بۆچـوونی مـن کـۆمەڵە شـیعری (گەشـتێ لە کوردسـتان )، گوزارشـــتە لە دیـــدی سروشـــخوازانەی ڕێبـــوار لە ســـەرەتای دەسـتپێکی شـیعرییەوە دەینووسـێت.کاریگەری گـۆرانی شـاعیری

بەئاشکرا پێوە دیارە.دەقە شیعرییەکان تا بڵێی سادە و ناوەڕۆک کوردەوارییین.کاتێک کە بەراوردکاری دەکەین لەنێوان گەشتێ لە کوردستان و شیعرەکانی دواتری ڕێبوار، چوونەپێشەوە و بەهێزبوونی هونەری شیعر هەست پێدەکەین و دەبینین.واتە هێڵی هونەری شیعر لای ڕێبوار ڕوو لەسەر ڕۆیشتووە.ئەمەش دیارە خاڵی ئەرێنی هەوڵە شیعرییەکانی ڕێبوارە.

بەڵام لەم دوو کۆمەڵە شیعرەدا ( سروودی سڵاوی ئازادی) و ( دەنگ هەڵبڕە)دا، ڕێبوار ڕێچکەی (گەشتێ لە کوردستان) جێدەهێڵێت و دەبێتە خاوەن یەک هێڵێ نووسینی تایبەت بەخۆی.لێرەوە دەتوانم بڵێم کە هیچ شاعیرێکی کورد بەر لە ڕێبوار بەو ڕۆشنییە و بەو بارگاوییە بە مارکسیزمی مارکس، شیعری بۆ خەبات و بەرگری چینی کرێکاری کوردستان نەنووسیوە.(بۆیە بەلای منەوە، ئەگەر (ڕێبوار) لە (ئۆژین پۆتیە) باڵا دەستی نەبوو بێت ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەڵێم ئەو زۆر بە ئاسانی ئەتوانێ (ئوژین پۆتیە)ی کورد بێت و تۆوی شۆڕش بێت بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و دژی چەوسانەوە و داگیرکەر دەنگ هەڵبڕێت.) (٦)

**من ئەو کەسەم**

**هەموو ڕۆژێک**

**ژیانی ئەمڕۆم ئەفرۆشم**

**بۆ کڕینی نانی سبەی.**

**ئەمرۆش دیسان**

**هاتوومە دەر**

**هەی ژین هەی ژین**

**ژیانی ئەمڕۆم بفرۆشم**

**لێم ناکڕێ؛**

**خاوەنی نان لێم ناکڕێ!**

**هانایەکم پەنگاوەتە بین و گەروو**

**هەی داد هەی داد!**

**لەم بازاڕە بێڕیعمەدا**

**ژیان هەرزانترە**

**لە نان.**(٧)

شیعرەکانی ڕێبوار دەتوانین بەمجۆرە پۆلینبەند بکەین: شیعرە بەراییەکان، سروودەکان، شیعر ژانی لەدەستچووی ئازیزان و گیانبەختکردووان، شیعرە ئاساییەکان، وەرگێڕدراوەکان.جێی ئاماژەیە شیعرە سیاسییە چینایەتییەکانی ڕێبوار لەجەرگەی سۆڕشی کوردستان بە ئاسانی دەبوونە وێردی سەرزاری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و تەنانەت کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و ئێران.ڕێبوار شوناسی شیعرە چینایەتییەکانی لە مارکسیزم و بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارانەوە وەردەگرت، هەربۆیەش بێسڵکردنەوە لەبەرانبەر هەر تێڕوانین و دنیابینییەکی غەیرە کرێکاریی و غەیرە مارکسیستیی وەستایەوە و ململانێیکانی نێو گۆڤاری پێشەنگ گەواهی ئەم قسانەن.

**چەنای چەند ساڵ**

**پاش تۆ و لێنین**

**ئاڵای سووری بیروباوەڕی پیرۆزتان**

**دەشەکێنین**

**بەهاری ساڵ**

**بەگوڵی ئاڵ**

**بە گوڵی ئاڵی ئاڵای سوور**

**دەنەخشێنین**

**هاوڕێی هۆزان**

**ئێمە هەمان**

**هاوڕێیانی مانیفیستی کۆمۆنیستین**

**ئێمە هەمان**

**هاوڕێیانی مانیفیستی کۆمۆنیستین.**(٨)

کاتێک لەساڵی ١٩٨٥ کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکاری کوردستان دەدامەزرێت، ڕێبوار چالاکانە بە بەرهەمە کرێکارییەکانی بەشداری کارا دەکات و دەبێتە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەو ڕێکخراوە ئەدەبی و هونەرییە.ڕێبوار

لەکێشمەکێشـەکانی نێـو کـانوونی هـونەر و ئەدەبـی کرێکـاری کوردسـتان نەک هەر بێـتەرەف نابێـت و بەڵکوو بەرگریکەرێکـی سەرسـەختی ئەدەبیـاتی کرێکـاریی دەبێـت لەبەرانـبەر تێڕوانینـی ناسیونالیستیدا.ڕێبواری شاعیر و جەنگاوەری مارکسیست، هیچ سنوورێکی دەستکردنی بۆرژوازی نێوان ئینسـانەکان بەفەرمـی ناناسێت و لەهەرکوێیەک خەباتی چیانیەتی بخوازێت، ئەو لەوێ ئامادەیە.ئەوەتـا لەجەرگەی ڕووداوەکـانی کوردسـتانی عێـراق لە سـاڵی ١٩٩١، شـیعری ڕێبـوار ئامـادەیە و گوزارشـت لەو دۆخە سیاسییە و بزووتنەوەی شووراکان دەکات.

**هاوارم کرد:**

**سی و پێنج سەعات کار،**

**ئازادی**

**وتم شوورا، شوورا دڵە؛**

**دڵی لێدەر!**

**با لە کارگا و مەعمەلەوە**

**بە ڕەگاوڕەگی کۆڵان و**

**جادە و گەڕەک و مەیدانا**

**گەشی و خۆشی بخاتە گەڕ!**

**بەڵام هەیهات؛**

**زنجیری پێی ئازێدیمان نەپچڕابوو،**

**شوورا، پەساپۆرتی نەبوو،**

**تلیاک بوو،**

**قاچاخ کرابوو!!(٩)**

## ڕێبوار و وەرگێران

وەرگێران وەک کردەیەکی مەعریفی نێو زمان، ئاشنابوونە بە کلتوور و نەریتی زمان و ئەوانی دی.دیارە لەڕێگەی پرۆسەی وەرگێڕانەوە خوێنەر دەتوانێت دنیابینی و تێڕوانینی سیاسی چینایەتی و گەشەی فیکری و زۆر زانیاری تر بەدەست بهێنێت.وەرگێران پردێکە لەنێوان زمان و کلتوورەکان و کەناڵێکی ئێجگار گرنگیشە بۆ هۆشیاری.ڕێبوار هەر زوو دەرکی بەم کەناڵە مەعریفییە کردووە و دەستی بۆ بردووە و کۆمەڵی بەرهەمی جوانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، لەوانە ئۆژین پوتیە و هانریش هاینە و نازم حیکمەت و مەحموود دەرویش و ڤیکتۆر هیگۆ و جۆهیل و برتۆڵد برێشت و فێدریکۆ گارسیا لۆرکا و زۆری دی.(١٠)ئەم وەرگێڕانانەی ڕێبوار نەک هەر تەنها ئاشناکردنی خوینەری کوردزمان بوو بە جیهانی شیعرەکانی ئەو شاعیرانە، بەڵکوو بەهێزکردنی ئەو ڕێچکەشیعرییە کریکارییەش بوو کە ڕێبوار لەسەری دەڕۆیشت.

**بۆرژواکان!**

**بۆ ئاوازی کلیساتان**

**کەوای ساتان**

**تانوپۆی زێڕ و زیو و ئاوریشەم**

**لەبەر ئەکەن**

**کێ ئەو کەوای چنی بۆتان؟**

**ئێمەی ڕووتی برسی بێ نان**

**ئێمەی کرێکاری کارگای پارچە چنین**

**ئێوە ئاوا پۆشتە ئەکەین**

**کەچی خۆمان ڕووت و برسین!** (١١)

ڕێبوار لای ڕوونە کە چینی کرێکار، چینێکی جیهانییە و خەبات بۆ ڕزگاری ئەو چینە، خەباتێکی ئەنتەرناسیونالیستییە و لەژێر یەک بەرژەوەندی چینایەتی هاوبەش دەچێتە پێش.بۆیە بەپێویستی دەزانێت کە چینی کرێکاری کوردستان و ئێران و خوێنەری کورد زمان لە ئەزموونی فەرهەنگ و ئەدەبی و هونەری هاوچینەکانی ئاگادار بن و سوودی لێ وەرگرن.ڕێبوار نەک تەنها دەقی شیعریی، بەڵکوو چەندین گۆرانی گۆرانیبێژی خاوەن هەڵوێست و خەباتکاری تەرجەمەی زمانی کوردی کردووە چەشنی جۆهیڵ و ترەیسی چاپمەن و بۆب دڵن و..تاد.

**تۆ ئاگات لێ نییە؟**

**خەریکن لە باسی شۆڕشێک دەدوێن**

**وەک سرتە دێتە گوێ**

**تۆ ئاگات لێ نییە؟**

**هەتاکو لە سەفی کوپیندان**

**کە دەنگیان هەڵدێنن لەبەر خێرخانەکان**

**هەتاکو مەحتەلن لە سەفی بێکاران**

**کە لێک-کۆبوونەوە**

**بۆ هەنگاو بەرەوپێش هەڵهێنان،**

**دەستەنگان،**

**خەریکن ڕاپەڕن**

**خەریکن هەستن و بەشی خۆ بگرنە دەستی خۆ**

**فەقیرو هەژاران خەریکن ڕاپەڕن؛**

**ئەوەی هی خۆیانە یەکجاري بیگرن**

**تۆ ئاگات لێ نییە؟**

**باشترە بۆی دەرچی**

**پێت دەڵێم! باشتر وایە هەڵێی**

**دە یاڵڵا**

**ئاخر قانوونەکان خەریکن دەگۆڕدرێن**

**قسە لە شۆڕشە.(١٢)**

## دوا وشە

بەکورتی ڕێبواری شاعیر وەک شاعیرێکی شۆڕشگێڕ و مارکسیست، وەک پێشەنگێکی شیعری نوێی کرێکاریی کوردی،

لە سـەرەتای دەیەی هەشـتاکانی سـەدەی رابـردووەوە ڕۆڵـی گرنگـی هەبـووە لە سـەقامگیرکردن و بەرەوپێشـبردنی شـیعری کرێکـاری کوردی.ڕێبـوار لەجەرگەی شۆڕشـی ئێـرانەوە بـوو بە دەنگـی کرێکـاران و خەڵکـی زەحمەتکێشـی کوردسـتان و ئێران.شـیعر و سـروود و تەرجەمەکـانی ببـوونە وزەی خەباتکـارانە و ورەی شۆڕشـگێرانەی خەبـاتی کرێکـاران و زەحمەتکێشان لەدژی ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەداری.لای من ڕێبوار یەکێکە لە شاعیرە پێشەنگەکانی شیعری چینایەتی لە کوردستان کە جێپەنجەی بە سەر پێشکەوتنی شیعری کرێکاریی کـوردییەوە دیارە.سـڵاو لە ڕێبـوار و خەبـاتی ئەدەبیـی ڕێبـوار لەپێناو ئینسانییەت و سۆشیالیزم.

## کورتەیەک لە ژیاننامەی ڕێبوار لەزاری خۆیەوە

سـاڵی ١٩٤٧، لە مەریـوان، چـاوم بەژیـن پشـکووتووە. سـەرەتای شەستەکان، بو درێژەدان بە خوێندن، چوومە تاران.ساڵی ١٩٦٩، بەشی ئابوریم تەواو کرد.لە سەردەمی منداڵی و لاویمدا هۆگری خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی و هونەریی، بەتایبەت شیعر و ئەدەب بووم و یەکەم ئەزموونە شیعرییەکانم، بە کوردی و بە فارسی، هی ئەو سەردەمی تازە لاوییەمە.لە هەڵسووڕانی سیاسیشدا، لە شانی چەپی بزووتنەوەی خوێندکاریدا بووم.ئەوکات، سـەردەمی پێکهـاتنی ڕێکخراوەکـان و کـاتی سـەرنجی ڕەخنەگـرانە بـوو لە قوتابخانە سیاسییەکانی سەردەم.ئێمەش ڕێکخراوێکمان پێکهێنا کە دوایـی نـاونرا (کۆمەڵە).مەبەسـتمان دامەرزانـدنی حیزبێکـی کۆمۆنیسـتی سەراسـەری بـوو لە ئێران.ئەوکـات، خۆمـان لە

ڕەوتەکانی سەردەم (توودە و چریک و دیمۆکرات و تاد) بە جیاواز دەزانی و ڕێبازێکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینەمان لەبەرچاو بوو؛ هەرچەند ناسیۆنالیسم، هێشتا، دەستبەردارمان نەببوو.کۆشیعری (گەشتێ لە کوردستان) و هەندێک داستانی کورتم، لەوانە، (شیعری دارینە) کە گێڕانەوەی ئاخرین ڕۆژەکانی سمایلی شەریفزادەیە، ئەوکات، بە دەستنووس و بە نهێنی، بڵاو بوونەوە.وەرگێڕانی ئازادانەی (چەپکێک چیرۆکی جوان) بە هۆنراوەی کوردی کە لە سیانزە چیرۆکی منداڵان پێک دێ و هی نووسەر و وێنەگەری سۆڤیەت ڤلادیمیر سوتەیەڤە، یادگاری ئەو سەردەمەیە، هەرچەند هێشتا چاپ نەکراون.

وەک گەلێک هەڵسووڕاوانی ئەو کات، ڕێگاشم کەوتە بەندیخانەی سیاسی: قزل- قەلعە، لە تاران.ماوەیەک پاش زانکۆ، وەک کارزانی ئابووری، لە "بەرنامەو بودجە"ی کوردستان، لە شاری سنە، دەستم بە ئیش کرد.هاوکات، دیارە بە نهێنی، درێژەم بە هەڵسووڕانی هونەریم و سیاسیم دەدا.ئەو سەردەمە بوو کە لەگەڵ شەریکی ژیانم، فەوزیە، ژیانمان و خەباتمان لێک گرێدا؛ هەتا ئێستاش، پاڵپشتی قایمی خەبات و ژیانی یەکترین.لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەوکاتی ئێراندا کە شۆڕشەکەی ١٩٧٩ی لێکەوتەوە، چالاکیم نواند.دواتر، درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەمان لە کوردستان، بۆ ئێمەی کۆمۆنیست درێژەی ئەو خەباتە بوو.یەکەمین سروودەکانیشم بەرهەمی ئەو سەردەمەن.هەندێک لە شیعرەکانی پێشتریشم بوونە ئاوازی پرۆپاگاندەی خەبات.لە هەشتاکاندا، (سروودی سڵاوی ئازادی) و (دەنگ هەڵبڕە) و (چەند لاپەڕە لە دەفتەری ڕۆژانەم)؛ هەروەها وەرگێڕاوی کوردی مانیفستی مارکس و ئێنگێلس،

چاپکران.داستانی کورتی فارسی و کوردی (ئاسۆی شۆڕش) و هەندێک وەرگێڕان بۆ کوردی و فارسی،، نووسینی شیعر و هاوکاری کۆڕی بانگەواز بۆ سروود و ئاواز، هەروەها وتاری سیاسی، ویڕای خەباتی چڕ و پڕ لە کۆمەڵەی شاخدا، لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەی ئەوکات، بڵاو دەبوونەوە.ئاخری نەوەدەکان هەستم بەوەکرد کە ئەم حیزبە نوێیەش نەیتوانیوە ببێتە ئەو حیزبەی بزووتنەوەی کرێکاری، بۆیە، سەرەتا بە ڕەخنە و پێشنیارەوە و سەرەنجامیش بە جیاکردنەوەی ڕێگا، خەباتی سەربەخۆم بە گونجاوتر زانیوە.

کاری نووسین و بەرهەمی هونەریم هەر درێژەداوە و ساڵی ٢٠١٣، بەیارمەتی کەسانێک کە لە چەند وتوویژی پێشتردا، سوپاسم کردوون، سەرجەمێکم لە کۆشیعرە دێرینەکانەوە هەتا تازەکان، بە هەندێک بەرهەمی چاپنەکراویشەوە، بەناوی (بۆ ئازادی) بە چاپ گەیاند کە ئێستا پێم وایە کاتی چاپی دووەم و خستنەپاڵی چەند بەرهەمی تازەش، هاتووە.کاری چاپنەکراوم چەپکە چیرۆکە منداڵانەکەی سۆتەیەڤە کە لە سەروە باسم کرد، ئەویش یارمەتیدەرێک پێشنیاری کرد بیکاتە چوار پێنج کتێبچە، کە لەوانە، دووی چاپ بوون.کۆپییەکی ڕازاوەی، بە ناوی (چەپکێک چیرۆکی جوان) لەسەر سایتی خۆم دانراوە.بۆ چاپی دووهەمی وەرگێڕاوی مانیفستیش، تائێستا بە بڵاوکردنەوەی (پی دێ ئێف) لە سەر سایتەکان دڵخۆش بووم بەڵام لەوانەیە چاپکردنەوەی، وەک کتێبیش دەست بدا.ئێستاش لە شاری گوتنبرگی سوید ئەژیم و بەدەم ئیشێکی پارت - تایمەوە، خەریکی درێژەدانی کارەکانمم.(١٣)

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١)و(٢)و(٣)دیـوانی سـروودی سـلاوی ئـازادی، ڕێبـوار، چـاپی دووەم، ئینتشاراتی کانونی یارمەتی بۆ کوردستان- کۆڵن ١٩٩٠، لاپەرەکانی ٦ و ١٠ و ١١.

(٤)جگە لەو دوو کۆمەڵەشیعرەی سەرەوەی ڕێبوار، کتێبی یان دیوانی (بۆ ئـازادی) کـۆکراوەی سـەرجەم شـیعرەکانی ڕێبـوار لە کـۆکردنەوە و ئامـادەکردنی حوسـێن ئەنوەر(بـازگر) ە و سـاڵی ٢٠١٣ چـاپی یەکەمـی بڵاوکـراوتەوە و چـاپی سێیەمیشـی لە ٢٠١٨ دا چـاپکراوە، لەم ڕۆژانەدا دەرفەتم بۆ ڕەخسا و خوێندمەوە.جێی ئاماژەیە سایتەکەی ڕێبوار بەزمـانی فارسییە، هیوادارم ڕێبوار ئەو سایتە بە کواڵەتییەکی تر و بەزمـانی کوردی ئەپگرەیـد بکـات، تـا خـوێنەر و تـوێژەرەوان بتـوانن سـوودی زیـاتری لـێ ببینین.بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە سـایتی موسـڵیح شخولئیسـلامی ڕێبـوار www.rebwar.nu

(٥)بـۆ ئـازادی ، کـۆکراوەی سـەرجەم شـیعرەکانی ڕێبـوار، کـۆکردنەوە و ئامادەکردنی حوسێن ئەنوەر(بازگر)، چاپی سێیەم ٢٠١٨.

(٦)ئـۆژین پـۆتیەی کـورد، نووسـینی حوسـێن بەفـرین، بەرەو ئـازادی، کۆکراوەی شیعرەکانی ڕێبوار ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی حوسین ئەنوەر بازگر چاپی سێیەم ٢٠١٨ لاپەڕە

(٧)دیوانی دەنگ هەڵبرە هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی ڕێبوار چاپی دووەم ئینتشاراتی کانونی یارمەتی بۆ کوردستان- کۆڵن ١٩٨٨.، لاپەڕە ٢٠.

(٨)دیـوانی سـروودی سـلاوی ئـازادی  ڕێبـوار چـاپی دووەم ئینتشـاراتی کانونی یارمەتی بۆ کوردستان- کۆڵن ١٩٩٠، لاپەرەکانی ٤٦ و ٤٧.

(٩)چەند لاپەڕەیەک لە دەفتەری ڕۆژانەم، بۆ ئازادی ، کۆکراوەی سەرجەم شیعرەکانی ڕێبوار، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی حوسێن ئەنوەر(بازگر)، چاپی سێیەم ٢٠١٨.

(١٠)لام مەعلــووم نیــیە ڕێبــواری شــاعیر تەرجەمەی ئەو دەقــانەی لە چ زمـانێکەوە ئەنجام داوە.تـا ئەو جێگەیەی ئاگـادار بـم ڕێبـوار جگە لە زمـانی کوردی، زمانەکانی فارسی و ئینگلیزیش بەباشیٸ دەزانێت.

(١١)دیوانی دەنگ هەڵبڕە هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی ڕێبوار چاپی دووەم ئینتشاراتی کانونی یارمەتی بۆ کوردستان- کۆڵن ١٩٨٨.، لاپەڕە ٩٠.

(١٢)هەستی پاراو، وەرگێردراوی ئازاد لە گۆرانییەکانی ترەیسی چاپمەن، بۆ ئــازادی ، کــۆکراوەی ســەرجەم شــیعرەکانی ڕێبــوار، کــۆکردنەوە و ئامادەکردنی حوسێن ئەنوەر(بازگر)، چاپی سێیەم ٢٠١٨.

(١٣)گفتوگــۆیەک لەگەڵ موســلیح ڕێبــواری شــاعیر، ســازدانی عەبــدوڵا سلێمان(مەشــخەڵ) گۆڤـاری هانـا ژمـارە ١ ، خـوولی دووەم سـاڵی ٢٠١٦ لاپەڕە ١١٣ – ١٢٤.